مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

مامۆستا جەعفەر

# مێژووی بیری کوردی

سلێمانی ـ ٢٠٠٩

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی ـــ ٤٤
ژ. خانوو ـ ١

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری

- ناوی کتێب: مێژووی بیری کوردی
- ناوی نووسەر: مامۆستا جەعفەر( فازیل کەریم ئەحمەد)
- تایپ: ئەمیرە، هەرێم، شاناز، لیزان، نیاز، سازان، جوان، کوردستان
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- بەرگ: سەیوانی سەعیدیان
- چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: ( ١٣٠٥) ی ساڵی ٢٠٠٩
- ژ. زنجیرە : (٢٩٩)
- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**پێشکەشە بە:**

**براو هاوڕێم شەهید ئازاد هەورامی**

**نموونەی بوێریو راستگۆیی**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی چاپی دووەم ........................ | ٧ |
| پێشەکی چاپی یەکەم ........................ | ١٥ |
| مێژووی بیری کوردیو پڕۆژەیەك بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیناسازی بیرکردنەوە ........................ | ٢٥ |
| هۆی دروستنەبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری لەکوردستاندا ........................ | ٥٣ |
| فارقیو تێکشکانی دەسەڵاتی کوردی ........................ | ٧٧ |
| جەزیریو جیهانی ئەزموون ........................ | ١٠٣ |
| گرنگی سیاسیو مێژوویی شەرەفنامە بۆ خەباتی ئێستای گەلی کورد ....... | ١١٥ |
| خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆگییانەی شەرەفنامە ........................ | ١٣٧ |
| ئەحمەدی خانیو دەسەڵاتی کوردی ........................ | ١٥٥ |
| مەولانا خالیدو دەسەڵاتی کوردی ........................ | ٢٢٣ |
| چەپکێکی تر لەگولزاری نالی ........................ | ٢٧١ |
| چەپکێك لەگولزاری مەولەوی ........................ | ٣٥٥ |
| حاجی قادری کۆییو پرۆسەی وێستەرنیزێشن ........................ | ٤١١ |
| خوێندنەوەیەکی تر بۆ بیری سیاسیی شێخ رەزای تاڵەبانی ........................ | ٤٥٩ |
| گۆرانو هەوڵدانێك بۆ شیکردنەوەی دەروونیی شاعیرێك ........................ | ٥٠٩ |
| پاشکۆ | |
| بن دەیسان فەیلەسوفێکی کوردە ........................ | ٥٦٥ |
| زەبیحی و مەنزەوی ـ وەرگێڕو نووسەر ........................ | ٥٧٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی چاپی دووەم

ساڵی ٢٠٠٥، چاپی یەکەمی (مێژووی بیری کوردی) بڵاوکرایەوە. ئەم چاپە دووبارەکردنەوەی چاپی یەکەم نییەو شەش بابەتی نوێی: (فارقی و تێکشکانی دەسەڵاتی کوردی، جەزیری و جیهانی ئەزموون، ئەحمەدی خانیو دەسەڵاتی کوردی، مەولانا خالیدو دەسەڵاتی کوردی، خوێندنەوەیەکی تر بۆ بیری سیاسی شێخ رەزای تاڵەبانی ، گۆرانو هەوڵدانێك بۆ شیکردنەوەی دەروونی شاعیرێك.....) خراونەتە پاڵ بابەتەکانی چاپی یەکەم.

کاتو هەلومەرجی کارو ژیان رێگەم نادەن، سەرجەمی پڕۆژەکە، یەك بین، بەسەریەکەوە بنووسم. چونکە بەشی زۆری بابەتەکان ئامادەو گەڵاڵەنو تەنیا داڕشتنو خستنەسەر کاغەزیان دەوێ. چەند هەفتەیەك لەمەوبەر، لەگەڵ مامۆستا دانا ئەحمەد دانیشتبووینو باسی بابا تاهیری هەمەدانیو سالمو ئەحمەدی خانیو شێخ رەزای تاڵەبانیم بۆ کرد. ئەو پێشنیاری کرد، کتێبەکە بەدوو بەرگ بڵاوبکرێتەوە! من خەرمانێك بڕوبیانووم بۆ هێنایەوە، کە ئەم جۆرە کارە خۆ تەرخانکردنی دەوێو کاتێکی زۆری دەوێ. پێم گوت: کاتم هەبێ، بەمانگێك، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەحمەدی خانی ئامادە دەکەم. ئەو ئیدی ئەوەندە داواکەی خۆی بەپەرۆشیەوە دووبارە کردەوە، پاش دوو هەفتە، نووسینەکە بەپوختکراوی رادەستی مامۆستا دانا کرا.

کەی ئێمە دەگەینە (سەرەتایەکی باوەڕپێکراوی مێژووی بیری کوردی)؟ ئەوە رێگەیەکی سەختو ئاڵۆزەو چاوەڕوانی نەوەی ئەمڕۆو داهاتوو دەکات، بەو کارە



هەڵبسن. بەرەو هەر کوێ پەل دەهاوین؟ کۆمەڵێك گاشەبەرد سەرەڕێگاکان دادەخەنو توانای بەردەوامبوونو رێگابڕین، قورسو گران دەبێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بیری کوردیو بیری ئەڵەمانیو بیری فارسیو بیری تورکیو بیری فەرەنسی، یەك کێشەیان هەیە: ئەویش ئەوەیە بیرێك نییە، شەقڵو مۆرکی تەنیا یەك نەتەوەی پێوە بێتو کاریگەری بیری دەرو دراوسێی لەسەر نەبێت. بیر، لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، دەستاودەستی کردووە. هەر یەکە ویستوویەتی بەگوێرەی هەلو مەرجو بارودۆخی خۆی، گۆڕانی پێویستو گونجاو بەسەر ئەو بیرۆکەیەدا بهێنێتو تایبەتمەندی پێبدات.

هەروەکو چۆن لەجوگرافیادا، دوورگەی دابڕاو نییە، لەجوگرافیای بیریشدا دوورگەی دابڕاو نییە. کوردستان سەرەڕێگەی کاروانی بازرگانیو لەشکرکێشی رۆژهەڵاتو رۆژاوا بووە. هەر بۆ نموونە: هاتنی ئیسلام، تەنیا هاتنی ئاینێکی نوێ نییە، کە جێگەی بەدینی پێشوو لێژ کردبێت، بەڵکو (زمانی عەرەبی) لەناو کۆمەڵو کولتووری نوێدا، شوێنپێی خۆی کردۆتەوە. خەڵکی کوردستان، رێگە نەدراون، نوێژ بەکوردی، یان بەوەرگێڕانی کوردی نوێژ بکەن، بەڵکو بەعەرەبی نوێژ کراوەو رۆژوو گیراوەو ((یاسین))و ((تەلقین)) بەعەرەبی بووە. ئینتلجنسیای کوردی، بۆئەوەی پلەی زانایی بەرزی چنگ بکەوێت، ناچار بووە قۆناغەکانی خوێندن، قۆناغ بەقۆناغ بەسەرکەوتوویی ببڕێت. باشترین شارەزایی لەڕێزمانی عەرەبیو فیقهەو لێکدانەوەی قورئانو حەدیسو... هتد. پەیدا بکات. ئەم ئینتلجنسیایە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ هەڵگری پەیامی خوێندنو نووسین بووە. زۆربەی شاعیرو نووسەران لەهەناوی ئەم چینەدا لەدایکبوونو هونەرو داهێنانەکەیان رەنگی خوێندنو تێگەیشتنی دینی پێوەیە.

پێویستە تێبینی ئەو خاڵەش بکرێت، ئەم چینە، ئەوەندەی ویستوویەتی لەدەریای (نحو وصرف)ی عەرەبیدا باڵادەست بێتو لە (أحكام الشريعة)دا داهێنەر بێت، رەنگە تەنها ١٪ ئاڕاستەی بیرکردنەوەکەیان بەرەو زمانو ئەدەبی کوردی رۆیشتبێت. سەیر ئەوەیە، زۆربەی زۆری ئەو شاعیرو نووسەرانەی بەکوردی نووسیویانە، لەبن کارتێکردنی ئەدەبی فارسیدا بوون.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە یەکێك لەپێشەنگەکانی شیعری فارسی (بسام کورد)ە. ئەم شاعیرە لەسەدەی (٣)ی کۆچیدا ژیاوە. یەکێك ئاوەڵناوی (کورد)ی هەڵبژاردبێت‌و هەر لەسەرەتای هەڵسانەوەو نووسینی فارسی، کوردێك زمانی فارسی بۆ دەربڕین هەڵبژێرێت. دیارە ئەو کاتەی (رودەکی‌و شەهید بەلخی‌و دەقیقی‌و...) دەستیان بەشیعری فارسی کردووە، یەکێکی وەکو (بسام کورد) هەستی بەناسنامەی خۆی کردووە، بەڵام زمانی کوردی لەئاستێکدا نەبووە، تا بیکاتە ئامرازی داڕشتن‌و دەربڕین. هەرچەند ئێمە تەنیا چەند بەیتێکمان لە بەسامەوە پێگەیشتووەو نازانین ئەو چۆن بیری کردۆتەوەو بەرهەمەکانی تری چۆن نووسراون؟

بابا تاهیری هەمەدانی لەجیهانی سۆفیگەری‌و شیعری فارسیدا، ئەستێرەیەکی گەش‌و درەوشاوەیە. یەکێکی وەکو ذبیح الله صفا لەکتێبی (تاریخ ادبیات در ایران)دا شیعرەکانی بەفارسی دانانێت‌و بەکوردییان دادەنێت. ئەم حوکمەی دکتۆر ذبیح اللەو زاناو مێژوونووسەکانی تر، قسەی خەڵکی نەشارەزاو بێئاگا نییە. ئەوان پێیانوایە چوار خشتەکی‌و دوو بەیتییەکانی، لەبنەمادا کوردی بوون‌و هیچ پەیوەندییەکیان بەفارسییەوە نەبووە، ئیدی هەر (ناسخ)ێك هاتووە، وشە (نامۆ)کانی بەوشەی (فارسی) گۆڕیوەتەوە.

ئەگەر زانا فارسەکان، دان بەو راستیەدا بنێن‌و جەخت لەسەر ئەوە بکەن، بابا تاهیری هەمەدانی کورد بووە، من نازانم بۆ بابایەکی کورد ئەو مافە ناڕەوایە بەخۆی بدات، ناوی بابا تاهیر لەئەدەبی کوردیدا بسڕێتەوە؟

مێژوونووسانی کورد، بازنەیەکی گرنگی مێژووی کوردستانیان لەکاتیگۆرییەکانی خۆیان سڕیوەتەوە. کوردستان مێژووی دینی نییەو هیچ کەسێك بایەخی بەو لایەنە گرنگە نەداوە. ئێمە ئەوە دەزانین چواردە سەدە لەمەوبەر، سوپای ئیسلام، لەنیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە. لەکوردستانی ئەو سەردەمانەدا (زەردەشتی، جوو، مەسیحیەت،..) هەبووە. پاش ئەنفال‌و ململانێ‌و زۆرانبازییەکی زۆر سەخت، خەڵك ملی داوە. مەسیحیەت، رۆژ بەڕۆژ لەگرژبوونەوەو توانەوەدایە. جووەکان لەکۆتایی چلەکانەوە زۆربەیان رۆیشتن‌و زۆر کەمیان ماونەتەوە.



مێژووی ئەهلی حەق (یارسان، کاکەیی) ، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. سرودو شیعرو گۆرانی دینی ئەوان، گەورەترین سامانی نەتەوەیی ئێمەیە. بریا کۆنترین دەقی (سەرەنجام) بدۆزرایەتەوە، کە کەمترین دەستکاری لەلایەن (کەلامزان)ەکانەوە کرابێت‌و رێگە بدرێن بەئازادی لەسەر خۆیان بنووسن‌و لەسەر (جە کام سەر چەشمە ئاوت واردن؟) کێشەی گەورە دروست نەبێت!

هەروەکو چۆن کاکەییەکان لەشارەزوورەوە بۆ دەوروبەری داقوق‌و کەرکوك دەرپەڕێنراون. بەرەو ناوچەکانی سەر سنوورو دوورەدەست کۆچیان پێکراوە، ئێزدییەکان لەدهۆك‌و زۆر ناوچەکانی تر بۆ شەنگارو شێخان‌و باعدری ناوچەی نیشتەجێبوونیان بەرتەسك کراوەتەوە.

مێژووی ئێزدایەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندە. لەمساڵانەدا، بەشێك لەڕووناکبیرە ئێزدییەکان دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی هەندێ دەقی ئایینی‌و هەندێ زانیاری دەربارەی سەردەمی پێش هاتنی شێخ ئادی‌و پاش شێخ ئادی... هتد، بڵاوکراوەتەوە.

لەناو ئیسلامدا شیعەو سوننە هەیە. لەناو ئەهلی سوننەدا بزافی سۆفیگەری (قادری: بەرزنجی، تاڵەبانی - نەقشبەندی، نورسی، هەقە،...) هەیە. هەر رێبازێك پێویستی بەدەیان کتێب‌و لێکۆڵینەوە هەیە.

من بڕوام بەوە هەیە، تاك دەتوانێت داهێنان‌و کاری نایاب‌و گرنگ بکات. ئەم قسەیە لەکاتێکدا راستە، هەر نووسەرو شاعیرێك، سەرەدەرزییەك لەبەرهەم‌و نامەو ژیاننامەو دەوروبەری لێ بزر نەبێت‌و هەرچیت بوێت، بەردەستت بکەوێت.

لە رۆژاوا کەم فەیلەسووف‌و سیاسی‌و هونەرمەندی ناودار هەیە،ماڵەکەی نەکرابێتە مۆزەخانە. کەمیان هەیە نووسین‌و نامەکانی بەجوانی نەپارێزرابن‌و لەچەند بەرگێکدا بڵاونەکرابنەوە.. خەرمان‌و مەلۆی ئێمە، لەسۆنگەی نەبوونی دامەزراوەی دەوڵەتی‌و فەرهەنگیدا، لەشوێنێك بیانپارێزێت‌و سوودیان لێ وەربگرێت، ئەژدیهای داگیرکەر هاتووە، هیچ بەرهەم‌و سامان‌و سمبۆلی داگیرکراوی لا گرنگ نەبووە. هەرچی بەردەست کەوتووە، هەر ئاگری پێوەناوەو خۆڵەمێشەکەشی بەدەم رەشەباوە داوە.

ئەوی راستی بێت، دەبێ ئەم راستیە تاڵە وامان لێ بکات، ئاراستەی گۆشەنیگاو شێوەی بیرکردنەوەمان بگۆڕین! هەوڵبدەین بەکۆمەڵ کار بکەین‌و لەچوارچێوەی داوودەزگاو دامەزراوەکاندا پلان بۆ داهاتوو دابنێین‌و کار بکەین.

من لەماوەی سێ چوار ساڵی رابوردوودا، لەچەند پرۆژەیەکدا بەشداریم کردووەو تێبینی ئەوەم کردووە، لەرێگەی کاری بەکۆمەڵەوە دەتوانین کاری مەزن بکەین: تەنیا بەمەبەستی روونکردنەوە، دەمەوێ تۆزێ تیشك بخەمە سەر چوار پرۆژە، کە توانراوە، بەکۆمەڵ‌و هەرەوەزی هەنگاوی زۆر گەورە بنێین:

١. گۆران لەبیرەوەری هاوچەرخەکانیدا.

٢. شێخ مەحموودی حەفید.

٣. ئەمین زەکی بەگ.

٤. مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

من قەت چاوەڕوانی ئەو هەموو پێشوازی‌و گوڵباران‌و رێژنەی ستایشە نەبووم بۆ کتێبی (گۆران لەیادەوەری هاوچەرخەکانیدا) ، کە ژمارەیەك نووسەر هێندە بەپۆزەتیف لەسەر کارەکەیان نووسی، لەناخەوە هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، کە پێشتر دەمانتوانی ئەم بەرهەمەو بەرهەمی تر بەئەنجام بگەیەنین‌و نەمانکردووە. بێگومان ئەم کتێبە بەری ماندووبوون‌و شەونخونی تاقە کەسێك بوایە، رەنگە بەشێوەی ئێستا بەردەستی خوێنەرانی ئازیز نەکەوتایە.

بەرگی دووەم، کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین، هیوادارین کەلێنێکی بچووك لەزانیاری دەربارەی شاعیرێکی گەورە پڕ بکەینەوە. هەرکەسێك هەر زانیارییەکی لەسەر گۆران هەبێت‌و بەئێمەی بگەیەنێت، ئەوە تا ماوین، سوپاسی دەکەین‌و خۆمان بەقەرزاری دەزانین.

بۆ یادی شێخ مەحموودی حەفید، پارکێك لەشاری سلێمانی دروست کراو خانوویەك لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەموڵك بۆ یادی حوکمداری شێخ مەحموود تەرخان کراوە، کە پێشتر بارەگای حکومەتی لێ بووە. لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شێخ مەحموود، (٩) کتێب بڵاوکرایەوە، کە هەر یەکە



لەگۆشەیەکەوە، تیشك دەهاوێتە سەر سەردەمی حوکمداری ئەو لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ز.

ئەمساڵ یادی مێژوونووسی گەورە ئەمین زەکی بەگ دەکرێتەوە. ئێمە توانیمان چاومان بەسانیحە خان‌و د. ژاڵەو د. حەسەن بکەوێت. ئەوان بیرەوەری‌و ئەلبومی وێنەو کۆمەڵێك زانیاری‌و دۆکۆمێنتی نایابیان خستە بەردەستمان. ئەم پەیوەندییە بووە هەوێنی چەندین کتێب‌و ئەلبوم، کە بەم زووانە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز دەکەون.

یادی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نزیك بۆتەوە. مەولانا پیری رێبازێکی ئاینی بووە. ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهانیداو بەتایبەت لەناوەندە ئەکادیمیەکاندا، ئەوپەڕی بایەخی پێ دەدرێت. دەسنووس‌و زانیارییەکی زۆر لەسەر مەولانا هەن، کە بەداخەوە خوێنەری کورد لێیان بێبەشەو پێویستە دامەزراوەیەکی زانستی هەوڵبدات، مەولانا بۆ ناو جەرگەی زێدو وڵاتی خۆی بگێڕێتەوەو هەرچی شوێنەواری ئەم کەسایەتییە گەورەیە هەیە، سەرلەنوێ لەرێگەی چاپ‌و میدیاوە، بەخوێنەران، ئاشنایان بکاتەوەو تەپ‌و تۆزی (نامۆ)یی‌و تاراوگەی لێ بتەکێنێت!

بێگومان گەر ئەم کارانەو چەندین پرۆژەی تریش بەوردی جێبەجێ بکرێن، هێشتا ناتوانرێت باسی دەستپێکردنی نووسینەوەی (مێژووی بیری کوردی) بکرێت.

بەڵام ئەم هەنگاوانە زەمینە خۆشکەرن بۆ دۆزینەوەی پەیکەرێك، کە دەستی زەمانە لەبن گڵ‌و قوڕاودا شاردوویەتییەوەو هیچ لایەکی بەڕوونی بەرچاوی ئێمە ناکەوێت‌و بەشێکی زۆری روناکبیران پێیانوایە ئەو جۆرە پەیکەرە بوونی نییەو تەنیا لەجیهانی خەیاڵ‌و فەنتازیادا، رەنگە هەندێ (وێنە)ی دەست بکەوێت.

من، بەوشێوەیەی لە (مێژووی بیری کوردی) تێگەیشتووم‌و پاچ‌و خاکەنازی کۆڵین‌و گەڕان‌و پشکنینم، بەدەستۆگرتووەو سوور دەزانم، بە ئاسانی‌و بەبێ ئارەقی شین‌و مۆر، لەناو قوڕاوێکی خەست‌و خۆڵدا، دەبێ ماوەیەکی زۆر هەر قوڕان بشێلم‌و بۆ شینە پەیکەر بگەڕێم.

ئەو راستیەش چاك دەزانم، چاپی یەكەم دەبوایە هەندێ وردەكاری بۆ بكەمو هەندێ پەراوێز، رەنگە زیانی بۆی نەبێت.

من هەرچی بیردەكەمەوە، بابا تاهیر هەمەدانیو مەلای جزیریو فەقێ تەیرانو مەلاپەرێشانو خانای قوبادیو سالمو بایەزیدیو ... هتد. هەر هەموو بۆ رەشبەلەكێك بانگم دەكەن، كە ئەمسەرو ئەوسەری دیار نییە. دڵنیام ئەم پرۆژەیە، درەنگ بێت یان زوو، جێبەجێ دەكرێت، بەڵام ئەم ئەركە، ئەركی تاقە كەسێك نییەو پێویستە دەزگایەكی زانستی بۆ ئەم كارە تەرخان بكرێت.

من بۆ نێوی ئەم كتێبە سادەو بچووكەم ناوە (مێژووی بیری كوردی)؟

ئایا هەرچی لەم كتێبەدا ناوی هاتووە، خاوەن هزرو بیرەو ئەوانەی لەدەرەوەی "بازنە"كەدان، ئەوە نابێ بەخاوەن بیر بژمێردرێن؟

مەبەست لە "بیر" چییە؟

ئایا مەبەست تەنیا بیری فەلسەفیو هزری سیاسیو دینییە، یان بیر، تێكەڵاوییەكە لەپەلكەزێڕینەو لای هەر مێژوونووسو شاعیرێك لایەنێكی بەجۆرێك دەردەكەوێت؟

ئەوی راستی بێت من خۆمم بەچمكی كەوای هیچ تیۆریو قوتابخانەیەكەوە گرێ نەداوە. نەمویستووە چوارچێوەیەكی پۆڵایین بۆ بیری خەڵكو بیری خۆم دانێم. بەگوێرەی یەك پێوەرو یەك هێڵو یەك مقەست كارم نەكردووە. كۆمەڵناسیو دەروناسیو سیاسەتناسیو مێژووم بەیەكەوە گرێداوە بۆ تێگەیشتنی دەقێكی ئەدەبی. بریا بمتوانیبایە لەسۆفیگەریو رێزمان سەردەربكەم: مێژووی سیاسی ئێمە، پێویستی بەخوێندەوەی جیاوازە. شیعرەكانی "نالی" پێویستیان بەخوێندنەوەی رێزمانو زمانەوانی و گراماتیكن. ئێمە نەتوانیین بینای "زمانەوانی" قەسیدەیەك بخوێنینەوە، چۆن دەتوانیین شیبكەینەوەو لێیتێبگەین؟

یەك لەو كێشانەی رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ناسنامەی بەشێك لەمێژوونووسو نووسەرانمان روون نییە: ئەمانە هیچیان لەسەر "ناسنامەی نەتەوەیی" خۆیان نەنووسیووەو بەرهەمەكەیان بە كوردی نییەو هەندێكیان رەگو رەچەڵەكی خۆی بۆ سەر عەشیرەتێكی عەرەب، یان فارس گێڕاوەتەوەو پێی پەشم



بووە، راستو رەوان بەخۆی بڵێت : كورد، مێژوونووسی بەناوبانگ "إبن الأثير الجزري" خاوەن كتێبی "الكامل في التأريخ" راستو رەوان بەخۆی دەڵێت "الشيباني"! یەكێكی وەكو "ئیبن خەلەكان" خۆی دەكاتە "بەرمەكی" فارس. هۆی شاردنەوەی "ناسنامەی نەتەوەیی" دوێنێو ئەمڕۆ، لەیەك دەچێت. بەهۆی "كورد بوون"ەوە، نووسەر دەبێ زیان لەخۆی بداتو ژمارەیەك دەرگا لەخۆی دابخات.

من كێشەی "كورد بوون"و "كورد نەبوون"ی ئەوانە بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی جێدەهێڵم. بە گوێرەی ئەو پێوەرە بێت: "مەولانا خالید"و شێخ مارفی نۆدێو "مەولەوی" كورد دەرناچنو خۆیان شانازییان بەوەوە كردووە، كە باپیرانیان پێش بیست سی پشت بۆ نەوەی یەكێك لەئیمامە گەورەكانی ئیسلام دەگەڕێنەوە.

هەر پاش بڵاوبوونەوەی (چەپكێكی تر لە گوڵزاری نالی)و (چەپكێك لە گوڵزاری مەولەوی)، (حاجی قادری كۆیی) ژمارەیەك برای ئازیز هانیاندام، لەسەر ئەو زنجیرە بەردەوام ببمو هەمووی لە كتێبێكدا بڵاوبكەمەوە. د. ئەنوەر قادر محەمەدو جەبار فەرمانو مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەدو د. ئەرسەلان بایزو ئازاد جوندیانی و موحسین عەلی ئەكبەرو محەمەدی مەلا كەریمو د. نەجاتی عەبدوڵڵا و فوئادی مەجید میسریو دانا ئەحمەد مستەفا، پێشەنگی هاندەرانم بوونو ئەوان نرخی كارەكەیان دەزانیو رەنگە ئەو هاندانە مەعنەوییە نەبوایە، ئارەزووی ئەوەم نەبوایە بۆ ماوەی نزیكەی هەژدە ساڵ لەسەر ئەم كارە بەردەوام ببم.

بە ئەوپەڕی رێزو پێزانینەوە سوپاسی د. ئەنوەر قادر محەمەد (زانكۆی سلێمانی)و د. هەڵكەوت حەكیم (زانكۆی سۆربۆن) و هاوكارانم كاك حەسەن یاسینو هەوراز محەمەدو ئەلەند (ئەكبەر حەسەن) دەكەم، كە بە تێكستە نوێیەكاندا چوونەوەو تێبینیو سەرنجی خۆیان بۆ نووسیمو لەهەڵەو كەموكووڕی ئاگاداریان كردمەوە..

**مامۆستا جەعفەر**

**سەرچنار ٢٠٠٩/١/١٨**

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئـەم کتێبـــە حـــەوت لێکۆڵینەوەیـــە، کـــە لـــەنێوان ١٩٩٣ - ٢٠٠٤ نووســـراون‌و بڵاوکراونەتـەوە. ئـەوی راسـتی بێـت، رۆژێـك لـەڕۆژان هـیچ نیـازێکم نـەبووە، هـەر حەوتیان پێکەوە چاپ بکرێن. چەند جوان دەبوو، مێژووی ئەدەبی کوردی سەر لـەنوێ بنووسرێتەوەو ئەو سێ لێکۆڵینەوەیەی لەسـەر نـالی‌و مەولـەوی‌و حـاجی قـادری کـۆیی نووسـراون، خـانی‌و جزیـری‌و خانـای قوبـادی‌و سـالم‌و کـوردی‌و شـێخ رەزای تاڵـەبانی‌و مەحوی‌و شێخ نوری‌و گۆران . . تاد. بخرایەتە پاڵ. شێوازی لێکۆڵینەوەو گەڕان بـەدوای جیهـانبینی‌و تێگەیـشتن‌و بـیری شـاعیران، رێگـەیان نـەدەدام بـە سـاڵێك‌و دوو سـاڵ سـەرجەمی پرۆژەکـە تەواوکـەم. نـەبوونی سەرچـاوەی پێویـست‌و بڵاونەکردنـەوەی بەرهـەمی زۆربـەی شـاعیرو نووسـەران بـە شـێوەیەکی زانـستی، ئـەرکی لێتۆژینـەوە سەخت‌و ئاڵۆز دەکات.

نیـو سـەدە لەمـەوپێش، یـەکێکی وەکـو مامۆسـتا سـەجادی چـەند بـوێرو ئـازاو چـاونەترس بـووە، بـەتاقی تـەنیا کتێبـی: "مێـژووی ئـەدەبی کـوردی" نووسـیووە. شۆڕەسوارانی وەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و کاك فاتیح‌و کاکـە حەمـەو مامۆستا مەسعود محەمەد لەکارە ئەدەبیەکانیاندا کـەم وێنـەو رچەشکێن بـوون. ئێـستا من، نە لای خۆمان‌و نەلە رۆژهەڵات‌و نـە لـە بـاکووری کوردسـتاندا، هـیچ تروسکاییەك لەئاسـۆی مێـژووی ئـەدەب، یـان بڵاوکردنـەوەی دیـوان‌و بەرهـەم‌و ژیاننامـەی شـاعیرو نووسەران بەدی ناکەم، کەتۆزێك لەکاری دەستەی پێشڕەوان بچێت!



خەڵکی وەکو مامۆسـتا مـەلا کـەریم‌و مەسـعود محەمـەدو سـەجادی.. هەڵنەکـەوتن، ئـەوە نیـشانەی کارەسـات‌و نەهامـەتی‌و کۆتـایی ژیـان نییـە! رۆژگـار گـۆڕاوەو ژیـان‌و پـەروەردەو خوێنـدنی رووناکبیری ئـەمڕۆ وەکـو دوێنـێ نییـە. ئێـستا زانکـۆو دەزگـای ئەدەبی‌و زانستی هەن، کەدەتوانن ئەنجامدانی کارێك بـە یـەکێکی پـسپۆڕ بـسپێرن، یـان پڕۆژەکـە بەکۆمـەڵ جێبـەجێ بکرێـت: بـۆ نووسـینەوەی ((مێـژووی ئـەدەبی کـوردی))، دەکرێ نووسین لەسەر ژیان‌و بەرهەمی شاعیرێك بـە یـەکێکی شـارەزا بـسپێردرێت‌و دە لاپـەڕەی چـڕوپڕ بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئامادەکرێـت، ژیاننامـەی ژمارەیـەك لەشـاعیرانی هەڵبژاردە پێکەوە، ئەوە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسرایەوە..

نووسـەرانی رۆژاوا بـە شـێوەیەکی گـشتی ئـەم رێگەیـە دەگرنـە بـەرو لەماوەیـەکی کورتدا، کتێبێکی چڕوپڕو ئەستوور لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەوێتـە بـەر دەسـتی خوێنەران. بۆ نووسینی لێکسیکۆن‌و ئینسکلۆپیدیا، هەر لـەزەمانی رۆسـۆو مۆنتـسکیۆوە تا ئەمڕۆ، بەکۆمەڵ کاردەکەن. کەس نییە لەهەموو گۆمێکدا مەلـەوان بێـت‌و لەهـەموو بوارێکدا شارەزاو لێزان بێت.

## جارێ ئەدەبی کلاسیکی بە سێ دیالێکت نووسراوە:

کرمانجی سەرو گۆرانی‌و سۆرانی . . ئەگەر لوڕی‌و کـەڵهوڕی‌و کرماشانیـشی بـچێتە سەر، ئەوە ئیدی رووبەری جوگرافی سامانی ئەدەبی فراوانتر دەبێت. کێ هەیە بـەوردی شارەزای بەرهەمی زۆربەی زۆری شاعیران بێت‌و وەکو یەك لێیان تێ گەیشتبێت؟

ذبیح الله صفا (تاریخ ادبیات در ایران) بـە پێـنج بـەرگ نووسـیوەو لەسـەرهەڵدانی ئیـسلامەوە دەسـتی پێکـردووەو ئیـدی هەرکەسـێك لەهـەر کوێیـەك بووبێـت‌و بەهـەر زمان‌و دیالێکتێك نووسیبێتی، هەرخۆی بە (ایرانی) دانابێت، ئـەو بەسـەری کردۆتـەوە. خەونێکی یەکجار مەزن نییە، ئێمـە ئـەو(مۆدێـل)ەی ئـەو لەنووسـینی مێـژووی ئـەدەب لەبەرچاو بگرین.

هەر زۆر لەبەر دڵم گرانە، نێوی ئەم کتێبە "مێژووی بیری کوردی" بێت، چونکە دەزانم دەیان گوڵی مەجلیسەکە جێگەیان خاڵیە: بیری کوردی بەبێ خانیو جزیریو مەولانا خالیدو . . بەیارو چۆڵەوانیە. . . جارێ ئەو بزاڤە فیکریەی مەولانا خالید دامەزرێنەری بووە، تا ئەمڕۆش بەردەوامەو لەسەرانسەری جیهاندا، نزیکەی پانزە ملیۆن موریدی هەیە. ئەحمەدی خانی چرایەکی ئەوەندە گەشە، هەر وا دەزانی تازە ((مەمو زین)) ی ڕەوانەی چاپخانە کردووە! ڕاستە "هزری نەتەوەیی" ئەو، هەر زۆر لەگەڵ بیری ناسیۆنالی مۆدێرن جیاوازە، تیشكو ڕووناكی بلیمەتی، سنووری جیاوازی سڕیوەتەوە. زۆر زاناو شارەزا پێیان وایە، گەر خانی ناسیۆنالست نەبێت، کەس ناسیسۆنالست نییە. دەستەی یەکەمی بیری نەتەوەیی ((حاجی قادری کۆیی، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان،.. )) هەرزۆر لەبن کارتێکردنی ((مەمو زین)) ی خانی دا بوونو تا ئەم چرکەیەش خانی گرنگی خۆی لەدەست نەداوە..

پاش نووسینی هەر لێکۆڵینەوەیەك بەماوەیەکی زۆرکەم، بۆم دەرکەوتووە، دەبا ئەو نووسینە درێژەی پێبدرایەو چەند خاڵی گرنگ نەدەبا لەسەری نەنووسرێت:

بەڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێم، هەرچەند هەوڵمدا شتێك  لە "الفضیلة" و"العقیدة المرضیة" و "فوائح" ی مەولەوی هەڵکرێنمو تۆزێك لەبیری ئایینی ئەو تێ بگەم، کتێبەکانم بە داخراوی بۆ سەر ڕەفەکە گێڕایەوە.

یەکێك بە تەواوی لەڕێبازی نەقشبەندی تێنەگاتو نەتوانێ بەرهەمەکانی مەولەوی بەوردی بخوێنێتەوە، چۆن دەتوانێ لەسەربیری ئەو بنووسێ؟

تێگەیشتنی ((نالی))، کاری نەخوێندەوارێکی وەکو من نییە. ئەگەر خوێندەواریش بام، هەروا بە ئاسانی ڕێگەم بۆ دوورگە شاراوەکانی دەریای پڕ شەپۆلانی شیعرە مەتەڵاویەکانی نەدەدۆزیەوە. من توانیومە تەنیا لەگۆشە نیگایەکەوە بڕوانمە جیهانی ئەو. خوێندنەوەی دووەم ژمارەیەك پرسیاری سەرسووڕهێنەری لا دروست کردوومو پاشەکشەم بەڕەواو گونجاو بۆ خۆم داناوە. هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ((چەپکێکی تر لەگوڵزاری نالی))، چەپکە گوڵی ترم لا دروست بووەو کاتی داڕشتنەوەیانم نەبووەو ئێستا لەنەنووسینەوەیان هەر زۆر پەشیمانم!



نووسین لەسەر "شەرەفنامە" بە دوو سێ لاپەڕە، پڕ ناکرێتەوە! ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیم بە چەند ڕووناکبیرێکی باکوورەوە کرد، بۆئەوەی لەشارێکی ئەوروپی کۆنگرەیەك بۆ یادی چوارسەد ساڵەی شەرەفنامە بگێڕێت. پێشنیارێکم کرد:

یەکێکی وەکو مارتن ڤان بروینسن لەسەر لایەنی ئابووری شاکارەکە بنووسێ: شەرەفخان زۆر حیسابی بە دراوی جیاواز کردووە وەکو: درهەمو لیرەی سوورو ئاقچە.. هتد. هەر دراوێك لەسەردەمی خۆیدا نرخی خۆی هەبووە، خوێنەری ئەمڕۆ تێیان ناگات.

ئەو بەڵگانەی لەسەر شەرەفخان هەنو بەشێکیان لەم ساڵانەدا بڵاوکراونەتەوە، هەمووی کۆکرێتەوەو بکرێتە کوردیو ئینگلیزی.

دوو کەسایەتی بنەماڵەی شەرەفخان ئامادەیی خۆیان دەربڕی لەسەر شەرەفخانو بنەماڵەکەی، دوو لێکۆڵینەوە بنووسن.

دوو نووسەرمان دۆزیەوە لەسەر شاری بتلیس، لەڕووی گەشەکردنو پەرەسەندنی مێژوویيو بارودۆخی ئابووریو سیاسیو ئیداری بنووسن.

خۆشم دانرابووم لەڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆگیەوە شەرەفنامە بخوێنمەوە. .

ئەمە هێڵی گشتی کۆنگرەکە بوو. پاشان ١٩٩٧ کۆنگرەیەك لەبەرلین گیرا، بەحیساب بۆ یادی چوارسەد ساڵەی شەرەفنامەبوو. لەراستیشدا پێشنیاری کۆنگرەی زانستی بۆ مەهرەجانێکی سیاسی/ حیزبی شکایەوەو بڕواناکەم هیچ بەشدارییەکی لەبوژاندنەوەی یادی شەرەفنامە کردبێت. من نە بەشداریم تێداکردو هەستم کرد، کۆنگرەکە ئەو ڕووداوە کولتووریە/ مێژووییە دەوڵەمەند ناکات!

من، هەر حەوت نووسینەکە وەکو خۆی، بەبێ دەسکاری، سەرلەنوێ بڵاودەکەمەوە، زۆر چاك دەزانم، هەرهەموویان پێویستیان بە مشتومالکردنو ڕاستکردنەوەو خستنەسەر هەیە. ڕاستی تریش دەزانم، سەبارەت بە ئەم کارەو پڕۆژەی تری تەواو نەکراو.. لەسۆنگەی نەتوانینیی خۆتەرخانکردن بۆ ماوەی چەند ساڵێك بۆ یەك کار، ناچاری دەستم شل دەکاتەوەو ئەو بۆچوونە پەسەند دەکەم، بۆ هەنگاوی یەکەم ئەم بەرهەمە بەردەستی خوێنەر بکەوێو بکرێتە بەردی بناغەی کاری زۆرلەمە چاکتر.

کێشەی هەرە گەورەی ئێمە: تێڕوانین‌و تێگەیشتنی سامانی ئەدەبی‌و فیکری‌و مێژوویمانە. هاووڵاتی کوردستان بە گشتی بواری چاکی بۆ نەگونجاوە، شارەزایی پێویست لەتیۆری جیاجیا ئەدەبی‌و سۆسیۆلۆگی‌و دەروونناسی پەیدابکات.

لێکۆڵەر دەبێ بزانێت لەکام گۆشەنیگاوە دەڕوانێتە بەرهەمی شاعیرێك یان نووسەرێك! دەروونناسێك دیوانەکەی گۆران بخوێنێتەوە، بەجۆرێك لێی تێ دەگات‌و کۆمەڵناسێك بیخوێنێتەوە، بە ئەنجامێکی تر دەگات‌و زمانەوانێك بیخوێنێتەوە، رەنگە تەنیا سەرنجی رێزمان‌و وشەو گەشەکردنی زمان بدات‌و ئەوەندە بایەخ بەباری دەروونیی شاعیرو باری کۆمەڵایەتی‌و هەلومەرجی مێژوویی نەدات.

ئێمە پێویستیمان بە بیست جۆرە خوێندنەوە هەیە، ئینجا رێگە بەخۆمان بدەین، باس لەکارکردن لەسەر رابردوو بکەین. هەرچی کراوە، بەرهەمی کاردانەوەو شەقڵی ناچاری‌و هەوڵی تاکەکەس‌و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پێوە دیارە، بەڵام هەر هەمووی کاری سەرەتایین‌و دەبێ لەمەودوا خەڵکی پسپۆڕوکارامە بێنە مەیدانەوەو رووی بازاڕی کتێب بگۆڕن.

مەبەست لە تێگەیشتن، تەنیا تێگەیشتنی دیوی دەرەوەی دەقێکی ئەدەبی نییە. ئەم تێگەیشتنە زمان دەکاتە پێوەرو ئامرازی تێگەیشتن، جیهانبینی شاعیر لەوبەری کەناری سەرنج‌و گرنگیپێدان رادەگیرێت. لێرەدا بەشێك لەبەرهەمە شیعرییەکانی مەولەوی بۆ نموونە دەهێنمەوە، کە تائێستا تێگەیشتنیان بۆ هەورامی‌و مەولەویناسانیش ئاسان نەبووە.

نزیکەی سەدو بیست‌و دوو ساڵ بەسەر مردنی (مەولەوی)دا تێدەپەڕێت‌و هێشتا ئێمە بەباشی لێی تێ نەگەیشتووین‌و گرنگی نازانین. دیارە تەنیا جیاوازیی دیالێکت، تاقە هۆی تێنەگەیشتن نییە. من رەنگە سەدجار دیوانەکەم خوێندبێتەوەو سی‌و دوو ساڵ لەمەوپێش یەکەمین جار وتارێکی عەرەبیم لەسەر نوسیووە. ئەم جۆرە خوێندنەوەو نووسینە ناتوانن لەبینین‌و تێگەیشتنی دیوی دەرەوەی توێکڵی شیعرەکان تێپەڕێنن.



دوای بڵاوبوونەوەی ((چەپکێك لەگوڵزاری مەولەوی))، دیارە لەبن کارتێکردنی گوێتە، بیرم لەوەکردەوە باشتر هەوڵدەم سەعدی‌و حافزی شیرازی‌و مەولەوی رۆمی بخوێنمەوە. من ئێستا لەوە چاك تێدەگەم بۆ ئێمە باش لە ((مەولەوی)) خۆمان تێ ناگەین. لەوە دەچێ هاوچەرخەکانی ((مەولەوی)) خۆی لەئێمە چاکتر لەکەسایەتی‌و ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەولەوی تێگەیشتبن. هەر بۆیە سەید عەبدولرەحیمی تاوەگۆزی، کە نازناوی شیعری ((مەعدووم)) بووە، کەچی ئەوان ناوی ((مەولەوی)) یان بەسەریدا دابڕیوە. ئەوان رەنگە زۆربەیان مەولەویناس بوون‌و بەلای کەممەوە ((مثنوی)) و ((کلیات شمس تبریزی)) یان خوێندبێتەوەو نزیکیی ((مەعدووم))یان لەگەڵ مەولەوی رۆمی (١٢٠٧ ـ ١٢٧٣) رەچاو کردبێت.

مەولەوی ئێمە، نەکوڕی وەکو (سولطان ولد)ی بووەو نەدۆست‌و هاوڕێ‌و قوتابی‌و خەلیفەی وەکو (صلاح الدين زركوب‌و حسام الدين چلبی‌و فريدون بن أحمد سپهسالارو شمس الدين أفلاكی‌و.. تاد) هەبووە، وردترین زانیاری لەسەر ژیان‌و بیروباوەڕی کۆکەنەوەو بەرهەمەکانی بەجوانی بپارێزن. رێبازی سۆفی جەلال الدینی رۆمی شێوەی دامەزراوە (ئینستیتووتسیۆن) بەخۆیەوە بینیوەو پەل‌و پۆی بۆ زۆر شوێن هاویشتووە. ئەولیا چەلەبی ساڵی ١٦٣٥ لەسەر داخوازی سوڵتان محەمەدی چوارەم، ئامارێك لەسەر خانەقای مەولەوییەکان تۆمار دەکات. لەوێ ژمارەیان بە ٥٥٠ دادەنێ، لەگەڵ ٦٠٠٠ حوجرە.. بەردەوامبوونی رێبازەکەو بەردەوامبوونی نەوەکانی مەولەوی، دەوری خۆیان لەپاراستنی شوێنەواری مەولەوی رۆمی بینیوە.

مەولەوی تاوەگۆزی لەدەیان قەسیدەو غەزەلدا باسی (ساقی‌و مطرب و مەقام‌و دەفلێدان‌و گۆرانی‌و مەی‌و مۆسیقا..)ی کردووە:

رۆ جە شەو فێشتەر زارو زەلیلم
ساقی! سا جامێ، ئەمجار دەخیلم
بدەر پیێم نۆش کەم چون هەردە جاران
وە ڕەغم گردین گرۆی مەیخواران

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

شیعر ویم تەنخوای سەمتوور سازێ
لێدەر، سا نەی چی! هەر تارێش گازێ
چنگ پیێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت
بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت
سا دەروێش! کەفێ بدە نە رووی کەف
گیان منتظرەن پەرێ رێزەی دەف
مغنی! لێدەر یەک ئیمشەو سازان
بەشقی ئەو کەسە تۆش ئاوات وازان
بەڵکە خەمانم تۆ دەری وە باد
هەی های جوانم، فرێم هەن مراد
ساقی! سا دەخیل وە فریادم رەس
بەرووی نازەوە جام گێرە وە دەس
دەور دەرە وە ناز چون هەردە جاران
پیێم دەر یەک مەنێ سەباو ئیێواران
باوەس باڵینم سیڵاو هوون بۆ
ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ

ئێمە دەزانین ئەو نەقشبەندی بووەو ئەم رێبازە رەنگە تاکە رێبازی سۆفی بێت، رێگەی بە (سماع) نەدابێت و کۆڕەکەیان بە بێدەنگی بکەن. رێبازی مەولەوی رۆمی رێگەی بە (سماع) داوەو لەخانەقادا سەماو گۆرانیو بەکارهێنانی ئامڕازی مۆسیقا رێگەی پێدراوە. واتە: مەولەوی بەدڵو بەگیان پەیڕەوی رێبازی نەقشبەندی کردووە، بەڵام لەجیهانی شیعریدا، لەجەلال الدینی رۆمیەوە نزیك بووە!

هەر کەسێك دیوانی مەولەوی بخوێنێتەوەو لەنامە شیعرەکانی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەییو ئەحمەد پریسیو ئەحمەد بەگی کۆماسیو شێخ یوسفی نۆسمەیی.. تاد.



وردبێتەوە، بەبێ ئەوەی لەشیعرەکانی رۆمی بۆ شەمسی تەبرێزی ئاگادار بێتو تێگەیشتبێت، ناتوانێو وێنای جیهانی میتیۆلۆگی شاعیر رەچاو بکات.

بەشێك لە"رووناکبیران"ی کورد بەچاوی سووك دەڕواننە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیكو پاش کلاسیك. ئەم دیاردەیە بەڵگەی نامۆبوونو بەهەڵە تێگەیشتنە لەئەدەبو بیری مۆدێرن. لەلەندەن شانۆ هەیە هەر لەساڵی ١٨٠٠ز. تائەمڕۆ هەموو شەوێ، بەبێ پچڕان، شانۆگەری شکسپیر دەنوێنێ. لەئەڵمانیا نەك زۆربەی نووسەران، بەڵکو رۆژنامەنووسو سیاسییەکانیش نووسینی خۆیان بەشیعرێکی گوێتە، یان رستەیەکی تۆماس مان یان فرانس کافکا دەرازێننەوە. رۆژێك کەناڵە ئاسمانییە ئەڵمانییەکان دەنگوباسی سەفەری سەرۆك وەزیران گێرهارد شرویدەری بۆ چینو ماچین بڵاوکردەوە. کیژێکی چینی، بەبڕگەیەکی فاوستی گوێتە دەستی بەقسە کرد. شرویدەر بەبێ ئەوەی هەستی کیژە چینییەکە بڕوشێنێ، کەتۆزێ بەخواروخێچی دێڕەکەی خوێندەوە. ئەو نزیکەی سی بەیتی فاوستی لەبەر بوو، هێندەی بەجوانی خوێندەوە ئەو خەڵکە بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدا.

ئێستا لەئەمریکادا چەندین سایت لەسەر مەولەوی رۆمی هەیە: شیعرەکانی بەوەرگێڕاویو مۆتیڤو مینیاتووری رۆژهەڵاتییەوە پیشان دەدرێت. دەیان گروپی سەماکردنو مۆسیقاو گۆرانی ناسراو هەن، کە مۆسیقای تایبەت بەمەولەویو سەمای سۆفیانە دەکەنو گۆرانیو شیعری مەولەوی دەڵێنەوە. رۆژی ١٩٩٧/١١/١٥ لەرۆژنامەی (کرستیان ساینس مۆنیتۆر)* مەقالێکی ئەلکساندرا مارکس بڵاوکردۆتەوە، کەتێیدا هاتووە:

"شیعرەکانی جەلال الدین رۆمی زۆرترین نوسخەی کتێبی لێدەفرۆشرێت".

هەندێ گروپی یۆگا، وەکو ناوەندی (جیوامۆکتی) کاتێك مەشقی (ئیرۆبك) دەکەن، بەخوێندنەوەی شیعری مەولەویو مۆسیقا، ئێوارەکەیان بەسەر دەبەن. مەدۆنای

---

* پێشەکی کتێبەکەی:
(Franklin D. Lewis) : Rumi Past and present East and West.
نموونەی کاریگەرێتی بیروباوەڕو شیعری رۆمی لەسەر کۆمەڵی ئەمریکی دەردەخات.

گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی، کە بەمەلیکەی رۆك دەناسرێت، بەوە ناوی رۆیشتووە، کە مەولانای رۆمی زۆر کاریتێکردووە.

کاك ئەنوەر قادر محەمەد، کەنامەی دکتۆرای لەسەر (مەولەوی تاوەگۆزی)نووسیووەو پێش ئەوەی بۆ دەرەوەی وولاتیش سەفەر بکات، بەیەکێك لەمەولەویناسان دادەنرا. ئێستا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کارتێکردنی مەولەوی رۆمی لەسەر مەولەوی تاوەگۆزی ئامادە دەکات. ئەو دەیگوت کاتێك لە لینینگراد داکۆکیم لەنامەی دکتۆراکەم دەکردو شیعری مەولەوی خۆمانم دەخوێندەوە، یەکێك لەزانا گەورەکانی ئێراناسیو ئیسلامناسی (بۆڵدریڤ) نەك هەر بەراوردکردنی مەولەوی تاوەگۆزیو حافزی شیرازی بەئاسایی زانیوە، بەڵکو بەئیعجابەوە بەم شێوەیە لەسەر مەولەوی دواوە: "بەداخەوە، تا ئێستە ئێمە ئاگامان لەم جیهانە دەوڵەمەندە - لەشیعری مەولەوی نەبووە. من پێم وایە شیعری مەولەوی لووتکەیەکی بەرزی شیعری ئینسانییە" ئێمە قەرزاری یەکێکی وەکو (بۆڵدریف)ین، کە بەئینسافەوە ستایشی مەولەوی کردووەو شیعرەکانی بەرز نرخاندووە. ئێمە هێشتا خۆمان لەدەست قۆناخی شەرمکردنو خۆبەکەمگرتن دەرباز نەکردووەو ناوێرین بەشێوەیەکی بابەتیانە بەرهەمو کاری یەکێکی خۆمان هەڵسەنگێنین.

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، بەشێك لەشیعرەکانی گۆرانی شاعیر بەسویدی بڵاوکرانەوە. شاعیرێکی سویدی گوتبووی گۆران لەنیرۆداو لۆرکا کەمتر نییە، هەر لەبەر ئەوەی کوردە کەس مافی خۆی نەداوەتێو وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە.

من بەجوانی نازانم بۆچوونی نووسەرێکی ئەڵەمانی پسپۆرو کارامە بگێڕمەوە، چونکە پەیوەندی بەنووسینێکی خۆمەوە هەیە، بەڵام هەر بۆئەوەی سەهۆڵبەندانی ئەم گیانی خۆ بەکەمگرتنو لاوازیە دەروونییە وردو خاش بێت، ناچارم قسەی کابرایەکی ئەڵەمان بگێڕمەوە. ئەو چیرۆکی (هەڵاتن)ی بەوەرگێڕاوی خوێندبووەوەو دەیەویست گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی ـ ئەدەبیم لەگەڵدا بکات. هەر هەفتەیەك چیرۆكو گفتوگۆیەکی لەرۆژنامەیەکی سەرتاسەری ئەڵەمانی لەگەڵ نووسەرێکی



ناسراوی وڵاتێك بڵاودەکردەوە. من بەڕاشکاوی پێم گوت: " هەڵاتن" لای ئێمە بەر شاڵاوی تفو تووكو نەفرەت کەوتووەو پێم باش نییە، بڵاوبکرێتەوە. ئەو گوتی: " من ئەم چیرۆکە زۆربەرزە، لەئاستی ئەدەبی ئینسانی جیهانی تێدەگەم".

میکانیزمی بێدەوڵەتیو داگیرکراوییو ژێردەستەیی، وای لەزۆر رووناکبیر کردووە، هەر زۆر بەنزمیو بێبایەخی سەیری (خۆمان) بکەنو بەسەرسوڕمانەوە لاسایی کاری شاعیرو نووسەری دراوسێکان بکەنەوە. ئەوەی بەپێچانەوە بیر بکاتەوە، پێیان هیچنەزانو دواکەوتووە، رەنگە لەهەموو شوێنێك دا هەوڵی شکاندنو دەرپەڕاندنی بدەن. سەیر ئەوەیە سیاسییەکان بەگشتی بیرو بۆچوونی ئەو (رووناکبیر)انە دەکەنە پێوەرو ناتوانن پاش دوانزە ساڵ ئەزموونی ئازادی، بەئازادی بیربکەنەوە.

ئێمە ئێستا پێویستیمان بەدامەزراوەی بووژانەوەو پارێزگاری سامانی کولتووری گەلی کورد هەیە، بۆ بینینو تێگەیشتنی رابردوو، بۆ گەڕانەوە هۆشو باڵادەستبوون بەسەر گرێکوێرەی خۆ بەکەمگرتنو نەریتی ژێردەستەییو بێماڵیو داگیرکراوی.

سەرەتا (کۆڕی زانیاری کورد) ـ بەغدا - کۆمەڵێك کاری سەرکەوتووی کردو هەنگاوی دڵسۆزانەی لەبواری جیاجیادا نا. ئەمڕۆ لەبن سێبەری دەسەڵاتی خۆماندا، لەم ئاسۆ پانو بەرینەدا، هیچ چەکەرەو رسکانی هیوای پڕۆژە کولتووری گەورە بەدی ناکرێت، دڵخۆشی خۆمانی پێ بدەینەوە. کاتی ئەوە هاتووە وەکو گەلانی تر، بە ئەوپەڕی ئاگاییەوە لە روانگەیەکی جیاوازەوە سەیری خۆمانو رابوردوومان بکەینو داهاتوومان لەبەرچاو بزر نەکرێت.

مەکتەبەی بیر و هۆشیاری

# مێژووی بیری کوردیو پرۆژەیەك بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیناسازی بیرکردنەوە*

* لەرۆژنامەی پەیامی ژمارە ١٥ ، لەندەن ، ئایاری ١٩٩٩ و هەروەها لەگۆڤاری ئاینده: ژمارە ٧ی شوباتی ٢٠٠٠ لەسلێمانی بڵاوکراوەتەوە.



مەکتەبەی بیر و هۆشیاری

لەرِۆژنامەی پەیامی ژ١٤، ئازاری ١٩٩٩دا، وتارێك بڵاوكراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی: "كوردو مێژووی بیر". ئەم نووسینەی من بەرپەرچدانەوەو هەڵە دۆزینەوە نییە، بەڵكو بەشداریكردنە لە لێدوانو دەربرِینی تێگەیشتنێكی تر بۆ نەبوونی نووسین لەسەر مێژووی بیری كوردی. هەر كەسێك بتوانێ لەسەر مێژووی بیر بنووسێ، لەهەر روانگەو گۆشە نیگایەكەوە بێت، شایانی پێشوازی لێكردنو بەدەنگەوە چوونە، گەر یەكێكیش بتوانێ "پرِۆژەیەك بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیناسازی بیركردنەوە" دارِێژێ، شایانی پشتگیریو ستایشە. پێشەكی، من دان بەوەدا دەنێم، ئەم كارە كارێكی زۆر سەختەو دەسەڵاتم بەسەریدا ناشكێ، بەڵام دەسەڵات بەسەردا نەشكان، رێگە لەوە ناگرێ یەك دوو گوڵە سەرنج بخرێتە سەر مەلۆی هەوڵو تەقەللای تر..

## مێژووی بیرو فەلسەفە

من لێرەدا نامەوێ سەرجەمی نووسینەكە هەڵسەنگێنمو رەنگە تەنیا ئەم دێرِەی خوارەوە سەرنجی زیاتر راكێشابم: " جارێ با واز لەوە بێنین كە ئێمە مێژووی بیرو فەلسەفەمان هەر نییەو نەنووسیوە، بەڵام مێژووی لایەنەكانی دیكەی ژیانیشمان نییە." ئەم بۆچوونە راستە. راستی بۆچوونەكەش لەدوای چەندین پرسیاری بەجێو تێرِامان رزگارمان ناكات، لەو داوەش رزگارمان ناكات، چۆن ئەو كەندولەندە پرِ دەكرێنەوە؟

بوونی فەلسەفە، پەیوەندی بەبوونی دەوڵەتو گەشەكردنی كۆمەڵەوە هەیە. فەلسەفە پرسیاری بنچینەیی گرنگ دەخاتە روو، بیری مرۆڤ دەبزوێنێ، كۆمەڵ دەهەژێنێ. برِوای فەلسەفیو برِوای ئاینی ناكۆكن. بیری فەلسەفی هەموو شتێك دەخاتە بەر پرسیارو تیشكی گومانەوە. برِوای ئایینی رێگەی گومانو پرسیاری یاخی نادات. هەر بۆ نموونە، فەلسەفەی ئیسلامی لەسەردەمی عەباسییەكان دا گەشەی كرد.



دەوڵەت رێگەی وەرگێرِانیدا. دەوڵەت پشتگیری فەیلەسووفو زاناكانی دەكردو لەهێرشو پەلاماری هێزە ئاینییەكان دەیپاراستن. لەئۆروپای سەدە ناوەراستەكاندا، دەوڵەت بەو شێوەیە فەیلەسووفەكانی لەبن رەشماڵی خۆی رانەدەگرتو نەیدەپاراستن لەراونانو تەنگپێهەڵچنینی كەنیسە. ئەو دەمەی لەرۆژهەڵاتی ناوین دەوڵەت بێهێزو لاوازبوو، نوێنەرانی بیری ئایینی بەسەر فەیلەسووفەكاندا زاڵ بوون. غەزالی" تهافت الفلسفة"ی نووسیو دروشمی "من تمنطق فقد تزندق" بەرزكرایەوە. هەر لەو كاتەشەوە ئەستێرەی بیری فەلسەفی كەوتە كزی. سەرەرِای نووسینی" تهافت التهافت"لەلایەن ئیبن روشدەوە.

كورد، كەدەوڵەتی ناوەندی نەبووە، ئەمەش مەرجێكی گرنگە لەمەرجەكانی دروستبوونو سەرهەڵدانی فەلسەفە. سەرۆك هۆزو كوێخای گوند، رەنگە پێیان باش بووبێت "بەیت بێژێك" یان "سترانبێژێك" لەو ناوەیە بێت بۆسافكردنی هەوای دەماخ، بەڵام "فەیلەسوف" بۆ لەكن خۆیان راگرن؟

من ناڵێم كورد بیری نییەو كولتووری نییەو كەس خووی بەفەلسەفە نەداوە. بوونی شارو شارۆچكەو شارستانی، رێگەی چەكەرەكردنی بیر دەدات. بەڵام كەدەوڵەت نەبوو پاشمەرگەو سامانی "بیرەوان" ەكان بپارێزێو هانی خەڵك بدات بۆ بەرهەمهێنانی "بیرێكی دیاریكراو"، بیری فەلسەفیش لەهیچەوە نایەتەكایەوە. رەنگە كوردێك هەبووبێو خۆی بەفەلسەفەوە خەریك كردبێت. ئەم خۆخەریككردنە، هەروا بەئاسانی ناچێتە "خانە"ی فەلسەفەی كوردیەوە! هەروەكو چۆن ئەو كوردانەی بەعەرەبی [1] دەیان كتێبیان لەسەر رێزمانی عەرەبیو مێژووی عەرەب نووسیوەو ئێمە بۆ مێژووی كوردو رێزمانی كوردی هیچ سوودێكیان لێوەرناگرین. هەروا ئەوەی لەسەر فەلسەفەشی نووسیبێ، باكوردیش بێت، گەر كارەكەی پەیوەندی بەبیری كوردەوە نەبێت، ناتوانرێ هەروا بخرێتە سەر" خەرمانی بیری فەلسەفەی كوردی".

سەرەتای پایزی ١٩٧٣ مامۆستا زەبیحی لەرۆژنامەی هاوکاریدا لێکۆڵینەوەیەکی عەلی نەقی مەنزەوی (علینقی منزوی) بەناوی (بن دەیسان فەیلەسوفێکی کوردە) لەفارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاو بڵاوکردەوە. بن دەیسان (بادیسان، بن دیصان) لە باوك‌و دایکێکی کورد (١٥٤ز) لە رەها لەدایکبووە. ئەو یەکەمین جار زەردەشتی بووەو پاشان بۆتە مەسیحی‌و دوای ئەوە لەمەسیحیەت وەرگەڕاوەو هەوڵی داوە لەنێوان بیری دووانەی زەردەشتی‌و سێیانەی مەسیحی هاوئاهەنگی دروست بکات. دەقی لێکۆڵینەوەکەی عەلی نەقی مەنزەوی لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا بەبێ دەستکاری بڵاودەکەینەوە.

کێ دەوێرێ وەکو ئەو زانا فارسە(عەلی نەقی مەنزەوی) بڵێ: بردیسان Bar Disan کورد بووە؟

لەم ساڵانەدا وەزارەتی راگەیاندنی عێراقی یارمەتی بڵاوکردنەوەی کتێبی "میکانیك"[٢] یدا ، کە لەلایەن "بدیع الزمان الجزري"وە نووسراوە. هەر لەبەرئەوەی ئەم کتێبە بەعەرەبی نووسراوە، ئیدی باخاوەنەکەی خەڵکی کوردستان بێت‌و نێوی جەزیریش بێت، بۆئەوان عەرەبە. من ئەم کارەو کاری بەشێك لە"زانا"و "مێژوونووس"ی عەرەب‌و فارس‌و تورك هەر زۆر بەدزێو دەزانم. هەرچییان لەهەرکوێ دەست بکەوێت، یەکسەر مۆرێکی خۆیانی لێدەدەن. دکتۆر ئەحمەد سوسەی[٣] (بن جوو) یەکێك بوو لەوانەی تاوانی بەرامبەر عەرەب‌و مێژوو کرد ، هەرچی ژیاری کۆنی میزۆپۆتامیا هەیە، هەر هەمووی دەداتە پاڵ عەرەب. لای ئەو عەرەب‌و سامی، هەریەکن‌و عەرەب سەرچاوەی هەموو شتێکە. رقی ئەو رژاوەتە سەر سۆمەرییەکان، چونکە سامی نین. حەیفە پیاو ئەوەندە "نابابەتی" نەبێت‌و وامێژوو نەشێوێنێ!

بریا کورد کۆڕی زانیاری خۆی هەباو رایەکی بابەتییانەی لەسەر ژیان‌و بەرهەمی کەسانی وەکو بردیسان‌و بەدیع ئولزەمانی جەزیری‌و کەسانی تریش دابا. گەر خەڵکی کورد ، یان کەسانی زانای خاوەن هەڵوێست (لەکام نەتەوە دەبن بابن)، بتوانن چاوێك



بەمێژوودا بگێڕن‌و پاش گەڕان‌و پشکنین‌و لێپێچانەوە، هەموو شتەکان هەڵاوێربکەن. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کەس ماڵی کەس زەوت بکات. سووریش دەزانم، زۆردار ماڵی بێزۆر داگیر دەکات. مەلی زۆردار، بەپەڕی مەلی تر خۆی دەرازێنێتەوە، هەر بۆئەوەی خۆی بەشایانی هەموو شت بزانێ‌و خەڵکیش بەشایانی هیچ.

برینی کوردان بەوە سارێژ نابێ، لەسەر لاپەڕەی کتێبە کۆنەکاندا نێوی"الکردی، الشهرزوری، الامدی، الدینوری .. هتد" بدۆزرێتەوە. منیش وەکو تۆ دەڵێم: ئەمانە کوردن، یان کوردستانین، نابێ کەس رێگە بەخۆی بدات، کەس لە زێدو نیشتمانی خۆی بێبەش بکات. یەکێك ناسنامەو نێوی خۆی بەو شێوەیە هەڵبژاردبێ‌و هیچ دەسکەوت‌و قازانجێکی لەو کارە نەبێ، من ئەم کارەم بۆ پێناخۆش بێت؟ بۆ من ئەوە گرنگە ئەو کەسە چی خستۆتە سەر بیری کوردی، یان لەبیری کوردییەوە چی بۆ خەرمانی بیری گەلانی تر گوازتۆتەوە؟ گرنگ تێگەیشتنی شێوەی بیناسازی بیرکردنەوەیە، نەك ریزکردنی یەك لەدوای یەکی ناوەکان.

زانایەکی عەرەبی موسڵمان دەناسم، بەوە نێوی رۆیشتوە، کە بەچاوێلکەی ئەمریکا سەیری ئیسلام‌و رۆژهەڵات دەکات. بەچاوێلکەی خۆی سەیری جیهان ناکات. ئەم کابرایە بۆمن، لەئەمریکی ئەمریکی ترەو ناسنامەی رۆژهەڵاتی‌و ئیسلامی سڕاوەتەوە. ئەم کابرایە رۆژئاواییە، باعەگال لەسەربکات‌و بەسواری حوشتر بسوورێتەوە. ئەو ئەمریکیەو عاباو حوشتر نایگۆڕن، کاکی کوردەش بۆمن هەروایە، نێوی چی دەبێ، بابێ. خەڵکی کوێ دەبێ، بابێ. گرنگ ئەوەیە، بەچ چاوێلکەیەك سەیری خۆی‌و رووداوەکانی کردووە!

هەق وایە لەبری خۆماندووکردن، بەدوای ناوو ناوبانگی کەسانێك بگەڕێین، کە بەرەگەز کورد بوون، لەمەودوا ، دوای لاپەڕەی گەش‌و پرشنگدارەکانی مێژووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی بکەوین. کێ بەرەچەڵەك کورد بووە، یان کورد نەبووە؟ ئەوە لەم زەمانەشدا دەردەکەوێ، کەنرخێکی ئەوتۆی نییە. رەنگە یەکێك لەو فڕۆکەوانانەی لەکارەساتی هەڵەبجەدا بەشداربوون، کورد بێت. بەرەچەڵەك کوردبوون، مەرجێکی

بنەڕەتی ئەوتۆ نییە. ئەو کەسانەی ناوو ناوبانگیان بەلاوە زۆر گرنگە، دەتوانن ئەم پرسیارە بکەن: ئەو کەسانە، یان ئەو داوودەزگایانە، لەپرۆسەی کورد بوون، خۆ بەکوردناسین، بزاڤی رزگاری چ دەورێکیان هەبووە؟ ئەو کەسانە لەگەڵ هەژارو چەوساوەی گەلەکەی خۆیاندا بوون، یان لەگەڵ بەرەی داگیرکەراندا بوون؟ پاشان ئەو دیاردەیە، یان ئەو رووداوە، چ سوودێکی بۆ ئەمڕۆی خەباتی گەلی کورد هەیە؟

## کورد بەمێژوو نامۆیە

یەکێك لەو گوتانەی لەم ساڵانەدا دووبارە دەکرێتەوە، گووتەی"کورد بەمێژووی خۆی نامۆیە"یە، یان "کورد نامۆیە بەمێژوو" . گوایە بەهۆی هاتنی ئیسلامەوە، ئیدی کورد داگیرکراوەو رەوتی گەشەکردنی ئاسایی شێواوەو" ناسنامەی نەتەوەیی" سڕاوەتەوە. من ئەم بۆچوونەم هێندە پێسادەو سەر پێیە، کەچاوم بەگووتەیەك بکەوێ، هەر زۆر لەدووریشەوە بۆنی ئەم گووتەیەی سەرەوەی لێوە بێت، هەر لەخۆوە لێی دەپرینگێمەوە. من دژی ئەوەنیم یەکێك ئەم بۆچوونەی هەبێ، بەمەرجێك بتوانێ قسەکانی خۆی بەبەڵگە بسەلمێنێ. گەر ئەو کەسانە بتوانن بارودۆخی کۆمەڵی کورد لەپێش ئیسلام روون بکەنەوە. باری ئابوری‌و کولتووری‌و ژیانی دانیشتوانی شارو لادێ، بەهاتنی ئیسلام چی گۆڕاو چی هاتە پێشەوە؟ من دڵنیام ئەو کەسانە جارێ لێکۆڵینەوەی نەخشەی سیاسی ئەو زەمانەیان نەکردووە. خاکی کوردستان لەنێوان دەوڵەتی ساسانی‌و بیزەنتی دابەش کراوە.

لەهەندێ شوێن پەرستگای زەردەشتی‌و لەشوێنی دی کەنیسە دروست کراوە. هێشتا کەس لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر لەشکرکێشی ئیسلامی نەکردووە. کاتی ئەوە هاتووە بابەتیانە رووداوەکانی مێژوو سەیر بکرێن..



گەر هاتنی ئایین هۆیەك بێت بۆ سڕینەوەی ناسنامەی "نەتەوەیی"و تێکشکانی کەسایەتی کورد ، دەبێ ئەو کەسانە بتوانن دیاردەی سڕینەوەی ناسنامەی "نەتەوەیی" بەهۆی هاتنی ئایینەوە، لەشوێنی تری ئەم جیهانەدا ، رەچاو بکەن.

ئایا هاتنی ئیسلام وەکو شەپۆلی داگیرکردنی ئەمریکایە لەلایەن ئۆروپییەکانەوە، کە گەلانی هیندییە سوورەکانیان لەرەگو ریشەوە هەڵکێشا؟

دەبێ ئەم پرسیارەش بێوەڵام نەمێنێتەوە: بۆ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران‌و هەرەس پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، نەبووە هۆی نامۆبوونی فارسەکان بەمێژوو؟

بۆ عوسمانییەکان، کە هۆزێکی تورك بوون، بەهەزاران کیلۆمەتر دوور لەزێدو نیشتمانی خۆیان"نامۆ" لەدەوروبەری نوێ، نەك بەئیسلامبوون، بەمێژوو نامۆ نەبوون، بەڵکو ئیسلامیان کردە ئامرازێك بۆ خۆسەپاندن‌و دەوڵەت پێکەوەنان‌و داگیرکردن؟

هاتنی ئایین بەتەنیا، هۆی لەنێوچوونی کولتوورو ژیاری وڵاتێك نییە. دەبێ هۆی تر، سیستەمی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیان کلۆرکردبێ.. بۆ ئیمپراتۆریەتی ساسانی پاش ماوەیەکی زۆر کورت لەپێکدادان لەگەڵ لەشکری ئیسلامدا هەر زوو هەرەسی هێنا، کەچی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی تا ساڵی ١٤٥٣ز خۆی راگرت؟ دیارە یەکەمیان پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لەدوا قۆناخی پووکانەوە بووە. هێزێك لەناوەوە پەیدا نەبووە رژێمەکە بگۆڕێ، بۆیە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکە بەرەنگارییەکی زۆری پێنەکراوە. هێزی دووەم هێشتا بەبەریەوە ماوەو توانی ماوەیەکی دوورو درێژتر خۆی راگرێ‌و درێژە بەبەرەنگاری بدات.

کورد ، گەر ئێستا دەوڵەتێکی هەبوایە، دەیتوانی دەیان زانکۆو کۆڕی زانیاری دامەزرێنێ، سەدان کەسیش بکاتە پسپۆری مێژووی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و ئەدەبی. بەڵام کە دەوڵەت نەبوو، شووشە لەسەدلاوە دەشکێ: گورگی هارو برسی لەدەلاوە بەردەبنە گیانی رانەمەڕی بێشوان‌و پاسەوان. ئەمە هۆی بنچینەیی‌و چارەنووسسازی بزربوونی سیمای راستەقینەی مێژووی دوورو نزیکە، لەنێو تەپ‌و تۆزی

سمكۆڵانی ئەسپی داگیرکەراندا بەدرێژایی مێژوو. دەوڵەت، مێژوو دروست دەکات، دەوڵەت گەر بیەوێ، ڕێگەی گەشەکردنی فەلسەفە دەداتو کەسانی خاوەن بیر، بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن، بەمەرجێ زەرەری بۆ پەزەکان نەبێ. کە دەوڵەت هەبوو، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دێتەکایەوە: شاری گەورە پەیدا دەبێو زمانی دەربار دەبێتە زمانی نووسینو شیعرو وەرگێڕانو کاروباری ئابوری .. هتد. بەڵام گەر دەوڵەت نەبوو، هەریەکە لەئاوازێك دەخوێنێ. شاعیر، دیوانەکەی لێدەبێتە بارو مێژوونووس بەڵگەنامەکانی لێدەبێتە بەڵلا. هەر کتێبخانەیەو ئاگری پێوەدەنرێ، هەر ڕووناکبیری خاوەن هەڵوێستو دڵسۆزە، تووشی کوشتنو گرتنو ڕاونان دەبێ.

کوەیت، کە ئێستا دەوڵەتێکی دەوڵەمەندو ناسراوە، لەهەموو ڕوویەکەوە، مێژووی دوورو نزیکی نووسراوەتەوە. دەیان پسپۆری مێژووی هەیە. ئەم کوەیتە گەر بەرووبەر بێ، ڕەنگە زۆر لەقەزایەکی هەولێر، یان سلێمانی گەورەتر نەبێ. گەر بەدەوڵەمەندیش بێت، ئەوە پارێزگای کەرکووك بەشی خۆی دەوڵەمەندە. ئەم وڵاتە، گەر نەوتو دەوڵەتی نەبا، ڕەنگە حاڵی نیوەی قەزای شەقڵاوە، یان پشدەر خۆش نەبا. ئیدی ئێستا ئەو سوارەو ئەمانیش پیادە. دوور نییە مێژووی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەم دوو قەزایەی لەمەڕ خۆمان، هەر زۆر لەکوەیت سەرنجڕاکێشتر بێ. بەختو ڕێکەوتو پلانی ڕۆژئاوا، هەریەکەی بەشێوەیەك دابەش کردووە. دەوڵەت نەبوو، دەزگای زانکۆو کۆڕی مێژوونووسان نەبوون، ئەو دەمە مەگەر کۆلکە خوێنەوارێکی دیوانە، لەپەراوێزی کتێبە شڕێکدا دووسێ گۆشەی ڕەش کردبا، نەوەك مێژوو، بنەماڵەی فەرمانڕەوا بەیەکجاری کوێر بێتەوە. کێ ئارەزوی نووسینی دوو دێڕە، گەر خەڵاتو بەراتێکی دەست نەکەوێ؟

**بدلیسو دەوڵەتۆکە:**

ئەو تێزەی جەخت لەسەر:"نامۆبوونی کورد بەمێژوو" دەکات، نازانێ بنەمای تێزەکە لەهەموو ڕوویەکەوە کورت دەهێنێو بەرامبەر شەپۆڵی ڕاستی خۆی ناگرێو گەر



کورد" لەتە دەوڵەتۆکە" یەکی گەڕو لەڕی هەبا، ڕۆژمان بەو ڕۆژەی نەدەگەیشت. ئەو "لەتە دەوڵەتۆکە" یە باهەر زۆر لاوازو بێ دەسەڵاتیش با، هەر هیچ نەبێ نووزەیەکی لێوە هەڵدەستا، ئەو هەموو لێقەومانەشمان لێنەدەقەوما. لەتە دەوڵەتۆکە، چ بۆکەشو فش بێ، یان میکانیزمی مانەوەو خۆپارستن بەرامبەر پاڵەپەستۆی دەرەکی، بەئارەزوو بێ، یان نائارەزوو، خەڵکی دەهێنایە سەر خووی نووسینی مێژووی"لەتە دەوڵەتۆکە" بابای مێژوونووسیش تا دونیا دونیایە، نانی لەڕۆندا دەبوو. ئیدی هەر بۆرە مێژوونووس بوو، چاکی بەلادا دەکرد، دە بیست بەرگێك مێژووی دەنووسی. گەر هاندەرو پاڵپێوەنەر نەبوو، هەر زۆر زەحمەتە یەکێك لەخۆوە مێژوو بنووسێو خۆی تووشی بەڵلای ناگاهان بکات.

جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێ: بۆ پتر لەچوار سەد ساڵ لەمەوپێش، یەکێکی وەکو شەرەفخانی بدلیسی[٤] بتوانێ هەر زۆر بەشێوەیەکی ڕێكوپێك مێژووی کورد بنووسێ، کەچی مێژوونووسانی ئەم سەردەمە، هەرچەند کەرەستەو سەرچاوەی زۆرتریان لەبەر دەستە، دەزگای کۆمپیوتەرو کۆمۆنیکاسیۆنی تریان هەیە، شارەزای شێوازو ئامرازی ئەکادیمیو هەلومەرجی گونجاوتریان بەدەستەوەیە، کەچی دۆش داماونو مێژووی هەمەلایەنەو سەرتاسەری کوردستانیان پێنانوسرێ؟

جیاوازی بدلیسیو نووسەرێکی مۆدێرنی کورد ئەوەیە: شەرەفخان میرێکی مەزنی بەدەسەڵات بووەو خۆی بەخاوەن" دەوڵەتۆکە" داناوەو خۆی بە بەرپرسیار بەرامبەر مێژوو زانیوە. ئەو، ویستوویەتی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتیو گەمەی دیپلۆماسیو دیرۆکی جەنگیو بەسەرهاتی میرنشینەکان یەك بەیەك تۆمار بکات، تا نەوەی داهاتوو سوودی لێوەربگرن. بێگومان ئەو گرنگییەکی زۆری بەبنەماڵەی خۆی داوە، کە بە"ڕۆژەکی" ناسراونو بەناڕاستەخۆ هەوڵی داوە، بەهەموو لایەکی بسەلمێنێ، کە ئەم بنەماڵەیە، لەسەرانسەری کوردستاندا، لەهەموو بنەماڵە کۆنەکانی تر لێوەشاوەو لەپێشترن، کاروباری فەرمانڕەوایی هەموو خاکی وڵاتیان پێبسپێردرێ. نووسەری ئەمڕۆی کورد،

باخاوەن بەرزترین بڕوانامەی زانستی بێت، بائەو هەموو کتێبو میکرۆفیلمو سلایدو کۆمپیوتەری بەدەستەوە بێت، بەڵام هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتو گشتی پاڵی پێوەنانێ، خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر بنەماڵەی خۆیو بنەماڵەکانی تر. هیچ هەستو نەستو بەرژەوەندی راستەوخۆی"دەوڵەتۆکە" نایورووژێنێو هانی نادات، هیچ دەسکەوتێکی خۆی لەنووسینی مێژووی گەلی کورد نابینێ. ئەو کەسە، رەنگە هەر زۆر دڵسۆزو خەباتگێڕ بێت، بەڵام مەسەلەی بەرپرسیار بوونی مێژوویی، هەروا لای هەموو کەسێك لەدایك نابێ. بەپێچەوانەوە، رەنگە بایەخدان بەمێژووی کورد ، سەر ئێشەو گۆبەنی زۆری پێوە بێت، لەبری نانو خوانو خەڵات، نانبڕانو دەربەدەریو تاڵی ژیانی بەدواوە بێت!

بدلیسی بەئاشکرا تێزی رەوایی فەرمانڕەوایی سەرتاسەری کوردستان بە بنەماڵەی"رۆژەکی" نەخستۆتە روو. ئەم ڤزیۆنە ( Vision ) لەنێوان دێڕەکاندا بەزەقی هەستی پێدەکرێ. مێژوونووسی ئەمڕۆ، نە بەتەمای "سەرۆك کۆماری کوردستانە"و نەخەونی سەربەستیو ئازادی کوردستان دەبینێ. رووناکبیرێك، کە لەبنەماڵەیەکی جووتیارە، یان بە وردەخاوەن موڵکی شاری لەدایك دەبێ، دەتوانێ ئازادیو سەربەستی بێنێتە بەرچاو، (وێنا)ی بکات! دەتوانێ لەرووی تیۆریەوە بڕوا بەخۆی بهێنێ سەرفرازی زۆر لەژیانی بندەستی خۆشترە. بەڵام ئەم هەستە وەکو ئەو هەستە نییە، کەسێك دەسەڵاتی هەبێو خۆی بەشایستەی پێشەواییو رابەری بزانێ. رووناکبیری ئەمڕۆ، تەنانەت، گەر بووە سەرکردەی هێزێکی سیاسی زۆر گەورەش، هەستی پێشەواییو دەسەڵاتدارێتی لادروست نابێ. من بۆخۆم سەرکردەی هێزی سیاسیم بینیوە. لەدوورەوە، خەڵك وەکو پێشەوایەك، رابەرێك حیسابیان بۆ کردووە، بەڵام ئەو سەرکردەیە هەروەکو کوڕە جووتیارێك، یان کوڕی کاسبکارێکی شاری رەفتاری کردووە. رووناکبیرەکە لەنێو ترادسیۆن (Tradition)ی فەرمانڕەوایەتی چاوی هەڵنەهێناوەو ئەو کولتوورە لای ئێمە، رەگو ریشەی نەماوە.



بێگومان من لایەنگری ئەوە نیم کوڵە کوێخایەك بێتە دەمڕاستمانو مەزنو رێپیشاندەرمان بێت. کوڵە کوێخای ئەمڕۆش، هیچ ترادسیۆنێکی دەوڵەمەندی سەرۆکایەتی نییە، من لێرەدا تەنیا، دەمەوێ دوو زەمینەی بیرکردنەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە مێژوو چۆن لەدایك دەبێ: داگیرکەرانی کوردستان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە، داوودەزگای کوردستانی دروست نەبێ. گەر داوودەزگای سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیمان هەبوو، ئەو داوودەزگایانە هەوڵ دەدەن مێژووی خۆیان بنووسنو ئەزموونی خۆیان بپارێزن.

ئێمە، گەر بتوانین تەنیا یەك خاڵی گرنگ لەشەرفخانەوە فێر بین، قازانجێکی زۆری لێدەکەین، بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لەکێشەکانی ئەمڕۆو داهاتوومان: ئەو وەکو کوردێك سەیری مێژووی داگیرکەرانی کوردستانی کردووە. ئەو لەڕوانگەیەکی کوردانەوە، مێژووی ئەو هێزانەی خوێندۆتەوە، لەهەر باخێك گوڵێکی چنیوە. گەر ئەو، وەکو کوردێك، مێژووی ناوچەکەی نەخوێندایەتەوە، رەنگە هیچ سوودێکی لەخوێندنەوەکە وەرنەگرتایە: شارەزایی لەمێژووی ناوچەکە پەیدا دەکرد ، بەڵام هیچ شاکارێکی پێنەدەنوسرا! ئەو خاوەن" خەون"ێك بووە. کۆشاوە بۆ وەدیهێنانی ئەو "خەونە"و هەر لەپێناوی ئەو "خەون"ەشدا شەرەفنامەی نووسیوە.

گەر رووناکبیری ئەمڕۆ، بتوانێ وەکو شەرەفخان بکات، تووشی نامۆییو سەر لێئاڵۆزبوون نابێ. گرنگ جیهانبینیو سەیرکردنی ژیانە لەگۆشە نیگایەکی راستەوە، نەك سەرلەخۆتێکدان.

### لەماڵی خۆمانەوە دەست پێ بکەین:

کارێکی زۆر باشە گەر نووسەرێك، سەرەڕای زمانی دایك، چەند زمانێکی دیکەش بزانێ. بەڵام زانینی فرەزمانی، هەموو شتێ نییە. پێویست ناکات، مێژوونووسان بۆ تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆرتر لەسەرچاوە، هەر هەموو زمانەکان فێربن، کەهەندێ

سەرچاوەی گرنگیان پێنووسراون. گەر کەسێك بەختی یاربوو ئەو هەموو زمانەی زانی، ئەوە خێرەو بەسەر رووناکبیری کوردیدا رژاوە، گەر کەسێك تەنیا زمانی دایك بزانێ، نابێ دۆش دابمێنێو خۆی بەکەم بزانێ. گرنگ ئەوەیە رێگاکە بچێتە"بانە" و ملی رێگەی پڕ لەهەڵە نەگرێت. لەناو ئەڵمانەکاندا واباوە، برایانی گرم Bruder Grimm زەمانێك تووشی گێژاوێکی سەخت دەبن، هەرچی دەکەن فەرهەنگی ئەڵمانی ـــ ئەڵمانیو داستانی خۆش بنووسن، بۆیان نانووسرێ. شەوو رۆژ بەئینگلیزیو فەرەنسیو لاتینی کتێب دەخوێننەوەو ئۆقرە لەخۆیان دەبڕنو بەهیچ ئەنجامێك ناگەن. ژنی یەکێکیان، کە دەبینێ دووبرا، هەر پیش دەخۆنو ژیانیان لەخۆیان تاڵ کردووەو ئەوەی ئەوان بۆی دەگەڕێن، لەقووتووی هیچ عەتارێکدا نییە، رۆژێك پێیان دەڵێ: هەی لەمن نەکەون ! بۆ هێندە سەری خۆتان دەئێشێنن؟ لەم سەری دونیاوە بۆ ئەوسەری دونیا قەڵمباز دەدەن؟ بەدوای وشەی ئەڵمانیدا دەگەڕێن؟ هەر لەپشتی ماڵی خۆمانەوە دەستی پێ بکەن! ئەو وشانەی ماناکەیتان لێعاسی بووە، لەجووتیارەکەی دراوسێ بپرسن. گەر ئەویش وشەیەکی لێگیربوو، ئەوە لەپیرێژنەکەی دراوسێیان بپرسن. دراوسێکانی تریش ئەوەندە چیرۆكو داستانی نایاب دەزانن، هەر بۆخۆتان خەنی دەبن. دووبرا قسەی ژن پەسەند دەکەنو هەر لەو رۆژەوە سیستێمی ئیشو کارەکەیان دەگۆڕن: دەست دەکەنە کۆکردنەوەی داستانی فۆلکلۆریو فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیش بەهەمان شێوە دەنووسن. بەرهەمەکانی برایانی گرم تا ئەمڕۆش زیندوونو نرخی خۆیان هەرماوە. گومان لەوەدا نییە، گەر قسەی ئەو ژنەیان لەگوێ نەگرتایە، سەرکەوتوو نەدەبوون..

من ئێستا، کەئەم سەربردەیە دەگێڕمەوە، تا رووناکبیرانی کورد گۆشەنیگایان لەئاسمانەوە بۆ سەرزەوی بگۆڕن. کەئێمە نەتوانین بەسەر زەویدا رێ بکەین، ئەوە قەت بیر لەفڕین نەکەینەوە چاکترە. هەر یەکە لای ماڵی خۆیەوە دەست پێبکات. تا ئەو رۆژەی رووناکبیران ئاورێك لەدەوروبەری خۆیان نەدەنەوە، هەر زۆر زەحمەتە رۆشنبیری کوردی لەم گێژاوەدا، بەئاسانی دەرباز بێت. رووناکبیرانی کورد، کولتووری خۆیان پێ نزمترو



بێبایەخەو نایانەوێ لەو کانییە، کە هی خۆیانە، بخۆنەوەو هەرچاویان لەکانی ئەمو ئەوە. رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی، بەگشتی، هەر زۆر ئاڵودەی"پێشکەوتن"ی رۆژئاوانو خۆیان بەنزمتر لەوان دەگرن، خەرمانەیەکی پیرۆز بەدەور هەموو شتێکی رۆژئاوا دەگرنو شێتو شەیدای لاساییکردنەوەو وەرگێڕانی بەرهەمی بێبایەخو ساردوسڕن. کارەساتی رووناکبیری کورد، وەرگێڕانی وەرگێرانە. نوێخوازیو نۆژەنی بریتیە لەچاولێکردنی ئەدەبو بیری نەتەوەی خاوەن دەوڵەتی باڵادەست. وەرگێڕانێك کە"خاوەن" دەقەکان خۆشیان لەنووسینەکانی خۆیان تێناگەن، چجای بابایەکی نیمچە خوێنەواری وەکو ئێمەو مانان.

من، خەتێکی چەپو راست بەسەر هەر هەموو سامانی رووناکبیری رۆژئاوا ناهێنم. مرۆڤ دەتوانێ بەچاوێکی رەخنەگرانەوە، سەیری ئەزموونی رۆژئاوا بکات. تەنانەت سوود لەهەڵەو دیاردە دزێوەکانیش وەربگرێ. فێربوونو تێگەیشتن شتێکەو لووتبەرزی بەرامبەر سامانی رۆشنبیری شتێکی دی. من ئێستاش هەر خۆم بەچەپ دادەنێمو دژی راستڕەوەکانم لەهەر کوێیەکدا بن. بەڵام کوێرانە داکۆکی لەبزووتنەوەی چەپ ناکەمو هەزار لەعنەتیشیان بۆ دەنێرم گەر خزانو بوونە هۆی زیانگەیاندن. بزووتنەوەی چەپ، لەوەتەی لەکوردستاندا سەری هەڵداوە، هەر چاوی لەدەست رۆژئاوا بووەو پێشکەوتن هەر ئەو "پێشکەوتن"ەیە، کەرۆژئاوا بەدەستی هێناوە. کام"مۆدیل" بۆبەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵی ئێمە گونجاوە؟ ئەو"مۆدیل"ە لەئۆروپا تاقیکراوەتەوە. کام دەرمان بۆسەرئێشەو گوێ ئێشە چاکە؟ ئەو دەرمانەی لەئۆروپا دروست دەکرێ. کام گۆڤاری رووت لەهەموو گۆڤارەکان چاکترە؟ وەڵام: گۆڤاری رووتی ئۆروپا!

من دژی سوود وەرگرتن نیم، دژی وەرگێڕانیش نیم. کۆمپیوتەر داهاتووە، ئێمە ناتوانین پشتی تێبکەین. سەدان تیۆری ئابووریو کۆمەڵایەتیو زانستیو سیاسی هەیە، زۆر سوود بەخش دەبێ، گەر بیانزانیین. بەڵام کامەیان بۆ ئەمڕۆ سوودی لەهەر هەمووی زیاترە، ئەوە دەبێ لەپێشی پێشەوە بێت.

خۆخەریککردنی رووناکبیری کورد بەئەزموونو کولتووری دەستاودەست بەئێمە گەیشتوو، دیوارێکی لەنێوان رووناکبیرانو کۆمەڵ هەڵبەستووە. ئەو چەپانە بەئاوەژوو لەئەزموونی گەلانی تر تێگەیشتوونو تێگەیشتبوون، بۆیە ئەزموونە گەشو پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکەی خۆیان بەبێ بایەخو کۆنو پووچەڵ دادەناو دادەنێن. هەر بۆ نموونە رەنگە یەکێکی چەپی خەڵکی شەدەڵە، یان سەرگەڵوو ئەوپەڕی هەوڵی دابێ لەتاقیکردنەوەی رووسیاو فەرەنساو ئەڵمانیا تێبگاتو سوود وەربگرێ بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی خۆی، قەت بەخەیاڵیا نەهاتبێ سوود لەئەزموونی دەوڵەمەندی "بزووتنەوەی هەقە"[٥] وەربگرێ. با هەقە بزووتنەوەیەکی ریفۆرمی ئایینی بێت، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانیویەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەکۆمەڵ(کۆلەکتیڤ) ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوری خۆی رێکبخاتەوە، بەچەشنێك، ناوچەکانی سەر بەهەقە لەچاو ناوچەکانی دراوسێدا پێشکەوتووتر بوون. شێوەی دابەشکردنی کاروفەرمان، دەسکەوتو قازانج، ئازادی ژنان، ترسێکی رەوایان خستبووە دڵی نوێنەرانی کۆلۆنیالی بریتانیو یەکێکی وەکو ئیدمۆندزی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەشێوەیەکی "کۆمۆنیزمی سەرەتایی" نێوی بردوون. هەر ئەو زەمانە، نوێنەرانی کۆلۆنیالستەکان کەوتوونەتە بەربەرەکانێی بزووتنەوەی هەقەو زیانی قورسیان پێی گەیاندوون. نوێنەرانی داگیرکەر هەستیان بەمەترسی کردووە، لەئاسۆی گەشەکردنی بزوتنەوەکە بۆ ناوچەی تر، یان بزووتنەوەکە ببێتە قوتابخانەیەكو رۆژبەرۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ. جێگەی داخە ئەزموونی ئەوتۆمان هەیەو نەجارانو نەئەمرۆ نەمانتوانیوە سوودیان لێوەربگرین.

بزووتنەوەی هەقە دەکرێ دەرسو پەندی بەسوودی لێوەربگیرێ، ئەم بزاڤە لەهەندێ رووەوە لەدیموکراسی بنکەیی Basisdemokratie نزیکە. "دیموکراسی" رۆژئاوایی، زۆر رووکەشو سنووردارو دەستی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵی تێدا رەهایەو خەڵك لەبنەوە مافی هەڵبژاردنی هەیە. بەڵام کام هەڵبژاردن؟ بریا هێزە سیاسییەکان سەیرێکی بەرهەمە خۆماڵیەکەیان دەکرد (کەس بەم مۆدیلەی رێکخستنی کۆمەڵ نەڵێ



خۆکوردیە، خۆکردییە) چونکە بەرهەمی دەشتو کێوی خۆمانە. حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان وا دەزانن گەر نووسییان: ئێمە لەنیشتمانیەوە بووینە سۆسیالست، یان لەمارکسیەوە بووینە" سۆسیال دیموکرات"، ئیدی گەزۆ دەبارێ. هەر بەناو گۆڕینێك، لەدیموکرات سۆسیالەوە دەگەنە پۆست سۆسیالزم. رێکخراوی چەپ هەبوون، پێیان وابوو، کە نووسییان"بەکوردیکردنی مارکسیزم" ئیدی هەموو شتێ هەر لەخۆوە دەگۆڕێ. بریا ئەوانەی باسی کوردنداندنو بەکوردیکردنی مارکسیزمیان دەکرد، بەکردەوە ئەم گۆڕانکارییەیان بەئەنجام بگەیاندایە. هەر بۆ نموونە، بەوردی لێکۆڵینەوەی هەقە، یان هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیان بکردایەوەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ بیری زانستی گرێ بدایە، نەك بیری سۆسیالستیو بزووتنەوەی نەتەوەیی. ئەمەش هۆیەکە، کەبزووتنەوەی چەپ تووشی ئەو هەموو ئاژاوەو پشێویە بووە. گرێدانی بیری نەتەوەییو بیری سۆسیالستی، لەئەنجامدا هەر بەلای بیری نەتەوەیی راستڕەودا دادەشکێنرێو سۆسیالستەکەش هەربۆ چاوبەستەکێو دروشمی سیاسی هەرزان بەجێدەهێڵرێت.

کاتی خۆی سەرکردەکانی رێکخراوێکی چەپ، لەسەر ئەوەی "ئایا گۆرباچۆفو پیرسترۆیکا" بەقازانجی رژێمی سۆسیالیستە، یان نە؟ بوونە دوو باڵەوەو هێندەی نەمابوو بگاتە مریشکە رەشە. هەر ئەو خودایە بۆخۆی رەحمی کرد، گۆرباچۆڤ سەرسمی داو پیرسترویکاش وردوخاش بوو. ئەگینا"تتیلە" و"ببیلە"ی کورد، تا ئەمڕۆش لەسەر ئەو "باوەڕە" زۆر "گرنگە" هەر شیرو تیریان لەیەك دەسوو، گەر مەسەلەکە بۆ لەشکرکێشی تەشەنەی نەسەندایە!

## چۆن دەست پێبکەین؟

گەر ئێمە، تاوێك دەست لەبەرۆکی رۆژهەڵاتناسان بەربدەینو سەرچاوە رۆژئاواییەکان زۆر بەسلکردنەوە تەماشابکەین، رەنگە خۆمان تووشی هەڵەی زۆر قورس نەکەین. ئەو گەشتۆڵانەی بەئەمانەتەوە کارەکانیان نووسیووە، جێگای سوپاسنوماڵیان

ئاوابێت. بەڵام زۆریان"بەمەبەست" کارەکانیان نووسیووە! لەمەودوا ئێمە با بەچاوی ڕێزەوە سەیری سروشتو گیانی ڕۆژهەڵات بکەین. سامانی گەشو پرشنگداری ئەوێش لەبەرچاو بگرین. هەر کەسە لەقوڵی خۆیەوە دەست پێبکاتو چەپکە گوڵو ڕەیحانە بڕازێنێتەوە. چکۆڵەترین سەرکەوتنو بەرەوپێشەوەچوون، لەهەزار" قسەو تویژینەوە"ی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتناسو کوردناسان گرنگترە. ئەوە یەکێکی وەکو محەمەد عەلی سوڵتانی هەر بەکەرەستەی خۆماڵی وەك دەستنووسو گێڕانەوەی کەسانی ردێن سپی دنیادیدەو بەڵگەنامەی دەوروبەری خۆی، کتێبێکی کەم وێنەی لەسەر مێژووی کرماشان نووسیوە. بێگومان من لەگەڵ بەشێکی بۆچوونو تێزەکانی ئەودانیم، بەڵام یەکێك ڕچەی شکاندو شاکارێکی نووسی، شایانی ستایشو پیاهەڵگوتنە. بریا کەسانی تریش بتوانن هەمان ڕێگەی سوڵتانی بگرنەبەرو بتوانن لەسەر مێژووی شارێك، ناوچەیەك، گوندێك، هۆزێك، ڕێبازێکی ئاینی شتێك بنووسن، ئینجا باکورد نەبێتە خاوەن مێژووی دەوڵەمەندی خۆی.

**ناسنامەی تایبەت:**

هەروەکو چۆن فەرمانڕەوایانی ئێران (لەسەفەوییەکانەوە) مەزەبی شیعەیان هەڵبژاردووە، بۆ خۆناسینو خۆجیاکردنەوەو بەهێزکردنی جیاوازی سیاسی لەگەڵ هێزێکی سیاسی دەرەکی دژ بە(عوسمانییەکان). بۆکورد ، سەرەڕای زمانو کولتوور، کە لەگەڵ گەلانی تردا جیای دەکاتەوە، فاکتەری ئاینییشی نەخستۆتە گەڕ؟

کورد بەبێ ئەوەی دەوڵەتی ناوەندی هەبێ، فاکتەری ئایینی بەکارهێناوە بۆ زیاتر خۆجیاکردنەوە لەگەڵ گەلانی تردا. بەڵام ئایین نەبۆتە ئامڕازێکی سیاسی توندوتیژی وەکو شیعەگەری . ئاشکرایە گەر شیعە نەکرایەتە مەزەبی دەوڵەتو تێکەڵاوی سیاسەت نەبوایە، ڕەنگە ئەو هەموو ناکۆکییەی لەگەڵ مەزەبی سونی، ئەوەندە قووڵ نەبوایە. دوورنییە سەفەوییەکان ڕێبازێکی تریان هەڵنەبژاردایەو هەروا توندوتیژ نەبوایە. زۆربەی



زۆری عەرەبەکانی عێراق، کەحکومڕانییان پێ سپێردراوە، لەسەر مەزەبی سونی - حەنەفین. عەرەبەکانی سوریاش زۆربەی زۆریان سونی - حەنەفین. فەرمانڕەوایانی عوسمانیو تورك سونی - حەنەفین. ئاشکرایە ئێرانیش لەسەر مەزەبی شیعەیە. بەڵام زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان، سونی - شافیعین! واتە: کوردستان لەدوورگەیەکی سونی ـ شافیعی دەچێ، کە هەرچواردەوری دەریای بەسونی ـ حەنەفیو شیعە(اثنا عشري) تەنراوەتەوە. ئەم دیاردەیە نابێ هەروا بەسانایيو سەرپێیی سەیر بکرێ. ئایا ئەمە مەرجێکی تری ناسنامەو خۆناسینی گەلێکی بێ دەوڵەتە؟

سەیر ئەوەیە، لەناوچە سنووریەکاندا، شافیعیبوونو کوردبوون تێکەڵاوی یەکتر بوون. هەندێ هۆزی ئازەری سونی شافیعی، سنووریان بەزاندووەو ئێستا خۆیان بەکورد دەزانن. لەهەمان کاتدا هۆزی کوردی شیعە، پەڕیونەتە ئەوبەرو ئێستا ڕەگەزی کۆنیان بیرچۆتەوەو بوونەتە ئازەری. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ پێی وابووە، قوتابیو خوێندکارانی کورد لەسەردەمی کۆندا لەبەغدا خوێندوویانە، مامۆستای قوتابخانەکان سونی ـ شافیعی بوونو لەڕێگەی ئەوانەوە مەزهەبی شافیعی بەکوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لەکتێبی (الدولة الدوستكية)دا، ڕووداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە، کەیەکێك لەمەلیکەکانی دەوڵەتی دۆستکی، ڕێگەی بەنوێنەرانی هەر چوار قوتابخانە سەرەکییەکانی ئیسلامی داوە، لەنێوان خۆیاندا بکەونە مشتومڕو دانوستاندن. دیارە ماوەیەکی زۆری پێچووە، تا هەر چوار لایەنەکە مەزەبی شافیعیان پەسەند کردووە. سێ قوتابخانەکەی تر خۆیان هەڵوەشاندۆتەوە.

من، وەرگرتنی مەزەبی شافیعی لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی کوردستانەوە ناگێڕمەوە بۆ ڕێکەوت، بەڵکو بۆ سروشتی کۆمەڵی کوردو شێوەو بنکەکانی مەزەبی شافیعی. ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ داڕشتنی بڕیار، پشت بەفەرموودەکانی پێغەمبەر (حدیث)و قورئان دەبەستێ. مەزهەبی حەنەفی وانییە. دانەری ئەم مەزهەبە(ئەبو حەنیفە) لەکوفە لەدایك بووەو بە بازرگانیی ئاوریشم ژیاوە.

ئەم بڕیارەکانی لەسەر بنەمای(رأی وقیاس) داناوە. بەکورتیەکەی، شەقڵی ژیانی شارو بیری شارستانی، کاری تێکردووە. قوتابخانەی شافیعی، لەنێو دانیشتوانی دەشتو لادێدا زیاتر دەنگی داوەتەوە. بێگومان ئەبو حەنیفە کابرایەکی کراوەو ڕۆشنبیرو سەرکەش بووە. ئەو ڕێگەی داوە بەچەك ڕووبەڕووی خەلیفە بوەستی، بۆخۆشی بەپارە یارمەتی شۆڕشی زەید بن عەلی لەکوفە داوەو پشتگیری ڕاپەڕینی ئیبراهیم بن عەبدوڵڵای لەبەسرە کردووە دژی خەلیفەی عەباسی مەنسوور. لەئەنجامدا گیراوەو لەزینداندا بەژەهر پیێدان کوژراوە.

کوردستانی ئەو سەردەمە، باژێڕی مەزنو ئاوەدانی گەورەی تێدا نەبووەو خەڵك زۆربەی کۆچەر بوونو مەڵبەندە ئاوەدانەکانیش لەبن کارتێکردنی بیرو پەیوەندی خێڵەکایەتیدا بوون. ئەم دەوروبەرەش، هەر زۆر لەدەوروبەری حیجازەوە نزیکە، کەئیمامی شافیعی لێی ژیاوەو بنەمای مەزهەبەکەی لێبڵاوکردۆتەوە. گەر بەنزیکی بێت لەکوفەوە، ئەوە کوفە لەکوردستانەوە نزیکترە. نەك حیجاز. ئەوی ڕاستی بێت، دەبوایە مەسەلەکە بەپێچەوانەوە بێت.. بڵێی کورد ویستبێتی ئەو مەزهەبە ئایینییە هەڵنەبژێرێ، کەحاکمەکان بۆخۆیان هەڵیان بژاردووە؟ من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. یەکێك لەکەلێنە هەرە گەورەکانی مێژووی کورد، نەبوونی مێژووی ئاینییە لەکوردستاندا، لەم ساڵانەدا مامۆستا مەلا کەریمی مودەریس چەند کتێبێکی لەسەر مەولانا خالیدی نەقشبەندیو خەلیفەکانی بڵاوکردەوەو پاشان کورتەیەك مێژووی بنەماڵە ئاینییەکانی نووسیوە. لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتو باکووردا چی ڕووی داوەو کێ هەبوون؟ ئەوە هەر زۆر کەمی پێمان گەیشتوون. شارەزایی گشتیمان لەسەر مێژووی ئەهلی هەق(یارسان، کاکەیی)، ئیزدایەتی، عەلەوی، شەبەك... هتد. هەر زۆر کەمە چۆن ئەم دوورگە بچووکانە توانیویانە، بەدرێژایی سەدان ساڵ خۆیان بپارێزنو کەسایەتی خۆیان لەدەست نەدەن؟ لەنێو جەرگەی کۆمەڵی ئیسلامدا؟

ئەم گرووپە ئایینیانە چەندو تا چ ڕادەیەك پەیوەندییان بەدینو بڕوای ئایینی پێش ئیسلامەوە هەیە؟



ئەی ئیسلام چەند توانیویەتی کاربکاتە سەر ئەو گرووپە ئایینیانە؟

هێشتا کەس لێکۆڵینەوەی لەسەر کولتوورو شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی دینیو ڕەگوڕیشەی خورافیاتی باو نەکردووە. ئایا کولتووری ئەم وڵاتەو دەوروبەری چەند کاریان کردۆتەسەر سەرهەڵدانو گەشەکردنی ڕێبازی سۆفیگەریو دەروێشی لەکوردستاندا؟ گەر تۆزێك لەدوورەوە، یان لەبەرزییەوە، سەیری سەرانسەری کوردستان بکرێ، بەمەرجێ ناوچەی بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکان دیاری بکرێ، ڕەنگە کوردستان لەوە بچێ بە ڕێبازی دەروێشو سۆفیگەری جۆراوجۆر تانوپۆ کرابێت.

چەند سروشتی شاخاوی کوردستانو نەبوونی دەوڵەت کاری کردۆتە سەر تەشەنەکردنی سۆفێتی؟

جێگەی خۆیەتی مێژووی هەر هەموو تەریقەتەکان تۆمار بکرێن. ئەمە مێژووی گەلێکە، نابێ بوونی دیاردەیەك، بەچاولێنووقاندن، کێشەکە چارەسەر بکرێو شت وەکو خۆی ڕەچاو بکرێ، بێ کەم لێکردنەوە یان زۆر خستنەسەرو هەڵڕشتن.

بێگومان شێوازی بەرهەمهێنان لەهەر وڵاتێکدا، ڕادەی پێشکەوتنی بیرکردنەوە دەردەبڕێ. بەلێتوێژینەوەی سیستێمی ئاودان، ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی کشتوکاڵو ژیانی ئابووری دەردەکەوێ. بەمەش دەرگای تێگەیشتنی شێوەی بیرکردنەوەو بیروباوەڕ دەخرێتە سەرپشت. کارێکی چاکە گەر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کەناڵو سیستێمی ئاودانو بەراوی ناوچە بە ناوچەی کوردستان بکرێ. من هۆیەك لەهۆکانی دروستنەبوونی دەوڵەت، یان شارە دەوڵەت، دەگێڕمەوە بۆ بچوکی تۆڕی کەناڵو بەربەستو جۆگاو ئاوبەشکەر. چونکە دەشتو پێدەشتەکان لەرووبارە گەورەکانەوە دوورن. ڕووبارەکانی کوردستانیش بەگشتی زۆر خوڕنو چەمەکان هێندە قووڵن، هەروا بەئاسانی بەمەکینە ئاویان لێهەڵناکێشرێ.

لەناو مێژوونووسان، گوتەیەکی باو هەیە"میسر دیاری ڕووباری نیلە"و دەوڵەتەکانی میزۆپۆتامیاش بەری دیجلەو فوراتن. بەڵام باری ژیاری هەردوولا، ئەو

دەوڵەتانەی لەسەر نیل دروستبوون‌و دەوڵەت‌و دەوڵەتۆکەکانی سەر دیجلەو فورات لەیەك ناچن: لەڕووی تۆپۆگرافییەوە دەشتەکان جیاوازن‌و وەرزی لافاو‌و هەڵسانیشیان چونیەك نین.

ئاوی نیل، پێشبینی لافاوەکەی دەکرێ‌و لەمانگی ئابەوە دەست پێدەکات تا مانگی تشرینی یەکەم. قەراخی رووبار، بەتایبەتی لەهەرێمی دەلتادا، لەئاستی دەشتەکان بەرزترە. ئاوی لافاو دەشکێنرێنە سەر حەوزی گەورە گەورە. کۆتایی پایزان هەر قوڕو لیتە دەمێنێتەوە، کەتۆوی تێدا دەچێنرێت.

دەوڵەتی ناوەندی بەهێز لەمیسر پەیدا بووەو رێگەی یاخیبوون‌و سەرپێچی‌و بوومەلەرزەی سیاسی نەدراوە، چونکە چاودێری تۆڕی ئاودابەشکردن لەبەرچاو بووەو زوو کۆنترۆڵ کراوە.

لافاوی دیجلەو فورات لەزستان‌و بەهاراندا هەڵدەستێ. واتە: بۆکاتی پێگەیشتنی کشتوکاڵ سوودی لێوەرناگیرێ. بۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بیریان لەبەربەست‌و ئاو دابەشکەرو کەناڵ‌و جۆگاهەڵبەستن کردۆتەوە، تاکو بۆ کشتوکاڵی هاوینە سوودی لێوەربگیرێت، لەنزیك شاری بەغداوە، رووباری دیجلە دەمەتر لەئاوی فورات نەوی ترە، کەچی لای شاری ناسریە، بەلای منەوە زۆر سەرنج راکێشە لەمێژووی زۆر کۆندا، زۆربەی زۆری شارە گرنگەکانی سۆمەریەکان لەسەر رووباری فورات دروستبوون نەك دیجلە (مەبەست فوراتی ژێرییە)، لەمەودای نزیکەی ٥٠٠کم چڕوپڕترین تۆڕی ئاودان رێکخراوە، چونکە قەراخی فورات لەقەراخی دیجلە بەرزترە. سەرەڕای ئەمەش، فورات لەچاو دیجلە، هێمنترو چالاکی سروشتی زۆرترە وەکو دەریاچەی (حەبانیەو ئەبی دبس). تۆپۆگرافیای ناوچەی خوارووی میزۆپۆتامیاو تایبەتمەندی رووبارەکان، کاریان کردۆتە سەر شێوازی بەڕێوەبردن‌و سەرپەرشتیکردن. رێکخستنی کارو بەرهەمهێنان، بەبێ رێکخراوی سیاسی‌و دەوڵەت بەگشت دەزگاو ئایدیۆلۆجیاو رێوڕەسمی تایبەتیەوە نابێ. شەقڵی سەرەکی ژیانی سیاسی ئەم ناوچەیە، بەردەوامی‌و زۆری نائاسایش‌و بوومەلەرزەی



سیاسییە. نەخشەی دەوڵەت‌و دەوڵەتۆکەو شارە دەوڵەتەکان، هەمیشە لەگۆڕاندا بوون. زۆر جاریش هێزی دەرەکی، شەپۆلی کۆچی گەلان، پشێویان ناوەتەوەو هەرەسیان بەدەوڵەتان هێناوە، چونکە ئەم شەپۆلانە بەمەبەستی داگیرو تالان کردن بوون، نەك پێکدادانێکی کاتی.

دەشتاییەکانی کوردستان، لەچاو شاخ‌و کێوو هەردەڵاندا، زۆر بەرتەسك‌و کەمن. ئەو دەشتانەش (بۆ نموونە: دەشتی شارەزوورو دەشتی هەولێر) کەم ئاون‌و رووباری گەورەیان بەنزیکدا تێناپەڕێ. رووبارە گەورەکانیش(بۆ نموونە زێی گەورەو زێی گچکەو سیروان‌و تانجەرۆ) زۆر خوڕن‌و بەناو چەم‌ودۆڵی قووڵدا تێدەپەڕن. نەبوونی دەشتی نزیك، وای کردووە کەس بیری لەبەربەست‌و ئاوپەنگدانەوە نەکاتەوە، ئەگینا مێشکی ئەو خەڵکە توانای بیرکردنەوەی هەبووە. خەڵکی هەورامان، کە بەئاو دەوڵەمەندن، ئەوپەڕی داهێنانیان نواندووە، لەئاوراکێشان‌و تەلان دروستکردن‌و رازاندنەوەی بەباخ‌و باخچەی دڵڕفێن. ئەوان لەبەرزایی ئەوتۆ، کەبزنەکێوی بەئاسانی نایگاتێ، هەستیان کردبێ بەکەڵکی باخچە دێ، بەکۆڵ خۆڵیان بۆ کێشاوەو بەدووری دووسێ کیلۆمەتر جۆگەی ئاویان بەلاپاڵی شاخەکەدا کێشاوەو لەهەندێ شوێن ئاوبەرەیان داناوە، هەر بۆ ئەوەی پێنج شەش داری هەنجیر پێ بگەیێنن. مێشکێك بتوانێ هونەری کشتوکاڵی هەورامان دابهێنێ، بۆ نەتوانێ لەدەشتی فراوانتر هەمان هونەر بەکاربهێنێ؟ دیارە کارەکە سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤ بووە. من تەنیا لەسویسرا شێوەی باخ دروستکردنی هەورامان ئاسام بینیوە. دەتوانم بڵێم: هەورامییەکان لەجووتیارە سویسرییەکان بلیمەتترن، باخی شاخ‌وداخی سویسرا، پێویستی بەجۆگە هەڵبەستن‌و تۆڕی کەناڵی دەسکردنییە. بەگوێرەی دڵی ئەوان بەفروباران دەبارێ‌و هیچ ماندووبوونێکی ئەوتۆی ناوێ.

لەکوردستاندا بەشی کشتوکاڵی زستانە باران دەبارێ‌و بۆ دابینکردنی کشتوکاڵی هاوینە، کانی‌وکارێزو ئەستێڵ هەیە. لەناوچە کوێستانییەکاندا هاوینان، هەرماڵێك دەچێتە سەر کەپرو ساباتی خۆی‌و کۆتایی پایز یان ناوەڕاستی پایز، دەگەڕێنەوە گوندێ.

لەگەرمێندا، کەم ئاوی‌و کەمی پووش‌و پاوەن، خەڵکی ناچاری خێڵ بەرەو ژوور خێڵ بەرەوخوار کردووە، بۆ ئەوەی لەوەڕگەی پاراو بۆمەڕو ماڵاتەکەیان مسۆگەر بکەن.

ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەر شوێنێك بەشێوەیەك چارەسەرێکیان بۆ کێشەی ئاو و زەوی دۆزیوەتەوە. ئەو چارەسەر دۆزینەوەیەش، پێویستی بەرێکخراوی ئاڵۆزی بیرۆکراسی‌و سیاسی نەبووە. لەئەنجامدا رێکخراوی خێڵ‌و هۆزو عەشیرەت پەیدابوون، بۆ راپەڕاندنی کارو ئامادەکردنی هەل‌ومەرجی گەرمیان‌و کوێستانکردن. لەهەندێ ناوچەی تردا، چەند عەشیرەتێك یەکیان گرتوەو کۆنفیدراسیۆنیان پێکەوە ناوەو ناوەندی فەرمانڕەوایەتی دامەزراوە"میرنشین"و هەندێکیان پایتەخت‌و قەڵای بەهێزیان دروست کردووە. ئەم رێکخراوە سیاسی/ عەسکەریانە توانیویانە هێزێکی ناوچەیی دروست بکەن‌و هاوپەیمان بدۆزنەوەو دەوری سیاسی گرنگ بگێڕن، بەڵام لەچاو هێزە ناوەندییەکانی وڵاتانی "دراوسێ" لەسەدەکانی ئەم دواییەداو وەك ( ئێرانی‌و عوسمانی)، لاوازبوون. هێزەکانی کورد، نەتوانیویانە یەك بگرن‌و نەیەکێکیان بەقووتدانی ئەوانی تر خۆی مەزن بکات، هەروەکو چۆن دەسەڵاتە سیاسییەکانی کوردستان، بچووك بچووك‌و پەراگەندەو لێکدابڕاوبوون. لەرووی ئاینیشەوە، یەك پارچەیی‌و یەك رەنگی هەموو کۆمەڵی نەگرتۆتەوە خۆی. یەك تەریقەتی سۆفیگەری سەرانسەری وڵاتی نەتەنیوەتەوەو لەم رووەشەوە ناوەندی زۆر سەری هەڵداوەو گیانی ناکۆکی بەدیوی دەرەوەو ناوەوە دەرکەوتووە.

## بەردی زل‌و بەردی بچووك:

بریا یەکێك توانیبای بەفراوانی مێژووی بیری بۆ نووسیبایین. هەرچی سەردەهێنم‌و سەردەبەم، لەئاسۆی هەل‌ومەرجی ئەمڕۆدا بچووکترین تروسکایی بەدی ناکەم. کاتێك یەکێك قۆڵی لێهەڵدەکات، دەبێ لایەنی کەمی هەندێ کەرەستەی لەبەردەستدا بێت. ئەم کارە لەقۆناخی ئێستادا، لەپرۆژەیەکی گەورە دەچێ، کەبەدیهێنانی ئاسان



نییە."هەڵگرتنی بەردی زل، نیشانەی نەوەشاندنیەتی". ووتیان کوێرە چیت دەوێ؟ ووتی: " دووچاوی ساغ" . کێ هەیە پێی خۆش نەبێ مێژووی بیر بنووسرێتەوە؟

من دەڵێم: گەر ئەمڕۆ بەردی زلمان پێ هەڵنەگیرا، بەڵام دەتوانین بەردی بچووك هەڵگرین. با پرۆژەی بچووك بەئەنجام بگەیێنین. لێکدانی پرۆژە بچووك بچووکەکان لەداهاتوودا ئاسانترە. گەر نەمانتوانی بەجارێ زنجیرێکی درێژ دروست بکەین‌و تەنیا هەریەکەمان توانی تەنیا ئەڵقەیەك دروست بکات. با ئەڵقەکان دروست بکرێن، لێکدانیان لەپاشەڕۆژدا، هێندە زەحمەت نابێ.

خۆزگە دەمانتوانی لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفی خانی‌و مەولەوی‌و نالی‌و مەولانا خالیدی نەقشبەندی‌و مەلای جەزیری‌و .. هتد. بنووسین. گەر یەکێك دەسپێشخەری کردو رچەی شکاند، ئەوە رێخۆش دەکات بۆ کەسانی تر چاوی لێبکەن‌و لەسەر یەکێکی تر بنووسن.

ماوەیەك لەمەوپێش، پاش رامان‌و وردبوونەوەو لێکدانەوەی هەندێ شیعری بڵاوکراوەی"نالی"، توانیم لەسەر هەندێ لایەنی بیری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفی‌و شێوەی بیرکردنەوەی "نالی" بنووسم. ناڵێم: ئەوەی من نووسیمە، رچەشکاندنەو شایانی لاساییکردنەوەیە. بەڵام دەوێرم بڵێم: ئەوەی من نووسیم" مەڵۆیەکی بچووکە"و ئەگەر کەسانی بەتواناو لێوەشاوە بتوانن، ئەو مەڵۆیە دەوڵەمەندتر بکەن‌و مەڵۆی تری بخەنە سەر، ئەوە دەتوانرێ وەکو "نموونە" یەك سەیر بکرێ. دیارە بەنووسین لەسەر مەولەوی‌و بێتووشی‌و ئەحمەدی خانی‌و جزیری‌و مەولانا خالیدو.. هتد. ئەو کاتە رەنگە مرۆڤ لاپەڕەکانی مێژووی بیر، جوانتر لەبەرچاو بگرێ. چونکە ئەو مێژووە مێژوویەکی دەوڵەمەند دەردەچێ.. .

## سەرنج و تێبینی:

زۆر جێگای داخە بۆ ئەم نووسینە، ئەو سەرچاوانەم لەبەر دەستدا نەبوو، کەئاماژەم بۆکردوون. بۆیە داوای لێبوردن دەکەم لەخاوەن سەرچاوەکانو هیوادارم خوێنەری ئازیزیش ئەم هەموو هەڵەو کەموکوڕییەم لێنەگرێ. من بۆخۆم نووسینێکی کرچو کاڵم پێباشترە لەوەی هەر هیچ نەنووسرێت.

١ـ عەبدوڵڵا بێتووشی لەشیعرێکی عەرەبیدا نوسیوویەتی:

**فأن تجد شيئاً خلاف الأدب**

( الطبع كردي وهذا عربي)ـ بڕوانە پێشەکی (الدولة الدوستكية)ی عبدالرقيب يوسف،ب١، بغداد ١٩٧٢ ـ ڕەچاوکردنی گیانی کوردی دەقێکی ئەدەبی بەزمانێکی تر نووسراوە (طبعی کوردی) شایانی بایەخپێدانەو دەبێ دەرکەوتنی ئەم شەقڵە بەسەنگی مەحەك دانرێ.

٢ـ ئەم کتێبە لەڕاستیدا ناوێکی تری هەیە "كتاب في معرفة الحيل الهندسية" ئومێدەوارم کوردێك بیخوێنێتەوەو لەسەری بنووسێ، کە لەبواری هەندەسەو میکانیكو فیزیك شارەزابێتو ئەم بەرهەمە لەهەموو ڕوویەکەوە هەڵسەنگێنێ. لەخوارەوە چەند دێڕێك لەکتێبەکەی ئەحمەد سوسە، وەکو خۆی دەخەمە پێش چاوی خوێنەر: ومن المخطوطات العربية المعتمدة على المؤلفات اليونانية والعربية القديمة" كتاب في معرفة الحيل الهندسية" تأليف بديع الزمان ابي العز اسماعيل ابن الرزاز الجزرى صنفه سنة ٦٠٣ هـ (١٢٠٦)م بامر السلطان محمد بن محمود الارتقي الذى حكم دياربكر من سنة ٥٩٧هـ (١٢٠٠ــــ ١٢٢٢)م. وقد ترجم هذا الكتاب ويدمان وهوزر ونشرت ترجمتها تباعا بين سنة١٩١٥و ١٩٢٣كما نشرت ترجمة بعض اقسامه الى الانكليزية مع الصور في مطبعة هارفرد سنة ١٩٢٤.



(نووسینەکەی د. ئەحمەد سوسە ورد نییە! بەدیعولزەمانی جەزیری ساڵی ٦٠٢ ك (١٢٠٥ز) کتێبەکەی نووسیووەو لەهەمان ساڵدا کۆچی دوایی کردووە.. هتد).

"The Treatisc of Al – Jazari on Automata,"

Printed at the Harvard University, press, Museum of Fine Arts, Boston, 1924,

ئەحمەد سوسە، کەباسی دینەوەریشی کردووە، بەهەمان شێوە بەعەرەبی داناوە، هەر چەند زانیویەتی (دینەوەر) ناوجەرگەی کوردستانەو ڕەنگە عەرەب بەڕێکەوتیش ڕێگەی نەکەوتبێتە ئەوێ: ومن الكتب التى تبحث في النبات كتاب للدينورى: هو ابو حنيفة احمد بن داود الدينورى نسبة الى مدينة دينور، العالم المشهور النحوي اللغوي المهندس، المنجم النباتي المؤرخ، كان بارعا في كل هذه الفنون والف فيها التأليف المفيدة المشهورة، منها كتاب في الانواء تضمن كل ماكان عند العرب من المعرفة بالسماء والانواء ومهاب الرياح ، وتفصيل الازمان وما شاكل ذلك، وكتابه في النبات لم يؤلف مثله في معناه، وكان من نوادر الرجال جمع بين بيان العرب وحكم الفلاسفة وكانت وفاته سنة ٢٨١وقيل سنة ٢٨٢وقيل سنة ٢٩٠ ه(٨٩٤ ــ ٩٠٣م).

بەداخەوە، کورد هیچ بایەخێکی بەم زانا گەورەیە نەداوەو هەق نییە ئەو بەرهەمانەی ئەو، لەدەرەوەی پەرژینی مێژووی بیری کوردی بن. من بەرهەمەکانی دینەوەریم نەبینیوەو ناتوانم هەڵیان بسەنگێنم! نازانم ئەو زانیاریانەی ئەو لەسەر ڕووەك لەکوێوە هەڵیهێنجاونو پشتی بەکام سەرچاوە بەستووە؟ سەبارەت بەزانستی ئەندازیاریش ئایا تەنیا کاری تیۆری نوسیووە یان شتی(عملی) کردووە؟

٣ــ احمد سوسة: تاريخ حضارة وادي الرافدين ج١ ،ج٢ بغداد ،١٩٨٣.

٤ـ لەنووسینی تردا باسی لایەنی جیاجیای بیری شەرەفخانی بدلیسیم کردووە.

٥ــ چەند دانیشتنێك لەگەڵ مامۆستا مستەفا عەسکەریدا ٢٥/١٠/١٩٩٨ هەروەها ڕێکخراوی م.ك.ت. کۆڕێکی لە٢٧/١٠/١٩٩٨ لەشاری گوێتنگن بۆ بەست. لەو کۆڕەدا زانیاری زۆر گرنگو زیندوو، سەبارەت بە ڕێکخستنی ئابووریو کۆمەلایەتی

هەقە پێشکەش کرا. بەداخەوە بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە قسەکانی ئەو تۆمار نەکران.. هیوادارم مامۆستا مستەفا خۆی ئەو زانیاریانە بڵاوبکاتەوە، یان کوردێکی دڵسۆزی بەتەنگەوەهاتوو لەدانیشتنێکدا یان کۆڕێکدا، باسی مێژووی هەقەی پێ بگێڕێتەوەو بەوردی بینوسێتەوە.

٦ــ "مصر هبة النيل".

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# هۆی
# دروستنەبوونی دەوڵەتێکی
# سەرانسەری لەکوردستاندا*

* لەگۆڤاری رووناکبیری ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢ لە ستوکۆڵم بڵاوکراوەتەوە

بەدرێژایی مێژوو لەکوردستاندا، دەوڵەتێکی ناوەندیی یەکگرتووی[١] سەرانسەری دروستنەبووە، کەئەو خاکەی گرتبێتە خۆی، کەکوردی لەسەر ژیاوەو دەژی. دەوڵەتۆکەو میرنشینێکی زۆر هەبوون، کە لەبەشێکی کوردستان فەرمانڕەواییان کردووەو دەسەڵاتی خۆیان پاراستووە. ئەم قەوارە سیاسییە بچووک بچووکانە، لەژێر کارتێکردنی هیچ گوشارێکی دەرەکی نزیک نەکەوتوونەتەوەو پەیمانی دۆستایەتییان لەگەڵ یەکتردا نەبەستووە، مەگەر لەژێر ئاڵای یەکێك لەو دەوڵەتە مەرکەزییە زلانەدا، کە خاکیان بە کوردستانەوە بووە. زۆر جار میرنشینێك لەیەك کاتدا پەلاماری دوو میرنشینی کوردی داوە، سەرەڕای شەڕو شۆڕی ناوخۆی میرو ئاغاکانی میرنیشینەکە.

کوردان، ناوەندێکی ئایینی ـ کولتووری بەهێزیشیان نەبووە، کە لەبن ئاڵاکەیدا هێزە سیاسییە جیاجیاکان کۆبکاتەوەو ناسنامەیەکی کوردانەیان پێببەخشێ‌و خاڵی یەکانگر پێکبهێنێ‌و هەمیشە وزەو تواناو هێز بە گیانی هەڵسانەوەو ڕاپەڕین بدات. هەر بۆ نموونە: لەپۆلۆنیادا کڵێسەی کاتۆلیکی دەوری سەنترالێکی ئایینی ـ کولتووری گێڕاوە بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی هێزە سیاسییە جیاجیاکان‌و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی‌و ئازادی. لەولاتی تیبت، ئایینی بوودایی دەورێکی گرنگی گێڕاوەو دەگێڕێ بۆ یەکگرتنی تیبتیەکان‌و ناسنامەی نەتەوایەتییان دەپارێزێ. شیعەگەریش لەئێراندا بنەمایەکی سەرەکی پاراستنی دەوڵەتی ئێران بووەو بۆتە بەشێکی گرنگی کولتووری ئەم ولاتە.

بێگومان زۆر دەسەڵاتداری کورد، هەوڵیان داوە، بەزەبرو زەنگ‌و شەڕوشۆڕ سنووری دەسەڵاتیان فراوانتربکەن‌و ناوچەی تریشی بخەنە سەر. هەر وەکو چۆن مەلیکەکانی دەوڵەتی دۆستکی (٩٨٢ ـ ١٠٨٦ز) لەڕێگەی هێرش‌و پەلاماری سوپاییەوە ویستوویانە میرنشینی کوردی تر قووت بدەن.[٢] پاشا کۆرەی سۆرانیش لەسەردەمی دەسەڵاتیدا (١٨١٤ ـ ١٨٣٦)، بەهەمان شێوە ویستوویەتی میرنشینی تر لەنێوبەرێ‌و ناوچەی



دەسەڵاتی خۆی فراوانتربکاتەوە. لەنێوبردنی ئیماراتی بادینان‌و شەڕو شۆڕی دژی بابان‌و بۆتان، دەتوانن ببنە بەڵگە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی ئەو.[٣]

هۆی چییە، کە ئەم جۆرە هەوڵدانە سەر ئەنجامەکەی بە تێکشکان‌و ژێرکەوتن کۆتایی پێهاتووە، یا دەسەڵاتی هەر میرنشینێك سنوورێکی دیاریکراوی تایبەتی نەبەزاندووە؟

ئەو بەرهەڵستە دەرەکی‌و ناوەکییانە چی بوون، کە دەسەڵاتی میرە کوردەکان نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بن؟

سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵ‌و تەقەلا زۆرو زەبەندانە بە درێژایی مێژوو، وای لەزۆر کورد کردووە، ئەمە بەچارەنووسێکی تەلیسماوی بزانن، کە هیچ چارەسەری نەبێ. پیرو قەدیمان گوتوویانە:"کورد کورتەو هیچیش بە هیچ ناکات". لاوان‌و ڕووناکبیرانیش سەریان بەدەست ئەم جەنجاڵییەوە سووڕماوەو هەرچی سەردەهێنن‌و دەبەن، وەڵامو ڕوونکردنەوەی دڵنیاکەریان چنگ ناکەوێ. وەچەبەوەچە، ئەم مەتەڵە هەڵنەهێنراوەیان پشتاو پشت‌و دەست بەدەستیان گەیاندووە، تا گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ. شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣ ـ ١٦٠٦)، یەکەمین کەسە کە بە نووسین ئەم ڕازەی دەربڕیوەو هۆی یەکنەگرتن‌و گیانی جیاوازیخوازی نێو کوردانی گێڕاوەتەوە بۆ نەفرەتێکی ئایینی، کە پێغەمبەر لەکوردی کردووەو تووکی یەکنەگرتنی لێکردوون.[٤] ڕووناکبیرانی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك قسەکانی شەرەفخان ناسەلمێنن‌و هەوڵ دەدەن بەگوێرەی تێگەیشتن‌و بیرو بۆچوونی خۆیان، لەچوارچێوەی زانستی‌و تیۆریدا ئەم گرێ کوێرەیە بکەنەوە.[٥] بەشێکیان هۆی جوگرافی وەکو دووربوونی کوردستان لەدەریاوە بەخاڵێکی بنەڕەتی دادەنێن‌و بەشێکیان جێوشوێنی جیۆسیاسی، وەکو ولاتێك کەوتبێتە نێوان چەند هێزێکی ئیسلامی ـ ڕۆژهەلاتیی زلەوە (دەوڵەتی عەباسی، عوسمانی، سەفەوی.. هتد) کە دەورێکی چارەنووسسازیان لەژیانی ناوچەکەدا هەبووە. بەشێکی تریان هۆی کۆمەلایەتی بە بنچینەیی دەزانن‌و بالادەستێتی زاڵبوونی ژیانی کۆچەرایەتی‌و خێڵەکێتی وەکو

فاكتۆرێك سەیر دەكەن، كە پێویستی بوونی دەوڵەت وەلاوەنێ. كەندالٚ نەزان لەم بارەوە دەڵێ:

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

((سەرەڕای هۆیە زاتییەكان (مەبەستی میرەكانو كارتێكردنی ئایینی .. هتد)، دەبێ لەنێو ستركتوور ــ struktur ی كۆمەڵایەتی ـ ئابووری بۆ هۆكان بگەڕێین، كە بوونەتە سۆنگەی ڕێگەگرتن لەگەشەكردنی هۆشی نەتەوایەتی، كە مەرجێكی سەرەتاییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی)).

هەر پاش ئەم دێڕانە دەنووسێ:

((دیارە گیانی عەشیرەتگەری Triblismus ڕێگری سەرەكی دروستبوونی هۆشی نەتەوایەتی بووە)). [٦]

مامۆستا مەسعوود محەمەد چەمكێكی نوێی بۆ ڕوونكردنەوەی دروستنەبوونی دەوڵەتێكی ناوەندیی ـ سەرانسەری لەكوردستاندا دۆزیوەتەوە: ((لەبەر ڕۆیشتنی ئابووری ـ نزیف أقتصادی بە سەروكاری ئەم كیشەیە دادەنێ.))

ئەم خوێن لەبەرچوونە ئابووریەشی بەم چەشنە لێكداوەتەوە: ((سەرنج بۆم دەردەخا لەتۆشەوە دیارە، بەدرێژای چەند هەزار ساڵێك كوردستان كەوتۆتە نێوان سێ هێزی زلەوە: فەرمانڕەوای ئێرانو دەسەڵاتی بابلو ئاشوورو بۆ ماوەیەك لەگەڵ ئەواندا ئینجا بە دوای ئەواندا دەسەڵاتی ڕۆمەكان. ئەم سێ ناوچە زلەی دەسەڵات، كە كوردستانیان گرتۆتە نێوان خۆیانەوە، هەر یەكەیان بەروبوومو داهاتی كەرتێك لەكوردستانی گەورەیان بۆ خۆیان ڕاكێشاوەو مەودایان نەداوە ئەو داهاتە لەكوردستان بمێنێتەوەو ببێ بە ماكی بنیادنانی دەسەڵاتو حوكمڕانی، هەروەك ئاوڕێژی شاخەكانی كوردستان، هەندێكی بۆ ڕۆژئاوا بەرەو ئەنەدۆڵ، هەندێكیش دەڕوا بەرەو دەشتی بابلو ئاشوور، هەروەها زۆربەی بەرهەمی ئابووری كوردستان بە درێژایی مێژوو، ڕژاوەتە ئێرانو ئەنەدۆڵو بابلو هیچی ئەوتۆی لەخاكی كوردستاندا بەجێ نەماوە. سێ مقناتیسی گەورە، پیتو داهاتی



كوردستانیان بۆ خۆیان كێشاوە، تا ئێستاش هەر دەیكێشن. لەكوردستان سەرمایە پێكنەهات)). [٧]

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

هەر دوابەدوای ئەم بۆچوونە، مامۆستا مەسعوود دەنووسێ:

((قەناعەتی من ئەوەیە ئەگەر یەك لەو سێ وڵاتە دراوسێ بەهێزەی كورد چۆڵ با، بابڵێم دەریا یا بیابان یا شاخاوییەكی ئەو تۆ با، دەستی نەدابا بۆ تێدا حەوانەوەی حكومەتێكی گەورە، كورد لەدەمێكەوە دەگەیشت بەمافی نەتەوایەتیی خۆی. من لەو باوەڕەدام، دەمێكە لەنێوان كوردا ئەوەندە هۆشو گۆشو خوێندەواریو هەستی نەتەوایەتییە هەیە، ئەگەر لانی ئابووری یارمەتی دابا، حكومەتی چەسپاوو دائیمی لەسەرانسەری كوردستاندا پێكبێنێ، لانی ئابووری لێدەركە، لەهەموو ڕووێكی دیكەی لیاقەتی حكومەت دانانەوە بەراوردی كورد بكەی لەگەڵ یەمەنو حەبەشە، كورد پێشكەوتوتر بووە.)). [٨]

ماجید عەبدولڕەزا پەنای بردۆتە بەر "شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی". [٩] بۆ ڕوونكردنەوەی هۆی دروستنەبوونی دەوڵەتێكی سەرانسەری لەكوردستاندا:

((أن لهذه الظاهرة علاقة وثيقة بطبيعة أرض كردستان الجبلية المنعية و موقعها الجغرافي و بظروف الري وسقي المزروعات فيها مما ترك أثره الملموس على مجرى تطور المجتمع الكردي أقتصادياً وسياسياً فأذا كانت ظروف الري سبباً أساسياً لظهور الدول المركزية في وادي الرافدين في العهد العبودي حيث كانت الدول وحدها القادرة على أنشاء مشاريع الري الكبرى فأن الزراعة في كردستان أعتمدت منذ أقدم العصور على الأمطار للمزروعات الشتوية وعلى عشرات الالوف من عيون المياه والأنهار الصغيرة في المزروعات الصيفية. وكان بأمكان كل قرية أو جماعة صغيرة (أو عائلة واحدة) أن تمارس الزراعة دون الأعتماد على وجود الدولة التي تنشيء مشاريع للري الكبرى)). [١٠]

ئەم بیروڕایەو دەیان سەرنجو تێبینی تریش سەبارەت درووستبوونی دەوڵەتی ناوەندیو سەرانسەری ـ کە لێرەدا ناتوانرێ ئاماژە بۆ هەر هەموویان بکرێ، زۆر گرنگو بە بایەخن بۆ لێکدانەوەی کێشەکە، بەڵام داخەکەم پەنجە ناخەنە سەر کرۆکی کێشەکە. هەریەکە لەم هۆیانە، مامۆستایان کەندالو مەسعود محەمەدو ماجید عەبدولڕەزا ڕەچاویان کردووە، کۆسپی گەورەیان بۆ دروستبوونی دەوڵەت هێناوەتە کایەوە، بەبێ ئەوەی کۆسپەکان بەریز یەك لەدوای یەك دابنێنو هەر هەموویان بۆ هۆی جوگرافی بگێڕنەوە. بێگومان ئەم خاڵە سەرەکییە، کارتێکردنی فاکتۆرە دەرەکییە زیانبەخشەکانی خەستتر کردۆتەوە.(١١)

بەداخەوە تاکو ئێستا ڕەنگدانەوەی فاکتۆری جوگرافی لەژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بە وردیو قووڵی شی نەکراوەتەوە.

بەکارهێنانی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کارل ڤیتفۆگل Karl Wittfogel کە نێوی ((دیسپۆتی ڕۆژهەڵاتی)) Orientalische Despotie (١٢) بەسەردا بڕیوەو ڕاستییەکەی پەرەپێدانو قووڵکردنەوەی هەندێ سەرنجو تێبینی مارکسو ئینگلزە، کە بەچەمکی ((شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی)) نێو دەبرێت.

لێکدانەوەکەی کارل ڤیتفۆگلو سەرنجو تێبینیەکانی مارکسو ئینگلز، پتر ئەو وڵاتانە دەگرنەوە کەدەشتی پانو بەرینیان هەیەو ڕووباری مەزنیان پێدا تێدەپەڕێو ئاووهەوایەکی وشکیان هەیە، پێش سەدەکانی شۆڕشی پیشەسازی، ئەم هەولومەرجە لەکوردستاندا نییە، کەوڵاتێکی شاخاوییەو پێدەشتەکانیشی بچووكو ئاوی ڕووباریان بەئاسانی پێناگات.

کشتوکاڵ، بەهۆی وشکەساڵیو کەمبارانییەوە دژوار بووە، باران بە زستانو بەهاران دەبارێو بێئاویی هاوینان، بەزەرەری کشتوکاڵکردن دەشکێتەوە. لەکوردستاندا، کشتوکاڵ پشت بە بارانێکی کەمو جۆگەلەی بچووكو کانیاو دەبەستێ، کە کارل ڤیتفۆگل بە Hydroagrikultur پێناسەی دەکات.(١٣)



پەندێکی پێشینان هەیە، دەڵێ: (لەو شوێنەی ئاو هەیە، زەوی نییە. لەو شوێنەی زەوی هەیە، ئاو نییە). لەزۆر شوێنی کوردستان دەشتی فراوان هەیە، بەڵام کرێنو بێ ـ ئاون یا زۆر بەزەحمەت ئاویان پێدەگات. هەر بۆ نموونە، دەشتی هەولێرو ڕانیەو مەرگەو شارەزوور.. هتد).

ڕووپێوەکەیان لەنێوان ١٥٠ـ ٣٤٠٠کم٢.

ئەم دەشتانە بەتێکڕا هەریەکەیان ٥٠٠م سەرووی ئاستی دەریان.(١٤)

لەکوردستاندا بەگشتی تێکڕای بارانی ساڵانە لەنێوان ٢٠٠ـ ٩٥٠دایە.(١٥)

لەم دەشتو پێدەشتانەدا، یا هەر هیچ ڕووبارێکی پێدا تێناپەڕێ، وەکو دەشتی هەولێر کە ٣٤٠٠کم٢، یا ڕووبارەکان بەنێو شیوی هێندە قووڵو تەنگدا دەڕۆن، کە تەنانەت بەمۆدێرنترین تەکنۆلوجیای ئەم سەردەمەش سوودی ئابووری پێویستیان لێوەرناگیرێت.

(لاپاڵە ڕژدەکانی شاخو دۆڵەکان، کە زۆرترین خاکی کوردستان پێکدەهێنن، زۆر بەکەمی بۆ چاندنو کێڵان دەست دەدەن).(١٦)

لەنێو شیوو دۆڵە قووڵەکانی ناوچە شاخاوییەکاندا، کەئاویان پێدا تێدەپەڕێ، هیچ شوێنەواری سەدو بەربەستی مەزنو سستێمی جۆگەو کەناڵی بەر فراوان بەدی ناکرێ، کە لەسەدەکانی پێشوودا دامەزرێندرابێت، یا دروستکرابێتو تێکچووبێتو لەکاتی خۆیدا بۆ کشتوکاڵ سوودی لێوەرگیرا بێت.

لەهەندێ شوێنو ناوچەی کوردستاندا، دەتوانرێ ڕادەی چالاکیو هۆشیاریو بەهرەمەندی جووتیاران ڕەچاوبکرێت، بۆ دروستکردنی تەلانو هەڵبەستنی جۆگەو بنەوانو سوودوەرگرتنی لەبستێك زەوی بەپیت. هەورامان یەکێکە لەو ناوچانەی کەدانیشتوانی ئەوپەڕی لێزانیو شارەزاییو وەستاییان نواندووە بۆ دامەزراندنی سستمێکی ئاودان، لەشوێنێکدا زەوی زۆر کەمە، لەچاو ئەو هەموو کانیو کانیاوەی لەبن بەردی شاخەکانەوە هەڵدەقوڵێن. س. ج. ئیدمۆندز کە لەسەرەتای بیستەکانی ئەم

سەدەیەدا(سەدەی بیستەم) لەم ناوچەیەدا گەڕاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە سەرنجو تێبینیی خۆی تۆمار کردووە:

﴿لاپاڵی شاخەکان زۆر بەوەستایانە تەلاّنیان لێدروستکراوەو، ئەمە نیشانەی کۆنیی ئەم پیشەیەیەو یەکێك لەئەندازیارانی ناوداری ئاویاری دەیگوت، ئەو دەربارەی تەبارە دروستکردنو ئاو راکێشان لەشوێنە شاخاوییەکاندا، هیچ زانیاریەکی نییە، کەپێشانی هەورامییەکانی بدات﴾.[١٧]

من خۆشم چەند جێگەیەکم لەهەورامان بینییوە، وەکو پاوەو خانەگاو ئەحمەد ئاواو.. هتد. زۆر لەچالاکیو وریایی هەورامییەکان سەرم سووڕماوە، هەر بۆ درووستکردنی تەلاّنێکی ٥٠م٢ لەبەرزاییەکی ٥٠٠م ناوقەدی شاخە سەختو رژدەکان، بەکۆڵ خۆڵیان بۆ گواستۆتەوەو ماندووبوونێکی بێوێنەیان پیشانداوە، هەر بۆئەوەی لەدووری چوار پێنج کم، بەجۆگەو ئاوبارە ئاوی ئەو تەبارەیە بدەن.

لەهەندێ شوێنی تردا، کە رووبارەکان بە دۆڵو شیوی قووڵدا تێناپەڕن، بەئاسانی ئاو دەشکێنرێتە سەر دەشتە بەپیتەکانی ناوچەی خانەقیو کۆیەو زەنگاباد[١٨] و..هتد، کەسەدان ساڵە کشتوکاڵیان تێدا دەکریو ماوەیەکی زۆرە شارو ئاوەدانییان تێدایە. هەر بۆ نموونە، لەدەوروبەری زەنگاباد، کەتارادەیەك زەویەکی نزمو چاڵەو هەر زۆر لەکۆنەوە، یەکێك لەلقەکانی ئاوی سیروان کە لەزەنگاباد نزیك دەبێتەوە، پتر لەبیست جۆگەی لەسەر هەڵکەنراوە. ئەم جۆگانەش جۆگەی تریان لەسەرەو بۆ مەرەزەو باخو بێستان سوودیان لێوەردەگیرێت. لەم جۆرە شوێنانەدا، ئەمڕۆش بەهەرەوەزو کۆمەڵ دەبێ کارە پێویستەکان راپەڕێندرێن، هەرچەند رووبەری کێڵگەو مەرەزەکان هێندە گەورە نین، کە بەژمارەی جووتیارو پاڵەی زۆر ئەنجام بدرێن. هەر بۆ نموونە، ساڵانە دەبێ جۆماڵ بکرێو بۆ ماوەی دوو هەفتەیەك دەبێ نزیکەی ١٠٠ کەسێك بەشداری لەجۆگە پاکردنەوەدا بکەن. بۆ مەرەزەکردنیش، دەبێ هەر هەرەوەزی بکرێو بەکۆمەڵ کاری بۆ بکرێت (بۆ مەرەزەیەکی پەنجا دۆنمی دەکەس بەلای کەمەوە پێویستە). بۆ ئیش دابەشکردنو



سەرپەرشتیکردنو راپەڕاندنی ئیشوکار، پێویستی بە ﴿رەزار﴾ هەیە، کەجووتیارەکان وەکو براگەورەیەك هەڵیدەبژێرن. بەلاّم دروستکردنی رێکخراوێکی مەزنو ئاڵۆز، پێویستی نایهێنێتە کایەوە. لەهەورامانیش ﴿میراو﴾ هەیە، بۆ سەرپەرشتیکردنی ئاو دابەشکردنو چارەسەرکردنی گیروگرفتی کار.[١٩]

نموونەی هەورامان، کەسروشت هێناویەتیە کایەوە، ئاوزۆریو زەوی کەمیو ئەزموونو بەهرەمەندی زۆر دروستیکردوون، لەکوردستاندا وێنەی یەکجار کەمە. بەپێچەوانەوە، ئەو شوێنانەی بۆ کشتوکاڵ بەگشتی پشت بەئاوی باران دەبەستن، فراوانترنو ئەمەش هۆیەکی هاندەری ژیانی کۆچەری بووە، کە لەسەر بناغەی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردن هاتۆتە دی.. هەر ئەمەش هۆی کشتوکاڵی وەرزییەو بەشێوەیەکی دیاریکراو سوود لەزەوی بەپیت وەردەگیرێت.

شەرەفخانی بدلیسی، کە بەکوردستاندا گەڕاوەو جێگەی تریشی بینیوە، خاکی کوردستانی بەکرێنو بێئاوی هاتۆتە بەرچاو.

دیارە ئەمەشی بەهۆیەکی نەداریو کەم دەرامەتی خەڵکەکە لەبەرچاو گرتووە[٢٠]:

((خاکی کوردستان بە لوڕستانیشەوە، بەشی زۆری رەقەنو چڕو لێڕەوارەو نەرمانی ئەوەندە نییە، کە بەرهەمو دەرامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بەتەسەلی تێر بکا. سەبارەت بەرژدو کراڵی زەویو زارەکەیان، کورد لەچاو دەرودراوسێکانیان هەژارو نەدارن)).[٢١] ئەم قسانە هی کەسێك نین، هەروا بەگۆترە بەسەر زاریا هاتبێتو سەرنجی وردی دەوروبەرەکەی خۆیی نەدابێت، بەڵکو هی کەسێکی دنیا دیدەی شارەزای بەرچاو روونو بەئاگایە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بۆی هەیە نیشانەی پرسیاری بخاتە سەرو هەوڵ بدات بەگوێرەی تواناو بۆلوان بەدوای سەرچاوەو فاکتو ئەژماردا بگەڕێو بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێ. ئەز نەهێندە سەرچاوەم لەبەردەستایەو نەشارەزای زانستی ئابووریم، نەهێندەش بەختەوەرم، گەڕان بەدوای زانیاریدا پیشەم بێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرنجەكانیشم لەم رووەوە. تەنیا شوێنپێ هەڵگرتنی شەرەفخانەو هیچی ترو بریا یەكێك توانیبای بەتێرو تەسەلی لەسەر ئەم خاڵە بنووسێ.

كتێبەكەی حەمدوڵڵای مستەوفیی قەزوینی (١٢٨١ــ١٣٤٩) "نزهة القلوب" كە بەكتێبێكی جوگرافی ــ ئابووری دادەنرێو لەساڵی ٧٤٠ك (١٣٤٠ز) نووسراوە، سەرچاوەیەكی ئابووریی گرنگەو میقداری باجی ساڵانەی ناوچە كوردنشینەكانیشی تۆمار كردووە، كە لەسەردەمی مەغۆلەكاندا كۆكراوەتەوەو رەوانەی (مستوفي الممالك) كراوە. ئەگەرچی ماوەی نێوان هەردوو كتێبەكە ٢٥٧ ساڵەو ئەمەش بەهەموو حیسابێك زۆرە، بەڵام مرۆڤ لەكاتی خنكاندا پەلاماری پووشو پەڵاشی لێواری ئاو دەدات، منیش ناچارم بگەڕێمەوە سەر (نزهة القلوب)، چونكە لەلایەكەوە سەرچاوەی ترم بەدەستەوە نییەو لەلایەكی تریشەوە بڕواناكەم گۆڕانكارییە ئابووریو سیاسییەكان هێندە بنەڕەتی بووبن، كە سەرجەمی هاوكێشەكەیانی سەروبن كردبێت.

قەزوینی لەبن دوو سەردێڕدا (دیار بكر وربیعە، بقاع كوردستان) نێوی زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی هێناوەو باجی ساڵانەیانو بەرهەمی كشتوكاڵی گرنگ (گەنم، لۆكە، ..هتد). سەبارەت بە دیاربەكرو دیار رەبیعە دەڵێ:

((حقوق دیوانی أن مملكت در عهد أتابگان تا زمان بدرالدين لؤلؤ مبلغ يك هزار تومان بوده أستو أكنون صدو نودو دو تومان ونيم.))[٢٢].

دەربارەی (بقاع كردستان)یش بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێ:

(( حقوق ديوانيش در زمان سليمان شاه أبوه قريب دويست تومان أين زمان بوده أست وأكنون بيست تومانو يكهزار پانصد دينار بر روى دفتر أست..))[٢٣].

پاشان نێوی یەك بەیەكی شارو شارۆچكەكانی ئەو زەمانە نووسراوەو میقداری باجی ساڵانەیان. هەر بۆ نموونە لەبەشی یەكەمدا باسی (دیار بەكر)و شاری ئەربیل (هەولێر) هاتووە، كەداهاتی دانەوێڵەو لۆكەی چاك بووەو باجی ساڵانەشی ٢٢٠٠٠ بیستو دوو هەزار.



| ولایەتەكانی دەوڵەتی ئیلخانییەكان | دیوانی مالیات پێش دەورانی ئیلخانییەكان | لەكاتی ئیلخانییەكاندا |
|---|---|---|
| دیار بەكرو دیار رەبیعە | ١٠٠٠٠٠٠٠دینار | ١٩٢٥٠٠٠دینار |
| كوردستانی رۆژهەڵات | ٢٠٠٠٠٠٠دینار | ٢٠١٥٠٠دینار |

بێگومان ئەگەر بێتو باجی ساڵانەی ناوچە جیاجیاكانی كوردستان پێكەوە لەگەڵ باجی ساڵانەی شوێنەكانی تر بەراورد بكرێن، كە ئەوانیش لەبن دەسەڵاتی ئیلخانییەكاندا بوون، وەكو:

عیراقی عەرەب= ٣٠ ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەكان.

عیراقی عەجەم= ٢٥ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەكان.

ئازەربایجان= ٢٠ ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەكان.

دینار بووە. ئامەد ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار. شاری سەعرەد (ساعرد) كەشارێكی گەورە بووە، ب. س ١٤٦٥٠٠ دینار بووە.. سەیر ئەوەیە، ب. س شاری سنجار ١٤٧٥٠٠ دینار بووەو شاری عەمادییەش كە بەشارێكی گەورە ناوی هاتووە، ب. س ٦٨٠٠٠ دینار بووە.. هتد.

پێویستە ئەوەش بزانرێت:

١تومان= ١٠٠٠٠ دینار بووە.[٢٤]

١٠٠٠ تومان = ١٠ ملیۆن دینار بووە.[٢٥]

ئەگەر مرۆڤ رێكو رەوان بیەوێ لەم ژمارانەی قەزوینی[٢٦] تێبگات، چاكتر وایە بەراوردی لەگەڵ خشتەكەی پیترۆشێڤسكی بكاتو تومانەكان بۆ دیناری ئەو زەمانە بگۆڕێت:

دەبینین باجی ساڵانەی كوردستان كەم بووە لەچاو شوێنەكانی تردا، بەڵام لەچاو شوێنی وەكو گورجستانو ئەرمەنستانو خوزستاندا، بەلەبەرچاوگرتنی رووپێوی ئەو

ناوچـانه، کـه تاڕادەیـەك بـچووکن، لەچـاو رووپێـوی گـشتیی کوردسـتاندا زۆر بـووه.. هتد.[٢٧]

قسەکانی قەزوینی، ئەو راستییه تاڵە دەسەلمێنن، کەمامۆستا مەسعوود محەمەد نێوی ((لەبەرۆشتنی ئابوری ـ نزیف اقتصادی)) بەسەردا بڕیوه، کەپرۆسەی ماشینەوەی داهاتی کوردستانه بۆ ناوەندی ئەو وڵاتانەی توانیویانه بەشـێوەی عەسـکەری ـ سیاسـی بەشـێك لەخاکی کوردسـتان بەدەوڵەتەکەیانـەوه گـرێ بـدەنو لەچوارچـێوەی کۆلـۆنی یـا نیمـچه کۆلۆنیدا بیهێڵنەوەو ئەم دەستو ئەو دەسـتی پێبکـەن. دەوڵەتـه مەرکەزییـەکان بـەنێوو قەبارەو شـێوه حـوکمو شـێوەی تـاڵانو رووتاندنـەوەو.. هتـد. گـۆڕاون، بـەڵام بـارودۆخی داگیرکراویو بن دەسـتێتی کوردسـتان، وەکـو خـۆی ماوەتـەوەو سـاڵ بەسـاڵیش، لەگـەڵ توندو چڕبوونەوەی سیـستێمی ناوەنـدی دەوڵەتـه داگیرکـەرەکانی کوردسـتاندا: ئـازادیو سەربەستی سیاسی پتر لەدەست چووەو رادەی هـەژاریو چەوسـاندنەوەش لەچـاو جارانـدا بەهێزتر بووه.[٢٨]

بەداخەوه پاش حەمـدوڵلا، هـیچ ((مـستوفی))یـەکی تـر داهـاتی سـاڵانەی خەزێنـەی دەوڵەتی وەکو کتێب تۆمار نەکردووەو، تا ئەمڕۆش کەس نازانێ لـەداهاتی کوردسـتان، چـەندی رەوانـەی ناوەنـد دەکرێـتو چ رووتاندنـەوەو تـاڵانکردنێکی رێکخـراوو دڕندانـه لەکوردستاندا دەکرێو کەسیش مـافی چکۆلەترین رەخنەی نییه. گەلی کوردیش بەئاغاو سـەپانیەوه، بەسـەرمایەدارو کرێکاریـەوه، بـەگوێرەی ((یاسـای گـورگو مـەڕ)). دزیـی ئاشکرای لـێدەکرێو سووکایەتیی پێدەکرێو بەگوێرەی هەمان ((یاسـا)). مـافی دەنـگ بەرزکردنەوەی نییه.

ئـەم لاوازیـی بەرهەمهێنانـه، لەهـەموو لایـەنێکی ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو فەرهەنگیـدا رەنگـی داوەتـەوه. لـەم هەلومەرجەشـدا، پێویـستی دامەزرانـدنی ژیـاریو کولتـووریو سیاسـیی بـەهێز نایەتـه پێـشەوه. هـەر ئـەم هەلومەرجانـەش زەمینـەی



پەرەسـەندنی داوودەزگـای میرنـشینەکانیان خـۆش نـەکردووه، سـنوورەکانیان ببـەزێننو بنەمای دەوڵەتی سەرانسەری فەراهەم بکەن.

ئەگەر سەیرێکی مێژووی عەسکەریی میرنشینه کوردەکان بکرێ، بەزەقی ئەوه بەرچاو دەکـەوێ، کـەهێزو توانـای سـەربازییان بەشـێوەیەکی گـشتی، لەئاسـتی ئـەوه نـەبووه کەلۆوەکێشی لەگەڵ هێزی چەکداری دەوڵەته ناوەندییەکاندا بکەن، مـەگەر ئـەو دەوڵەتانـه لەکاتی داتەپینو لێکترازانو گێژاوی قووڵدا بووبن. کەم میری کورد توانیویەتی سـوپای بیست هەزاری پێکەوه بنێ، دیاره خەزێنەی میر هێنده پڕ نـەبووه، نـانو تفـاقی سـوپای گەوره بدات. هەر بۆیه میره کوردەکان هێنده زاڵمو دڵڕەقو بێبەزەیی بوون، چونکه باجو سـەرانەو مەڕانـەو .. هتـد، بەشـی بـەڕێوەبردنی لەشـکرو بنیاتنـانی کۆشـكو تـەلارو ئاهەنگو میوانیو رابواردنی ژیانی چینی ئۆروستۆکراتیی کوردی نـەکردووه، مـەگـەر بەتۆپزیو قەمچیو زەبـروزەنگ، شـێوازی زەبـروزەنگیش هەمیـشه ئـەنجامی نێگـەتیڤی خۆی هەبووەو به بەردەوامی نارەزاییو دووبەرەکیی دروستکردووەو برا پەلاماری سـوپاو دەسەڵاتی برای داوەو کـوڕ لـەباب هەڵگەڕاوەتـەوەو خـوێنی یـەکتریان رشـتووه. زۆرجـار خـەڵکی رەشو رووت توانیویانـه دەسـەڵاتی میرێـك هەڵتـەکێنن، یـا بەتـەواوی تـەنگی پێهەڵچنن. مـێژووی میرنشینی ئەردەڵان، هەر لەسـەرەتاوه تـا ئـاوابوونی، ئـەم بۆچـوونه دەسەلمێنێ. ئەو چیرۆکەی سەبارەت به ئـەمانوڵڵای خـانی گـەوره (١٧٩٩ ـ ١٨٢٤)، کـه رادەی سووربوونی کۆمـەڵانی خەڵك لەسەر دژایـەتیی والی پیـشان دەدات، لـەم بارەیـەوه شێخ محەمـەدی مـەردۆخیی کوردسـتانی دەنووسـێ: ((کاتـێ کـه والی خـۆی هاتـه دەرەوەو سەیری دەشتو کێوی چوارباخو پیر محەمـەد دەکات، که لەجۆشو خرۆشـی خـەڵكو زۆری زوڵملێکراوان رەش دەکاتەوەو ژمارەی دەستو پەیوەندەکانی والی بەپەنجا کەس ناگات)). لەداخا داوای قلیان دەکاتو نوقمی دەریای بیرکردنـەوەی دەبێـت. پـاش ماوەیـەك، بـیرو خەیاڵو ئەنجامی نائومێدی ئەم چوار خشتەکییه لەسەر کاغـەز دەنووسێ:

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**أز جوشش و كثرت سياهى**
**تن گشته نحيف و چهره كاهى**
**أز خلق أميد قطع گشته**
**مانده به عطوفت الهى**

پاش ئەم چوارخشتەكییە، فرمێسك بەچاویا دێتە خواریّ و دلّۆپەیەك فرمێسك دەتكێتە سەر وشەی((سیاهی))و دەیكوژێنێتەوە. [٢٩] بەگوێرەی مێژووەكەی ماه شەرەفخانم (مەستوورە)، دلّۆپەی ئاوی قلیانەكە دەتكێتە سەر وشەی (سیاهی)، دەیكوژێنێتەوەو دەیكاتە (سپاهی). [٣٠] ئیدی والیش دەزانیّ چۆن ((سوپا))یەكی بەهێز بەیەكەوە بنیّ و سەركوتی نارازییان بكات. ئەمەش لەگەلّ لۆجیكی بیركردنەوەی دەسەلاّتدارانداً لەهەموو شوێنێكی ئەم دونیایە دەگونجیّ، واتە: دروستكردنی داوودەزگای داپلّۆسین و سەركوتكردن، نەك شیعرنووسین و فرمێسكوەراندن. [٣١]

پێویستە رەچاوی ئەوەش بكریّ، كەهۆی بنەرِەتی بۆ دروستبوونی دەولّەتێكی سەرانسەری، نابیّ لەهەلومەرجی مێژوویی جیا بكرێتەوە. ئەو هۆیە جوگرافی و كۆمەلاّیەتی و ئابوورییەی باسمان لێوە كردن، سنووری كارتێكردنیان تا ئێوارەی پێش تەقینەوەی جەنگی جیهانی یەكەم برِی كردووە، واتە نەبوونی یا دروستنەبوونی بنەمای ئابووری و كۆمەلاّیەتی و سیاسی، كە بۆ سەركەوتنی بزاڤی نەتەوەیی پێویستن. واتە ئەگەر ئەم بنەمایە هەبوایە، داوودەزگای سیاسی و كۆمەلاّیەتی پێویستیش دروست دەبوون، بۆ مسۆگەركردنی وەرگرتنی مافی چارەنووس، ئەگەر پێشوەخت، ترازان لەگیانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و قاجاری نەهاتایەتە دی. ئەوەشمان بیر نەچیّ؟ هەلّوەشانەوەو لەنێوبردنی بەزەبروزەنگی میرنشینە كوردەكان لەناوەراستی سەدەی١٩دا، نەهێشتن و قەلاّچۆكردنی گرنگترین داوودەزگای سیاسی بووە، واتە تێكدان و داتەپاندنی ئینستیتووتسیۆنە Institution سیاسییەكان بووە، كەمێژوویەكی سەدان سالّەی



مەكتەبی بیروهۆشیاری

ویستووە بۆ دروستبوونی، بەخۆشی بیّ یا ناخۆشی، دەسەلاّتی خۆی هەبووەو توانیویەتی كاروباری خەلّك بەرِێوەبەریّ و جۆرە شەرعیەتێكی Legitmation هەبیّ، كەجێگەی برِوای خەلّكی ئەو سەردەمە بێت. [٣٢]

لەجەنگی جیهانیی یەكەم بەدواوە، رادەی كارتێكردنی هێزە دەرەكییەكان دێتە ریزی پێشەوە، بۆ بەرەو پێشەوەنەچوون و سەرنەكەوتنی بزووتنەوەی رزگاری گەلی كورد. دابەشكردنی خاكی كوردستان، بەگوێرەی پەیمانی كۆلۆنیالستی بووە، كەبەرژەوەندیی هێزە دەرەكییەكان پێش هەموو شتیّ رەچاوكراوە، نەك حەزو ئارەزووی گەلان. بەرژەوەندی و قازانجی هێزی كۆلۆنیالی فەرِەنساو بریتانیا، كە لەگەلّ بەرژەوەندی و قازانجی ئەو دەولّەتە تازەو كۆنانەدا گونجاوە، كەخاكی كوردستانیان بەسەردا دابەش كراوە. واتە ئەم دەسەلاّت سپاردنەی هێزە ئیمپریالیستەكان، بەو هێزانەی كوردستانیان خراوەتە بن دەست، بۆتە ((ئەركێكی هێندە پیرۆز))، كە هیچ مرۆڤێك بۆی نییە نیشانەی پرسیاری بخاتە سەر. بێگومان ئەگەر ئینگلیزو فەرِەنسا بیانویستایە یا راستر بنووسم بەرژەوەندییان لەگەلّ دانانی دەولّەتێكی سەرانسەریدا بۆ كورد هەبوایە، ئەوا جێبەجێیان دەكردو قورِیان بەدەم هێزەكانی تری ناوچەكەدا دەداو ئێستا كەس نەیدەتوانی نیشانەی پرسیار لەسەر بوونی دەولّەتی كوردستان دابنیّ.

ئەمرِۆش باری كوردستان وا كەوتووە، كەهێزە دەرەكییەكان چاویان لەسوود و بەرژەوەندی ئێستایان بێت، لەگەلّ ئەو دەولّەتانەی كوردستانیان بەزۆرەملیّ داگیر كردووەو ئەو پرِۆژەیە بەخەون و خەیالّبازی دانێن، كەدروستبوونی دەولّەتی كوردستان بەئاوات دەخوازیّ. چۆلەكەیەكی نێودەست بە دە كۆتری سەر گوێسەبانە ناگۆرِنەوە، نەك لەبەر چاوی كالّی ئەو دەولّەتانە، بەلّكو جێبەجێكردنی پرِۆژەی دروستكردنی دەولّەتی كوردستان، ئەركێكی یەكجار زۆری دەویّ و رەنگە قازانجێكی زۆر گەورەو بەرچاو بە بەرژەوەندیی ئەوان لەناوچەكەدا نەگەیەنیّ .. سەرەرِای ئەمانەش، سروشتی نەتەوەیی - ئیتنی، چینایەتی، ئایینی، كولتوری چەوسێنەرانەو نارِەوایانەی ئەو دەولّەتانە زۆر

جیاوازییەکی گەورەی، بەلای کەمەوە، لەهێڵە سەرەکییەکاندا، لەگەڵ ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، کەخاکی کوردستانیان داگیر کردووە ـ کۆلۆنیزە کردن ـ بۆیە چەوساندنەوەو سەرکوتکردنو تواندنەوەی گەلی کوردیش، زۆر بەسەر سووڕمانەوە سەیر ناکرێ، هەر وەکو خەڵکی کورد چاوەڕوانیان لێدەکات.

ئەگەر هێزە سیاسییە کوردەکان بەدروشمو کردەوە، بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەی کۆلۆنیالستی ١٩١٤ــ ١٩١٨ هەنگاویان بنایەو لایەنگری سیستێمی سەنتراڵی نەبونایەو چاویان هەمیشە لەمافی چارەنووسو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوایە، ئەم پڕۆژەیە بۆی هەبوو، ڕۆژێ لەڕۆژان، دوور بێت یا نزیك، وەکو de facto خۆی بسەپێنێو بەرەبەرە گوێی داگیرکەرانی کوردستانی لەسەر رابێتو هێزە دەرەکییەکانیش چاوێك بە سیاسەتی دەرەوەیاندا بەرامبەر کورد بخشێنن .. ئەم هێزانە، لەبەر ستراتیجو دروشمەکانی ئێستای بزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد، کێشەکەی وەکو کێشەیەکی ناوخۆی پڕ سەرئێشەی بێبەرو ئەنجام سەیر دەکەنو نایانەوێ لەسەر دوارۆژی کاری بێئەنجام کایە بکەنو زەرەر لەبەرژەوەندیی ئێستای خۆیان بدەن. بۆیە بەکردەوەش دەبێ هەوڵی «ماڵجیایی» بدرێ، هەنگاو بۆ دامەزراندنی داوودەزگای سەربەخۆی کوردی بنرێ، کە وردەوردە جێگەی ئینستیتوتەکانی ـ Institution دەوڵەتی مەرکەزی بگرێتەوە، ئەگەر بڕیاری چارەنوس، لەپڕێك نەیەتە دی، با بەکاوەخۆ سەر هەڵدات. بەڵام پشتگوێ خستنو لەبیربردنەوەی، رازی بوونە بەتوانەوەو لەناوچوونی گەلی کورد.



**پەراوێز**

(١) ئەم نووسینە بەشێکە لەکتێبێك، کە بەئەڵەمانی نووسراوەو چاوەڕوانی چاپ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەسڵەکەی بۆ خوێنەری ئەڵەمان نووسراوەو رەچاوی زمانی سۆسیۆلۆگی کراوە، دارشتنە کوردییەکەی کارێکی ئاسان نییە، چونکە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی هەر زۆر کەمەو چەمكو زاراوەی تایبەتیش نەهاتۆتە کایەوە، کەخوێنەری کوردیش لەگەڵیا راهاتبێت. بۆیە نووسەر ویستویەتی بەزمانێکی ئاسانو روون لێکۆڵینەوەکە دابڕێژێتەوە. کتێبەکەش نێوی
Die kurdische Befreiungsbewegung zwischen stammeskultur und politischer Erneuerung
(ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٤ چاپکراوە).

٢) یوسف، عبدالرقیب: الدولة الدوستکیة. بغداد، ١٩٧٢، ج ١، ص١٢٠ـ ١٤٠.

٣) پاشا کۆرە پێشنیاری ئەوەی بۆ کراوە ببێتە والی بەغداو ئەو پێشنیارەکەی بە دڵ نەبووەو هەر سووربووە لەسەر دەستبەسەراگرتنی میرنشینە کوردییەکانی تر
Vgl. Nebez, Jamal- eddin: Der Kurdishe Fürst Mir Muhammad Rawandizi (Diss). Hamburg 1970, S.98 ff
ـ نەبەز، جەمال: بیری نەتەوەیی کوردی، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٤، ل٣٦.

٤) بدلیسی، شەرەفخان: شەرەفنامە (ناشر محمد عباسی). تهران، ١٣٤٣ (١٩٦٦)، ص٣١.

٥) مامۆستا هەژاری موکریانی بەئەغزی زانیوە نەقڵەکەی مەولانا سەعدەدین خاوەنی (تاج التواریخ) بۆ کوردی وەربگێڕێو شوێنەکەی بە بەتاڵی بەجێ هێشتووە. بڕوانە: بدلیسی، شەرەفخان: شەرەفنامە (وەرگێڕانی هەژاری موکریانی) چ٢، تاران، ١٩٨١، ل٢٨.

6) Kendal: Die Kurden unter der Osmanischen Herrschaft. In: Kurdistan und die Kurden. Bd. 1, Reihe: Pogrom. Göttingen. 1984, 46f. .

کۆمەڵناسی تورکی مرۆڤپەروەری ناسراو، ئیسماعیل بێشکچی، ژیانی کۆچەرایەتی‌و عەشرەتگەری بەسۆنگەی درووستنەبوونی دەوڵەتی سەرانسەری داناوەو لەم رووەوە لەگەڵ کەندالّدا یەك دەگرێتەوە.

Besikci, Ismail: Kurdistan –Internationale Kolonie. Frankfurt 1991, S. 184 ff,

٧) محەمەد، مەسعوود: حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣. ل٣٨٧.

٨) هـ. س. ل٣٩٦.

٩) ئەم چەمکە لەئەنجامی ئەو گفتوگۆو مشتومڕەی نێوان تیۆرسیۆنە مارکسییەکانەوە هاتۆتە کایەوە دەربارەی هەندێ سەرنج‌و تێبینی مارکس‌و ئینگلز لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵی رۆژهەڵات‌و بەراوردکردنی لەگەڵ رۆژئاوادا. هەر بۆ نموونە، لەنامەیەکی ئینگلز بۆ مارکس ٦ی حوزەیرانی ١٨٥٣دا، نەبوونی موڵکایەتی زەوی بەکلیلی هەموو رۆژهەڵات داناوە.. هتد.

MEGA. Engels an Marx. 6. Juni 1853. Berlin. 1987, S. 189.

١٠) عبدالرضا، ماجد: القضية الكردية في العراق. بغداد، ١٩٧٥، ط١، ص٢٦ـ ٢٧.

١١) احمد، فاضل كريم: العوامل التى أدت الى سيادة اللهجة الگورانية. في: الثقافة. بغداد ١٩٧٣، ع١١، ص٩٤.

ئەو کاتە رەخنەم لەشێوەی لێکدانەوەی یەك لایەنی گرتبوو، بە شێوەی پێچ‌و پەناش بۆچوونەکانی ئێستام دەربڕیبوو.

١٢) ئەم زاراوەیە دەمێکە کراوەتە عەرەبی‌و بە ناوی "الاستبداد الشرقي"وە رۆیشتووە. ڤیتفۆگل زاراوەی دیکەشی بەکارهێناوە بۆ هەمان مەبەست، وەکو "بیرۆکراسیی کشتوکاڵ" کە بە عەرەبی دەبێتە "البيروقراطية الزراعية"، مەبەستی



ڤیتفۆگل لە"دیسپۆتی رۆژهەڵاتی" ئەوەیە، لەرۆژهەڵاتدا ئەوانەی دەزگاو دەسەڵاتی دەوڵەتیان لەبن دەستایە، چینی دەسەڵاتدار پێکدەهێنن، نەك خاوەن موڵکە گەورەکان.. هتد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Wittfogel, Karl A.: Die Orientalische Despotie. Köln / Berlin 1962. S.27

13) Wittfogel, Karl A (Ibid) S.25 ff.

١٤)خصباك، د. شاكر: العراق الشمالي. بغداد١٩٧٣، ص٣٩.

١٥)خصباك، د. شاكر: الاكراد. بغداد، ١٩٧٢، ص٥٣.

16) Kandal: (Ibid) S.47.

17) EDMONDS, C. J: Kurds, Turks and Arabs London 1957, P. 169.

١٨) لەزەنگابادا شوێنەواری زۆر کۆن هەیە، وەکو تەپەی کلاّن‌و شێلاّن، کەنیشانەی ئەوەن هەر لەزۆر کۆنەوە لەم ناوچەیە ئاوەدانی هەبووبێت. جێگەی داخە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەرکەلۆجی لەسەر ئەم گردە دەسکردانە نەنووسراون. دانیشتوانی ناوچەکەش زەرەرێکی یەکجار گەورەیان بەم شوێنەوارانە گەیاندووەو خشتەکانیان لەدیوارەکان دەرهێناوەو بۆ خانوو درووستکردن گوێزراونەتەوەو هەرچی گۆزەش دەستی منالاّن کەوتبێ، بۆ نیشانەی بەردە فڕکێ دانراون.

١٩) دانیشتنێك لەگەڵ کاك مەردان غەیدان کەدانیشتووی کوڵەجۆ بووە، رۆژی ١٢/١٠/١٩٩١.

٢٠) دەبێ دیاردەی وشکەساڵی‌و کەم بارانی‌و رووتانەوەی شاخ‌و کێوەکان لەدارستان‌و لێرەوارو نزمبوونەوەی رادەی بەرهەمی کشتوکاڵی بەهۆی بێ ئاوییەوە، پەیوەندیی بەمێژووی نوێوە هەبێ. ئەنترۆپۆلۆگێکی ئەڵەمان کەنێوی ئیگۆن فۆن ئایکشتێتە، لەو بڕوایەدایە کە لەمێژووی کۆندا کوردستان وڵاتێکی خاوەن ژیاری پێشکەوتوو بووبێت بەهۆی زۆریی ئاوو باران، جەنگەڵ‌و دارستانی چڕو ژمارەی دانیشتوانیش زۆرتر بووە.

پـێش گـۆڕانی ئـاوو هـەوا، کەبنـەمای ژیـانی ئـابووری‌و سیاسـی‌و کۆمەڵایەتیـشی شێواندووەو شێوەی ژیاری شـەقڵێکی تـری وەرگرتـووە. دیـارە هەڵەیـەکی گەورەیـە گـەر تێکچوون‌و تێکشکانی سیاسی‌و عەسکەریی کـورد، تـەنیا بگەڕێنریتـەوە بـۆ فـاکتۆری دەرەکـی واتـە هێـرش‌و پـەلاماری سـوپای دەوڵەتـەکانی دراوسـێ، کـە رادەی وێرانـی‌و ماڵکـاولی فـراوانتر کـردووەو نالـەبارتر کـردووە. شـایانی باسـە ئایکـشتێت سـەبارەت بـەدەوری میدییـەکان لەیەکخـستنی زمـانی کـوردی‌و خۆناسـینەوەی تایبـەتی، هەنـدێ بەڵگەی ئەنترۆپۆلۆگی بەهێزی هێناوەتەوە، کەداخەکەم کوردناسەکان بـەوردی سـەرنجیان نەداوەتێ.

Eickstedt, Egon Von: Turken, Kurden und Iraner seit dem Altertum. Stuttgart. 1961. 51 ff.

٢١) بدلیسی، شەرەفخان (هـ. م)، ص٣٤.

٢٢) مستوفی، حمداللة: نزهة القلوب (باهتمام وتصحیح: کـای لیـسترانج) تهـران ١٣٦٢ (١٩٨١)، چ[١]، ص١٠٢.

٢٣) مستوفی، حمدالله (هـ. م)، ص١٠٧.

٢٤) پتروشفسکی، أ. پ: تاریخ اجتماعی ـ اقتصادی ایران در دورهء مغول. ترجمـهء د. یعقوب أژند. تهران١٣٦٦، ص٧٧.

٢٥) ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ هەندێ فاکتی ئابووری لەسەر سـەدەی ١٦ بدۆزنـەوە، دەتوانن سوود لەهەندێ تێبینی وردی شەرەفخان وەربگرن. ئـەو دەنووسـێ ١٠٠ تومـان دەکاتـە ٢٠٠٠٠٠ دوو سـەد هـەزار ئاقـچەی دراوی عوسمـانی (شـەرەفنامە/ عباسـی ص٥٧١ شەرەفنامە/ هەژار ل٧٧٤). بۆ زانینی بـەهای ئاقـچەیەك نووسـیویەتی "بـاری داری قەڵاشکەری ئەوەندەی ئێستر هەڵدەگرێ نرخی درهەمێکی زیـوە، کەدەکاتـە دوازدە ئاقـچە ش/ هـ ل٦٦" ئاقـچەیەك= دراوێکـی زیـو بـووەو سـەنگی ٤٦٢.. گـرام بـووە لەسەردەمی سوڵتان موورادی سێیەم (١٥٧٤ـ ١٥٩٥)دا. هێزی کڕینی ئاقچەیەك Die



Kaufkraft ئەگەر بەنرخی گەنم لەبەرچاو بگیرێت ١کیلە Kile (نزیکەی ٦. ٢٥ کیلـو گرام بووە) گەنم بە ٨ هەشت ئاقچە بووە.

Bruinessen, M. M. Van: Agha, Scheich und staat Berlin, 1989. S. 478.

٢٦) پتروشفسکی. پ. ١(هـ. م)، ص٢١و٢٢.

٢٧) دکتور عـەبدولرەحمان قاسملوو، لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئـەم ژمارانـە کـردووە، بەبێ ئەوەی هیچ بەراوردێك لەنێوان کوردستان‌و شوێنەکانی تردا بکات. لەوە دەچێ ئەو پتر لێکۆڵینـەوەکانی پیترۆشڤـسکیی لەبەرچـاو گرتبێـت‌و سەرچـاوە ئەسـڵییەکانی تـری پـشتگوێ خـستبێت.. قـاسملوو، عبـدالرەحمان: کوردسـتان‌و کـورد: لێکۆڵینەوەیـەکی سیاسی‌و ئابووری. و. عـبدالله زادە. (بێ شوێنی بڵاوکردنەوە) ١٩٧٣. ل١٢٢.

٢٨) ئەو رستەیەی ابن حوقل لەکتێبی (صورة الارضی) ساڵی ٩٨٢ز سەبارەت شـاری جزیرە نووسیویەتی: (بها تجارة دائمة لو ترکها السلاطین وربح مطرد لـو لم یجـر فیــها حکم الشیاطین والخوارج) ص٢٠٢ـ ٢٠٣.

هەر دەڵێـی سـاڵی ١٩٨٢ یـا ١٩٩٢ نووسـراوەو هـیچ گـۆڕانێکی بنـەڕەتی لـەڕەوتی "سلاطین وشیاطین" رووی نـەداوە، تـەنیا هەنـدێ شـتی رووکـەش‌و لاوەکـی نـەبێ. ئـەم حوکمە بۆی هەیە نەك تەنیا بەسەر شاری جزیرەدا، بەڵکو بەسەر هەموو شارو لادێکـانی کوردستاندا بدرێ.

٢٩) کردستانی، شیخ محمد مردوخ: تأریخ کـوردو کوردسـتان‌و (توابـع). جلـد[٢]، چ[٣]، (شوێن‌و کاتی چاپ نەنووسراون) ص١٥١.

٣٠) کوردستانی، مەستوورەی: مێژووی: ئەردەڵان (لەفارسییەوە بۆ کـوردی د. حسن جاف‌و شکور مستەفا)، چ[١]، بەغداد ١٩٨٩، ل١٧٣.

٣١) دوا والی ئـەردەڵان، ئامـانوڵڵا خـانی دووەم کـە بـە "غلامـشاه خـان" نـاوی رۆیشتووە، پاش مردنی هەشتا هەزار تومان قەرزار بووە، کە بـۆ ئـەو زەمانـە پارەیـەکی

زۆر بووە.. ئیدی نامەوێ باسی قەڵاو دەرباری میرو میران بکەم و بەراوردکردنیشی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رۆژئاواییو رۆژهەڵاتی (لەهەمان پلەو پایەدا) زیادەیە.

بڕوانە: کوردستانی، علی اکبر، وقایع نگار: حدیقه ناصریه در جغرافیا و تأریخ کوردستان (به تصحیح محمد رئوف توکلی)، تهران ١٣٦٤، ص٢٠٣.

٣٢) شتێکی رێکەوت نییە کەشاعیرە کلاسیکییەکانی کورد وەکو نالیو سالمو حاجی قادری کۆییو شێخ رەزای تاڵەبانی، بەو هەموو سۆزو پەرۆشی رۆمانسییەتەوە شیعریان لەسەر رووخانو پاشاگەردانیی بابانەکان نووسیوە. مەسەلەکە هەر دۆستایەتیو ئاشنایەتی نالیو سالمو کوردی نەبووە لەگەڵ میرو چینی ئۆرستۆکراتی کورد، بەڵکو بۆشایی دروستکردنی سیاسیو کولتووریو کۆمەڵایەتی بووە. (لەبەشەکانی تری ئەم کتێبەدا پتر لەسەر ئەم کێشانە دەنووسین).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# فارقیو
# تێکشکانی دەسەڵاتی کوردی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی پێشساڵی ١٨٥٠ز هەر زۆر بەکەمی لەسەری نووسراوە. ئەم کەمنووسینە بۆتە هۆی لاوازی کولتووری سیاسیو نەزانینو باش نەخوێندنەوەی بیری سیاسی کوردی. لەسەدەی (١٠)ی زایینییەوە تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩)، دەیان دەوڵەتو میرنشینی کوردی سەریان هەڵداوەو گەشەیان کردووەو هەرەسیان هێناوە. کەم نووسەرو مێژوونووس بیری لەوە کردۆتەوە بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتمان بۆ جێبهێڵێت. داوو دەزگایەکی دەوڵەتیش نەبووە دۆکۆمێنتو ئەرشیف بپارێزێت.

بێگومان من نووسینەکانی فارقیو مەئموون بەگ بن بێگە بەگو شەرەفخانی بدلیسیو ماە شەرەف خانمی ئەردەڵانیو مەلا مەحموودی بایەزیدیم خوێندۆتەوە. مێژووی هەزار ساڵەی گەلێك، بەچەند کتێبو دەسنووسێك داناپۆشرێت. گەلانی دراوسێ، لەسەر هەر شارێك، یان دەوڵەتێك بەسەدان کتێبیان هەیە. ئێستاش زانکۆو دامەزراوە زانستییەکان، بەبەردەوامی سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی جۆراوجۆرن، لەسەر مێژووی کۆنو نوێ.

ئێمە نووسینی زۆرمان بەدەستەوە نییە، دەربارەی دەسەڵاتی کوردی لەسەدەی دەیەمی زایینیدا. بەتایبەتی نووسینێك، لەکاتی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی میرنشینو دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمەدا نووسرابێت: کتێبی (تاريخ الفارقي)[1] یەکەمین کتێبە، کە بەعەرەبی مێژوونووسێکی کوردستانی نووسیبێتی. جگە لەم کتێبە، هیچ کتێبێکی ترمان بەدەستەوە نییە، کە تەمەنی هەشت سەد ساڵی تێپەڕاندبێتو بەگەرماو گەرم، لەسەر ڕووداوەکانی ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتێکی کوردی نووسیبێت.

کتێبەکەی فارقی، مێژووی دەوڵەتی دۆستکیە لەماوەی سەدەیەکدا (٩٨٢ ـ ١٠٨٦ز)، یەکێکە لەئەزموونە گرنگەکانی سەرەتای دەسەڵاتی کوردی، شان بەشانی دەوڵەتی ڕوادیو شەدادیو حەسنەویو عەنازی، کە هاوچەرخی یەکتربوون. دەربارەی میرنشینەکانی تر، مێژوونووسی عەرەبو فارس لەسەر داوای خەلیفەو سوڵتانو



کاربەدەستانی ئەو سەردەمە، بەشێك لەدیرۆكو ڕووداوەکانی ئەو میرنشینانەیان نووسیووە وەکو (تجارب الأمم)ی ئیبن مسکویە[2].

گرنگی کتێبەکەی فارقی لەوەدایە، خۆی لەپایتەختی دەوڵەتی دۆستکی (میافارقین) لەدایکبووەو باوكو باپیرەو خزمو دۆستو ناسیاوەکانی دوا ساڵەکانی دەسەڵاتی کوردییان، بەچاوی خۆیان بینیبوو. ئەم کتێبە تاقە کتێبە، کە لەلایەن مێژوونووسێکی گەورەی ناوچەکەوە، لەسەر دیرۆکی دەوڵەتێکی کوردی نووسرابێت.

گەلانی تر لەسەر کورتترین تاقیکردنەوەی سیاسیو مێژوویی خۆیان، بەدەیان کتێبو لێکۆڵینەوە دەنووسن: نووسینی مێژوو، ئەوەندەی بۆ پەند وەرگرتنو سوود لێوەرگرتنە بۆ قووڵکردنەوەی هۆشیاریو ناسنامەی نەتەوەیی، ڕەنگە نیو ئەوەندەش بۆ بەرجەستەکردنی شانازی نەبێت.

بەداخەوە، ئێمە، نە لەکاتی خۆیو نە لەم سەردەمەدا، ئەوەی گەلانی تر کردوویانە، ئێمە بایی ئەوە داوودەزگای ڕووناکبیریو زانستیمان نەبووە، بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبسن. سەبارەت بەئەزموونی دەوڵەتی دۆستکی، لەماوەی هەشت سەد ساڵی ڕابوردوودا، ئەوەندەی من ئاگادار بم، تەنیا دوو کتێبمان نووسیووە، کە تەرخان کرابێت بۆ سەرهەڵدانو ڕسکانو گەشەکردنو هەرەسهێنانی ئەزموونی حوکمڕانی کوردی.

ژمارەیەك مێژوونووسو لێکۆڵیاری عەرەب[3] و ئینگلیزو ڕووس[4] بەشدارییان لەڕوونکردنەوەو تیشك خستنەسەر هەندێ لایەنی شاراوەی مێژووی دەوڵەتی دۆستکی کردووە. ئەم بەشدارییە جێگەی ڕێزو پێزانینو سوپاسی ئێمەیە. بەڵام ئەرکی سەرەکی گەڕانو پشکنینو پەند لێوەرگرتنو لێوە فێربوون، لە پلەی یەکەمدا، دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان. خۆمان سەری خۆمان نەخورێنین، کەس لەڕێی خوا نایەت سەرمان بۆ بخورێنێت.

بەدرێژایی مێژووی هەزار ساڵەی گەلی کورد، تەنیا دوو کەس بەجیدییەوە ئاوڕیان لەمێژووی دەوڵەتی دۆستکی داوەتەوە:

**یەکەم:** فارقی خاوەن کتێبی (تاریخ الفارقي) کە نزیکەی (٩٠) ساڵ پاش هەرەسهێنانی ئەم دەوڵەتە (٥٧٢ك) بەرامبەر (١١٧٦ز) ئەم شاکارەی نووسیوە.

**دووەم:** عەبدولرەقیب یوسف، نزیکەی هەشت سەدە پاش نووسینی (تاریخ الفارقي) کتێبێکی دوو بەرگی بەزمانی عەرەبی لەبەغدا بەناوی (الدولة الدوستكية) بڵاوکردەوە[٤].

ئەم دوو کتێبە دوو خاڵی گەشو پرشنگدارن، لەمێژووی گەلی کوردو هەریەکەیان لەڕووی مێژوویی‌و فەرهەنگییەوە بایەخی خۆیان هەیە. من لەم نووسینە کورتەدا، هەوڵدەدەم، لەئاوێنەی مێژوودا، سەیری شاکارە کەموێنەکەی فارقی، لەڕوانگەی سۆسیۆلۆگییەوە بکەم‌و تیشك بخەمە سەر تەوەرو بابەتە جیاجیاکانی ئەم کتێبە.

## فارقین‌و میافارقین

میافارقین پایتەختی دەوڵەتی دۆستکی بووە. شارێکی کۆن بووەو قەڵایەکی قایمی تێدا دروستکراوەو قەسرو تەلاری میرەکانی دەوڵەت لەوێ بوون. ناوی ئەم شارە، ئێستا بۆ (فارقین)[٦] کورتکراوەتەوە. ئەم شارە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکرەوە.

ڕووبەری دەوڵەتی دۆستکی نزیکەی ٦٠٠٠٠کم$^{٢}$ بووە. ژمارەیەك شاری گرنگی وەکو بدلیس‌و وان‌و ئەلعەزیزو نەسیبین... هتد. لەسنووری دەسەڵاتی میرانی دۆستکی بوون.

هەرچەند بادی کوڕی دۆستەك (؟ ـ ٩٨٩ز) دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتەیەو پێکەوەنەری هێزو لەشکری سەربازیەو سەرکردایەتی شەڕەکانی کردووەو لەئاشتیدا داڕێژەری پەیوەندی سیاسی دیپلۆماسی‌و هاوپەیمانێتی بووە، بەڵام لەمێژووی کۆن‌و نوێدا، بەتایبەتی لەلایەن مێژوونووسە عەرەب‌و ئیسلامییەکانەوە ناوی ئەم دەوڵەتە بە ((الدولة المروانية)) ڕۆیشتووە. ناوی دۆستکی، کە لە (دۆستەك)ەوە داتاشراوە، کەمتر لەئەدەبیاتی کۆن بەرچاو دەکەوێت.



ساڵی (٩٨٩ز) میر باد، جارێك بەسوپایەکی مەزنەوە، ڕوودەکاتە شاری مووسڵ. لەگەڵ سوپای حەمدانییەکاندا بەشەڕ دێ. میر باد، مرۆڤێکی زۆر کەڵەگەت‌و کەتەو چوار شانەو بوێرو شەڕکەر بووە. لەناوجەنگەی شەڕگەدا، هەست دەکات، ئەسپەکەی پرزەی لێبڕاوە. هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە، بۆ سەرپشتی ئەسپێکی تر خۆی هەڵدەدات. ناپێکێ‌و بەردەبێتەوەو گەردنی دەشکێت. سوارە عەرەبەکان دەگەنە سەری‌و دەیناسنەوە، بەشیر دەست‌و قاچی لێ دەکەنەوەو لەناو شاری مووسڵ لاشەکەی هەڵدەواسن.

پێش کوژرانی میر باد، میر (ابو الفوارس)ی برایشی لەشەڕێکدا دەکوژرێت. ئیدی کەس نییە جێگەی بگرێتەوە، جگە لە میر حەسەنی کوڕی مەروانی خوشکەزای. لە میر حەسەنەوە زنجیرەی بنەماڵەی مەروانی دەست پێدەکات‌و ناوی دەوڵەتەکەشیان بەدەوڵەتی مەروانی دەڕوات[٧].

## گرنگی کتێبی مێژووی فارقی

ڕەنگە کتێبی (تاریخ الفارقی) لەچاو (تاریخ الطبري، وفيات الأعيان[٨]، المقدمة، الكامل في التأريخ، ... هتد) ئەو گرنگییەی بۆ مێژووی عەرەب‌و ئیسلام نەبێت. بەڵام ئەم کتێبە بۆ ئێمەی کورد، یەك گرنگی هەیە، کە فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتی دۆستکیدا، بەدەسەڵاتداری‌و حوکمڕانی کوردی پێناسە کراوە. ئەم دەسەڵاتە تەمەنی ١٠٤ ساڵ بووە. بەهۆی ئەم کتێبەوە، جیاوازی ژیان: لەسێبەری سەربەخۆیی‌و سەرفرازیدا، لەچاو ژیان لەسێبەری ژێردەستەیی‌و داگیرکراوی‌و پاشکۆییدا، بەرجەستە دەبێت.

أحمد بن يوسف بن علي بن الازرق الفارقی (١١١٧ ـ ١١٨١ز)[٩] ناوەکەی بەعەرەبی بەم شێوەیە دەنووسرێت. ئەو ساڵی ٥١٠ ك (بەرامبەر ١١١٧ز) لەمیافارقین لەدایکبووە، واتە: تەنیا (٣١) ساڵ پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی دۆستکی. جیاوازی (٣١) ساڵ لەنێوان داڕووخانی دەوڵەتێك‌و لەدایکبوونی مێژوونووسێك، ڕەنگە ماوەی

بەراوردكاریو بیركردنەوەو لێكدانەوەی بارودۆخی سیاسی پێش رووخاندنو پاش رووخاندن بێت.

ئاشكرایە فارقی خۆی، لەسێبەری سەربەخۆییدا نەژیاوەو هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ دەسەڵاتی كوردیدا، بەڕاستەوخۆ نییە. ئەو، لەڕێگەی باوكو باپیرەو خزمو كەسو كارو دۆستو ئاشناوە زانیاری دەستی دووەمی پێگەیشتووە: گوێی لەبیرەوەریو گێڕانەوەی دەماودەم گرتووەو چاوی بەو كەسانە كەوتووە، كە دوا ساڵەكانی مێژووی دەسەڵاتی كوردییان بینیوەو لەوانەوە زانیاری زۆری تۆمار كردووەو مێژووی دەوڵەتی دۆستكی نووسیووە. بەڕوونی دیارە، بەشی یەكەمی كتێبەكە، لەچاو بەشی كۆتایی وردەكاریو شەنو كەوی تێدا نییە. بەشی كۆتایی، بەتایبەتی سەردەمی (نصر الدولـة) بەجوانترین شێوە نووسراوەو زانیارییەكان بەوردی تۆمار كراون.

فارقی بەڕاشكاوی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە ئەو دەنگوباسو هەواڵەكانی لەباوكییەوە وەرگرتووە(ل٢١٦) یان باوكی لەباپیریەوە هەواڵەكانی بیستووە (ل٢١٤). باپیرەی فارقی، كە ئەو بە (الرئیس ابو حسن علی بن الازرق) ناوی دەباتو سەرۆكی ئەوقافی (ناظر الاوقاف) حەسەن كەیفێ (حصن كیفا) بووە، لەدوا ساڵەكانی فەرمانڕەوایی میرەكانی دەوڵەتی دۆستكیو دەوری لەڕووداوەكاندا گێڕاوە.

فارقی هەروەكو چۆن سەرهەڵدانو دروستبوونو رسكانو بەهێزبوونی دەوڵەتی دۆستكی نووسیووە، بەهەمان شێوە چیرۆكی دووبەرەكیو ململانێی نێوان میرەكانو خۆلاوازكردنو داتەپینو تێكشكانی دەسەڵاتی كوردیو داگیركردنی یەك بەیەكی قەڵاو شارەكانی دەوڵەتی دۆستكی نووسیووەو پەرتەوازەبوونی ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەواو داماڵەخاس كردنو تەفروتووناكردنی چینی سەرەوەی كۆمەڵی تۆمار كردووە.

یەكێك لەگرنگییەكانی كتێبی مێژووی فارقی ئەوەیە سەردێڕی تاریخەكەی بە (باسی سەرەتای فەرمانڕەوایی كوردان لەمیافارقین) دەستپێدەكات. جەخت كردن لەسەر



ئاوەڵناوی (كوردبوون)ی دەوڵەتێك بۆ ناسنامەی ئەو دەوڵەتە هەر زۆر گرنگە. پێش فارقی چەند مێژوونووسی عەرەبو موسڵمان لەسەر كوردیان نووسیووە، بەڵام مەسەلەی پێداگرتن لەسەر ناسنامەی (كوردی) مەملەكەتو دەوڵەتێك، یەكەمین جار لای فارقی تەقێنراوەتەوە. رەنگە لەسۆنگەی كتێبەكەی فارقییەوە یەكێكی وەكو (نصر الدولة) لای زۆربەی مێژوونووسانی كۆن بە (نصر الدولة الكردي) ناوی رۆیشتووە (بۆ نموونە: ئیبن خەلەكان) كە كتێبەكەی فارقی خوێندۆتەوە ئاوەڵناوی (كوردی) خستۆتە پاڵ (نصر الدولة).

ئەم خاڵە لەمێژووی فارقیدا بۆ لێكۆڵەرانی ئیتنۆلۆگو ئەنترۆپۆلۆگو كۆمەڵناسان هەر زۆر گرنگەو بەڵگەی بوونی هەستی ئیتنۆ ناسیۆناله لای فارقی.

ئەگەر فارقی هیچی نەنووسیبێت، تەنیا دێڕێك نەبێت، كە دوای خۆی جێهێشتبێت، كە ئێمە لەخوارەوە وەكو خۆی بەكوردی دەینووسینەوە، دەبوایە لەدەفتەری سەرووەریدا ناودێر بكرێتو ئەو رستەیە لەهەموو شوێنێك بنووسرایەو لەوانەی فێرگەو زانكۆكاندا، لەبەرچاوی خوێندكاران دانرایە:

((پاش مردنی (نظـام الـدین)و دەرچوونی وڵات لەدەست (ناصـر الدولـة)، وڵات كەوتە دەست تورك، دەسەڵاتداران گۆڕان، زوڵموزۆرو كاولكاری باڵی بەسەر مەملەكەتدا گرتو خەڵك هەژارو دەستكورت بوون، هەروەكو چۆن تاڵەگرەوەكە پێشبینی كردبوو (هەر بەو شێوەیە هاتەدی) تائێستاش بارودۆخی ئەم وڵاتە نەگەڕاوەتە یەك لەسەدی ١٪ جاری جارانی خۆی))ص٢٠٤.

فارقی لەژینگەیەكی سیاسیدا ژیاوە، وڵاتێك سەربەخۆییو دەسەڵاتی خۆیی لەدەست داوە، میكانیزمی داگیركردنو ژیانی ژێردەستەیی باڵادەست بووە. لەم هەلو مەرجەدا، كە دەرگاو پەنجەرەكانی هیوا دادەخرێن، مەلە سركەكانی خەیاڵ بەرەو ئەشكەوتی بیرەوەریو یادی زێڕینی رابوردوو دەفڕن. ئەو، فرچكی بەو یادەوەرییانەوە گرتووەو ئەوەندە بۆیان گێڕاوەتەوە، ئەم بەرۆحو بەهزرو بەدڵ، بۆتە بەشێك لەداستانو گێڕانەوەی

پیرو کاڵانو یادەوەری بەکۆمەڵی دانیشتوانی شاری میافارقین. هەرکەس کتێبەکەی فارقی بخوێنێتەوە هەست دەکات، مێژوونووس رۆژ بەرۆژ لەگەڵ رووداوەکانی مێژووی ئەو دەوڵەتەدا ژیاوەو کون بەکون شارەزای هەموو لایەنێکی ژیانی ئەو سەردەمەیە.

نووسەری کتێبی (تاریخ الفارقی) لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا، تەمەنی دەوروبەری (٦٠) ساڵ بووە. واتە: ئەو، پتر لە نیو سەدە، زانیاری نووسراوو سەربردەو گێڕانەوەی سەرزارەکی کۆکردۆتەوە. ئیدی زانستی مێژوو بۆتە بەشێك لەژیانی، رەگی زانست بۆ ناو دەروونی شۆڕبۆتەوەو نەیتوانیوە بەبێ شکاندنی تینوویەتیو تێگەیشتن لەهۆی تێکشکانو لەدەستدانی سەربەخۆیی و سەپاندنی واقیعی داگیرکراوی تاوێك بژێت.

ئەو، رۆژانە سەربازو دەسەڵاتی داگیرکەری بینیوەو شانازیو یادەوەری سەردەمی سەربەخۆیی بیستووە. بینینو بیستن، بەرهەمهێنانی وێنەی کۆنتراستو پەرادۆکس، لەنێوان ئێستاو رابوردوو، دەبێتە مایەی بەراورد، بیرکردنەوە، گەڕانو پشکنینی لاپەڕە بەلاپەڕەی مێژووی رابوردوو.

بەراوردو بەراوردکاری رۆژانە، دەرگای پرسیار وروژاندن دەخاتە سەر پشت: گەڕانەوە بۆ سەرەتای هەنگاوی یەکەم: بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت. لێکدانەوەی رۆژ بەرۆژی مێژووی دەوڵەتو گەیشتنە بنبەستی هەرەسو داڕووخانو هەوڵدانی دۆزینەوەی هۆکارەکانی داگیرکردن. بنەماڵەی دەسەڵاتدار، ئەستوندەکی تاوڵی مرادیان دەشکێت، هەریەکە دەکەوێتە بن بەردێك. ئەم دیمەنە سامناکە، بەشێوەیەکی تراجیدی، لای ((سالم)) پاش هەرەسی میرنشینی بابان دووبارە دەبێتەوە.

لەکاتی دەسەڵاتی کوردیدا، سەردەمی زێڕین، رەنگە باری ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوەندە باش نەبووبێت، ئاشتیو ئاسایش، ئەوەندە جێگیرو سەقامگیر نەبووبێت. لەپڕ ئەو دەسەڵاتە کوردیە ـ خۆماڵییە دەڕووخێنرێت، سوپای داگیرکەر، تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێتو قەمچی باجو سەرانەو بێگاری، ئاگر لەسەر پشتیان دەکاتەوە. گەشەکردنو ژیانو گوزەرانی باش، لەچاوترووکاندنێکدا تێکدەچێت. سەردەمی



زوڵموزۆر دەستپێدەکاتو سەقامگیربوونو ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەگرێژنە دەردەچێت: هەر بۆیە مێژوونووس، هەر بەهەستو لێکدانەوەی خۆی دەگاتە ئەنجامگیرییەك، کە کوردستانی ئێستاو کوردستانی پێش (٩٠) ساڵ، ١٨٠ دەرەجە جیاوازیان هەیەو باری ژیانی ئێستا لەچاو ئەوسا رێژەی ١٪ سەردەمی سەربەخۆیی و سەرفرازیە.

## هۆی نووسین

زۆربەی مێژوونووسانی سەردەمی فارقی، لەسەر بنەمای هەستی لێپرسراوێتیو پێویستی مێژوویی هاندەرێك پاڵی بۆ نووسین پێوە نەناون. کەسانی پسپۆڕی بواری مێژوو چاویان لەدەمی میرو خەلیفەو سوڵتانو کاربەدەستە مەزنەکان بووە. چاویان لەڕووباری پاداشو خەڵاتو بەرات بووەو کەم کەس گوێ بۆ دەنگی ویژدانو پێویستی مێژوویی و بەرپرسیارێتی سیاسی شل کردۆتەوە. بێگومان لەسەر مێژووی چەندین شارو پایتەخت، مێژوونووسان خۆیان بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کردووەو کتێبیان داناوە، بۆ نموونە:

ئیبن ئەبی تاهیر تەیفوور، خاوەن کتێبی (تاریخ بغداد) لەسەر داوای زانکۆو پرۆفیسۆرو کۆڕی زانیاری، دەستی نەداوەتە قەڵەمو لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو پەرۆشی خۆی ئەم کارەی نەنووسیوە، بەڵکو (ابو جعفر المنصور) خەلیفەی دووەمی دەوڵەتی عەباسی داوای لێکردووە، لەسەر مێژووی بەغدا کتێبێك بنووسێت، شانازیو سەروەری خەلیفەی تێدا بەرجەستە بکرێت.

یەکێك لەوانەی کۆن لەسەر مێژووی مووسڵ کتێبی نووسیوە، ناوی (محمد بن علي الشمشاطي)یەو لەسەر داوای (قراوش بن المقلد) کتێبی (تأريخ الموصل)[١٠]ی نووسیوە. فارقی بەپێچەوانەی زۆربەی مێژوونووسە کلاسیکییەکانەوە، هیچ سوڵتانو خەلیفەو میرێك داوای لێنەکردووە، دەست بداتە قەڵەمو لەسەر بابەتێك بنووسێت، کە ئەو بەدڵی بێتو پەسەندی بکاتو خێرو بێرو بەختەوەری بەسەردا ببارێنێت.

ئەو، خۆشەویستیو ئەمەك بۆ شارو نیشتمان هانی دەدات، لەسەر (میافارقین) بنووسێتو مێژووی دەوڵەتی دۆستكی لەكتێبێكدا بنووسێت. بەداخەوە، لەناو نووسەرو مێژوونووسانی كورددا، نەپێش فارقی، نەپاش ئەو، كەس بایەخی بەمێژووی شارێك لەشارەكان نەداوە. كارەكەی شەرەفخان بدلیسی لەسەر شاری بدلیس هەر زۆر گرنگە، بەڵام ئەو لەچوارچێوەی مێژووی گەلی كورد، یان مێژووی دەوڵەتو میرنشینەكاندا، ئەو كارە مەزنەی ئەنجام داوە.

پاش مردنی سوڵتانی سەلجوقی مەلكشای یەكەمی كوڕی ئەلپ ئەرسەلان لەساڵی (١٠٩٢ز) واتە: (٦) ساڵ دوای كۆتایی پێهاتنی دەوڵەتی دۆستكی، بۆشایی دەسەڵات دروستبوو، هێزی دەوڵەتی سەلجوقی داگیركەر نەیدەتوانی جموجوڵو ململانێی گروپە كۆمەڵایەتیەكان كۆنترۆڵ بكاتو هەر یەكە دەیەویست بەشێوەیەك دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت.

لەناو شاری میافارقیندا بۆ نموونە دوو بەرەی جیاواز دروستبوو: یەكەم: گروپی لایەنگرانی بەردەوامبوونی حوكمڕانی داگیركەری سەلجوقی، ژمارەیەك پیاوی ئاینی بەسەرۆكایەتی قازی (أبو بكر) دەمڕاستو كەسایەتی ناسراوی میافارقین، نوێنەرایەتی ئەم باڵەیان دەكرد. ئەم گروپە داوایان لەبازرگانێكی گەورە كرد، كە ناوی (ابا سالم يحيى بن حسن بن المحور) بوو، كلیلی دەرگاكانی شار وەربگرێت. ئەمانە بۆ لای (تەتش كوڕی ئەلپ ئەرسلان) ڕۆیشتن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی داگیركەر بگەڕێتەوە.

ئەندامانی گروپی دووەم: بریتی بوون لەچینی ئینتلجنسیای شاری: دەیانویست بەگێڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی دۆستكی، كۆتایی بەبارودۆخی داگیركراوییو ناسەربەخۆیی بهێنن. دیارترین كەسایەتی ناو ئەم بەرەیە شاعیرێك بوو بەناوی (حسن بن اسد الفارقی)و ژمارەیەك لەقوتابییەكانی، كە لەسێبەری دەوڵەتی دۆستكیدا بە ((ئازادی)) پەروەردە ببوون. ژمارەیەك لەبازاڕیو كاسبكاران لەناو ئەم بەرەیەدا كۆبوونەوە.



فارقی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت:

(وكان ابن أسد بميافارقين رجلاً شاعراً اديباً وله جمع وتلامذة وجماعة التقوا به، واجتمع اليه جماعة من السوقة والرعاع والشباب والجهال، وحصل يدور في المدينة ويحفظ السور والبلد،..) ص٢٣٢ـ٢٣٣

هەر كە قازی ئەبو بەكر لەشار دەردەچێت، لایەنگرانی شاعیری بوێر، شار داگیر دەكەنو داوا لەمیر (ناصر الدولة المرواني) دوا میری لەكارخراوی دەوڵەتی دۆستكی دەكەن، لەجزیرەوە بۆ میافارقین بگەڕێتەوەو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. بەهاری ئازادی تەنیا شەش مانگی خایاند. قازی ئەبو بەكر بووە كەوا سووری بەر لەشكری سەلجوقییەكانو تەتشی كوڕی ئەلپ ئەرسلانی بۆ ناو میافارقین گێڕایەوە. شاعیری ئازادی دەگیرێتو ساڵی (١٠٩٥ز) لەخاچ دەدرێت.

چەند جوانە یەكێك بەراوردێك لەنێوان رووخانی دەوڵەتی دۆستكیو میرنشینی بابانو (ابن أسد الفارقي)و سالم بەگی صاحێبقران بكات!

## بزاڤی كۆمەڵایەتی شاری

دانیشتوانی شار، یان دانیشتوانی ناو قەڵا، لەلایەن مێژوونووسو لێكۆڵیارانی كۆنو نوێوە، كەمترین تیشكیان خراوەتەسەر. مێژوونووسە كلاسیكییەكان ئەوەندەی بایەخیان بەمێژووی میرنشینو بنەماڵەو شەڕو شۆڕ داوە، پێنج لەسەدی ئەوەش گرنگیان بەخەڵكی شاریو سەرنشینانی قەڵا نەدراوە.

ئێمە نازانین چینی ئینتلجنسیا هەبووە، یان نەبووەو چۆن ژیاوەو چۆن بیری كردۆتەوە؟

بازرگانو پیشەوەرو كاسبكاران، چینێكی بێ رۆحو گیانو هەستو نەستبوونو تەنیا دوای ئاڵای سوڵتانو حاكم كەوتوون، یان گروپێكی سەرەڕۆی بزێوی نارەزای چالاك بوون؟

ئێمە بەهۆی یەکێکی وەکو فارقییەوە، هەندێ زانیاری وردمان لەسەر خەڵکی شاری میافارقین، دەست دەکەوێت.

بەگوێرەی گێڕانەوەی فارقی: شار، ناسنامەو هەڵوێستو کولتووری خۆی هەبووە. کوێرانە دوای میرو حاکمی شار نەکەوتوونو ئەو لەسەر هەر ئایینێك بووبێت، ئەمان هەر یەکسەر، بەشێوەیەکی میکانیکی، نەچوونەتە سەر ئاینی ئەو. هەندێ جار بازاڕ لەمیر بەهێزتر بووەو میر نەیتوانیوەو ناچاری ملکەچیو گوێڕایەڵیان بکات.

میر (ئەبو عەلی حەسەن بن مەروان) خوشکەزای باد، پاش چوارده ساڵ لەفەرمانڕەوایی، دەگاتە ئەنجامگیرییەکی زۆر تاڵ: دانیشتوانی شاری میافارقینی پایتەخت، لەدەرەوەی بازنەی حوکمڕانی ئەون. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی خۆی: بەزمانی ئەبو عەلییەوە دەنووسێت: (وقال: إن هؤلاء مالي بهم طاقه، ولاهم تحت حكمي، ولا لي معهم أمر). گوایە خەڵکی ئەم شارە، دڵو گیانیان لای حەمدانییەکانەو ئەم خەڵکە لایەنگیری دەسەڵاتی ئەو نین: سەربازو دۆستەکانی میر لەلایەن خەڵکی نەزانەوە، دەست درێژییان دەکرێتە سەر.

ئەو دەنووسێت:

(وكانت سوق البز لها من الحرمة والناموس شيء كثير، بحيث إنه لا يدخل اليها أحد راكباً البتة)ص٦٦ ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێت، یەکێك لەبازاڕەکانی شار جلو بەرگی (البز)[١١]ی تێدا فرۆشراوەو کەس ڕێگەی نەدراوە، بەسواری ئەسپو ناو کۆڵانو گورزەکانی ئەو بازاڕە کەوێت. ئەو بازاڕە ڕێزو حورمەتێکی هەبووەو ڕێساو ڕێنمایی تایبەتی تێدا پەیڕەوی کراوە.

یەکێك لەئامۆزاکانی میر بەسواری ئەسپ، خۆی بەناو بازاڕدا دەکات. دادەبەزێتو لای هەندێ دوکان لادەداتو سوار دەبێتەوە، بەحیسابی خۆی ئەندامی بنەماڵەی فەرمانڕەوایەو ئیدی هەموو شتێ بۆ ئەو ڕەوایەو نابێ کەس دەست بخاتە ڕێگەی. بازاڕییەکان لەئەسپەکەی دایانگرتۆتە خوارەوەو بازاڕ بەدەریان کردووە.



میر ئەم دەنگوباسانەی بیستو هەر زۆر بێتاقەت بوو. لەشوێنێکی تر دەنووسێت: (وكان من أهل البلد متى استطال عليهم جندى أو كردى ضرب في وسط السوق حتى يكاد يتلف بغير أذن الأمير ولا وال. فكره الامير هذا منهم وأمثاله...) ص٦٦.

ئەم گێڕانەوەیە بەڵگەی هێزو توانای بازاڕە بەرامبەر سەربازو (کوردەکان)و دەسەڵاتی میر، هەرچەند ئەو ناوی میری نەهێناوە. کاتێك میر ڕاوێژ بە (مەم) دەکات، مەم، کە (حاجب)ی میرە، دەڵێت: تۆ بەرامبەر بەوان هیچت پێناکرێتو ناتوانیت بەسەریاندا زاڵ بیتو چاکتروایە دان بەخۆتدا بگریت.

ئەمە دیاردەیەکی سەیرە! بازاڕ، دەسەڵاتی میر بەهیچ نەزانێتو ئەگەر کەسێکی سەر بەمیر، بەموو پێ خوار دانێت، بە ئەوپەڕی توندیەوە سزا بدرێتو میر نەتوانێت، سادەترین هەڵوێست وەربگرێت.

مەم، پلانێك دادەنێت: لەڕۆژی جەژندا، خەڵکی بازاڕ بۆ دەرەوەی دیواری شار بانگهێشت دەکرێن. ئەو کاتە دەرگای قەڵا دادەخرێت. هەرچیماڵو موڵکی ناو بازاڕ هەیە، تاڵان دەکرێت. گەورەترین دەمڕاستو پیاوی ناو بازاڕ لەشوورەوە هەڵدەدرێتە خوارەوە. ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژرێتو بەشێکیان دەستگیر دەکرێنو ئەوانی تر ئاڵای سپی تەسلیمبوونەوە بەرز دەکەنەوە. ماوەیەك میر دەتوانێت ترس بخاتە دڵی دانیشتوانی شارەوەو بازاڕ ناچاری ملکەچیو گوێڕایەڵیو چاوشکاندن دەکات. بەڵام سەرنشینانی قەڵا، بەڕووکەش لایەنگیریو کڕنوشیو سەردانەواندن دەنوێنن، لەبنەوە تانو پۆی پەلاماری نهێنی تۆڵە دەچنن. سەرۆکی بازاڕی خۆراك، (شيخ سوق الطعام) شێخ عەبد ئەلبڕ دەتوانێت لەگەڵ (شێروە)ی کوڕی مەم، کە ئەمیش وەکو باوکی (حاجب) بووە، ڕێك بکەوێت. گوتارێکی ئاگرین ئاڕاستەی بازاڕ دەکرێتو جەخت لەسەر زوڵمو زۆرو چەوسانەوە دەکاتو ئەو تاوانی کۆکوژییەی، کە میر دوو ساڵ پێشتر دژی بازاڕیانی شار ئەنجامی داوە، وەبیریان دەهێنێتەوە.

ساڵی (٩٩٧ز) ئاهەنگێك ساز دەكرێت‌و میر لەدەرگایەكەوە دێتە ژوورەوەو پارەی بەسەردا دەرێژن هەروەكو چۆن گوێزەبان دەكرێت، لەو چركەیەدا دەست بەچاویدا دەگرێت‌و (بن دمنە)ی زاوای عەبد ئەلبر، بەگوێرەی پلان بەشمشێر لێدەدات‌و دەیكوژێت‌و خۆی دەبێتە میری شار (أمیر المدینة).

## بازاڕ میرێكی تر بەرز دەكاتەوە

دوای كوشتنی میر ئەبو عەلی، دەسەڵاتدارە نوێكان، لەشكری خۆیان رەوانەی هەموو شوێنێك دەكەن بۆ ئەوەی ئەندامانی تری چینی فەرمانڕەوا بگرن‌و بكوژن. كاتێك والی شاری (ئەرزن) ئەو هەواڵە دەبیسێت، كە میر كوژراوەو "كودەتاچییەكان" بەدوای میر (نصرالدولة)دا دەگەڕێن، ئەو دژی كودەتاچییەكان دەوەستێت. والی ئەرزن خەڵكی ئەسفەهان بووەو ناوی ئەبو قاسم بووە: ئەبو قاسم ئەسفەهانی پیاوێكی بەئاوەزو بیروباوەڕو كار هەڵسووڕێنەر بووە. ئەو داوا لەخەڵكی شاری ئەرزن دەكات، دژی پەلاماردەران بجەنگن!

یەكەمین هەنگاوی ئەبو قاسم كۆبوونەوە بووە، لەگەڵ میر (نصرالدولة)و ژنەكەی‌و لەسەرجەمی رووداوەكان ئاگاداری دەكاتەوە. سوێندی دەدات، كە راوێژی پێبكات‌و ئەم لەخزمەتی ئەودابێت. خەڵكی شار كۆدەكاتەوەو بانگی قازی‌و سەربازەكانیش دەكات. ئەبو قاسم هەرچی خەزینەی پارەو عەماری دانەوێڵە هەیە، هەر هەمووی بۆ ئەو خەڵكە دەكاتەوەو چەكیان بەسەردا دابەش دەكات. عەشایەری كورد لەهەموو لایەكەوە كۆدەكاتەوە.

ژمارەیەكی یەكجار زۆر هێزی چەكداری پشتگیری میری نوێ‌و ئەسفەهانی دەكەن. داوا لەهەموویان دەكات پشتیوانی میر بكەن‌و لەقسەی دەرنەچن.

لەیەكەم رووبەڕووبوون‌و پێكدادان لەگەڵ سوپای (شێروە)دا، میر سەردەكەوێت‌و دەستكەوت‌و عەمبارێكی زۆری دانەوێڵە لەسوپای شێروە جێدەمێنێت. میر



(نصرالدولة) پووشێك بۆ خۆی هەڵناگرێت‌و هەر هەمووی بەسەر هێزەكەدا دابەش دەكات. رۆژ بە رۆژ هێزی چەكداری میر فراوانتر دەبێت.

كاتێك شێروە هەست دەكات، سوپای میر لەهەموو لایەكەوە بەرەو پێشەوە دێت‌و سەنگەری لێدەگرن، هەڵەیەكی كوشندە دەكات. پەیمانێك لەگەڵ بێزەنتینیەكاندا دەبەستێت‌و داوای یارمەتی سەربازییان لێ دەكات. ئەبو قاسمی ئەسفەهانی‌و (نصرالدولة) ئەم هەلە دەقۆزنەوەو بەدانیشتوانی شار دەڵێن: ئەوان دەستیان خستۆتە ناو دەستی كافرانەوەو دەیانەوێ وڵاتی موسڵمانان رادەستی مەسیحیان بكەن.

دیارە كاری سیاسی‌و پروپاگەندە كاریگەری خۆی هەبووەو لەنوێژی هەینیدا، خەڵك بۆ نوێژ كۆبۆتەوەو پەلاماری (شێروە)و (ئیبن فیلۆس) یان داوە. ئیبن فیلۆس لەو رووداوەدا كوژراوە. پەلاماری كۆشك‌و تەلاریان دراوە.

ئەم روداوە، رووداوێكی جەماوەری گەورە بووە، چونكە یەك هەزار سەربازی گورجی، كە (شێروە) پشتی پێبەستوون، داكۆكیان لێكردووە. ئەو هەزار سەربازە، بەكەوان، تیربارانی خەڵكیان كردووە، بەڵام نەیان توانیوە راپەڕینەكە كۆنترۆڵ بكەن. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ژمارەی ئەو خەڵكەی دژی "كودەتاچییەكان" راپەڕیون.

لەم كاتەدا، ئەو خەڵكە لەلایەن یەكێكی وەكو (ابا طیب محمد بن عبید بن المحور) رابەرایەتی كراون. ئیدی ئەم خەڵكەكەی بەتەواوی ئارام كردۆتەوە ئەم پیاوە، پیاوێكی دەوڵەمەندو خاوەن دارایی بووەو خەڵك بۆ چارەسەری كێشە، پرس‌و رایان پێكردووە. جگە لە (بن المحور) ناوی كەسایەتییەكی ترمان بەرچاو دەكەوێت (ابی طاهر بن الحمامي). پاش ئەم ناوی كەسایەتیەكی تری ناو بازاڕ (ابي حسن أحمد بن وصیف البزاز) دەنووسێت، كە بەناوەكەیەوە دیارە بازرگانی كوتاڵە. ئەم لەگەڵ (ابی ریحان) پەیوەندییەكی دۆستانەی هەبووە. ئەم دەست‌و پەیوەندو دارو دەستەیەكی زۆری هەبووە. هەردوو بەرنامەی پارێزگاری خەڵكیان داناوەو دڵی خەڵكیان خۆش كردووەو هاریكاریان كردوون.

ئەمیر (ابا نصر) لەچەند لایەکەوە پەلاماریان دەدات. ئیدی (ابن وصیف) دەزانێت، ئەو خەڵکە کاری لەکار دەترازێتو دەترسێت زۆربەی زۆری خەڵك (العامة) بەدەنگ میرەوە بچنو داوای ئاشتی لێبکەنو ئەم وەکو دوژمن لەسەنگەری خۆیدا بمێنێتەوە. بۆیە پەیامی ئاشتی ڕەوانەی میر کرد. سەیر ئەوەیە ئەو گوتارەی (ابن وصیف) دەیخوێنێتەوە، یەك دووریی ئابووریو دارایی هەیەو هیچ لایەنێکی دی نییە.

لەناو مزگەوتێکدا کۆبوونەوەی بەگەورەو مەزنو دەسترۆیشتووانی وڵات کردو پێی گوتن: (الی کم نصبر تحت الحصار، والی متی نحن فیه، وقد خربت بیوتنا واملاکنا، وبطلت معایشنا ومکاسبنا؟) ص١٠١. ئەگەر یەکێك لەڕستەی سەرەوە تۆزێك ورد ببێتەوە، هەموو بیانووی(پرۆژەی ئاشتبوونەوە)یەو پەیوەندی بەبازاڕەوە هەیە (خربت بیوتنا واملاکنا) واتە: ماڵمان وێران بوو، موڵکمان شێوێنرا (وبطلت معیشتنا ومکاسبنا) واتە: ژیانو گوزەرانمان کاول بوو. تەنیا ئەم جۆرە گوتارەش کار دەکاتە سەر بیرو هزری خەڵکی بازاڕ، چونکە ئەو باسی بەرژەوەندیو دەستکەوتیانی کردووە، کە بەهۆی ئابڵوقەو گەمارۆدانەوە زیانی زۆر بەرکەوتووە.

## دانانی وەزیر

چیرۆکی دانانی وەزیر لەدەوڵەتی دۆستکیدا گرنگی خۆی هەیە. میرەکان سەیری ناسنامەو ڕەچەڵەكو ڕابردووی سیاسیو مەزهەبی ئەو کەسانەیان نەکردووە، بەڵکو تەنیا سەیری بەهرەو کارامەیی ئیدارییان کراوە:

یەکێکی وەکو (نصرالدولة) یەکەمین جار (ئەبو قاسمی ئەسفەهانی) کردۆتەوە وەزیر، کە خەڵکی ئەسفەهان بووە. پیاوێکی ئیداریو دڵسۆزو تاجی میرایەتی کردۆتە سەر (نصرالدولة)و دەوڵەتەکەی بوژاندۆتەوەو لەچنگ کودەتاچیو یاخیبووەکان وەریگرتۆتەوەو بەباشترین شێوە کاروباری حوکمکردنو دەوڵەتداری بەڕێوە بردووە.



پاش مردنی ئەبو قاسمی ئەسفەهانی لەساڵی ٤١٠ ك (١٠٢٠ز) میر، مەغربی (ابو الحسن علي بن الحسين المغربي) بۆ پلەی وەزیری هەڵبژارد.

ئەم وەزیری (المعز) بوو لەقاهیرەی سەردەمی خەلیفە فاتمیەکان. واتە: ئەم میرە سونییە کوردە، بەلایەوە ئاسایی بووە وەزیرەکەی عەرەبێکی شیعەی فاتیمی ـ میسری بێت. وەزیری مەغریبی(٣٧٠ ـ ٤٢٨ك) ئیدارەی دەوڵەتی دۆستکی لەسەر شێوەی دەوڵەتی فاتیمیو دەوڵەتی عەباسی دروستدەکاتەوە. پاش هەڵهاتنی لەقاهیرە ڕوودەکاتە بەغدا... هتد.

بەگوێرەی بۆچوونو لێکدانەوەی فارقی، دەبێ هۆی ڕووخانی دەوڵەتی دۆستکی گۆڕاندنی وەزیرێکی ئیداریو سیاسی بووبێت، بەوەزیرێکی نەشارەزاو بێ ئاگا لەئیدارەو کاروباری سیاسی:

ناصر الدوله (١٠٨٠ـ ١٠٨٦ ز) دوامیری دەوڵەتی دۆستکی، وەزیرێکی زیرەكو ئیداریو وریای دەبێتو ناوی (أبوطاهر الأنباري) دەبێت. فارقی دەنووسێت (ودبر الدولة وساس الملك احسن سیاسة مدة) ئەم ڕستەیە نیشانەیە، کە (ئەبو تاهیر) وەزیرێکی سیاسی بووەو هەر زۆر بەوردی کاری کردووە. باوکی ئەبو تاهیری ئەنباری، کەناوی (ابو فضل ابراهیم الانباري) لەسەردەمی (نظام الدین)ی کوڕی نەسر ئەلدەولە وەزیر بووەو ساڵی ٤٥٨ ك (١٠٦٦ ز) کۆچی دوایی کردووە. پاش مەرگی وەزیر کوڕەکەی (ابوطاهر الأنباري) جێگەی باوکی دەگرێتەوە. فارقی دەنووسێت: (فقيل لنظام الدين: هذا شاب وصيي، والوزارة لاتليق إلا بأصحاب الرأي والمشايخ، الذين جربوا الدول، فقال: أنا قد رضيت، وسترون مايخرج من هذا، ولقبه عين الكفاة، وترتب في الوزارة وساس الناس والبلاد أحسن سياسة) ص١٨٥ ناصر الدولة، پاش چوار ساڵ حوکمڕانی بڕیاری دەرکردنو گرتنو زیندانیکردنی وەزیر دەداتو کابرایەك دەدۆزێتەوە دوکانێکی لەبازاڕی عەتارەکاندا هەبووەو ناوی (ابو سالم) بووەو ئاوەڵناوی (طبیب)ی پێوە بووە. دیارە "دکتۆر"ی ئەو زەمانە، بڕوانامەی پزیشکی لەزانکۆی کامبریج

وەرنــەگرتووە، تــەنیا گــژوگیای پزیــشکی فرۆشــتووەو ئاشــنایەتی لەگــەڵ بنەماڵــەی فەرمانڕەوادا هــەبووە: (وتقدم عندالأمير طبيب اسمه ابو سالم، وكان لــه حــانوت بــسوق العطارين) ص٢٠٦ ئەم عەتارە دیارە کابرایەکی لێزانو زمان لووسو ماستاوچی بـووە، هەر زوو توانیویەتی جێگەی خۆی لـەناودڵی بنەماڵـەی فـەرمانڕەوادا بکاتـەوە، هەرچـی کاروبـاری دەوڵـەت هەیـە، بەدەسـتیەوە بگرێـتو هـەموو دەوڵـەت کەوتـە ژێـر چـنگی ئەبوسالمو ژنەکەیەوە.

بەهۆی ئیدارەی شێواوو شپرزەی ئەبوسالمەوە، وڵات تووشی پشێویو نائارامی هـات. (بن جهير) کە ماوەیەك وەزیری (نظام الدین)ی دۆستکی دەبێت، لەوێ لەکار دەرکرابوو. هەر یەکـسەر رووەدەکاتـە بەغـدا، لای (القـائم بـأمرالله) دەبێتـە وەزیـرو لای سـوڵتانی سەلجوقیش پۆستی وەزارەتی پێسپێردرا، هانی سوڵتان مەلکشاە کوڕی ئەلپ ئەرسـەلان (١٠٧٢ ـ ١٠٩٢ز) دەدات بۆ داگیرکردنی دەوڵەتی دۆستکی. (بن جهير) زاوای خواجـة نظام الملك دەبێت. فارقی دەنووسێت (تحدث مع أخواجا نظام الملك، ووصـف لـه الـبلاد وملك بني مروان وذخائرهم وماعندهم من الأموال والجواهر، وضمن له أخذ البلاد وأن يحصل من أموالهم، ما لايحصى كثرة، فتحدث أخواجا مـع الـسلطان وقـال لـه: تلـك البلاد قد خلت، وبها فخر الدولة رأسها ومقدما عليهم، وسـار وقـصد ديـاربكر. فلمـا قارب البلاد وسمع ناصر الدولة وتحقق الحال، رتـب أمـر الـبلاد وسـلمها إلى أبـي سـالم الطبيب وزوجته، وأمر الجند والناس بالانقياد إلى أمره والا يخالف) ص٢٠٨.

سوپای سەلجوقی بەرەو شارەکانی ناو دەوڵەتی دۆستکی، لە هەموو لایەکەوە، کشان. میر ناصر الدوله، خۆی دەگەیێنێتە دەرباری سوڵتان. سوڵتان پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات (میافارقین وئامەد) بەدەست مـیری دۆسـتکیەوە بمێنێتـەوەو جـەزیرە رادەسـتی سـوڵتان بکرێت. بەکورتی: دەوڵەت، دابەشی دوو بکرێتو هەرلایەك نیوەی بەربکەوێت. میر، بـۆ بیرکردنەوە، داوای ماوەی شەوێك دەکات. ئەو شەوە بۆ بەدبەختی میر، نامەیەکی لە ئەبو سالمی وەزیرەوە پێدەگات: گوایە دەوڵـەتی دۆسـتکی ئەوەنـدە بـەهێزە، ئەوەنـدە بـەهێزە،



بەرامبەر دەوڵەتی سەلجوقی، ئەگەر بێتو دەساڵی رەبەقیش گـەمارۆ بـدرێت، دەتوانێـت بـەرەنگاری خـۆی بکـاتو سـەرکەوتنیش بەدەسـت بهێنێـت. مـیر، بەقـسەی ئـەو خـۆی هەڵدەخڵەتێنێتو بەمانەوەی حوکمڕانی لەنیوەی مەملەکەتدا رازی نابێت رێگـەی شـەڕو شۆڕ هەڵدەبژێرێتو دەرۆژیش بەرگری پێناکرێت!

## سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو کۆڵەکەی شارستانی

شاری میافارقین، پایتەختو دڵی مەملەکەت بووە: شـارێکی ئـاوەدانو دەوڵەمەنـدو زیندوو بووە. هەروەکو قەڵایەکی گەورە، لەهەرچوارلاوە، شوورەیەك، پایتەختی لەهێرشی دەرەکیو پەلامار پاراستووە.

لەسەردەمی(نـصر الدولـة)دا، بزاڤێکـی ئاوەدانکردنـەوەی بـەفراوان دەسـتپێدەکات. ئاستی ژیانی خەڵك بەرز دەبێتەوەو خـەڵك هـەمووی دەوڵەمـەنـد دەبێـتو بازرگانـەکان، لەهەموو لایەکەوە رووەدەکەنـە ئـەوێو گەشـەکردنێکی ئـابووری گـەورە رەچـاو دەکرێـت. لەرۆژێکـدا بازرگانێـك (٥٠٠) دینـاری ئۆرمانۆسـی قـازانج دەکـات، کەئەمـە بـۆ ئـەو زەمانە، پارەیـەکی زۆر بـووە. مـیر، کاتێـك دەبیـستێت، بازرگانێـك لەرۆژێکـدا (٥٠٠) دینار قازانج دەکات، بانگی دەکاتو لێی دەپرسێت ئایا ئـەم دەنگۆیـە راسـتە، چـونکە من بڕوام بەوە نەکردووە، بازرگانێك دەسکەوتەکەی ئەوەندە زۆربێت؟

نصر الدولة، شارێك لەنزیك میافارقین دروست دەکاتو بازاڕو خانوویەکی زۆر لـەوێ دروست دەکات. لەکاتی بەهاراندا، جوانترین دیمەنی هەبووەو لەوێ کاتیان بەسەر بردووە. ئـامێرێکی ئـاو هـەڵگۆزینی (دۆلاب)ی لەسـەر رووبـاری باتمـان دروسـتکردووەو لـە (ناعوور) پێشکەوتووتر بووە، ئاوی زۆرتری لەناعوور هەڵگۆزیوەو بەشی باخو حـەمامو مـالانی کردووە. ئەستێڵو گۆمـاو دروستکراوەو باخو باخچەش ئەو ناوەی رازاندۆتەوە.

بازرگانێك (ابابكر محمد بـن جـرى) کـە پیـاوێکی دەوڵەمـەنـدو دەسترۆیـشتوو بـووە، کەناڵێکی هەڵبەستووەو بڕی (٥٠٠٠٠) پـەنجا هـەزار دینـاری لـەگیرفانی خـۆی خـەرج

کردووەو ئاوی گەیاندۆتە ناو گەڕەکەکانی شار. جۆگەکە نزیکی ماڵی خۆیان بووە، بەڵام ئەو نەیویستووە یەك دڵۆپە ئاو بگەیێنێتە ماڵی خۆیان، هەر بۆئەوەی کەس نەڵێت: بۆخۆی ئەم کارەی کردووەو ئاوی بۆ ماڵی خۆی راکێشاوەو ئەمە کەی پیاوەتییە؟

لەمیافارقیندا نەخۆشخانە (بیمارستان)و قوتابخانە هەبووە. نصر الدولة سەعاتێکی (بنگام)[12]ی لە مزگەوتی میافارقین داناوەو پارەیەکی زۆری لەسەر سەرف کردووەو ناوی خۆی لەسەر سەعاتەکە داناوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پیشەسازی سەعات دروستکردن (سەعاتسازی) دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی یانزەی عیسایی.

## شەوانی میافارقین

پاش مردنی (نصر الدولة) یەکێك لە یەکێکی تری پرسیووە: ئایا نەسر ئەلدەولە چەند ساڵ میرایەتی کرد؟ ئەوەکەی تر دەڵێت: تەنیا (٥٣) ساڵ. ئەوەکەی تر دەڵێت: ئەی بۆ ناڵێیت: (١٠٦) ساڵ؟ چونکە شەوانی لەڕۆژانی خۆشتر بووە: (ولقد سعد مالم یسعد مثله أحد، ولقد کان لغیره من السلاطین والملوك والبلاد والأسم مالم یکن له مثله ولکن ماتنعموا مثل ما تنعم نصر الدولة، ولا نالوا من اللذة ورفاهة العیش ما نال، ولاحصل لهم ماحصل له من النعم والاموال والأولاد.) ص١٧٢.

نصر الدوله چوار ژنی هەبووە: یەکێکیان (الفضلونیة بنت فضلون ابن منوجهر)ی میری (ئاران‌و ئەرمینیا) و کچەکەی شەرەف ئەلدەولە، ئەلفەرەجیە، ژنی چوارەمی کچی (سەنحاریب)ی مەلیکی (سینانە)، کە دەوڵەتێکی ئەرمەنی بووە.

کەواتە: دووان لەژنەکانی ئەرمەنی بوون‌و نەکورد بوون‌و نە موسڵمان. ئەم ژنهێنانە، ژنهێنانێکی سیاسی بووەو نەسر ئەلدەولە، ویستوویەتی پرد و پەیوەندیو دەرگای دۆستایەتی لەگەڵ میرنشینە ئەرمینییەکاندا کراوە بێت.

ئەم میرە (٣٦٠) جاریەی هەبووەو هەر شەوێك یەکێکیان لای ماونەتەوە. واتە: میر لەگەڵ هەر جاریەیەکدا ساڵانە جارێك یەکتریان بینیوە. سەیر ئەوەیە هەرپاش ئەوەی فارقی دەنووسێت (وکان له ثلثمائة و ستون جارية حظايا، وفيهن عمالات وكان لاتصل نوبة احداهن في السنة إلا مرة واحدة،..) هەر یەکسەر دەنووسێت: (وكان في كل ليلة له عروس جديدة...) ص١٦٩ ئەگەر هەر ئێوارەیەك بوکێکی تری بۆ دابەزیبێت، ئیدی چۆن ساڵی ئایندە نۆبە هاتۆتە سەر یەکێك لە (٣٦٠) جاریەکە؟ ئەم رستەیە (نفی) رستەی پێشوو دەکات‌و دیارە ریزەکە تێکچووەو جەنابی میر کۆمپیوتەری نەبووە، تاوەکان بەئاسانی بدۆزێتەوە.

لەناو چوار ژنەکەی (نصر الدولة) دا، ناوی یەکێکیان نووسراوە (الفرجية) من پێم وایە: ئەمە هەڵەیەو فارقی زانیاری راستی لانەبووە، بۆیە بێپەرواو لێکدانەوە، هەوڵەکەی گواستۆتەوە ناو تێکستەکەی خۆی. ئەم (فەرەجیە) یە ژنێکی سترانبێژی دەنگ خۆش بووە. جاریەی کابرایەکی میسری بووە بەناوی(الأستاذ فرج)بووە، دیارە ناوی ئەو ژنە گۆرانیبێژە لەسەر زمان قورس بووە، لەبەر ئەوە بەناوی مامۆستاکەیەوە ناوی (فەرەج) بە مێیی (فەرەجییە) بەسەریدا بڕاوە. ئەم ژنە ئەوەندە جوان‌و دەنگخۆش بووە، هەر میر دەیبینێت، ئاوری تێ بەردەبێت. داوا لەمامۆستاکەی دەکات پێی بفرۆشێت. ئەویش دەڵێت: ((من منالێکم لێی هەیەو ناتوانم پێت بفرۆشم!)) میر ئۆقرەی لەبەر دەبڕێت‌و بەهەر شێوەیەك دەبێت (جارية)کە لەدەست مامۆستای سترانبێژی میری دەردەکات.

((ووصل إلى ميافارقين رجل من مصر يسمى الأستاذ فرج ومعه جارية لم ير مثلها، ولا مثل صناعتها في الغناء بالعود، وكان معها ولد لها من أستاذها يسمى محمدا ويكنى أبا الوفا، وكان يكرم الأمير أستاذها فاستهام الأمير بها بحيث إنه لم يكن له عنها صبر البتة، فطلب من أستاذها أن يشتريها فلم يقبل. وقال: لي منها هذا الولد، ولا يجوز بيعها. وضاق صدر الأمير من ذلك، وأحبها محبة عظيمة، بحيث لم يكن له عنها صبر، فلما علم أنها لاتباع تزوجها من أستاذها..)) ص١٢٢

یەکێك لەژنەکانی میر، کە کچی میری ئاران‌و ئەرمینیا بووە، بەتوندی دژی ژنهێنانی میربووە، بەم شێوەیە، کە میر ژنی بەسەردا دەهێنێ. هەر یەکسەر بۆ ماڵی باوکی

گەڕاوەتەوە. بەڵام مەلیکی خاوەن شکۆی عاشق، چۆتە بەرگی ڕۆمیۆو وەلی دێوانەوە: دیارە لەبەر ئەو ژنە نوێیە، نە گوێی بە تێکچوونی پەیوەندی دیپلۆماسی داوەو نە گوێی بەشەڕ بەرپابوون و لەشکرکێشی داوە.

کتێبی بیر و هۆشیاری

## پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسەتی بەلانس ڕاگرتنی ئاشتیانە

میر(نصر الدولة) ماوەی پەنجاوسێ ساڵ ڕێبەرایەتی دەوڵەتی دۆستکی کردووە، لەماوەی ئەم(٥٣) ساڵەدا، بایەخی بە بووژانەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە داوە. ئاستی ژیانی خەڵکی باشتر کردۆتەوەو ڕێگەی بە زۆرانبازی و ململانێی ناوخۆیی نەداوە. بەرامبەر دەرو دراوسێ، لەڕێگەی گفتوگۆو دڵڕازیکردن و "دیاری"و خەڵات و بەراتەوە، ترسناکترین ئەگەری هێرش و پەلاماری سەربازی لەسەر دەوڵەتی دۆستکی دوورخستۆتەوەو هەمیشە ڕێگەی ئاشتی هەڵبژاردووە.

ئەم سیاسەتەی(نصر الدولة) پەیڕەوی کردووە، کە بریتی بووە لەخۆپاراستن لەسەرەڕۆیی و یارمەتیدانی تەقینەوەی ناکۆکی سەربازی لەسەر سنوورەکان، بەهۆی سیاسەتی بووژانەوەی ئابووری، تەقینەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دواخستووە، یان بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری کردوون.

ئەم کتێبە پێویستە لەلایەن دەزگایەکی زانستی کوردستانییەوە، سەرلەنوێ سەرجەمی دەسنووسەکە بڵاوبکرێتەوە، چونکە (د. بدوي عوض) تەنیا بەشێکی ڕاستکردۆتەوەو هەر ئەو بەشەی بڵاوکردۆتەوە، کە خۆی بە پێویستی زانیوە. هەقە هەرچی کۆن و نوێ لەسەری نووسراوە، هەر هەمووی پێکەوە بڵاوبکرێتەوە.

من هەرچەند بە ئەوپەڕی ڕێزو پێزانینەوە بۆ کارو ماندوبوونی: د. بدوي عبداللطيف عوض دەڕوانم، کە دەسنووسی ئەم کتێبەی لەتاریکی ئەرشیفی دەسنووس و مۆزەخانەی لەندەن و ئۆکسفۆردەوە خستۆتە بەردەستی خوێنەران، بەڵام ئەو بەس لەسەر دەقەکان کاری کردووەو هەندێ جار نەیتوانیوە چارەسەری ڕستەی پچڕاوو ناوی نەزانراوو



گێڕانەوەی هەواڵی شێوێنراو بکات. وێڕای ئەم کەم و کورتیانە، ئێمە هەر زۆر قەرزاری ئەو زانایەین، کە دەسنووسەکەی بۆ ئێمە پەیداکردووەو چاپی کردووەو ئەڵقەیەکی ونی مێژوویی کوردستانی دۆزیوەتەوە.

لەنێوان ئەم کتێبەو بەشێك لەشیعرەکانی سالم بەگی صاحێبقراندا، هێڵی هاوتەریب و تێکشکانی سێبەر هەیە: هەردوولا لەسەر ئەزموونی لەدەستچوون و لەناوچوونی دەسەڵات نووسیویانە، یەکێکیان بەپەخشان و ئەوەکەشیان بەشیعر. ئێمە لەکاتێکدا بەشانازییەوە لەسەر ئەزموونی دەسەڵات دەنووسین، پێویستە ناخۆشی و ژێرکەوتن و نسکۆمان بیرنەچێتەوەو بەردەوام تارمایی تێکشکانمان لەبەرچاو بێت.

(ابن اسد الفارقی) ڕابەری هەڵسانەوەو بەرگری دەکات و دژی داگیرکەران شەڕ دەکات و لەئەنجامدا سەری دادەنێت. سالم بەگی صاحێبقران دڵۆپەی فرمێسک دەکاتە شیعرو قەسیدە دەکاتە کامێرا وێنەی درامای ڕووخاندنی میرنشینێك دەگرێت.

## سەرچاوەو ژێدەر


١. احمد بن يوسف بن علي الازرق الفارقي: تأريخ الفارقي، حققه وقدم له: د. بدوي عبداللطيف عوض. دار الكتاب اللبناني ــ بيروت ١٩٧٤.

ـ ئەم کتێبە کراوەتە کوردی لەلایەن د. قادر محەمەد پشدەریو ئاکۆ بورهان محەمەدو کتێبەکە ناوی (مێژووی میافارقینو ئامەد)ە ئیبنو ئەزرەقی فارقی، چ١، هەولێر ٢٠٠٧.

٢. ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب مسكويه: تجارب الأمم وتعاقب الهمم (المتوفى ٤٢١ هـ) تحقيق (سيد كسروي حسن) دار الكتب العلمية بيروت ـ لبنان ٢٠٠٣.

٣. محمود ياسين التكريتي: (الأمارة المروانية في دياربكر والجزيرة) ئەمە نامەی ماجستێرەو ساڵی ١٩٧٢ پێشکەش کراوە. بڕوانە: پێشەکی کتێبەکەی عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية. پێویستە ئەم نامەی ماجستێرە چاپ بکرێتو بکرێتە کوردی بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز سوودی لێ وەربگرن.

4. Minorsky. V: Caucasia in the History of Mayyafariqin .1949

٥. عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. مطبعة اللواء. ج١، بغداد ١٩٧٢.

٦. بەرەسمی ناوی (سلیڤانی)یەو (٧٠) کم ڕۆژهەڵاتی باکووری دیاربەکرە.

٧. مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، بنەماڵەی مەروانییەکان بۆ گوندی (کرماص) دەگێڕێتەوەو خەڵکی گوندەکە ئاشێکی کۆنیان پیشانداوە، کە پێی دەڵێن: "ئاشی مەروانیا" دیارە ئەم ئاشە، مەروان دایمەزراندووەو ئەم زانیاریەم لەمامۆستا عبدالرقيب وەرگرت.

٨. بن خلكان: وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان. حققه (الدكتور يوسف علي الطويل والدكتورة مريم قاسم الطويل)، المجلد الأول، دار الكتب العلمية ـ بيروت ص ١٨٧.





٩. الدكتور محمد علي الصويركي: معجم أعلام الكرد، بنکەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٥ ص ٧٠.

١٠. ئەم دوو دەسنووسە لەکتێبە بزرەکاننو بەهۆی ئاماژەی نووسەرو مێژوونووسانەوە دەزانین دوو کتێب بەم دوو ناوە هەبوون.

١١. زاراوەی بەزاز (البزاز) لە (البز)ەوە وەرگیراوە.

١٢. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میکانیكو سەعاتسازی، بڕوانە: ماجد عبدالله الشمس: مقدمة لعلم الميكانيك في الحضارة العربية، ج١، جامعة بغداد ـ مركز احياء التراث العلمي العربي ـ بغداد ١٩٧٧ ص١٤٩.

ـ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢ (المصدر السابق) ص٣٠٦.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



مەكتەبی بیروهۆشیاری

# جەزیری‌و
# جیهانی ئەزموون

ئێمە ئەگەر مافی ئەوەمان هەبێت، لەسەرانسەری مێژووی کوردستانی سەدە ناوەڕاستەکاندا، نازناوی خاوەن ((گەورەترین ئەقڵ لەجیهانی هەندەسەی میکانیکیدا)) بەکەسێك ببەخشین، ئەوە ئەو نازناوە سیحراوییە، بەبێ کێبڕکێ، بەر(ابن الرزاز الجزري) دەکەوێت. ئەو لەجیهانی ئەزموونو تاقیکردنەوە تیۆرییە میکانیکیە پێشتر دانراوەکاندا، هیچ کەس پێشی ناکەوێت.

((بەدیعولزەمان)) یان ((ئیبن ئەلرەزاز ئەلجزیری)) ناوی تەواوی خۆی بەم شێوەیە لەدەسنووسەکەیدا نووسراوە: ((الشیخ رئیس الأعمال بدیع الزمان ابو العز بن اسمعیل بن الرزاز الجزری)) بەم شێوە لەکتێبە بەناوبانگەکەی (الجامع بین العلم والعمل النافع في صناعة الحیل)) ناوی خۆی تۆماری کردووە. لەوە زیاتر لەو کتێبەدا، کەمترین تیشکی خستۆتە سەر ژیانو بەرهەمەکانی خۆی. ئێمە تەنیا بەخەملاندنو لێکدانەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامگیری هەڵبژرکاو سەبارەت بە ژیاننامەو کەسایەتیو داهێنانەکانی ئەو، لەبواری هەندەسەی میکانیکیو هایدرۆلیك Hydrology یان هایدرۆمیکانیك Hydromechanik.

ئێمە هەر بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری لەدەسنووسەکەی دەربارەی ناوو کەسایەتیو پلەوپایەیمان دەست بکەوێت، هەوڵدەدەین هەنگاوی یەکەم ناوەکەی شیبکەینەوە: ((الشیخ)) لێرەدا، نە بەڵگەیە لەسەر پلەیەکی ئایینیو نە لەسەر شوێنو جێگەیە لەپەیژەی کۆمەڵایەتیو ستركتووری خێڵو عەشیرەتدا. لەکۆمەڵێکی شاریدا، ئەم نازناوە بەکەسێك بەخشراوە، سەرۆکایەتی بەشێکی ناو شارو کارو ئیدارەی دەوڵەتی پێسپێردرابێت.

((رئیس الأعمال)): سەرۆکی کارەکان، واتە: ئەو بەڕێوەبەرو سەرۆکی یەك ((یەکە))ی پیشەسازی، یان ئیداری نەبووە، بەڵکو سەرۆکایەتی چەندین کارو یەکەی لەیەك کاتدا کردوە. سەرۆکایەتیو بەڕێوەبردنی چەندین پڕۆژەی پێسپێردراوە. نازناوی



سەرۆکی کارەکان، بەڵگەی دەسترەنگینیو کارامەییو لێزانییە لەجێبەجێکردنی سەرجەمی کارەکانیدا، کە سەرکەوتوو بووە. ئەگەر سەرکەوتوو نەبوایەو بەلووتکەی هەندەسەی میکانیك دانەنرایە، ئەوەندە جێگەی بڕوا نەدەبوو، هێندەش سەرشانی بە ((ئەركو فرمان)) قورس نەدەکرا.

ئەو باوکی نێوی لێ نەناوە ((بەدیعولزەمان))، ئەم نازناوە لەکارەوە بۆی ماوەتەوە، ئەمە دانپێدانانو پێزانینی دەسەڵاتی سیاسیو بازنەی زاناو کارمەندانە بەداهێنانو بەرهەمەکانی. ئەگەر ئەو گەورەترین کارامەو داهێنەری زەمانی خۆی نەبوایە، کەس بەشایانی ئەوەی نەدەزانی، نازناوێکی ئەوتۆی پێبدات. ئەو زمانە وەکو ئێستا نەبووە، نازناو بەکەسێك بدرێتو شایانی ئەوە نەبووبێت.

هەنگاوی دووەم: سەبارەت بەناوی دەسنووسەکەی (الجامع بین العلم والعمل النافع في صناعة الحیل) کە ساڵی ٦٠٢ك (١٢٠٥ز) دانراوە: مەبەستی ئەو کۆکردنەوەی (زانیاری)و (کار)ی بەسوود بووە. واتە: ئەم زانایە لەسەر دوو تەوەر کاری کردووە، (زانیاری) تیۆری، یان تێڕوانینی زانایانی پێش خۆی، کە ویستویانە لەبواری ((میکانیك))و ((هایدرۆلیك))و ((فیزیك))دا گەشە بەتاقیکردنەوەی کەسانی پێش خۆیان بدەن. ئەم، یەکەمین جار نووسینە یۆنانیو بەرهەمی زانا موسڵمانەکانی بەوردی خوێندۆتەوە. بەڵام خوێندنەوەی ئەم، تەنیا لەپێناوی خوێندنەوەو فراوانکردنەوەی زانیاریو ((معرفة)) نەبووە، بەڵکو هەرچی کاری تیۆری دەستکەوتووە، دایگرتۆتە نێو لابوور ـ Labouratory ((تاقیگە)).

ئەو سەلماندنی موختەبەری بەپێوەری راستەقینەو سەنگی مەحەك داناوەو هەرچی لەناو ((تاقیگە))دا نەسەلمێنرابێت، بەهەندی وەرنەگرتووە.

## بەعەرەبكردن

زۆر جێگای داخە، مێژوونووس و نووسەرە کوردەکان بایەخێکی ئەوتۆیان نەداوەتە نووسین و داهێنانەکانی جەزیری. هێشتا کەس خۆی بۆ ئەوە تەرخان نەکردووە، نامەی دکتۆرا لەسەر ژیان و کارەکانی بنووسێت، یان کۆنفرانسێکی تایبەت لەسەر ئەم زانایە بکرێت و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بڵاوبکرێتەوە.

نووسەرە عەرەبەکان راست و رەوان و بەبێ پێچ و پەنا، جەزیری بەعەرەب دادەنێن. یەکەمین جار د. ئەحمەد سوسە لەکتێبی (تاريخ حضارة وادي الرافدين) بەزۆرو بەبێ بەڵگە (بديع الزمان)ی کردۆتە عەرەب، هەر لەبەرئەوەی کتێبەکەی بەعەرەبی نووسراوە. دووەمین جار (ماجد عبداللة الشمس) کە کابرایەکی مەندائیەو عەرەب نییە، لەبەر دڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا، دەسنووسەکەی جەزیری وەکو خۆی بڵاوکردەوەو لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە: (مقدمة لعلم الميكانيك في الحضارة العربية) ئەم هەرچەند مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف کاتی خۆی بەڕاشکاوانە تێیگەیاندووە، کە (جەزیری) کوردە، بەڵام ئەو بەزۆرەملێ ناسنامەی کوردستانی زانایەکی کوردی گۆڕیوەو بەعەرەبی داناوە، هەر لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی بەکارهێناوە.

## ژیان و سەردەم

سەبارەت بەژیان و ژیاننامەی ئەم زانا بلیمەتە، ئێمە شتێکی ئەوتۆ نازانین، تاریکی و لایەنە نەزانراوەکانی پێ روون بکەینەوە. ئەو ساڵی ٦٠٢ك (١٢٠٥ز) دەسنووسەکەی نووسیووەو هەر لەهەمان ساڵیشدا کۆچی دوایی کردووە. چونکە ئەو کەسەی کتێبەکەی لەو ساڵەدا سەرلەنوێ نووسیوەتەوە، بە (المرحوم) ناوی بردووەو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کۆچی دوایی، پاش نووسینی ئەم کارە لەساڵی (١٢٠٥ز)دا.



ئیبن ئەلرەزازی جەزیری دەنووسێت: ئەم بەرهەمە پێشکەش بە (الملك الصالح ابي الفتح محمود بن محمد بن قرا أرسلان ملك دياربكر) کردووەو ماوەی (٢٥) ساڵ لەخزمەت باوك و براکەیدا بووە. سەرەتای دەستبەکاربوونی لەسێبەری ئیدارەی دەوڵەتی ئەرتەقیدا بەساڵی ٥٧٠ك (١١٧٤ز) دیاری کردووە. سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە مەلیك مەحموودی ئەرتەقی ساڵی ٥٩٧ك (١٢٠٠ز) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. بەدووریش نازانرێت مەلیك مەحموود یەکێك لەقوتابییەکانی ئیبن ئەلرەزاز نەبووبێت و وەکو گەنجێك، یان مێردمناڵێك حەزی لەفێربوونی زانیاری میکانیکی و فیزیکی نەبووبێت!

رەنگە خوێندکارێکی لاو پرسیارێك لەخۆی بکات: بۆ ئەم کەڵە زانایە بەکوردی دەستنووسێك بۆ جێنەهێشتووین؟

بۆ خزمەتی داگیرکەرێکی کردووەو زانستەکەی بەمەلیکێك پێشکەش کردووە، کە بەشێك لەمێژوونووسانی ئەو سەردەمە بەزاڵم و خوێنرێژو نادادپەروەرو داگیرکەری کوردستان، ناو دەبرێت؟

**یەکەم:** ئەو زەمانە بیرو هۆشی سیاسی وەکو ئەمڕۆ نەبووەو خەڵك رەنگە بۆچوون و تێگەیشتنی ئاینی پێش هەست و هۆشی (ئیتنی ـ Ethny) دانابێت.

**دووەم:** ئەم زانایە سیاسی نەبووەو تا سەر ئێسك شەیدای زانستی هەندەسەی میکانیك و هایدرۆلیك و فیزیك بووەو نەیتوانیوە لەسنووری (تاقیگە)و لێکۆڵینەوەی تیۆری و تاقیکردنەوەیان لەبواری عەمەلیدا بیر لەشتی تر بکاتەوە.

**سێیەم:** ئەو زەمانە نە زانکۆی ((کوردی))و نە زانکۆی ((ناکوردی)) هەبووە، زانایەکی بلیمەت کاری تێدا بکات و خزمەتی مرۆڤایەتی پێ بکات. پەیداکردنی کەرەستەی ئەزموون و تاقیکردنەوە، تەنیا بەدەوڵەت و کەسانی خاوەن پارەو دەسەڵات، لەشاردا، دەکراو پێشوازی لێ دەکرا. کوێخایەکی گوندی کورد بێت، یان تورك ئامادە نابێت پارە لەسەر پێشکەوتنی زانستی و ئەزموون سەرف بکات.

**چوارەم:** گەر هەر کەسێك، پاش جەزیری بیتوانیبایە گەشە بەداهێنان‌و (دۆزینەوە)کانی ئەو بدات، کوردستان بەرەو شۆڕشی پیشەسازی‌و فیکری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی هەنگاوی بنایە، گەلی کوردستان رۆژێ زووتر ئازادی‌و مافی خۆی بەدەست دەهێنا.

## گرنگی بەرهەم‌و کارەکانی جەزیری

نووسینەکەی بەدیعولزەمانی جەزیری، دەتوانرێت بەیەکێك لەکارە گرنگەکان لەبواری هەندەسەی میکانیکی‌و هایدرۆلیك، لەمێژووی سەدە ناوەڕاستەکاندا دابنرێت. نەکەس پێش ئەو، نەکەس پاش ئەو، لەو سەردەمەدا توانیویەتی کارەکانی وەکو ئەم، لەچەند بوارێکدا بگەیەنێتە لووتکە.

گومان لەوەدا نییە ئەم بەوردی ئاگاداری سامانی تیۆری‌و کردەوەی یۆنانییەکانی سەردەمی هێلینی بووە، بەڵام کوێرانە لاسایی نەکردۆتەوەو تەنیا کارەکانی ئەوانی نەخوێندۆتەوە، بەڵکو ((تاقیگە))ی کردۆتە پێوەری راستی‌و دروستی تیۆرییەکانی بواری هەندەسەی میکانیکی‌و فیزیك.

ئەو (٥٠) ئامێری نوێی داهێناوەو هەر ئامێرێك چەندین لق‌و پۆپی لێبۆتەوە. لەکۆتایی کتێبەکەیدا بەڕاشکاوانە ئاماژە بۆ دەریای ئەزموونی خۆی لەبواری هەندەسەی میکانیکی دەکات: من لەسەر پەنجا شێوەم نووسیووە، بەبنەمای لقە زۆرەکانیانەوەو قازانجە گەورەکانییەوە. هەر کەسێك بەدواداچوون بەدوای وەسفەکاندا بکات، زۆرتری لێ دەبێتەوە. من نەمویست لەسەر داهێنانەکانی خۆم بنووسم‌و ریسی دۆزینەوەکانم کردەوە خوری، چونکە مەترسی سەرلێشێوان‌و ئاڵۆزکانم هەبوو..

((وقد أتيت هذا الخمسين شكلا باصول فروعها كثيرة ومنافعها كبيرة ومن يحقق اوصافها ولد اضعافها، على انني الغيت ذكر كثيرا مما إخترعته من الاعمال وغوامض الاشكال محاذرة الالتباس والاشكال: وفيها ذكرته بلاغ المستفيد ومتاع للمستزيد))



یەکێکی تر لەبایەخ‌و گرنگی دەستنووسەکەی، یان دەستنووسەکانی کتێبەکەی جەزیری، بە (٥٠٠) مینیاتوور رازێنراوەتەوە. مەبەستی جەزیری ئەوە نەبووە، توانا و کارامەیی خۆیی لەنەخشەو وێنەکێشاندا بنوێنێت. ئەو وێنەو مینیاتوورەکانی بەمەبەستی روونکردنەوەی ئامێرە داهێنراوەکان کردووە. ئەم پێنسەد مینیاتوورانە بۆ ئەندازیارو میکانیك‌و هونەرمەندی تەشکیلی وەکو یەك گرنگن. ئەم مینیاتوورانە، ئەگەر زووتر دەستی هونەرمەندە پێشەنگەکانی پێبگەیشتنایە، دەتوانرا سوودیان لێ وەربگیرێت، یان وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری تەشکیلی دانرانایە.

## جەزیری پێڕەوی کام زاناو فێرگە کردووە؟

ئایا جەزیری لەکام زانکۆو فێرگە خوێندوویەتی‌و چۆن لەقوتابخانەی هەندەسەی میکانیك‌و هایدرۆتەکنیکدا، چاوی کراوەتەوەو فێربووەو هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە، کە لەسەرانسەری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم وێنەی هەیە؟

زانیارییەکانی جەزیری بەرهەمی کاری تیۆری پێشتر دانراوو ئەزموونی بەردەوامی خۆین لەناو (تاقیگە)و کارکردن‌و دۆزینەوەی نوێدا. ئەو، ئاگاداری کاری چەندین زانای ئەنتیك Antiquity و ژمارەیەك زانای سەردەمی ئیسلامە، کە لەبواری هەندەسەی میکانیك کاریان کردووە. ئیدی ئەو، خۆیشی هەرچی لەسەر قاقەزو لەناو دەستنووسی کۆن بینیویەتی‌و خوێندویەتیەوە، سەرلەنوێ تاقیکردۆتەوە، ئەگەر بۆی دەرکەوتبێت هەڵەیە، یان کەموکووڕی هەیە، گۆڕانی بەسەردا هێناوەو ئامێرێکی سوودبەخشی لێ دروست کردووە. ئەو بەکردەوەو رامان‌و لێکدانەوەی تیۆری، گەیشتۆتە داهێنانی نوێ.

ژێدەرو سەرچاوەی زانینی تیۆری‌و کارو بەرهەمی جەزیری، بەشێوەیەکی گشتی بۆ سەر دوو بەش پۆلێن دەکرێن:

ـ زانستی هێلینی یۆنانی ـ سەردەمی ئەنتیك، کە لەلایەن وەرگێڕە سریانی‌و عەرەب‌و فارس‌و... هتد. بۆ زمانی عەرەبی تەرجەمە کرا.

ـ زانستی سەردەمی خەلافـەتی عەباسـی، کـە زانـستکارە فـارس‌و عـەرەب‌و کـورد و سریانییەکان، لەسەر بنەمای زانستی هێلینی‌و ساسـانی‌و... هتـد، و ئـەزموونی خۆیـان گەشەیان بەزۆر لایەنی زانستیدا. جەزیری خۆی لەدەستنووسـەکەی ئامـاژە بـۆ نـاوی دوو زانا دەکات، کە ئەو ئاگاداری کارو بەرهەمەکانیان بووە.

١. ئـەپۆلۆنیۆس: ئـامرازێکی (زورنـایی) دروسـتکردووە، وادیـارە ئـەم داهێنانـەی ئەپۆلۆنیۆس لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ناسراو بووە: ((إنما ذكرت آله الزمر لكثرة تعسف من تقدم في ذلك واني وقفت على مقالة ابلينوس))

٢. ئەرخەمیـدس Archimedes (٢٨٧ ـ ٢١٢ پـێش ز. کـوژراوە): ئەرخەمیـدس بەوە ناسراوە، کە دەزگایـەکی ئـاو هەڵکێـشان‌و ئـاو داکێـشانی دروسـتکردووەو خـاوەن قانوونی هەڵچوونی ئاو (شلەمەنی) کاتێك گیانێکی ڕەقی تێدەکەوێت.. هتد بووە.

جـەزیری کارەکـانی ئەرخەمیـدس دەخوێنێتـەوەو سـوود لـەدەزگای لەولـەب بـۆ ئـاو هەڵگۆزین‌و داگۆزین وەردەگرێت. جارێکیـان لەسـەر تیۆرییـەکی ئـەو، کـاری کـردووەو هەرچـی کـردووە، هـیچ سـەرکەوتنێکی بەدەسـت نـەهێناوە. ناچـار بـووە، بەشـارەزایی‌و ئـەزموونی خـۆی بـەدوای (هـۆ)ی کورتهێنـانی تیـۆری بەرامبـەر ئـەزموون بـەکردەوەو سەلماندنی (تاقیگە) بگەڕێت. ئەمە خاڵێکی گرنگـە لەشـێوەی بیرکردنـەوەی جەزیریـدا. زۆر کەس هەیە، ئەوەندە بڕوای بەهێزی ئاوەزو هزری خۆی نییەو ئەزموون‌و تاقیکردنەوە ملکەچی هێزی تیۆری دەکات. تیۆری هەرچی ئەنجامێکی هـەبوو، ئـەزموون‌و کـردەوەو واقیع بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات.

وبعد أن صنع المصنف جهاز ارخميدس يخبرنا بمايلي: ((وإسـتخدمت هـذه الآلـة فلـم يصح بها العمل فبطل بها القياس وقام عـذر مـن تقـدم، فلـم يبـق إلا إتبـاع العمـل والتجربة..))

واتە: کارو ئەزموون ئەمیان گەیاندۆتە ئەنجامێکی ڕاست، نەك کارێکی (تیۆری) کە ڕەنگە دانەرەکەی خۆی توانای سەلماندنی نەبووبێت.



لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست ناوی دووکەسی هێناوە، کە ئەم چاوی بەکارو نووسـینەکانیان کەوتووە:

١. زانایەك ناوی (هبة الله الحسين الأسطرلابي) بووەو ساڵی ٥٣٤ك (١١٤١ز) کۆچـی دوایی کردووەو خەڵکی شاری بەغدا بووە. (هبـة الله) ئـامێرێکی فەلەکناسی دروسـت کردووەو نامـەیەکی زانستی نووسیووەو جەزیری نامـەیەکی زانـستی ئـەوی خوێندۆتـەوەو سوودی لێی وەرگرتووە. دوور نییە سـەردانی ئـەو بـۆ بەغـدا بـۆ مەبەسـتی تێگەیشتن‌و ئاگاداربوون لەنزیکەوە لەکارەکانی (هبة الله الحسين الأسطرلابي) نەبووبێت!

٢. سەعاتێکی (فنگان: بنگام)ی بینیوە، کە لەداهێنانی (يوسف الأسطرلابي) بووە. لەدەسنووسەکەدا باسی ئەم یوسفە هاتووەو جەزیری کارەکانی بینیوە.

## کاری تیۆری‌و کردەوەی ناو تاقیگە

هەرکەسێك کتێبەکەی ئیبن ڕەزاز بخوێنێتەوە، یەکسەر دەزانێـت، ئـەم زانایـە هەرچـی لەسامـانی تیۆری ڕۆژاوایی‌و ڕۆژهەلاتی (ئیسلامی) بەردەست کەوتووە، یەك بەیـەکیانی خوێندۆتەوەو هەمووی بۆ ناو لابورر (تاقیگە) گواستۆتەوەو ویستوویەتی بزانێـت: ئایـا هەرچی ئامێرێك لەلایەن زانایەکی کۆنەوە لەسـەر کاغـەز بـاس کـراوەو وێنـەی کـراوە، دەتوانرێت ئەزموون بکرێت؟

ئەو پێیوابووە هەر (زانستێکی پیشەسازی) بۆ کـار وەرنـەگیڕدرا، ئـەوە هـیچ نییـەو بێسەروبەرە: ((كل علم صناعي لايتحقق بالعمل فهو متردد بين الصحة والخلـل)) ئـەم قسەیە نرخی تاقیکردنەوە لەبیری جەزیری دەردەخات. دیـارە جـەزیری گرنگـی‌و بایـەخی تیۆری ناسڕێتەوەو تەنیا چاوی لەسـەر ئـەنجامی ئـەزموون‌و ((تاقیگـە)) نییـە، چونکە تیۆری ڕێپیشاندەرو پێشینەیە بۆ بەرچاوڕوونی‌و خۆ پڕچەك کردن‌و وێناکردنی کێڵگـەی کارو زانینی گریمانەو ئەگەرەکان. ئەو خۆی دەنووسێت: ((وتأملت في الخلا والملا لـوازم مقامات برهانية وباشرت علاج هذه الصناعة برهة من الزمان وترقيت في عملها عـن

رتبة الخبر الى العيان فأخذت فيها اخذ من سلف وخلف واحتذيت حذو من عمل ماعرف)) ئەم برِگەیە بەڵگەیە لەسەر شارەزابوونی تیۆری‌و تیارِامان‌و بیرکردنەوە، پاش شیکردنەوەی کارو ئەنجامگیری پێشینان. بەڵام تیۆرییەکە چەند پێویستە بۆ شارەزابوون‌و بەرچاورِوونی‌و دارِشتنی Concept، ئەوەندەش ئەزموون برِیاردەرە لەسەر راستی‌و دروستی تیۆرییەك.

## پرِۆژەی داهاتوو

بەشێك لەشارەکانی ئەوروپا شانازی بەوەوە دەکەن: سەعاتی هەتاوی، سەعاتی ئاوی، یان سەعاتی میکانیکی هەر لەکۆنەوە، لایان دروستکراوە. لەلەندەن‌و رۆم‌و پیزاو ئەتین‌و پاریس‌و تسویرش‌و لۆزان ئەم جۆرە نموونەیە زۆرن. لەشاری نویرنبێرگ ـ ئەڵمانیا بۆ نموونە: کلێسایەکی کۆن هەیە، (ناوی سان ـ زیبالد ـ St. Sedbald یان Sedbaldus) لەنێوان ساڵانی (١٢٢٥ ـ ١٢٧٥ز) دروستکراوە. هەموو رۆژێ، سەعات (١٢)ی نیوەرِۆ لێیدا، کلێسای سان ـ زیبالد سەعاتێکی زۆر تایبەتی هەیە: بەرهەیوانێکی زۆر بەرزی بەردەم کلێساکە، دەرگاکەی دەخرێتە سەرپشت: پەیکەری (١٢) میر دەردەکەون‌و هەریەکە بەدوای یەکتردا دەسوورِێنەوە. ئینجا قەیسەر دەردەکەوێت‌و ئەم دیمەنە کۆتایی پێدێت. هەموو رۆژێ بەسەدان گەشتیارو هاووڵاتی لەبەردەم ئەو کلێسایە کۆدەبنەوە بۆ بینینی ئەم دیمەنە.

زۆر جێگەی داخە، پاش ئیبن رەزازی جەزیری، نە قوتابییەکانی ئەو، نە هیچ فێرگەو زانکۆیەك لەسەر بنەمای گەشەپێدانی داهێنان‌و دۆزینەوەکانی جەزیری بەردەوام بن‌و پەرە بە بیرو کارەکانی ئەو بدەن.

کورد کیانی خۆی هەبوایە، بەپێویستی دەزانی شوێنەواری ئەم کەڵە زانایە بپارێزێت‌و هەنگاوی تر لەبواری داهێنانی میکانیکیدا بنرێت. دانانی نموونەیەك لەسەعات‌و ئامێرەکانی لەناو کتێبخانەو پێشانگاو باخچەکاندا، سمبۆڵ‌و رابوردووی گەلێك



دەنوێنێت. پێویستە لەداهاتوودا هونەرمەندو ئەندازیارو میکانیکەکانمان هەوڵبدەن مۆزەخانەیەك، یان پێشەنگایەکی تایبەت بۆ داهێنان‌و دۆزینەوەکانی بەدیعولزەمان دابمەزرێنن وەکو بەشداری کوردستانیەك لەپێشخستن‌و پەرەپێدانی زانست لەسەدە ناوەرِاستەکاندا. من دڵنیام جەزیری لەهەل‌و مەرجێکی تردا، لەدایك بوایە، رەنگە کارەکانی ئەو، وەکو بنەمایەك لەبنەماکانی شۆرِشی پیشەسازی دابنرایە.

## سەرچاوە


١. ماجد عبدالله الشمس: مقدمة لعلم الميكانيك في الحضارة العربية، الجزء الاول، جامعة بغداد ـ مركز احياء التراث العلمي العربي، بغداد ١٩٧٧.

٢. عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثاني، ط٢، آراس، اربيل ٢٠٠١، ص٢٠٨ـ٢١٨.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# گرنگی سیاسیو مێژوویی شەرەفنامە بۆ خەباتی ئێستای گەلی کورد*

* بە ئەڵمانی لەگۆڤاری کوردستان هۆیتە بڵاوکراوەتەوە، پاشان کراوەتە تورکی و کرمانجی ژووروو لەئەستەموول بڵاوکراوەتەوە.
Kurdistan heute, Nr. 15, Bonn, Juli / August 1995.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نزیکەی چوار سەدساڵ لەمەوبەر شەرەفنامە نووسراوە. ئەم شاکارەی بدلیسی، خاڵێکی پڕشنگدارو گەشە لەمێژووی گەلی کورددا‌و هیچ بەرهەمێکی تر نییە، کەبتوانێ شان لەشانی بداتو بەهاوتای دانرێ: جێگای خۆیەتی رووناکبیرانی گەلی کورد. هەر لەئێستاوە تا ساڵی ١٩٩٧، یادی شەرەفنامە بەکۆڕو لێکۆڵینەوەو ئاهەنگ بکەنەوەو پەندو وانە لەم دوکومێنتە مێژووییە هەڵهێنجن.

شەرەفخان لەئابی(ئووت) ١٥٩٧ لەنووسینی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە بۆتەوەو ساڵی دوایی تر بەرگی دووەمیشی تەواو کردووە. ئیدی هەر لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ، ئەم شاکارە گرنگی خۆی لەدەست نەداوەو لەریزی پێشی پێشەوەی کتێبی کوردی جێگەی خۆی کردۆتەوە. دەڵێم کتێبی کوردیو ناڵێم کتێبی فارسی کە لەسەر مێژووی گەلی کورد دانراوە، چونکە من لێرەدا زمان بەئامرازی دەربڕینو تێگەیشتن تێدەگەم. نەك سنووری کولتوورێك.. پێش شەرەفنامە، دەربارەی مێژووی گەلی کورد، لەلایەن کوردی ترەوە، کتێبو نووسراو هەیە، بەڵام شەرەفنامە گەیشتۆتە لووتکەیەك، کە کەسی دی نیوەی ئەو، رووەو هەوراز هەڵنەکشاوە.[1] باشە دەبێ هۆی چی بێ کە ئەم بەرهەمەی سەدەی شانزەهەم، تا ئەمڕۆ برەوی خۆی پاراستووەو تا دێ، نرخی بەرزتر دەبێتەوە؟ ژمارەی دەسنووسەکانی کە لەمۆزەخانەو کتێبخانەکانی رووسیا، بریتانیا، نەمسا، تورکیاو ئێران پارێزراون، نیشانەی گرنگی ئەم کتێبەن، کە هەر لەسەدەی ١٩گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسان نرخیان زانیوەو هەوڵی پەیداکردنی دەسنووسەکەیان داوە، وەرگێرانی بۆ تورکی، رووسی، عەرەبیو فەرەنسیو.. هتد بەڵگەیەکی ترن لەسەر بایەخی شەرەفنامە، بۆ تێگەیشتنی مێژووی گەلی کوردو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.. کوردەوان، زمانەوان، کۆمەڵناسو مێژونووسان، گەر ویستبێتیان لەسەر گەلی کورد بنووسن، نەیانتوانیوە شەرەفنامە بەسەر نەکەنەوەو دەمەتەقێیەك لەگەڵ خاوەنەکەی نەکەن.



لەوە دەچێ شەرەفخان خۆی زانیبێتی چی دەنووسێو بۆ دەنووسێو چۆن دەنووسێ؟ ئەو زانیویەتی نووسینەکەی بەتاقانەیی دەمێنێتەوە، بۆیە ویستوویەتی: تاقانەکەی ئەوەندەی دە کەسی لەبار دابێتو جێگەی دە کەس پڕبکاتەوەو تاقانەیەکی لاوازو بێهێزو کەم توانا نەبێ.. ئەو زانیویەتی مێژووی گەلی کورد شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوەو لەپێداچوونەوەی مێژوودا کەلێنێکی گەورەی بەدی کردووە. هەر بۆیە هەر زۆر بایەخی بەقسەی پیرو کاڵانی دنیا دیدە داوەو ئەوەی لەدەم ئەوان بیستوویەتی، رایگواستۆتە نێو کتێبەکەی. شەرەفخان خۆیشی کەمی بەسەر نەهاتووەو بەتایبەتی وەکو فەرمانڕەوایەك، هەلومەرجێکی دەنگوباسی چاکی بۆ هاتۆتە پێشەوە:

"ئەوسا مرخی[2] خۆم وا لێخۆش کردبوو، کە لەم زانستە بەمایەو هێژاو پڕ بەهایەدا نووسراوێکی ئەوەندە بەنرخو سەربەخۆ بخەمەروو، کە هەرگیز بەر لەمن دەستی مێژوونووسانی پێش خۆمی پێ رانەگەیشتبێو ئەوەی من دەیخەمە بەرچاو، کەسی تر وەکو من تێ نەگەیشتبێ..."ل١١و١٢.

شەرەفخان تەنیا فەرمانڕەوایەکی دەسەڵاتدار نەبووە، بەڵکوو مرۆڤێکی بیر وردو بەرچاو روونو رووناکبیر بووە. ئاسۆی فراوانیی بیری ئەو، سنووری دەسەڵاتو میرایەتی بەزاندووە: ئەو پەیوەندی نادیاری رووداوەکانی پێکەوە بینیوە. لەحوکمدانو هەڵسەنگاندندا، بابەتیو دووربین بووەو جڵەوی سۆزو ئەندێشەی بەرەڵا نەکردووە، لەکاتێکدا شەڕی ئایینیو مەزهەبی لەئەوپەڕی گڕگرتندابوو، نامرۆڤانەترین نێوەی گرتبوە خۆی. شەرەفخان دەستبەرداری گیانی بابەتی نەبووە. هەرچەند ئەو زەمانە باوی ئەوە بووە، لەنووسیندا بیرو باوەڕی یەکتر تێرجوێن بکرێ .. ئەم هەوڵی داوە خۆی بەرز بگرێ. ئەگەر چی کتێبەکە خەڵاتی سوڵتانی عوسمانی، موحەمەدی سێیەم کراوە، بەئەوپەڕی رێزەوە نێوی شای سەفەویەکان هێنراوە، کە هەردوولا خوێنخۆری یەکتر بوون. شایانی باسە شەرەفخان زۆر بەزەقی پێی لەسەر ناسنامەی خۆی داگرتووەو هەست

دەکرێ، کە رەخنەی لەکردەوەی عوسمانییەکان گرتووەو چاوپۆشی لەتاوانەکانیان نەکردووە.

مێژوونووسەکانی پێش شەرەفخان (وەك بن الازرق الفارقیو مەئموون بەك)، تەنیا مێژووی ناوچەیەك یامیرنشینێکیان لەبەرچاو گرتووە. نەك سەرانسەری خاکی کوردستان. ئەم نێوی یەك بەیەکی میرنشینو دەوڵەتە کوردەکانی هێناوەو کەسی پشتگوێ نەخستووە لەسەر بنەمای ئایین یان هەڵوێستی سیاسی. ئەم مێژووی میرنشینی بدلیسی نەخستۆتە پێشی پێشەوەی کتێبەکەی. بەڵکو بەجێی هێشتووە بۆکۆتایی. لێرەشدا لەگەڵ خۆیو مێژوو راستگۆ بووەو زۆر شتی چاكو خراپی لەسەر باوكو باپیرانی نووسیوە، کەرەنگە سیاسییەکی رۆژهەڵاتی ئەمڕۆ نەوێرێ بەراشکاوی ئەو راستییانە بخاتە روو..

شەرەفخان مێژووی هەرهەموو دەوڵەتو میرنشینە کوردەکانی تۆمار کردووەو پەیوەندی نێوانیانی دۆزیوەتەوەو وردەکارییەکی نواندووە سەبارەت بە ئەو پرسیارەی کێ کوردەو دەبێ لەسەر کورد بژمێردرێت. ئەو بەرِوونی نوسیویە کورد چوار بەشەو لورو گۆرانی بەدووبەش لەو چوار بەشە داناوە. دیارە دەوڵەتی سەفەویش ئەمانی بەکورد داناوە، وەکو لەم رستەیە دەردەکەوێ: "در این اثناء حکم شریف بنام فقیر فرستاده از شیروان بخدمت خود دلالت کرد بمنصب امیر الامراء اکراد سرفراز ساخت. ومقرر فرمود کەعلی الدوام در رکاب سعادت فرجام بوده. هرگاه امرا وحکام کردستانو لرستانو گورانو سایر طوایف اکراد را مهمی کەدر درگاه پادشاهی باشد مراجعت بحقیر کرده جملەء امور ومهمات ایشان در دست حقیر فیصل بذیر گردد." ص٥٨٠ .

لەم رستانەی سەرەوە، بۆمان روون دەبێتەوە، کە شەرەفخان پلەی میری میرانی پێبەخشراوەو دەسەڵاتدارانی سەفەوی، لورو گۆرانیان بەکورد داناوەو ویستوویانە شێوەیەك لەبەرێوەبەرایەتیەکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان دامەزرێنن. ئاماژە بۆ ئەم بۆچوونە دەکەم، چونکە کەسانی وەکو ئۆسکارمانو مەکەنزیو هەندێ کوردیش، سێبەری گومان دەخەنە سەر کوردبوونی لورو گۆرانو قسەکانی شەرەفخان بەبیرورای



مێژوونووسێك دادەنێن، کە شارەزای زمانەوانی نەبووە! من نازانم هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانی ئەو سەردەمە بەچی لەیەك دەدەنەوە؟ جگە لەمانەش، لەدوو تۆی شەرەفنامە دەردەکەوێ لورو گۆران یەك هەڵوێستی سیاسیان هەبووە لەگەڵ کوردەکانی تر.[٣]

ئەو وێنەیەی گەلی کورد، کە لەسەر لاپەڕەکانی شەرەفنامەدا پێشان دەدرێ، جێگای خۆی لەدڵی مەزنو میرانی کوردو رووناکبیران کردۆتەوە. زۆربەی میرەکان دەستنووسێکی شەرەفنامەیان لابووەو شانازیان پێوە کردووە، بەشێکیان هانی نووسەرو مێژوونووسانی دەربارەی خۆیان داوە، ئەو بەشەی شەرەفنامە تەواو بکەن کە لەسەر بنەماڵەی ئەوان نووسراوە.[٤] کوردە ناسیۆنالیستەکانی ئەم سەدەیەش پشتیان بەشەرەفنامە بەست بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو زیندووکردنەوەی سامانی نەتەوەیی، هەر بۆیە محەمەد عەلی عەونیو فەرەج الله زەکی، شەرەفنامەیان سەرلەنوێ بڵاوکردۆتەوە. ئەمین زەکی بەگیش بۆ پرۆژەی نووسینی مێژووی گەلی کورد، هەر یەکسەر پەنای بردۆتە بەر ئەم کتێبە ..هتد.

## شەرەفخانی بدلیسی کێیە؟

میر شەرەفخانی بدلیسی لەگوندی گریهروودی نزیك شاری (قُم) لە٢٥/٢/١٥٤٣ لەدایك بووە. باوکی کەنێوی شمس الدین خان بووە(١٥٠٩ ــ ١٥٧٦)، لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەرپەڕێنراوەو ناچار کراوە رووبکاتە لای سەفەوییەکان، کە ئەو دەمە پەناگاو تاراوگەی ئەو کوردانە بوو، کە لەدەست عوسمانییەکان هەڵدەهاتن. ئەو سەردەمە کەشمەکێشی بەردەوام لەنێوان هەردوو دەوڵەتی مەزنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، میرنشینە کوردەکان، کەخاکەکەیان لەناوەڕاستی ئەم دوو زل هێزەدا بوو، تووشی ئاگری ئەم شەڕو پێکدادانە بوون. کوردەکان هیچ بەرژەوەندیان لەم جەنگەدا نەبوو، حەزیشیان نەدەکرد تێکەڵاوی بن. بەڵام سیاسەتی هەردوولا، بواری بێلایەنی نەهێشتبووەوە ئیدی

هەروەکو شەرەفخان بۆمان دەگێڕێتەوە، دەبوایە لەنێوان نەمانو هیوای دەسەڵات وەدەستگرتنەوە، هەڵوێستێك هەڵبژێرن.

میر شمس الدین خان لەلایەن شا تەهماسبی یەکەمەوە پێشوازی لێدەکرێو پلەی(خان)ی پێدەدرێ. ئەو دیارە لەبەر هۆیەکی سیاسی، کیژی(امیرخان موصلو) دەهێنێ، کە یەکێك بووە لەمەزنەکانی سەفەوییەکانو ئازەریو شیعەش[٥] بووە: ئامانجی میر شمس الدین لەم ژنهێنانە، ئەوەبووە هەلومەرجێکی ژیانی باشتر بۆخۆی بڕەخسێنێو لەژیانی پەنابەریدا پشتو پشتیوان پەیدا بکاتو بتوانێ میرنشینەکەی لەدەست عوسمانییەکان دەربهێنێ، سەفەوییەکانیش ویستوویانە لەرێگەی ژنو ژنخوازییەوە بنەماڵەی میرە کوردەکان بەخۆیانەوە گرێ بدەنو میرنشینەکەیان بخەنە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی سەفەوی..

شەرەفخان کە وەکو کوڕی(امراء عظام) لەلایەن شا تەهماسبەوە سەیرکراوە، بۆیە لەدەرباری شاهێتی لەگەڵ میرزادەو شازەدەکاندا، لەتەمەنی نۆ ساڵیەوە پەوەردەکراوە، ئەو منداڵانە بوار نەدراون تێکەڵاوی کۆمەڵ بن، بەگوێرەی قسەکانی شەرەفخان: "ودایم اشانرا از اختلاط مردم مفسد کج طبع شریر بد نفس فاسق مانع آمده.." ص٥٧٦. لەوێ بەوردی فێری زانستی ئایینیو هونەری سواریو تیرئەندازەیو چەوگانو یاسای بەکارهێنانی چەكو هونەری وێنەکردن ..هتدکراوە. بۆماوەی سێ ساڵ ماوەتەوە. هۆزی رۆژەکی بەرێککەوتن لەگەڵ شا تەهماسب، شەرەفخانیان لەتەمەنی ١٢ساڵیدا بەپلەی میریان هەڵبژاردووە. لەو رۆژەوە چەندین ئەرکی بەرێوەبەرایەتیو سوپایی پێ سپێردراوە. شەرەفخان هەمان رێگەی باوکی گرتووەو کچی خاڵی هێناوە، کەمحەمەد بەگی حاکمی هەمەدان بووە. ساڵی ١٥٧٦کاتێك شا ئیسماعیلی دووەم لەقەزوین دەسەڵات دەگرێتە دەست، شەرەفخان پلەی(میری میران) وەردەگرێو لەدەرباری شا دا دەبێتە بەرپرسیاری ئیشوکاری کوردان وەکو لەسەرەوە باس کرا.



پاش مردنی شا تەهماسب، لەنێوان جێگرەوکاندا شەڕو پیلان گێڕانو چاڵ بۆیەکتر هەڵکەندن پەرەی سەند لەنێوان دەستەو باڵی بنەماڵەی فەرمانڕەوادا، شەرەفخان ببووە جێگەی ئیرەییو نارەزایی، بەهۆی ئەو سەرکەوتنانەی وەدەستی هێنابوون. شۆفاران تاوانی شا لەدەسەڵات خستنیان خستە پاڵ، بۆئەوەی سەری تێدا بچێ. لەئەنجامدا بۆماوەی ساڵێكو سێ مانگ کرا بەحاکمی نخچوان. ساڵی ١٥٧٨لەگەڵ نزیکەی ٤٠٠کەس گەڕایەوە بۆبتلیسو میرایەتی بەبنەماڵەی رۆژەکی درایەوە ..

شەرەفخان لەتەمەنی ٥٣ساڵیدا وازی لەدەسەڵات هێناوەو قۆڵی بۆنووسینی شاکارەکەی هەڵماڵیوە، رۆژو ساڵی مەرگی بدلیسی ئاشکرا نییەو یەکێك لەنەوەکانی ساڵی ١٦٠٣ ـ ١٦٠٤بۆداناوە.

### شەرەفنامە

شەرەفنامە پێکهاتووە لەدووبەرگ، ئەگەر چی تەنیا بەرگی یەکەمی سەرنجو بایەخی مێژوونووسو روناکبیرانی راکێشاوە. بەرگی یەکەمی مێژووی ٥٢میرنشینو دەوڵەتەو لەدەستنووسی یەکەمدا ٤٠٩لاپەڕەی گرتۆتەوە. بەرگی دووەمیش تەرخان کراوە بۆمێژووی فەرمانڕەوایەتی ئێرانیو عوسمانی لەنێوان ١٢٨٧ ـ ١٥٨٧.

بەگشتی شەرەفخان لەگۆشەنیگایەکی بابەتییەوە سەیری رووداوەکانی کردووەو سۆزو ئارەزووی بەلاوە ناوە. لەهەر شوێنێك باش ئاگادار بووە، بەفراوانی نووسیویەتی. لەهەر جێگەیەکیش دەنگوباسی تەواوی لانەبووە، تەنیا نێوی میرنشینەکەو زانیاریەکی کەمی وەبەرچاو خستووە، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدات لاپەڕەیەکی زۆر بەقسەی زەردو سوور پڕکاتەوە. شەرەفخان نە بەکوردی کتێبەکەی نووسیوە، کە زمانی گەلەکەیەتیو نە بەتورکی کەزمانی دەرباری عوسمانیو سەفەوییەکان بووە. ئەو رێوشوێنی مێژوونووسانی تری گرتووە، کە بەفارسی بەرهەمەکانیان نووسیووە. فارسیەکەی تەنانەت بۆفارسیش ئاسان نییە، مەگەر یەکێك لەئەدەبیاتی کۆنی فارسی پسپۆر بێت. شەرەفخان وەکو

فەرمانڕەوایەك رستەكانی داڕشتووەو چاوی لەخەلاّت و بەرات نەبووە. وەكو مێژوونووسانی دەربار كتێبەكانیان بەو جۆرە وشە سوارانە پڕدەكەنەوە، كە سولّتان كەیفی پێهاتووە. قسەی مرۆڤی خاوەن دەسەلاّتو دەست رۆیشتووش ئاشكرایە، كە هیچ پاڕانەوەو تكاو رەجای بۆكەس تێدا نییە. یەك لەچواری بەشی یەكەمی شەرەفنامە، بۆ میرنشینی بدلیسو مێژووی كۆنفیدراسیۆنی رۆژەكی تەرخان كراوە. ئەو تەنیا پشتی بە دیتنو تاقیكردنەوەو ئاگاداری خۆی نەبەستووە، بەلّكو سەرچاوەی مێژوویی زۆری بەكارهێناوە كە بەگشتی لەسەر مێژووی ئێرانو دەولّەتی عوسمانی نوسراون. ئەو لەكتێبەكەیدا نێوی پتر لەسیودوو سەرچاوەی هێناوە، كە سوودی لێوەرگرتوون. بێگومان ئەم كتێبانە لەلایەن مێژوونووسانی عوسمانیو ئێرانییەوە نووسراونو نێوی كوردان لەپەناو پەسێردا هاتووەو رووداوەكانی كوردستان، بەحەزی داگیركەرانی كوردستان نووسراونو بەقسەی سووكو داشۆریو جوێن ئاخێنراون. شەرەفخان رووداوەكانی لەڕوانگەی كوردەوە بینیوەو سەرلەنوێ دایڕشتونەتەوە.

ئەگەر بێتو ئەو راستیە لەبەرچاو بگیرێ، كەئەو كتێبانەی ئەو زەمانە لەبەردەستدا بوون، دەسنووس بوونو هەموو خوێندەوارێك بەئاسانی دەستی نەدەگەیشتێو خوێندنەوەشیان بەگشتی هێندە ئاسانو رەوان نەبوو، رەنگە مرۆڤ ئەو هەموو زەحمەتو سەرئێشەیە بهێنێتە بەرچاو كەنووسەری شەرەفنامە گرتوویەتە ئەستۆی خۆی.

### چی هاندەری شەرەفخان بووە بۆ نووسینی شاكارەكەی؟

لێرەدا پرسیارێك لەبەردەمماندا هەلّدەتۆقێ: چی هانی شەرەفخانی داوە كە رێگەیەك بگرێتە بەر، كە پێشتر كەس نەیگرتبووە بەر؟ بێگومان ئەو ئاگاو هۆشیار بووەو زانیویەتی چۆن تۆو دەروێنێ. ئەو وەكو مێژوونووسانی دەربار نەبووە، كەكارو پیشەیان نووسینی رووداوە سیاسییەكانی دەورانی سولّتانو شایان بووبێ، كە مێژوونووس بواری بەخۆی نەداوە بەموو، لەقسەی كاربەدەستانی مەزن دەربچێو ئەركی رازیكردنی دلّی



فەرومانڕەوایان بووە. لەم رووەوە، شەرەفخان مێژوونووسی پیشەیی نەبووەو چاوەڕوانی خەلاّتو بەرات نەبووە. لەوەدەچێ ئەوساش وەكو ئەمڕۆ نێوهێنانی كێشەی كورد، مل لەچەقۆ سووین بووبێت. بۆیە كەس بەخۆیدا را نەپەڕموە، كتێبێكی تایبەتی بۆ مێژووی كوردان تەرخان بكات. ئەوساش وەكو ئەمڕۆ، سیاسەتی تواندنەوە لەلایەن داگیركەرانەوە پەیڕەو كراوە، هەر وەكو بەئاشكرا لەدووتوێی شەرەفنامەدا دەردەكەوێ، سیاسەتی تواندنەوەی دژی دەرخستنی ناسنامەی گەلێكە، كەداوای روخسار سڕینەوەی لێدەكرێ، ئەم كارەی شەرەفخان بەپێچەوانەی ئارەزوی داگیركەران بووەو مەبەستی ئەویش روونو ئاشكرایە. بۆ ئەم مەبەستەش، خۆی زۆر هیلاكو ماندوو كردووە، رەنگە شەرەفخان تاقە مێژوونووسی داراو هەبوو بێتو پارەیەكی زۆریشی لەسەر ئەو زانیاریانەی دەربارەی مێژووی كورد سەرف كردبێت. ئەو رستەسازیو وشەسازیەی ئەو شارەزای بووەو ئەو هەموو گولّو گولّزارەی بۆ زمانی دەربڕین بەكاری هانیوە، بەرهەمی پەروەردەبوونو خۆقالّكردنێكی سەختە: مایەی پەیوەندیو تێكەلاّوبوونی چینی بالاّی كۆمەلّو كۆڕی دەست رۆیشتووانو دەسەلاّتدران بووە .. ئەولیا چەلەبی ناهەقی نەبووە بە" سولّتان شەرەفخان" نێوی بردووە. مەگەر "سولّتان" ئەوەندەی ئەو بەخۆدا راپەڕموو بێتو وەكو ئەو رستەی داڕشتبێت.

شێوەی بیركردنەوەی شەرەفخان ریالیست "واقعی" بووە. هەست بەوەناكرێ بەتەمای دامەزراندنی دەولّەتێكی سەرانسەری بووبێت بۆ هەموو كوردستان. ئەو دوو ئەزموونی دامەزراندنی ناوەندێك بۆ میرنشینە كوردەكانی لەبەرچاو بووە. جارێكیان لەبن سێبەری دەسەلاّتی سەفەوییەكاندا، كە خۆی كراوە بە"میری میران" هەروەكو لەپێشەوە ئاماژەی بۆكرا. لە ل٥٣٨ جارێكی دی لەئەزموونی بدلیسییەكی تر ـ مەولانا ئیدریسی بدلیسی ـ لەبن چەتری دەسەلاّتی عوسمانیدا دەدوێ: سولّتان سەلیم پێشنیار دەكات میرە كوردەكان لەنێو خۆیاندا یەكێك هەلّبژێرنو ناوەندێك بۆ میرنشینە كوردەكان بێتە كایەوە .. دوور نییە شەرەفخان لەگێڕانەوەی ئەم باسانە، مەبەستی قسە بەگوێدادانی

سولّتان موحەمەدی سێیەم بووبێت. کەپڕۆژەی دامەزراندنی ناوەندێك بۆ میرنشینە کوردەکان زیندوو بکرێتەوە. ئەو هەموو پێداهەڵدانەی میرنشینی بدلیس‌و کۆنفیدراسیۆنی رۆژەکی وەکو پێشڕەوی میرنشین‌و هۆزە کوردەکان، لەهەوڵدانێك دەچێ بۆپێ سەلاندنی سولّتان کە میرانی بدلیس شایانی "ناوەند" پێسپاردنن، نەك لایەنی دی: چونکە لەکوردستاندا نەشەڕو نەئاشتی بەبێ ئەوان دادەمەزرێ.

ئەم پێنج خاڵەی خوارەوە ماکی سەرەکی لەدایکبوونی شەرەفنامەن:

*شەرەفخان هەل‌ومەرجێکی لەباری بۆ رەخساوە، کە لەدەرباری شاهانەدا بۆماوەی سێ ساڵ زۆر بەچاکی پەروەردە ببێت‌و چاوی بەسەر زانیاریدا بکرێتەوە.

*حەزو ئارەزووی فێربوون‌و خوێندنەوەی مێژوو.

*دەوری کاریگەری لەناو دەزگای دەسەڵات‌و پلەی میرایەتی.

*خڕبوونەوەی زانیاری‌و سامانی مێژوویی سەبارەت بەهەموو میرنشینەکان‌و دەرگا خستنە سەرپشت بۆئەو، بەهۆی ئەو پەیوەندیە فراوان‌و چڕە، کەئەو لەگەڵ نوێنەرو شارەزایانی میرنشینەکانی تردا هەیبووە.

*دارایی‌و داهاتی ئەو، کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ سامان‌و دارایی زاناو شێخ‌و مەلاو زاهیداندا، کە بەشێکی سەرەکی خوێنەوارو رووناکبیرانی سەردەمی خۆیان بوون. گومانی تێدا نییە مرۆڤی بەتواناو دەسەڵات‌و پارەدار، دەتوانێ بەرهەمی زانستی‌و ئەدەبی چاکتری هەبێ ..

## هۆشی ئیتنۆ ــ ناسیۆنالی شەرەفخان

لێرەدا مەبەست لەبیروهۆشی ئیتنۆ ـ ناسیۆنال Ethno-National ، دیاریکردنی قۆناخی پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردە: واتە پێش دروستبوونی داوودەزگای سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتوری هاوڕەنگ‌و هاودەنگ، لەچوارچێوەی قەوارەی سیاسی یا کولتوری، کەکۆمەلانی خەڵك خۆیانی پێ پێناسە



بکەن. بێگومان بەگوێرەی ئەم پێناسە کورتە، ئەو زەمانە نە نەتەوە هەبووەو نەچینی بۆرجوازی(Das Bürgertum)و نەشاریش هەبووە ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی بێت و نەداوودەزگای دەولەتی ــ هتد. بوونی چەند میرنشین‌و پایتەختی میرنشین، کۆمەڵی ئەوسای کورد ناگوێزێتەوە ناو کۆمەڵی سەرمایەداری، کەبیری نەتەوەییش لەگەڵیدا لەدایك دەبێ.

لەم نووسینەدا، بەداخەوە جێگەی دانوستان لەسەر بیری نەتەوەیی‌و ئیتنیگەری نابێتەوە. گرنگ ئەوەیە تێگەیشتنی بیری شەرەفخان بخرێتەڕوو، کە رەنگە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنی بیری ئەحمەدی خانی‌و سەرجەمی کێشەی خۆناسین‌و خۆجیاکردنەوەو ناسنامەی گەلی کورد پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کورد.

شەرەفخان چەندین هۆی بەدەستەوە بووە کەخۆی بەکورد نەزانێ، بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران‌و توران لە خۆی نەرووژێنێ‌و لەپێپیلکانەی دەسەڵاتدا، بەئاسانی بەرەو سەرەوە بچێ‌و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بپارێزێ. ئەو لە دەرەوەی خاکی کوردستان لەدایك بووە، لە گوندی گریهروودی نزیك شاری (قم). دایکی کچی (ئەمیرخانی موصلو) بووە، کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی قزلّباش ـ ئازەری شیعە. هەروەها ژنەکەشی ئازەری شیعە بووە، واتە: لە ناوەندی کولتووری دوور لە نەریتی کوردەواری لە دایك بووە. پەروەردەبوون لە فێرگەی تایبەتی دەرباری شا تەهماسبی یەکەم، هەر بۆ ئەوە بووە گیانی شیعەگەری‌و سەفەویگەری‌و قزلّباشیگەری لەدەروونی شازادەو میرزادەکان بروێنرێ. خۆناشێ ئەم فێرگەیە دەزگایەکی [٦] ئەکادیمی بێلایەنی سەربەخۆ بووبێت. ئیدی بەرژەوەندی شەرەفخان لەوەدا بووە خۆی بە چارەنووسی ناوەندی دەسەڵاتی ناوەندییەوە گرێبدات‌و دەستبەرداری ناسنامەی کوردانە بێت. بە پێچەوانەوە، هەر لەو رۆژەوە چەپ‌و راستی خۆی ناسیوەو تا ئەو رۆژەی لە سنووری دەولّەتی سەفەویدا ژیاوە ـ تەمەنی ٣٦ یا ٣٧ ساڵی ـ پەیوەندی بەتینی خۆی لەگەڵ خزمانی رۆژەکی‌و

کوردانی تر نەپچڕاندووە، کە ئەو دەمە نزیکەی ٤٠٠کەس دەبوون‌و ژیانی ئاوارەیی‌و دوورە ولآتیان لەئێراندا بەسەر دەبرد.

چل‌وچوار ساڵ ژیانی ئاوارەیی نەیتوانی پەیوەندی نێوان رۆژەکیان لەبەر یەك بترازێنیّ‌و کاتێك شەرەفخان بڕیاری روو وەرچەرخاندنی داو بەرەو بدلیس گەڕایەوە، ئەو چوار سەد کەسەش لەگەڵیدا گەڕانەوە (کە دووسەدیان رۆژەکی بوون). ئەم کوردانە هەوڵیان داوە ناسنامەو کولتووری خۆیان بپارێزن‌و پەیوەندی‌و هاتوچۆیان لەگەڵ خزم‌و کاریان لەکوردستاندا بەردەوام بێت. بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لە دەوری کوردە ئاوارەکانی ئێران، دەتوانین لەگەڵ دەستەو گروپی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم سەردەمە بەراووردیان بکەین، چونکە ئەوانیش هەوڵیان داوە پشێوی لە ناوچەی بدلیسی داگیرکراو بۆ عوسمانییەکان بنێنەوەو خۆیان بۆ رزگارکردنی بدلیس ئامادە کردووە.

بیرکردنەوەی سیاسی شەرەفخان بەتاقە ناوچەیەکەوە نەگیرساوەتەوە، بەڵکو لەبیروهۆشێکی ئێتنۆ ـ ناسیۆنالەوە سەرچاوە دەگرێ. دیارە جیاوازییەکی فراوان لە نێوان تێگەیشتنی ئەوو بیری نەتەوەیی ئێستا هەبووە. شەرەفخان چەمکی (طایفە)ی عەرەبی بەکارهێناوەو هەندێ جاریش لە شێوەی کۆمەڵ (طوایف اکراد) نووسراوە. تایفە: ئەمڕۆش لەزمانی کوردیدا باوەو بەمانای تیرەیەك لەعەشیرەتێکی گەورە بەکاردێ. تێگەیشتنی ئەو بۆ تایفە، لەگەڵ تێگەیشتنی ئەم سەردەمە یەك ناگرێتەوە. مەبەستی ئەو لە(طوایف اکراد) سەرجەمی گەلی کورد بووە، بەهەموو جیاوازی زمان، رەسم‌و شوێن، ئایین‌و مەزهەبەوە.

بە دووری نازانم شەرەفخان تا رادەیەك لە بەکارهێنانی (طایفە و طوایف) تووشی ئالۆزکاوی هاتبێ‌و پێشتر لە دڵی خۆیدا لەسەر یەکێکیان رێك نەکەوتبێ، ئەگینا لە نێوان سێ دێڕدا ل١٨ و ١٩ بە هەردوو بارەکەدا بەکار نەدەبرا. سەیر ئەوەیە بۆ تورکمان تەنیا (طایفەی تورکمان) بەکارهاتووە، ل ١٤٣ ـ١٦٧و٢٠٥، بۆ(غلمان‌و علما) طایفە بەکارهاتووە. کە واتە: ئەم چەمکە پێناسەیەکی وردی (ئیتنۆ ـ سیاسی) لای ئەو نییەو



رەنگە ئەمە تا رادەیەك پەیوەندی بە ئەسڵی وشەکەوە بێت، کە لە زمانی عەرەبی‌و فارسیدا سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە.

سەیر ئەوەیە شەرەفخان چەمکی (طایفە)ی لەگەڵ (عشایرو قبایل) تێکەڵاو نەکردووە. مەبەستی لە عەشایرو قبایل: هۆزو خێڵ بووە، کە ئەو زەمانە لە سنووری میرنشینەکاندا بوون.

## جیهانبینی

شەرەفخان کەسەر بەتوێژی سەرەوەی کۆمەڵ بووە، مێژووی بنەماڵەی میرو مەزنان‌و رووداوە سیاسییەکان کەپەیوەندی بەوانەوە هەبووە، بەشایانی نووسین‌و تۆمارکردن زانیوە ــ شەرەفنامە بەشێوەیەکی گشتی باسی بەسەرهاتی یەك بەیەکی دەوڵەت‌و میرنشینەکان‌و پەیوەندیان لەشەپۆلدانی هێرش‌و پەلاماری داگیرکەران کردووە. کە شەرەفخان نێوی کورد دەهێنێ، مەبەستی میرومەزنانە، نەك (رەعیەت)و خەڵکی رەمەکی. تەنانەت ئەو مینیاتوورانەی لەسەر لاپەڕەی دەسنووسی شەرەفنامە رازێنراوەتەوە، وێنەی ژیانی رۆژانەی دەرباری میرانن.

ئەو کە دەنووسێ: "کورد هەتا چوار ژن دێنن‌و ئەگەر دەوڵەمەندیش بن، چوار کەنیزەکیشی دەخەنە سەر" ل٣٣ مەبەستی خەڵکی رەش‌و رووتی کورد نییە.

بدلیسی خۆی بەموسڵمانێکی سوننی ـ شافعی مەزهەب داناوە. ئەو دژی قوتابخانەو مەزەبەکانی دی، قەڵسبوون‌و ناحەزی پیشان نەداوە. ئەو تا رادەیەکی زۆر خۆی لەو شەڕو شۆڕە ئایینیە توندوتیژە پاراستووە. هەرچەند ئەو کتێبەکەی پێشکەشی سوڵتانێکی سوونی مەزەبی ـ حەنەفی کردوە، بەلاّم خوێنەرەوە هەست ناکات نووسەر لەعنەتبارانی سەفەوییەکانی کردبێ، کە بەربەرکانێی خوێناوییان لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبووە.

ئیسلام لای ئەو، ئەو چواچێوەیە نییە کەسنووری گەلانی تێدا بتوێتەوە. لەوە دەچێ شەرەفخان تا رادەیەك مەترسی ئەوەی هەبووبێت تاوانی جیاخوازی بخرێتە پاڵ، بۆیە

ئەویش وەکو سیاسییەکانی ئەم سەردەمە ناچار بووە پشت بەسەرەتاکانی ئیسلام ببەستیٚ‌و ئایەتی ١٣ لەسورەتی ٤٩ بهێنێتەوە: (وجعلناكم شعوبا و قبائل).

## بدلیسی وەکو بارمۆمیتری سیاسی کوردان

دیرۆکی میرنشینی بدلیس، نزیکەی یەك چارەکی بەشی یەکەمی شەرەفنامە دەبیٚ. شەرەفخان هەر تەنیا بەوەوە رانەوەستاوە داستانی میرانی بدلیس بگێڕێتەوە، بەڵکو زانیاری زۆر گرنگ لەبارەی ژیانی ئابووری، ئایینی، رۆشنبیری‌و ژیاری تۆمار دەکات. هەرلایەنێکی ئەم بابەتە، دەکریٚ ببێتە سەرچاوەیەك بۆ کۆمەڵی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست دا. ئەوەی لێرەدا سەرنجراکێشە بۆ هۆش‌و ئاگای سیاسی شەرەفخان، پێداگرتنە لەسەر گرنگی بدلیس وەکو بارۆمیترێکی سیاسی [٧] بۆ هەموو کوردان:

"لەناو کوردان باوە دەڵێن: بە هەژماری هەر بەردێکی دە دیواری قەڵای بدلیس گیراوە، ئەوەندەش سەری رۆژەکیان لە پێناویدا پەڕاوە. پادشایانی زل‌و زۆردار کەچاو دەبڕنە کوردستان‌و مرخ لەگرتنی خۆش دەکەن، بەر لەهەر کار، پەلاماری سەرداری ناوچەی بدلیس‌و چەکداری رۆژەکی دەدەن. هەتا رۆژەکی بەهێز بن، کوردستان بەکەس ناگیریٚ‌و هۆزەکانی تری کوردیش چاو لەرۆژەکی دەکەن‌و خۆ بەگژ دوژمندا دەکەن" ل٤٧٠. چەند دێڕێکیش پێش ئەم دێڕانە، سەبارەت بەیەکگرتوویی خەڵك‌و فەرمانڕەوایانی بتلیس دەنووسیٚ:

"هەرجارێك ولاٚتی بدلیس بێگانە زەوتی کردووەو میرو مەزنی رۆژەکیانی لەسەر فەرمان لابردووە. رۆژەکی وا هوروژاون، بێئەوەی کەس کۆمەکیان بیٚ، دەست لەدەست‌و قەوەت لە خوا ولاٚتی خۆیان رزگار کردۆتەوە" ل٤٧٠.

هەربەهۆی شەرەفنامەشەوە دەردەکەویٚ کە رەسەن‌و نەژادی بنەماڵەی میران، چەند گرنگ بووە بۆ شەرعیەتی فەرمانڕەوایی. هەندیٚ جار داگیرکەران بنەماڵەی سەردارانی بدلیسیان قڕکردووەو کەسیان نەماوەتەوە. ئیدی سەردارانی تری رۆژەکی [٨] لەوە



ئاگاداربوون کە یەکێك لە بەرەبابی میران کاتی خۆی لەئێراندا ژنی هێناوەو سیٚ کوڕی لە شوێن بەجیٚ ماوە. رووداوی سەیرو رێکەوتی ئەفسانەیی پاش سیٚ سەفەری محەمەد ئاغای کەلهۆکی بۆ (قُم)، دووجار هەر لەرێگە میرزادەکان (حەسەن شامحەمەدو حوسێن شامحەمەد) دەکوژرێن‌و کوڕی سێیەم شا محەمەد لە جێگەی باب‌و باپیران دادەنیشیٚ پاش رزگارکردنی بدلیس ل٥٠٩.

## شەرەفخان وەکو بیرکەرەوەیەکی سیاسی

شەرەفخان لێکۆڵینەوەی سیاسی نەنووسیوەو تیۆری سیاسیشی دانەناوە. بەڵام لەنێوان دێڕەکانداو لە پشت خەرمانەی رستەی رازاوەدا، دەتوانریٚ بەڕوونی شێوەی بیرکردنەوەی سیاسی بدۆزرێتەوە. ئەو لەکاتێکدا سەرقاڵی گێڕانەوەی بەچێژی چیرۆکی میرنشینەکان بووە، لەپەناوە دێڕی شیعری گونجاوی تۆمار کردووەو فەلسەفەو بۆچوونی خۆی خستۆتە روو. سەرنج‌و تێبینییە وردەکانی ئەو، پەندو تاقیکردنەوەو ئەزموونن. بێگومان ئەو بەلایەوە زۆر مەبەست نەبووە، بۆچوونەکانی بەلێکۆڵینەوەو بەڵگەهێنانەوەو سەلماندن راستبکاتەوە. ئەو زەمانە باوی مێژوو بووە، نەك شیکردنەوەی سیاسی. ئەو ئەوەی بەلایەوە مەبەست بووە: رووداوەکان لە روانگەیەکی مێژوویی سیاسی تایبەتییەوە ببینیٚ. ئەو بەناڕاستەوخۆ ویستوویەتی مەڵۆیەك بخاتەسەر خەرمانی زانیاری سیاسی کورد سەبارەت بەتەکنیکی بەڕێوەبردنی ئیش‌وکاری میرنشین‌و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان.

هەروەکو میکیاڤیلی لەکتێبی (میر) دا ئەو رێبازەی گرتۆتە بەر، بۆئەوەی میر لەکاروباری بەڕێوەبردن‌و فەرمانڕەواییدا سەرکەوتوو بیٚ، گەر ئەم بەراووردکردنە لە لایەن خوێنەرانەوە رێگەی پێبدریٚ. هەل‌ومەرجی نووسینی "میر"و "شەرەفنامە" زۆر لەیەکەوە جیاوازن. میری بدلیس خۆی میر بووەو رێگەی تێناچیٚ شاکارەکەی خەلاٚتی میری کورد کردباو داوای لێکردبا سەرداریٚتی خۆی بکات‌و ولاٚت یەك بخات (شێلە هیچی لە بێلە

کەمتر نییە). میرانی بدلیس هەمیشە خۆیان بەدەمڕاستی هەموو کوردان زانیوە. ئەم ویستوویەتی مەزنو میرانی کورد سوود لەوانەکانی مێژوو وەربگرنو ناسنامەیان بزر نەکەنو پەندەکانی لەگوێ بگرن.

شەرەفخان لەو بڕوایەدا بووە کە ڕەوشت باشیو جوامێرییو زیرەکیو ئازایی، بەتەنیا بەس نین بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری فەرمانڕەوایی.[٩] ڕەنگە مرۆڤی کاربەدەست هەموو سیفەتی چاکی کەم وێنەی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژێربکەویو خەڵکی بەدکارو ترسنۆکو ناپاك گرەوەکە بەرنەوە:

**فلک بمردم نادان دهد زمام مراد**

**تواهل دانشو فضلی همین گناهت بس** ل٣٤٨

ئەگەر سەیرێکی "میر"ی میکیاڤیلی بکرێت، دەیان نموونە دەکەوێتە بەرچاو، کەرەنگە وەڵامی رامانەکەی میری بتلیس بداتەوە. میکیاڤیلی پێی وا بووە کە سەرکەوتنی فەرمانڕەوا، نرخی ڕەوشت بەرزی نییە.

ڕێکەوتنێکی سەیر ئەوەیە کە شەرەفخان پێش سیاسەتناسی ئینگلیزی، توماس هابس Thomas Hobbes (١٥٨٨ ـ ١٦٧٩) کەوتووە سەبارەت بە سەرەتای "شەڕی هەموو دژی هەموو". هابس لە تێڕوانینی شەڕوشۆڕەکانی ئەڵمانیاو بریتانیا ئەم سەرەتایەی داڕشتووە.

شەرەفخان کە خۆی پشێویو پاشاگەردانی زۆری دیوە، نەمانی دەسەڵاتی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

**ولایت ز سلطان چو خالی شد**

**رئیس بهر قریه والی شد** ل ٤٩٨



مەبەست لێرەدا کزبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی میرنشینە، کەبۆتە هۆی تەقینەوەی ناکۆکی نێوان سەرکردەکانی ڕۆژەکی، کە هەریەکەیان لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، بۆئەوەی باری فەرمانڕەوایی میرنشین "ئاسایی" بکەنەوە.

دیارە دیاردەی یەکنەگرتنو یەکنەبوونی کوردو ڕادەی گیانی بەربەرەکانی، مێشکی شەرەفخانی هەر یەکجار خەریك کردووە، بۆیە فەرموویەتی:

**دولت همه از اتفاق خیزد**

**بیدولتی از نفاق خیزدل** ل ٢٢١

ئەو دیاردەیە، لەوە دەچێ بەدرێژایی مێژوو بەکوردەوە نووسابێتو تا ئەمڕۆش هیچ گۆڕانێکی بەسەر نەهاتبێ. ڕەنگە ڕەنگو بۆنو ناوو شێوەو سیمبۆل تۆزێ گۆڕابن، بەڵام ناوەڕۆك هەر وەکو خۆیەتیو بەموو نەگۆڕاوەو..

شەرەفخان کەسایەتی مرۆڤی کوردی هەر زۆر بەوردی دەستنیشان کردووەو زۆر بەراشکاویو بابەتییانە بیروڕای خۆی دەربڕیوە.. هەر کەسێك کە پێی خۆش بێت شارەزایی لەسەر کەسایەتی کورد پەیدا بکات، دەبێ چاوێك بەسەرەتای شەرەفنامەدا بگێڕێ. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بابەتێکەو من لە دوو شوێنی تردا ئاماژەم بۆ کردووە[١٠] و لێرەدا نامەوێ قسەکان دووبارە بکەمەوە. هەرچەند لەوە دڵنیام، مرۆڤ هەرجارێ شەرەفنامە بخوێنێتەوە، شتی نوێ تری دەردەکەوێ.

بریا یادی چوارسەدساڵەی شەرەفنامە، بە شێوەیەك بکرێت، شایانی گرنگی ئەم شاکارە بێت، کە دەوری خۆی بینیوە لە خۆناسینی گەلی کورد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سەرنج و سەرچاوە

١ـ بەگوێرەی ئاگاداری مـن، پـێش شـەرەفنامە کتێبێـك و نامەیـەکی دوورو درێـژ لەسەر مێژووی گەلی کورد هەیە، کە تەنیا رەچاوی مێژووی یەك ناوچەی تێدا کراوە:

- احمد بن یوسف الازرق الفارقی: تأریخ الفارقي، تحقیق وتقدیم د. بـدوي عـوض، قاهرة، ١٩٥٩.

(ئەم کتێبە ساڵی ١١٧٦زاینی نووسراوە)

مأمون بن بیگە بیگ: مذکرات مأمون بیگە بیگ، ترجمە محمد جمیل الروژبیـانیو شکور مصطفی، بغـداد ١٩٨٠. (ئـەم کتێبـە سـاڵی ١٥٧٤ زاینـی وەکـو نامەیـەك بـۆ سوڵتان ناردراوە. هەر لـەم نامەیـەدا دەردەکـەوێ، کـە بێگـە بێگـیش نامەیـەکی دوورو درێژی بۆ سوڵتانی عوسمانی ناردووە).

٢ـ لەم نووسینەدا پشتم بە دەقە فارسیەکەی شەرەفنامە بەستووە، کە محمد عباسی سـاڵی ١٩٦٦ لـە تـاران بـڵاوی کردۆتـەوەو هـەروەها وەرگێڕانەکـەی هـەژار پـاش بەراوردکردنی لەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا، بەکارهێنراوە..

٣ـ شایانی باسە (ابن فضل الله العمری) کە لەنێوان (١٣٠١ ـ١٣٤٩) ژیاوە: واتە نزیکەی سەدوپەنجا ساڵ پێش شەرەفنامە کتێبە ٢٧ بەرگیەکەی نووسیوە، لوورِو گۆرانی بە کورد داناوە. ابن فضل الله العمری:

مـسالك الابـصار في ممالـك الأمْـصار، (الناشـر) فـؤاد سـزکین. الـسفر ٣ و ٤، فرانکفورت، ١٩٨٨، ص١٢٤

٤ـ یەکێك لەو میرانەی ئارەزووی لە تەواوکردنی ئەو بەشـەی شـەرەفنامەدابوو، کـە پەیوەندی بە میر نشینەکەیەوە هەبووە، ئەمان الله خـانی گـەورە بـوو (١٧٩٩ ـ ١٨٢٤)



کە والی ئەردەڵان بووە. لەسەر هاندانی ئەو، مەلا محەمـەد شـەریفی قـازی ١٧٩٩ (زبـدة التواریخ)ی نووسیوە. ساڵی ١٨١٠ محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی (مێژووی ئـەردەڵانی)ی نووسیوە. ئەم نامیلکەیە لەگەڵ دەستنووسێکی شەرەفنامەدا بە دیاری دراوە بە مالکۆلم. بڕوانە: ئەنوەر سوڵتانی (دەروازە) ژ١، کۆپنهاگن، ١٩٩٣، ل٣٦ ـ ٥٥

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٥ـــ دکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد لەمێـژوودا نووسـیویە: د.شەمـسی نیـوەی شـەرەفخانی لێ زەوت کـردووین بـەوەی دەڵێـت: "نووسـەری شـەرەفنامە شـەرەف خـانی بتلیس . . لە باوکەوە کوردو لە دایکەوە ئازەربایجـانی یـە" . . هتـد د. کـەمال مەزهـەر ئەحمەد: مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣، ل١١٧ ـ ١١٨

6-Vgl. Kaempfer, Engelbert: Am Hofe des persischen Grosskönigs. (Hrg) Walter Hinz. Ott. /Baden 1977. S. 20ff.

٧ـ لەناو دەوڵەتو میرنـشینە ئەڵەمانەکانـدا، پرۆیـسەکان (Die Preussen) دەوری گرنگیان بینیوە. تەنانەت کێشەی یـەکگرتنی نەتـەوەیی لـەژێر ئـاڵای رێبـەری ئەمانـدا بووە. لێرەدا مەبەست بەراوردکردن نییە لـەنێوان پرۆیـسەکانو بدلیـسیەکان، مەبەسـت تەنیا ئاماژەکردنە بۆ خۆسەیرکردن لە ئاوێنەی رووداوە سیاسیەکانی مێژوودا.

Vgl. Thadden, Rudolf v.: Fragen an Preussen, München 1981. S. 39ff.

٨ ـ سەبارەت بە شێوەی پێکهاتنی رۆژەکی بڕوانە:

Bruinessen, Martin van: Agha, Scheich Und Staat. Berlin 1989, S.212ff.

9-Köhler, W.: Die Kurdischenstaadt Bitlis. (Diss) München 1928, S.38 ff.

Vgl. Zippelius, Reinhold: Geschichte der staatsideen, München, 6. Aufl. 1989. S.100

بۆ تێگەیشتن لە کاکڵەی تێزەکانی میکیاڤیلیو توماس هابس، سوود لەم کتێبـەی سەرەوە وەرگیراوە.

١٠- فازیل کەریم ئەحمەد: خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆگیانەی شەرەفنامە. لە گۆڤاری رووناکبیری. ژ١، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢. ل٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆگییانەی شەرەفنامە*

* گۆڤاری روناکبیری ژمارە (١)، ستۆکهۆلم، مارتی ١٩٩٢.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەر کەسێك ویستبێتی لەسەر مێژوو، یان ژیانی ئابووری، سیاسی، ئەدەبی، هونەریی کوردستان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بنووسێت، ناچار بووە شەرەفنامە[1] بەسەربکاتەوەو سوودی لێوەربگرێ. بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر کۆمەڵی کورد لەهەمان قۆناخدا، دیسانەوە ناچار دەبین پەنا بۆ شەرەفنامە ببەینەوە، ئەگینا ئەو لێکۆڵینەوەیە ناتەواو دەردەچێت. تۆ بڵێی شەرەفخان خۆی هەستی بەوە کردبێت، ئەم شاکارە بە تاقانەیی بمێنێتەوەو هەر بابەتێکی زانستی بیەوێ لەبن کەپرەکەیدا تۆزێ سێبەر بۆ خۆی بدۆزێتەوە، تەنانەت ئەدەبو هونەریش بۆیان هەیە لەم سێبەرە بێ بەش نەبن.. یا دەبێ باری سیاسیو کۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوو، هەلومەرجێکی ئەوتۆی نەخولقاندبێت کەسێکی دی بیپەرژێتە سەر نووسینی مێژووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبی... هتد. شەرەفخان دەڵێ: "ئەوسا مرخی خۆم وا لێخۆش کردبوو، کە لەم زانستە بەمایەو هێژاو پڕ بەهایەدا نووسراوێکی ئەوەندە بەنرخو سەربەخۆ بخەمەڕوو، کەهەرگیز بەر لەمن دەستی مێژوونووسانی پێش خۆمی پێڕانەگەیشتبێو ئەوەی من دەیخەمە بەرچاو کەسیتر وەکو خۆمی تێنەگەیشتبێ.. ل١١و١٢". بێگومان شەرەفخان دەیتوانی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بەکەسێکی تر بسپێرێو تەنیا خەڵاتو بەرات لەسەر ئەو بێ. چونکە نەك هەر لەنێو میرانی کورددا، بەڵکو لەنێو میرانی وڵاتانی تریشدا، هیچ میرێك خۆی لەئاستی ئەوە دانەناوە لەسەر مێژوو بنووسێ یا خۆی لەئاستی نووسینی مێژوودا نەبووە. بەڵام شەرەفخان رۆشنبیرییەکی فراوانی هەبووەو هۆشیاریی مێژوویشی قووڵ بووەو جگە لەئەزموونی سیاسیو عەسکەری، زانیارییەکی زۆری دەربارەی میرنشینە جیاجیاکانی سەردەمی خۆیو بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان کۆکردۆتەوە. ئەم نووسینە کورتو سەرپێییە، چاوی نەبڕیوەتە ئەوەی بخرێتە ریزی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگییەوە دەربارەی شەرەفنامە. چونکە ئەم کارە بۆ یەکێك باشە خۆی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخان کردبێو هەموو ئەو



سەرچاوانەی بەسەر کردبێتەوە، کە شەرەفخان پشتی پێبەستوونو ئاگایەکی باشی دەربارەی سەردەمی شەرەفخان هەبێ، جگە لەشارەزاییەکی تیۆریی پێویست لەم بوارەدا. مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە ئەوەیە سەرنج بۆ سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ رابکێشێ، کە پرۆسەی بەردەوامبوونی مێژوویی دیاری دەکات. سەیرکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ لەئاوێنەی دوێنێدا. بەرچاو خستنی فاکتۆری کۆمەڵایەتی، کە شەرەفخان، رەچاوی کردوونو رەنگدانەوەیان لەکۆمەڵی ئەمڕۆدا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بۆچوونو تێبینیە کۆمەڵایەتییەکانی شەرەفخان بکرێ بە دوو بەشەوە:

**اـ راستەوخۆ:** روونکردنەوەی شەقڵی سەرەکیی کۆمەڵی کوردو سروشتی کەسایەتیی کورد.. لەپێشەکیی شەرەفنامەدا ئەم سەرنجو لێکدانەوەیە تۆمارکراوە.

**ب ـ ناڕاستەوخۆ:** لێرەدا بەراستو رەوان لەسەر سروشتی تایبەتی تاكو کۆمەڵ نەنووسراوە، بەڵکو لەگێڕانەوەی رووداوەکاندا، مرۆڤ دەتوانێ ئەنجامگیری بکات.

## لەکام روانگەوە شەرەفنامە نووسراوە؟

شەرەفخان وەکو زۆربەی زۆری مێژوونووسانی سەردەمی خۆی لەڕوانگەی توێژی سەرەوەی کۆمەڵەوە رووداوەکانی داڕشتووەو گرنگیی تەنیا بەمێژووی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، شەڕو ئاشتیان لەگەڵ دەوڵەتە زلەکانی ناوچەکەدا داوە. ژیانو شێوەی گوزەرانی کۆمەلانی خەڵکی رەشوڕووتی بەتەواوی پشت گوێ خستووە. ئەم پێداگرتنەی شەرەفخان لەسەر داڕشتنو گێڕانەوەی رووداوەکان تەنیا لەجیهانبینیی توێژی سەرەوەی کۆمەڵو لانەکردنەوە لەدەوری توێژەکانی خوارەوە، نووسەری وا لێکردووە کێشە تایبەتییەکانی توێژی سەرەوە بکاتە هی گشتی. هەر بۆ نموونە، دەربارەی ژن هێنان دەڵێ (کورد هەتا چوار ژن دێنن، ئەگەر دەوڵەمەندیش بن چوار کەنیزەکیشی دەخەنە سەر). ل٣٧ . لەو بڕوایەدام جووتیارێك یا شوانێك لەوزەیدا نەبووبێت چوار ژن بهێنێ،

چونکە ئەو زەمانەش وەکو ئەمڕۆ بایی ئەوەیان نەبووە، پڕ زکی خۆیان نان بخۆن، چجای ئەرکی چوار ماڵیشیان بکەوێتە سەر! بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەقی قسەیەکی مەلا مەحموودی بایەزیدی(١٧٩٩ــ ١٨٧١)دەهێنمەوە، کە دەڵێ: (أکثرید أکرادان یك ژن هەیە. نادر ژ آغاید دوو سە ژن دبن).[٢] دیارە لەنێو ئاغایانیشدا پتر لەژنێك ئاسایی نەبووە. بڕوا ناکەم ژیانی خەڵکی ڕەش‌وڕووت، لەسەردەمی بایەزیدی گۆڕانێکی وا بنەڕەتیی بەسەردا هاتبێ، لەچاو سەردەمی شەرەفخاندا... .

## باری ئابووری

نووسەرە کۆنەکان، کتێبی سەربەخۆیان لەسەر ژیانی ئابووری وڵاتان نەنووسیوە، چونکە زانستی ئابووری ئەو کاتە سەربەخۆیی خۆیی وەدەستنەهێنابوو، بەڵام لەنێو کتێبی نووسەرە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکاندا، ئیشارەتی گرنگی تێدایە بۆ هەندێ چالاکیی ئابووری‌و ئەژماری بایەخداریشیان تۆمار کردووە، کە دەتوانرێ بکرێتە کەرەستەیەکی بنچینەیی بۆ لێکدانەوەی باری ئابووریی ئەو قۆناخانە. زۆر جار ڕەنگە تاقە دێڕێك ببێتە کلیلی تێگەیشتنی سەردەمێك یا ڕووداوی مێژوویی گەورە. هەر بۆ نموونە لەقورئاندا کە باسی شاری(مەککە)دەکات، بەم جۆرە وەسفی دەکات(واد غیر زي زرع)[٣] نووسەرە عەرەبەکان ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگەیەك بۆ هۆی گەشەکردنی کاری پیشەیی‌و بازرگانی لەمەککەدا پێش هاتنی ئیسلام.[٤] لەشەرەفنامەدا بەڕوونی ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی ئابووری کراوە، کە زۆر سوودی دەبێ بۆ تێگەیشتنی سەرجەمی پرۆسەی مێژوویی کۆمەڵی کورد(خاکی کوردستان بە لوڕستانیشەوە بەشی زۆری ڕەقەن‌و چڕو لێڕەوارەو نەرمانیی ئەوەندە نییە، کە بەرهەم‌و دەرامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بەتەسەلی تێر بکات، سەبارەت بە ڕژدو کراڵی زەوی‌و زارەکەیان کورد لەچاو دراوسێکانیاندا هەژارو نەدارن. سەرەڕای ئەوەش هەموویان زۆر چاوتێرو کەم چاو نەزێرن‌و هەرگیز گازندە لەبەختی خۆیان ناکەن. زۆربەی زۆری خێزان‌و ماڵ‌و منداڵی



ڕەمەکی‌و بۆرە پیاوی کوردستان بەشی زۆری ساڵ بەنانی هەرزن‌و گارس‌و کاڵ ڕای دەبوێرن‌و لەسەر ئەو بە لەنگازییەشەوە شوکرانە بژێرن.. هتد ل٣٧و ٣٨). بە ڕای من ئەو لاوازییە ئابوورییە، کە بۆ نالەباریی سروشتی دەگەڕێتەوە، هۆیەکی گرنگی درووستنەبوونی میرنشینی کوردی بەهێز بووەو ڕێگە خۆشکەریش بووە بۆ دروستبوونی دەوڵەت. خەڵکی ئەم میرنشینانە بایی ئەوەیان نەبووە، کە میرێك بتوانێ قەڵای قایم‌و قۆڵ‌و لەشکری بێ شومارو داوودەزگای ئیداری‌و دارایی پتەوی هەبێ، کە بتوانێ کەڵەوەکێشیی لەگەڵ هێزە زلەکانی ناوچەکەی پێبکات. هەروەکو بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان کڕین‌و بێ ئاوە، ئەو ڕووبارانەی بە وێشدا تێ دەپەڕن، ناتوانرێ پڕۆژەی ئاوەدانیی مەزنی لەسەر درووستبکرێ وەکو خوارووی عێراق یا لەسەر ڕووباری نیل. زۆربەی ناوچەکان بۆ کشتوکاڵ‌و لەوەڕگەی ئاژەڵەکانیان پتر پشت بەباران بارین دەبەستن.[٥] هەر ئەم لاوازییە ئابوورییە هۆیەکی گرنگی گەشەنەکردنی ژیانی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری‌و کۆمەڵایەتیی بووە لەکوردستاندا. کۆمەڵێك ئاستی گەشەکردنی ئابووری هێندە پێشکەوتوونەبێت‌و هەمیشە لەشەڕێکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ هێزی ناوخۆو دەرەوەدا، دەبێ هەرچی دارایی هەبێ لەگەرووی دەزگای عەسکەری هاوێ، بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێ بوونی خۆی بپارێزێ. بۆ ئەوەی ئەم "بوون"ە تیانەچێ، دەبێ توێژی سەرەوەی کۆمەڵ لەقاوغێکی شەڕکەر پێکبێت‌و دەبێ بایەخ بە شۆڕەسوارو خەڵکی ئازاو شەڕکەر بدرێ، نەك بە شاعیرو ڕووناکبیر، مەگەر دروستبوونی شار یا جووڵانەوەیەکی ئایینی هاوکێشەکەی گۆڕابێت. زۆر جار لەلاپەڕەکانی شەرەفنامەدا، ژمارەی ئەو پارەیە نووسراوە کە میرێك دەبوو ساڵانە بۆ سوڵتانی عوسمانیی ڕەوانەی بکات (ئامادەم: سەد هەزار فلوری سکەی شاهەنە لەماڵی سوڵتان محەمەدو دوازدە هەزار فلوری لەکیسەی خۆم بخەمە خەزینەی سوڵتانەوە ل٢.٣). لەشوێنێکی دی دەڵێ: (فەرهاد پاشا بۆی دانابوو، کە سێ گوندی فەلەنشینی بۆتانی بخاتە سەر موڵکی تایبەتی سوڵتان‌و ساڵانەش بەرامبەر بە شیصت هەزار زێڕی سکە لەو

گوندانە بە خەزێنەی دارماڵی شاهانە بگا؟ ل٤٠٣). لەچەند ڕوویەکەوە دەتوانرێ سوود لەم ژمارانە وەربگیرێت. لەلایەکەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە ئابووریی کوردستان بەتەواوی ئابووریی سروشتی نەبووە. بە پێچەوانەوە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەربوونی چالاکی بازرگانی، کڕین‌و فرۆشتن، لەنێوان بەرهەمهێنەرە جیاجیاکاندا، ئەگینا ئەو پارەیە چۆن دەهاتە کایەوە. کۆبوونەوەی ئەو پارە زۆرەش لەچنگ میرەکاندا ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەوان ڕێ‌و شوێنی تایبەتییان داناوە بۆ کۆکردنەوە لەبازرگان‌و خاوەن پیشەکان.. هتد. دووریش نییە، سەرەڕای (سەرانەو باج‌و مەڕانە...) خۆشیان بەشداریی چالاکیی بازرگانیان کردبێت. کە دەڵێم: دووریش نییە، دەمەوێ تۆزێ سێبەری گومان بخەمە سەر دەوری میرەکان، چونکە ئەمە لەگەڵ خووڕەوشتی عەشایەری‌و کۆچەریدا ناگونجێ‌و بە عەیبەیەکی گەورە دادەنرێت. بەڵام هیچ زەرەری لێناکەین ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان بۆ یەکێکمان هەڵکەوێ، لەم مەزەنە لێدان بکۆڵێتەوە. بێگومان ئەگەر میرێك بتوانێ لەماوەی ساڵێکدا سەد یا دووسەدو پەنجا هەزار فلوری کۆبکاتەوە بۆ خەزێنەی سوڵتان، دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری میرنشین‌و میرایەتی چەندی مابێتەوەو ئەو خەڵکە خۆیان بەچی ژیا بن؟ دەبێ ئەوەش هەرگیز لەیاد نەکەین، کە شەرەفخان لەسەرەتاوە پێمان دەڵێ: کوردستان وڵاتێکی ڕەق‌و کڕێنەو دانیشتوانیشی هەژارو کەم دەرامەتن.. ئایا شەرەفخان لەگەڵ خۆی کەوتۆتە ناکۆکییەوەو بۆ چوونەکانی دژی یەکن؟ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە، چونکە من جارێ نازانم نرخی دراوی عوسمانی چەند بووە لەسەردەمی شەرەفخاندا؟ ئەگەر ئەوەشم زانی دەبێ سیستێمی ئیداری‌و دارایی عوسمانی بزانم. ڕەنگە زانینی ئەمانە ئەوەندە گران نەبێ لەچاو بەڵگەیەکی دڵنیاکەر لەسەر شێوەی وەدەست هێنان‌و کۆکردنەوەی ئەو پارانە..



## ئازایەتی

(زۆربەی کوردەکان ئازادو ئازاو جوامێرو مێرخاس‌و گەڕناس‌و بەکارو بەفیزو بەدەمارن، ئەوەندە لەخوازەڵۆکی‌و سەرشۆڕی بێزارن، کە ئەگەر کوردێك هەستی کرد دەستی کورتە، چەك هەڵدەگرێ‌و منەت هەڵناگرێ‌و نان لەدەمی شێریشدا بێ بەزۆری زۆرداری دەری دێنێ‌و بۆی دانامێنێ. نەخوازا ئەوەندەیان پێ خۆشە بە ئازاو نەترساو باسیان بکرێ‌و بە بێباك‌و گەڕناس ناویان ببرێ زۆری وایان هەیە: کە هەرچەند هەرگیز ڕێگری‌و چەتەیی نەکردووەو شەڕو شۆڕیشی نەدیتوە دیسان وا خۆی دەنوێنێ، کە بەسەری هاتووەو لەو بارەوە لەکڵ دەرهاتووە.. ل٣٠). ئەم لێکدانەوەیە ئەگەرچی نزیکەی چووارسەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە، بەڵام هەروەکو ئەوەیە نووسەرێك چەند ڕۆژ لەمەوپێش لەسەر کۆمەڵی ئەمڕۆی نووسیبێ، بەمەرجێك دوو سێ وشەی لێدەربهێنێ. ئەمە نیشانەی ئەوەیە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیمان گۆڕانی بنەڕەتیی جارێ بەسەردا نەهاتووە. من جیاوازییەکە تەنیا لەوەدا نابینم، بە شێوەیەکی گشتی ژیانی کۆچەرایەتی das Nomadentum کۆتایی پێ هاتووەو ژیانی شارستانێتی باڵی بەسەر کۆمەڵدا کێشاوە، بەڵکو لەوەدا دەیبینم، ئێمە ئەگەرچی شارنشینین، بەڵام گیان‌و ڕەوشت‌و شێوەی کۆچەرایەتی بەسەرماندا زاڵە.[٦] کۆمەڵی کۆچەرایەتی پێویستی بە شەڕوشۆڕی بەردەوام بووە. شەڕوشۆڕ کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵ بووە، یا پەلامار دراوە، یا هێرشی کردووە یا هێرشی کراوەتە سەر، بۆیە هەمیشە ئامادە بووە بۆ ئەم جۆرە ژیانە. ئەم جۆرە ژیانەش پێویستی بە شۆڕەسوارو کەڵە میرانە، پێویستی بە مرۆڤی ئازاو بوێرو شەڕکەرە، ئەگینا ئەو کەسە هەر بۆ مردن باشەو جێگەی لەکۆمەڵدا نابێتەوە. مرۆڤی وا ناتوانێ خۆی بژێنێ‌و خۆی بپارێزێ. ئەم نۆرمە die Norm[٧] ئەوەندە زاڵ بووە، ژنانیش لەڕۆژی تەنگانەدا، چەکیان هەڵگرتووەو شان بەشانی پیاوان لەسەنگەردا بوون. ئەوەی سەیرو سەرنجڕاکێشە ئەوساش وەکو ئێستا خەڵك هەبووە بۆی نەلواوە

لەشەڕدا بەشدار بێتو لەم "هونەر"ەدا شارەزاو لێزانو لـێهاتوو بێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەر حەزی کردووە خـۆی بـە ئـازاو پاڵـەوانو شـێری مـەیـدان دانـێ، هەرچـەند دڵنیـاش بوو‌بێت ئەوانەی گوێی لـێدەگرن دەزانن فڕی بەسەر راستییەوە نییە.[٨]

ئەمڕۆ لەنێو بەشێکی زۆری رووناکبیرو خوێندەواری کورددا، کە دەبـا پێناسـەیەکی جیاوازیان بۆ ئازایـەتیو جـوامێریو کەڵـە مێـردی هەبوایـە، کەچـی دەبیـنین ئـەوانیش هەمان وشە بەکاردەهێننو هەمان تێگەیشتنیان هەیە وەکو هەزار سـاڵ لەمـەوبـەر "زۆر ئازایە، کون لەجەرگیا نییە، پیاو کووشتنو ئاوخواردنەوەی بەلاوە وەکو یەکـە، بەدەسـتی خۆی بیستو حەوت کەسی کوشتووەو چاویشی نەترووکاندووە... هتد". شـاعیرەکانیش لەسەر ئەم جۆرە ئازایەتییە شیعریان هۆنیوەتەوەو داستانی نەزۆکیان هەڵبەستووە.

## تـاکپەرستیو یەکنەگرتن

شـەرەفخان دوو دیـاردەی کۆمـەڵایـەتیی گرنگـی رەچـاوکردووە، کـە هـەردووکیان تەواوکەری یەکترن. لەلایەکەوە گوێ رایەڵیو خۆ بەکەم  زانین لەبەرانبەر "پیاوی گەورە" و "مەزن" ی خۆیاندا (لـەپێناوی سـەردارو مـەزنی خۆیانـدا بـە گیـانو دڵ گیانبـازن.. ت٣٣). لەلایەکی ترەوە خێڵو هۆزە کوردەکـان یـەك نـاگرنو کـەس بـۆ ئـەوی تـر سـەر ناچەمێنێ (وطوایف اکراد متابعتو مطاوعت همدیگر نمـی کننـد واتفـاق ندارنـد)[٩] پاشان دەنووسـێ (ودر صـفت اکـراد میگویـد هریـك بـدعوای انفـراد رایـت اسـتبداد برافراشته اند ودر قلال جبال با استقلال مجبول کشته بغیر از کلمه توحید امـور اتفـاق ندارند.. ص٣١) ئەم دوو بڕگەیە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە خێڵو هۆزە کوردەکان لەگەڵ یەکتردا نارێكو ناکۆك بوونو هەریەکە پێی لەسەر سەربەخۆیی خۆی داگرتووە، ئامادەی هاریکاریش لەگەڵ یەکتردا نەبوون. ئەگەر بەگوێرەی وەرگێڕانـە کوردییەکـە بێـت، دەبـێ قـسەکانی شـەرەفخان پێـچەوانەی یـەکتربن. چـۆن دەبـێ لەلایەکـەوە زۆر گـوێ رایەڵی"مەزن" ی خۆیان بنو لەلایەکی ترەوە کەسیان سەر بۆ کەسیان نەچەمێنن.. وەکو



تاکە تاکە هەر کەسە بیر لەسەر بڵندی خۆی بکاتەوە؟ ئەندامانی خێڵێك ئەگـەر کوێرانـە پشگیریی مەزنەکایان نەکەنو ئەم پەیوەندییە بەنەگۆڕو پیرۆز نەزانن، قەت ناتوانن لەسەر فەرمانی ئەو بەگژ خێڵی تردا بچنو لەسەر پـووشو پـاوەن خۆیـان بەکوشـت بـدەن. ئـەم دیـادە کۆمـەڵایەتییـە بـە (لاگـری بنـچینەیی Primorial Loyalities)[١٠] نـاو دەبـرێ. مەبەستیش لـەم زاراوەیـە ئەوەیـە پەیوەنـدیی خزمایـەتیو عـەشـایەری یـا Kaste بەسـەر ناکۆکیی چینایەتیدا زاڵ بکرێ. هەر بـۆ نموونـە: جووتیارێـك ئەوەنـدە لەسـەر پـشتگیری عەشیرەتو ئاغا سوور بێت، نیو ئەوەندەش بیر لەبەرژەوەندی چینایەتیی خۆی نەکاتـەوە! هەر لەم روانگەیەشەوە دەتوانین لەوە تێبگەین بـۆ جووتیارێـك شـان بەشـانی ئاغاکـەی بچێتە سەنگەرەوە بۆ دوژمنایەتیی کردنی جێبەجێکردنی یاسای ریفۆرمـی کـشتوکاڵی، کە رەنگە ئەم یاسایە ئەگەر بە رێكوپێکی جێبەجێ بکرێ زۆر بە سوودی ئەو بشکێتەوە. نموونەی ئەوەش زۆرە، کە چۆن جووتیاران لەگەڵ ئاغاکەیاندا، ئەمڕۆ "پێشمەرگە" بوونو سبەی بە کۆمـەڵ دەبوونە جاش! بەم بۆنەیەوە دەمـەوێ ئەوەش بڵـێم: کـە رووناکبیران لـەم سەردەمەشدا نەیانتوانیوە خۆیان بەتەواوی لەم دیاردەیە رزگار بکەن. یەکێك لەجیاوازییە سـەرەکییەکان ئەوەیـە، رووناکبیرەکـان رەنـگو بـۆنێکی سیاسـیو تیـۆریو مـۆدێرن لەکردەوەو بیرکردنەوەی خۆیـان هەڵدەسـوون. لـەبری پەرسـتنی سـەرۆك عـەشیرەت ـ کـە شەرەفخان خۆی بە (ولی نعمت) ی ناوبردوون ـ سەرۆکی حیزبو رێکخراو دەپەرسـترێت. لەبری خۆبەکوشت دانی کوێرانە لەپێناوی هۆزو عەشیرەت، خۆ بەکوشتدانیو فیداکاری لەپێناوی حیزبو رێکخراودا هاتۆتـە کایـەوە. زۆر لـەو سـەرۆك حیـزبو رێکخراوانـەش هـەروەکو کوێخـاو سـەرۆك هـۆز رەفتـار دەکـەن. ئەگـەر پێـشتر گیـانی رۆشـنبیریو شارستانیو مـۆدێرنزم بەسـەریا زاڵ بووبێـت، دەبیـنین پـاش ئـەوەی دەبێتـە لێپرسـراوو سەرکردەو رێبەر، هەر زوو دەگەڕێتەوە سەر خـووی بـاو بـاپیران. ئـەم پەیوەندییـە هێنـدە تێکهەڵپرژاوە، زۆر بەزەحمەت حیزبو عەشیرەت لێك جیا دەکرێنـەوە. رووناکبیران بـەبێ هێـزی عەشـایەری نـاتوانن بەسـەربەخۆیی یـەك هـەنگاو بـەرەو پێـشەوە بنێنو هـیچ

دەستپێشخەرییەك بكەن. لەنێو ئەڵمانەكانیشدا گیانی مەزن پەرستیو خۆ بەكەم زانین هێشتا هەر زۆر زاڵە. ئەڵمانەكان بە پێچەوانەی فەرەنسیو ئینگلزەكانەوە كە دەوڵەتی مەركەزی بەهێزیان هەبووە، بەدرێژایی سەدەكانی ناوەڕاست بەسەر پتر لەسێ سەدو پەنجا میرنیشینو دەوڵەتۆكەدا دابەشبوون، خەڵكی بە شێوەیەكی گشتی لەسێبەری میرێكدا ژیاونو خۆیان بە رەعیەتی ئەو زانیوەو پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵدا بووە،[11] نەك لەرێگەی داوودەزگای بیرۆكراسی دەوڵەتەوە ئەو پەیوەندییە هەبێت.

## پاشاگەردانیی دوای ئاوابوونی دەسەڵاتێكی گەورە

شەرەفخان تێبینی ئەوەی كردووە، ئەگەر دەسەڵاتی هێزێكی زل، لەناوچەیەكدا نەمێنێ، ئیدی دەبێتە پاشاگەردانیو هەر كەسێك خۆی بە خاوەن گەورەترین دەسەڵات دادەنێ:

**ولایت ز ساطان چو خالی شد**
**رئیس بهر قریة والی شد**[12]

بەم دوو دێرە جوان نیشانی پێكاوەو توانیویەتی وەزعی سیاسی لەسەردەمێكدا بەتەواوی بخاتە بەرچاو. ئەم وەزعەش لەكوردستاندا زۆر جار دووبارە بۆتەوە. بەهۆی شەرەفخانەوە دەتوانین ئەو دیمەنە بهێنینە بەرچاو، كە پاش نەمانی دەسەڵاتی "سوڵتان"[13] چۆن كوێخایەك خۆی لێدەبێتە پاشاو كەس بەهیچ نازانێو بە چ شێوەیەك فەرمانڕەوایی دەكات لەو شوێنەی دەستی بەسەردا دەڕوا. ئەم تێبینییە تا رۆژی ئەمرۆش هێشتا نرخی خۆی بزرنەكردووە. هەر كەسێك چوار كەسی بە دەوروبەری خۆیەوە ببینێ، ئیدی خۆیی لێبۆتە نەمروودو ویستویەتی دەنكە جۆ بە دیواردا هەڵگێڕێو ئاوی بەرەو ژوور بڕوا! پاش هەرەسەكەی ١٩٧٥ەوە ئەم دیاردەیە زۆر زەق، لەسەر شانۆی سیاسی دیارە. هەر پاش تێكشكانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیو عەسكەرییەی



پارتی دیموكراتی كوردستان، نەك هەر جووڵانەوەی سیاسیو چەكدار تووشی پچڕپچڕیو پەڕاگەندەیی بوو، هەر لایەكیش خۆی بەجێگرەوەی پارتیو مافی پێشڕەوایەتیی بەخۆی دەدا، بەڵكو لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتیش، كەم كەس هەیە خۆی بە رێبەرو سەركردەو پێشەوا نەزانێ، با ئەو كەسە خۆی بەتەنیاش بێتو كەسیشی بە دەورەوە نەبێت. هەر یەكە وا دەزانێ ئەو "پلانو نەخشە"یەی ئەو كێشاویەتی تاكە رێگای سەركەوتنو سەرفرازییە، هەرچەند ئەو كەسە دێڕێكیشی نەنووسیبێت. ئەی ئەم هەموو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوكراوەیە، كە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات دەردەچن بەڵگەی هەمان بیروبۆچوون نین؟

## دەوری ژن

بە داخەوە شەرەفخان تەنیا باسی ژنی توێژی سەرەوەی كۆمەڵی كردووەو توێژەكانی خوارەوەی پشت گوێ خستووە. بەهۆی ئەوەوە ناوی چەندین ژنە میرو خانەدان تۆمار كراون، كە لەرووداوە سیاسییەكاندا دەوری باڵایان هەبووە. چەند جارێك باسی ئەو ژنانە دەكات، كە پاش مردنی مێردەكانیان، فەرمانڕەوایی ئەو میرنیشینەیان كەوتۆتە ئەستۆ (نموونە ل١٠٠و٢٧٩)یا لەشەڕو شۆڕو پیلان گێڕانو میرگۆڕینەدا دەوری دیاریان هەبووە(ل٨٩ و٩١و..)یا ژنە میرێكی بدلیسی (شاهم خاتوون) لەكاتی ژیانی مێردەكەیدا، شووی بە كابرایەكی دی كردووەو هەردووكیان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، هەرچەند، ئەندامانی تری توێژی دەسەڵاتدار دژی ئەم رەفتارەی شاهم خاتوون بوون(ل٧٠٧).. هتد.

## شێوەی رابواردن لەدەربـاردا

هەندێ جار نووسینی ئەوتۆمان بەرچاو دەكەوێ، بەبێ وردبوونەوەو هەڵسەنگاندن حوكمی سەیریان بەبێ ئەوەی پشت بەهیچ بەڵگەیەكی مەنتیقی ببەستن، بەسەر كۆمەڵی كورددا لەهەموو قۆناخەكاندا داوە یەكێك دەڵێ: "وشەی (زنا) لەزمانی كوردیدا نییە،

ئەمە ئەوە پیشان ئەدا کە داوێن پیسییان لەناوا نییە"[١٤] یەکێکی دی بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی لەشاری بۆتانی سەدەی ناوەڕاستدا "بازرگانیی ناموس" هەبووەو ژنو کوڕ خۆشەویستییان فرۆشتووە.[١٥] نووسەری دیکەش هەن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لەکۆمەڵی کورددا گەرد لەداوێنی هیچ کەسێك نەنیشتووە، تا ئەم ساڵانەی دواییەی، کە دەلاقەی تێکەوتووە.[١٦] جگە لەدەیان بیروڕای سەیرتر سەبارەت رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤی کورد. بۆیە گەڕانەوە بۆ شەرەفنامە رەنگە چاکترین هەنگاو بێت بۆ سەلماندن یا نەسەلماندنی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتدا نابێ ئەو راستییە لەبەر چاو نەگرین، کە ئەم کتێبە لەچ روانگەیەکەوە نووسراوە. واتە زۆربەی ئەو رووداوانەی ئەو دەیانگێڕێتەوە، تەنیا دەربارەی میرەکان دەگرێتەوە، نەك نێو رەشماڵی کابرایەکی کۆچەر یا ماڵی ئاشەوانێکی داماو.. بەم شێوەیە باسی کۆڕی رابواردنی کردووە لەدەرباری یەکێك لەمیرەکاندا (.. مەیگێڕانی شلو ملو چاو بەکل.. بادەی زێڕینی پڕ بادەی یاقووتیو ئاڵیان دەگێڕا.. ل٧٣٣) لەشوێنێکی تردا باسی پەلاماردانو گرتنی قەڵای جزیرە دەکات لەلایەن میر شەرەفو میر عێزەدینەوەو چۆن (کەنیزەكو سەماکەر* و بەزم گێڕیان بەسەر دۆستاندا دابەش کردو ئەوانیش دەکاریان هێنان.. ل٧.٣) ئەم دوو بڕگەیە ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەخەن کە لەدەربارەی میراندا، بەزمی رابواردن وا ساردوسڕ نەبووە، وەکو هەندێك هەر لەخۆوە وایان بە بیردا دێت. ئەمە دەنووسم چونکە یەك دوو جارێك بەرچاوم کەوتووە، کە میرەکان وەکو وشکە سۆفی ژیانیان بەسەر بردووەو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان جووتیارو "برا گەورە"دا نەبووە![١٧]

* دەقە فارسیەکەی (جاریهای مطربە)



## گرنگیی تابلۆ هونەرییەکانی شەرەفنامە

کاتێك مرۆڤ لەسەر بایەخی شەرەفنامە دەنووسێ، نابێ لەئەمڕۆ بەدواوە گرنگیی تابلۆ هونەرییەکانی "شەرەفنامە"ی دەستخەتی شەرەفخان، کە لەنامەخانەی (بودلیان) لەئۆکسفۆرددا پارێزراون، بەهیچ شێوەیەك پشت گوێ بخا. بەتایبەتی پاش ئەوەی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف بە دوورو درێژی لەسەری نووسیوون.[١٨] لەسەر ئەم تابلۆ هونەرییانە وێنەو دیمەنی هەندێ لایەنی ژیانی ئەو سەردەمە کێشراون، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێ زۆر شتی کۆمەڵایەتی بدۆزرێتەوە، کە شەرەفخان حەزی کردووە بیانداتە بەر تیشك. مامۆستا عەبدولرەقیب لەو بڕوایەدایە کە شەرەفخان بە دەسخەتی خۆی ئەم نوسخەیەی نووسیوەو تابلۆ هونەرییەکانیشی کێشاوە، ئەمەش ئەوەندەی تر بایەخی شاکارەکەی زیاد دەکات. دیارە ئەوەی ئەو بە وشە بۆی نەهاتبێتە دەربڕین، هەوڵی داوە بە وێنە دەریان بڕێت.

## دوا وشە

لەم سەرچاوەیەوە دەتوانرێ گەلێك زانیاری بەسوود هەڵبهێنجرێت، بەتایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیو سیاسی. لێرەدا من نامەوێ بە پەلەو سەرپێیی ئاماژە بۆ ئەو کێشانە بکەم، بەبێ ئەوەی خۆم بەو کارەی خۆم دڵم ئاو بخواتەوە. من بەتەمابووم لەم بەشەدا لەسەر شێوەی پێکهاتنی سیاسیو کۆمەڵایەتیی میرنیشین بنووسم. شێوەی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان خێڵو هۆزە جیاجیاکانو دەوری سەرۆکەکانیان لەبەڕێوەبردنی ئیشوکاری میرنیشین دیاری بکەم.. دەبێ لەسەر بیری سیاسی شەرەفخانیش بنووسرێ. بۆچی کە ناوی کوردی هێناوە وەکو(طوایف اکراد) ناوی هێناوە، هەرچەند زانیویەتی ئەم(طوایف اکراد)ە پێکهاتووە لە(قبایلو عشایر)و

لەڕووی ئایینیو مەزهەبییەوە جیاوازییان تێدایەو لەڕووی زمانو کولتووریشەوە دیسان جیاوازن.. هتد

هەریەکە لەم خاڵانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی فراوان هەیە، بەتایبەتی ئەو تیۆرییە تازانەی لەمەڕ(Ethnicity) وە نووسراون. هیوادارم تا ساڵی١٩٩٦ کە یادی چوار سەد ساڵەی نووسینی شەرەفنامەیە بتوانین ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین بەشێوەیەك، کە لەئاستی ئەو بەشدارییە مەزنەی "شەرەفنامە" دابێت لەمێژووی گەلی کورددا..

* * * *



<u>سەرنجو سەرچاوە</u>

١ـ بۆ ئامادەکردنی ئەم نووسینە من پشتم بەم دوو چاپەی شەرەفنامە بەستووە:

أـ شرفخانی بدلیسی: شرفنامە. هەژار کردوویە بە کوردی، چاپخانەی جەواهیری. چاپی دووەم، تاران، ١٩٨١.

ب ـ امیر شرفخان بدلیسی: شرفنامە، تاریخ مفصل کوردستان. با مقدمەو تعلیماتو فهارس، محمد عباسی. تهران، ١٣٤٣ش (١٩٦٦ز).

٢ـ مەلا مەحموودی بایەزیدی: عاداتو رسوماتنامە اکرادیە، ڕۆدینکۆ بڵاوی کردۆتەوە، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل١٦٣.

٣ـ سورة ابراهیم، ایه٣٧.

٤ـ حسین مروه: النزعات المادیة فی الفلسفة العربیة الاسلامیة، الجزء الاول، الطبعة السادسة، دار الفارابی، بیروت، ١٩٨٨، ص١٩٨.

٥ـ بەگشتی دەتوانین بڵێین (شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ـ نمط الانتاج الاسیوي) لەکوردستاندا جێ پێی خۆیی نەکردۆتەوە، لەبەر بەرتەسکیی دەشتەکانو قووڵیی رووبارەکانو باڵادەستیی ژیانی کۆچەرایەتی، تا کۆتایی سەدەی ١٩.

٦ـ ئەم قسەیە لەرواڵەتدا لەبیروڕای (د. علی الوردی) یەوە نزیکە، کە لەزۆربەی کتێبەکانیا دووبارەیان دەکاتەوە وەکو(طبیعة المجتمع العراقي)، بەڵام لەناوەڕۆکدا بیروڕای من لەگەڵ ئەودا ناگونجێ، چونکە ئەو هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی خوورەوشتی کۆچەرایەتیی پشت گوێ خستووەو هۆی بووژانەوەی رەچاونەکردووە..

٧ـ نۆرم: ئەو نەریتە باوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی خەڵك بیسەلێنیو بیپارێزێو کەس لێیدەرنەچێ. ئەوی شکاندی یا لێی دەرچوو کۆمەڵ سزای دەدات. هەر بۆ نموونە رەدووکەوتن لەهەندێ شوێنی کوردستاندا بەتوندی سزا دەدرێت، چونکە (نۆرم) لەوێ ئەوەیە پیاو دەبێ ژن بهێنێو کچیش شووبکات. ئەوەی ئەم نەریتە کەچ بکات یا

بەسووك سەیری بكات، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە نەبێ ئافەرینی لێبكرێ. بە پێچەوانەوە لەهەندێ شوێنی تری كوردستاندا ژن شانازی بەوەوە دەكات حەوت جاران رەدوو كەوتووە، واتە لەوێ نەریتە، ئەگەر ژنێك رەدووبكەوێ، بەپێچەوانەوە، ژن هێنانو شووكردن زۆر نائاساییە.

٨ـ علی الوردی باسی(خلف بن امین)ی كردووە، كە لەدوا دوایی سەردەمی عوسمانییەكاندا لەبەغدا ژیاوە. ئەم خەڵەف بن ئەمینە هەر كاتێك دز بەسەرماڵێكیا دابێ، ئەم خۆیی شاردۆتەوە. پاشان دوو دەمانچەی بەبەر پشتێنەكەیدا كردووەو داوای كردووە دزەكەی پیشان بدەن. یا لەهەر شوێنێك یەكێك كوژرابێت، ئەم یەكسەر چووەو لێی پرسیون، كە ناوی ئەمیش نەهاتۆتە ناوانەوە.. جا (د. علی الوردی) دەڵێ: نموونەی خەڵەف بن ئەمین جارانو ئێستاش لەكۆمەڵەكەماندا زۆرن.

بڕوانە: الدكتور علی الوردی: لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث. ج١، مطبعة الارشادـ بغداد، ١٩٦٩ ص٢٥و ٢٦.

٩ـ جێگای داخە كە دەقە فارسییەكەی لەگەڵ وەرگێڕانە كوردییەكەیدا ئاسمانو ڕێسمانە. بەرامبەر ئەم دەقە نووسراوە: "كوردەكان ئەگەر ئاكارێكی ناپەسەندیان هەبێ هەر ئەوەندەیە كەسیان سەر بۆ كەسیان ناچەمێنێو بۆ یەكتر نایەنە بەر كەمەندو هەر وەكو تاكە تاكە هەر كەسە بیر لەسەربەرزیی خۆی دەكاتەوە. بە تێكڕایی بیر لەسەر بلندیو تێكڕایی ناكەنو پشتی یەكتر ناگرنو نابنە یەك ل٣٥" وەرگێڕ بەئارەزووی خۆی دەستكاری ئەم بڕگەیەی كردووەو بەتەواوی شێواندوویەتی. هەر لەگەڵ زانستو مێژووشدا ناگونجێ ئەگەر شەرەفخان شتێكی وای گوتبێ. دانانی وشەی كوردەكان لەبری "طوایف اكراد" پڕ پێستی نییە. بۆ بەراورد كردن بڕوانە: شەرەفنامە، عباسی ص٣١.

10ـ Bruinessen, M. M. van: Agha, Scheich und Staat. Blvs Berlin, 1989. S.16.

11ـ Plessner, Helmuth: Die verspätete Nation. Suhrkamp Frankfurt am Main, 1988. S.45. ff

12ـ Bruinessen, M. M. van(lbid). S.179



هەروەها بڕوانە: شەرەفنامە، عباسی ص٤٩٨.

بەداخەوە لێرەشدا مامۆستا هەژار ناوەڕۆكی ئەم شیعرەی تێكداوە. مەبەست لەم شیعرە ئەوەبووە، پاش شووكردنی شاهم خاتوون بە میر سەیدی ئەحمەد ناسرەدین، میرەكانی تری رۆژەكی، هەریەكە لەناوچەیەكدا، ئالای سەربەخۆییان بەرز كردووەو لەبەدلیس جیا بوونەتەوە..

١٣ـ مەبەستی شەرەفخان لەوشەی "سوڵتان" میری بەدلیسەو نەك سوڵتانی عوسمانی.

١٤ـ علاءالدین سجادی: مێژووی ئەدەبی كوردی. چاپخانەی معارف ـ بەغدا، ١٩٥٢ ل٥٨.

١٥ـ الدكتور عزالدین مصطفی رسول: احمدی خانی. مطبعة الحوادث ـ بغداد ١٩٧٩ ص٦٤.

١٦ـ رشید فندی: مناقشات حول خانی. مطبعة الجاحظ ـ بغداد ـ ١٩٨٦ ص٣٤ـ ٣٥ سەبارەت بە لێكدانەوەی شیعرەكەی خانی من كاك رەشید فندی بەراست تر دادەنێمو قسەكانی د. عزالدین زۆر بە ناواقیعی دادەنێم.

١٧ـ مەسعوود محەمەد: حاجی قادری كۆیی. بەشی سێیەم. بەغداـ ١٩٧٦، ل٣١٥و ٣٣٢.

١٨ـ عبدالرقیب یوسف: تابلۆ هونەرییەكانی "شەرەفنامە"ی دەستخەتی شەرەفخان. بەشی ١،٢ ، ٣، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٥)و (١١٧) ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨ل ٢٥٣ـ ٢٩٦و ل١٤٩ـ ١٧٧.

(بەداخەوە بەشی سێیەمم نەبینیوە، بە كۆپی نەبێو ژمارەكەی تۆمار نەكرابوو).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئەحمەدی خانیو
# دەسەڵاتی کوردی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئایا ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٧ز) شاعیرێکی ناسیۆنالیستو باوکی بیری نەتەوەیی کوردییە؟

ئایا لەکۆتایی سەدەی (١٧)دا، نەتەوەیەك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، کە ناوی نەتەوەی کورد بێت؟

ئایا جوڵانەوەیەکی سیاسی بەهێز لەئارادا هەبووە، داوای دەوڵەتی نەتەوەیی بکاتو چینی مامناوەندی شاری (بۆرجوازی ـ Bourgeoisie) توانیویەتی چینو توێژەکانی تر لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆبکاتەوەو داوای نەتەوەیی پێشکەش بکات؟

ئایا ئەحمەدی خانی پێش رەشەباو گەردەلوولی فیکری سەردەمی خۆی کەوتووەو بەسەر دوو سەدەدا قەڵەمبازی داوەو لەبایەزیدی سەدەی (١٧)ەوە، کوردستانی سەدەی بیستەمی پێشبینی کردووە؟

نوسینەکانی ئەو، بەشێکە لەسامانو بیرو هزری کۆتایی سەدەی (١٧)، یان ئەو بۆ رووحو عەقڵی سەدەی بیستو بیستو یەك نووسیویەتی؟

بیری خانی لەتەنگژەو گێژاودا بووە، یان ئێمە لەناوەڕاستی قەیرانو شڵپو هووڕی شەپۆلانی دەریایەکی تووڕەدا، بەدەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە؟

ئێمە بۆچوونو تێگەیشتنو جیهانبینی خانی، لەدیوی دەرەوە دەبینین، یان لەدیوی ناوەوە دەبینین؟

ئایا دەبێ بەپێوەرو تێگەیشتنو تەرازووی سیاسیو تیۆری جیاجیای ئەم سەردەمە، شاکارەکەی خانی هەڵبسەنگێنینو لەپێناسەو چەمکەکانی (Term)، (terminology) ئینگلیزی یان (Begriff) ئەڵمانی تێبگەین، یان دەبێ بۆ کۆتایی سەدەی(١٧) بگەڕێینەوەو بەچاوی ژیانو کولتووری شاری (بایەزید)ی سەدەی(١٧) سەیری بەرهەمەکانی خانی بکەین؟



## رێبازی لێکۆڵینەوە (میتۆد)

زۆرجار جێگای داخو کەسەرە، کە زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر (مەمو زین)[1]ی ئەحمەدی خانی نووسراون، شیکردنەوەو لێکدانەوەی تێکستەکانە، کە گرنگی خۆیان هەیە، یان لەبەر رووناکی هەندێ چەمكو بیرو ئایدۆلۆجیای ئەمڕۆ، لەسەر شاکارەکەی خانی نووسراون. ئەم میتۆدە نەیتوانیوە لەئاست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی جیدیدا بێت. دیارە بەرهەمی ئەدەبی، لەژینگەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریدا لەدایك دەبێت. ژیاننامەو باری دەروونی، بۆ چرکەی نووسین زۆر گرنگن، نووسەرو رووناکبیرانی ئێمە بەرهەمو کۆنتێکستی ـ Context کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسییان لەیەك جیاکردۆتەوەو دابڕیوە. تەنیا گۆشەنیگایان لەسەر (مەعنای حەرفی) بەیتەکان بووە، لەگەڵ پشتگوێ خستنی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیو سیاسیو باری دەروونی.

من لێرەدا، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستمدا بوونو شارەزایی خۆم، هەوڵمداوە سوود لەژیاننامەو سەرچاوەی رووناکبیریو باری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە وەربگرم.

## کورتەی ژیاننامەی خانی

بۆ تێگەیشتنی بیرو هزرو ئاوەزی خانی، کە لە (مەمو زین)دا بەرچاو دەکەوێت، ئێمە دەبێ چاوێك بەژیاننامەی خانیدا بگێڕین:

### ساڵو شوێنی لەدایك بوون:

ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٥٠ز (١٠٦١ك) لەبایەزید، کە پایتەختی میرنشین بووە، لەدایك بووە. لەکۆتایی (مەمو زین)دا، بەم بەیتەی خوارەوە ئاماژەی بۆ ساڵی لەدایکبوونی خۆی کردووە:

لەورا کو دەما ژ غەیب فەک بوو
تاریخ هەزارو شیستو یەک بوو[٢]

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بنەماڵەو باپیران

نازناوی خانی، لەگوندی (خان)ەوە وەرگیراوە، کە دەکەوێتە دەشتی خان (دەشتا خان)، کە سەر بەناوچەی هەکارییەو ئێستا سەر بەقەزای (جۆلەمێرگ)ەو لەسنووری عیراق ـ تورکیاوە نزیکە. (میر حەسەنی خانی): یەکەمین کەسی ناسراوە، کە نازناوی (خانی) پێوە بێت. ئەم میرە، قەڵای (زیریناك) ئاوەدان دەکاتەوە، کە ناوچەکە، هەمووی لەسنووری دەسەڵاتی میرنشینی هەکاریدا بووە. پاش میر حەسەن، میر سلێمانی کوڕی جێگەی بابی دەگرێتەوە. پاش مەرگی ئەویش، عەبدولڕەزاق دەبێتە میر. پاش عەبدولڕەزاق، عەبدولڕەحمانی کوڕی دەبێتە میر. ئەم میرە، بەشێخ عەبدولڕەحمانی گەورە ناوی ڕۆیشتووە. لەسەردەمی ئەم میرەدا، شا توهماسوب (٩٣٠ ـ ٩٨٤ك) پەلاماری ناوچەکە دەداتو داگیری دەکات. شێخ بەخاوو خێزانەوە بەرەو ناوچەی بایەزید هەڵدێتو عەشیرەتی (مەحموودی) داڵدەی دەدات. شێخ عەبدولڕەحمانی گەورە بەپلەی قازی قەڵای (دۆزە سۆر ـ قەڵای سوور) دادەنرێت تا لەساڵی ١٥٣٤ز (٩٤٠ك) کۆچی دوایی دەکات.

میر ڕۆستەمی کوڕی، ماوەیەك بەمیری (دۆزە سۆر) دادەنرێت. پاش ماوەیەك، دەست لەکاردەکێشێتەوەو ڕوودەکاتە شاری بایەزید. میرانی بایەزید بەگەرمی پێشوازی لێدەکەنو جێگەو ڕێگەی حەوانەوەو مانەوەی بۆ فەراهەم دەکەن.

دوای نەمانی میر ڕۆستەم، ئەیاز (عیاض)ی کوڕی، کە خراوەتە بەر خوێندنی دینیو بە مەلا ئەیاز ناو دەردەکات. ئەم مەلا ئەیازە باپیرەی ئەحمەدی خانییە[٣].



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باوکی خانی

ئەلیاس کوڕی مەلا ئەیازەو باوکی ئەحمەدی خانییە. ئەلیاس مامۆستاو زاناو نووسەر بووە. بەگوێرەی سەرچاوە عوسمانییەکان، ئەلیاس بەگ ساڵی ١٦٢٦ز (١٠٣٦ك) لەقوتابخانەی (سنانی) لە بایەزید، بە مامۆستا دادەنرێت. پاش (١٨) ساڵ، فەرمانی بۆ دەردەچێتو لەدیوانی (ئینشا) بەپلەی (مونشی) ساڵی ١٦٤٤ز (١٠٥٤ك) دادەمەزرێت[٤].

ئەلیاس ساڵی ١٦٥٥ز (١٠٦٥ك) چیرۆکێك بەناوی (قصە شمعون) دەنووسێت. بەڵگەنامەیەکی تر بەدەستەوەیە، کە ساڵی ١٦٥٦ز کۆچی دوایی کردووە. واتە: کاتێك ئەلیاس دەمرێت ئەحمەدی کوڕی تەمەنی نزیکەی (٥) ساڵ بووە.

## گوڵنیگارو قاسم

دایکی ئەحمەدی خانی ناوی (گوڵنیگار)ەو کچی قەرەخان کوڕی میری بایەزید بووە. واتە: خانی، پوورزای باوکی میر محەمەد بووە. میر محەمەد ساڵی ١٦٨١ز (١٠٩١ك) کۆچی دوایی کردووەو خانی بە وشەو شیعر فرمێسکێکی زۆری بەسەردا هەڵوەراندووە. پاش مەرگی باوکی، قاسمی برای، کە زاوای میر محەمەد بووە، ساڵی ١٦٦٢ز بە (مونشی) دانراوەو هەمانساڵیش دەرکراوە. قاسم، لەسۆنگەی خزمایەتی لەگەڵ میردا، زۆر دەستی خستۆتە کاروباری میرەوەو بۆژووی کردووە، ئەویش ناچار بووە دووری بخاتەوە. لەبری قاسم، بن ئامۆزاو زاوایەکی (یوسف کوڕی یوسف کوڕی ئەیازی خانی) لەجێگەکەی دادەنرێت. ئەمیش تا ساڵی ١٦٧٠ز ئەو کارەی پێدەسپێردرێت، تا خەڵك داوای لادانی دەکەنو میریش قسەیان ناشکێنێت. ئەحمەدی خانی لەساڵی ١٦٧١ز لەجێگەی یوسف دادەنرێتو ئەو کاتە تەمەنی تەنیا (٢٠) ساڵ، یان (٢١) ساڵ بووە.

### تەمەنی منداڵی و لەدەستدانی باوك

پاش دوورخستنەوەی قاسم لەدەرباری میر،ماڵ دەگوێزێتەوە بۆ (دۆزە سۆر)و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە. ساڵی ١٦٧٣ز (١٠٨٣ك) لەوێ کۆچی دوایی دەکات[٥].

لەوە دەچێت کاتێك قاسم لە (بایەزید) دەڕوات، خانی خۆی و دایکی لەماڵە خاڵوان، یان لەسێبەری ئەواندا مابێتنەوە. هەر لەوێ خوێندن تەواو دەکات و کاری چنگ دەکەوێت. لەدەستدانی باوك، لەتەمەنی پێنج ساڵاندا، کاریگەری خۆی لەسەر شاعیر جێدەهێڵێت. گەڕانەوەی باوك، یان گێڕانەوەی باوك[٦]، ئەگەر لای منداڵ وەکو (مستحیل) دەرکەوێت، ڕەنگە ئەو منداڵە خۆی دەوری باوك ببینێت، یان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت. ڕەدوونەکەوتنی تارمایی کاکی و مانەوە لەگەڵ دایکیدا، دەتوانرێت، بەتێگەیشتنی فرۆیدیانە شیبکرێتەوە. کاکی جێگری باوکی بووە، لەدەسەڵاتی ناوخێزان و دەرباری میر. مانەوە لەبایەزید، لەناو گەورە پیاوان و لەسێبەری خاڵواندا، ئەگەر خۆی بڕیارەکەی دابێت (١٢ ساڵ) یان دایك و خاڵ، پێشزاری (وصایە ـ Vormundschaft)[٧] یان بۆ کردبێت، ڕێك لەناخەوە بەگوێرەی حەزو ئارەزووی شاراوەو نەدرکێنراوی ئەو بووە.

بەچواردە ساڵی، سەرەتا سەردەمی هەرزەکاری، لەبری یاری و ڕابواردن لەگەڵ هەرزەکاراندا، لەبری چاوبڕکێ و تەشقەڵە گێڕان بەکیژان، خانی دەست بەشیعرنووسین دەکات:

**خەطاێ تەیە سەرنوشت و سەر مەشق**
**سە سالە خەطاێ خەطا دەکەت مەشق**
**لەورا کو دەما ژ غیب فەك بوو**
**تاریخ هەزارو شیست و یەك بوو**



**ایسال گەهشتە چل و چاران**
**وی پێشڕەو گوناهکاران[٨]**

تاریخی (١٠٦١ك) بەرامبەر (١٦٥٠ز)، تا دەگاتە ساڵی ١٦٩٤ز ساڵی نووسینی (مەم و زین)ە. ئەو کاتە تەمەنی چل و چوار ساڵ بوو. دەڵێ: ئەمە سی (٣٠) ساڵە دەستم بەنووسین کردووە. واتە: لەچواردە ساڵییەوە دەستی داوەتە قەڵەم و قاقەزو هۆنینەوەی شیعر.

داننان بەماوەی شیعر نووسین، جۆرێکە لەشانازیکردن و بەخۆنازین. لەڕووی دەروونناسییەوە، ئاماژەیە بۆئەوەی ویستویەتی ڕۆڵی (باوك) ببینێت. باوك، نووسەری دەربار بووە (مونشی)، ئیدی ئەمیش، بەوردی و بەپلانکاری بۆئەوە کردووە، بەزووترین کات سەرنجی میرو پیاوانی دەربار رابکێشێت، کوڕە بچووك لەجێگەی باب دانرێت، پاش ئەوەی برا گەورە (قاسم)، لەبەر نەزانینی ئەتەکێت، یان خۆ بەزلزانین، یان لەبنهۆشە، خۆی زۆر لەمیر محەمەد بەگەورەتر داناوە، ئیدی بەشێوەیەك ئامۆژگاری کردووەو بەسەریدا هاتووە، میر هەستی بەنەگونجان و نەشیاوی دەوری کوڕی مونشی پێشوو، زاوا، لەناو دەرباردا کردووەو ناچار بووە (ئیزن)ی بدات و دڵی خۆی و کچەکەی بشکێنێت.

ئەزموونی تێکشکانی مەلا قاسم بۆ ئەحمەدی برای ناوەنجی، ماکی پەندو وانە لێهەڵهێنجاندنە. دیارە پێشتر لەناو خێزانیشدا، نەیتوانیوە دڵی دایکی و برا بچووکەکەی بەلای خۆیدا رابکێشێت. دەوری خانی (١٢ ساڵ) بەرامبەر دایك و دوو خوشك و برایەکی بچووکتر، دەوری هەرزەکارو مێردمناڵێکی هەست بە بەرپرسیارێتی نەکەر نەبووە. ئەو، لەناو خێزانەکەیدا، بەناچاری ڕۆڵی باوکایەتی گێڕاوەو هەوڵی داوە وەکو پیاو بناسرێت. لێرەدا، دەتوانرێت، لەنێوان خانی و نیچەدا[٩]، بەراوردێکی سەرپێی و خێرا بکرێت. کاتێك نیچە باوکی لەدەست دەدات، تەمەنی چوار پێنج ساڵان دەبێت: دایکێك و چەند

خوشکێکی گەورە. ئەم وەکو تاقە نێرینەی ناو ماڵ دەبینن، ئەویش ناچار دەبێت خۆی بە باوك بزانێت‌و وەکو گەورەو دەمڕاستی ناو خێزان هەڵس‌وکەوت بکات. نیتشە لەحەوت هەشت ساڵییەوە دەست بەنووسینی بیرەوەری دەکات. هەرکەسێك نووسینەکانی ئەو کاتەی بخوێنێتەوە، رەنگە پێیوابێت پیرەمێردێکی بەساڵاچوو، ئەو تێکستانەی نووسیبێت.

هەموو کەس ناتوانێ ببێتە (مونشی)[١٠]، بەتایبەتی (مونشی)یەکی سەرکەوتوو! وەرگرتنی پلەی(مونشی)، کارێکی سەخت‌و زەحمەتەو بەهەموو کەس ناکرێت. (مونشی) دەبێت بەڕەوانی سێ زمان بزانێت: عەرەبی‌و تورکی عوسمانی‌و فارسی. لەتەکنیکی داڕشتن‌و نامەهۆنینەوەو وەڵامدانەوەی نووسراوی فەرمی‌و گەورە پیاوانی دەوڵەت، دەبێ ئەو کەسە ئەوپەڕی لێزان‌و شارەزاو کارامە بێت. سەرباری ئەمانە، دەبێ پێشەکی، مەلای دوانزە عیلم بێت (خاوەن ئیجازە بێت)!

گەنجێکی (٢٠) ساڵان، پۆستێکی ئەوتۆی پێدەسپێردرێت‌و بەسەرکەوتوویی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ئەمە بەڵگەی لێوەشاوەیی‌و زانایی‌و پسپۆرییە، نەك کاری رێکەوت! ئەو بەرچاوی روونبووەو ئاگاداری هەموو وردەکاری‌و داب‌و دەستوورو هەڵسوکەوتی ناو دەربار بووە. ئەحمەدی برا ناوەنجی، ئەزموونی سوێرو تاڵی مەلا قاسمی برا گەورەی لەبەرچاو بووە، کە بۆتە قوربانی تێنەگەیشتنی خۆی، لەداوە جاڵجاڵۆکەی ناو دەربار. راگرتنی هاوسەنگی، وەکو یاریکەرێکی ئەکرۆپاتیك، لەکاتی رێکردن بەسەر پەتێکی باریکدا. برا گەورە بۆتە قوربانی دەمنەوەستان‌و زماننەگرتن‌و هەڵەشەیی‌و لاساریی. برا ناوەنجی دەبێ ببێتە زانای بواری دەربڕین‌و داڕشتن‌و رەوانبێژی. مەلا قاسم، زاوای میر، ماف بەخۆی دەدات راست‌و رەوان رەخنە ئاژنی میر بکات‌و جەخت لەسەر دادپەروەری‌و عەدالەت بکات. برای ناوەنجی، ئەدەب‌و رەوانبێژی دەکاتە چەترو لەبن باران ناوەستێت.



دیارە خانی، پێش ئەوەی ببێتە (٢٠) ساڵ، توانیویەتی بەزانایی‌و زیرەکی‌و قورس‌و گرانی، لەناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناوو ناوبانگ دەربکات. ئەو، تا بیست ساڵان، بەهەڵەشەیی‌و هەرزەکاری‌و سەرەڕۆیی، خۆی بەکۆمەڵ پێناسە نەکردووە. ئیدی چەند رۆژێك پێش پۆستوەرگرتنەکەی، وەرچەرخانی بنەڕەتی لەڕەوشت‌و ئاکارو بیرکودنەوەیدا رووی دابێت! بەپێچەوانەوە بۆ گەنجێك هەر زۆر قورس بووە، لەتاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن دەربچێت‌و بەگوێرەی دڵی سەرانی چینی فەرمانڕەوا بێت.

بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن، شاعیر، بەلای کەمەوە، لەسەردەمی دەسەڵاتی سێ میردا(مونشی) بووە: میر محەمەد، عەبدی کوڕی میر محەمەد، میرزای کوڕی عەبدی. گوتمان: میر محەمەد ساڵی ١٦٨١ز ماڵئاوایی کردووە. میر عەبدی ساڵی ١٦٩٦ز مردووە.[١١] میر میرزای بایەزیدی، دیارە پێش مەرگی باوکی، فەرمانڕەوایی پێسپێردراوە. چونکە (مەم‌و زین) لەساڵی ١٦٩٤ز نووسراوەو ئەوکاتە میرزا، میری بایەزید بووە.

ئەو لە (مەم‌و زین)دا دەنووسێت:

لێ حاکمێ وەقتێ مەعرفتناک
مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئدراک
میرێ کو ب ناڤ میرزایە
مەحظا نەظەراوی کیمیایە[١٢]

بێگومان بەشێك لەئاماژەی نەبینراوی شاکارەکە، بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە (حاکمێ وەقت)ەوە هەیە (میرێ کو ب ناڤ میرزایە). شاعیر پەیامێکی هەبووە، بەرێکەوت، بەبێ مەبەست، ئەم بەرهەمەی نەنووسیوە!

مانەوەی خانی لەیەك پۆستدا، لەسەردەمی سێ فەرمانڕەوا، کە هەر یەکە سروشتێك‌و هەر یەکە تێگەیشتن‌و شێوازو خوویەکی هەبووە، ئەم لەماوەی پتر لە (٢٤) ساڵ (١٦٧٠ز ـ ١٦٩٤ز) لەگەڵ باپیرەو کوڕو کوڕەزادا، کاری کردووە. لەگەڵ هەموویاندا

خۆی گونجاندووەو نەیهێشتووە دڵی کەس گەرد بگرێت. ئەمە بەڵگەی کارامەیی‌و بەهرەمەندییە، لەخوێندنەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و کارەکتەری کەسانی دەسترۆیشتووی ناو دەربارو کەسانی دەستنەرۆیشتووی ناو کۆمەڵ.

## مۆتیڤ‌و هاندەری دەروونی

بۆ خانی (مەم‌و زین) دەنووسێت؟ ئەو تەنیا هەست بەداگیرکراوی‌و ژێردەستی گەلەکەی دەکات، یان بروسکەیەکی دەروونی، بەرچاوی روون دەکاتەوەو ئاسۆیەکی بەرفراوان لەبەردەمیدا بەرجەستە دەبێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە، ئێمە دەبێ بزانین کەی خانی (مەم‌و زین)ی نووسیوەو هەلومەرجی ژینگەی دەربار بە چ شێوەیەك بووەو لەڕووی دەروونییەوە، شاعیر هەستی بەچەند جۆرە گوشارو پاڵەپەستۆ کردووە؟

شاعیر خۆی بەڕاشکاوی دەنووسێت: لەسەردەمی میر میرزاو لەتەمەنی چل‌و چوار ساڵیدا (رۆمیۆو جۆلێت)ی کوردی نوسیووە. بێگومان یەکێکی وەکو خانی، دەیتوانی لەتەمەنی (٢٥) ساڵی، یان(٣٥) ساڵی داستانێکی شیعری بنووسێت! بەڵام بۆ پێش ١٦٩٤ز بیری لەنووسینی ئەو پڕۆژەیە نەکردۆتەوەو کارەکە لەسەرەتای دەسەڵاتی میرزادا کراوە؟

ئایا مۆتیڤی (مەم‌و زین) ئەزموونێکی جیاوازە لەگەڵ میرێکی لاودا، گوشارو پاڵەپەستۆیە، کە شاعیری بەتەمەن، لەناو تان‌وپۆی واقیعی نوێدا، نەیویستووە دەم بخاتە دەم میرێکی کەم ئەزموونەوە، هەرچی جۆش‌و خرۆشی خەفەکراو هەیە، بۆ سەر لاپەڕەی دەسنووسی داستانێکی شیعری دزەی کردووە، یان تەنیا کار کاری رێکەوتە؟

ئەو، ئەزموونی مەلا قاسمی برای لەبەرچاو گرتووە، کە بۆتە قوربانی ئۆپۆزسیۆنی ماوە کورتی ناو دەربارو نەیتوانیوە بایی ئەوە (ئۆپۆزسیۆن) بێت، نانبڕاو نەکرێت‌و کارو



پلەکەی لەدەست نەدات. بۆیە خانی، راستەوخۆ، نەیویستووە، شەڕێکی دۆڕاو بکات‌و تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو دووبارە بکاتەوە.

ئەو لەگەڵ میر محەمەدو میر عەبدی کوڕی خۆی گونجاندووەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەواندا نەبووە، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ تیرو توانجی شاراوە لە (مەم‌و زین)، یان شیعرێکی تر بەرچاو ناکەوێت. میر محەمەد، کە لەساڵی ١٦٧١ لەدەربارەکەی خۆیدا خانی دامەزراندووە تا ساڵی ١٦٨١ ئەو ساڵەی میر کۆچی دوایی کردووە، شاعیر لەسەر کارەکەی خۆی ماوەتەوە. واتە: دیارە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا رووی نەداوە، ئەگینا چارەنووسی برای ناوەنجی لەبرا گەورە باشتر نەدەبوو!

لەوەدەچێ میر محەمەد، لەوکاتەی خانی دامەزراندووە واتە: دەوروبەری ساڵی ١٦٧١ز تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵێك بووبێت، بە دەلیلی ئەوەی ساڵی ١٦٧٠ز عەبدولفەتاح (عبدالفتاح)ی کوڕەزای دەکاتە حاکمی ناوچەی سیرت[١٣]. پیاوێك لەتەمەنێکدا بێت، کوڕەزاکەی بکاتە حاکم، قۆناغی گەنجایەتی جێهێشتووەو لەپایزی تەمەندا بووە.

دوورنییە شاعیری گەورەمان، لەتەمەنی مێردمناڵی‌و گەنجایەتیدا، میر محەمەدی لەجێگەی باوکدا بەرجەستە نەکردبێت. بەهەمان شێوە، رەنگە دۆستایەتی‌و خزمایەتی نێوان میر محەمەدو مەلا ئەلیاس، لەئاستێکدا بووبێت، شاعیری گەنجی، بەکوڕ، یان کوڕەزا دانەنابێت. جیاوازی تەمەن، رێزی نێوان دوو کەس، ملکەچی بچووك بەرامبەر بەگەورە، پەیوەندییەکەو بڕواپێبوونەکە دەگۆڕێت. خانی گەنجێکی گوێڕایەڵ‌و وریا بووەو کارەکانی میری بەجوانی راپەڕاندووەو سەرئێشەی بۆ نەناوەتەوە. میر محەمەد پیاوێکی (پەتریارخ ـ Patriarch)[١٤] بووە، بەهۆی تەمەن‌و بەهۆی پلەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی باوکسالاری بەرجەستەکردووە. بۆیە لای ئاسایی بووە بەچاوی باوکایەتییەوە سەیری نووسەری دەربارو میرنشین (مونشی) بکات. ئەم تێڕوانین‌و یەکتربینینە، یارمەتی شاعیری داوە بێدەنگی هەڵبژێرێت، نەك قەڵەم‌و زمانی ئۆپۆزسیۆن بخاتەگەڕو ژیانی ئاوارەیی‌و دەربەدەری هەڵبژێرێت.

پەیوەندی نێوان شاعیرو میر عەبدی کوڕی میر محەمەد، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەویش وەکو باوکی، دڵی ڕاگرتووەو نەیهێشتووە نووسەری دەربار (مونشی) بێزاری پێوە دیار بێت. ئێمە لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاستیە دەزانین ساڵی ١٦٨٦ز خانی لەبایەزید مزگەوتو قوتابخانەیەکی دروست کردووە، کە تا ئەمڕۆش پارێزراوە.

کتێبخانەی بیروهۆشیاری

ئەوکاتە شاعیر تەمەنی ٣٦ ساڵ بووە، کاتێك مزگەوتو قوتابخانەکەی تەواو کراوە. یەکێك خەمی مزگەوتو قوتابخانە دروستکردنی هەیە، کە لەڕووی داراییەوە هیچ کێشەیەکی نەبێت: زۆرجار میرێك، بەئاستەم لەتوانایدا هەبووە بینای مزگەوتێکی بۆ بەرز بکەنەوە، بەڵام شاعیرێکی لاو، ئەو ئەرکە داراییە قورسە لەئەستۆ دەگرێتو ناوی خوای لێ دەهێنێت!

خانی لەچەند بەیتێکدا، هەر زۆر بەوردی باسی پوولو پارە دەکات. باسی کڕینو فرۆشتنو بازرگانی دەکات. لەلایەکی ترەوە، پارەکەی بۆ پڕۆژەی شوێنی نوێژو شوێنی فێربوون تەرخان دەکات. کەواتە: ئەو تاڕادەیەك، بەوردی ئاگای لە (جیهانی پوولو دراو) بووەو ئاگای لەناو جیهانی کارو کەسابەت بووە:

**چ بکم کو قەوی کەسادە بازار**

**نینن ژ قوماش را خەریدار**

لێرەدا، دیارە مەبەستی ئەوەنییە بازاڕی ئاسایی تووشی تەنگژەو قەیران هاتووە، بەڵکو بازاڕی بیرو هزر تووشی قەیرانو گێژاوە هاتووە. ئێستاش زۆر شاعیری دەستو پێ سپی هەن، کە ئاگایان لەژیانی ناو بازاڕ نییە. ئەم بەیتەی خانی، لەلایەکەوە بەڵگەیە لەسەر دروستبوونی بازاڕێك، یاسای داخوازیو خستنەڕوو تێیدا باڵادەستە، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی پیشەکەیەوە بێت، یان لەئەنجامی جۆرێك لەجۆرەکانی پەیوەندی، وەکو (خوو)یەك، ئاگای لەنهێنییەکانی جیهانی بازاڕ بووە:



**یەعنی ژ تەمەع، دراڤو دینار**

**هەریەک ژ مە را وە بوونە دلدار**[(١٥)]

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دڵداریکردن لەگەڵ پارەو دراودا، ئەمەش جۆرێکی ترە لەپەیوەندی نێوان دوو کەس، هەریەکە لەڕوانگەی دراویەوە دەڕوانێتە ئەوی تر. یەکێك لەپێشەکی داستانێکی شیعری دڵداریدا، پێش پتر لەسێ سەد ساڵ، ئەم بەیتە بنووسێت، چەمکی ئەڤینو خۆشەویستی، دەبێ لای شاعیر، ئەو چەمکە کلاسیکیە نەبێت، کە ئێمە لای کوردیو نالی دەیبینین.

مەبەستی من، ئەوەیە بنووسم، شاعیر توانای دارایی خۆی هەبووەو ئاگاداری دونیای ئابووریی پایتەخت بووە. دیارە ئەمە هۆیەك بووە لەهۆکان، کە ئەو هەمان ڕێگای ڕەخنەگریی برا گەورەکەی نەگرتۆتەبەرو بێدەنگی هەڵبژاردووە. سروشتی مرۆڤ بەگشتی وایە، هەر سەرچاوەی پوولو پارە کەوتە کزی، ئەو کەسە لە سەنگەری ڕاستڕەوییەوە بۆ سەنگەری چەپڕەوی دەگوێزێتەوە!

من بەدووری نازانم لەسەردەمی میر میرزادا، گەر وێنەو هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان شاعیرو دەربار، بەجۆرێك نەگۆڕابێت، شاعیر لەلایەن میری لاوەوە، دڵی رانەگیرابێت. خانی لەسەردەمی میری نوێدا تەمەنی چلو چوار ساڵ بووەو پیاوێکی کامڵو پێگەیشتوو بووە. میر میرزا، گەنجو کەم ئەزموونو تاقیکردنەوە بووە. شاعیر چاوەڕوان بووە، میر لەسەر ڕێبازی باوباپیران بڕواتو هیچ گۆڕانێك روونەدات. بەڵام چاوەڕوانی ئەحمەدی خانی لەجێگەی خۆیدا نەبووە. ئەو، خۆی لەئاستی (نظامی گەنجەوی)و (جامی) داناوەو هیچ عەیبەیەکی لەخۆیدا بەدی نەکردووە، تا میری نوێ ڕێزی وەکو جاری جاران لێنەگرێت.

میر میرزا، بەچاوی ڕێزەوە سەیری (نظامی کوردی)یان (جامی کوردی) نەکردووە. میری لاو، بەگیانی لەخۆباییبوونو رووحزلییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کردووە: ئامادە نەبووە کەڵە شاعیرانی جیهانی ئەدەبی ئێرانی بە (مەیتەر) یان (نۆکەر) رابگرێت.

واتە: هەستو سۆزی باوکایەتی (پەتریارخ)و دەست بەسەرداهێنانو نزیککردنەوەو هەڵڕشتنی پاداشو بڕواپێبوون، کە لەلایەن شاعیرەوە بەگەرمی چاوەڕوانکراوە، میر، بەهۆی تەمەنو سروشتی گەنجایەتیو بەخۆدانازینو بەهیچ دانانی ریشسپێتی نەوەی پێشوو، پوازی جودایی رۆحی، لەنێوان هەردووکیاندا چەقاندووە.

شاعیر، لەناخەوە، بۆتە ئۆپۆزسیۆن، بەبێ ئەوەی بتوانێت ئالآی یاخیبوونو چوونە شاخ بەرز بکاتەوە. لەدڵەوە، قاچێکی لەناو بازنەی ئۆپۆزسیۆن بووەو قاچەکەی تری لەناو بازنەی دەربار.

## بیری سیاسیو بیری ناسیۆنالیستی

دەربارەی بیری سیاسی خانی، لەناو وڵاتو لەدوور وڵات، دانوستاندنو گفتوگۆیەکی چڕو پڕو بەردەوام هەیە. بەشێك لەنووسەرو مێژوونووسان، بەپشتبەستن بەهەندێ تیۆری سیاسیو هەندێ جار بەبێ پشتبەستن بەچوارچێوەو لێکدانەوەی تیۆری، هەر یەکسەر خانی لەبازنەی پێشڕەوانی بیری نەتەوەیی دادەنێنو دیباجەکەی (مەمو زین) دەکەنە بەڵگەی بیروبۆچوونیان.

ژمارەیەك رۆژهەڵاتناسو کوردناس هەن، لەسەر بنەمای زانیاری تیۆری سیاسیو بەراوردکاری، خانی بەمرۆڤێکی خاوەن بیرو هزر دادەنێنو پێیانوایە ئەو، یەکێکە لەباوکەکانی بیری نەتەوەیی، بەڵام ئاوەڵناوی ناسیۆنالیستی بە(مەمو زین) ببەستنو هەندێ بەیتو دەستەواژە بەبەڵگەی بۆچوونو تێگەیشتنیان.

کاتیگۆری ناسیۆن: ئەو کەسانەی ئەحمەدی خانیان بەباوکە گەورەی بیری نەتەوەیی داناوە، هەر یەکجار زۆرن. لێدوان لەسەر بیروبۆچوونو تێگەیشتنی یەك بەیەکی ئەو نووسەرانە، کە (مەمو زین)یان بەسەرکردۆتەوە، کتێبێکی سەربەخۆی دەوێ. یەکەمین چاوگێڕان بەم شاکارەدا، هەر یەکسەر هەڵمو هاڵاوێکت بەرچاو دەکەوێت، کە رەنگە بەشێك لەنووسەرە ناسیۆنالیستەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەو شێوەیەیان



نەنووسیبێت. دیباجەکەی (مەمو زین) بەیت بە بەیت، بەڵگەو پاساوی بیری ناسیۆنالیستی خانیین: ئەو داوای یەکگرتنەوەو یەکێتی کوردانی کردووە، پێویستی خۆ رزگارکردنی نیشتمانی لەدەست داگیرکەرانو... تاد.

خوێندنەوەیەکی خێرای نووسینەکانی د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ[١٦] و جەمال نەبەز[١٧] و محەمەدی مەلا کەریم[١٨] و.. تاد. هەر یەکسەر (کاتیگۆری ناسیۆنالیزم) بەرچاو دەکەوێت، کە بۆ بیری ئەحمەدی خانی دانراوە.

کاتیگۆری بیری سیاسی: ژمارەیەك نووسەری کوردو بیانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە خانی مرۆڤێکی خاوەن بیرو ئارەزوو و هزری سیاسی بووە، بەڵام ناسیۆنالیست نەبووە. بێگومان ئەمانە پێناسەی خۆیان بۆ چەمکی (ناسیۆن ـ Nation) هەیەو بەگوێرەی تێگەیشتنو پێناسەی ئەوان، ناتوانرێت بیری ئەحمەدی خانی، کە لەدیباجەکەی (مەمو زین)دا دارێژراوە، ناتوانرێت لەناو (کاتیگۆری ناسیۆنالیزم) دابنرێت.

لێرەدا من بۆچوونی دوو نووسەر وەکو نموونە دەهێنمەوە، کە لەسەر مەمو زینی ئەحمەدی خانیان نووسیوە:

**یەکەم:** مارتن ڤان براوینسن دەنووسێت:

((هەڵبەت، سەبەبی باش هەن، بۆ ئەوەی، ئەحمەدی خانی بەباوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ و لەخوارەوە ئەمن نیشانی دەدەم کارەکانی، بەتایبەتی مەمو زین، چ دەورێکی گرنگی لەقۆناغە ناسکەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورددا گێڕاوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو (قسەیە) دەدا، کە خانی بۆ خۆی وەك ناسیۆنالیستێکی کورد نێودێر بکرێ؟ ئەمن لەو بڕوایەدا نیمو پێشم وایە ئێمە ناتوانین بەپشتبەستن بەیەك دوو دێڕی بەنێوبانگی نێو مەمو زین، بگەینە ئەو ئاکامەو بڵێین خانی بیری لەدەوڵەتێکی کوردی کردۆتەوە.

ئەوە راستە کە ئەحمەدی خانی هوشیارییەکی زۆری سەبارەت بەهەوێتی کوردی خۆی هەبوو و شانازی پێوە دەکردو ئەوەش راستە، کە ئەو چالاکی ئەدەبیی خۆی بەخزمەتێك بەکوردان دادەنا، لەسەدەکانی پێشتر لەو، شاعیران‌و زانایانی کورد بەگشتی (بیرورای) خۆیان، بەفارسی یان عەرەبی، دەردەبڕی)).

((ئەوە ئێمە دەگەیەنێتە گۆیا ناسیۆنالیزمی خانی. هەندێك بڕگەی دیباجە (سەرەتا)ی مەم‌و زین، بێسێودوو زرینگەی نوێباوبوونیان لێوە دێ، وەك ئەوەی بلێی ئەو قسانە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی بەرایی سەدەی بیستەمەوە کرابن، تا ئەوەی کە قسەی سێ سەدە لەوەپێشتر بن. وەك ئەوە وایە کە بلێی خانی داوای دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی کوردی دەکا. لەڕاستیشدا، ئەمن بۆ خۆم بۆ ماوەیەك پێموابوو ئەوانە لەلایەن نووسەرەوەیەکەوە، زۆر دواتر لەنووسراوەکەی خانی ترنجێندراون، چونکو ئەوان لەبەر گوێی من زۆر تازە بوون)).

لەخوارەوە مارتن ڤان براوینسن بەوردی لەسەر پێناسەی دەوڵەتی کلاسیکی دەڕوات: ((وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ، کە ئەو قسانەی وەك سکالای کوردێك بخوێنێتەوە، کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی چ دەوڵەتی نییە، لەکاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان‌و فارسەکان هەیانە. لەم جۆرە تێخوێندنەوەیە دووگیروگرفت راست دەبنەوە. بەپێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندە، ئێمە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو دەمی خەڵك بەگشتی خۆیان بەگرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد، بەو شێوەیەی کە خەڵك لەم رۆژگارەدا دەیکەن. رۆم، عەرەب‌و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکی خاوەن دەوڵەت (بەدەوڵەت) نین. رۆم لەبناوانەوە ئیمپراتۆری رۆم بوو و دواتر بەشی رۆژهەڵاتی، واتە بیزانتیوٚم، پاشان ئەم نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکارکرا، دەوڵەتەکانی سەلجووقی‌و عوسمانی‌و ئێستا، جار جار بۆ نێودێرکردنی کۆماری تورکیا بەکاردەهێنرێ - بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێرکردنی تورکی ئاسایی دەکار نەکراوە. زاراوەی عەجەم لەلایەن عەرەبەکانەوە دەکار دەکرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بەزمانی



جوێ لەعەرەبی دەدوان، لەزمانی تورکی عوسمانیدا تایبەتی بۆ نێودێرکردنی هەموو جۆرە ئێرانییەك دەکاردەکراو لەوانە تورکی - ئاخێوەرانیش، عەرەب‌و کورد (یان کرمانج، خانی هەردووکیان بەکاردەهێنێ)دەوڵەت نین، بەڵکو گرووپی ئینسانین، بەڵام ئەمن لەوە بەگومانم، کە داخودا مەبەستی خانی بەوردی لەنێوهێنانی هەمان گەل بووە، کە لەم رۆژگارەدا ئێمە وەك نەتەوەی کوردی باسی دەکەین. هەروەك ئەمن لەجێگەی دیکەشدا نووسیومە، زاراوەی کورد لەو زەمانیدا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێرکردنی عەشیرەتە کوردەکان‌و بەشێك لەدەستەی سەردەستی ئاریستۆکراتی شارنشین بەکارهاتبێ، بەڵام نەك بۆ جووتێرانی - نا - عەشیرەتی.

**گیروگرفتی دووەم دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان:** ئەودەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لەئاسیاو نە لەئەوروپا. چ دەوڵەتی تورکی، عەرەبی یان فارسی لەگۆڕێدا نەبوو، چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی کە هەبوون، لەسەر بنچینەی هەوێتی ئایینی یان پێناوداری‌و وەفاداری سەبارەت بەبنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون، وەك سلسلەی عوسمانی‌و سەفەوی، کە هەردووکیان تورك زمان بوون، بەڵام هیچکامیان هەوڵیان نەدەدا بۆ راکێشانی هاوپێوەندی ئێتنیکی تورکی. ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون، ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لەشێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە، ئەو پادشایەکی کوردی بەئاوات خواستووەو دەوڵەتەکەی ئەو، بەهیچ کلۆجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرە ئێتنیکی دیکەی لەبەرچاو بووە، کە تێیدا "رۆم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی، حەمیان ژ مە را دکر غولامی".

ئەگەر لەناسیۆنالیزم، مەبەستمان ئەوەبێ وەك ئێرنێست گێلنر دەڵێ: ((ئەو پرنسیپە سیاسییەی کە تێیدا دەبێ یەکەی سیاسی‌و یەکەی نەتەوایەتی لەگەڵ یەکتریدا جوربێنەوەو تەبابن))، ئەودەمی خانی، نابێ بەناسیۆنالیست دابنرێ. ئەو بەدووبەرەکی کوردان پەشێو بوو و پێوەی دەناڵاندو لەوە بێزاربوو ئەوان دەنێو خۆیاندا ناتەبان،

بەچاوی خانییەوە، ئەو دووبەرەکیو بێئیتیفاقییە ببووە هۆی ئەوەی ئەوان وەك ژێردەستەی دەوڵەتە دراوسێیەکانیان بژین، گەر ئەوان لەنێو یەکتریدا یەك بایەن، لەوانەبوو بۆخۆیان زاڵ بووبان))[١٩].

پاش ئەوەی خانی لەسەر پێناسەی دەوڵەت دەنووسێت، بەکورتی لەسەر چەمکی نەتەوە دەنووسێت. ئێمە لەبەر گرنگی پێناسەکانو بۆئەوەی بۆچوونەکەی وەکو خۆی بگەیەنینە خوێنەری ئازیز، پێمانباشە بەبێدەستکاری، وەکو خۆی ئەو بڕگەیە بگوێزینەوە.

د. ئەمیری حەسەنپوور، لەهەمان بۆنەدا، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت خانی پێشکەش دەکات. من تەنیا یەك بڕگەی وەکو خۆی پێشکەش دەکەم:

((بەبۆچوونی من بیروڕای، خانی نە بیری ناسیۆنالیستییە (ئەو چەشنەی لەڕۆژئاوا دەستی پێکرد)، نە نیشتمانپەروەریو چەشنی فیردەوسییە. من لەدوا بەشی ئەو زنجیرە نووسراوەدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەو لێرەدا هەر بەکورتی ئیشارەیەکی پێدەکەم. لەلایەکەوە ڕێبازی خانی ناتوانێ ناسیۆنالیستی بێ، چونکە ناسیۆنالیزم وەك کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژی چینی دەسمایەداری ئەورووپای ڕۆژئاوا سەری هەڵهێناو ئەو چینە لەکوردستانی سەردەمی خانیدا هێشتا نەهاتبووە گۆڕێ. خانی نوێنەری ئەدەبیو سیاسی چینی دەرەبەگی دەسەڵاتدار (خانو حاکم)ی کوردستان بوو. لەسەردەمێکدا بۆرژوازی (چینی دەسمایەدار)ی ئەورووپا دەیەویست دەوڵەتی پاشایەتی (دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ) سەرنەخوون بکاو دەسەڵاتی چینی خۆی دابمەزرێنێ، خانی ئارەزووی دەکرد دەسەڵاتی چینی پاشایەتی دابمەزرێو کوردستانو وردە دەوڵەتەکانی لەژێر ئالای چینی دەرەبەگدا یەکبگرنو سەربەخۆبن. لەلایەکی ترەوە، خانی لەگەڵ ئەوەشدا کە نیشتمانو گەلەکەی خۆشدەویست، ڕێبازو بەرنامە سیاسییەکەی لەچوارچێوەی نیشتمانپەروەریدا جێی نابێتەوە. لەزەمانی فیردەوسیدا، دەوڵەتی ئێرانی (عەجەم) دامەزرابوو و فیردەوسی ئارەزووی دامەزراندنەوەی پاشایەتییەکی خەیاڵیو ئەفسانەیی کۆنی دەکرد. بەڵام خانی،



کوردی وەك گەلێکی ((مەحکووم))و ((مەحرووم)) چاولێدەکرد، کە ((هەتیو)) بووەو، لەبەر نەبوونی ((جیهانپەنایەك)) بۆ قازانجو بەرژەوەندی ڕۆمو عەجەم ((لەخوێنی خۆیدا دەگەوزێ)).[٢٠]

## سەرچاوەی بیرو باوەڕ

ئەحمەدی خانی، مرۆڤێکی هۆشیارو رووناکبیرو بەئاگا بووە لەڕەوتی رووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی. دوو زلهێز (عوسمانیو سەفەوی) لەشەڕو پێکدادانو ململانێدا بوون. دوو مەزهەبی ئیسلامی - سیاسی، بۆ سەپاندنی هەژموونگەری تیۆکراتی ڕۆژهەڵاتی، خوێناویترین شەڕیان هەڵگیرساندبوو. هێزە کوردستانییەکان (میرنشینو هۆزەکان، ...)، کە نیمچە سەربەخۆبوونو هەر یەکە، بەژمارەیەك داوی سەربازیو ئابووریو ئایینیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی، بەیەکێك لەو دوو ناوەندەوە گرێدرابوون.[٢١] لەکاتی جوڵانەوەی سوپاو هێزی چەکدار، ئەوان نەیاندەتوانی وەکو (سویسرای ئەمڕۆ) بێلایەنو دوورە پەرێزو سەربەخۆ بن. ئەوان بورغووی بچووکی مەکینەی عەسکەریی مەزن بوون. بیانویستایەو نەیانویستایە، بەر لێشاوی جوڵانەوەی هێزە جیاجیاکان دەکەوتن. سوڵتان (شا) حیسابی لەسەر پەراوێزخراوترین عەشیرەتو میرنشین دەکرد. هەموو چەکە گەورەو بچووکەکان، ئاراستەی جەنگ دەکران.

ئەوان دەیانزانیو دەیانتوانی باش (کارتی کوردی) بەکاربهێننو بەهەڕەشەو گوڕەشە، یان بەڵێنو دەمچەورکردن، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکەن. هەندێ جار گیانی دەمارگیری مەزهەبیو ئایینی دەوری خراپی گێڕاوە: لەسۆنگەی شەڕی مەزهەبیدا، شای سەفەوی (بۆ نموونە) بڕیاری داوە، میرانی کوردی سونی مەزهەب، دەرپەڕێنێتو لەبری وان، شیعەیەکی فارس، ئازەری دانێت، بەئومێدی بەشیعەکردنی سەرجەم میرنشینەکانی کوردستان. ئەوانیش، سەنگەرەکانیان گۆڕیوەو پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی (سونی) هێناوە.[٢٢]

هەرکەسێك دیباجەکەی (مەمو زین) بخوێنێتەوە، دەزانێت کەسێکی سیاسیو شارەزا لەئیدارەو مێژوو، ئەم شاکارەی نووسیوە. ئەو، هەر بەحوکمی کارو پیشە (مونشی)، ڕۆژانە نامەی نووسیوەو بەوردی گوێی بۆ پاشا ڕاداشتووەو ئامۆژگاریو زانیاری ـ ناوەڕۆکی نامە ـ وەرگرتووەو بەگوێرەی دڵی میر، نووسراوی نووسیوەو زانیاری کۆکردۆتەوە. زانیارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناو دەربار، لەدیباجەکەی (مەمو زین)دا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕەنگە خانی، دەستنووسێك لەدەستنووسەکانی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسی خوێندبێتەوە، کە هەردوو بەرگەکەی بۆ مێژووی میرنشینە کوردەکانو ململانێی دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی تەرخانکراوە. ئەم شاکارە، نزیکەی سەد ساڵ پێش هۆنینەوەی (مەمو زین) نووسراوە.

خوێندنەوەی دیباجەکە، ڕاستییەك ڕوون دەکاتەوە، شاعیر لەناو کۆشکی شووشەدا، بە تەنیا، نەژیاوەو ئاگای لەدەوروبەرو ڕووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان نەبێت. ئەو بەشێك بووە لەژیانی سیاسی، یان لەناو جەرگەی ڕووداوە گرنگەکاندا ژیاوە. ئەگەر زانیاری لەسەر ڕووداوەکان نەزانیبێت، بێگومان لەڕێگەی نامەو کۆکردنەوەی دەنگوباسەوە زۆر چاك ئاگادار بووە!

ئەو، لەلایەکی ترەوە، ویستویەتی مێژووی بنەماڵەکەی خۆی بزانێت، ئەگەرچی، وەکو (المتنبي) ڕاستەوخۆ، بەزەقی شانازی بەباوباپیرانی خۆیەوە نەکردووە.[٢٣] بەڵام لەڕێگەی گێڕانەوە، یان سەرنجو تێبینی لاوەکی، باوکی لەکۆتایی چیرۆکی (قصة شمعون)، زانیویەتی باپیرە گەورەی قوربانی هێرشو پەلاماری سوپای قزڵباش بووەو لەئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە، بنەماڵەکەیان میرنشینو میرایەتیان لەدەست داوەو لەشوێنی خۆیان هەڵکەنراون.

بەڵام ئەم خاڵانەی لەسەرەوە لێیاندواین، زنجیرەیەك گریمانەی مەنتیقین، کە ئێمە ناگەیەننە بەردەم دەروازەی دەرهاویشتەیەکی ڕاستو دروست: سەدان خوێندەوارو زانا،



شەرەفنامەیان خوێندۆتەوەو بەوردی ئاگاداری هێرشو پەلاماری دەوڵەتانی عوسمانیو سەفەوی بوون، کە لەسەر زێدی باوباپیرانی ئەواندا ڕووی داوەو کەسیشیان نەیانتوانیوە شاکارێك وەکو (مەمو زین) بهێننە بەرهەم؟

گریمانە(هویپۆتێزە ـ Hypothese)[٢٤] یەکی تر ئەوەیە، ئەحمەدی خانی، نزیکەی یەك سەدە، پێش شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٦ز و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ (مەمو زین)ی نووسیوە. لەساڵی ١٧٨٩ بەدواوە، وەرچەرخانی بنچینەیی لەبیرو سیستمی کۆماری دروست بکرێتو بەناوی گەلەوە حوکم بکرێت... هتد.

نابێو ناشێو ناکرێ شاعیرێکی کورد، لەناو پەیوەندیەکی باوکسالاری خێڵەکی گەشە نەکردوودا، پێش دروستبوونی نەتەوە، وەکو دامەزراوەی دەوڵەتییو ئیداریو نەتەوەییو فەرهەنگی، پێشبینی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی کردبێت. ئەم مۆدیلە لەبیری سیاسی، لەهیچ شوێنێکی ئەم سەرزەمینە نموونەی نەبووەو نییەو نابێ! ئێستا ٢٠٠٨و هێشتا بەشێکی (هەڵبژاردەی سیاسیی) ئێمە، لەسروشتو ئامانجو ڕووحی شۆڕشی فەرەنسییەوە نزیك نین. ئیدی بۆ چاوەڕوان بین، شاعیرێکی کۆتایی سەدەی(١٧) یەك سەدە پێش شۆڕشی فەرەنسی مەزن کەوتبێت؟

## ڕوانگە گۆڕکێ

یەکێك لەو هۆیانەی لێکۆڵیارو ڕووناکبیرو مێژوونووسانی کوردی تووشی لێکدانەوەو ئەنجامگیری ناڕاست کردووە، سەبارەت بە بیرو هزرو تێگەیشتنی سیاسی ئەحمەدی خانی، ئەوەیە کە ئەوان لەگۆشەنیگای ناسیۆنالیستی خۆیانەوە، کە تەنیا دیوی دەرەوەو ڕووکەشی سادەی پێناسەی ڕۆژاوایيو ڕووسیە بۆ (ناسیۆن ـ Nation)،[٢٥] سەیری دیباجەکەی (مەمو زین)یان کردوە. لەسەردەمی چاوکرانەوەو نزیکبوونەوە لەشنەی شەماڵی بیری نەتەوەیی ئەورووپی.[٢٦]

هەروەکو چۆن ئێمە، ئێستا، نازانین‌و ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، لەسەد ساڵی داهاتوودا، کام ئایدیۆلۆجیاو کام جوڵانەوەی سیاسی دێتە پێشەوە، هەروا زۆر زەحمەت‌و پارادۆکسە، ئەحمەدی خانی پێشبینی بیری ناسیۆنالیستی کردبێت!

خانی لەسەردەمێکدا ژیاوە، دەوڵەتانی عوسمانی، لەلووتکەی هەڵکشان‌و سەرکەوتنی سەربازی‌و شاڵاوی داگیرکردنی رۆژئاوادا بووە. سوپای عوسمانی لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی(١٧)دا، سەرقاڵی گەمارۆدانی ڤین (ڤینا) بووە.[٢٧] دوا پەلاماری، ساڵی ١٦٨٣ز بووەو سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

لەشاڵاوی گەمارۆدان‌و هەوڵی داگیرکرنی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی هابسبوورگ، ئابلۆقەکە شکێنراوەو ژماردنی پێچەوانە(Countdown) دەستی پێکردووە، بەڵام پانتایی چالاکی عەسکەری ئەوەندە فراوان‌و چڕوپڕ بووە، رەنگە (هاووڵاتی ـ رەعیەت)ێك بەتەواوی لەقەوارەی تێکچوونی تەرازووی عەسکەری تێنەگەیشتبێت. چونکە سوپای عوسمانی، لەماوەیەکی کورتدا تا رۆخی تەنگەی بۆسفۆرۆس بەرەو دواوە نەگەڕاوەتەوە.

لێکۆڵیارو نووسەرو روناکبیرانی ئێمە، دەبا ئاڕاستەی تێگەیشتنی تیۆری خۆیان لەچەمکی ناسیۆن (Nation)ەوە بۆ چەمکی (ئیتنیستی ـ Ethnicity)[٢٨]و چەمکی (ئیتنۆناسیۆنال ـ Etho-national) بگۆڕن! پێش شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ ، چەندین تێگەیشتن‌و کولتوورو هەست بەناسنامەکردن، سەر بەگرووپی کۆمەڵایەتی‌و دینی‌و مەزهەبی‌و هۆزو تیرەو بنەماڵە هەبوون. لەسەرەتای پەیدابوونی دینی ئیسلامی، هەرکەسێك باسی زمان‌و ناسنامەو فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتی خۆی کردبێت، ئەوە بە (شعوبي) ناوبراوە. بەناوی (الشعوبیة)وە هەزاران کەس کوژراون‌و هەوڵی سڕینەوەی کولتووری گەلانی تر دراوە. رێگە نەدراوە، خەڵك بایەخ بەزمان‌و ئەدەب‌و مێژووی خۆیان بدەن، دیارە نە گیانی عەرەبچی‌و فارسچێتی‌و... هتد. دەتوانرێت لەچوارچێوەی پێناسەی نەتەوەدا دابنرێن[٢٩].



هەر لەسەدەی دووەم‌و سێیەمی کۆچییەوە، لەئێران سەرەتای بەرهەڵستکاری‌و هەڵسانەوەو ناڕەزایی بەدی دەکرێت. لەسەدەی چوارەمی کۆچی، یان سەدەی (١٠)ی زایینی (عیسایی) جوڵانەوەیەکی روناکبیری‌و خۆناسینەوەو دۆزینەوەی ناسنامەی پێشوو، ناسنامەو کولتووری ساسانی ـ ئێرانی گەشەی کرد. ئایا خانی بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لەڕووحی ئەو بزاڤە روناکبیرییە سوودی وەرگرتووەو لەشێوازو ناوەڕۆك‌و کارکردن، رێبازی خۆی دۆزیوەتەوە[٣٠].

### فیردەوسی

ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە، خانی چەند لەبن کاریگەری‌و کارتێکردنی فیردەوسی (٩٣٥ ـ ١٠١٥ز) بووە. ناوی (نظامی‌و جامی) هاتووە، بەڵام ناوی ئەبوقاسمی فیردەوسی، نە لە (مەم‌و زین)و نە لەبەرهەمەکانی تردا، بەرچاو ناکەوێت.

قانات کوردۆ لەپێشەکی (مەم و زین)دا دەنووسێت: ( ای. آ. اوربلی درحقا احمدی خانی اڤ خبرید ژیرین نڤسینە: "وقتی ام دبیژن بویژ و شاعر نڤیسارا خوە دا نیزیکی ملتە، بە ملت و خلقرا گریدایە ام بی حمدی خوە و بی خوستنا خوە لازمە سی بویژی روهلات اید مزن و کە هڤ بکن، اڤ هر سی بویژ اون: یك فردوسی ـ ایرانی یە، یك روستاولی گورجە یك ژی احمدی خانی ـ کوردە).

فیردەوسی، لەمێژووی ئەدەبی ئێرانی‌و جیهانیدا گرنگەو ئەو توانی وەرچەرخان لەبیرو هزرو تێگەیشتنی ئێرانیان دروست بکات. بایەخی (شانامە)،[٣١] کە بریتییە لە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار بەیت، تەنیا کۆکردنەوەی چیرۆك‌و داستان‌و ئەفسانەو رووداوی مێژوویی نییە، بەڵکو ناسنامەو سمبۆڵ‌و کەسایەتی‌و بیری سیاسی گەلێکی بەرجەستە کردووە.

دەوڵەتی ساسانی، کە کاتی خۆی یەکێك بوو لەدوو زلهێزەکەی ناوچەکە، دەوڵەتێکی سەقامگیرو هەژموونگەرو چوار سەد ساڵ تەمەنی هەبوو. ئەم دەوڵەتە لەسنووری

ڕۆژاواوە، لەلایەن ژمارەیەك هۆزو خێڵی کۆچەر، کە ئایینێکی نوێ کۆیکردبوونەوە، بەبڕوای پۆڵایین‌و شمشێری رووتەوە، پەلاماردرا. ئەم دەوڵەتە مەزنە، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، کە ئێرە جێگەی لێدوان‌و قسە لەسەرکردنی نییە، نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات‌و لەماوەیەکی زۆر کورتدا تووش هەرەس‌و داتەپین هات.[٣٢]

خاکی ئێران، بەتەنیا نەکەوتە بن دەسەڵاتی شیرو رمی داگیرکەری نوێ، بەڵکو سەرجەمی دامەزراوەو داوودەزگای دەوڵەتی‌و ئیداری‌و ئابووری‌و فەرهەنگی، لەبەریەك هەڵوەشانەوەو وێران بوون. بەراوردێکی سادە لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراو، ئەو راستییە دەنوێنن. یەکەم، توانای ئەوەی نەبووە، لەڕووی ژیاری‌و ئیداری‌و فەرهەنگییەوە، رادەی پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی دووەم بپارێزێت‌و گەشەی پێبدات‌و سوودی لێوەربگرێت، بەپێچەوانەوە پشێوی‌و ئاژاوەو نائارامی ئیداری‌و ئابووری‌و سیاسی روویدا. سەرجەمی دەوڵەتی ساسانی سەروبن کراو شارو لادێ تالآن کراو سوتێنراو شێوێنرا.[٣٣] دەسەڵاتی نوێ، دامەزراوەی ئاینی جیاوازی دروست کرد، مزگەوت لەبری پەرەستگای زەردەشتی‌و جەژن‌و بۆنەی دینی‌و کۆمەڵایەتی تر هاتنەکایەوە...

تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، کاریگەریەتی دەروونی ئەوتۆی لەناخی ئێرانییەکاندا دروستکردووە، ئەمڕۆش، پاش تێپەڕبوونی چواردە سەدە، هێشتا کاردانەوەو رەنگدانەوەی، لەسەر هەموو ئاستەکاندا دەبینرێت‌و هەستی پێدەکرێت.[٣٤]

راستە ئەو نسکۆیە، لەئاوێنەی مێژوودا، هەر زۆر دوورکەوتۆتەوەو ئێمە لەسەردەمێکی زۆر جیاوازدا دەژین، بەڵام لەبنهۆشدا[٣٥] (اللاواعی ـ Unterbewusstsein)، کۆمەڵێك گرێکوێرەو برینی دروستکردووە، کە شوێنەواری هەروا بەئاسانی سارێژ نابێ‌و ناسڕێتەوە.

بێگومان، دوور لەناوەندی دەسەڵات، لەکەنارو مەرزو بوومی دەوڵەتی عەباسیدا، کە لەگەڵ ئەفغانستان‌و تاجیکستان هاوسنوورن، لاوازی‌و بێهێزی دەسەڵاتی سەنترالی دەوڵەت رەچاو دەکرا. هێزە ناوچەیی‌و بچووك‌و دووردەستەکان، بەرە بەرە، سنووری



دەسەڵاتیان فراوانتر کرد. چەندین میرنشین‌و دەوڵەت‌و دەسەڵاتی ناوچەیی سەریان هەڵدا: (طاهری، صفاری، سامانی، ...)[٣٦] نموونەی ئەزموونی سەربەخۆیی‌و خۆجیاکردنەوەو خۆ هەڵاوێرکردن، پاش ساڵانی دوورو درێژی داگیرکراوی‌و ژێردەستی‌و هەوڵدانی گۆڕاندنی ناسنامە، ئەم هێزانە هاتنە ئاراوە. ئێمە ناتوانین یەك مۆدێلی دروستبوون، یەك کاتیگۆری بۆ هێڵی گەشەکردن‌و پەرەسەندنی دیاری بکەین، بەڵام بەگشتی چەند شەقڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا رەچاو دەکرێت: رێبەرو سەرکردەکان، نەوەی بنەماڵەی میرو دەسەڵاتدارانی پێشوو بوون، یان خۆیان بەشەجەرەی یەکێك لەبنەماڵە کۆنەکان گرێدەدا. لەو ناوچانە، لایەنگرانی سەردەمی پێشوو زۆربوون. هێشتا پەیڕەوانی دینی زەردەشتی لەسەر دینی خۆیان بەردەوام بوون.[٣٧]

## شانامە

میرانی میرنشینە نوێکان‌و بەتایبەتی میرانی سامانی (٨٧٥ ـ ٩٩٩ز) بەدوای ناسنامەو شەرعیەت (لیگیتیماسیۆن ـ Legetimation) دەگەڕان، کە سەرچاوەو ژێدەری، هەمان سەرچاوەی شەرعیەت بەخۆدانی خەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسی نەبێت. ئەوان، بەوردی زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی زمان‌و ئەدەبیاتی پەهلەوی‌و کولتووری ساسانیان گرتبووە ئەستۆو دەگەڕان هەر بەرهەم‌و تێکست‌و نووسینێکیان دەستبکەوتایە، هەر یەکسەر دەیانکردە فارسی نوێ (دری)، یان بۆ زمانی عەرەبی وەریان دەگێڕا. دەسەڵاتداران، بەگەرمی پشتگیریان لەو کەسانە دەکرد، کە لایەنگری بووژانەوەی سامانی فیکری پەهلەوی بوون. ئەمانە، ئەگەرچی بەڕووکەش‌و سیاسەتی دەرەوەو رەسمی، داوی پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا نەپچڕاندبوو، بەڵام سیاسەتی ناوخۆی رانەگەیەنراو، زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی سامانی کولتووری ساسانی بوو. لەکاتێکدا لەبەغدا نووسەرو شاعیرانی بە رەگەز ئێرانی، لەسەر هەڵوێست، لەسەر سووربوون لەسەر ناسنامەو خۆشەویستی نیشتمان‌و کولتووری خۆیان، ملیان بەتاوانی (الشعوبیة)

دەپەڕێنرا، لەسنووری میرانی (طاهری، صفاری، سامانی، ... هتد) دەیانزانی کێ هەر بەسەرزارەکی موسوڵمانەو کێ لەسەر بڕوابوون بەئاینی زەردەشتی بەردەوامە، کەچی پەنجەیان بۆ کەس نەدەبرد. پەیوەندی میرو وەزیرانی دەوڵەتی سامانی بە (دەقیقی)(؟ - ٩٧٥ز)ەوە،[٣٨] کە بەدوا کەڵەشاعیری سەردەمی سامانیان دادەنرێتو تا دوارۆژی ژیانی زەردەشتی بووەو زۆربەی شیعرەکانی شانازیو ستایشی ئایینی زەردەشتییەو کەس لەسەر هەڵوێستو بیروباوەڕ تەنگی پێهەڵنەچنیوەو ڕێگەی شیعر نووسینو ئازادی دەربڕینی لێنەگرتووە، بەڵگەی سیاسەتی لێبوردنی ئایینییە.

سەرەتا، دەقیقی، شاعیری دەربارو ستایشو پیاهەڵدانی میرانی (چغانیان) کردووە. پاشان وەزیرو میری سامانییەکان بۆ دەرباری خۆیان بەگەرمی پێشوازیان لێکردووە. لایەنگرانی ئاراستەی سەربەخۆییو ئازادیو سەرفرازی، بۆ نووسینو هۆنینەوەی (شانامە) پشتگیریان لێکردو هەلومەرجی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەیان بۆ دەستەبەر کرد. بەقسەی فیردەوسی، ئەو تەنیا یەك هەزار بەیتی لەشانامە نوسیوە. لەداستانی (گشتاسب) تا دەرکەوتنی زەردەشت دەگرێتەخۆ. ئیدی لەسۆنگەی کوشتنیەوە لەهەڕەتی لاویدا، کارەکەی بەناتەواوی ماوەتەوە.

ساڵی (٩٧٦ز) واتە: پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر مەرگی دەقیقیدا، میرانی سامانی ئەرکی هۆنینەوەی (شانامە) بەفیردەوسی[٣٩] دەسپێرن. لەسەر مەسەلەی (شانامە) پێسپاردن، چیرۆكو داستانی جۆراوجۆر هەیە. فیردەوسی گەیشتنی ئەم پەیامە لەدەقیقیەوە بەئەو، بەگێڕانەوەی خەونێك چارەسەر کردووە.

گوایە دەقیقی، لەخەوندا بینیوەو ئەو داوای لێکردووە، پەیامەکەی بەئەنجام بگەیەنێتو (شانامە) تەواو بکات:

**چنین دید گوینده یکشب بخواب**
**که یک جام می داشتی چون گلاب**
**دقیقی ز جائی فراز امدی**



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**بر ان جام می داستانها زدی**
**به فردوسی آواز دادی که می**
**مخور جز به آئین کاووس کی**[٤٠]

تەوژمێکی بەرفراوانی داخوازی کۆمەڵانی خەڵك بۆ زیندووکردنەوەو بووژانەوەی فەرهەنگو بیروباوەڕو زمانی پەهلەوی، کە چینی مامناوەندی شاری کۆڵەکەی دەبێتو پشتگیری دەکاتو یارمەتی ئەو حەملەیە، بەشێوەی مادیو مەعنەوی دەدات. ڕێبەرایەتی ناوچەییو دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە، ئەو دەستپێشخەریە لەئامێز دەگرێتو بۆ بەهێزکردنی پلەوپایەی خۆیو شەرعیەتدان، بەفەرمانڕەوایی خۆی، هەلومەرج بۆ شاعیرو نووسەران دەستەبەر دەکات، بۆئەوەی هەموو تواناو وزەی خۆیان بۆ هۆنینەوەو نووسینی شاکارێکی مەزن تەرخان بکەن.

فیردەوسی هەر زۆر بەباشی ئاگای لەقەوارەو پانتایی ئەرکی سەرشانی خۆی بووەو بایەخی جێبەجێ کردنی کارەکەی لەبەرچاو گرتووەو گوێی بەماندووبوونو کوێرەوەریو شەونخونی نەداوەو هەرچی سەروەتو سامانی هەیە، لەپێناوی ئەو پەیامەدا سەرفی کردووەو تا کۆتایی بەشانامە نەهێناوە،[٤١] دەستی لەکارەکە هەڵنەگرتووە. فیردەوسی زمانی فارسیو پەهلەویو عەرەبی بەچاکی زانیوەو ماوەی (٣٠) سی ساڵی تەمەنی بۆ کۆکردنەوەی داستانی میللیی کۆنو ئەفسانەو چیرۆك، تەرخان کردووە:

**بسی رنج بردم بدین سال سی**
**عجم زنده کردم بدین پارسی**
**پی افکندم از نظم کاخی بلند**
**که از باد و باران نیاید گزند**[٤٢]

ڕاستە چەندین وەزیرو کاربەدەستی میرنشین پشتگیرییان کردووەو چەندین کەسایەتی ناوداری شاری (نامداران شهر) یارمەتییان داوەو ئەو خۆی لەناو بەیتەکاندا،

بەڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ ناوی ئەوانە کردووە، کە زێڕو زیویان بەسەردا باراندووەو دەستیان بەپشتیدا داوە. بەڵام لەهەندێ بەیتدا تاڵاوی بێزاری دەبینیت: ئەو، چاوەڕوانی هەڵوێستێك لە پیاوێکی گەورە بووە، بەپێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە، کابرا تەنیا پێیگوتوە "أحسنت.. أحسنت".

**بزرگان با دانش، آزادگان**

**نبشتند یکسر همه رایگان**

**جز احسنت از ایشان نبد بهرەام**

**بکفت اندر احسنتشان زهرەام**[٤٣]

## چەمکی کۆن و تێگەیشتنی مۆدێرن

زۆر نووسەرو ڕووناکبیری کورد پێیانوایە تێگەیشتنی خانی بۆ چەمکی((نەتەوە))، کە زەمانی ئەو، لەهیچ کوێ وەکو زاراوەیەکی سیاسی بەکارنەهاتووە، لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمە بۆ (ناسیۆن ـ Nation) هیچ جیاوازییەکی نییە. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە، کە لەنێوان خانیو ئێمەدا سێ سەدە هەیە. سێ سەدو چواردە ساڵ ئێمە جیادەکاتەوە. هیچ مەنتیقو بیرکردنەوەیەکی ڕاتسیۆنال ـ rational ئەوە قبووڵ ناکات، خانی ڕێك وەکو ئێمە بیری کردبێتەوە. من نکوڵی لەوە ناکەم، کە ئەو پیاوێکی دووربینو نیشتمانپەروەر بووەو زێدو خاکی وڵاتی خۆی خۆشویستووە. هەر زۆر دڵسۆز بووە بۆ (گەل)ەکەی، کە بە (کرمانج/ کورد) ناوی دەبات. بەڵام تێگەیشتنی ئەو بۆ (دامەزراوە) سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی، هەر زۆر لەتێگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکی نەتەوە دوورە.

چەند قوتابخانە هەیە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی نەتەوە.[٤٤] من هەر بۆ نموونە سێ پێناسە دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز، کە تا ئەمڕۆش لەزانکۆکانی ئەورووپادا ڕەچاو دەکرێن:



١. پێناسەی فەرەنسی: پێناسەی فەرەنسی بۆ (ناسیۆن)، لەگەڵ چوارچێوەو سنووری دەوڵەت گرێدراوە. نەتەوەی فەرەنسی لەناو داوودەزگاو دامەزراوەی دەوڵەت خەملیوەو دەقی گرتووە.

٢. پێناسەی ئەڵەمانی: لەکۆتایی سەدەی (١٨)و سەرەتای سەدەی (١٩) ئەڵەمانیا یەك دەوڵەت نەبوو، بەڵکو ژمارەیەك میرنشینو دەوڵەتو دەوڵەتۆکە بوو، کە خۆی لە ٣٥٠ دەوڵەت دەدا[٤٥]. ئەم ژمارە زۆرە لەدەوڵەتو میرنشین یەك قەیسەریان هەبوو، هەرهەمووشیان لەچوارچێوەی یەك مەملەکەتی قەیسەری بوون. ئەم هەموو کیانە سیاسییە سەربەخۆیە، یەك زمانو یەك دابو نەریتو یەك مێژووی هاوبەشو یەك ڕەگەزیان هەبوو (گرمانی). بۆیە بیرمەندو ڕابەرە ناسیۆنالیستەکان لەپێناسەی ناسیۆن، مەرجی بوونی دەوڵەتیان پشتگوێ خستووە. ئەوان، ئەڵمان بە (Kultur-Nation)[٤٦] تێدەگەن. واتە: نەتەوەیەك، کە کلتوورو ژیانی ڕووناکبیری هاوبەشی هەیە.

٣. پێناسەی ڕووسی: یەکێك لەپێناسە ناسراوەکان بۆ نەتەوە، پێناسەی ستالینە، کە مەرجی مێژووی هاوبەشو زمانی هاوبەشو ئابووری هاوبەشو سنووری هاوبەشو... هتد. بۆ پێناسەکردنی نەتەوە داناوە.

بێگومان ڕەچاوکردنی پێناسەیەك، تەنیا گرنگی مێژوویی دەردەخات، نەك بڕواپێبوون وەکو چەمکێکی پیرۆز. ئەمڕۆ پێناسەی (ناسیۆن) ئەوەندە زۆرە، کە هەر زانکۆیەك ڕەنگە دەیان پسپۆری هەبێتو هەریەکە بەشێوەیەك پێناسەی ناسیۆن (نەیشن) بکەن[٤٧].

ئێمە دەمانەوێ، بەشێك لەزاراوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ناو (مەمو زین)، بەوردی شەنوکەو بکەین، بۆئەوەی تێبگەین، خانی مەبەستی چی بووە؟ زاراوەکان پێویستە لەدیوی ناوەوە سەیر بکرێن. تەنیا ئەوکاتە لەشاعیر نزیك دەبینەوەو لەڕۆح و

سەردەمی بەرچاو روون دەبین، گەر توانیمان زاراوەكان بەكۆدو رێبازی بیركردنەوەی خانی دیاری بكەین.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

### میر ـ سەركردەو پێشەوا

بزوتنەوە ناسیۆنالیستەكان، شەقلێكی هاوبەش‌و ناوكۆییان هەیە، كە سەركردەو پێشەوایان هەیە، كە لەجەرگەی خەباتی جەماوەریدا سەرهەڵدەدەن، وەكو پێویستییەكی مێژوویی. ئەوان، هەل‌ومەرجی سەختی تێكۆشان‌و راپەڕین‌و ململانێی چەكدارانە، بەشێوەیەكی كاریزمایی دروستیان دەكات. قارەمان‌و پاڵەوانە نەتەوەییەكان هیوا ئامانج‌و داخوازی رەوای جەماوەر بەرجەستە دەكەن. گاریباڵدی[٤٨] لەئیتالیا جوڵانەوەی سیاسی، بۆ ئاستی پاڵەوانی نەتەوەیی بەرزی كردەوە. كێشەو زۆرانبازی نێوان بریتانیای گەورەو گەلی ئایرلەندە، بزاڤی نەتەوەیی ئایرلەندی‌و حزبی شێن فێنی هێنایە كایەوە. توندبوونەوەی خەبات لەسەر شەقامەكانی دبلن، كەسایەتیەكی بەجیهان ناساند، كە لە پرۆفیسۆری ماتماتیكەوە بۆ پێشەوای گەلێك ناوبانگی دەركرد: ئیمۆن دیڤالیرا (١٨٨٢ ـ ١٩٧٥) تەنیا بەدایك ئایرلەندی بووە، بۆتە یەكەم سەرۆك كۆماری ئایرلەندەی باشوور. چیرۆكی ژیانی جۆرج واشنگتۆن (١٧٣٢ ـ ١٧٩٩) جێگای فروسمان‌و سەرسووڕمانە. لەئەفسەرێكی نارەسمییەوە بۆ سەركردایەتی شۆڕش‌و یەكەمین سەرۆك كۆمار. ناكۆكی بەرژەوەندی نێوان بریتانیای داگیركەرو ئەمریكای داگیركراو، ئەوەندە قووڵ ببووەوە، چارەسەر، توندوتیژی‌و پەلاماری چەكدارانەو شۆڕش، كۆتایی بەناكۆكی هێنا.[٤٩]

### مۆدێلی پرۆیسی

مۆدێلی بسمارك، یان پرۆیسی ـ Preuss لەیەكگرتنەوەی ئەڵمانیادا، جۆرێكە لەیەكگرتنەوەی دەوڵەتی، كە پاشان یەك نەتەوە لەچوارچێوەیدا، چاوی هەڵهێنا.



بسمارك، كانسلەری ئاسنین، بەزەبروزەنگ‌و شەڕوشۆڕ، یەك بەیەكی میرنشینە بچووك‌و وردیلانەكانی قووتداو ناچاری كردن مەرجەكانی یەكبوون‌و یەكگرتنەوە بسەلمێنن.

بزاڤی یەكگرتنەوەی نەتەوەیی ـ دیموكراتی، لەبنچینەدا، خەباتی ئینتلجنسیا روناكبیرو بۆرجوازی‌و هەژاران بوو بۆ هەڵوەشانەوەی سنوورە تەسك‌و تاریكەكانی میرنشینن‌و دەوڵەتۆكەكان. جوڵانەوەی نەتەوەیی ـ كۆمەڵایەتی ـ دیموكراسی لەناو شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ خۆی نواند، كە زۆربەی زۆری شارەكانی گرتەوەو سەرتاپای ئەوروپای هەژاند. بسمارك، كە میرێكی بچووكی گومناوی رۆژهەڵاتی پرۆیس بوو، هەر بەملهوڕی‌و هێزێكی كەمەوە لە بەرلین پەلاماری راپەڕین‌و شۆڕشیدا. راپەڕینی چەكدار، خۆی لەبەردەم هێرشی بسمارك نەگرت. پاش هەرەس‌و تێكشكانی شۆڕش، بسمارك، هەر بۆ چەواشەو پێویستی مێژوویی ئەو قۆناغە، ئاڵای یەكگرتنەوەی نەتەوەیی بەرزكردەوە.[٥٠]

### مۆدێلی میری كوردی

پێناسەكردنی ناسیۆن‌و دوان لەسەر مۆدێلی بزاڤی یەكگرتنەوەی نەتەوەیی، بەمەبەستی بەراوردو نزیككردنەوەو پێوانەی بزاڤی نەتەوەیی‌و خەونی دروستكردنی دەوڵەتێكی یەكگرتوو بووە: تێگەیشتنی خانی هەر زۆر لەمۆدێلی ئیتالی‌و فەرەنسی‌و ئەمریكیەوە دوورەو لەمۆدێلی پرۆیسییەوە نزیكە. بەڵام ئەم مۆدێلەش لەسەردەمی هەڵسانەوەی نەتەوەیی رووی داوە، كۆنسێپتەكەی خانی داوا لەمیرێك دەكات راپەڕێت، هەموو كوردزمانێك، سەرجەمی كرمانج، لەسنووری یەك دەوڵەت كۆبكاتەوە:

رابت ژ مەژی جهانپەنا هەك
پەیدا ببتن مە پادشا هەك[٥١]

واتە: بەختی ئێمەش لەخەو بێدار بێتەوە، لەناو ئێمەشدا، وەكو خەڵكانی تر، ((جهانپەنا هەك)) راپەڕێت‌و لەسەر خاكی ئێمەش ((پادشا هەك)) پەیدا بێت. لەدەستەواژەی ((رابت ژ مەژی))، ئاماژەیەكی زەق دەخوێنرێتەوە: سەركردە ((جهانپەنا

هەك)) لەڕیزەكانی گەلی كوردەوە، هەروەكو گەلانی تر، ڕاپەڕیت. هەروەها لەسێبەری شیكردنەوەی دەستەواژەكە ((هاوكاتیبوون)) ناخوێنرێتەوە، بەڵكو تارمایی ڕابوردوو دەبینرێت، نەك تروسكایی داهاتوو، یان كاتێك، كە نەهاتبێت..

## قەبیله/ تایەفە/ ملەل

ڕاستییەكی گشتیو زانراوە، كە بزاڤی ناسیۆنالیستی، چینی مامناوەندی شاری، دینامۆو ڕابەری بووەو دژی ڕژێمی مەلەكیو پاشایەتی بووە. لەپەرلەماندا بەناوی گەلەوە بڕیار دراوە. دەستوورو قانوونو دەسەڵات لەڕێگەی گەلەوە پەسەند كراوەو شەرعیەتی وەرگرتووە. میرو پاشاو پیرو مشایەخ، پەراوێز خراون. هاووڵاتی بەرامبەر قانوون، وەكو تاكێك، هەموو یەكسانن، كەس بنەماڵە ناخوێنێتەوە.

ئەحمەدی خانی، لەكولتووری شارو پایتەختی میرنشین ژیاوەو بە ناڕاستەوخۆ جۆرە ئاماژەیەكی نێگەتیڤ، لەپشت پەردەوە هەست پێدەكرێت. بەڵام ئەو لەكام شار ژیاوە؟ شارێكی مەزن وەكو ئەستەموول، یان پاریس، شارێك، كە گیانی ((هاووڵاتیبوون)) یان ((بۆرجوازی)) [٥٢] تێیدا باڵادەستو فەرمانڕەوایە، یان شارێكی بچووكی نووستووی سێبەری كولتووری باوكسالاریو كولتووری عەشیرەتگەری؟

**هەردوو تەرەفان قەبیلی كورمانج**
**بۆ تیری قەزا كرینە ئامانج**
**گۆیا كو ل سەر حەددان كلیدان**
**هەر تایفە سەددەكی سەدیدن**[٥٣]

لەشوێنێكی تردا، بەهەمان شێوە، چەمكی (قەبێل) سەرلەنوێ بەكاردەهێنرێت:

**ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلا ئەكراد**
**وان دانە ب شیرێ هیممەتێ داد**



بێگومان (قەبێل) لەوشەی (القبیلة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، كە ئێستا ئێمە بەرامبەر عەشیرەتو هۆزو خێڵ بەكاریدەهێنین. مەبەست لەم زاراوەیە، دامەزراوەیەكی ڕێكخراوی سیاسی ـ كۆمەڵایەتییە، كە پەیوەندی خزمایەتیو خوێنو یادگاری هاوبەشو بەرژەوەندی هاوبەش، ئەندامانی، پێكەوە گرێدەدات.

ناصرالدین عبدالله بن عمر البیضاوی بەم شێوەیەی خوارەوە، پێش نزیكەی ٦٢٠ ساڵ پێناسەی ((شعب)) و ((قبیلة)) دەكات:

((الشعب الجمع العظیم المنتسبون الی أصل واحد وهو یجمع القبائل والقبیلة تجمع العمائر والعمارة تجمع البطون والبطون تجمع الأفخاذ والفخذ یجمع الفصائل، فخزیمة شعب وكنانة قبیلة وقریش عمارة وقصی بطن وهاشم فخذ)).[٥٤]

كەواتە: قەبیلە، یەكەیەكی كۆمەڵایەتی ـ سیاسی ـ ئابوورییە، لەپەیوەندی ئینتەرئەكشنە ـ Interaction لەگەڵ (یەكە) كۆمەڵایەتییەكانی دەوروبەری، كاردەكەنە سەر یەكتر. بەڵام ئەم جۆرە یەكە كۆمەڵایەتییە ئەلتەرناتیڤ نییە بۆ ((نەتەوە))، چونكە خۆی لەخۆیدا، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی پێش لەدایكبوونی ((نەتەوە))یە. هۆز دەتوانێت پەرەبسێنێت، بەهێز بێت، نیوەی دونیا داگیر بكات، دەوڵەت دروست بكات، بەڵام ئەم دەوڵەتە ناتوانرێت وەكو نەتەوە پێناسە بكرێت (نموونە: دەوڵەتی عوسمانی).

## دەمارگیری بۆ عەشیرەت

خانی شانازی بەیەك (مۆتیڤ)ەوە دەكات، كە هانی داوە بۆ نووسینی شاكارەكەی، ئەویش دەمارگیریو شانازیكردنە (تەعەسسوب) بۆ عەشیرەت:

**یەعنی نە ژ قابلی و خەبیری**
**بەڵكی بەتەعەسسوب و عەشیری**[٥٥]

جیاوازی لەنێوان تەعەسوب بۆ عەشیرەتو تەعەسوب بۆ (نەتەوە)، هەر یەکجار گەورەیە. ئیبن خەلدوون (إبن خلدون) لە (المقدمة)[٥٦] کەیدا بەوردی لەسەر ((العصبية))ی نوسیوە، کە دینامۆی هەڵسوڕانو گەشەکردنی عەشیرەتە. لەم بەیتەی سەرەوە دەرناکەوێت مەبەستی شاعیر، تەعەسسوبە بۆ یەك (هۆز)ی تایبەت، یان هەموو عەشیرەتەکانە، کە گەلی کورد پێکدەهێنن.

## خەون

خەون، بەواتای (رؤيا)ی عەرەبیو فزیۆنی Vision ئەڵمانیو ڤژنی (vision)ی ئینگلیزیە، کە هەردووکیان لەلاتینییەوە وەرگیراون. سەرەتای تەوەری دووەمی دیباجەکەی (مەمو زین)ی خانی، خەونی مرۆڤانەی خۆی دەبینێت.

مرۆڤ، ئەگەر نەیتوانی، لەبەر هەر هۆیەك بێت، حەزو ئارەزووی خۆی، لەسەر زەوی واقیع، بهێنێتەدی، ئەوە لەڕێگەی خەونەوە، هیواو ئامانجو حەزەکان، لەکاتی نووستندا، بەشێوەی سمبۆلی دێنە دی.

شاعیر، دەسەڵاتی بڕیار دروستکەر نییە، نەدەتوانێت جێگەی (میر) بگرێتەوە، نەهێزو توانای ئەوی هەیە بۆ هەڵکردنی ئالاّی گۆڕانو گۆڕانکاری، دەنگی بەرز بکاتەوە، بۆیە لەدەرگا نهێنییەکانی بنهۆشەوە (اللاواعي) بۆ جیهانی خەونە جیاوازەکان پێچ دەکاتەوە.

ئەو بەسێ بەیت خەونی ئەوە دەبینێت، کە (جام جم) لەبەردەمیدا دانراوەو چاوەڕوانی بۆ تێکردنە. جامی جەم: جامی جەمشید، جامێکی ئەفسانەییە، فیردەوسی لەشانامەدا لەسەری نوسیووە، گوایە: کەیخوسرەوی شای ساسانییەکان، هەموو جیهانی تێدا بینیوە. خانی داوا لەساقی دەکات، چۆرێك شەراب بڕژێنێتە (جام جم)ەوە، بۆئەوەی جیهان بنوێنێت. لێرەدا خەون، ڕێك بەرامبەر (ڤژن vision)ی لاتینی دەوەستێت، بەمانای دەرکەوتن لەبەردەم چاوی رووحدا. نواندنی جیهان لەناو (جامی جەم)دا، تاکو شاعیر



بتوانێت بەچاوی رووح، ویستو ئیرادەو چارەنووسی گەلو نیشتمانێکی تێدا ببینێت. دەرکەوتنی بارودۆخی وێناکراو، یان بەخەون بینراوی داهاتوو، دەبێتە ڕێپیشاندەرو نەخشەی ڕێگای نەوەی نوێ:

ساقی تۆ ژ بۆی خودێ کەرەم کە
یەک جورعەیێ د جامێ جەم کە
دا جام ب مەی جەهان نوما بت
هەرچی مە ئرادە تێ خوویا بت
دا کەشف ببن لەبەر مە ئەحوال
کانێ دبتن مویەسسەر ئقبال[٥٧]

ئەم خەونە بۆ باشترکردنی چارەنووس، رازیبوونو ملکەچیو بێدەنگی تێدا ناخوێنرێتەوە، بەرامبەر بە ((میر))ی هاوچەرخی شاعیر. خەونو ڤژن، جۆرێکە لەئەلتەرناتیڤ، نەك پەسەندکردنو مەلەکردنی سەرەوژێر. خەون: سەرەوژوور مەلەکردنو رێژنەی پرسیاری تێدا دەبینرێت. لەسێبەری خەوندا، شاعیر سەرجەمی بارودۆخی سیاسی، دەسەڵاتی میر، دەخاتە بەر بارانی پرسیارو شەرعییەتی لەبەردەم رەشەبا مەترسییە نەبینراوەکان هەڵدەخات!

خانی لەخەونەکەیدا چاوەڕوانی گۆڕانێکی بنچینەیی دەکات: رۆژگار بەشێوەیەکی تر بگۆڕێتو ئەستێرەی بەختی کوردان بدرەوشێتەوە. لەپڕ رزگارکەرێك ((مەهدی)) دەردەکەوێتو گۆڕانی بنەڕەتی روودبات.

سەردەمێکی جیاوازی بەختەوەری بێتەدی، کە بریتیبێت، لەخەونەکانی ئێمە:

قەت مومکنە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
تالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب

بەختێ مە ژ بۆ مەرابیت یار
جارەک ببتن ژ خوابێ هشیار
رابت ژ مە ژی جهانپەنا هەک
پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شوورێ هونەرا مە بێتە دانیین
قەدری قەڵەما مە بێتە زانیین[٥٨]

مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەهەدی کورد ، لەئاسمانی شاراوەییو ونبوون، سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە. رەوتی کۆمەڵو مێژوو، بەگوێرەی حەزو ئارەزووی شاعیر بگۆڕێت. کێشە کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگیو سیاسییەکان، کە خەڵك (شاعیر) پێوەی دەناڵێنێت، لەسەر دەستی سەرفرازکەر (der Erlöser). [٥٩] بەرهەمی روناکبیری نووسەرو شاعیران، نرخو بەهایان بەرز بکرێتەوەو رێزیان لێبگیرێتو پشتیوانیان لێبکرێت.

لەدوا نیوە بەیتدا نووسراوە (قەدری قەڵەما مە بێتە زانین)، رێژنەیەك پرسیاری تاڵ، پەڵەهەورێکی گلەییو گومان، لەدوورەوە، هەستی پێدەکرێت. شاعیر ویستوویەتی بەدیپلۆماسی بڵێت: (میری کورد) هیچ بایەخی بەقەڵەمی من نەداوەو بیرو رادەی روناکبیریو کەسایەتی منی پشتگوێ خستووە. میرانی ئێمە، کولتوورو خاوەن قەڵەمو ئینتلجنسیا، بەچاوی سووك سەیر دەکەن. خەڵکی روناکبیر هیچ نرخێکیان لای ئەوان نییە. ئەزموونی شاعیر لەگەڵ باوكو باپیرەی میری ئێستادا ـ واتە: کاتی نووسینی مەمو زین ـ رێگەی پێداوە، بەراورد بکات. ئەگەر ئەو ئاگای لەفیردەوسیو نظامی بووبێت، زانیویە چۆن وەزیرو میرو سەرۆکی دەوڵەتو میرنشینەکانی دراوسێ پشتیوانی لەخاوەن قەڵەمەکان دەکەن.

ئەم تیزەی سەرەوە، لەسێ بەیتی خوارەوە، سەرلەنوێ دووبارە دەکرێتەوە، کە شاعیر (وێنە)ی خۆی لەبەرچاو گرتووە، نەك وێنەیەك فلچەی خەیاڵو فەنتازیا لەسەر تابلۆیەکی



سیحری کێشابێتی: مەبەستی خەڵك، یان بابەتێك بێت، کە پەیوەندی دوورو نزیکی بەخۆیەوە نەبێت:

مەكتەبی بیروهۆشیاری

گەر دێ هەبووا مە پادشاهەک
لایق بدیا خودێ کولا هەک
تعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەک
زاهر دبوو ژ بۆ مە بەختەک
حاسل ببوا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە دبو مە ژی رەواجەک[٦٠]

(ئەلبەتتە دبو مە ژی رەواجەك) واتە: شاعیر، بەئاگاییو هۆشیارییەوە ئەم نیوە بەیتەی نووسیبێت، یان کاریگەری بنهۆش (Unterbewusstsein) کەوتبێتە گەڕ، قەڵەم ملی خۆی لەدەست ویستی شاعیر دەرهێنابێت، جەختکراوە لەسەر بایەخپێنەدانو پشتگوێ خستنو پەراوێزخستنی روناکبیران. مەبەستی شاعیر لەپلەی یەکەمدا خۆیەتی! دەیەوێ بڵێت: گۆڕانی میر، بەقازانجی من نەبووەو من وەکو جاران گوڵی دیوەخانو دەرباری میر نیم.

ئەگەر کورد پاشایەکی هەبوایەو خاوەن تەختو تاجی خۆی بوایە، هەر یەکسەر بارودۆخی کوردان، بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ دەگۆڕدرا. شاعیر بوونی سێ هێماو سمبۆل (پاشا، تاج، تەخت)ی خۆمانە، دەکاتە پێشمەرج بۆ ئەوەی کورد ، برەوی هەبێتو رێزی لێبگیرێت. واتە: رێزلێنەگرتن، بەسووك سەیرکردن، لەگەڵ دەرکەوتنی (پاشا، تاج، تەخت) گرێدراوە.

خانی، وەکو روناکبیرو شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی، رەنگە یەکەمین کەس بێت، بەنووسین، گرێکوێرەی هەست بە (خۆبەکەمدانان) یان (خۆبەنزمگرتن)ی دارشتبێتو دەربڕیبێت. مەبەستی ئەو، کۆمپلێکس Complex نییە، کە بەهۆی کەمئەندامییەوە تووشی هەندێ کەس دەبێت، بەڵکو مەبەست هەستی بەکۆمەڵی

گەلێکە، بەرامبەر گەلانی تر، رەش بەرامبەر بەسپی، خەڵکی ولاّتانی گەشەکردوو بەرامبەر ولاّتانی پیشەسازی.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

غەمخواری دکر ل مە یەتیمان
دینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان
غالب نەدبوو ل سەرمە ئەڤ رووم
نەدبوونە خەرابەیی د دەست بووم
مەحکوومێ عەلییەو سەعالیک
مەغلووبو موتیعێ تورکو تاجیێک [٦١]

ئەم سێ بەیتەی سەرەوە کرۆکی گرێکوێرەی داگیرکراوی‌و ژێردەستی‌و تێکشکانی رووحی بەرجەستە دەکات. چارەسەر، بەرامبەر نسکۆو ژێرکەوتن، سێ کوچکەی زێڕینی دەسەلاّت (پاشا، تاج، تەخت) کە تەنیا لەسێبەری سەربەخۆییدا، ئاسۆیەکی جیاواز: سەربەخۆیی، دەسەلاّتی کوردی، سەرفرازی دەستەبەر دەبوو.

سەرلەنوێ گرێکوێرەی بێباوکایەتی: نەبوونی باوك، سەرلەنوێ لەسەر لاپەڕەکانی بنهۆشەوە بۆ ناو جیهانی داستانە شیعر دزە دەکات:

(غەمخواری دکر ل مە یەتیمان) ئەوی بێباوك، میری لاو، کە بەکوڕی ئەو دەشێ، ناتوانێت دەوری پەتریارخ ببینێت‌و غەمخواری بێباوك بکات. ئەمە ئەرکی (واجب)ی (میر ـ پەتریارخ)ە، کە پشتگوێی دەخات. بێباوکایەتی، سنووری (ئەز)ی شاعیر تێدەپەڕێنێت، هەموو گەلی کوردی داگیرکراو دەگرێتەخۆ. واتە: حاڵەتێکی تایبەت بۆ چوارچێوەی گشتاندن، مشتوماڵ دەکرێت. ئەو نەك هەر خۆی، بەڵکو گەلێك بەبێ باوك دەبینێت، کە دەبێ لەدەست چەوسانەوەی (پیاو خراپ)و بەدخوەکان دەرباز بکرێت.

بەدەرکەوتنی میری کوردی (مەهدی)، قۆناغی هەتیوکەوتن، بێباوکایەتی کۆتایی پێدێت، قۆناغی نوێ دێتە پێشەوە: چەتری باوکایەتی هەڵدەکرێت‌و ساباتێك بۆ



بێنەوایان دروست دەکرێت. میر ـ باوك ـ پەتریارخ، دەستی خۆشەویستی‌و دلۆڤانی بەسەر رۆڵە بێنازەکاندا دەهێناو نەیدەهێشت کەساسی‌و بێکەسی‌و تەنگانەیان پێوە دیار بێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

میرێکی بەهێز، دەیتوانی سوپایەکی چەکداری بەهێز پێکەوە بنێت، سەربەخۆیی‌و ئازادی بەدەست بهێنێت، رێگە بەلەشکرکێشی رۆم‌و تاجیك نەدات بەناو خاکی نیشتماندا تەراتێن بکات‌و تەڕو وشك پێکەوە بسوتێنێت.

هێزی چەکدارو سوپا، دەبوونە بەربەست‌و نەیاندەهێڵا هێزێکی داگیرکەر، زێدی باوو باپیرانمان لێداگیر بکات‌و بمانکاتە کۆیلەو ژێردەستە.

دەسەلاّتی سەربەخۆی کوردی بواری نەدەدا، تاکی کورد، بەر نەفرەت‌و چەسانەوەو ژێرکەوتن بکەوێت. هیچ هێزێك نەیدەتوانی زەویان لێداگیربکات‌و نەیدەتوانی زوڵم‌وزۆریان لێبکات. کورد، نەدەبووە ژێردەستەی "تورك" و "تاجیك"و نەهیچ کەسێکی تر. چونکە (میری کورد) دەیتوانی داکۆکی لەگەل‌و نیشتمان بکات‌و بواری هێزێکی دەرەکی نەدات، دەستدرێژی بکات‌و بەمەنتیقی زۆرەملێ ئیرادەی خۆی بسەپێنێت..

## گەڕان بەدوای تیشکی هۆکارو راستی

قۆناغی یەکەم، قۆناغی خەون‌و فزیۆن Vision لەپڕ کۆتایی پێدێت، چونکە رێگەی دەستگرتن بەپەلکەزێڕینەو ئەگریجەی گزنگی فەنتازیاوە، دەگاتە بنبەست‌و مرۆڤی خاوەن خەون ناگەیەنێتە دوا وێستگەی ئامانج‌و هیچ دەستکەوت‌و سوودێك وەدەست ناهێنرێت. بەردی رەقی واقیع، لەهەموو لایەکەوە، قوت دەبێتەوە:

ئەمما ژ ئەزەل خودێ وساکر
ئەڤ رۆم‌و عەجەم لەسەرمە راکر [٦٢]

هێزێك، لەدەرەوەی ویستی مرۆڤو كۆمەڵو سروشتەوە، بڕیار دەدات. كە ئەو بڕیاریدا، ویستی مرۆڤ ڕەوانەی تاراوگە دەكرێتو بەتەواوی دەسڕێتەوە. میتافیزیك، دەبێتە بزوێنەرو هەڵسوڕێنەرو بڕیاردەر. چارەنووس تەنیا بەدەست خۆیەوەو هیچ ویستێكی تر كار ناكاتە سەر هەر ئەو هێزە، لایەك باڵادەستو سەركەوتوو دەكات، لاكەی تر دۆڕاوو داگیركراوو ژێركەوتوو. ویست، ویستی (خودێ)یە، كە بەشێك لەگەلان، بەسەر بەشەكەی تردا زاڵ دەكات (ڕۆمو عجەم ـ كورد). ئەمە چارەنووسە، هەر لەیەكەم ڕۆژی (ئەزەل)ەوە، نووسراوە: هاوكێشەی دوو پۆلی: داگیركەر/ داگیركراو/ باڵادەست، بێدەسەڵات.

واتە: بڕیارەكە، كە بڕیارێكە، لەسەرەوە دراوە، ویستی (خودێ)یە، مرۆڤی (كۆیلە)ی ئەو، مافی قسەكردنی نییەو دەبێ ئەوپەڕی ملكەچایەتیو گوێڕایەڵی بنوێنێت.

زنجیرەی پێكەوە گرێدانی لۆجیكی نێوان بەیتی سەرەوە، لەگەڵ بەیتی خوارەوەدا پچڕاوە. ئینجا جۆرێكی تر لەلۆجیك دەكەوێتە گەڕ:

**تابعییەتی وان ئەگەر ڕچ عارە**

**ئەو عارە ل خەلقی نامدارە**

**ناموسە لە حاكمو ئەمیران**

**تاوان چییە شاعرو فەقیران**(٦٣)

ئەگەر هەر لەڕۆژی ئەزەلەوە، گەلان بۆ دوو شێوە دابەشبوون:

داگیركەرو داگیركراو، پاشكۆو پێشكۆ، گرێدەرو گرێدراو، ئەوە جیهان بۆ سەر دوو بەرەی ناكۆك دابەشكراوە. پاشكۆیی، ڕازیبوون بەداگیركراویو ژێردەستیی، جێگەی شەرمەزاریو ریسواییە. مەسەلەی بەرپرسیارێتی، بەسەر هەموو گەلدا دابەش دەبێت، كە بەژیانی ژێردەستیو داگیركراوی ڕازی دەبێت، بەڵام سەركردەو ناوداران بەشی شێریان بەردەكەوێت.



تانەیەكی گەورەیەو بە نەوچاوانی (حاكمو میران)ەوە نراوە، چونكە ئەوان، جڵەوەكەیان بەدەستەوەیە، دەمڕاستو بڕیاردەرن. خەڵكی خوارەوەی كۆمەڵ: جوتیار، كۆچەر، پیشەوەر، بازرگان.. هتد. وەكو تاك، هیچ قورساییان نییەو ناتوانن، دەورێكی ئەوتۆ لەهاوكێشەكانی ئەودیوی سروشت بگێڕن.

شاعیرو فەقیران، كە تەنیا بەرپرسیارێتییەكی ئەخلاقیو مەعنەویان دەكەوێتە ئەستۆ، نەك بەرپرسیارێتی سیاسی گرنگ، هیچ تاوانێكیان دەئەستۆ ناكەوێت. واتە: بارودۆخی داگیركراوی، كە لە (ئەزەل)ەوە بەردەوامە، تا ڕۆژی دارشتنی داستانە شیعرییەكە، تەنیا (حاكمو ئەمیران) لێی بەرپرسیارن. كەواتە: ئیرادەی مرۆڤ (حاكمو ئەمیران) گرنگەو ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی پێشووی شاعیرە، كە هەموو كارەساتەكە دەخاتە ئەستۆی ئەو كارە، كە لە(ئەزەل)ەوە دیاری كراوە.

## یەكگرتنو یەكگرتنەوە

سروشتی سەرەكی كۆمەڵی كوردستان تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩)، یەكگرتنو یەكگرتنەوە نەبووە، بەڵكو پارچە پارچەییو پەراگەندەییو پەرتەوازەیی بووە، لەسنووری میرنشینو خێڵو تیرەو تایەفەدا، هێزێكی ئایدۆلۆجی ـ سیاسی، یان هێزێكی سەربازی تۆكمە پەیدا نەبووە، بتوانێ هەموو دەسەڵاتو هێزە بچووكو پەرتو بڵاوەكان لەچوارچێوەیەكی سیاسی یەكگرتوودا كۆبكاتەوە. لەمێژوودا، نموونە زۆرن، چۆن پریشكێكی ئایدۆلۆجی، یان پێویستی داگیركردنو داگیركاریو تەشەنەسەندن، بۆتە دینەمۆی جوڵانەوەیەكی بەهوروژمو دەوڵەتێك، یان چەند دەوڵەتێك پێكهاتووە:

١. سەرهەڵدانی دینێكی نوێ، مەزهەبێكی نوێ، بۆتە مۆتیڤی یەكگرتنەوەی هۆزە ناكۆكو دژ بەیەكەكان، ئیدی لەبری دووبەرەكیو شەڕی ناوخۆ، ئاراستەی شەڕوشۆڕ، پاش یەكگرتنەوەیان بۆ دیوی دەرەوە بووە، بەهەرهەموویانەوە پەلاماری دراوسێی لاوازو جیاوازو دووریان داوە.

٢. هۆزێك توانیویەتی، لەسێبەری سەرکردەیەکی خێڵەکیدا، لەپێناوی تالانکردن‌و راورووتدا (جەنگیزخان بۆ نموونە) هۆزە کۆچەرو رەوەندەکان لەژێر یەك ئالادا کۆبکاتەوەو پەلاماری رۆژهەلات‌و رۆژاوا بدات.

٣. هۆزێك، بەرێکخستن‌و بەرێوەبەرایەتی زیرەکانە، توانیویەتی دروشمی ئایینی بکاتە ئامرازو پەلپ‌و بیانوو بۆ فراوانکردنی دەسەلاتی خێل بۆ ئیمپراتۆریەتێکی پان‌و بەرین (دەولەتی عوسمانی بۆ نموونە)، پەلاماردانی دەولەتانی دراوسێ، بەبیانووی ئەوەی ئاینێکی جیاوازیان هەیە (شەرِ دژی دەولەتی بیزەنتی‌و دەولەتە ئەوروپیەکان).

ئەحمەدی خانی، هەروەکو شەرەفخانی بدلیسی، کە سەد سالْ پێش خۆی ژیاوە، هەستی بەکێشەی بنچینەیی کوردەواری کردووە، کە هیچ رێککەوتن‌و هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا نییەو ناتوانن شێوەیەك لەشێوەکانی پێکەوە ژیان هەلبژێرن.[٦٤] هیچ هێزێك ناتوانێت نە بەنەرمی‌و نە بەتوندی، لاکەی تر بۆ بن ساباتی دەسەلاتی خۆی رابکێشێت، نە پێکەوە دەسەلاتی هاوبەش دروست بکەن. لەوجۆرە کۆمەلەدا، گیانی سەرکەشی‌و یاخیبوون‌و جیابوونەوە، هەر زۆر لەزریانی (ناوەند)ێتی بەهێزترە:

**لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن**
**دائم ب تەمەرِوود و شقاقن**[٦٥]

یەکنەبوون‌و یەکنەگرتنەوە، بۆتە هۆی لەدەستدانی هەلی زێرِین‌و هەلپرِووکاندنی خەونی سەربەخۆیی‌و سەرفرازی. رێکنەکەوتنی میرنشینە کوردەکان لەنێو خۆیاندا، پرۆسەی داگیرکردن‌و ژێردەستەییان ئاسانتر کردووە. ئەگەر ئەو میرنشینانە یەکیان بگرتایە، هاوکێشە چەقبەستووەکەی (ئەزەل) هەلدەگەرِایەوە، ژێردەستە دەبووە سەردەستە، سەردەستە دەبووە ژێر دەستە. داگیرکراو دەبووە داگیرکەر، داگیرکەر دەبووە داگیرکراو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



**گەر دێ هەبووا مە ئتفاقەك**
**ڤێکرا بکرا مەژی‌و فاقەك**
**رووم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەرا دکر غولامی**[٦٦]

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گریمانەی ویستی یەکگرتنەوە، لەناو هەلومەرجی کۆمەلایەتیدا دروست دەبێت‌و پێچەوانەی ویستی دەرەوەی کۆمەڵ‌و سروشتە، کە سەرووی ویستی مرۆڤە. واتە: خانی دوو بۆچوونی ناکۆك پێشکەش دەکات، جارێك ویست: ویستی (خودێ)یە، کە گەلانی تری بالادەست کردووەو کوردی بێبەش‌و مافخوراو کردووە. وێنەی جیاوازو ئاوەژوو (ویستی یەکگرتن‌و یەکگرتنەوە)یە، کە لەناو گەلێکدا نادیارو بزرو شاراوەیە. بەلام ئەگەر ویستی یەکگرتنەوە لەدایك بێت، هارمۆنی دەبێت، هاوکێشەکان هەر هەموو سەروبن دەبن.

## مۆتیڤی دەرەکی نووسینی "مەم‌و زین"

پێشتر لەسەر ئەم تەوەرەم نووسی، کە تەنیا لایەنی دەروونی رەچاوکراوە: واتە: هەولدراوە، لەدیوی ناوەوە هۆکارەکان بدۆزینەوە، کە هانی شاعیریان داوە رووبکاتە جیهانی نووسین بۆ دەربرِینی چەندین کێشەی شاراوەو نەبینراو، کە بەشێکیان (گرێ)ی بنهۆشن، لەچرکەیەکدا دەتەقنەوە، کە خاوەن گرێکە خۆی پێی نازانێت.

لەم بەشەدا، بەپشت بەستن، بەرِازی درکێنراو، کە لەناو بەیتەکاندا شاعیر راستەوخۆ وەکو (هۆ) بەرچاوی خستوون بۆ نووسینی (مەم‌و زین)، هەولێ نزیك خستنەوەو دۆزینەوەی (کۆد)ەکان دەدەین!

خانی رەنگە، لەناخی خۆیدا، بەتەواوی بروای بەوە کردبێت، کە شیعرەکانی ئەو، لەگەڵ کارەکانی (فیردەوسی)و (نظامی)و (جامی)دا بەراورد ناکرێت. بەلام لەهەمان

کاتـدا، هەسـتی کـردووە، پـەیامو خـەونێکی مـەزنی هەیـەو دەبـێ بیانگەیـەنێتو لەچوارچێوەیەکی شیعری جواندا دایانڕێژێت. بۆیە دەست دەداتە قەڵەمو ناتوانێت چیدی لەدۆخی چاوەڕوانیو دەستەوەستاندا بمێنێتەوە:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**خانی ژ کەمالێ بی کەمالی**
**مەیدانی کەمالێ دیت خالی**[٦٧]

ئەمە دۆزینەوەی مۆتیڤە، لەچرکەی داهێنانو هەوڵی تێگەیشتن لەهۆی نووسینو فڕینی مەلی پەیام. ئەو، لەژێر ئاسمانی شینی ئەدەبدا، نەشارەزاییو ناکارامەیی خۆی رەچاو کردووە، لەچاو ئەو خەونو پەیامەی چاوەڕوانی دەکات. ئەم بەهرەی (فیردەوسی)و (نظامی)و(جامی) نییەو لەتەکنیکی شیعر دارِشتندا ناگاتە ئەوان: ئەمە لایەنی هاننەدەرو ساردکەرەوەیە لەهەڵمەتو دەستپێشخەری. ئەو، لەم خاڵەدا، ئەوپەڕی راستگۆ بووە لەگەڵ خۆیدا: هاوکێشەکەی بەڕوونی بینیوە: لەجیهانێکی فراوانو بەربلاودا، ئەو، بەتەکنیكو شارەزاییو بەهرە پڕچەك نییە! بەڵام بەرامبەری ئاسۆیەکی بەرین دەبینێت، کە بەزۆر رایدەکێشێتو (خاچ)ی پەیام بەسەر شانیدا دەداتو داوای لێدەکات، ملی رێگەیەکی جیاواز بگرێتو هەر بڕواتو ئاوڕ لەدواوە نەداتەوە. دەنگێك لەغەیبەوە وەك (سروش) لەناوەوە دەچریکێنێت. داوای لێ دەکات وەکو لافاو، یان هەرەسە بەفر، هەمووی رامالێت. بتە زیندووەکان بهەژێنێتو زەوی لەبن پێیاندا بهێنێتە لەرزین:

**حاسل ژ عناد ئەگەر ژ بێداد**
**ئەڤ بدعەتە کر خلافێ موعتاد**
**سافی شەمراند ڤە خوار دوردی**
**مانەندێ دوڕێ لسانێ کوردی**[٦٨]

کام هاندەر، لەپێش هاندەرەکەی تر دادەنرێت (عناد)و (بیداد)؟ ئەو بەراشکاوی راستییەکان، کە پاڵنەرن بۆ نووسینەکە، نادرکێنێت: (عناد)ی واتە: رقئەستنووری،



مۆتیڤە بۆ دەستپێشکەری! رقئەستووری چ پەیوەندییەکی بەبەرهەمی ئەدەبییەوە هەیە؟ شاعیر دیارە وەکو زۆربەی داهێنەران، هەستی گەورەیی بریندار کراوە، ئەویش ویستویەتی بەکارێکی ئەدەبی مەزن بۆ میرو دەوروبەرەکەی (حاشیە) بسەلمێنێت، ئەم لەناخەوە نارازییەو تووڕەیە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

وشەکەی تر، کە وەکو هاندەر دانراوە: زاراوەی (بێداد)ە: ئەم زاراوەیە، بارگاویە بەواتایەکی زۆر، دروشمە بۆ شۆڕش. پێچەوانەکەی: داد، عەدالەت، دادپەروەری، یەکێکە لەسێ کوچکەی دروشمی سەرەکی شۆڕشی فەرەنسی (دادپەروەری، یەکسانی، ئازادی). بۆ بێدادی هاندەرو پاڵنەری نووسینی شاکارێك بێت؟ یەکەم خوێندنەوە، مەبەستی ئەوەیە، گەلی کورد، داگیرکراوە، چەوساوەیە، خاکەکەی کراوەتە شەرگەو شوێنی تەراتێنی سوپای داگیرکەرانی دژ بەیەك. ئەم خوێندنەوەیە، دیوی رەسمی، لەدایکبوونی (مەمو زین)ە. ئەو، وەکو داکۆکیکەرێك لە (بێداد)ی، مەنیفێستی سیاسی گۆڕانو گۆڕانکاری بۆ داهاتوو نووسیووە.

خوێندنەوەی دووەم، کە لەناوەڕاستی دێڕەکاندا، نەنووسراون: خانی هەستی کردووە، میری نوێ بەرامبەری وەکو دوو (پەتریاخ)ەکەی پێشووتر نییە، بێدادیو زوڵموزۆر هەیە، ئەمیش هەر لە (عناد)یو رقئەستووری، تەنیا لەسەر قاقەز بانگەوازی بۆ شۆڕش کردووە!

شاعیر رێگەی (تقلید)و لاساییکردنەوەو شێوازی باو ناگرێتە بەر. ئەو، نایەوێت بەو رێگەیەدا بڕوات، کە شاعیرانی پێشووتر بەسەریدا تێپەڕیون. بەکارهێنانی وشەی (بدعە)، کە لای زانایانی ئیسلام بە (لەدین دەرچوون) دادەنرێتو زاراوەیەکی نێگەتیڤو دزێوە لای (فقهاء)و هەرجارێك ویسترابێت یەکێك دەمکوت بکرێت، مۆری (بدعە)ی لێدراوەو خوێنی حەڵاڵ کراوە. ئەمە زاراوەیەکی سلبیو پڕ لەواتای (گومراهی) بۆ رچە شکاندنەکەی خۆی بەکاردەهێنێت.

بێگومان خانی بەوردی کارەکانی (مەلای جزیری)و (فەقێ تەیران)ی خوێندۆتەوەو زانیویەتی ئەو یەکەم کەس نییە، کە بەکرمانجی ژووروو شیعری نووسیبێت. هەروەکو چۆن "نالی" زانیویەتی چەندین کەس پێش خۆی، (بەتایبەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیو ئیبن ئەلحاجو شێخ مارفی نۆدێ)، بەکرمانجی خوارووی شیعریان نووسیووە، سێیەمیان فەرهەنگی (ئەحمەدی) بەسۆرانی ـ عەرەبی داناوە. کەواتە: ئەم (بدعە)یە، کە خانی دایهێناوەو کەسی تر پێش ئەم رچەکەی نەشکاندووە چییە؟

ئەو، پەرداخێك شەرابی فەل، نەك باشترین جۆری (شاتوو)ی فەرەنسی وێنا دەکات. سێ بەشی روونەو بنەکەی خەڵتەیە. خەڵك بەشە روونو سافو جوانەکەی دەنۆشنو خەڵتەو پەڵتەکەی تووڕ دەدەن. شاعیر، بەپێچەوانەوەی دابو نەریتی باو دەکات، بەشە روونو سافەکەی شەرابی لەعلی رومانی لەبەردەم پەیکەری بێهوودەیی دەڕێژێتو هەرچی تڵپەو خەڵتەی بنی پەرداخەکەیە، بەسەریەوە دەنێت. لەنێوان (دورد) کە خەڵتەو تڵپەی شەرابەو (دوڕ)، تەناسوب هەیە. ئەو، زمانی کوردی (لسانێ کوردی) لەناو (دورد) دەبینێت. کەچی شاعیر ئەو (دورد)ەی لێ دەبێتە (دوڕ)و مرواری. یاریکردن بە وشە، مەبەست تەنیا یاریکردن نییە، بەڵکو دەرخستنی هەندێ راستی باوی سەردەمە. چینی خوێنەرو ئینتلجنسیای کوردی، پشتیان لەزمانەکەی خۆیان کردووە، هەموو بیرو هۆشیان لای ئەدەبیاتی گەلانی ترە. ئەم دیاردەیە پەیوەندی بەکولتووری داگیرکراویو هەست (بەخۆ بەکەمگرتن)ەوە هەیە. بۆیە خانی بڕیاری گۆڕانو وەرچەرخان دەدات.

(مانەندێ دوڕێ) ئەم دەستەواژەیە، تێگەیشتنو (تفسیر)ێکی زۆر هەڵدەگرێت. خانی لەلایەکەوە زمانی کوردی ئەوەندە لا بەنرخ دەبێت، وشەکانی لێدەبێتە مرواری. هەمان دەستەواژە، ئاماژەیەکی زەقو زۆپە بۆ زمانی (دوڕی) یان (دەری)، کە زمانی دەرباری ساسانی، (دەری) پێگوتراوە. واتە: زمانی کوردی دەتوانێت ببێتە زمانی دەرباری میرنشینی کوردی، یان دەرباری دەوڵەتی یەکگرتوو، چونکە (دەری) زمانی دەرباری ئیمپراتۆریەت بووە. هەمان دەستەواژە، ئەو بۆچوونەش هەڵدەگرێت، کە (دەری) پاش



رووخانو هەرەسپێهێنانی دەوڵەتی ساسانی بووە، بۆتە زمانی ستانداردی میرنشینو شاعیرو نووسەرانی رۆژهەڵاتی ئێرانو لەرێگەی (دەری) یان (دوڕی) بووژانەوەو (رێنیسانس) رووی داوە. خانی ویستویەتی بڵێ: زمانی کوردی دەتوانێت هەمان دەوری زمانی (دوڕی) بگێڕێتو ببێتە زمانی رابوونو هەڵسانەوەو خۆناسینەوەی گەلی کوردو لەرێگەی ئەم بزاڤە کولتوورییەوە دەوڵەتی یەکگرتوو دروست دەبێت:

**ئینایە نزامو ئینتزامێ**
**کێشایە جەفا ژ بۆی عامێ**[69]

شاعیر ملوانەکەی مرواری دەهۆنێتەوە، بەجوانی رێکیدەخات (مەمو زین)، هەروەکو چۆن، ژنێکی شۆخو شەنگ، بەگەردەنەو ملەلیرەو ملوانکەی زێڕو مرواری خۆی دەڕازێنێتەوە، سەرنجی خەڵك بۆ خۆی رادەکێشێتو ناچاری دەوروبەر دەکات، رێزی لێبگرن. گەلێك ئەدەبو هونەری هەبوو، گەلانی تر، بەچاوی رێزو حورمەتەوە، سەیری شاکارەکانی دەکەن. گەلێك هیچ هونەرو ئەدەبی نەبوو، سەرنجی کەس راناکێشێتو ئەو رێزەی نابێت.

ئەو کەسانەی بڕیاریاندا بەفارسی (دەری) بنووسن، نەك بە عەرەبی، کە زمانی دەسەڵاتو دین بووە، فارسی رچە شکاندنو دەستپێشخەری بووە، پێشتر نموونەی نەبووە[70]. ئەم هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی تایبەت بووە، بۆ ئەوەی گەلو سامانی کولتووری مەزن، هەروا بەئاسانی لەناو ئاینیو دەسەڵاتی نوێدا نەتوێنەوە. واتە: بووژاندنەوەی کولتووری پەهلەوی یارمەتیدەر بووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتو دەسەڵاتو فەرهەنگی نوێ.

**دا خەلق نەبێژێتن کو ئەکراد**
**بێ مەعرفتن ب ئەسڵو بونیاد**[71]

من ئەم کتێبە دەنووسم، هەروەکو چۆن (فیردەوسی) شاکاری (شانامە)ی نووسی، تا ئەو بۆچوونە ناڕاستو پڕ هەڵەو پەڵەیە راست بکەمەوە، گوایە کوردان لەبواری زانیاریو ئەدەبیاتدا، هەر لەڕەگو ریشەوە، هەر زۆر کۆڵەوارو کەساسنو هیچیان نییە شانازی پێوە بکەن. هەروەکو چۆن فیردەوسی بە (شانامە) [٧٢] هاوکێشەکەی گۆڕی، منیش بەنووسینێك، هاوکێشەکە وەکو ئەو دەگۆڕمو حوکمی پێشتر دراو دەڕەوێنمەوە:

**ئەنواعی ملەل خودان کتێبن**

**کورمانج تەنێ دبی حسێبن** [٧٣]

شاعیر، کورد لەگەڵ گەلانی تردا بەراورد دەکات: بەراوردکردن واتە: بیرکردنەوە. بەراوردکردنەکە، نیشانەی هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی سۆسیۆلۆگیای دواکەوتنو بەجێمان. ئەو ئاگاداری باری روونـاکبیری گەلانی دراوسێیە. بەزمانی عەرەبیو فارسیو عوسمانی کتێبێکی زۆر نووسراوەو لەبەردەستدایە، لەبەرئەوەی خاوەن دەوڵەتو دەسەڵاتن، یان بەپێچەوانەوە: ئەوان خاوەن کتێبن، بۆیە توانیویانە دەوڵەت دروست بکەن. بەڵام کرمانج، لەهیچ کوێ، هیچ حسابێکی بۆ ناکرێتو نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانانرێت! بەزمانی کرمانجی کاری فیکری نەکراوە، بەرهەمی روونـاکبیری زۆر کەمە، بۆیە لە دەسەڵاتی سیاسیشدا بێبەش بوون. کتێب لێرەدا، دەکرێت وەکو سمبۆل سەیر بکرێت، سمبۆلی دەوڵەمەندی بیرو هزرو بایەخدان بەژیانی روونـاکبیری. گەلێك بیرو عەقڵو بەرهەمی ئەدەبیو هونەری نەبێت، ناتوانێت دەوڵەت دروست بکاتو شان لەشانی گەلانی تر بدات.

## کۆتایی خەونو چاوەڕوانیی تاڵ

شاعیر بۆی دەردەکەوێت، بەردە رەقەکانی واقیع بەڕوویدا هەڵدەپرژێن. خەونو چاوەڕوانیو ڤزیۆن Vision بەشێکن لەداهاتووی دوور، واقیعی ئەمڕۆ ـ رۆژگاری ژیانی شاعیر ـ زۆر لەجیهانی خەونو فەنتازیاوە نامۆیە. کورد، هەر لەڕۆژی یەکەمی



(ئەزەل)ەوە، کە سەرەتای نییە، ژیانی ژێردەستیو داگیرکراویی بۆ ماوەتەوە. (خودێ)ی دلۆڤانو مەزن، رۆمو عەجەمو تاجیکی بەسەر ئێمەدا سەپاندووەو باڵادەستی کردوونو کەس ناتوانێ بەگژیاندا بچێت. بازاڕ، تووشی تەنگژەو قەیرانو کەسادو نەسووڕانەوە هاتووە. هەر کاڵایەك لەبازاڕدا دەخرێتەڕوو، هیچ کڕیارێك لێی نزیك نابێتەوە:

**ڃ بکەم قەوی کەسادە بازاڕ**

**نینن ژ قوماشی را خەریدار** [٧٤]

واتە: بازاڕی ئەدەبو بیرو هزر، بەقۆناغی کەسادیدا تێدەپەڕن. هیچ میرێك ئارەزووی نییە، ئاوڕ لەشاعیرو بیرمەندان بداتەوە، چونکە "خەڵك" دەستبەرداری ژیانی (مەعنەوی) بوونو هەموو عاشقی بەهای (مادی)ینو شەیدای پوولو پارەن. ئەمەش سمبۆلە بۆ تێکشکانی رۆحیو ئیفلاسی سیاسی:

**خاسما دڤێ عەسرێ دا کو هەمیان**

**مەعشوقو حەبیبە بۆ مە هەمیان**

**یەعنی ژ تەمەع، دراڤو دینار**

**هەریەك ژ مە ڕا وە بوونە دڵدار** [٧٥]

بەرامبەر خەونو ئاسۆی فراوانی داهاتوو، (ئێستا) شاعیر تابلۆیەکی رەشو تاریك دەبینێت. دیوانی شاعیرێك لەدیوەخانی (میر)دا نرخی پێڵاوێکی نییە! شاعیر نەیتوانیوە بڕوا بەخۆی بهێنێت (میری نوێ) بچووکترین خۆزگەو ئاواتی لەسەر دادەنرێت، ببێتە ئاڵا هەڵگری یەکگرتنەوەی کورد، هەروەکو چۆن عوسمانییەکان توانییان، هەنگاوی یەکەم خۆیان بەهێز بکەن. هەنگاوی دووەم سنووری ئیمپراتۆریەت بۆ ئەورووپاو ئەفریقا فڕی. ئەوان بە (علم)و (حکمت) جولاّنەوەو نیوەی جیهانیان داگیرکرد. هەرچی (زانا)و (بەهرەمەند)و خەڵکی بەتوانا هەبوون، بۆ خزمەتو ئیدارەی

سیاسیی خۆیان رایانکێشان. بەڵام (میری کورد) نایەوێت ئاوڕ لەنزیکترین کەسی خۆی بداتەوە، کە (نظامی کورد)و (جامی کورد)ە. ئەو، سیاسەتەکەی دوورخستنەوەی ئینتلجنسیاو سوککردنو ڕێزنەگرتنی بیریاران بێت، ئیدی خانی هیوای چیی پێی هەبێت؟

گەر علم تەمام بدی ب پۆلەک
بفرۆشی تو حکمەتێ ب سۆلەک
کەس ناکەتە مەیتەرێ خو جامی
راناگرتن کەسەک نزامی[٧٦]

نیزامی گەنجەوی (١١٣٥ ـ ١٢١٧ز)و جامی (١٤١٤ ـ ١٤٩٢ز) دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبیی فارسین. هەردووکیان جێگەی شانازیی گەلانی ئێرانینو هەردووکیان بەخەڵکی خاوەن بیرو حیکمەت ناسراون. بەڵام (میری کوردی) ئەگەر جامیو نیزامی سەر بەدەربارەکەیدا بکەن، ئامادە نییە (جامی) بەمەیتەرو (نیزامی) بەنۆکەرو خولام رابگرێت. ئەمە ئاستو رادەی کوێرەوەریی بیری میری کوردی دەردەبڕن. ئەم کۆپلەیە لەشیعری خانیدا، وێنەیەکی کاریکاتێرییە بۆ ئاستی بیرکردنەوەو کارەکتەری چینی سەرەوەی کۆمەڵ بەرجەستە دەکات. چینی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا، هەر زۆر بەسووکی سەیری ئەهلی عەقڵو هزرو بیریان کردووە. تەنانەت ئامادەنەبوون، گەورەترین سمبۆلی شیعرو فیکر بەمەیتەرو نۆکەر رابگرن.

خانی بەرێکەوت ئەم تابلۆیە پێشکەش ناکات. میری لەخۆباییو خۆبەزل زان، زێڕی ناو لەپی خاوەن بیران بەخۆڵو خەڵووز دەبینێت. شاعیر چۆن ئەو بڕوایەی لا دروست بووە، کە میری کورد، لەبەرزاییەوە دەڕوانێتە میروولەو جاڵجاڵۆکەکانو هەر زۆر بەبچووكو بێبایەخ دەیانبینێت؟ مەسەلەکە تەنیا ئەزموونو تاقیکردنەوەیە، لەنزیکەوە. یەکێك لەدوورەوە بیستبێتی، گوێی لێ بووبێت، نەیدەتوانی رستەیەك، یان بەیتێك بنووسێت، کە پاش پتر لەسێ سەد ساڵ لەدەروونماندا دەنگ دەداتەوە! ئەگەر یەکێك



بیەوێت دێڕە نەنووسراوەکانی نێوان هەردوو بەیتە نووسراوەکان، بەوردی بخوێنێتەوە، راستو رەوان ئەزموونی تاڵی شاعیر لەسێبەری دەسەڵاتی کوردیدا، هەست پێدەکرێت. خاوەنی (مەمو زین) رەنگە خۆی لەگەڵ جامیو نیزامیدا بەراورد کردبێت، یان لەو چرکەیەدا خۆی لەئاست ئەواندا دانابێت. بەکارهێنانی ناوی دوو شاعیری فارس، وەکو رەمزو سمبۆل لەلایەنی (خانی)یەوە مانای ئەوەیە، بەناڕاستەوخۆ بەردی گرتۆتە شووشەی پەنجەرەی دەرباری میری کورد، لەهەمان کاتدا، ویستویەتی وێنایەك لای خوێنەر ببزوێنێت، کە نووسەری (مەمو زین) هیچی لەوان کەمتر نییە! ئەگەر ئەوان سەرلەنوێ زیندووبکرابانایەوەو لەخزمەتی میرێکی کورد بوونایە، بچووکترین نرخی بۆ دانەدەنانو (نۆکەرو مەیتەر)ی، کە نزمترین کارن لەمیرنشینێکدا، پێیان رەوا نەدەبینرا.

خانی، هەندێ جار بەڕاستەوخۆ، هەندێ جاریش بەپێچاوپێچ، بەشێوەیەکی ورد (ئەناتۆمی ـ Anatomy)[٧٧] تێگەیشتنو سیستمی بیرکردنەوەی میری کورد پێشکەش دەکات: بیرکردنەوەیەك، کە ئەمسەرو ئەوسەری بەکۆمەڵێك بەرەژەوەندیی بەرتەسك تەنراوەتەوەو ئاسۆی ستراتیجی لەهەر چوارلاوە داخراوە. هەر یەکە دەیەوێت، دەسکەوتو قازانجی خۆیو دەسەڵاتی شێوێنراوو تێکقوپێنراوی خۆی، بەهەر نرخێك بێت، بپارێزێت.

سەبارەت بە چیرۆکی نووسینی شانامەی فیردەوسی، کۆمەڵێك دەنگوباسو سەربردە بڵاوکراونەتەوە. ئەبو قاسم، چاوەڕوانی ئەوە لە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی دەکات، پاداشتێکی شیاوی بۆ رەوانە بکات. بەڵام سوڵتانی بەرەگەز تورك، ئەو حەماسەتەی بۆ شیعری فارسیو مێژووی ئێران نابێت. پێش تەواوبوونی شانامە، دەسەڵاتی میرانی سامانی کۆتایی پێدێت، کە ئەوان هاندەرو پشتیوانیکەری بوون. ژمارەیەك وەزیرو میرو کەسایەتی، پشتگیری لەفیردەوسی دەکەنو هەندێ کەس، تەنیا بەسەرزارەکی سوپاسی دەکەن.

شاعیری ئێمە هەست بەوە ناکات، کە یەکێك، یان دامەزراوەیەکی سیاسی پشتی گرتبێتو هانی نووسینی دابێت. ئەو پاش (١٧) بەیت، بەڕاشکاوی تیرو توانجی خۆی ئاڕاستەی لووتبەرزیو رۆح زلی (حاکمی وەقت) دەکات. واتە: ئەو میرەی ئەم لەسێبەری دەسەڵاتیدا ژیاوە، زۆر بەرز فڕیوەو لەهەورازەوە، سەیری داهێنانو کارامەیی شاعیری کردووەو هیچ بەهایەکی (مادی) یان (مەعنەوی)ی بۆ شاعیرو کارەکەی دانەناوە:

**لێ حاکمێ وەقتێ مەعرفتناک**

**مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئدراک**[٧٨]

میرێك نەتوانێت گوێ بۆ دەنگی بیریارو رووناکبیرو ئینتلجنسیا رادێرێت.. میرێك نەتوانێت بایەخ بەکەسانی بەهرەمەند بداتو نەبیەوێت فێربێتو نەبیەوێت گەشە بەخۆی بدات، دیارە بۆ خۆی (لەدەرەوەی بازنەی مێژوو دەژێت)و ئاستی زیرەکیو تێگەیشتنی داخراوە. بەگوێرەی تێگەیشتنی خانی: هۆیەك هەیە، کە رێگە بەمیر نادات، ئامێز بۆ خەڵکی خاوەن قەڵەمو رووناکبیر بکاتەوە. پەردەیەك بەرچاوی دەگرێتو دەروازەی بیرکردنەوەو ژێر کڵۆم دەکات:

**لەوڕا کو وی ئەڤ نەکر پەسەندە**

**با ئەسڵو نەسەب خۆ ئەو رەوەندە**[٧٩]

میری خانی، بەپێچەوانەی (میر)ی میکیاڤێلی، شاری نییەو رەوەندە. کولتووری (رەوەند)و (کۆچەر) بەچاوی بایەخو گرنگیپێدانەوە ناڕوانێتە بەرهەمی بیرو قەڵەمی روناکبیران. لای ئەو، جوانی تەنیا لەبن پەلکەزێڕینەی زەبرو زەنگ چڕ دەبێتەوە: تەنیا ئەسپو ماینو خەنجەرو دەمانچە تیشکی جوانییان دەخرێتە سەر. شاکاری وەکو (مەمو زین)و (فینۆمینۆلۆگیای رووح)و (هاری پۆتا) لەدەرەوەی پێوەری جوانی رەوەندن.



## شاری بایەزیدو بیری خانی

لەئێرانی سەردەمی (فیردەوسی)دا، ژمارەیەك شاری گەورەو بچووك هەبوون (بوخارا، سەمەرقەند، بەلخ..)و ژمارەیەك پایتەختی میرنشینی بەهێزو بەدەسەڵات هەبوون. شار، مەڵبەندی رووناکبیریو نووسینو کتێبو (ئایدۆلۆجیا)و (بیر)و لێدوان لەسەر کێشە عەقڵیو فەلسەفییەکان بووە. خەڵکی شار پشتیوانییان لەنووسینی شانامەو چەندین پرۆژەی تر کردووە بۆ بووژاندنەوەو زیندوکردنەوەی سامانی زمانی فارسیو پەهلەویو مێژووی دەوڵەتە ئێرانییەکانی پێش هاتنی ئیسلام.

لەسەردەمی خانیدا، (بایەزید) پایتەختی میرنشین بووە. ئەو سیفەتی (رەوەند) واتە: پێچەوانەی کولتووری شاری، بەمیر دەبەخشێت، ئەوەش بەهۆیەك دەژمێردرێت، کە بۆچی میری کورد ئامێز بۆ خەڵکی خاوەن بیرو قەڵەم ناکاتەوە؟

راستییەکی روونو ئاشکرایە (بایەزید) شارێکی سنووریی زۆر کۆنەو ناوەکەی لەسەردەمی عوسمانیدا گۆڕاوە: پاش کۆچی دوایی سوڵتان بایەزید، خەڵکی شار، یان میری ئەو دەڤەرە، ناوی شارەکەی ناوە (بایەزید) [٨٠]. ئەم ناوە تا ساڵی ١٩٣٥ پارێزراوە.

لەئەدەبیاتی ئەرمەنیدا ناوی شارەکە بە (داریونك ـ Darünk)، (داریونگ ـ Daryung) یان (دارۆنك ـ Daronk) نووسراوە. مێژووی شارەکە بۆ سەردەمی ئۆرۆراتۆو مادو بێزەنتی دەگەڕێتەوە. لەسەدە ناوەڕاستەکاندا، سەنتەرێکی گرنگ بووە، کە رێگەی ئاوریشم (طريق الحرير)ی پێدا تێپەڕیوە[٨١].

لەسەر کەنارەکانی دەریای رەش، ناوەندی بازرگانیی زۆر چالاكو پڕ بایەخ هەبووە، وەکو (سنۆپ، سامسۆن، ترابزۆن، .. هتد) کە بەندەری بازرگانی بوون (Ticaret Iskelesi)و رێگەی دەریایان لەڕێگەی (بایەزید)ەوە، بەشاری (تەورێز) گرێدراوە. بازرگانە جەنەوەییەکان (Genua) سەرپەرشتیی ئەو بازرگانییەی نێوان رۆژاواو رۆژهەڵاتیان کردووە. بازرگانەکانی جەنەوە، سەلامەتی رێگەی کاروانیان لەئەستۆ

گرتبوو. تا ئەمڕۆش لەشاری بایەزید قەڵایەك هەیە، کە بەناوی قەڵای جەنەوییەکان (Genevizkalesi) ناودەبرێت[٨٢].

من نازانم شاری (بایەزید) لەسەردەمی نووسینی (مەم‌و زین)دا، ژمارەی دانیشتوان‌و قوتابخانەو مزگەوت‌و حەمام‌و بازاڕو دوکانی چەند بوون؟

ئێمە لەڕێگەی شەرەفخانی بدلیسی‌و ئەولیا چەلەبییەوە زانیاری وردمان لەسەر شارێکی وەکو بدلیس هەیە، کە لەکاتی شەرەفخاندا (٨٠٠) دوکانی[٨٣] تێدا بووە. ساڵی ١٦٥٤ واتە: (٥٧) پەنجاو حەوت ساڵ پاش نووسینی (شەرەفنامە) ئەولیا چەلەبی لەسیاحەتنامەدا دەنووسێ شاری بدلیس (١٢٠٠)هەزارو دوو سەد دووکان‌و (٧٠) قوتابخانەو (٥٠٠٠) پێنج هەزار خانووی تێدایە[٨٤]. لەسۆنگەی ئەم زانیارییانەوە، ئێمە دەتوانین وێنایەکمان لەسەر باری ئابووری‌و چالاکیی بازرگانی هەبێت.

سەبارەت بە(بایەزید)، هیچ زانیارییەکمان بەدەستەوە نییە وێنای گەورەیی شارو قەبارەی چالاکیی ئابووری‌و دراوی‌و بارودۆخی بازاڕ لەبەر چاوماندا بەرجەستە بێت.

ئێمە دوو راستی دەزانین:

١. بایەزید شارێکی کۆنەو لەسەر رێگەی بازرگانی (رێگەی ئاوریشم) دروستبووەو لەسنووری ئێرانەوە زۆر نزیك بووەو نزیکە.

٢. داستانی (مەم‌و زین) بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ عەقڵیەت‌و شێوەی بیرکردنەوەی ناوبازاڕو هەڵوێست‌و بۆچوونی میر دەکات.

سەرنج‌و تێبینییەکانی لەسەر بازاڕو ئابووری‌و دراو، جێگەی وردبوونەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەن. دەبێ ئابووریناسێك لەڕوانگەی ئابوورییەوە سەیری تێگەیشتن‌و سەرنجەکانی ئەو بۆ دراوو بازاڕو چالاکیی ئابووری بکات. من نامەوێ لەخۆڕا دەنگۆیەك هەڵبەستم، گوایە شاعیر ئابووریناس‌و شارەزا بووە لەسەوداو



موعامەلەدا.. هتد. من تەنیا دەمەوێ بەوردتر سەیری هەندێ بەیتی داستانەکە بکرێت‌و هەروا بەسادەیی، بەسەر ئەو چەمك‌و زاراوانەدا تێنەپەڕین:

چ بکم کو قەوی کەسادە بازاڕ
نینن ژ قوماش را خەریدار[٨٥]

بێگومان خانی کەشتییەوان بوایە، رەنگە وێنەی بازاڕ کەسادی، بەکارنەهێنایە، بەڵکو (المتنبي) ئاسا بیگوتایە (تجري الرياح بما لا تشتهي السفن...). زۆر بەکارهێنانی (وێنە)ی جیهانی بازاڕو دراڤ، بەڵگەی ئاشنایەتی‌و شارەزابوونە، نەك بێئاگایی لەم بوارەدا. بەتایبەتی کە زانیمان لەگیرفانی خۆی مزگەوت‌و قوتابخانەی دروست کردووە، نیشانەی (هەبوون‌و تێری)یە، هەرچەند من نامەوێ ئیدیعای ئەوە بکەم، کە ئەو، بەشداریی لەبازاڕ کردووەو بایەخی بەکارو کەسابەت داوەو مەسەلەکە تەنیا پێویستیی کێش‌و سەرواو میتافە Metaphe نییە.

یەکێك بزانێت، کە بازاڕ (قەوی کەسادە) واتە: قەیرانەکە هەر زۆر لە لووتکە نزیك بۆتەوە، دەزانێ (زەعیف کەسادە)و (مام ناوەندی: متوسط کەسادە بازاڕ) ئەم جۆرە شارەزایی‌و حوکمدانە، بەرهەمی رێکەوت‌و رەمڵلێدان نییە بۆ بازاڕ. تەنگژەیەکی بەهێزی فرەجەمسەرەو تێکەڵاوەو جوڵەو کارو کەسابەتی هەڵپەساردووە، تێکەڵاوە، چونکە ئەو کاڵایەی خراوەتە بازاڕەوە، هیچ کەس کڕیاری نییە. هەر ئەم قەیرانەی ٢٠٠٨ لەبازاڕی رۆژاوادا روویدا، هەر بەم شێوەیە وەسفی (بۆرسەی وڵستریت) دەکرا.

ئەو، لێرە مەبەستی بازاڕی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بە (مجاز) ئەم وێنەیەی بەکارهێناوە:

بازاڕی ئەدەب‌و هونەر کەسادی تێکەوتووە، چونکە لەبازاڕو جیهانی ئەدەب‌و کڕیار بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر کڕیار هەبێت، ئەگەر میرێك هەبێت پشتگیری نووسەرو شاعیرو رووناکبیران بکات، گەشەکردن‌و پێشکەوتن روودەدات‌و هاوکێشە چەقبەستووەکان سەروبن دەبنەوە.

**یەعنی تەمەع، دراڤو دینار**
**هەر یەک ژمە را وە بوونە دلّدار**[٨٦]

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تەنیا لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا هەندێ بەهای (مادە پەرستن)و پشتگوێخستنی بەهاو نەریتی عەشایەری (پەرستنی پەیوەندی نێوان دوو کەس، دڵسۆزی بەبێ پارە، خۆ بەکوشتدان لەپێناو ناوبانگی عەشیرەت .. هتد) دەبینرێت. ئەگەر لەپێناوی (تەمەع)دا، بەهای ئەخلاقی دۆڕێنرا، ئەوە نیشانەی داهاتنی کۆمەڵێکی جیاوازە.

ئەم دوو بەیتەو چەندین بەیتی تریش دەتوانرێت، بەهێماو نیشانەی تێکەڵاوبوونو ئاشنایەتیو شارەزایی شاعیر لەبواری بازاڕو جیهانی دارایی ببینرێت، بەڵام بەڵگەی موتلّەق نین.[٨٧]

تێگەیشتنی شاعیر، بەبەراورد لەگەڵ تێگەیشتنی میر بۆ جیهانی دراڤو بازاڕ، هەر زۆر جیاوازە. هەر یەکە روانگەو جیهانبینینی خۆی هەیە. شاعیر دەستی لەکولتووری (رەوەندایەتی) هەڵگرتووە، خۆی بەناڕاستەوخۆ بە (شاری) پێناسە دەکات. میر هەرچەند دەربارو کۆشكو تەلاری لەناو شاردا هەبووە، بەڵام دەستی لەکولتووری (رەوەندایەتی) هەڵنەگرتووەو پەرستوویەتیو بەنەریتو رەوشی کۆچەر (ناشاری ـــ ناگوندی) هەڵسوکەوتی کردووە:

**لەوڕا کو وی ئەڤ نەکر پەسەندە**
**بائەسڵو نەسەب خو ئەو رەوەندە**[٨٨]

میری بەلەشو جەستەو دەسەڵات، لەناو شاردا ژیاوە، بەبیرکردنەوە، دیلی دەستی کولتووری عەشیرەتگەریو (رەوەندایەتی) بووە. بۆیە ئەم میرە، دەستی بەڕووی شاعیرەوە ناوەو پشتی تێکردووەو ئامادەی یارمەتیو پشتیوانی نەبووە. ئەم دیمەنە دڵتەزێنە، لەمێژوودا چەندین جار دووبارە بۆتەوە: فیردەوسی (شانامە) پێشکەشی مەحموود غەزنەوی دەکاتو ئەویش بەساردو سڕی پێشوازی لێدەکات.



راستە (بایەزید) شارێکی کۆنو بازرگانی بووەو چینێکی بازرگان، ژیانی ئابووری شاری هەڵسووڕاندووە، پەیوەندی لەرێگەی بازرگانی (جەنەوە)وە، لەگەڵ دەریای رەشو رۆژاوا هەبووە، لەم سەریشەوە لەرێگەی بازرگانی فارسو چینییەوە، لەگەڵ رۆژهەڵات پەیوەندی هەبووە.

لەسۆنگەی شەڕو پێکدادانی سەر سنوور، کە (بایەزید) نزیکترین خاڵی سەر سنوورو گۆڕینەوەی بازرگانی بووە. دەسەڵاتێکی عەسکەری دروستبووە، کە بەبەردەوامی تێکەڵاوی شەڕو پێکدادان بووە. ئەم جۆرە هێزە بۆ کوردستانی سەدەی (١٧) زەحمەت بووە، جگە لەهێزی کۆکردنەوەی کۆچەرو چەکداری عەشایەری، توانیبێتی سوود لەهێزی تر وەربگرێت.

ئێمە لەمێژووی نزیکی خۆماندا نموونەی ترمان هەیە، کە بنەماڵەی ئۆرستۆکراتیو چینی سەرەوەی میرنشینی بابان تا ساڵی ١٨٢٠ واتە: پاش تێپەڕبوونی (٣٦) ساڵ بەسەر دروستکردنی شاری سلێمانیو چەندین ساڵی ژیان لەقەڵاچۆلان، ریچ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێك لە سلێمانی دەبێتو هەواڵی خالید پاشا دەپرسێو ئەویش دەڵێ: ((هێندە لەبەغدا ماوەتەوە هیچ سیفەتی عەشایەری تێدا نەماوەو رەنگی بازرگانیی لێنیشتووە، کە بەئینگلیزییەکەی وەهایە:

((He has been so long in Baghdad that he has lost all traces of clanship, he has become no better than a merchant))[٨٩]

دەبێ خانی زۆر تێکەڵاوی بازرگانو کاسبکاران بووبێتو بەوردی ئاگای لەکێشەو سەرئێشەو خەمو پەژارەیان بووبێت. بەحوکمی کارو پیشە، لەناو دەرباری میری بایەزید، ئاگای لەبیرکردنەوەی میرو دارو دەستەکەی بووە. ئەو بەرد تێگرتنە، کە من بەهەر شێوەیەك بیخوێنمەوە، ساکارترین ستایشی تێدا بۆ میر بەدی ناکەم. بەڵگەیە لەسەر جۆرێك لەدابەشبوونی ویژدانی، دوو رەوشتی ـ Doppelmoral لەلایەکەوە شاعیر شۆڕبۆتەوە بۆ ناخی چینی مام ناوەندی شاری، لەگەڵ فەرهەنگو کولتووریان ئاشنایەتی پەیدا کردووە. داوای یەکگرتنەوەی نیشتمانی لەژێر ئاڵای بۆرجوازی ناکات،

بەڵکو لەبن ئاڵای میری کورد، پێویستە یەکگرتنەوەکە رووبداتو (تاج) شایی لەسەر بنێتو مەملەکەت پێکەوە بنێت.

لەلایەکی ترەوە شاعیری گەورە (مونشی) دەربار دەبێتو لەسێبەری (حاکمی وەقت) بەئەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکاتو دەبێتە باشترینو جێی باوەڕترین نووسەری دەربارو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو رەنگە تا کۆتایی ژیان هەر ئەو کارەی کردبێت.

## کۆتایی

ئەحمەدی خانی، یەکێکە لەشاعیرە مەزنەکانی کوردستان. شاعیرێکی رووناکبیرو سیاسی بووەو خەونی بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئازادەوە بینیوە. ئەو، لەئەنجامی کارو پیشەو خزمایەتیو تێکەڵاوبوون، لەگەڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵو میری جیاجیای میرنشینی بایەزید، لەهەلومەرجی سیاسی میرنشینی بایەزیدو میرنشینەکانی ترو سروشتی داگیرکەرانەی دەوڵەتانی دراوسێ تێگەیشتووە.

ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندان، بایەزیدی سەردەمی خانی، شارێکی سەر رێگەی ئاوریشمو خاڵی پەیوەندی نێوان شارەکانی قەراخ دەریای رەشو تەورێز بووە: شارێکی بازرگانیو پیشەیی دەوڵەمەندو پڕ جموجوڵی هاتوچۆو کارو کەسابەت بووە. سەبارەت ناسنامەی ئیتنی بازرگانەکان، زانیاری ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە: رەنگە ئیتاڵیو ئەرمەنیو ئێرانی لەوێ پێکەوە کاریان کردبێت. قەبارەی بازرگانی کورد بۆ من لەتاریکاییدا خۆی مت کردووەو نەمتوانی بگەمە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو.

ڤولکەر ئاید (Volker Eid)[٩٠] جەختی لەسەر ئەوە کردووە، گوایە داهاتی گومرگی بایەزید، یەکجار زۆر بووە، ئەویش ژمارەی بەدەستەوە نەداوە. دڵنیام رووناکبیرانی باکوور دەتوانن بەدوای دۆکۆمێنتو بەڵگەنامەدا بگەڕێن.



دەتوانن پتر لەسەر زانیارییەکانی ڤولکەر ئاید بڕۆن: ئەو دەڵێت ئیسحاق پاشا لەدوا چارەکی سەدەی (١٨) توانیی قەڵایەکی مەزن دروست بکات، کە ئێستا بەیەکێك لەهونەرە میعمارییە جوانەکانی کوردستانو تورکیا دادەنرێت. ئەو بەداهاتی گومرك ئەو قەڵایەی بنیات ناوە.. سێ چارەکە سەدە، پاش نووسینی (مەمو زین) داهاتی گومرك، ئەوەندە بووبێت، بۆچی سەدەیەك، یان (٧٥) ساڵ پێشتر چالاکی بازرگانی کشو خامۆش بووبێت؟

خانی، شاعیرێکی رووناکبیر بووە، بەپێچەوانەی شاعیرو رووناکبیرەکانی تر، باری دارایی باش بووە، نەك هەژارو بەلەنگاز، وەکو ئەو خۆی لەریزی دەستکورتو فەقیراندا داناوە. مرۆڤی دەستکورتو لێقەوماو، ناتوانێت لەرێی (خودێ) مزگەوتو قوتابخانە دروست بکات! ئەو، داوا لەبازرگانێك، کاسبکارێك، بۆرجوازییەك، رووناکبیرێك ناکات، ئاڵای رزگاری نیشتمانیو پێکهێنانی دەوڵەت بەرز بکاتەوە، بەڵکو داواکەی ئاراستەی میرێك، پادشایەك، جیهانپەنایەك دەکات، ئاڵای رزگاری بەرز بکاتەوەو خەونی دەوڵەت پێکهێنانی دەخاتە ئەستۆ!

## سەرچاوەو سەرنج و تێبینی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

١. مـەمو زیـن چـەند جارێـك بڵاوكراوەتـەوە، مـن تـەنیا ئـەم دەقانـەی خـوارەوەم لەبەردەستدابوون:

ـ احمد خانی، مم وزين (ساغكردنەوەو وەرگێڕان بۆ رووسی م. ب رودنكو) مسكوا، ١٩٦٢

ـ ئەحمەدی خانی، مەمو زين (ساغكردنەوەو بڵاوكردنەوەی تەحسين ئيبراهيم دۆسكی) سپيرێز، هەولێر، ٢٠٠٨

ـ جان دوست، الدر الثمين في شرح مم وزين، سپيرێز، اربيل، ٢٠٠٦

ـ ئەحمەدێ خانی، مەم وزين (راڤەو شرۆڤە پەرويز جيهانی) سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٧

٢. تحسين إبراهيم الدوسكي، جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني، سپيرێز، أربيل، ٢٠٠٥، ص٢١

٣. تحسين إبراهيم الدوسكي (المصدر السابق) ص١٨

٤. تحسين إبراهيم الدوسكي (المصدر السابق) ص٢٣

٥. المصدر السابق، ص١٨

٦. المصدر السابق، ص٢٤

٧. پێشزاری: وەرگێڕانی حەرفيی وشەی (Vormundschaft)ە، وصاية.

دەتوانرێت بەهەمان شێوە: پێشزاری بۆ كردن بەكاربهێنرێت: وصي

٨. تەحسين ئيبراهيم دۆسكی (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٤٣٥ ـ ٤٣٧

9. Defeuze, G: Nietsche, ein Lesebuch. Berlin 1979. 518f

١٠. نالی: مناظر الأنشاء (دەستنووس) وردترين زانياری تێدا بڵاوكراوەتەوە دەربارەی كارو پيشەی (مونشی)و لەسەر تەكنيكی نامەنووسين‌و هونەری رەوانبێژی كلاسيكی



دەوڵەمەندترين كتێبە. لەكتێبخانەی زانكۆی ئەستەموول پارێزراوە. كۆپييەكەی لای (بنكەی ژين)ە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

١١. تحسين إبراهيم الدوسكى (المصدر السابق) ص٤٠

١٢. م. ب. رودنكو: أحمد خانی (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٧

١٣. تحسين إبراهيم الدوسكي (المصدر السابق) ص٤١

14. Zoja, Luigi: Das Verschwinden der Väter, aus dem Italienischen von Rita Seuss, Düsseldorf; Zürch 2002, S. 59f

١٥. ئەحمەدی خانی: (مەمو زين) (ب: پەرويز جيهانی) ل ٢٢٩

١٦. الدكتور عزالدين مصطفى رسول: احمدي خاني ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧ "شاعراً ومفكراً" فيلسوفاً ومتصوفاً، كلية الآداب ـ جامعة بغداد، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٧٩ ص٩٥

١٧. جەمال نەبەز: بيری نەتەوەيی كوردی، نەبيری ((قەوميەت))ی رۆژهەڵاتی‌و نەبيری ((ناسيۆناليزم))ی رۆژاواييە. بنكەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆكهۆڵم ١٩٨٤ ی ف/٢٥٩٦ ی ك ل٣٤

١٨. محەمەدی مەلا كەريم: لەپێناوی راستی‌و كوردو خانيدا، ئاراس، چ ١، هەولێر ١٩٩٩، ل ٤٦.

١٩. مارتن ڤان براوينسن: (مەمو زين)ی ئەحمەدی خانی‌و دەوری وی لەدەركەوتنی وشياريی نەتەوايەتی كورديدا. وەرگێڕانی حەسەنی قازی. لەگۆڤاری گزينگ، ژ ١٤، هودكسڤال (سويد)، زستانی ١٩٩٧ (١٣٧٥)، ل ١٥ ـ ٢٣.

٢٠. د. ئەميری حەسنپوور: گەلی كوردو دەسەڵاتی سياسی لە ((مەمو زين))ی خانيدا، ب١، لەگۆڤاری گزينگ، ژ ١٢، هودكسڤال (سويد)، هاوينی ١٣٧٥ (١٩٩٦) ل ١٥ ـ ٢١.

٢١. د. سعد بشير اسكندر: قيام النظام الاماراتى في كردستان وسقوطه، ط١، بغداد ٢٠٠٥، ص١٩٣

22. Bruinessen, M. M. van: Agha, Scheich und staat, Edition Parabolis, Berlin, 1989. S. 163ff

٢٣. عبدالغني الملاح: المتنبـي يسترد أباه، دراسة في نسب المتنبـي، بغـداد، ١٩٧٤ ص١٨

٢٤. هویپـۆتیزە: گریمانەیـەکی نەسـەلمێنراوە، کـە لەڕێگـەی بەڵگـەوە، بـەئامانجی کاراکردنـەوە وەکـو ئـامرازی یارمەتیـدەر بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیارییـەکی مـەعریفی، بەکاردەهێنرێت.

25. Anderson, Benedict, Die Erfindung der Nation, campus, Frankfurt/ New York. 1996 S. 72 ff

26. Schultze, Hagen: Staat und Nation in der europäischen Geschichte, Beckische reihe, 2. Auflage, Nördlingen. 2004. S. 108 ff

27. Tibi, Bassam: Vom Gottesreich zum Nationalstaaten, suhrkamp, Frankfurt am Main 1987 S. 17 ff

28. Esman, Milton J. and Rabinovich: Ethnicity, Pluralism, and the State in the Middle East, New York. 1988 P. 25

٢٩. دکتر ذبیح الله صفا: تأریخ أدبیات ایران، جلد اول، از آغـاز عهـد اسـلامی تـا دوره سلجوقی. چاپ شانزدهم، تهران. ١٣٨٠ ص٢٥.

٣٠. دکتر عبدالحسین زرین کوب: تاریخ مردم إیران (٢)، ازپایان ساسانیان تـا پایـان آل بویه، مؤسسه، چاپ هشم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٢ ص٩٨.

٣١. ابو قاسم فردوسی: شاهنامه ـ بر اساس چاپ مسکو، تهران. ١٣٨٦ ص٢٥.

٣٢. حسن العلوي: عمر والتشیع، ثنائیة القطیعة والمشارکة، دار الزوراء لندن، لندن ٢٠٠٧ ص١٧١

٣٣. ایلیا پاولویچ بطروشفسکی: اسلام در ایران، از هجرت تا قرن نهم هجری، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران ١٣٦٢ ص٤١

٣٤. هەر نووسەرێکی ئێرانی لەسەر مێژووی ئێران نووسیبێتی، نەیتوانیوە باسی ئـەم (گرێ)یە نەکات. تەنانەت لەهەڵس‌وکەوت‌و بیرکردنەوەی تاکیش دەردەکەوێت.



بڕوانە: شجاع الدین شفا: پس از هزارو چهار صد سال. جلد اول، نشر فرزاد. چاپ پنجم ٢٠٠١ ص٢٨٠

٣٥. بنهۆش: بـۆ عـەرەبی‌و کـوردی‌و فارسـی بەهەڵـە تەرجەمـە کـراوە. فرۆیـد خـۆی چەمکی (Unterbewusstsein)ی بەکارهێناوە. واتە: لایەنی رووحی‌و دەروونی، کە بۆ بەشی (هۆش) بەربەست کراوە. مرۆڤ رەنگە ئاست‌و شێوەی (هۆش)ی تێبگات‌و بتوانێ پەرەی پێبدات، یان بـارودۆخی بابـەتی دەیگۆڕێـت. بنهـۆش، ئـەوە بوارێکـەو بەربەسـت کراوەو هۆش لەهیچ دەروازەیەکەوە نایگاتێ. نەست: هـیچ پەیوەندییـەك بـە (هـۆش)ەوە نییە. (اللاوعي واللاشعور)ی عەرەبی بەهەمان شێوە راست نین.

٣٦. ادوارد بـراون: تـأریخ الأدب في إیـران ـ مـن الفردوسـي الی الـسعدي، ترجمـة: الدکتور أبراهیم أمین الشواربي، ط١، القاهرة. ٢٠٠٤ ص١١٥

٣٧. مرتضی راوندی: تأریخ إجتمـاعی إیـران، جلـد هـشتم ـ بخـش یکـم، مؤسـسه أنتشارات نگاه، تهران ١٣٨٢، ص٧٧

٣٨. مرتضی راوندی: تأریخ إجتماعی إیران... ص١٢٥

٣٩. مرتضی راوندی: تأریخ إجتماعی إیران... ص١٢٧

٤٠. مرتضی راوندی: تأریخ إجتماعی إیران... ص١٢٥

٤١. ادوارد براون: (المصدر السابق) ص١٥٢

٤٢. مرتضی راوندی: تأریخ إجتماعی إیران... ص١٢٨

٤٣. مرتضی راوندی: تأریخ إجتماعی إیران... ص١٢٧

44. Tibi, Bassam, Ibid., S. 36 ff.

45. Engelmann, Bernt: Wir Untertanen, Fischer München, Gütersloh, Wien 1982 S. 20

46. Tibi, Bassam, Ibid., S. 135

47. Langewiesche, Dieter, Nation – Nationalismus, Nationalstaat in Deutschland und Europa, Beck, München 2000 S. 14 ff

48. Trevefyan, George Macaulay: GARIBALDI'S DEFENCE OF THE ROMAN REPUBLIC 1848 – 9 London. 2001 P. 19

49. Küntzel, Ulrich: Die Geschäfte berühmter Männer, ISP Verlag, Frankfurt a.Main, 2001 S. 257 ff

50. Küntzel, Ulrich; Ibid., S. 523 ff

٥١. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل

٥٢. بەراورد لەگەڵ مامۆستا جەعفەر: سلێمانیو ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠ ـ ١٩٢٠، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٨

٥٣. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل٢١٠

٥٤. جەمال نەبەز: (س. پ) ل ١٦.

٥٥. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل٢١٩

٥٦. إبن خلدون: المقدمة، دار الرائد العربي، بيروت ص١٥٦

٥٧. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٢

٥٨. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٤ ـ ١٩٥

59. Kippenberg: Die Vorderasiatischen Erlösungsrelegionen, Suhrkamp, Frankfurt un Main 1991 S. 82 ff

٦٠. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٨ ـ ١٩٩

٦١. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٠٠ ـ ٢٠١

٦٢. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل

٦٣. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٠٣ ـ ٢٠٤

٦٤. شرف خان بن شمس الدين بدليسی: شرفنامه ـ تاريخ مفصل كردستان، بە اهتمام: ولاديمير وليياminوف زرنوف، إنتشارات اساطير ٢٤٤، بطربورغ ١٨٦٢ ص١٢

٦٥. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢١٤

٦٦. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢١٤

٦٧. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢١٧

٦٨. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢١٨ـ٢١٩

٦٩. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٦٥



٧٠. شاعیرێك كە ناوی (بسام كورد)ەو هاوچەرخی (محمد بن وصیف)و (محمد بن مخلد)، رەنگە یەكەمین كورد بێت، كە بەفارسی شیعری نووسیبێت‌و چەند بەیتێكی بەفارسی لێ بەجێماوەو لەسەردەمی (یعقوب بن لیث) ژیاوەو شیعرەكەی دەوروبەری ساڵی ٢٥١ ك نووسراوە. ناوی ئەم شاعیرەو كاتی ژیان‌و شیعری زۆر گرنگن‌و شایانی لێكۆڵینەوەی زیاترن.

بڕوانە:

ـ دكتر ذبيح الله صفا (م. س) ص١٦٦ـ١٦٩

ـ بابا مردۆخ روحانی (شێوا): تاریخ مشاهیر كرد، جلد اول، سروش، تهران ١٣٦٤ ص٩

٧١. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٦٧

٧٢. بێگومان (فیردەوسی) زانیویەتی تەلارێكی بەرزو بڵندو قایمی ئەوتۆی دروست كردووە، كە (با)و (باران) كاری تێنەكات:

**پی افكندم از نظم كاخی بلند،**

**كه از باد وباران نيابد گزند**

٧٣. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٢

٧٤. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٧

٧٥. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٨ـ٢٢٩

٧٦. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٣٠

٧٧. ئەناتۆمی: علم التشريح

٧٨. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٣٩

٧٩. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٤٠

٨٠. ڤۆلكەر ئاید Volker Eid پێیوایە ناو گۆڕاندنەكە پەیوەندیی بەمراندنی سوڵتان بایەزیدەوە نییە لەشاری (بایەزید)، ساڵی ١٤٠٣ لەلایەن تەیموور لەنگەوە،

لەزیندان. ناونانەکە پەیوەندی بەناوی میرێکی کوردەوە هەیە، کە سەرەتای هاتنی عوسمانییەکان، ئەو دەسەلاتدار بووە.

Eid, Volker: Osttürke: Völker und kulturen, zwischen, Taurus und Arart, Dumont, Köln 1990 224

81. Bingöl, Yüksel: Der ishak pascha palast in Dogubayazit am Berg Ararat, Edition Orient, Göttingen 1982 S. 14

82. Bingöl, Yüksel, Ibid, S. 15

٨٣. امیر شرف خان بدلیسی: شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، با مقدمه وتعلیقات وحواشی: محمد عباسی، چاپ ٢، تهران ١٣٦٤ ص٤٥٦

٨٤. ئەولیا چەلەبی: سیاحتنامە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا، و. سەعید ناکام، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٧ ل١١١

٨٥. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٧

٨٦. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٩

٨٧. لەفەرهەنگی (نوبهارا بچوکان) بەهەمان شێوە، هەندێ بەیت بەرچاو دەکەون، کە نزیکی لەبازاڕەوە پیشان دەدەن:

(إجره) کرێ (رهن)ە گەرەو

(خسر) زیان (کذب) دەرەو

(بیع) فروتن (عطاء) دانە

کڕین چیە (ئەوە) (شرا)

بڕوانە: احمد خانی: نوبهارا بچوکان، حققه وعلق علیه وقدم لە حمدی عبدالمجید السلفی، مطبعة الرشید، بغداد. ١٩٩٠ ص١٨

بەراوردکردنی (نوبهارا بچوکان) لەگەڵ (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێ، راستییەك روون دەبێتەوە، کە لەیەکەمدا ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی بازرگانی بەدی دەکرێتو لەدوومدا دانەر چەمکی (بازاڕ) جێگەی بایەخو گرنگیپێدانی نییە. بەدووری نازانم



هەردوولا کتێبی (نصاب الصبیان)یان لەبەردەستدا بووبێت، کە کتێبێکە بۆ منداڵی فارسی زمان دانراوەو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی.

٨٨. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٤٠

89. Rich, Claudius James: Narrative of a Residence in Koordistan, London, 1836, P. 95.

90. Eid Volker; Ibid. S. 225.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

# مەولانا خالیدی نەقشبەندیو دەسەڵاتی کوردی



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لەمێژووی گەلانی رۆژهەڵات‌و رۆژاوا، دەرکـەوتنی کەسـایەتیەکی مـەزنی سیاسـی‌و ئەدەبی‌و عـەسکەری، نێوی قۆناغـێکی پێوە گرێدراوەو ئەو قۆناغ‌و سەردەمە بەناوی ئـەو کەسـەوە نـراوە وەکـو: سـەردەمی بـوودا‌و فیردەوسـی‌و شکـسپیرو هـۆمیرۆس‌و گوێتـە‌و ناپلیۆن‌و شاعەباس‌و... هتد. هەر لێکۆڵیارێك بیەوێت، لێکۆڵینەوەیەك، دەربارەی ژیانی سیاسی‌و ئەدەبی‌و دینی‌و زمانەوانی‌و مێژوویی بنووسێت، ناتوانێت لەسەر ئەو قۆناغـە بنووسـێت‌و ئـەو کەسـایەتیە پـشتگوێ بخـات. هـەر بـۆ نموونـە، لـەزمانی ئینگلیزیـدا سەردەمی ڤیکتۆری چەمکێکی تایبەتەو شـاعیرو نووسـەرو هونەرمەنـدی خـۆی هەیـە. لەزمانی ئەڵەمانیدا لەسەر مێژوو بنووسرێت، یان بزاڤـی ئـاینی، یـان بزاڤـی ئـەدەبی‌و وەرگێڕانی ((کتێبی پیرۆز))و دروستبوونی زمـانی یـەکگرتووی ئـەدەبی (سـتاندارت)، ناتوانرێت بەسەر قۆناغی مارتن لووتەرو ریفۆرماسیۆن باز بدرێت.

لەمێژووی گەلی کورددا، ئەگەر لەسەدەکانی پێش ئێستادا، کەسایەتیەکی زۆر مـەزن لـەبواری ڕیفـۆرمی ئـاینی‌و سـۆفیگەری‌و شـیعرو جولانـەوەی سیاسـی‌و ململانێـی کۆمـەڵایەتیدا دەرکەوتبێت، ئەوە مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کەسایەتییەکی ناوەنـدی‌و پڕ کاریگـەری‌و بزوێنـەرو بـەهێزو بەدەسـەڵات بـووە. ئـەو جولانـەوەو تازەگەرییـەی ئـەو سەرەتای سەدەی ١٩ دەستی پێکردووە تا ئەمڕۆش جێگە پەنجەی دیارە.

مەولانا خالید (١٧٧٩ ـ ١٨٢٧) لەکاتی ژیانی خۆیدا، دەیـان مـەلاو شێخ‌و زانـای گەورە دژی بیروباوەڕی سۆفیگەری ئـەو نووسـیویانە، زانـاو پیـاوی ئـاینی تـر داکـۆکی‌و پـشتیوانیان لـێ کـردووە.[١] بـەکتێب‌و نامیلکـە هـەردوولا پـەلاماری یـەکتریان داوەو هێرشیان کردۆتە سەر یەکتر. ئێستا، پاش تێپەڕبوونی ١٨١ سـاڵ بەسـەر کۆچـی دوایـی ئەودا، هێشتا لێکۆڵیارو مێژوونووسانی کوردو بیێـانی نـەیانتوانیوە لێکۆڵینەوەیـەکی زانستی‌و مۆدێرن لەسەر کەسایەتی‌و بیرو بەرهەمی مەولانا خالید بنووسن.[٢]



ئەم نووسینەی منـیش، بێگومـان ناتوانێـت لەئاسـت سـەرجەمی کـارو کەسـایەتی‌و کاریگەری مەولانادا بێت. من بڕوام بەوە هەیە، کە کارکردن لەبواری (مەولاناناسـی)دا هەر زۆر زەحمەت‌و دژوارو پڕ گرێ‌و گۆڵە، چونکە ئەو کارە دەبێ دەزگایەك بەرنامەی بـۆ دابنێت‌و ماوەیەکی دوورو درێژی بۆ تەرخان بکات، کە سەرووی دەسەڵاتی تاکەکەسە.[٣]

لەم نووسینەدا، کە من ماوەیەکی دووروودرێژ پێوەی خەریك بووم، تـەنیا لەسـەر یـەك خـاڵم نووسـیووە،[٤] ئـەویش هەڵوێـستی مەولانایـە لەدەسـەڵاتی کـوردیی (بابـان)و چۆنێتیی بیرکردنەوەو جولانەوەی لەناو سەرجەمی پانتـایی دەسـەڵاتی سیاسـی دەوڵـەتی عوسمانیدا؟

سەرچاوەی کێشەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە، پێشتر کەس هـەوڵی نـەداوە، لەسەر ئەم تەوەرە بنووسێت. ڕەنگە تاقە سەرچاوەی دەسـتی یەکـەم: نامـەکانی مـەولانا بێـت. نامـەکان، کـە بەفارسـی‌و عـەرەبی نووسـراون‌و لـە (یـادی مـەردان)[٥]دا بڵاوکراونەتەوە. بەشی زۆری رۆژو ساڵی نووسـینەکەی نازانرێـت‌و ڕەنگـە بەشـێکی تـری لەناوچووبێت. بەشێکیان ناوی بۆ نێردراوی لەسەرەو بەشێکی تریان نێوی کەسی لەسـەر نییە. ئەرشیفی ولاتی ئێمە (ئەرشیفی دەوڵەتی/ نیشتمانی)، ڕەنگە گرنگیـی بەنامـەی کەسانی وەکو مەولانا خالید نەدابێت. ئەوە وەڵامی ئەو کەسانەی نامەیان بۆ رۆیشتووە، لەهیچ شوێنێکەوە دیار نییـە. واتـە: نامـەکانی ئـەوو بەرسـیڤی ئـەو کەسـانەمان لەبـەر دەسـت بوایـە، وێنەیـەکی روونـترو فراوانترمـان لەبەرچـاودا دەبـووو باشـتریش لەهەنـدێ کێشەو پرسیارو وەڵام تێدەگەیشتین.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر مەولانایان نووسیوە، (سترکتووری کات)یان پـشتگوێ خـستووە. هـەر لێکۆڵیارێـك، بیـەوێت، زنجیرەی کـات بدۆزێتـەوە، تووشـی کۆمـەڵێك لەمپـەرو ناکۆکیی زانیاری کات، دەبێت. رووداوەکان یەك لـەدوای یـەك بـەگوێرەی زنجیرەی کـات تۆمـار نەکراون. ئێمە لەزنجیرەی کاتی ڕۆژانەدا: ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ... تا د. بەدی دەکەین، نەك ئاژاوەی ژمـارە: ١٨، ٩، ١٧، ١، ٢، ٨ .. تا د. لەزانستی لۆجیکدا تووشـی هـەمان

سەرئێشە دەبینەوە. کاتێك کۆمەڵێك سەرەتاو دەستپێکی راست ـ پێکەوە گرێدەدرێن، لەکۆتاییدا ئەنجامێکی راست ـ دەست دەکەوێت. پێکەوەگرێدانی کۆمەڵێك دەستپێكو سەرەتای ناڕاست، ئەنجامێکی ناڕاستی لێدەکەوێتەوە.[٦]

کتەبی پڕوهۆشیاری

## دەسەڵاتی عوسمانی:

دەسەڵاتی عوسمانی، هەر زۆر بەچاوی مۆنو ترسو دڵەڕاوکێوە، دەیڕوانیە هەر دیاردەیەکی نوێو بیروڕای جیاوازو لەسنووری ڕێبازی سیاسیو ئاینیی باو دەرچوون، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەستپێشخەریو جولانەوەیە لەسنووری دەوڵەتی ئێرانەوە نزیك بوایەو داهێنەرو مورشیدی ڕێبازەکە، سەردانی هیندستانی کردبایەو پەیوەندیی رووحی لەگەڵ سۆفیگەری ئەو دەڤەرە هەبایە.[٧]

دەسەڵاتی عوسمانی دوو ئەزموونی دینی ـ سیاسیی گرنگو بەهێزو ترسێنەری لەبەرچاو بووەو هەمیشە مەترسی دووبارەبوونەوەی لەو شێوەیەی هەبووە:

١. بزاڤی سەفەوی

٢. جولانەوەی وەهابی

بزافی سەفەوی، سەرەتا بزاڤێکی سۆفیگەریی سوننی بوو، لەسەر دەستی شێخ (صەفی) سەریهەڵداو لەسەر دەستی شێخ جونەید گەشەی کرد. پاشان بەقۆناغی خۆدارِشتنو رسکانو تەقینەوەو دەسەڵاتگرتنەدەستدا تێپەڕی. جولانەوەیەکی دینی ـ سۆفیگەری، لەگۆشەنیگای سونیگەری دوور لەسیاسەتەوە بۆ شیعەگەریو دەسەڵاتخوازی گۆڕدرا. هەروەها لەبواری عیرفانو کۆڕی زیکرو یەزدان پەرەستییەوە، بەبزوتنەوەیەکی چەکداری سۆفیگەری سیاسی. جونەید بۆ نموونە: لەنێوان ساڵانی (١٤٥٦ ـ ١٤٥٩ز) لەدیار بەکر مایەوەو (خەدیجە بەگم)ی خوشکی ئوزون حەسەنی خواست، کە حوکمڕانی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ بوو.[٨] ساڵی ١٥٠١ز شاسمایلی سەفەوی، لەسەرانسەری ئێراندا، بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی دەوڵەت.



لەسەرەتای سەدەی ١٨ بزوتنەوەی وەهابی دەرکەوت. داهێنەری ئەم بیرۆکەیە محەمەد بن عەبدولوەهاب (١٧٠٣ ـ ١٧٩١) بوو، ئەم پێی وابووە خەڵك لەدین لایانداوەو زۆر لەکرۆکی ئیسلام دوور کەوتوونەتەوە، بەبێ ئەوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی خەلیفەی عوسمانی بخاتە بن پرسیارەوە. محەمەد بن عەبدولوەهاب[٩] خەڵکی گوندی ((العیینە))ی ناوچەی نەجدە. ساڵی ١٧٣٠ز دەست دەکات بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینیی خۆی، لە ((حریملة)) بەشێك دەبنە موریدیو بەشێك دەبنە دژیو دەیانەوێ بیکوژن. لەوێوە بەهەڵدەاوان دەگاتەوە شوێنی لەدایکبوونی خۆی. میری ((العیینة))، کە ناوی عوسمان بن حەمەدە، هاریکاری دەکاتو دالدەی دەداتو دەیکاتە زاوای خۆیو جەوهەرەی خوشکی لێ مارە دەکات. ساڵی ١٧٤٤ ـ ١٧٤٥ز پەیوەندی لەگەڵ ئەو میرەدا تێکدەچێتو دەبێتە پەنابەر لای میری ((الدرعیة)). لەلایەکەوە م. عەبدولوەهاب دەبێتە زاوای بنەماڵەی ((آل سعوود))و لەلایەکی ترەوە ئەم دەسەڵاتە دینی (سەکرال Skral)ە لەگەڵ دەسەڵاتی دونیایی تێکەڵاو دەبێتو بزاڤی وەهابی لێ پەیدا دەبێتو لەزۆر شوێندا هەڕەشە لەدەسەڵاتی والی بەسرەو بەغدا دەکاتو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دەکەوێتە شەڕو شۆڕو پەلاماردانی یەکتر.

ناوەڕۆکی بزووتنەوەی وەهابی، بریتیە لەگەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام، یان بوژاندنەوەی ئیسلامی سەرەتایی.[١٠] ئەم ئیسلامگەراییە توندڕەوە، شێوەیەك لەشێوەکانی شەرعیەت Legitimation ی بەدەسەڵاتی دونیایی سعوودیەکان دەبەخشی، کە بتوانێ لەژێر ئالای گەڕانەوە بۆ ئیسلامی سەرەتایی، هێزی عەشایەری ناکۆكو دژ بەیەکتر کۆبکاتەوە. بەبێ لێکموتوربەکردنی دوو دەسەڵاتی دینی ـ دونیایی، یەك بزوتنەوەی بەهێزی سیاسی ـ دینی لەنیمچە دوورگەی عەرەب بەرپا نەدەبوو.[١١]

## مەولاناو میرنشینی بابان:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەبارەت پەیوەندیو هەڵوێستی مەولانا لەدەسەلاتی کوردی (میرنشینی بابان)، خاڵێکی سەرنجڕاکێش هەیە، کە زۆر گرنگەو نابێ هەروا بەسادەیی سەیری بکەین: ئایا بۆ مەولانا، میرنشینەکانی ئەو سەردەمە: بابان/ سۆران/ ئەردەڵان/ موکریان/ بابان وەکو یەك بوون، یان جیاوازییەکی گەورە لەبۆچوونو تێڕوانیین بەرانبەریان بەدی دەکرێت؟

ژیانی مەولانا، لەسێبەری ئەم میرنشینەداو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ میرە دەسەلاتدارەکاندا، کاریگەری خۆی لەسەر بیرکردنەوەی ئەو هەبووە، کە لەنامەکانیدا بۆ مەحمود پاشاو عوسمان پاشای برای بەڕوونی دەردەکەوێت. کەواتە: بۆ مەولانا هێندە بەچاوی بایەخپێدانەوە دەڕوانێتە پایتەختی بابانەکانو نانووسم؟ ((گەڕ تێئالاندن))ی دەسەلاتی دونیایی ئەم میرنشینە؟

بۆ میرانی بابان نەیانتوانی وەکو میری ((الدرعية))، ئامێز بۆ مەولانا بکەنەوەو بزاڤێکی سیاسی ـ ئاینی دروست بکەن؟

ئایا میرانی بابان کەسانی ناهۆشیار بوونو بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی، یان کەسایەتی مەولانا خالید ئەوەندە بەهێز نەبووەو بڕوایان بەوە نەکردووە، ئەم مورشیدە دینیە بتوانێت وەرچەرخاندنێکی سیاسی ـ عەسکەری گەورە بهێنێتە دی؟

بۆ مەولانا لەبەغداو دیمەشق، بەهەمان شێوەی سلێمانی، هەڵسو کەوتی نەکردووەو بەجۆرێکی زۆر جیاوازو دوور لەدەسەلاتی دونیایی جولاوەتەوە؟

ئایا لەهەڵوێستی مەولانا بەرامبەر بەدەسەلاتی کوردی، هیچ هەڵوێستێکی نەتەوەیی/ نیشتمانی/ ئیتنۆ ـ ناسیۆنال بەدی دەکرێت؟

ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تریش ئەمڕۆ بێت، یان سبەی دەبێ هەوڵی وەلامدانەوەیان بدەین. دیاریکردنی شێوەی پەیوەندی نێوان مەولاناو دەسەلاتی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کوردی(بابان)و دەسەلاتی والی بەغدا، پێویستی بەتێگەیشتنی سەرجەمی بارمۆمێتری سیاسیو گۆڕانکارییە رادیکاڵەکانی ئەو سەردەمە، بەگوێرەی زنجیرەی کات هەیە. هەڵوێستی مەولانا بەرامبەر دەسەلات، پێویستی بەشیکردنەوەی پێشینەی مێژوویی ڕووداوەکانو گوشاری گروپە دینییە دژەکانی هەیە. زۆربەی ئەوانەی لەسەر گەڕانەوەی مەولانا لەبەغداوە بۆ سلێمانی نووسیویانە، نیشانیان بەچاکی نەپێکاوە.

ئێمە، ئەگەر هەر هەموو وێستگەکانی ژیانی مەولانامان، بەئاسانی بۆ نەدۆزرێتەوە، بێگومان هەندێ راستی زانراو هەنو ژمارەیەك دۆکۆمێنت بەدەستەوە هەنو ڕەنگە ئێمە، بتوانین چەند کۆڵەکەیەك لەژێر باری خۆڵەمێشو تەپو تۆزی ساڵانی ڕابوردوودا بدۆزینەوە. دۆزینەوەی چەند کۆڵەکەیەك، یارمەتیمان دەدات، هەنگاوی باشتر بنێینو بەنزیکترین رێگە بگەینە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە.

سەرچاوەو ژێدەرەکان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، کە مەولانا ساڵی ١٨١١ز (١٢٢٦ك) بۆ باوەشی زێدی خۆی، سلێمانی، لەهیندستان گەڕاوەتەوە. چەند رۆژێك پشووی داوەو بۆ ماوەی شەش مانگ سەفەری بەغدای کردووە. ساڵی ١٨١٣ز (١٢٢٨ك) ئاگری ناکۆکی لەنێوان ئەوو شێخ مارفی نۆدێدا تەقیوەتەوە. ئەو، سەرلەنوێ بۆ بەغدا سەفەری کردووە. مەحمود پاشای بابان کاتێك لەبەغدا بووە، داوای لێکردووە بگەڕێتەوەو ئەویش دڵی نەشکاندووە. ساڵی ١٨٢٠ لەسلێمانی کلۆدیۆس ریچ چاوی پێی دەکەوێت، یان لەنزیکەوە گوێی لەدەنگوباسی راستەوخۆ دەبێتو لەدەفتەری بیرەوەریی خۆیدا چەردەیەك دەنگوباسو هەواڵو زانیاری زۆر ورد لەسەر مەولانا تۆمار دەکات. ساڵی ١٨٢٢ لەبەغداوە بەرەو شام دەکەوێتە رێو ساڵی ١٨٢٧ز لەوێ بەنەخۆشی تاعوون لەتاراوگە سەردەنێتەوە.

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەو لەبەغداوە بۆ سلێمانی، هەر نووسەرێك، ساڵێکی نووسیوەو هەر یەکە لێکدانەوەیەکی هەیە، ئێمە هەوڵدەدەین، بەبەڵگەی مێژووییو سەرچاوەی جیاجیا ئەو ساڵە دەستنیشان بکەین.

## مەولاناو شێخ مارفی نۆدێ:

ساڵی ١٨١١ز مەولانا لەسەفەرە ئەفسووناویەکەی بۆ هیندستان دەگەڕێتەوەو ڕێبازی نەقشبەندی لەشێخ غولام عەلی عەبدوللای دەهلەوی وەردەگرێت. لەجیهان ئاباد ئیجازەی ئیرشادی پێ دەدرێت. لەکاتی گەڕانەوەیدا، هەر کە پێ دەخاتە خاکی کوردستانەوە، خەرمانەیەك لەئیعجابو فروسمانو سەرسووڕمانی کاریزمایی، لەدەوری دەئاڵێت. یەکێك لەمامۆستا گەورەکانی، کە ناوی (شێخ محەمەد قەسیمی مەردۆخی)یە (١٧٣٠ ـ ١٨٢٣ز)، هەر لەیەکەم چاوپێکەوتنداو لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا دەبێتە موریدی ئەو[١٢].

هاتنەوەی ئەو لەهیندستانەوە، ڕووداوێك بووە لەڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی.

ئەو لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا، واتە: ساڵی ١٧٩٨ز کاتێك شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی (١٧٢٧ ـ ١٧٩٨) مامۆستای فێرگەی (مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشای بابان) بەتاعوون کۆچی دوایی دەکات، مەولانا ئەوەندە ناوبانگی هەبووەو ئەوەندە بڕوانامەی هەبووە، لەجێگەی مامۆستاکەی خۆی دانراوە، لەمزگەوتێکدا، کە میر خۆی دروستی کردبێتو سەرپەرشتی کردبێت. چیرۆکی پەیوەندیی مەولانا بەدەسەڵاتەوە لەم بۆنەیەوە دروست دەبێت، کە بێگومان پێشینەی تری هەبووە. ئەم ئەرك پێسپاردنە، بەڵگەی بڕواپێبوونی بنەماڵەو دانپێدانانی زاناکانی تر بووە بە بەهرەمەندیو لێهاتوویی مەلایەکی گەنج. مەولانا لەکاتی فەقێتیدا ناسیاوی لەگەڵ میری باباندا هەبووەو چەند نامەو شیعری ستایشی بۆ ڕەوانە کردووە. سەرجەمی پەیوەندیو ڕادەی زانستیو دەرکەوتنی بلیمەتیو زیرەکی، دەوری هەبووە لەڕێزلێگیرانی لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوەو لەنامەکانیدا ئەو پەیوەندییە ڕەنگی داوەتەوەو مەولانا لەبەرچاوی بووە[١٣].



کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لەزانای زۆر گەورە، بەدەوری پیری لاودا، سەرنجی دۆستو ناحەزانی، لەیەك کاتدا، بەخێرایی ڕاکێشاوە. بۆیە پاشای دووربینی بابان، کە لەدوا مانگەکانی تەمەنیدا بووە، پارێزگاری کردووە.

ساڵی (١٨١٣ز) ئەوڕەحمان پاشا کۆچی دوایی دەکات، هەمان ساڵ مەولانا ناچاری کۆچپێکردنی زۆرەملێ دەکرێت. هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە، کەی مەولانا سلێمانی بەدڵشکاوی جێدەهێڵێت؟ پاش یان پێش مەرگی ئەوڕەحمان پاشا ڕوو دەکاتە بەغدا؟

من بەدووری نازانم، پاشا پشتو پەنای بووبێتو تا ئەو لەژیاندا بووبێت، کەس ڕێگەی بەخۆی نەدابێت قسەی میری میران بشکێنێتو هەڵلایەك بنێتەوە دژی یەکێك لەکەسایەتیە نزیکەکانی پاشا.

ئەوڕەحمان پاشا نەخۆش دەکەوێتو (شەوی ١٧ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٢٨ك بەرامبەر ٢ی ئازاری ١٨١٣) کۆچی دوایی دەکات. بەگوێرەی گێڕانەوەی نووسەری کتێبی (بغیة الواجد)، دەبێ مەولانا لە (١٥ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٢٨ك بەرامبەر ١٤ی شوباتی ١٨١٣) شاری سلێمانی جێهێشتبێتو بەرەو بەغدا ڕۆشتبێت. کەواتە: کۆچکردنی مەولانا لەسلێمانییەوە بۆ بەغدا، ناگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندی نێوان میرو مەولانا، چونکە میر، ئەو کاتە نەخۆش بووەو لەگەڵ مێردەزمەی مەرگدا، لەزۆرانبازیدا بووە. یەکێکی نەخۆشو لەدوا چرکەکانی ژیاندا بوو بێت، ڕەنگە نەیتوانیبێت بڕیاری دەرکردنو بەگژاچوونی مەولانا بدات. دەبێ میری نوێ، مەحمود پاشا، یان خاوبوونەوەی میکانیزمی کۆنترۆڵو دەسەڵاتگۆڕکێ، بواری بەگروپێکی کۆمەڵایەتی دابێت، گوشار بخەنە سەر مەولاناو دەریپەڕێنن.

نووسەری کتێبی (بغیة الواجد)، دیسانەوە لایەنێکی شاراوەی ململانێی نێوان بەرەی لایەنگیرانی شێخ مارفی نۆدێو بەرەی لایەنگیرانی مەولانا ڕۆشن دەکاتەوە. گوایە دوو سەد کەس لەکاتی نوێژی هەینی لەمزگەوتی گەورەدا، ویستویانە مەولانا بکوژن.[١٤]

ئــەم هەواڵــە دەربــارەی هــەوڵی تیرۆركــردن‌و لــەناوبردنی مــەولانا، بەڵگــەی توندوتیژبوونەوەی ئاگری ناكۆكی‌و زۆرانبازی‌و هێرش‌و پەلاماری هەردوولایە، كە دیـارە نەتوانراوە جیـاوازی تێگەیـشتن‌و بۆچـوون، بـەدیالۆگ‌و گفتوگـۆ چارەسـەر بكـرێ، بۆیـە ئامرازی توندوتیژی، بۆ چارەسەركردنی كێشەیەكی دینی هێنراوەتە كایەوە.

بەگوێرەی تێگەیشتنی هێگـل بـۆ هەڵبەزینـەوەو تێكپرژانـی كۆمـەڵایـەتی: سـەرەتا: تێزێك These ، كە دیارە دیاردەیەكی نوێ‌و پێچەوانەی بیروڕای باوو باڵادەسـتە، وەكـو بەرپەرچدانەوەو كاردانەوەیەك دژی سـەقامگیربوون‌و هەژموونگـەری كۆنـەپارێز دروسـت دەبێت. دژی ئەم تێزەیـە، ئـەنتی تێزەیـەك Antithese دروسـت دەبێـت، كـە دەیـەوێت، هورووژمی نوێگەری خەفە بكات‌و تێكوپێكی بدات‌و هەڵیبوەشێنێتەوە.

مـەولانا دەیەوێت ئایین نوێ بكاتەوە، لەرێگـەی ڕاكێـشانی خـەڵك بـۆ نـاو تەریقـەتی نەقشبەندی. ئەم سـۆفیگەریە هەرچـەند تەریقـەتی قـادری (نـەفی) ناكـات، بـەڵام خـۆی بەئەڵتەرناتیڤی دەزانێ. بۆیە پیرانـی قـادری‌و موریـدەكان دەكەونـە داكـۆكی لـەخۆیان. مۆنۆپۆڵ‌و بەرژەوەندیان دەكەوێتە مـەترسییەوە. هەموو شێخ‌و مەلا‌و موریدانی تەریقەتی قادری ناتوانن وەكو (شێخ محەمـەد قەسیمی مـەردۆخی) بكـەن‌و خۆیـان بكەنـە موریـدی ڕێبازی نوێ.

## هەڵوێستی نۆدێ:

شێخ مـارف، بەگوێرەی نامـەیەكی مـەولانا، كە دیارە پاش كۆچكردنی مـەولانا بۆ شام نووسراوەو ئێمە نامەكەی شێخ مـارفمان لەبەردەستدا نییەو تەنیا نامـەكـەی مـەولانامـان بۆ مـاوەتەوە، ڕێزێكی زۆری لەمـەولانا گرتووە، مـەولانا دەنووسێت: (الحمد لله حق حمـده، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصـحبه. مـن العبـد المسكين والفقـير المستكين الى جناب سـيدي الجـامع لـشرفي الفـضل والأدب، الحـائز لكـرامتي الحـسب والنسب، سيدنا ومولانا السيد معروف سامحه بفضله الكريم الرؤف).[١٥]



ئەم دێڕانەی سەرەوە، پلەی ڕێزگرتن پیشاندەدەن. بەشـەكانی تـری نامـەكـە، بەهـەمان شێوە، ئاستی روانینی هەردوولا بـۆ یـەكتر دەنوێنێـت. بـەڵام وێـڕای پیـشاندانی گیـانی لێبوردن‌و دەست ڕاكێشان بۆ ئاشتی، مەولانا رەخنەو گلـەیی خـۆی ناشـارێتەوەو رادەی دڵشكانی خۆی بەڕاشكاوی دەنوێنێت:

(ولايخفى عليكم ان السبب الأصلي لهذه الوحشة أنما هو ترك التردد وتقليد أقاويـل الناس. فأن صح مابلغني عنكم فعليكم بالأعراض عـن الكلمـات المؤديـة الى الـشك والوسواس، فأن احوال أهل الفقر وراء العقل والعلم لايدرك بالقياس... الخ)[١٦].

ئەم ئاماژە كردنە بۆ (عـەقڵ‌و عیلم)، هەر یەكجار گرنگـە. دیـارە (قیـاس) بەشـێكە لەچوار مـەزهەبەكە، پاش قورئان‌و حەدیس ئەوپەڕی بایەخی پێدەدەن. بەشێك لـەزاناكان، (قیـاس) بـۆ ركەبەرایـەتی‌و بەربـەرەكانێی هەنـدێ دیـاردەی نـوێ بـەكاردەهێنن. كـاتی تەقینەوەی نـاكۆكی لـەنێوان هـەردوولا، ئـەوە لایـەك جـەختی لەسـەر (عـەقڵ‌و عـیلم) كردووەو لاكەی تر جەختی لەسەر (قیاس) كردووە.

بێگومـان مـەولانا تاوانی (كوفر)و (بێدین)ی خراوەتە پاڵ، بۆ ئەوەی خەڵكی سـادەی لـێبتەكێننەوەو بەئاسانی بەرەی دژ بە رێبازی نـوێ ئەوپـەڕی فـراوان بێـت‌و كـەس دوای نەكەوێت.

## شێخ مارفی نۆدێ‌و سەعید پاشا:

سەرەتا، شێخ مـارف، قەسیدەیەك دژی مـەولانا خالیـد دەنووسـێت‌و پاشـان بەدەسـتی خۆی دەیدڕێنێت، كە ئەمـەش سەرەتاكەیەتی:

وضعته هدية الطلاب          تكفرة لخالد الكذاب

کاتێك مەولانا رووەکاتە بەغداو لەوێ نیشتەجێ دەبێت، شێخ مارف لەوێش دەستی لێهەڵناگرێتو نامەیەك بۆ سەعید پاشای والی ئەوکاتەی بەغدا دەنووسێتو ناوی نووسراوەکەی دەنێت: (تحرير الخطاب في الرد على خالد الكذاب)[١٧]و داوای لێدەکات، مەولانا لەبەغداش تەنگی پێهەڵچنرێتو گوشاری بخرێتە سەرو دوور بخرێتەوە. رەوانەکردنی ئەم نامەیە بۆ سەعید پاشا، بەڵگەیە لەسەر پانتایی چالاکی ئەو گروپەو هەوڵدانی بۆ هەڵکەندنی ڕیشەی ئەم ڕێبازە نوێیە.

هەروەکو چۆن شێخ مارف، لەبەغداو موسڵ دۆستو لایەنگری هەبووە، مەولانا خالیدیش لەبەغداو موسڵو دیمەشقو ئەستەمووڵو بەسرە دۆستو موریدو لایەنگری هەبووە. هەردوولا دژ بەیەکتر دەنووسنو وەڵامی یەکتر بەکتێبو نامیلکە دەدەنەوە.

سەعید پاشای کوڕی سلێمان پاشای گەورە لەڕۆژی ١٦ی ئایاری ١٨١٣ لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا پۆستی والی پێدەدرێت. ئەو، نامەکەی شێخ مارفی پێدەگات. دوور نییە دەسەڵاتی بەغدا، سەرەتا بەتەمابوبێت، مەولانا لەگۆشەیەکی تەسکدا گەمارۆداتو دووری بخاتەوە. ئەو کاتە مەولانا ژمارەیەك دۆستو ناسیاوی گرنگی لەناو زاناو کەسایەتییە زانستیو ئایینییەکانی بەغدادا دەبێت. ئەوان بۆ لای پاشا دەچنو قەناعەتی پێدەکەن، کە مەولانا مورشیدێکی مەزنو گەورەیەو دەبێ داکۆکی لێبکرێت.

### مەولاناو محەمەد بن عەبدولوەهاب:

پرسیارێکی رەوا، دەبێت لەبەرچاو دانرێت: بۆ سعوودیەکان[١٨] توانیان سوود لەهێزو تواناو دەسەڵاتی دیینی محەمەد بن عەبدولوەهاب وەربگرنو بابانەکان نەیانتوانی دڵی مەولانا بەلای خۆیاندا ڕابکێشنو بۆ مەبەستێکی سیاسی سوودی لێ وەربگرن؟



بۆ تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە، پێویستە پێشەکی لەقەوارەو هێزو دەسەڵاتی عەسکەریو ئابووریو سیاسی میری ((العيينة))و پاشان ((الدرعية)) تێبگەین. ئەم دوو دەسەڵاتەی وڵاتی نەجد، هەر زۆر بچوكو ناوچەییو کەم ئەزموون بوونو خاوەن رابوردوو، ترادیسیۆنو ئەزموونی دەوڵەمەندو کولتووری سیاسی قووڵو فراوان نەبوون. محەمەد بن عەبدولوەهاب، خاوەن گوتاری ئاینی سەلەفی بوو. توانی لەماوەیەکی کەمدا ژمارەیەك موریدو لایەنگر لەخۆی کۆبکاتەوەو کەوتە تێکدانو رووخاندنی ئارامگەی پیاو چاكو شەخسو شوێنە پیرۆزەکان. واتە: دەسەڵاتێکی سیاسی لاواز، باوەش بۆ بزاڤێکی دینی دەکاتەوە، ئیدی بزوتنەوەیەکی سیاسی ـ عەسکەری ـ دینی بەهێزی لێپەیدا دەبێت.

جوڵانەوەی مارتن لووتەر، کە پاشان (ریفۆرماسیۆن)ی لێپەیدابوو، لەچەندین رووەوە هێڵی هاوتەریبی هەیە، لەگەڵ بزوتنەوەی وەهابیدا.

مارتن لووتەر (کتێبی پیرۆز)ی لەلاتینییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا. یەکێك لەمیرەکانی ئەو ناوچەیە دالدەی داو نەیهێشت پاپای ڕۆم بیگرێتو لەناوی بەرێت. مارتن لووتەر فەتوای ئەوەی دەرکرد، نابێ باجی ئاینی رەوانەی رۆم بکرێتو هەر میرێك دەتوانێت ئەو باجە لەمیرنشینەکەی خۆی سەرف بکات. لەوەرگێڕانی ((ئینجیل) بۆ ئەڵمانی، بزوتنەوەی پرۆتستانت دروست بوو[١٩].

میرنشینی بابان، میرنشینێکی گرنگو خاوەن کولتووری سیاسیو سوپاو پەیوەندی دەرەکیو مێژوویەکی دوورودرێژی هەبوو. میرانی بابان، کەسانی سادەو بێئەزموون نەبوون. هەر هەنگاوێکیان بەرەو بەغدا بنایە، دەبا هەزارو یەك حیساب بۆ لایەنی دووەمی هاوکێشەکە بکەن، کە ئێران بوو: دەیتوانی سوپا بەرەو سنوور بجوڵێنێت، هانی والی ئەردەڵانو حاکمی کرماشانو میرو بەگی لەکارخراوو دوورخراوەکان دژی دەسەڵاتی ئەوان بدەنو پارسەنگە نائارامو ناسەقامگیرەکە، بەئاسانی تێك بدەن.[٢٠] هەربۆیە میرانی بابان ئەوەندە خۆیان بەبچوكو بێتوانا لەبەردەم ئاگری گوتاری دینی مورشیدی

رێبازی نوێ نەدەبینی. ئەگەر بەگرنگیشیان دانابێت، هەر نەیانتوانیوە دەستبەرداری جیهانبینی چینی ئۆروستۆكراتی دەسەڵاتدار بن. ڕەنگە میرێك ڕێگەی بەخۆی دابێت، هەر بۆ تاكتیك، یان كات بردنەوە، دڵنەوایی پیاوێكی ئایینی بكات. دڵنەوایی، ئەوەنییە، جڵەوی دەسەڵاتی پێبسپێرێت، بۆ خۆی بە دەستی بەتاڵو بێسایەو مایە، بۆ دەرەوەی بازنەی دەسەڵات تووڕ بدرێت.

مەولانا، ئەگەر خۆی وەكو خاوەن ئیمپراتۆریەتێكی دینی نەبینیبێت، هێزو تواناو دەسەڵاتی خۆی سەرووی دەسەڵاتی میرنشینێكی بچووك نەبینیبێت، بێگومان لەئاست میرانی باباندا، خۆی هەر زۆر گەورەو بەدەسەڵاتدار هاتۆتە بەرچاو. هەرگیز ئامادە نەبووە، ببێتە ئامرازی دەستی میرێك، وەكو داشی دامە یاری پێبكاتو بەئارەزووی خۆی هەڵیبسوڕێنێت.

مەولانا لەنامەیەكدا بۆ داوود پاشا سەبارەت بەمیرانی بابان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت، كە ئاستی یەكسانیو هاوتایی تێدا بەدی ناكرێت، بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتداران هەر لەخۆی زۆر بەكەمترو بێدەسەڵاتتر دەبینێت:

(وأستحضرنا أمير أمراء البابان محمود باشا، وعمه عبدالله باشا، وأخاه عثمان بك، مع القاضي ومعظم أكابر أعوانهم مجتمعين، بعدما كلمناهم واحدا بعد واحد منفردين فملأت بتأييدة تعالى قلوبهم وآذانهم من زواجر الوعظ، وحشيت جيوبهم واردانهم من جواهر اللفظ، حتى أجابوا وانقادوا، وأنقلعوا عما ترسخ فيهم طوال السنين وأعتادوا، ثم عقدنا لهم محفلا وشددنا عليهم غاية التشديد، وسددنا عليهم طرق التورية وأنذرناهم بالوعيد، وبذلنا المجهود في أتقان تحليف محمود باشا بالوجوه العديدة، وأخذنا المواثيق الأكيدة، وسلكنا به في ذلك المسلك الأوعر، وما أحتفلنا به مع حقوقه أذ حقوق الله أجل وأكبر)[٢١].



### هەڵوێستی گشتی لەدەسەڵات:

مەولانا، وەكو ڕێبەرێكی وردو بەئاگاو دووربین، ڕێنماییو پرنسیپو ڕێوشوێنو ڕێسای بۆ موریدو لایەنگرانی داناوە، كە دەبێ پەیڕەوییان لێبكرێتو كەس لێیان لانەداتو سنووری سوور نەبەزێنن. ڕێنماییەكان، هەڵوێستی بەشداری، چالاكو ناچالاك، لەكاری سیاسیدا هان نادەن. دوورەپەرێزیو بەشدارینەكردن. لەكاری سیاسیو نزیكنەبوونەوە لەسمبۆلەكانی دەسەڵات، بەپێویست دادەنرێت. ئەو ڕێگەی بەلایەنگرانی خۆی نەداوە، بەهەر مەبەستێك بێت، لەدەسەڵات نزیك بكەونەوە، چونكە ئەوە زیان بەناوەڕۆكو ناوبانگی ڕێبازەكە دەگەیەنێتو هیچ ئەنجامێكی پۆزەتیڤ لەو پردو پەیوەندیە شین نابێت:

١. ئەو دژی تكاكاریو(بۆتێكەوتن)و (بۆپاڕانەوە)، لای بەرپرسو بەڕێوەبەرو وەزیرەكان بووە، ئەوەی بەعەرەبی ئەمڕۆ پێیدەگوترێت (الواسطة). ئەو دەڵێت: نابێ لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵكی ((العوام))دا، بۆ لای گەورە پیاوانی ئیدارەو كاربەدەستان: میرو پاشاو وەزیر بڕۆیت، لەپێناوی پاكانەبۆكردنو تكاوتكاكاری. ئەوە دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی ئێوەو ڕێبازەكەتان.

٢. تێكەڵاونەبوون لەگەڵ مەلیكو سەركردەو میرو ئاغاو هاوكارەكانیان، چونكە ئێوە لەوانە نین، كە هێزی گۆڕاندنو چاككردنەوەی ئەوانتان هەبێت. لەسۆنگەی لەخۆباییبوونو ملهوڕییەوە نابێ جوێنیشیان پێبدەنو قسەی ساردو سوكیان پێبكەن، گوایە ئەوان زاڵمو زۆردارنو ئێوەش پیاو چاكن. بەعەرەبی بەم شێوەیە نووسراوە:

(ولاتتداخلوا مع الملوك والأمراء والآغوات وأعوانهم فانكم لستم ممن له قوة أصلاح هؤلاء. ولاتغتابوهم، ولاتسبوهم بطراً وغروراً بزعم أنهم ظلمة وأنتم صلحاء...)[٢٢].

لەمەودوا، هیچ كەس لەمانە مەهێننە ریزی تەریقەتەوە، نەخۆیانو نەهاوكارانیان. هەروەها جێگەی بازرگانەكانیش لەڕیزەكانی خۆتاندا مەكەنەوە، كە هەر زۆر بەتوندی

دەستیان بەدونیاوە گرتووەو بەخۆشیو شادی رۆژگار بەسەر دەبەنو لەناو گۆماوی هەوەسدا نوقم بوون. ئەو زاناو خوێندکارانە وەرمەگرن، کە زانستیان کردۆتە ئامرازی خۆپێگەیاندنو پارەو هێزپێکەوەنان. ئەو بێکارانە وەرمەگرن، کە بۆ خۆژیاندن دەستیان بەتەریقەتەوە گرتووە. ئەمانە قورسایی ژیانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی خەڵکی تر، گوایە خەریکی چاکەو خواپەرستین: (ولاتدخلوا الطريقة بعد هذا اليوم أحداً منهم ولا من أعوانهم، ولا من التجار المتفكهين بالدنيا المنهمكين في الشهوات، ولا من العلماء وطلبة العلم الذين جعلوا العلم وسيلة الجاه عند الخلق وجمع الحطام، ولا من البطالين الذين يستندون الى الطريقة بسبب البطالة، فيحملوا أثقالهم على رقاب الناس بأسم الأصلاح والأرادة...).[٢٣] لەنامەی تریشدا ئامۆژگاری خەلیفەو موریدەکانی کردووە، لەجەنجاڵی دەسەڵات دوور بکەونەوەو تێکەڵاوی کاری ئەوان نەبن. دوورکەوتنەوەو دوورەپەرێزی لای ئەو، مانای ئەوە نییە، بەرەی بەرەنگاریو دوژمنایەتیو ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات دروست بکرێتو لەڕێگەی رەخنەو خەباتی سلبییەوە، گۆڕانکاری سیاسی بنەڕەتی بێتەدی.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی مەولانا بێت لەدەسەڵات، دەبێ ئەو خۆی بەرامبەر (دەسەڵاتی کوردی) بەکردەوە چۆن هەڵسوکەوتی کردبێتو (دەسەڵاتی کوردی) بەرامبەر بەئەو، چۆن جولابێتەوەو رەفتاری کردبێت؟

ئەو ماوەیەی مەولانا لەسلێمانی نیشتەجێ بووە، خۆیو موریدەکانی لەناو یەك بەرە، یان چەند بەرەیەك سەنگەریان لێداوەو شەڕیان کردووە؟

بەرەیەك مێژوو کۆی کردوونەتەوەو پێکەوەی ناونو بەرەیەك ویستویەتی وەکو ئەڵتەرناتیڤی نوێ، رێبازەکەی خۆی بلاو بکاتەوەو دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ: بەرەی یەکەم، بەرەی زاناو مەلاو شێخانی قادری بوون، شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢ ـ ١٨٣٨ز) دەمڕاستو ناسراوترین کەسایەتی ئەم گروپە بوو. بەرەکەی تر چینی دەسەڵاتدار بووە، لەسەردەمی مەحمود پاشای بابان. ئەم شەڕە، شەڕی چینی دەسەڵاتدار بووەو شێخانی



قادری، بەنوێنەرایەتی ئەوان، سەنگەریان لێداوەو بەشداری شەڕەکەیان کردووە، یان بەپێچەوانەوە؟

ئێمە، رێنماییە گشتییەکان دەخەینە بەرچاو، ئەو راستیانەش چاك دەزانیین، کە مەولانا دەرگای پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ وەزیرو والیو میرو گەورە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیو کورددا لەسەر پشت بووە، بۆ نموونە سەعید پاشاو داوود پاشاو عەبدوڵلا پاشاو نەجیب پاشا... هتد. کە یەکەمو دووەمیان والی بەغدا بوونو سێیەم والی عەکاو چوارەم کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی بووە لەئەستەموول. پرسیاری ئەوەش دەبێ بکرێت، مەبەستی مەولانا تەنیا دۆستایەتیەکی سەرپێیی بووە، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەم کاربەدەستانەوە، بەئاسانی بتوانێ کێشەی کۆمەڵانی خەڵك چارەسەر بکات، یان رێبازی نەقشبەندی ستراتیجێکی تۆکمەی هەبووە، کە بەرە بەرە، هەوڵ بدات، کاربەدەستو دەستڕۆیشتووو فەرمانبەرە گەورەکان بکاتە موریدو مەنسوبی خۆیو لەڕێگەی ئەوانەوە کودەتایەکی سپی لەناو دڵی دەسەڵاتدا بهێنێتەدی؟

## قادریو بەرزنجی:

شێخانی بەرزنجە، رەگو ریشەی خۆیان بۆ سەر بابا عەلی هەمەدانیو محەمەد نور بەخش دەبەنەوە: بابا عەلی هەمەدانی سێ کوڕی هەبووە: محەمەد نوربەخشو سەید عیساو سەید مووسا. زۆربەی مێژوونووسە کوردەکانو بەشێك لەکوردۆلۆجە بیانییەکان خۆیان تووشی هەڵەو سەلێشێوان کردووەو مێژوویەکی زانراوی روونیان بۆ ئەفسانەو داستانێکی سەر لێشێوێنەر گۆڕیوە.

سی. جی. ئیدمۆندز،[٢٤] کە بەوردیو راستگۆیی ناوی رۆیشتووە، بەگوێرەی پرسیارو پشکنینی خۆی، گەیشتۆتە قەناعەتێك، کە مزگەوتی بەرزنجە ساڵی (١٢٥٨ز) دەبێ دروست کرابێت، واتە: هەمان ساڵی داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هۆلاکۆوە. بەو حیسابەی ئەو، دەبێ سەید عیسای کوڕی بابا عەلی هەمەدانی ساڵی (١٢٢٥ز) لەدایك بووبێت.

ئەم دەستپێکە هەڵەیە. دیاریکردنی ساڵی لەدایکبوونی سەید عیسا دەبێتە هۆی دروستبوونی ژمارەیەك هەڵەو ئەنجامی نابەجێ.

بابا عەلی هەمەدانی، کە ساڵی (٧٨٦ك بەرامبەر ١٣٨٤ز) کۆچی دوایی کردووە، بەگوێرەی نووسەرانی کتێبی (تاریخ ایران کیمبریج)،[٢٥] دەبێ پیاوێکی بەناوبانگ‌و خاوەن چەندین کتێب‌و نووسین‌و ڕێبازی مەزهەبی بووبێت‌و لەبن کارتێکردنی زنجیرەی (کوبرەوی) بووبێت. محەمەد نوربەخش، کە ساڵی (١٣٩٢ز) لەدایکبووەو ساڵی (٨٦٩ك بەرامبەر بە ١٤٦٤ز) کۆچی دوایی کردووە، بەدانەری ڕێبازی نوربەخشی دادەنرێت‌و ناوی لەچەندین سەرچاوەی مێژووییدا هاتووە. ئەو، هاوچەرخی شاهروخ میرزای کوڕی تەیموور (١٣٧٧ز ـ ١٤٤٧ز) بووە. ئەم لەلایەکەوە پەیڕەوی (کوبرەویە)ی کردووە، کە دەوری بووە لەماڵئاوایی شێنەیی ئێران، لەسونیگەراییەوە بەرەو شیعەگەری، کە هەموو مێژووی ئێرانی گۆڕی‌و زەمینەی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی بۆ سەرکەوتنی سەفەوییەکان خۆشکرد.

سەید محەمەدی نوربەخش بەئەوپەڕی سەرسەختییەوە بانگەوازی بۆ دەرکەوتن (مظهریت) یان مەهدی چاوەڕوانکراو دەکردو کاری بۆ سەرۆکایەتی دەکرد بەو مەبەستەی ئاڵای پێشەوایەتی بەدەستەوە بێت، واتە: خۆی بەخەلیفەی موسوڵمانان داناوەو دراوو سککەی تایبەتی خۆی لێداوەو... هتد. لەماوەی بیست ساڵدا ئەو سێ جار دەستگیرکراوەو بڕیاری لەسێدارەدانی دراوە، شاهروخ لەبەر ژمارەی لایەنگران، یانیش بەهۆی بنەماڵەو نەسەبەوە بووبێت، بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە. سەید محەمەد نوربەخش نامەیەك بۆ شاهروخ دەنووسێت: ((.. سەنوبت مقید گردانیدە است و دو نوبت در چاه داشته، و هزار فرسخ تقريبا پابند، اقليم به اقليم گردانده والحال كه آخر عمر وى أست ونوبت پادشاهى نزديك است كه منقضى شود، هنوز در انديشه آن است كه اين مظهررا، باز بدست آرد و مقيد گرداند واين حال نزد مكاشفان محال أست.. اكنون توقع از آن است كه از كرده پشيمان گردد واستغفار



فرمايد وزياده ازين در قصد جان خاندان پيغمبر نكوشد كه عمر وسلطنت به پايان رسيده است ونوبت آل محمد (ص) است. والسلام على من أتبع الهدى..))[٢٦]

نەوەکانی سەید عیسا تا چەند پشتێکیش، هەر لەسەر ڕێبازی نووربەخشی بەردەوام بوون. لەوەدەچێت سەید موسا بۆ ئێرشاد بەرەو ئاغجەلەر ڕۆیشتبێت‌و لەوێ کوژرابێت. سەید عیسا براژنەکەی دەهێنێت‌و دوانزە کوڕی لێی دەبێت. سوڵتان ئیسحاق یەکێکە لەو دوانزە کوڕەو پیری یارسان (أهل حق ـ کاکەیی)ە.

جارێ مێژوونووس‌و لێکۆڵیارانی ئێمە، کاریان لەسەر کاریگەرێتی، ڕێبازی نووربەخشی لەسەر ڕێبازە دینییەکانی کوردستان نەکردووە! بۆ سوڵتان ساهاك (ئیسحاق) بەرەو هەورامان ڕۆیشتووە؟ ئایا پەیوەندی ئەم، وەکو پەیوەندی (باوە یادگار)ە بەیارسانەوە، یان ئەم دەستی لەنووربەخشی هەڵگرتووەو چۆتە سەر ئایینی کاکەیی؟ ئایا هیچ پەیوەندیەك لەنێوان بابا تایەری هەمەدانی‌و بابا عەلی هەمەدانیدا هەیە، کە نزیکەی سێ سەد ساڵ، هەردووکیان لەیەك جیادەکاتەوە؟

لەسەرەتای سەدەی (١٥) تا کۆتایی سەدەی (١٧) نەوەکانی بابا عەلی هەمەدانی[٢٧] لەسەر ڕێگەی باوباپیرانیان بەردەوام بوون. سەید بابا ڕەسولی گەورە (٩٧٠ك ـ ١٠٥٦ك) بەرامبەر: (١٥٥٨ز ـ ١٦٤٦ز) کە قوتابی زانای گەورە (ابو بکر مصنف)و زانای مەزن مەلا موسای تەوەکولی بووە، درێژەی بەڕێبازی نووربەخشی داوە، هەرچەند مەلا مووسا یەکێك بووە لەپەیڕەوانی قادری. سەید بابا ڕەسول (١٧) کوڕی بووەو بەکوردستاندا بڵاوبوونەتەوە.[٢٨]

لەشێخ محەمەدی نۆدێوە، کە بەگۆگردی سوور (الكبريت الأحمر) ناسراوەو دەبێتە باوکی شێخ حەسەنی گڵەزەردە (١٦٧٧ ـ ١٧٦٢ز)و شێخ ئیسماعیلی ولیانی‌و باپیرەی شێخ مارفی نۆدێ، ڕێبازی قادری وەردەگیرێت، بەتایبەتی شێخ ئیسماعیلی ولیانی دەورێکی گرنگ دەگێڕێت.

ئەم کورتەیە لەمێژووی تەریقەی قادری، ئەوە دەردەخات، کە شێخ مارفی نۆدێ تەنیا زانایەك نەبووە لەبواری زانستە ئایینییەکانو لەزمانی عەرەبیدا بەناوبانگ بووبێت، بەڵکو ئەو نوێنەری بنەماڵەیەکی زۆر گرنگو فراوانو پڕ لەکەسانی زاناو دەستڕۆیشتوو بووەو ڕێبەرو دەمڕاستی ڕێبازی قادریش بووە، هەر بۆیە بابانەکان بۆ کاروباری ئایینیو سیاسی پرسو ڕایان پێکردووەو ئەو خۆیشی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ والییەکانی بەغدادا هەبووەو نامەی لەگەڵیاندا گۆڕیوەتەوەو [29] ڕادەی کاریگەری ئەو لەسەر ئەوان زۆر بووە.

## بەرەی قادری:

هیچ ئایینو مەزهەبو ڕێبازێکی دینی لەسەر زەویدا نییە، لەقۆناغێکی دیاریکراودا، تووشی دووبەرەکیو ململانێو شەڕو پێکدادانی ناوخۆییو دەرەکی نەهاتبێت. مەبەست لەشەڕو پێکدادانو ململانێ، تەنیا زەبرو زەنگ بەکارهێنان نییە، بەڵکو زۆرانبازی فیکریو ڕاگەیاندنو جەنگی دەروونیشە. پێش مەولانا خالیدو شێخ مارفی نۆدێ، قادریو نەقشبەندی هەبوون. لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لەسەر سەرکوتکردنو ڕاوەدوونانی نەقشبەندییەکان لەلایەن داوو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەیە، [30] بەڵام نەبیستراوە قادریو نەقشبەندی دوژمنایەتی یەکتریان کردبێت، ئەمیان ئەلتەرناتیڤی ئەویتر بێت. تەنانەت پێش مەولانا بەماوەیەکی زۆر، ڕێبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا بڵاوببوەوە. بێگومان لەو قۆناغەدا، قادری لەچەند ناوچەیەکدا تەکیەو دەروێشی خۆی هەبووە. هیچ دەنگوباسێك بەئێمە نەگەیشتووە، کە ئەم دوو ڕێبازە پێشتر دژایەتیو ململانێی یەکتریان کردبێتو لەگەڵ یەکتردا، ساردو سڕی، لێکتێنەگەیشتن ڕوویدابێت.

ئێمە ئەوە دەزانین (محەمەد کوڕی عەبدولڕەسووڵی بەرزنجی ١٦٣٠ ـ ١٦٩١ز)، کە لەمەدینە نیشتەجێ بووەو ژیاوە، لەچەند تەریقەتێك ئیجازەی وەرگرتووەو یەکێکیان



نەقشبەندی بووە، لەگەڵ ئیبراهیم گۆرانی زۆر داکۆکیان لە ئیبن ئەلعەرەبی (إبن العربي) کردووە. ئەم دووانە زۆر کاریان کردۆتە سەر فەرهەنگی ئیسلامی لەئیندۆنیزیاو مۆرکی بیری ئەوان بەلایەنی عیرفانیی ئەوانەوە دیارە.

مەولانا لەپێنج تەریقەت ئیجازەی وەرگرتووە، کە یەکێکیان (قادری)یەو هەر پاش گەڕانەوەی لەهیندستان، ماوەی پێنج مانگ لەمزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەمێنێتەوە. کەواتە: ئەم هیچ هەڵوێستێکی نێگەتیڤی بەرامبەر تەریقەتی قادری نەبووەو تا ئەمڕۆش ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە پارێزراوەو نەقشبەندییەکانی کوردستان ئەوپەڕی ڕێز بۆ غەوسی گەیلانی لەکۆڕو دانیشتنی خۆیاندا دەردەبڕن. [31]

## هاتنەوەی مەولانا ـ بوومەلەرزەیەك لەگۆمێکی مەنگدا ـ

هاتنەوەی مەولانا خالید وەکو کەسایەتیەکی خاوەن کاریزماو دەرکەوتنی بیروباوەڕو شێوەی بڵاوبوونەوەی نەقشی، کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا توانی بەخێراییو فراوانی بڵاوبێتەوەو سەرسوڕمانو دڵەڕاوکێ دروست بکات، کاردانەوەی جیاجیای لەسەر هێزە باڵادەستو باوەکانی ناو کۆمەڵ هەبووە:

پیرو مورشیدێکی گەنج، دەیان زاناو شێخو مەلای گەورە ئامادەبوون ببنە موریدو مەنسوبی ئەو. بەهەزاران سۆفی لەدەوری دەئاڵێنو ناوەندی گرنگ لەبەغداو دیمەشقو ئەستەموڵو سلێمانیو هەورامانو شەمدینان... هتد. دروست دەکرێتو خانەقای تێدا دادەمەزرێت. ژمارەیەك لەشێخە مەزنەکانی قادری، وەکو بنەماڵەی نەهری، دەبنە نەقشبەندی. ژمارەیەك لەبەرزنجییە قادرییەکان وەکو شێخ ئەحمەدی سەردار ـ سەرگەڵوو ـو شێخ عەبدولقادری کونەکۆتریو شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری ڕێبازی خۆیان دەگۆڕنو دەبنە نەقشی.

ئەم ڕێباز گۆڕینو جوڵانەوەیە، ڕاچەنینو ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵایەتیو کولتووری دروست دەکات. ریزبەندی کۆمەڵایەتیو توێژو چینە باڵادەستەکان، هەست دەکەن، بەرە

لەژێریاندا، راکێشراوەو ئەگەر کارێك نەکەن، پاپۆڕی کۆمەڵایەتیو ئایینی، بەئاقارێکدا دەڕوات، جێگە بەوان لێژ دەکاتو بەرژەوەندییان زەرەری بەردەکەوێت. دیارە کاردانەوەو بەخەبەرهاتنەوەی چاودێرو پاسەوانانی بیرو باوەڕە کۆنو ترادیسیۆنی دینی باو، بەلای کەمەوە ئەوەندەی قەوارەی دەنگدانەوەی دەرکەوتنی نەقشبەندیی خالیدی بووە، ئەگەر توندترو فراوانترو رادیکاڵتر نەبووبێت.

شەپۆلی جوڵانەوە نوێیەکە، مەترسی ئەوەی دروست کردووە، هەرهەموو شێوەکانی دەسەڵاتی سەردەم: ئایینی/ سیاسی/ ئابووری/ فەرهەنگی... هتد. بخاتە بن نیشانەی پرسیارەوەو مەترسیی لەگرێژەنە دەرچوونی سیستێمی کۆمەڵایەتی میرایەتی بابانی لێکراوە. هەربۆیە بوومەلەرزەی ترس، دەسەڵاتی دینیی کۆنو دەسەڵاتی دونیایی پێکەوە، هەژاندووە، هەردووکیان پێکەوە کەوتوونەتە تەقەکردنو داکۆکی لەیەکتر!

ئاشکرایە، سەرەتا، جیاوازیو ناکۆکی، بەهۆی تیژبوونەوەی زۆرانبازی نێوان کۆنو نوێ تەقیوەتەوە. هەر لایەك، ویستویەتی شەرعیەت، بەخۆ ببەخشێتو مۆری شەرعی نەبوونو لەدین دەرچوون، بەلاکەی ترەوە بنێت. هەروەکو پێشینان گوتویانە (کەللەی دووبەران لەمەنجەڵێکدا جێگایان نابێتەوە) شارێکی بچووکی وەکو شاری سلێمانی، نەیتوانیوە دوو رابەری، دوو تەریقەت، لەیەك کاتدا، لەئامێز بگرێت.

پەرەسەندنی ژمارەی موریدو لایەنگرانی رێبازی نوێ، رۆژ بەرۆژ، ئاگری دوژمنایەتی خۆشتر کردووە. لەنامەکانی مەولانادا، ژمارەی موریدو دۆستانی ئەو دەرناکەوێت، بەڵام بەڕوونی ئەو راستییە دەبینرێت، کە ماوەیەك ژمارەی دۆستو لایەنگرانی کەم بوونو پاشان ژمارەکە گۆڕاوە.

أ. لەدوو نامەدا، نیگەرانی خۆی بەرامبەر کەمی ژمارەی دۆستو لایەنگرانی لەشاری سلێمانیدا نیشان دەدات، بەبێ ئاماژەکردن بۆ هۆو هەلو مەرجی رێگر: لەنامەی ژمارە (١٤٢) بۆ شێخ عەلی قازی لەسلێمانی دەنووسێت: لەشارەکانی ئیسلام جوڵانەوەی ئیرشادو خەلیفەکانی ئێمە بەگوێی دوورو نزیك گەیشتوون. تەنیا خەڵکی سلێمانی



نەبێت، کە نیشتمانی منە... بەفارسییەکەی نوسیویەتی: ((آخر در این شهرهای أسلام زمزمه ارشاد وخلفای أین بی مراد بمسامع دوورو نزدیك رسیده أست تنها اهل سلیمانیه که وطن مألوف این بقصور موصوف است، باوجود رغبت بندگان خادم خاندان علیه أین قدر افسرده وبی بهره باشند از وحشتی وبیم مصیبتی خالی نیست.))[٣١].

لەنامەی ژمارە (١٠٣)، کە بۆ مەلا رەسووڵی کۆیی نێردراوە دەنوسێت: ئەوە مەلا عەباس، کە هاوشاری ئێوەیە، با نەبێتە بەربەستێك لەبەردەمتاندا، خوا نەخواستە با وەکو هەندێك لەخەڵکی شاری سلێمانی، لەم دەوڵەتی سەرمەدییە بێ بەش نەبن... بەفارسیەکەشی نووسیویە: ((واینکه ملا عباس همشهری شما است، سدراه شما نشود، وخدا ناخواسته مانند بعضی مردم سلیمانیه ازین دولت سرمدی بی بهره نما نند...))[٣٢].

ب. گەشەکردنی ژمارەی موریدو مەنسوبانی رێبازەکە، لەقۆناغێکی تردا گۆڕاوەو لەنامەی ژ. (٥١) بۆ سەید عوبەیدوڵڵای حەیدەری لەسەر ژمارەی لایەنگران لەسلێمانی دەنووسێت. سەیر ئەوەیە مەولانا بۆ هێندە بایەخی بەسلێمانی داوەو ئەوەندە چاوی لەسەر گەشەکردنی ژمارەی مورید لەبەغداو ئەستەموڵو هەولێرو سابڵاخ نەبووە؟

لەنامەکەدا، دەرگاداخستنو دەست بەڕووەوەنانی قۆناغی یەکەمو کرانەوەی کوتوپڕو باوەش بۆکردنەوەی گەرمو پێشوازی بێوێنە دەخوێنرێتەوە. رەنگە شاری سلێمانی تا ئەمڕۆش، ئەم سروشتەی لەدەست نەدابێت.

ئەو دەنووسێت: دەمەوێ لەوە ئاگادارتان بکەمەوە، ئینکارو بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی سلێمانی بۆ دڵسۆزییەك گۆڕا، کە لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا، بەدیمان نەکردووە. (ثم أخبركم بأن أنكار أهل السليمانية تبدل باخلاص مارأينا مثله في بقعة من بقاع الأرض، كما تسمعون نبذة منه من حامل الرقعة، ... الخ).

ئـەم دێـڕەی سـەرەوە، بەڵگەیـە لەسـەر کاریگـەرێتی بـەرەنگاریو بەربەسـت، لەسـەر جلّـەوکردنی تەشەنەسـەندنی ڕێبازەکـە. سـەرەتا خـەڵکی ئـەم شـارە پرینگاونەتـەوەو دوورەپەرێزبوون، لەسۆنگەی پڕوپاگەنـدەو شـەڕی دەروونـی. پاشـتر لایـەنگرانی مـەولانا کۆڵیان نەداوەو توانیویانە، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشو سەرسـووڕهێنەر ڕێژەی دۆسـتو لایەنگران بگۆڕن.

گۆڕانی ڕای گشتی، لەخراپەوە بۆ زۆر باش، ئەگەر ڕێگە بەخۆمان بدەین بۆ ئەو کاتە چەمکی ((ڕای گشتی)) بەکاربهێنین، ئەوە بەشێوەی بارمۆمـەتر، لەدەرەجەکانی خـواری خوارەوە، بۆ سەری سەرەوەی هەڵکشان، بەدی بکرێـت. هـەر بـەگوێرەی ئـەو هەڵکشـانو گۆڕانە پۆزەتیڤـەی بارمۆمـەتری جـەماوەر، هـەر دوو بەرەکـەی تـر، دەسـەڵاتی دینـی/ سیاسی، هەر یەکە بەشێوەیەك کاریان کردووەو هەڵوێستیان هەبووە.

### دوو برای حوکمڕان: مەحمودو وەسمان پاشا:

مـەحمود پاشا برا گەورە، وەسمان پاشا لەو گچکەتر بووە. مەحمود پاشا، پاش مـەرگی باوکی، تەواوی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی پێسپێردراوە. لەناو پێنج برای تردا، وەسمان پاشا جێگەی بڕواو جێنشینی ئـەو بـووە. براکـانی تـری، بەتایبـەتی سـلێمان پاشـا، لەبـەرەی ئۆپۆزسیۆن بووەو دەوروبەری ساڵی ١٨٣٥ توانیویەتی بەهێجگاری دەسـەڵات لەدەست برا گەورە دەربکاو ڕەوانەی تاراوگەو دەربەدەری بکات.[٣٤]

مـەحمود پاشـا پیـاوێکی عـەسکەریو دیپلۆمـاتو سیاسـی بـووە. ئـەو، لەکاتێکـدا دەسەڵاتی پێسپێردرا، ژمارەیەك دوژمنو ملۆزمی وتووریای هـەبوو، کـە هـەر یەکـەیان لەگەڵ کرماشانو سنەو تـارانو بەغـداو ئەسـتەموولّدا، لەبنـەوە بەئاشکرا، کلکیـان پێکەوە گرێدابوو. مەحمود پاشا لەلایەکەوە یارمەتی یەکێکی وەکو داوود ئەفەنـدی (کـە دواتر بووە بەداوود پاشا) داوەو هێزی لەسلێمانییەوە کۆکردۆتـەوەو سـەعید پاشـای والی بەغدای ڕووخاندووە. هەر لەهەمان کاتدا، ئەو، پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ شـازادە محەمـەد



عەلی میرزادا پاراستووە. داوود پاشا، دەیەویست لەشکرکێشی بۆ سەر میرنشینی بەغدا بکات، ئەویش بەبێ سێو دوو داوا لەئێران دەکات هێزی پشتیوانی بۆ ڕەوانە بکات[٣٥].

مـەحمود پاشـا، بـەحوکمی پۆسـت، شـوێنو مـەقامی خـۆی، لەلوتکـەی هـەرەمی میرنشینی باباندا، کلیلی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، دوا بڕیاری سیاسیو عەسکەری بۆ ئەو جێهێڵراوە. ئەو، وەکو کەسایەتی یەکەمی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، بەشـێوەیەك لەگـەڵ مەولانادا ڕەفتاری کردووە، وەسمـان پاشـای بـرای وەکـو کەسـایەتی دووەمـی دەسـەڵات، بەشێوەیەکی تر ڕەفتاری کردووە. هەر زۆر جێگەی داخە نامە گۆڕینەوەکان بۆ ئێمە یـەك لایەنەن، چونکە نامەکانی مەحمود پاشاو وەسمان پاشامان بەدەستەوە نییەو تەنیا بەشێك لەنامەکانی مەولانا بۆ ئەوان، پارێزراون. لەنامەکاندا، سروشتی کەسایەتی هەردوو بـرا، بەڕوونی لەناو دێـرە نەنووسـراوەکاندا دەردەکـەوێت: بـرا بـچوك: نـەرمو نیـانو پـەرۆشو دڵسۆزترە، لەڕوانگەی مەولاناوە، بەڵام برا گەورە، پەرۆشی کورسیو دەسەڵاتی خۆیەتیو دەیەوێت، بەهەر نرخێك بێت، مەولانا بکاتـە ئـامرازی دەسـەڵاتخوازیو تـاکڕەوی خـۆی. بەشی زۆری نامەکان ئاڕاسـتەی بـرا بـچوك کـراونو کـەمترینیان ئاڕاسـتەی بـرا گـەورە کراون.

ئـەو بەراشـکاوی ڕەخنـەی توندوتیـژ لەمـەحمود پاشـا دەگرێـتو شـێوەی کاروبـاری سیاسیی پڕ پێچو پەنای دەخاتەڕوو. ئەو نامانەی ڕەوانەی وەسمـان پاشـا کـراون، زۆربـەی بۆنی دۆستایەتیو وەفاو دڵسۆزی لێوە دێت. مێژوونووسانی ئێمـە، تـا ئـەمڕۆ، تێبینـی ئەو هەواڵەیان نەکردووە، کە ئەو ڕۆژە مەولانا خالید سلێمانیی بەیـەکجاری جێهێـشتووە (٢٠/١٠/١٨٢٠) هەواڵێکی تریش نووسراوە:

(میر، هـەموو پەیوەندییـەکی خـۆی لەگـەڵ وەسمـان بـەگ بـڕیو هەرچـی دەسـەڵاتو موڵکێکیش هەبوو، لێی سەندەوە، ...)[٣٦] من نازانم لـەنێوان ئـەم دوو هەواڵـەدا، هـیچ پەیوەندییەك هەیە، یان نە؟

## هەڵوێستی چینی فەرمانڕەوا: کرانەوەو خۆداخستن:

مەحموود پاشا، وەکو ئەوڕەحمان پاشای باوکی، بەبێ پچڕانو بەردەوامی، تا ساڵی ١٨٣٥ حوکمی نەکردووە، بەڵکو دەسەڵات تۆپێك بووە، لەنێوان ئەوو براکانی تریدا، تۆپتۆپێنی پێکراوە، هەر لایەك بۆ شوێنێك تێی هەڵداوەو هەر لایەك ئامانجو هاوپەیمانی خۆی هەبووە. بەدرێژایی حوکمی مەحمود پاشا، شەڕو شۆڕێکی زۆر سەخت لەسەر سێوی دەسەڵاتی پایتەخت کراوە.

لەماوەی ساڵانی (١٨١٧ ـ ١٨٢١)، مەحمود پاشا دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە. ئەم ماوە کورتە بۆ گەشەکردنو پەرەسەندنی ڕێبازی نەقشبەندی، هەر زۆر چارەنووسازە. هەڵوێستی پاشا، کە مرۆڤێکی پراگماتیو دەسەڵاتپەرست بووە، بەرامبەر بەمەولانا، یەك ڕەنگو یەك شێوە نەبووە: هەڵکشانو داکشان، کرانەوەو داخستن، گوڵو دڕك بووە. لەسەرەتاوە تا کۆتایی، یەك سیاسەتی نەگۆڕی سەقامگرتووی جێگیری نەبووە. هەر ئەو ساڵەی پاشا پۆستی میرایەتی پێدەبڕێت، بەبەرچاوی پاسەوانانی دەسەڵاتەوە، مەولانا لەهەموو لایەکەوە، بەڕاگەیاندنو پەلاماری جۆراو جۆر، هێرشی دەکرێتە سەر، کەچی دەسەڵات، هەردوو چاوی خۆی دەنووقێنێتو گوێی خۆی دادەخاتو نەهیچ دەبینێتو نەهیچ دەبیستێت!

ئەستێرەی ناوبانگی مەولانا لەسلێمانی (ئاوا) دەبێت، لەبەغدا گەشترو درەوشاوەتر دەبێت. دوورو نزیك، هەست بەهێزی ڕاکێشانو کارێزمای ئەو دەکەن، چینی فەرمانڕەوا، کە بەوردی ئاگاداری جموجۆڵو پەرەسەندنی ڕێبازی نوێ دەبێت، ڕەنگە بیری لەوە کردبێتەوە، سەر لەنوێ سیاسەتی لەئامێزگرتن بەرامبەر مەولانا پەیڕەوی بکات، نەك خۆداخستنو تەنگ پێ هەڵچنینو دەرپەڕاندن.

سیاسەتی سەعید پاشا لەئیدارەکردنی ویلایەتی بەغداو میرنشینەکانی کوردستان باش نەبووە. پاییزی ١٨١٧ز میری بابانو لەشکرەکەی دەبنە یەکەم پاڵپشتو هێزی بنچینەیی پشتیوانیی داوود پاشا، کە ئەو کاتەش کوردستان وەکو ساڵانی پێش (٢٠٠٣) دەبێتە مەکۆی کۆبوونەوەی هێزی ئۆپۆزسیۆنی والیی بەغدا. بەرەیەك لەناڕازییان بە پەلەو خێرا کۆدەبێتەوەو دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەرەو بەغدا بکشێت. ئەم بەرەیە، دەتوانێت دەسەڵاتی سەعید پاشا بڕوخێنێت. پۆستی ویلایەتی بەغدا بەداوود پاشا دەسپێردرێت. مەحموود پاشا لەبەغدا چاوی بەمەولانا دەکەوێتو داوای گەڕانەوەی لێدەکات. ئەویش قسەی میر ناشکێنێتو بەتواناو هێزێکی سەرکەوتووانەوە بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە.[٣٧]

مانگی خۆشیو هەنگوینیی نێوان میرو مەولانا، تەنیا نزیکەی پتر لەسێ ساڵی خایاند (١٨١٧ ـ ١٨٢٠ز). کلۆدیۆس ڕیچ ساڵی ١٨٢٠، بەچاوی خۆی هەندێ بڕگەی سیاسەتی کرانەوەو باوەش بۆکردنەوە دەبینێتو لەسەر لاپەڕەکانی گەشتە ئەفسووناوییەکەیدا بۆ کوردستان، زانیارییەکی یەکجار گرنگمان بۆ تۆمار دەکات. مەخابن ئەو، زۆر بەقووڵی دوای هەواڵەکان ناکەوێتو ئەوەی لەچینی فەرمانڕەوای دەبیستێت، بۆمان دەگێڕێتەوەو خۆی بەدواداچوونی تری نییە.

لەنامەکاندا، ئاماژەی سەرنجڕاکێش دەربارەی تاکتیكو شێوەی سیاسەتی کرانەوەو لەئامێزگرتنی ڕێبازی نوێ بەرچاو دەکەوێت. نزیکبوونەوەکە لەنێوان بنەماڵەی فەرمانڕەوا، ئەوەندە گەرمو گوڕبووە، گەیشتۆتە ڕادەی تێکەڵاوبوون. ژمارەیەك لەئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا هاتوونەتە ڕیزی موریدو مەنسوبانی ڕێبازی نەقشبەندییەوەو لەسەر ئەوان حیساب کراون. ئەو بۆ وەسمان پاشا دەنووسێت:

(دڵنیابن، ئەمڕۆ خانەدانی ئێوە، گەورەو بچوکتان، لەسەر زنجیرەی باڵای پیرانی تەریقەتی ئێمە دانراون). بەفارسی نووسراوە: (یەقین بدانند کە خاندان شما امروز ازد خورد تا بزرگ محسوب سلسلە علیەو پیران طریقەء ما میباشند). دوو ئەگەر هەیە: یان چینی فەرمانڕەوا ویستویەتی لەڕێگەی تێکەڵاوبوون بەتەریقەی نەقشبەندییەوە، دەسەڵاتی میرنشین بەهێز بکات، یان مەولانا لەڕێگەی ڕاکێشانی ئەندامە بەهێزەکانی

بنەماڵەی فەرمانڕەواوە ویستوویەتی میرنشینی بابان بکاتە بنکەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی و دەسەڵاتێکی مەزنی سیاسی ـ دینی دابمەزرێنێت.

هەر پاش ئەم دێڕەی سەرەوە، مەولانا تێبینی ئەوەشی کردووە، ئەگەر هەندێ جار کەموکوڕیی لەئادابی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (ئەتەکێت) ڕوویدابێت، ئەوە ژێدەرە ڕاستەقینەکەی (سکرو درویشی)یە، واتە: مەستبوونی دەروێشانەیەو هیچ پەیوەندی بەکرۆکی هەڵوێستی ڕەسمی نەگۆڕەوە نییەو نابێ کەس دڵی بڕەنجێت و گەرد بگرێت.

لەنامەیەکی تردا بۆ وەسمان پاشای برای مەحمود پاشا، مەولانا ڕاست و ڕەوان، ڕەخنەی توند لە میر دەگرێت. ئەو دەنووسێت: ئێمە لەخۆشی و ناخۆشیدا پشتگیری مەحمود پاشای برا گەورەی ئێوەمان کردووە. ئەو ڕۆژانەی ئەو، لەخاکی نیشتمان ئاوارەو دەربەدەر کرابوو، ئێمە هیچ ساردی و کەمتەرخەمیمان بەرامبەریان نەنواند. تەنانەت ئەو دەمەی ئێمە، لەسێبەری دەوڵەتێکدا بووین، سوڵتانی حەوت کیشوەر لەچاو هێزو توانای ئەودا، هەروەکو (هیچ) وابوو (کالمعدوم)، ئێمە هەر لەبەرئەوەی پێشتریش ئەومان بەدڵسۆزی خۆمان دانابوو، هەرگیز ئەومان لەبیری خۆمان دەرنەهاویشتووەو پشتیوانیی ئەوتۆمان لێی کردووە، کە قەت بەبیری کەسدا نایەت.

ئەوەی فەرمانڕەوا تووشی نەخۆشی لەخۆباییبوون بووە، بەدەسەڵات و حوکمڕانی چەند ڕۆژ خایەنەوە، کە ئەمەش لەسێبەری بەرەکەتی پیرانی ئێمەوە بۆی فەراهەم کراوە، ئەو بەشێوەیەك لەخۆبایی بووە، هەروەکو ئەوەی لەنێوان ئێمەو ئەواندا هیچ دۆستایەتی و ئاشنایەتییەك نەبووبێت. مافی دڵنەواییکردنی پیاوانی خوای بەجارێ بیری خۆی بردۆتەوە. چاوی ئێمە لەلایەنگری و هاوڕێتی دەسەڵاتدارانی دونیا ترساوە...)).

((اما اینکه، هرگز در خصوص امداد و اسعاد در عسر و یسر و غربت وطن نسبت به برادر بزرگ شما (محمود پاشا) اصلا کوتاهی تنموده بودیم. حتی بعد از آنکه بدولتی مشرف شدیم که سلطان هفت کشوررا در جنب او (کالمعدوم) است، باز سبب باینکه



پیشتر اورا بمخلص خود محسوب نموده بودیم، اورا فراموش نکرده، و نسبت بایشان عنایتهای نمودەایم که بخاطر کسی نمایده.

همینکه حاکم شدند بغرور ایالت چند روزه که آن هم از یمن حضرات ما بود، بطرحی مغرور شدند که گویا میان ما و ایشان آشنایی نبوده است، و حقوق عنایت مردان خدارا بالمره منسی نمودند. چشم ما از تایید و صاحبداری ارباب دنیا ترسیده است. دل نمیخواهد که لاف محبت وپیمان و اتحاد و مودت را با کسی بندد، و اما اینقدر ثابت که این مسکین همیشه دعای توفیق و نصرت در حق امرای عادل که اهل مروت و راعی حال برایا باشند، کرده و میکنم، و هرچند نترویج شریعت و ترحم با رعیت کوشند، بهمان مقدار شایستەو ادعیەو این مسکین خواهند شد)).[٣٩]

لەکۆتاییدا، جەخت لەسەر پشتگیری میرانی دادپەروەر دەکات (امرای عادل)، کە پەیڕەوی شەریعەت دەکەن و دڵیان بە (ڕەعیەت) دەسوتێت. ئەوانە کاتێك شایستەی دوعاو نزای ئەون، ئەگەر بەگوێرەی دادپەروەری و دڵسوتان بەژێردەستەکانیانەوە (ڕەعیەت) هەڵس و کەوت بکەن و پەیڕەوی شەریعەت بکەن.

## ئامرازی گوشارو تەنگ پێهەڵچنین:

لەنامەکاندا، لەشوێنی جیاجیادا، لەنێوان دێڕەکاندا، بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئاماژەی زەق و زۆپ بەدی دەکرێت، کە لەهەندێ قۆناغدا لایەنگرو موریدانی ڕێبازی نوێ گوشاریان خراوەتە سەرو کێشەیان بۆ نراوەتەوەو سەرئێشەیان بۆ دروست کراوە. ئاماژە چەندبارە کراوەکان، کە ڕەنگە بەزمانی ئەم سەردەمە: لەبازنەی پێشێلکردنی ئازادی بیروباوەڕو مافی مرۆڤو سەربەستی ئایینی و پەرەستندا دابنرێن، ئەو زەمانەش گوشارو چاوترساندن بۆ پیشاندانی جەبەرووتی دەسەڵات و توانای سزادان بەکارهێنراوە. ئەو دەنووسێت: (سەرەڕای ئەمانە، ئەوەش دەبیستم، لەکۆڕو دیوەخانی ئێوەدا، ئەنواعی قسەی بێ سەروبەرو ناشایستە بەم مسکێنە دەگوترێت. دەربارەی ئەو بەلەنگازانەی ئەم

هەژارەیان خۆش دەوێت، هەزاران درۆو بوختان هەڵبەستراوە، کە لەزمانی ئەم لایەنو ئەو لایەن، بەگوێی بریکارانی پلەی باڵادا دەدرێتو ئەوانیش بڕوایان پێدەکەن.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

ئەم بارودۆخە لەهۆشو تێگەیشتنی بریکارانی پلەی باڵادا چاوەڕوان نەدەکرا. چونکە ئەم بەڕێزانە، هەر لەزۆر زووەوە تا ئەمڕۆ، ئەم مسکێنە لەهەموو کەسێك چاکتر دەناسن. بەڵام نایانەوێ خەڵکانی بەرەی عیناد، لەبوختان بۆ هەڵبەستن رابگرن).[٤٠]

رەنگە لەئەنجامی نامەی پڕ گلەییو گازندەی مەولانا، یان نامەی سەرەوە، مەحمود پاشا نامەیەکی دڵدانەوەو دڵنەواییو رێزلێنانی رەوانەی مەولانا خالید کردبێت. نامەکەی پاشا بێسەروشوێنە، نامەکەی مەولانا چەند جارێك بڵاوکراوەتەوە. لەوەدەچێ، مەولانا هیچ بڕوایەکی بەپاشا نەمابێتو بەتەواوی دەستی لێشتبێت. ئەو، تەنانەت دڵنەواییو دڵدانەوەکەشی، هیچ دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لانەبووە: (پاش ماوەیەکی زۆر، لەزەمانی دەستدرێژیو لەخۆباییبوونو غەڕاییو پشتگوێ خستنو رکەبەرایەتی (معارضة)ی مسکێنی مەهجوور ـ مەبەستی خۆیەتی ـ نەوازشی نامەی نێردراو، بەمەبەستی دڵچاکردنەوەو بڕوایی دروستکردنەوەو دڵسۆزی نواندن، گەیشت...).[٤١]

لێرەدا، نایەوێت دەست بەڕووی پاشاوە بنێتو دەرگای ئاشتبوونەوە بەڕوویدا دابخات، بەڵام بەئاماژەی رەوانبێژی ئەوە بەگوێیدا دەدات، کە خراپەکاری دژی کراوەو ئازاری پێگەێنراوە، ئەو بەفارسی دەنووسێت: (بعد ازاين همه ماجرا...) واتە: پاش ئەم هەموو رووداوانە... ئەگەر مەبەستی ئەوە بوایە بنووسێت، هەموو رووداوەکانی بیری خۆی بردۆتەوە، پێویستی بەوە نەدەکرد، سەرنجی پاشا بۆ رووداوەکانی رابوردوو رابکێشێت. دیارە زۆر دڵی ئێشاوەو بریندار کراوە، ئەگینا لەکۆتایی نامەکەدا ئەم شیعرە فارسییەی نەدەنووسی:

**اندکی پیش تو گفتم غم دل، ترسیدم**
**که دل آزرده شوی ورنه سخن بسیار است**



واتە: شتێکی هەر زۆر کەمم خستۆتە بەرچاوت، ترساوم تووشی ئازاری دڵ بیت، ئەگینا خۆم دەزانم، قسەم هەر یەکجار زۆرە.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**مشتێك نمونەی خەروارێکە:**

پێدەچێت، ئەو زەمانەش وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە، ئامرازی تەنگاوکردنو پاڵەپەستۆو گوشارخستنەسەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، یان کەسانی یاخیو ناگوێڕایەڵ، کەم نەبووبێت: یەکێك لەو ئامرازانە زەویوزار لێوەرگرتنەوەو دەربەدەرکردنو ئاوارەکردنی خەڵك بووە، کە خۆیان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن بوون، یان لەسۆنگەی خزمایەتییەوە، پڕیشکیان بەرکەوتووە، یان بەهۆی لایەنگری بۆ بیروباوەڕێکی جیاواز، نان بڕاو کراونو لەسەر موڵكو ماڵو گوندو زێدی خۆیان دەرپەڕێنراون.

نامەکەی ئەو لەشامەوە بۆ شێخ عەلی قازی لەسلێمانی (ژ ـ ١٥٩)، بەڵگەی ئەوەیە، کۆچکردنی ئەو بۆ شامو دوورکەوتنەوە بۆ شوێنێکی دوور، هێشتا بورکانو گەردەلوولی ئاگرینی کپ نەکراوەتەوەو سێبەری مەولانا بەسەر هەرێمەکەوە بووەو ترسی گەڕانەوەی ئەو، رمووزنێك بووە، دڵی دەسەڵاتدارانی هێناوەتە لەرزین. سەرەڕای بڵێسەی ئاگری شەڕی ناوخۆو شەڕی دەربار، لەسەر کورسیو دەسەڵات، لەنێوان برا ـ دوژمنەکاندا، بەوردی سووسەی دەنگوباسی جوڵانەوەی مەولانا کراوەو چاودێری چالاکیو پەرەسەندنی پەیڕەوانی کراوەو دەسەڵات لەئاست گەشەکردنو بەرەو پێشەوەچوونی ئەواندا، نە وەنەوزی داوەو نەچاوی چۆتە خەو.

ئەو بۆ شێخ عەلی قازی نووسیویە: (ئەوە ئێستا ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت، کە خزمەتکارانی خانەدانی پایە بڵند گوتویانە (الحمد لله) هەر زۆر باشە، کە فلانە کەس ئێستاش هەر موحتاجی ئێمەیەو بەم زووانە دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەم هەموو ئیدعای بەتەنگەوە هاتنو پەرۆشیو دڵسۆزییە کۆنە، گوندی (سەرگەت) پاش سەفەرەکەی هیندستان، رەحمەتی ئەوڕەحمان پاشا، هەرچەند لەمحەمەد خان ـ ی برام ـ هەر زۆر پەستو

تورەبوو، گوندەکەی لێوەرنەگرتەوە. بەڵام ئەمان لێیان وەرگرتەوە. هەرچەند ماڵو منداڵێکی زۆری بەسەردا کەوتووەو هیچ پشتو پەنایەکی نییە، دەڵێن: ئێمە هەر زۆر پەرۆشی گەڕانەوەی فلانین. ئەوان هەر زۆر بەهەڵەدا چوون، گەر پێیان وابێت، بتوانن ئەم هەژارە، بەهەڵسو کەوتی نارەواو گوشار، راو بکەن. وێڕای ئەم ماوە دوورو درێژە لەهاوڕێیەتی، ئەوان هێشتا من ناناسن).[٤٢]

ئەم دێڕانە بەڵگەی بەهێزن بۆ هەوڵدانی ورە رووخاندنو چۆکپێدادانی مەولانا، بەئومێدی ئەوەی بەبێ تەقە، خۆی بەدەستەوە بداتو جارێکی تر، بەتێکشکاویو پەڕوباڵکراوی، بۆ بن دەستیان بگەڕێتەوە. بەڵام هیچ نرخێکی ئەوتۆی بۆ هەوڵو تەقەلای ئەوان دانەناوەو بەسەرسووڕمانەوە لەئاستی بیرکردنەوەی ئەوان راماوە.

## پەیامبەری بێچەكو پەیامبەری چەكدار:

پەیامبەری "بێچەك"، چەمکێکە ئەسحەق دۆیچەر بۆ وەسفکردنی لیۆن ترۆتسکی بەکاری هێناوە. ترۆتسکی بۆ خۆی ماوەیەك سەرکردەیەکی چەکدار دەبێتو سەرکردایەتی سوپای سوور دەکات. بێگومان زۆر سەرکردە لەمێژوودا خاوەن چەكو سوپاو لەشکر نەبوونو توانیان دەورێکی زۆر گرنگ لەمێژوودا بگێڕن (مەسیح، بوودا، غاندی، مارتن لووتەر کینگ، مەندێلا، دالای لاما... تاد.) یەکێکی وەکو مەسیح، بیروباوەڕێکی بڵاوکردەوەو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك بڕوایان پێی هێناو شوێن ئامۆژگاریو فزیۆنی ئەو کەوتن، هەر لەبەرئەوەی چەکدار نەبوو، نەیتوانی داکۆکی لەخۆی بکاتو لەخاچ درا.

پێغەمبەری ئیسلام، بەدەستێك قورئانو بیروباوەڕی بڵاوکردەوەو بەدەستەکەی تر سوپای پێکەوە دەناو رووبەڕووی قورەیش وەستاو بەشەڕو شمشێر شکاندنیو دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند. قورەیش هێزێکی چەکداری هەبووەو دەیتوانی دوای لایەنگرانی دینی بکەوێتو ئازاریان بدات.



مەولانا خالید لەماوەی نێوان (١٨١٧ ـ ١٨٢٠ز)، دەسەڵاتی ژمارە (١)ی ناو میرنشینی بابان بووە. بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوە هەیە، کە خەڵكو بنەماڵەی فەرمانڕەوا، بەباڵاترین دەسەڵاتیان داناوەو ئەو بەرزترین (مرجع)ی دینی ـ سیاسی بووە. بەڵام بۆ نەیتوانی بەتەنیا جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێتو لەلووتکەی دەسەڵاتەوە، هاتە خوارەوەو ناچاری کۆچکردن بوو؟

ئێمە دوو ژێدەرو سەرچاوەی گرنگمان لەسەر ئەم پرسیارە بەدەستەوەیە، (گەشتی ریچ)و نامەکەی مەولانا بۆ داوود پاشا:

١. کلۆدیۆس ریچ چەند مانگێك لەساڵی ١٨٢٠ لەسلێمانی دەبێتو بەوردی هەندێ زانیاریو دەنگوباسی مەولانا دەنووسێت. ئەو هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە ناکات، کە مەولانای بینیبێتو قسەی لەگەڵدا کردبێت، یان هەوڵی دانیشتنو گفتوگۆی لەگەڵدا دابێت! ئەو، لەزمانی ئەندامانی چینی سەرەوەی کۆمەڵەوە، زانیاریو دەنگوباس کۆدەکاتەوەو لەدەفتەری بیرەوەریدا، رۆژ بەڕۆژ تۆماریان دەکات.

ـ ((سلێمانی سۆفییەکی گەورەی لێیە، ناوی (شێخ خالید)ە، کوردەکان پێیان وایە ئەگەر لەحەزرەتی (مەولانا) کەمتری پێ بوترێ، نەنگییەو وتەکانیشی بە (فەرموودە) دائەنێن، لەخێڵی جافەو لەسەر رێبازی نەقشبەندییە، لە (دەلهی) لەسەر دەستی سۆفی بەناوبانگ (سوڵتان عەبدوڵڵا)دا بۆتە سۆفی. لەسەرانسەری تورکیاو وڵاتە عەرەبییەکاندا (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار موریدی هەیە. کوردەکان هەموویان بە (وەلی)ی ئەزانن، زۆری تریشیان لەڕیزی پێغەمبەرەکەیاندا دایئەنێن. عوسمان بەگ پێی وتم: خۆیو مەحمود پاشاو زۆربەی سەرکردە کوردەکان موریدی ئەون، چونکە بەلای کەمەوە لەگەڵ (شێخ عەبدولقادر)ی بەناوبانگ، لەیەك پلەدان))

ـ ((ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا، دوای ئەوەی مەحمود پاشا، بڕیار ئەدا خۆی بداتە پاڵ تورکەکان، خۆیو عەبدوڵڵا پاشای مامیو عوسمانو سلێمان ـ ی برای چووبوونە لای خواناسی مەزن (شێخ خالیدی سلێمانی)و هەرسێکیان سوێندیان خواردووە کە

لایەنگیرو پشتیوانی مەحمود پاشا بنو لەبەرئەوەش کە چاوەڕوان ئەکرا شازادەی کرماشان، تەقەللای ئەوە بدات، یەکێکیان بەلای خۆیدا داشکێنێو لەدژی تورکەکان هانیان بدات، سوێندیان بەشمشێرو قورئانو تەلاق خواردبوو، کە ئەگەر هەر کامێکیان نامەیەکیان لەلایەن تورك، یان ئێرانەوە پێ بگات، ئەبێ لەماڵی (شێخ خالید) لەبەرچاوی چەند کەسێك، کە خۆیان لەسەری رێك ئەکەون، بیکەنەوە. لەم بوارەدا، عوسمان بەگ یەکەمین کەس بووە تاقی بکرێتەوە، چونکە هەر دوای ماوەیەکی کەم نامەیەکی لەشازادەی کرماشانەوە پێگەیشتووە، تیایدا داوای لێ ئەکات سەردانی بکات بۆ کرماشانو پەیمانیشی داوەتێ بیکات بەفەرمانداری سلێمانی. عوسمان بەگیش کە نامەکەی پێ ئەگات، دەست بەجێ هەردوو براکەی (مەحمود پاشاو سلێمان) ئاگادار ئەکاتەوە. دوای ئەمیش، عەبدوڵڵا پاشا، بەهەمان ناوەڕۆك نامەیەکی پێ ئەگات، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو سوێندو پەیمانەی لەسەری رێکەوتبوون، ئەم، نامەکە ئەشارێتەوە. مەحمود پاشاش بەمەی زانیوە، تا (والی بەغدا)، ئەم هەواڵەی بەتەتەرێکی خێرادا پێئەگەیەنێتو داوایشی لەمەحمود پاشا کردووە، کە عەبدوڵڵا پاشای مامی بگرێت. مەحمود پاشاش لەسەرەتادا بڕوای بەهەواڵەکە نەکردووەو بەتوندیش ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە هیچ لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشادا بکرێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بڕیاری داوە بەوردی چاودێری هەڵسوکەوتی بکرێ، تا لەئەنجامدا خەزنەدارەکەی عەبدوڵڵا پاشا، ئاگاداری ئەکاتەوە، کە مامی خەریکە خۆی ئامادە ئەکات بۆ کرماشان، بۆیە گەیشتۆتە ئەوەی بیگرن)).

ـ ((ئەم بەیانییە (شێخ خالید)ی بەناوبانگ هەڵهات. لەگەڵ ئەوەشدا کە راکردنەکەی لەناکاوو بەنهێنی بووە، بەڵام توانیبووی هەر چوار ژنەکەیشی لەگەڵ خۆی بەرێو تائێستاش نازانرێ رووی لەکوێ کردووە. پێش چەند رۆژێك، کوردەکان لە (عەبدولقادر) یان گەورەتر دائەنا، میر ـ یش وا خووی گرتبوو، لەبەرامبەریا بەپێوە بوەستێو قەنەفەی بۆ تێبکات. بەڵام ئەمڕۆ، بەکافری ناو ئەبەنو زۆر شتیش دەربارەی لووت بەرزییو



کافرییو خوانەناسیی ئەگێڕنەوە... دوای مردنی کوڕەکەی میر، شێخ ناوبانگی زۆر دۆڕاند، چونکە وتبووی چاکی ئەکاتەوەو سەیری کتێبی بۆئەکات، بزانێ خوا چی لەچارەنوسیوەو شتی تریش... گەلێ قسەو باسیش لەسەر هۆی راکردنەکەی ئەوتراو هەندێك ئەیان وت تۆوی پشێوی لەنێوان میرو براکانیدا وەشاندووەو ئەوانیش ویستویانە لەبەردەم میردا بەرەو رووی بێتەوە. هەندێکی تریش ئەڵێن خەریکی دانانی بناغەیەکی ئایینیی تازە بووەو ویستویەتی خۆی بکات بەگەورەی وڵات.. ئیتر زۆری دەربارە وتراو تاوانی شتی وا لەڕادەبەدەریشی درایە پاڵ، کە لەڕاستیدا وا نەبووە، چونکە زاناو سەیدەکان، هەموویانو لەسەروویانەوە (شێخ مارف)، رقیان لێیەتی.. ئەویش کاتێ دەسەڵاتی هەبوو، هەموویانی بەزاندبوو)).[٤٢]

٢. کۆتایی بەهاری ١٨٢٠ز، مەولانا نامەیەك بۆ داوود پاشای والی بەغدا دەنووسێ، بەئومێدی ناوبژیکردن لەنێوان دەسەڵاتی کوردی (بابان)و دەسەڵاتی بەغداو ئاشتکردنەوەی هەردوولا. لەوەدەچێ داوود پاشا بەنامە، یان ڕاسپاردە، داوای لەو کردبێت، بکەوێتە بەینەوەو پۆلە (Pol) سەرەکییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەنێوان خۆیاندا رێکەوتننامەیەك بەچاودێری مەولانا ئیمزا بکەنو کەس ئەو پەیمانە نەشکێنێت. لەنێوان پۆل(Pol)ەکانی دەسەڵاتدا، مەولانا تەنیا شایەتو چاودێرو پارسەنگ نییە، بەڵکو دەمڕاستو (مرجع)و (Autorität)ە. واتە: ئەو کەسەی دوا بڕیاری بەدەستەوە دەبێتو نابێ کەس لەقسەی دەرچێت.

٣. لەنامەکەدا ئەو راستییە دەردەکەوێت، کە مەولانا وەکو تکاکار بەکڕنوشو پاڕانەوە، داوایەکی پێشکەشی دەرباری پاشایەك نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە: وشەی (وأستحضرنا) ـ أمیر امراء البابان ـ نیشانەیە بۆ هێزی راکێشانی ئەو. ناڵێ: دەعوەتم کردوون، یان بەخزمەتیان گەیشتووم، دەنووسێت: ئەوانیان بۆلام هێنا. دەستەواژەی (فملأت قلوبهم وآذانهم من زواجر الوعظ...) قسەیەکی رەقو زبرە. واتای پیاهەڵشاخان

دەگرێتەوە. لەزمانی عەرەبیدا واتای قاموسی (زجر)، ڕێگەپێنەدانو دەرکردنە بەهاوارو شیرە شیڕ. کەسێك بتوانێ بەهەڕەشەوە یەکێك تەمێ بکات (وأنذرناهم بالوعید...)، قەت ئامادە نابێت خۆی بەیەکسانو هاوشانی ئەو کەسە دانێت. دیارە مەولانا، بەمەبەست توندترین وشەی لەنامەکەیدا هەڵبژاردووە، بەرامبەر دەستەی فەرمانڕەوا. ئەو دەنووسێت: (ومعظم أکابر أعوانهم مجتمعین...) واتە: ئەو گەورە پیاوانی چینی سەرەوەی بانگکردووەو هەرهەموویانی یەکە بەیەکەو بەکۆمەڵ داشتووە. ئیدی وای لێکردوون، بەقسەی بکەنو دوای بکەون (حتی أجابوا وأنقادوا، ...) یان ریشی خۆیان بەدەستیەوە بدەن. بەداخەوە، ئێمە پەیماننامەی مۆرکراوی هەردوولامان بەدەستەوە نییە، کە بۆ والی بەغدا ڕەوانە کراوە.

یەکێك توانیبێتی بگاتە لوتکەی دەسەڵاتی دینی ـ سیاسی، چۆن لەپڕ پرۆژەکەی هەرەس دەهێنێتو خۆی دەکێشێتەوە، یان دەست دەکێشێتەوە لەو هەموو دەسەڵاتو توانایەو دێتە سەر خاڵی (سفر)و هیچی پێ نامێنێت؟

مەولانا لەدەوروبەری ١٨٢٠ز دەسەڵاتی ژمارە (١) بووە، مەحمود پاشا دەسەڵاتی ژمارە (٢)و وەسمان پاشا دەسەڵاتی ژمارە (٣)و ئینجا کەسانی تر لەلوتکەی هەرەمەکەوە، بەرەو خوارەوە، یەك بەدوای یەکدا هاتوون. کێشەی دەسەڵاتی کوردی ئەو زەمانە، ئەوەبووە: دەسەڵاتی ژمارە (١) بێچەك بووە، دەسەڵاتەکانی تر چەکدار بوون، تەنانەت، بەشێك لەبراکانی مەحمود پاشا، کە دەوری ئۆپۆزسیۆنی ـ بنەماڵەییان ـ دیوە وەکو: (حەسەن پاشاو سلێمان پاشاو...)، ئەوانیش هەر هەموو چەکدار بوونو پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ هێزە ناوچەییە بچوكو گەورەکاندا هەبووە. پاشای بابان لەڕووی سەربازیو ئیداریو ئابووریو داراییەوە، ئەوەندە بەهێز نەبووە بتوانێت، بەرەنگاری هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بگرێت، کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بەسوپای کۆكو تەیارەوە یارمەتی دەدرانو پشتگیری دەکران.



لەناو کۆمەڵێکی نامەدەنی پڕ چەککراودا، دەسەڵاتی لوولەی تفەنگ بڕیاردەرو چارەنووسساز دەبێت، نەك دەسەڵاتی وشەو بیروباوەڕ. مەولانا بڕوای بەوە نەبووە، میلیشیا، یان سوپا دروست بکات. ئەوکاتە دەیتوانی تاقیکردنەوەی دەوڵەتی سەفەوی دووبارە بکاتەوەو دەسەڵاتە چەکدارە بچوکەکان لەناو پرۆژە سۆفیگەرییە ـ سیاسییە ـ چەکدارەکەدا بتوێنێتەوە. من بەدووری نازانم ستراتیجی مەولانا بریتی نەبووبێت لە: ڕاکێشانی کاربەدەستو کەسایەتییە بەهێزەکان بۆ ناو ڕێبازەکەو لەئەنجامدا، سێوی دەسەڵات لەدارەکەوە بەربێتە ناو کۆشی ئەو. ستراتیجی ئەو، ئەوە نەبووە دار سێوەکە، ئەوەندە بهەژێنێت، تا دوا سێو دەکەوێتە خوارەوە، بەڵکو چاوەڕوانی بووە، چاوەڕوانی گەیشتنو بەربوونەوەی کاوەخۆ. ئەو لەنامەیەکدا بۆ وەسمان پاشا (ژ. ٦٢) دەنووسێت: (پس اگر بمقتضای سکر درویشیء ذوق حال احیانا قصوری در تعارفات رسمی با یکی از شما واقع شود، ...). ئەم تێبینییە، کۆمەڵێك چیرۆكو داستانو ڕووداو، لەدیوی نەنووسراوی ئەودیویەوە، دەخوێنرێنەوەو پشتگوێ خستنو کەمگرتنو حیساب بۆ نەکردن بۆ سەرجەمی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، هەست پێدەکرێت. دیارە ئەو هەڵسو کەوتەی مەولانا بەمەبەستو پلان بۆ دڕێژراو بووە، نەك لەئەنجامی بێئاگاییو ڕێکەوتو (سکرو درویشی). ئەم ویستویەتی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای "بەهێز"، بەبچوكو کەم دەسەڵات بخوێنێتەوەو وەکو بورغویەکی سادەی مەکینەی پرۆژەیەکی زۆر گەورەو گرنگ ببینێت. ئەم پێی وابووە، هاتنە ریزی ڕێبازەکەوە، دان پێدانانی دەسەڵاتی ڕەهای دینیو سیاسی ئەوە. ئیدی ئەو دەسەڵاتەی ئەو، سەرەکیو بنەڕەتییەو دەسەڵاتەکانی تر لاوەکیو گوێڕایەڵن.

وەهمی پەیوەندی دەسەڵاتی ئاینیو سیاسی، لەسەر وەهم دامەزراوەو لەواقیعی تەرازووی هێزی ئەو زەمانەوە، هەر زۆر دوور بووە. دەسەڵاتی دینی نوێ، نەهێزی چەکداری سەربەخۆو نەهێزی ئابووری مەزنی هەبوو، نە ئەزموونی ئیدارەو دەسەڵات. بەپێچەوانەوە، میرانی بابان هەر یەکەیان، لەهەزار ئاوی دابوو. دەسەڵاتی نوێ، دیارە

نەیتوانیوە خۆی لەناو میکانیزمی دەسەڵاتی کۆندا بتوێنێتەوەو سەرکردایەتی لەدەستی بپچڕێنێت.

جڵەوی دەسەڵاتی دونیایی، هەروەکو جاری جاران، بەدەست بنەماڵەی بابانەوە بوو. هێزی چەکدار، ئیدارە، کاروباری ئابووریو دارایی لەلایەن ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەوە مۆنۆپۆڵو کۆنترۆڵ کرابوون. واتە: سترکتووری ئیدارەی دەسەڵات، لەیەك دەستدا قایم کرابوو. کاستی دەسەڵاتی دینی ـ قادری ـ بەرزنجی، بەشێکی بچوکی سترکتووری فەرهەنگی ئەو سەردەمە بوو. هێزی نوێی نەقشبەندی، لەقۆناغی دروستبوونو جێپێ قایمکردنو خۆسەپاندندا بوو. دامەزراوەیەکی نوێی هێشتا لەدەرەوەی سترکتووری میرنشیندا بوو. مەولانا، لەسۆنگەی دانپێدانان بەڕێبەرایەتی ئەو، لەلایەن بەشێك لەئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەواوە، ئیدی پێیوابووە، دەسەڵاتی ئەو، نەك تەنیا بەناو، بەڵکو بەواقعیش دەسەڵاتی ژمارە (١)و دەسەڵاتەکانی تر، ژمارەی بچوكو کەم نرخن.

دەسەڵاتی کۆن، کاتێك لە ((وەهم))ی هەردوو دەسەڵات ئاگادار دەبێتەوەو تەمومژی خەونێکی سامناك بەرەڵڵای دەکات، دەسەڵاتی نوێ دەگێڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمو ڕێگەی پێ نادات، جارێکی تر بۆ ناو گەمەی دەسەڵات بگەڕێتەوە.

## چینی فەرمانڕەواو کاستی شێخانی قادری:

یەکێك لەپرسیارە بنەڕەتیەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە، ئەم شەڕەی لەگەڵ ڕێبازی نەقشبەندیو مەولانادا کراوە، شەڕی چینی فەرمانڕەوا بووەو بەشێك لەشێخانی قادری ـ بەرزنجی کردوویانە بەنوێنەرایەتی دەسەڵاتی دونیایی، پێکدادانو زۆرانبازی "ئایدۆیۆلۆجی"و "عقیدە"یی ڕووی داوە، یان شەڕەکە شەڕی کاستێکی دینی بووە، کە توانیویەتی چینی دەسەڵاتدار، بەپێچەوانەی حەزو ئارەزووی خۆی بۆ چەقی شەڕگەیەکی بەرفراوان رابکێشێت؟



ئەوکاتەی مەولانا لەپایتەختی میرنشین دووردەکەوێتەوەو ماوەیەك بۆسەردانو هاوین بەسەربردن لەکوێستانی (سەرگەت)ی هەورامان دەمێنێتەوە، لەوێ مەولانا هەواڵو دەنگوباسی شاڵاوی پەلاماردانو تەنگ پێهەڵچنینو ڕاوەدوونانی موریدو دۆستو لایەنگرانی دەبیستێت، کە هەڵسوکەوتی نارەوا دژیان کراوە: (انواع حرکات عجیبة، نسبت باحبای این جانب کرده میشود. این جای تعجب است).[٤٣] پاش چەند دێڕێکیتری هەمان نامە، دەنووسێت: (جوێندانو غەیبەتکردنی هەژاران، کاری پیاوان نییە). پێدەچێت لەزۆر شوێن قسەی ناشرینو تاوانی نارەوای خرابێتە پاڵو حەملەی پڕوپاگەندەیی سەختی کرابێتە سەر، بۆ ئەم، جوێن بەجوێن وەڵام ناداتەوە؟ بەڵام بەتەواویش بێدەنگ نابێت.

دیارە هەواڵیان بۆ ناردووە، شاندێك لەزانایانی شاری سلێمانی (شێخ مارفی نۆدێو مەلا ساڵحو شێخ عەبدولڕەحیم) دەیانەوێت سەردانی مەولانا لەهاوینەهەواری سەرگەت بکەنو هەردوولا سەرلەنوێ ئاشت ببنەوە. مەولانا خالید بۆ خۆی چاوەڕوانی دیالۆگو گفتوگۆ بووە، بەمەبەستی ئاشتبوونەوەو گەڕانەوە. چاوەڕێی ئەوەش بووە، جارێکی دی لەسەر هەندێ جیاوازیو کێشەی ئایینی، دەرگای بیروڕا گۆڕینەوە بخرێتەسەر پشت. ئەو ویستویەتی داکۆکی لەبۆچوونی خۆی بکاتو ڕاستیی قەناعەتی خۆی بسەلمێنێت. ئەو بۆ وەسمان پاشا دەنووسێت: (من ئامادەم لەگەڵ ئەواندا بکەومە دانوستانو گفتوگۆ. ئەگەر دەرکەوت ئەوان، جگە لەبەخیلیو عینادیو مەبەستشێواندن، شتێکی تریان هەیە، ئەوە باشە. ئەگینا من ئامادەم دەستبەرداری ئیرشادو شێخایەتی بمو هەرچی منیش دەیلێم بیبنەماو نابەجێیە). ئەو بەفارسی ئەم دێڕانەی سەرەوەی بەم شێوەی خوارەوە دارشتووە: (وشما خودهم حاضر مجلس شوند، این فقیر با اوها مباحثه و گفتگو میکنم. اگر معلوم خاطر شد که سوای عناد وحسد وافساد غرض دگر دارند، خوب. والا بعد أز آن اگر مسکین دعوای ارشاد ومشیخت نمود معلوم میشود دعوای پوچ وعبث میکنم).[٤٤]

لەنامەکەدا، مەولانا دەیەوێت، بەزنجیرەی بەڵگەی یەك لەدوای یەك داڕێژراو، راستەو ڕەوان، بەوەسمان پاشا بڵێت: (دڵنیابە ئەوانە قەت بۆ ئێرە نایەنو تۆش لەمەودوا هیچ گوێ لەقسەیان مەگرە، چونکە دەزانێت ئەو، ئەوە ناکات، بۆیە دەنووسێت: من لەسەرگەت چاوەڕوانی ئەو شاندە دەکەم، با ئەوان بۆ ئێرە بێن! رەنگە ئەوان بڵێن: ئێمە چۆن بۆلای ئەو بچین؟ ئەوان بۆلای من نایەنو بۆ خوا ئەو کارە دەکەن. ئەگەر ئەوان، هەر لەسەر نەهاتن سوورنو لەخۆیان ناگرن بۆ سەرگەت بێن، ئەوە هیچ کێشەیەك نییە، با هەردوولا لەخورماڵ (گوڵعەنبەر) چاومان بەیەك بکەوێت).

مەولانا وردەکاری رووداوێکی رابوردووی نزیکی بیر دەهێنێتەوە، چۆن لەزەمانی حوکمڕانی ئەوڕەحمان پاشادا، شێخ عەبدولکەریمو شێخ عەبدولڕەحیم بۆ لای (شێخ ڕەزای بێلوو) ڕۆیشتوون، کە مەقامو زانایی ئەو، لەگەڵ پلەوپایەی ئەمدا، هیچ جێگەی بەراوردو بەراوردکاری نییە. ئەو دەنووسێت: ئەگەر مەلاکان نایەن، تۆ خاوەن هێزو تواناو دەوڵەتیت، باوکت فەزڵی زۆری بەسەر ئەم مسکێنەوە هەیە، بەجوانی نازانم بۆ ئێوە، بەقسەی بێهوودە، ئازاری دڵی دەستەی هەژاران (أهل فقر) بۆ خۆت بەڕەوا ببینیت...).(٤٥)

ئەم بڕگەیە لەشانۆی گەشەکردنی رووداوەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە کۆتایی پێهاتووە، کە هیچ شاندێکی پیاوە ئاینییەکانو کەسانی دەستڕۆیشتووی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، بەرەو هەورامان نەڕۆیشتوون بۆ پێکەوە دانیشتنو گفتوگۆ کردن: لەنامەی ژمارە (٣٩) بۆ زانای گەورە (سەدرئەلدین محەمەد ئەسعەد ئەفەندی حەیدەری ماوەرانی) بەعەرەبی دەنووسێت: (وبعد ماسمعنا ان محمود باشا حاكم بابان يريد أن يرسل الينا قاضى السليمانية مع اشخاص آخرين معتبرين، يدعونا الى البلد لأستمالة قلوبنا والأعتذار عما سلف منهم في حق الفقير، أنتقلنا من قريتنا الى (اورامان) من مضافات (سنه)، ثم بلغنا أنه فسخ عزيمته حيث منعه بعض من لايخفى عليكم من



علماء السليمانية، فأسترحنا بحمد الله تعالى عن تكليف مرافعة مأمولهم، وتجشم محاورة رسولهم، ...) ل[٣٨٣].

ئەم بڕگەیە، ئەوە بەڕوونی دەردەخات، کە کۆمەڵێك لەزانایانی شاری سلێمانی نەیان هێشتووە شاندێك پێکبهێنرێتو بەرەو هەورامان بکەوێتەرێ: ئەو بڕیاری ڕۆیشتنی شاندەکەی هەڵوەشاندەوە، چونکە کۆمەڵێك زانا رێگەیان پێنەداوە. واتە: زاناکان، ئەو چرکەیە، راوێژکارێکی بێدەسەڵاتو پەراوێزخراو نەبوون، لەداڕشتنی دوا بڕیار، سەبارەت بەگەڕانەوەو نەگەڕانەوەی مەولانا، بەڵکو گروپێکی گوشاری زۆر بەهێز بوونو توانیویانە، بڕیارێك بەپێچەوانەی مەبەست، ئاوەژوو بکەنەوەو ناچاری میر بکەن، بەگوێرەی ئارەزووی ئەوان، بڕیاری چارەنووسساز دەربکات.

کەواتە: لەم بڕگەیەی سەرەوە، دەردەکەوێت بلۆکێك لەزانایان هەبووە، کە بەهێزبوونو ئەوان توانیویانە بڕیاری ئاشتبوونەوە بەبڕیاری ئاشتنەبوونەوە بگۆڕنو چینی فەرمانڕەوا، بەقسەی کردوون.

## سەرنج و سەرچاوە:

١. العزاوي، عباس: شهرزور ـ السليمانية (تحقيق: محمد على القرداغي) ط١، بغداد، ٢٠٠٠ ص٢٥٢.

٢. كاك محەمەدی مەلا كەريم بۆی گێڕامەوە، ئەو لەكتێبخانەی مەلا عەبدولكەريمی مودەڕیس، بەچاوی خۆی نزيكەی (٥٠ ـ ٦٠) كتێبی لەسەر مەولانا بەرچاو كەوتووە. عەباس عەزاوی، بەهەمان شێوە، نێوی دەيان سەرچاوە دەنوسێت، كە بەشێكيان دەسنووسن و لەكتێبخانەكەی ئەودا پارێزراون و هەرهەمووی لەسەر مەولانا، يان دژی مەولانا نووسراون. پێويستە دەزگايەكی زانستی تايبەت بۆ (مەولاناناسی) دابمەزرێت و بايەخ بەچاپكردنەوەو زيندووكردنەوەی ئەو سامانە فيكرييە گەورەيە بدات.

٣ـ دوو لێكۆڵينەوەی گرنگ بەفەڕەنسی و ئينگليزی لەسەر مەولاناو ڕێبازی نەقشبەندی بڵاوكراونەتەوەو هەردووكيان شايانی ئەوەن بكرێنە كوردی. بڕوانە:

ـ أبو مانح، بطرس: النقشبندية المجددية في الاراضي العثمانية في بداية القرن التاسع عشر (ترجمه عن الانگليزيه: هەوراز سوار): في گولان العربي، ع٢٧، اربيل ٢٥ آب ١٩٩٨، ص٤٢. (ناوی نووسەر بەهەڵە نووسراوە: (ابو منه) كراوەتە (ابو مانح).

ـ حكيم، هلكوت: ابعاد ظهور الطريقة النقشبندية في كردستان، في: دراسات كردية، ع١، پاريس، ١٩٨٤، ص٥٥.

٤. نووسين لەسەر بيری سياسی مەولانا خاليد، لەهەموو ڕوويەكەوە، پڕۆژەيەكی زۆر گەورەيەو بەسەر چەند تەوەرێكدا دابەش دەبێت و ئەم كارەی من تەنيا يەك خاڵە.

٥. مدرس، مەلا عبدالكريم: (يادی مەردان) بەرگی يەكەم، بغداد ١٩٧٩. نامەكانی مەولانا لەچەند كتێبێكدا بڵاو كراونەتەوە، هەر ژمارەيەك بۆ نامەكانی مەولانا، مەبەست ئەو نامانەيە، كە لەبەرگی (١) يادی مەرداندا بڵاوكراوەتەوە.



٦. هەر نووسەرێك، يان خوێنەرێك، سەرچاوە نوێيەكان لەسەر مەولانا بەتەنيشت يەكەوە دانێت، ڕادەی جياوازی بۆ دەردەكەوێت.

٧. العزاوي، عباس (المصدر السابق) ص٢٤٩ـ٢٥٤.

٨. سێيڤری، راجر: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی: سەلاحەددين ئاشتی، بنكەی ژين، سلێمانی ٢٠٠٦، ل ٥١.

٩. الوردي، الدكتور علي: لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، بغداد، ١٩٦٩ ص١٧٠.

١٠. رسول، د. رسول محمد: الوهابيون والعراق. رياض الريس للكتب والنشر، بيروت ٢٠٠٥ ص٣٤.

11. Tibi, Bassam: Der Islam und das Problem der kulturellen Bewältigung sozialen Wandels. Frankfurt am Main, 1985, S. 218.

١٢. محەمەد، كەمال ڕەئووف (بابی لالۆ): عەقيدەی ئيمان ـ عەقيدەی كوردی (لوببەلعەقاييد). ئاراس. هەولێر، ٢٠٠٤ ل٧٦و ١٠٣.

١٣. (سەرچاوەی پێشوو) ل ٧٦.

١٤. (سەرچاوەی پێشوو) ل ١١٢.

١٥. مدرس، مەلا عبدالكريم (سەرچاوەی پێشوو) ل ٣٩٦.

١٦. (سەرچاوەی پێشوو) ل ٣٩٧.

ئەم نووسراوەی نۆدیٚ (تحرير الخطاب في الرد على خالد الكذاب) بڵاونەكراوەتەوەو دەستنووسەكەش لەهيچ كوێ دەنگوباسێكی نييە. بەڵام زۆر نووسەر ئاماژەيان پێكردووەو باسی ناوەڕۆكەكەيان كردووە. ڕەنگە ئەم نووسينە يەكەمين نووسين بێت ((وەرگرتن))و ((لاسايی)) كردنەوەی ئينگليز، ئاماژەی پێكراوە: "وإنه ذهب الى الهند فتعلم من السحرة الجوكية، ومن نصارى الإنگليز ديناً ظهر عندهم..." .

نزار أباظة: الشيخ خالد النقشبندي، دار الفكر المعاصر، بيروت، ١٩٩٨، ص١٥.

١٧. الخال، محمد: (الشيخ معروف النودهى): دار مطبعة التمدن ـ بغداد ـ ١٩٦١، ص١٧.

١٨. مەولانا لەچەند نامەیەکدا ئاماژە بۆ بزاڤی وەهابییەکان دەکات و پیرۆزبایی سەرکوتکردن و لێدانیان دەکات.

19. Riedenthal, Richard: Luther, piper verlag, München, 2005, S. 327.

٢٠. حسين، ناظم بيگ: تأريخ الأمارة البابانية، ترجمة: شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس. ط١، موكرياني، أربيل، ٢٠٠١ ص٣٠٧.

٢١. مدرس، مەلا عبدالكريم (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٥٤.

٢٢. (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٥٧.

٢٣. (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٥٧.

٢٤. ادموندز، سيسل جى: كردها، ترك ها، عرب ها (ترجمه: ابراهيم يونسى)، تهران، ١٣٦٧، ص٨٣.

٢٥. بويل، جى.. آ.: تاريخ ايران كيمبريج. مترجم (حسن انوشه) جلد پنجم، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٠ هـ. ش. ص٥١٨.

٢٦. مؤيد ثابتى، اسناد تاريخى، ص ٣٧٣.

راوندى، مرتضى: تأريخ اجتماعي در ايران ـ فرقه هاى مذهبى در ايران ـ جلد نهم، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٤ هـ. ش، تهران، ص ٢٧٦).

٢٧. زكى، محمد أمين: تأريخ السليمانية وأنحائها (ترجمة: محمد جميل بندى الروژبيانى) بغداد، ١٩٥١، ص٢١٧.

يذكر المترجم في هامش الصفحة المذكورة أعلاه ملاحظات هامة هذا نصه، بدون أي تغيير أو تصحيح: ((جاء في( ص ـ ٣) من رسالة (سراج السالكين) الخطية التي وضعها (الشيخ حسين القاضي) باللغة الفارسية مافحواه : (كانت الطريقة



(النوربخشية) التي أسسها (السيد محمد نور بخش) - أخو السيدين : (عيسى)، (موسى) البرزنجيين، هي الشائعة في أنحاء (كردستان) حتى عهد (السيد بابا رسول)، فأضاف اليها الطريقة (العلوية) - وهي فرع من الطريقة (الخلوتية) - وتمسك بهما، فأنتشرت الطريقة الثانية أيضاً، بين السادات البرزنجية، وعمت أنحاء (كردستان). واستمرت هذه الحالة، كما هي، حتى عهد (السيد محمد النودهى)، فقام نجله الأجل (السيد اسماعيل القازاني - الولياني) بعد أن درس الطريقتين المذكورتين على والده، يسافر الى (بغداد) فحظي هناك بزيارة (الشيخ أحمد الأحسائي، فبايع به، وسلك على يده الطريقة القادرية، ثم رجع، فسكن قرية من علماء (كردستان) و (العراق)، ثم استخلف أربعة خلفاء: ابنه الماجد (السيد رضا الدهليزي)، وأخاه (السيد علي القطني) وابن أختيه (الشيخ محي الدين القولاوي)، و(الملا علي السوسي).

پێویستە دەربارەی بابا عەلی هەمەدانی و محەمەدی نووربەخش چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی بنووسرێت. زانیارییەکان هەر زۆر ناکۆك و دژ بەیەکن. زۆربەی نووسەران تەنیا لەگۆشەنیگاو زانیاری شێخانی بەرزنجەوە مێژووی بابا عەلی و محەمەدی نووربەخشیان نووسیووە. نووسەرە ئێرانی و پاکستانییەکان بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لەسەر نووربەخش دەنووسن، بۆ بەراورد بڕوانە :

* Shahzad Bashir: Messianic Hopes and Mystical Visimns, University of South Carolina Press, 1997,p.29.

** دكتر محمد على رنجبر: مشعشعيان، ماهيت فكرى – اجتماعى و فرايند تحولات تاريخى، مؤسسة انتشارات آگاه. تهران، ١٣٨٧، ص٧٥.

٢٨. توكلى، محمد رئوف: تاريخ تصوف در كردستان، انتشارات اشراقى (ناوى شوێن و کاتی چاپی پێوە نیە) ص١٣٥.

٢٩. محمد، محمود أحمد: الشيخ معروف النودهى و داود پاشا((والى بغداد))، في: مجلة كاروان، ع٦٠، أربيل، ١٩٨٧، ص١٤٢.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

30. Bruinessen, Martin van: THE NAQSHBANDI ORDE IN 17TH – CENTURY, KURDISTAN, 1995, P42.

مه كتەبی بیروهۆشیاری

٣٠. مارتین فان بروینسن: (س. پ) ل٤٣.

٣١. مدرس (س. پ) ل٢٧١.

٣٢. (س. پ) ل٢٤٤.

٣٣. (س. پ) ل٢٩٥.

٣٤. دەمەوێ سەرنجی خوێنەرانی ئازیزو نالیناسان بۆ لایەکی شاراوەو بزر لەژیانی ((نالی)) رابکێشم: ئەو شیعری سیاسیی کوردی جگە لەسلێمان پاشاو ئەحمەد پاشا، بۆ هیچ میرێکی تری نەنووسیوە! شاعیرێکی بەهرەمەندو کارامە چۆن پێش ساڵانی ١٨٣٨ ئاماژەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بۆ هیچ میرێکی تر نەکردووە؟

من پێموایە: ئەو لەبەرەی مەولانا خالیددا بووەو پەیوەندی لەگەڵ مەحمود پاشای باباندا باش نەبووەو هەردووکیان چارەی یەکتریان نەویستووە. ئەو، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئاوابوونی ئەستێرەی مەحمود پاشای کردووە. ماوەی دەسەڵاتی سلێمان پاشا کورت بووە ١٨٣٥ ـ ١٨٣٨ز. مردنی سلێمان پاشاو سپاردنی دەسەڵات بەئەحمەد پاشا مۆتیڤی شاکارێکی سیاسی بووە، لەشاکارەکانی ((نالی)):

ـ تا فەلەك دەوری نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو ـ

ڕووداوە سیاسییەکانی پێش ١٨٣٨ز شاعیر دەبزوێنێت، بەڵام نابێتە هەوێن و ژان بەلەدایکبوونی قەسیدەیەکی نوێ نایگرێت و بیشیگرێت، ناوی سمبۆلی دەسەڵات ناهێنێت.

من پێموایە ((نالی)) وەکو حافزی شیرازی، سۆفی بووەو یەکێك بووە لەموریدە گەنجەکانی مەولانا. سالم توانیویەتی پەیوەندی رۆحی خۆی بەمەولاناوە، لەیەك دوو بۆنەدا بەئاشکرا دەربڕێت، بەڵام ((نالی)) هەست و نەستی خۆی لەپشت دیوارێکی رەوانبێژی تەمومژاوی ئەستوور شاردۆتەوە:



نەی، کە صاحیب سیڕڕە، سەرتاپا بەئەمری (کن) کونە
باطینی (قِفْ قِفْ علی سِرِي) بە ظاهیر قەف قەفە

٣٥. ناظم بیگ، حسین: (المصدر السابق) ص٢٩٩.

٣٦. ریچ، کلۆدیۆس: گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە بۆ کوردی (محەمەد حەمە باقی) تەورێز ١٩٩٢ ل٣٢٣.

٣٧. الوردي، علي (المصدر السابق) ص١٧١ .

ناظم بیگ، حسین (المصدر السابق) ص٣١٠ ..

داڕشتنەکەی (عثمان بن سند الوائلي البصری: مطالع السعود)، تحقیق: عماد عبدالسلام رؤوف و سهیلة عبدالمجید القیسي. ص٢٩٩ ئەو وردەکارییەی حوسین نازمی تێدا نییە.

٣٨ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،(س. پ) ل٢٠٥.

٣٩. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س پ) ل٢٠٤.

٤٠. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س. پ) ل٢١٠.

٤١. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س. پ) ل٢٠٦.

٤٢. ریچ، کلۆدیۆس: (س. پ).

٤٣. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س. پ) ل٢١٠.

٤٤. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س. پ) ل٢١١.

٤٥. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس (س. پ) ل٢١١.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# چەپکێکی تر لەگوڵزاری نالی
# بۆ یادی ١٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی نالی[*]

[*] لە کتێبی ئەنتۆلۆگیا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩ و ئایندە ژمارە (١) و ژمارە (٢) تەمموزو ئابی ١٩٩٩ و ئایندە: خەیاڵ و رۆح ـ سلێمانی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

نزیکەی بیستوودوو ساڵ بەسەر چاپکردن‌و بڵاوبوونەوەی کتێبی ((چەپکێك لەگوڵزاری نالی))ی مامۆستا مەسعوود محەمەددا[1] تێدەپەڕێت. لەوساوە تائەمڕۆ کەسێکی تر بەخت یاری نەبووە، چەپکێکی تر بخاتە پاڵ ئەو زێڕو گەوهەرە بەنرخەی ئەو، هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەی سەرەوە، ڕەنگە تۆزێك لەلاسایی‌و بەخۆدا ڕاپەرموون بچێت، چەپکێك وەکوو چەپکەکەی ئەو بەوەنەوشەو نەرگس‌و هەڵاڵە بڕازێنرێتەوە. ئەم چەپکە لەکوێ‌و ئەو چەپکە لەکوێ "کەی پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات!" ئەگەر خوێنەری ئازیز ئەم نووسینەی بەندە، بەمشتێك پووش‌و پەڵاشی سیلەی گوڵزارو چیمەنی نالی وەرگرێت، ئەوە هەتا ماوم، هەر شوکرانە بژێر دەبم. ئەم ناونیشانە ڕێزلێنانی هەوڵ‌و تەقەلای کەسانی بەتواناو داهێنەرە، کە لەزۆر بواردا ڕچەیان بۆ شکاندووین، با لەبیرکردنەوەو جیهانبینیشدا زۆر لەیەکەوە دوور بین.

ئەم نووسینە بۆ یادی تێپەڕبوونی ١٢٥ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی نالی تەرخان کراوە. هەر بۆ یادکردنەوەیە، بۆ ئەوەیە کەسانی زاناو لێوەشاوە، ملی هەمان ڕێگەی پڕ کەندو لەندی چەپکێك لەگوڵزاری ((نالی)) بگرنە بەرو چەپکی تر لەپاڵ ئەو چەپکەدا دانێن.

هیوادارم مامۆستا مەسعوود محەمەد* خۆی ئاوڕێکی تر لەم داوانە بداتەوە، کەئاماژەی بۆ هەندێکیان کردووە، بەڵام بەسەری نەکردوونەتەوە.

لەدووتوێی ئەم نووسینەدا، ڕەنگە نەتوانم بابەتێکی نوێ بهێنمە پێشەوەو هەر زوو ئاسۆی کۆڵەواری دەرکەوێت‌و هەر کەس بەدەنگەوە بێت‌و فریا بکەوێت،ماڵی ئاوا بێت. بریا کەسانی وەکوو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم‌و د. مارف خەزنەدارو کاك ڕێبوار سیوەیلیش[2] بەدەنگەوە بێن‌و جارێکی تریش گوڵچن بن لەگوڵزاری نالیدا.

---

* ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٩٩ نووسراوە، ئەو کاتە مامۆستا مەسعوود لەژیاندا بوو.



### دامان بەدەست داوەکانەوە

هاوینی ١٩٨٥ چەند جارێك بەخزمەت هێمنی موکریانی گەیشتم. ئەو سەر زەمان‌و بنزەمانی باسی شیعرەکانی نالی بوو. هەر زۆریش شانازیی بەتێگەیشتنی هەندێك شیعریەوە دەکرد، کەکەم کەس پێش ئەو لێی تێگەیشتوون. بەداخەوە، ئەو کاتە من هەر بایی ڕێزی گەورەیی‌و بچووکی سەرم بۆ دەلەقاندو خواخوام بوو زوو بیبڕێتەوەو بێتەوە سەر بیرەوەریی دەورانی کۆماری کوردستان، ئەو هەر نەیدەبڕیەوەو دەروێشانە یادی پیری دەکردەوە:

"مامۆستا مەلا کەریم‌و کوڕەکانی کارێکی یەکجار گەورەیان ئەنجام داوەو خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردیان کردووە. ئەوان بەو هەموو دانایی‌و بلیمەتییەوە هێشتا زۆر مەتەڵی شیعری ((نالی))یان بۆ هەڵنەهێنراوە، مامۆستا مەسعوود محەمەد تاقە کەسە لەنێو کورداندا، بەباشی لەشیعری نالی گەیشتبێت، پاش تۆزێك ڕامان وەکو یەکێك شتێکی نوێی بیر بکەوێتەوە: "بەخوا ئەو گەورەپیاوەش بەتەواوی لەشیعری نالی نەگەییوە."ئەوجا هەندێك نموونەی دەهێنایەوە، کەبەشێکیان لەپێشەکیی دیوانی نالی ــ چاپی انتشارات صلاح الدین ایوبی ــ دا[3] هێمای بۆ کردوون:

دیدە نیگهبانی یار، ناڵەی دڵ نەی سیار
تیپی سریشکم هەزار ئاهە عەلەمداری من

ئەو بەدوورو درێژی باسی سەرئێشەی گەڕان بەدوی ((نەی سیار))و ((هەزار))ی دەکرد، کەچۆن لەکۆڕی زانیاریی کورددا بۆیان نەدۆزراوەتەوە.

لەم ڕۆژانەدا کەسەرقاڵی ئەم نووسینە بووم، هەر بەڕێکەوت چاوم بەکتێبی ((یەك ڕۆژ لەژیانی گوێتە)) کەوت.[4] تاکتێبەکەم نەخوێندبووەوە وام دەزانی ئەم نووسینە ٢١٢ لاپەڕەییە، خەیاڵ‌و خەیاڵبازییە. کابرا هەروا بۆ ئارەزوو ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ کارەکەی ڕابکێشێت. کەچاوێکم

بەپێشەکییەیدا گیرا. بۆم دەرکەوت، هەر بەڕاستی هەموو کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ یەك ڕۆژی زۆر ئاسایی لەژیانی ئەو شاعیرە. ڕۆژی دوو شەممەی ١٢ی نیسانی ١٨١٣، ئەوجا لەدڵی خۆمدا گوتم: لای ئێمە بەلاپەڕەونیویێك لەباسکردنی ژیانی شاعیرێك دەبنەوەو چاوەڕوانی ستایشیش دەکەن.

هەر بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز، بایەخپێدانو ڕێزگرتنی گەلانی خواپێداو لەشاعیرو نووسەرانیان، چاکتر بهێنێتە بەر چاوی خۆی، پێم باشە تۆزێك لەسەر چۆنێتیی گرنگیپێدانی ئەڵمان بەگۆێتەی شاعیر ، وەکوو نموونە، بهێنمەوە:

سەبارەت بەگۆێتە زانیارییەکی زۆر هەیە. جارێ سەرجەمی بەرهەمەکانی بەتەواوی، لەژێر چاودێریی خۆیدا چاپ کراون. بیرەوەریی ڕۆژانەی، هەر هەموو نامەکانیو نامەی ئەوانەی نامەیان بۆ نووسیوە، بڵاوکراونەتەوە.

ئەو کەسانەی گفتوگۆو دانوستاندنیان لەگەڵ ساز کردووە، بەرسڤی ئەوو بیروڕای ئەو کەسانەش، بەشێکی زۆریان، کاتێك بڵاوکراونەتەوە، گۆێتە هێشتا لەژیاندا بووە. هەر نووسینەکان خۆی ١٤٣ بەشەو ساڵی ١٨٨٧ـ ١٩١٩ لەشاری ڤایمار چاپ کراون. ئەو کۆشكو تەلارانەی تێیاندا ژیاوە، هەر وەکوو خۆیان پارێزراون. هەرچی لەناو ماڵەکاندان بەبێ دەستکاری ماون. ئەو کتێبانەی خوێندونەتییەوەو بەدەستی خۆی لەناو جامخانەی داناون، جێگۆڕکێیان پێ نەکراوە. هەرچی وەسڵو حیساباتی وەستاو بۆیاخچیی دیوارو دارتاشو ئاسنگەر هەیە، هەر هەمووی لەبەردەستدان. بەهۆی ئەم بەڵگانەوە دەزانرێت لەچ ساڵێکدا دیواری بەرهەیوانو ژووری میوان ڕەنگیان چۆن بووە. ئەو کتێبانەی لەکتێبخانەی گشتی بۆ ماوەیەك وەریگرتوون، کارتی پێدانو دانەوەیان هەڵگیراوەو دەزانرێت ئارەزووی لەخوێندنەوەی چ کتێبێك بووە.. تاد٠

کەواتە: هیچ کەسێك پێ ڕاناگات، ئەگەر هەر هەموو ژیانیشی بۆ تەرخان بکات، هەموو نووسراوەکانی گۆێتەو ئەوەی تا ئێستا لەسەری نووسراوە بخوێنێتەوە.



من کەسەیری وڵاتانی تر دەکەمو بیر لە نووسین لەنالی دەکەمەوە، لەدڵی خۆمدا دەڵێم:"مێروولە تۆ لەکوێو قوللەی قاف لەکوێ!" کەدەبینم هەموو ساڵێك چەند کتێبو لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرێکی وەکوو گۆێتە دەنووسرێنو لەچەند زانکۆدا، چەندین پسپۆڕ لەسەر بەرهەمێك لەبەرهەمەکانی هەنو هێشتا دەگوترێت ئەم شاعیرە بەداخەوە مافی خۆی نەدراوەتێ! ئەوجا قەڵەم چۆن ئارەزووی نووسینی لەسەر ژیانو بەرهەمی شاعیرێکی کورد هەبێت!

بەشێکی تری دژواریی نووسین لەسەر نالی، لە سروشتی شیعرەکانیەوە هەڵقوڵاوەو هەڵدەقوڵێت: لەوە ناچێت، لەهەندێك شوێندا، ئەو زۆر مەبەستی بووبێت زۆربەی خەڵك لێی تێبگەن.

**نەظمی (نالی) میثلی ئاوو ئاوێنە ڕەنگی نییە.**
**دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفیو یەك ئاشکار** (ل ١٧٤)

خوێندەوارێکی ئاسایی ـ خۆشم یەکێکم لەوان ــ بڕوا ناکەم ئەوەندە حەوسەڵەی شەنوکەوی واتای سەرەوەو بنەوەی بەیتەکانی هەبێت. لەوە دەچێت ئەو پەیامی خۆی تەنیا ئاڕاستەی دەستەی سەرباشقەو هەڵبژاردە (نخبە) کردبێت، یان تەنیا سەرگوڵی دەستەی هەڵبژاردەی لەبەرچاو گرتبێت. ئەمەش ڕەنگە هۆیەکی بنچینەیی بووبێت، هیچ مەلەوانێك نەوێرێت خۆی لەقەرەی ئەم دەریایە بدات. لەرووی چەندایەتییەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمی شیعرەکانی بە ئێمە گەیشتوون.

ئەم ژمارەیە کەمە، لەرووی چۆنایەتییەوە، لەرووی ڕەوانبێژیو فرەواتاییەوە، تووشو ڕژدو سەختن. وەچەکانی پێش ئێمەش، دەسا لەبەر کەمتەرخەمی بووبێت یان سروشتی شیعرەکان، بەرهەمێکیان بۆ بەجێ نەهێشتووین بوێرین نێوی لێ بنێین: "ئامڕازی ئاسانکردن" یان "ئامڕازی ئاسانکردنی تێگەیشتنی شیعرەکان". لەئەدەبیاتی فارسیدا چاوم بە ((فرهنگ اشعار حافظ)) کەوتووە. ئەگەر ئەو ئەرکە گەورەیەی مامۆستا

عەبدولکەریمی مودەڕیس‌و کوڕەکانی لەحەفتاکانی ئەم سەدەیەدا کێشاویانە، لەسەرەتای بیستەکاندا بووایە، دەڵێم: ڕەنگە کارەکە قاڵبێکی تری وەربگرتایەو ئێمە ئێستا لەتاریکیدا ئەوەندە پەلەکوتەو تەپەتەپمان نەکردایە!

پڕۆژەیەکی ئابووریی گەورە، پێویستی بەلێکۆڵینەوەو پلان‌و سەرمایەی گەورە هەیە. بەوزەو توانایەکی بچووك، دەتوانرێت کارێکی بچووك بە ئەنجام بگەیەنرێت. بڵاوکردنەوەی دیوانی نالی‌و دوو کتێب‌و چەند لێکۆڵینەوەیەك، ئەوە تنۆکێك ئاوی سەر تاشەبەردێکی گڕگرتووە. ئەو کەلێنە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ توانا پێنەشکانی ئامڕازی ئاسانکردن، بەڵکوو لەناوچوون یان بزربی بەشێکی بەرهەمەکانی، زیاتر سێبەرو تاریکی دەخەنە سەر کارەکە. تەنانەت دیارینەکردنی شوێن ـ کات کارەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی گرانتر کردووە. ئەم جۆرە کەلێنە بۆ مامۆستا مەسعوود محەمەدو د.مارف خەزنەدارو کەسانی تریش هەر تەگەرەیەکی سەخت بووە. بیرمان نەچێت، ئەوەی نووسەران تا ئێستا کردوویانە جێگای ستایشە، بەبێ ئەو پێپلیکانەیە، سەرکەوتن بۆ کۆشك‌و تەلاری کەشکەڵانی ئاسمانی نالی، بۆ نەوەی دوارۆژ جۆرێك بوو لەخەیاڵ.

هەر بۆ نموونە: بۆ لێکدانەوەی زمانەوانی‌و لایەنی میتۆلۆژی‌و هونەری ڕەوانبێژی، کەم کەس هەیە ئەوەندەی مامۆستا مەلا کەریم شارەزایی ئەدەبی عەرەبی کۆن‌و ئەدەبیاتی فارسی‌و لاهووتی ئیسلامی‌و مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی‌و ئادابی سۆفیگەری‌و مێژووی ئەدەبی کوردیی کۆن هەبێت.. تاد٠ ئەم زانیارییانە گرنگن‌و چەند بەردێکی لەباری بناغەیین‌و بۆ تێگەیشتن لەشیعرەکان، دانراون. بەڵام هێشتا چەند خاڵێکی تریش ماوەو بۆ کەسانی تر، ئەگەر کەسانێك هەبن قۆڵی جوامێریی لێهەڵکەن:

١ــ لێپێچانەوەی مەیدانیی ورد، بەرفراوان، بیندرێژ لەئەستەموڵ‌و دیمەشق‌و بەغداو تاران، لەپێناوی دۆزینەوەی دەستنووس‌و بەڵگەنامەی تر. ئەو لەهەندێك لەو شوێنانەی ماوەیەك ژیاوەو بەرهەمی بووە، دوور نییە خۆی بەرهەمەکانی لەشوێنێك



پاراستبێت، یان دۆست‌و هاوڕێ‌و ئاشناکانی بۆیان هەڵگرتبێت. کۆکردنەوەی دوا دەنگوباس‌و بەسەرهاتی، بائەو باس‌و خواسە هەر زۆر بێبایەخ‌و بێتام‌و توێکڵ بن. پاشماوەی هەندێك لەبنەماڵەکانی شاری سلێمانی کە لەشوێنێکی وەکوو ئەستەموڵ جێگیر بوون.

ژیانی بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لەئەستەموڵ، دەوروبەری ١٨٥٣ــ ١٨٧٣ ئەگەر ماوەی حەجکردن‌و مانەوەی شامی لێدەربکەین، بۆ زانایەکی گەورەی فارسی‌و عەرەبی‌و تورکیزان، هی ئەوە نییە هەروا بەدەستەوەسان دانیشتبێت‌و کاتی بەدەستبەتاڵی بەسەر بردبێت.

ئەستەموڵی ئەو زەمانەش ناوەندێکی سیاسی‌و کولتووریی گرنگ بووەو ڕووناکبیرانی کوردو عەرەب‌و فارس‌و ئەرمەنی‌و..تاد ڕوویان کردۆتە ئەوێ‌و چالاکی خۆیان نواندووە. هیچ ئەقڵێك نایگرێت، نالی ژیانی بەگۆشەگیری بردبێتە سەر! باشە ئەی بەچی ژیاوە؟ یەکێك لەشارەزوور نەیتوانیبێت سەر کز بگرێت‌و دەست بەکڵاوی خۆیەوە بگرێت، چۆن لەپایتەخت‌و ناوەندی جووڵانەوەو کەفوکوڵ‌و زۆرانبازی‌و ئاڵوگۆڕی کولتووری ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا، هەروا قڕوقەپ گۆشەی حوجرەو تەکیە دەگرێت؟

بۆ بەدووری بزانین، یەکێکی تری وەکوو محمد طاهر افندی بورسلی لەقاموسی عوسمانلی مؤلفلری[٥] لەسەر نالی بنووسێت‌و ساڵی کۆچی دوایی تۆمار بکات ١٢٩٠ی کۆچی (١٨٧٣ی زاین): بڵێ لەئەستەموڵدا نێژراوە! بۆ بەدووری بزانین بۆرسەلییەکی تریش هەبێت‌و لەگۆشەی ڕۆژنامەیەك، گۆڤارێك، کتێبێك چەند دێڕێکی تری لەسەر بڵاوکردبێتەوە!

٢ــ شیعرەکانی پڕن لەچەمك‌و زاراوەو ڕەمزی جۆراوجۆر. بۆ زاڵبوون بەسەر تێگەیشتنی ئەو ماکانەی شیعرەکانیدا، دەبێت ڕەخنەگری ئەدەبیمان هەبێت لەزانستی دەروونناسی یان کۆمەڵناسی یان ئەدەبی بەراوردکاری پسپۆر بێت. تۆزێك لێهەڵکڕاندن بەتەنیا دادمان نادات.

کاك ڕێبوار سیوەیلی لەهەردوو هەوڵو تەقەلاکەیدا سوودی لەسایکۆلۆژیا وەرگرتووەو هەنگاوێکی نوێی ناوە، بەداخەوە لەدەست (تجرید ـ ئەبستراکت) دەرباز نەبووەو زۆر میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی ئارایشت کردووەو لەکرۆکی شیعرەکان دوور کەوتۆتەوەو بەنامۆیی ماوەتەوە. بریا کاتی نووسین لەسەر ((مەستوورە)) دوو شیعری تری هەمان بابەت (ئیرۆتیك ـ Erotik)ی پشتگوێ نەخستایە:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئا. ئیلتقای پۆلاو ئاسن (ل ١٧٠)

ب. شەوی بەهاری جوانی (ل ٢٠٤)

چونکە تەواوکەری یەکترنو باشتر یارمەتیی تێگەیشتن دەدەن.

٣ـ یەکێك لەتەنگوچەڵەمەکانی نووسین لەسەر ژیانو بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی سەدەی پێشوو ئەوەیە کەهەر زۆر کەمیان لەسەر نووسراوە.

ئەوەی نووسراویشە یان تەنیا باسی یەك لایەنی ژیانی ئەو شاعیرەی کردووە یان بۆ یارنەبوونی بەختو ناوچاوانی مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕێگەی تەواوکردنی ئەو پرۆژەیەی نەدراوە، هەلومەرجی سیاسیو ئاستی پێشکەوتنی ڕووناکبیری کورد دەوری کاریگەری گێڕاوە. ڕاگرتنی پرۆژەی دە بەرگی (حاجی قادری کۆیی) کەمامۆستا مەسعوود محەمەد ئەرکی جێبەجێکردنی لەسەر شان گرتبوو، هێشتا لەبەر چاوی هەمووانە.

نووسینی لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەسەر ژیانو بەرهەمی حاجی قادرو کەیفیی جوانڕۆییو شێخ ڕەزای تاڵەبانیو ئەمین فەیزیو..تاد هەر هەموو ئەو نووسەرو ڕووناکبیرانەی ئەوکاتە ژیانی ئاوارەییو دەربەدەرییان لەئەستەموولّ بەسەر بردووە. ڕەنگە تروسکایی بخاتە سەر ژیانی هەر یەکێکیان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تروسکایی بخاتە سەر ژیانی ئەوانی دیکەش.

بەزمانی کوردی، دەوێرم بنووسم، لەسەر تاراوگەو دیاسپۆرا (جالیە)ی کوردی ئەو زەمانەی ئەستەموولّو دیمەشقو تاران هیچمان نەنووسیوەو هەر زۆر کەم دەزانین، ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە.



گوێتە لەدیوانی ڕۆژئاوایی ـ ڕۆژهەڵاتیدا ئەم شیعرەی نووسیوە:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کێ دەیەوێ لەشیعر بگات،
دەبێ بۆ وڵاتی شیعرەکە بڕوا.
کێ دەیەوێ لەشاعیرێك تێ بگات،
دەبێ بۆ وڵاتی شاعیرەکە بڕوا. (٦)

## ئێمە لەکوێو (خاكو خۆڵ) لەکوێو گوێتەو (ڤایمار) لەکوێ؟

ئەو کارەی ئێمە دەیکەین لەسەر بناغەی مەزەنە دامەزراوە. بەهۆی هێمای شیعرێکەوە خەیاڵمان بۆ شوێنێك دەچێتو ڕەنگە ڕاست بێتو بیگرێت، زۆرجاریش شاباڵی ئەندێشەو خەیاڵ بەنزیکبوونەوە لەواقیع هەڵدەپروێتو هەموو کۆشكو تەلارەکان هەرەس دەهێنن.

ئەم شیعرەی گوێتە، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستییەکی تێدایە: تا یەکێك نەچێتە نێو پێستی شاعیرەوە، ناتوانێت لێی تێبگات. کابرایەکی چینی، ئەگەر ئێرانی نەدیبێت، ناتوانێت لە حافظو سەعدی شیرازی تێبگات.

ڕەنگە زێدەڕۆیی زۆرم نەکردبێت، ئەگەر بڵێم: ڕووناکبیرێکی کۆیی باشتر دەتوانێت لەشیعری حاجی قادری کۆیی بگات، تا ڕووناکبیرێکی هەولێری یان شەقلاوەیی، ئەگەر هەرسێکیان لەیەك ئاستی ڕووناکبیریشدابن.

من، بەداخەوە، نەشارەزای خاكو خۆڵو شارەزوورم، نەبەناو مزگەوتو تەکیەو خانەقاو شوێنەواری بابانەکاندا گەڕاوم، نە ئەستەموولّم بینیوە، نەحەجم کردووەو..تاد. کەواتە ئەوەی پێویستی سەرەتایی تێگەیشتن بێت، بەداخەوە، بۆم نەهاتۆتە دی. کەواتە: بۆ خۆمم بەم جەنجاڵەوە ئالاندووە؟

پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ
ماسیوای مەعشووق نەبۆش ئاخو داخ (مەولەوی)

## دووری نزیك و نزیكی دوور

سەرەتای حەفتاكان، كەتازە خوێندنی كوردی فێر بووبـووم، بەئاسـانی لەمەولـەوی‌و وەلی دێوانەو بێسارانی‌و سالم‌و كوردی‌و حاجی قادری كۆیی‌و..تاد تێدەگەیشتم. هەرچـی سەرم دەهێناو دەبرد، هیچم لەشیعرەكانی نالی هەڵنەدەكڕاند. كۆمـەڵێك وشەی عەرەبیی گران‌و باسی دڵداری. ئاو بێنەو دەست بشۆ! ئـەو هـەموو نووسـەرو شـاعیرەش گرنگیـی پێدەدەن‌و باسی كەڵەگەتیی داهێنـانی دەكـەن. ئەوەنـدە بـوێریش نـەبووم، ڕاستەوراست بنووسم: "من بەدیار شیعرەكانی نالییەوە تەقەی سەرم دێـت‌و هـەر دەڵێیـت گـوێزم بـۆ دەژمێرن."یەك دوو جارێك تاوم دایە ((چەپكێك لەگوڵزاری نالی)) هەرچـیم كـرد چـوار لاپەڕەم بۆ نەخوێنرایەوە.

ئەمـەش دەردەكەی"الوسيلة في شرح الفضيلة"یە، لەدڵی خۆمـدا گـوتم: "وەسـیلە" هەر زۆر لە"فضیلە" ئاڵۆزتر نووسراوە.

سـاڵان تێپـەڕین‌و هـەر جـارەش شـتێكم لەسـەر شـیعرەكانی نـالی دەخوێنـدەوە، ئەزموونی تاراوگەو دوورەوڵاتی تادەهات ئاسۆی شیعرەكانی حـاجی قـادرو نـالی لەبـەر چاو روونتر دەكردمـەوە.

**بێسارانییەن نەتۆی فەرد من:**

**"خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساكن"** (٧)

سروشـتی مـرۆڤ وایـە، كـاتی لێقـەومان‌و سەرلێـشێوان‌و تێكـشكان بـەدوای "خەمڕەوێن"ێكدا دەگەڕێت. زۆر جار قسەی هاوڕێیەكی دڵسۆز دەبێتە مایەی ئـارامی‌و كەمكردنەوەی ئازارو خەفەت‌و پەژارە. شیعرەكانی نالییش دەوری دڵسۆزو خەمڕەوێنیان بۆ من بینیوە. بەرەبەرە بەهۆی ئەوەوە لەخۆم تێدەگەیشتم‌و بـەهۆی ئـەزموونی خۆشمـەوە لەو تێدەگەیشتم.



لەسەرەتادا، هـۆی هـۆگریی خـۆمم لاڕوون‌و ئاشـكرا نـەبوو، پاشـان گەیـشتمە ئـەو بڕوایە، كەنەك تەنیا شارەزایی زمانەوانی‌و سـەردەركردن لـە (موحەسـسیناتی بـەدیعی) بەسن بۆ هۆگری‌و دەروێشی، بەڵكوو نزیكبوونەوەی رووحی‌و لەیەكچوونی تاقیكردنەوەی خۆشەویستی‌و سیاسی‌و كۆمەڵایەتی رەنگـە هۆیـەكی بنـچینەیی بـن بـۆ ئـالوودەبوون‌و تێگەیشتن.

مـن جـاران دەروێـشی سیاسـی بـووم‌و ژیانیـشم بـۆ سیاسـەت بـوو، لەشـاعیرە ناسراوەكانی سـەدەی پێـشوو، سـالم‌و حـاجی قـادرم بـەلاوە هـەر زۆر گـرنگ بـوون. لـەم حاڵەتەدا، تێگەیشتن لەسنووری پرۆپاگەندەی سیاسیدا قەتیس دەبێت. رەنگە مرۆڤ جگـە لەجەختكردن لەسەر ناسنامەی مێژوویی یەكدیوی، ئارەزووی بینینـی لایەنـەكانی تـری ناسنامەی مێژوویی نەبێت.

## ئەزموونی خۆشەویستی

**خۆشەویستی لەدڵداری بەرفراوانترە، دڵدارییش لەخۆشەویستی قووڵترە.**

تاقیكردنەوەی خۆشەویستی دوور نییە لەنێو تەپوتۆزی ئایدیۆلۆژیادا بزر بێت. ئـەو كەسـانەی ئایـدیۆلۆژیا بیركردنـەوەیان لـەقاڵب دەدات، نـاتوانن ئـەودیوی دیـواری چین ببینن‌و تا دەمرن وادەزانن ئاسمان هـەر ئەوەنـدەی دەمـی بیرێـك، گەورەیـە. ئـەو كەسـەی بیـەوێت لەئـەزموونی خۆشەویـستی تێبگـات، دەبێـت تارادەیـەك شـارەزای تیـۆریی خۆشەویـستی بێـت. لەپەیوەنـدی نێـوان ژن‌و پیـاو سـەر دەربكـات‌و هـیچ نـەبێت هێڵـە گـشتییەكانی دەروونناسـی لـەم رووەوە بزانێـت. ئـەزموون بەتـەنیا بـەس نییـە، ئەگـەر شارەزایی تیۆریشی لەگەڵدا نەبێت.

هـەر كەسـێك لەخۆشەویـستیدا ئـەزموونێكی هەیـە. كەسـایەتیی مـرۆڤ شـێوەی هەڵسوكەوت‌و بیركردنەوەو ئەندێشەو خەیاڵی دیاری دەكات.

تەنانەت کاتی تێکێشانو هەرەسهێنانی تاقیکردنەوەی دڵداری، هەر کەسە بەگوێرەی کەسایەتیی خۆی دەجوولێتەوە. هەیە وەکوو "مەجنوون" دامێنی چیا دەگرێتو هەیە وەکوو "فەرهاد" کێوی بێستوون دەهێنێتە خوارێو هەیشە ئەمڕۆ دەستلێکبەردانەو سبەی دەستلەملانێی یەکێکی تر.

مامۆستا مەسعوود محەمەد نووسیویە: "لەم رووەوە شیعری دڵداریی حاجی دەچێتە ریزی شیعرە دڵدارییەکانی شێخ رەزا نەك نالیو کوردی.

شێخ رەزاش دووچاری عیشقی سووتێنەر نەبووە، بۆیە شیعری غەرامیی کەم گوتوون، ئەوەی گووتووشیەتی ئوستادیی تێدایە نەك سووتان". [٨] مامۆستا مەسعوود محەمەد دەبوو ئەو خاڵەی بیر نەچێتەوە کە (نالی، کوردی)و(حاجی قادر، شێخ رەزا) بەگشتی لەکەسایەتیدا دوو تیپی زۆر جیاواز بوون. حاجی قادرو شێخ رەزا خاوەن کەسایەتیی کراوەو رووبەرەو دەرەوەو بەرەو کۆمەڵو گۆشەنیگایان بۆ دەرەوەی جوغزی خۆیان بووەو لەشیعردا کەم جار بۆ ناو دەروونی خۆیان شۆڕ بوونەتەوە.

حاجی قادر وێنەی خۆی لەسەرکەوتنی بزاڤێکی نەتەوەییدا بینیوەو ئاڵای خەباتی بەرز کردۆتەوەو دەوری تاکی وەکوو تاك لەپرۆژەی خۆیدا سڕیوەتەوە، ئەگەر تەنانەت ئەو تاکە خۆی بێت یان کەسێکی تر. شێخ رەزا کێشەی تری لەگەڵ کۆمەڵدا هەبووە، یان خەڵکی داگرتۆتەوەو شڕوشیتاڵیانی لەسەر تەناف هەڵخستووە، یان بەستایشو پیاهەڵگوتن کەسانی لەناو کۆمەڵدا بەرز کردۆتەوە. رەنگە لەسەر داخوازیی گەورەکانی تاڵەبان پەلاماری لایەنی تری دابێتو هەر لەبەر دڵی ئەوانیش ستایشی کردبن. گومان لەوەدا نییە خۆشی هەندێ جار سەری بۆ "کەشمەکەش" خوراوەو بەهۆی دۆستایەتیو رێزلێنانەوە ستایشی ئەمو ئەوی کردووە. خۆشەویستیی ئەم دووانە زۆر لەکارێکی رووالەتیی تەنك دەچێتو لەدەنگدانەوەی تاقیکردنەوەی خەڵکی تر، نەك هی خۆیان.



نالیو کوردی، وەکوو کەسایەتی، دڵناسكو قووڵو مەنگ بوون. دوور نییە خۆشەویستیو شکانیان بۆ ناوەوەو خۆلادان لەجەنجاڵی کۆمەڵو گرەودانانی لەسەر تاك، گیانی شاعیری تێیاندا دروستکردبێت.

یەکێکی وەکوو نالی بۆی هەبووە لەپەیژەی مەلایەتیو زانایییدا، بەهەمان شێوەی موفتی زەهاوی، سەر بکەوێت. کەسایەتیی نالی لەو بابەتانە بووە کەتێکشکانی پرۆژەی دڵداری، کارەساتێك بووە، نەیتوانیوە زوو بەسەریدا زاڵ بێت. بەپێچەوانەوە، ئەم تاقیکردنەوە تاڵە لەسەرتاپای غەزەلەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

## تێکشکانی کۆنسێپتی خۆشەویستی

ئوولریش کوینسل پێی وایە، ئەگەر گوێتە بۆی رێك بکەوتایە لیلی شوینەمان Lili Schöneman ی دەسگیرانی بهێنایە، رەنگە لەژیانیدا سەرکەوتووتر بووایەو بلیمەتییەکەی پتر پەرەی بسەندایە. (نالی)ی ئێمە نەك هەر بۆی رێکنەکەوتووە بەدەسگیرانەکەی شاد ببێت، بەڵکو تووشی هەزارویەك تەشقەڵەی تریش بووە.

حەبیبەی نالی ئەگەر کەسایەتییەکی راستی بێت، یان "وەهمی"، یان ناوەکەی ناوێکی دڵخواز بێتو لەبەر دابو نەریتی کۆمەڵایەتی ئەم ناوەی دۆزیبێتەوە، ئەوە هیچ لەراستییەکە ناگۆڕێت، کە "نالی" ژنێکی تا سەر ئێسك پەرستووەو بۆی شێتو شەیدا بووە.

هەر لەدووتوێی شیعرەکانیدا راستییەك وەکوو رۆژ دەردەکەوێت: ئەڤینداری یەك رەوتو یەك ئاستی نییەو بەچەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە.

قۆناخی خۆشویستنو دەربڕینی سۆزو پەرۆشیو بینینی کەموکووڕییەکانیش بەشێوەیەکی جوانو لێهاتن:

**پێم دەڵێن: مەحبووبە خێڵو قیچە، مەیلی شەڕ دەکا**
**خێڵو قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا؟! (ل ١٠٨)**

لەوە دەچێت نالی ویستبێتی ئەو چاو (خێل‌و قیچە) بهێنێت، بەڵام باوکی دەستی بەروویەوە نابێت‌و ڕێگەی بەیەکگەیشتنیانی نەدابێت. لەگەڵ مردنی باوکی دەسگیرانەکەی، کەتاقانەی ئەو بووە، ئیدی هەردوو لایان بەختەوەر دەبن. ئەم گرێو کێشەیە بەروونی لەشیعری "ماتەم، وەکو زولفەینی سییەهـ، گرتی سەراپات" (ل ١٣٧) دەردەکەوێت:

**بەس گریە بکە بۆ پدەرو بابی حیجابت**

**بێ بابییی تۆ مووریثە بۆ وەصڵ‌و مولاقات** (ل١٠٤)

دیارە پاش مردنی باوکی دەسگیرانەکەی وەکوو سێوی سەر دار نەکەوتۆتە کۆشی ئەمەوە‌و گرفتی تر هاتۆتە پێشەوە، کەگراوییەکەی بەتەواوی رووی خۆی لەم وەرگێڕاوە. ئەم روو وەرگێڕانەش یەکسەر نەهاتۆتە پێشەوە، یان راشکاوتر بڵێم: لەچەند پارچە شیعرێکدا جۆرە درزێك لەپەیوەندیی هەردوو لادا هەست پێدەکرێت‌و ئەو درزە بەرەبەرە گەورە دەبێت، تا دەگاتە کارەسات‌و پرسەو رەشپۆشیی دەروونی‌و دەستلێکبەردانی تەواوی:

**ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەرو پەیوەندی نییە**

**نەی شەکەر قەددە، بەڵێ بەندی هەیە، قەندی نییە (ل ٥٩٢)**

**دەرحەقی من زەهرو سرکە فرۆشە بەبرۆ**

**دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەر خەندی نییە (ل٥٩٣)**

شۆڕشی نائومێدی‌و هەرەس‌و تێکشکان لەچەند شیعرێکی تریشدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی:



**نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**

**نەچم شەرط بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ**

**دەروونم خاڵییە، وەک نەی دەناڵێ**

**هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ**

**بینایم کوێرە، هەڵنایی بەرووی کەس**

**موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ**

**هەموو ئەعضایی ناڵێنم دەناڵێ**

**سەراپام میثلی مۆسیقارە بێ تۆ**

ئەم هاوارو شینە، بەری لاسایی‌و چاولێکردن نییە. "بینایيم کوێرە، هەڵنایێ بەرووی کەس" مەگەر پاش مەرگی یەکێکی یەکجار نزیك بێتە پێشەوە، یان لەدەستچوونی خۆشەویستییەك کەمرۆڤ زۆر زۆر هۆگری بێت. کەسێك هەر بۆئەوەی بڵێن ئەمیش غەزەلێکی نووسیوەو باسی دڵداریی کردووە، شتی وای بۆ نایەت. گرانی‌و قورسیی چاوهەڵهێنان‌و نەتوانینی سەیرکردنی خەڵکی تر، بارێکی دەروونیەو دوای شۆك (صدمە) یەکی زۆر سەخت روو دەدات. ئازاری دەروونی دەبێتە هۆی ئازاری لەش‌و شەونخوونی. لەرۆژهەڵاتدا بەکۆمەڵ رووبەڕووی ئەم بارودۆخە دەبنەوە. بۆ نموونە: پرسەو سەرەخۆشی کاریگەری(صدمە)و کۆستکەوتن کەم دەکەنەوە. لەرۆژئاوادا (صدمە) بەئامۆژگاریی نەفسی‌و هێنانە سەرخۆ چارەسەر دەکرێت، لەژێر چاودێریی کەسانی پسپۆردا(تێراپی ـ Therapie).

نووسەرێکی شارەزای دەروونناسی رەنگە بتوانێت لەکلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە زیاتر تیشك بخاتە سەر تاقیکردنەوەی خۆشەویستی‌و دەوری لەشاعیرێتیی(نالی)دا. کاتێ ئەم دێرانە دەنووسم، بۆچوونەکەی مامۆستا سەجادیی رەحمەتیم هێشتا هەر لەبیرە کەشیعری "نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ"ی کردۆتە بەڵگە بۆ مردنی دەسگیرانەکەی نالی. شتێکی ئاساییە وشەیەك، یان بەیتێك، بکرێتە بەڵگە بۆ شتێك، بە مەرجێك هیچ

بەڵگەی پێچەوانە نەبێت. لەدیوانەکەی(نالی)دا چەندین وێنەی ترمان بەرچاو دەکەوێت، کە بۆچوونەکەی مامۆستا سەجادی ئاوەژوو دەکەنەوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## شیعری سیاسی

پێویستە لێرەشدا پێشەکی چەند پێناسەیەك دیاری بکرێتو شیعری سیاسی پێناسە بکرێت. ئەز، بە باشی نازانم بچمە نێو باسی دامودەزگای ئایینیو دەوری شیعر بەدرێژایی چەند سەدەیەك، لە پاڵپشتیکردنو خزمەتکردنی دەسەڵاتی سیاسیو بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران. بەڵام نابێت دەست لەپێناسەی شیعری سیاسی هەڵبگیرێت.

مەبەست لەشیعری سیاسیی سەدەی پێشوو، سەرجەمی ئەو شیعرانەیە، کە پەیوەندییان بەدەسەڵاتی سیاسییەوە هەیەو ڕووناکی دەخەنە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە. بابەتی ئەم شیعرانە هەڵسەنگاندنو لایەنگری دەگرێتەوە: ستایش - هەجوو، پاڕانەوە - هەڕەشە، سکاڵا - تۆرانو .. تاد. کەواتە : لێدوان لەسەر گێرەوکێشەی کلێپەسەندوو، باسی ناودارانی ئایینیو دونیایی دەگرێتەوە. [9]

بەم پێیە بێت، نالی لەچەند شوێنێکدا، بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ، شیعری سیاسی نووسیوە. ئەو بەڕاشکاوی لایەنگری باڵێك بووە، لەباڵە ناکۆکەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا. بەئاشکرا ناحەزی دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە بووە ــ مەبەست دەوڵەتی قاجاری بووە ــ. هەروەها لەزۆربەی شیعرەکانیدا چەمكو زاراوەی سیاسی ــ ئابووریو سەربازی کەمتر ــ سەر هەڵدەدەن. ئوولریش کوینسل [10] لەچەند دانیشتنێکدا جەختی لەسەر نەبوونیی شەکسپیر دەکرد. ئەو پێی سەیر بوو، کابرایەکی چینی خوارەوە ئەو هەموو شارەزاییەی لەسەر بنەماڵەی مەلەکیی بەریتانیا هەبێتو لەسەر ئەوە سوور بوو، دەسگایەکی ناو بنەماڵەکە بۆ کاری پروپاگەندەو ڕاگەیاندن(شانۆ)یان کردۆتە ئامراز، چونکە ئەو کاتە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو .. تاد نەبووە. ئەوجا ئەگەر "نالی" سەرقاڵی سیاسەت نەبووبێت، چۆن ئەو زاراوانە: پادشاهێکی فەقیر، دەعوای ئومەرا



چەندی لەسەر تەختی کرابێ، ئیددیعای شاهیو ..تاد پەڕیونەتە ئاسمانی بیرکردنەوەیەوە؟ نووسەرێکی سیاسی لەسەر شیعرو ئەدەب بنووسێت، ناتوانێت خۆی لەچەمكو زاراوەی سیاسی بپارێزێت. تەنانەت ئەگەر چیرۆکیشی نووسی، پەنا دەباتە بەر "ستراتیژو تاکتیك". ئەگەر شاعیرێکیش باڵی لێپەیدا بوو، لووتی دەژەنێتە کاری سیاسییەوە، قەت ناتوانێت خۆی لەپێستی ئەهلی سیاسەتدا مەڵاس بدات.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

"نالی" ڕەنگە پاش تێکشکانی ئەزموونی خۆشەویستی بۆ ئەڵتەرناتیڤ گەڕا بێت! هەستکردن بەلاوازی لەبوارێکدا، دوور نییە پاڵ بەوکەسەوە نەنێت، بەدوای پشتیوانێکی بەهێزدا بگەڕێت یان هیچ نەبێت سەرقاڵبوونی نوێ ئازاری کۆنی بیر بەرێتەوە:

**ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن**
**ئاشووبی دڵی مەملەکەتو قەلبی سوپاهن(ل٣٤٠)**

لەم شیعرەدا هەست بەگەرمیو دینامیکییەتی ئەم دەستە سەربازەی پاشا دەکرێت. دیارە شاعیر مەشق یان نمایشی[11] سەربازی ئەم تیپەی بینیبێت، ئەگینا نەیدەتوانی بەخەیاڵ سوپایەك پێکەوە بنێتو ئاڕاستەی مەیدانی شەڕیان بکات. شاعیر زاراوەی عەسکەری بەکارهێناوە. بەکارهێنانی زاراوەش لەئەنجامی بایەخپێدانەوە سەر هەڵدەدات. من نامەوێت بڵێم: ئەو شارەزای کاری سەربازی بووەو بەشداریی شەڕەکانی کردووە، بەڵام نزیکی لەڕووداوەکانەوە پیشان دەدات. شاعیرێك ژیانی پێشمەرگایەتی نەبینیبێت، ناتوانێت بەوردی باس لەهەندێ لایەنی ئەو ژیانە بکات. کاری خەیاڵ زۆر هەڵۆڵو بێتامە.

ئایا "نالی" پەیوەندی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتدا چۆن بووە؟ ئایا ویستوویەتی دەورێکی سیاسی بگێڕێت، یان تا ڕادەیەکی دوورو نزیك ڕەفتاری لەگەڵ دەسەڵاتداراندا کردووە؟

گۆیتـەی شـاعیر پـاش بڵاوبوونـەوەی ڕۆمـانی "ئازەرەکـانی ڤێرتـەری لاو"، سـاڵی ١٧٧٤، لەتەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا ناووناوبانگی سەرانسەری ئەورووپای دەتەنێتەوە ــ ڤێرتەر، لەماوەی ٧٥ ساڵدا، واتە تا ساڵی ١٨٥٠، نۆ جار بۆ ئیتالیایی، دوانزە جار بـۆ ئینگلیزیو بیبستوپێنج جاریش بۆ فەرەنسی وەگێڕدراوە ــ. ئـەو کاتـەی مـیری نـوێی ڤایمار دەیناسێت، ئەو تەمەنی هەژدە ساڵ بووە، بۆ پایتەختەکەی خۆی بـانگی دەکـات. لە١٠/١/١٧٧٥دا گۆیتە دەگاتە ڤایمارو لەکارل ئۆگۆستی میری ڤایمار نزیك دەبێتەوە. لـەو ڕۆژەوە گۆیتـە لەپەیـژەی فەرمانبەریـدا سـەر دەکـەوێت تـا دەبێتـە وەزیـر. گۆیتـە، بەپێچەوانەی ئومێدو ئارەزووی خۆی، کەبەرەبەرە میری ڤایمار بکاتە شاعیر، هێدی هێدی خـۆی دەچـێتە کـاژی دەسـەڵاتدارانەوە. ئـەم ڕاسـتییەش شـاردنەوەی ئاسـان نـەبووەو لەهەڵسوکەوتو بیرکردنەوەیـدا دەرکـەوتووە. شـاعیرو نووسـەرانی هاوچـەرخی گۆیتـە، بەتاڵیو دڵشکانەوە ئاماژەیان بۆ ئەم خاڵە کردووە. (١٢)

سروشتی میرایەتیی ڤایمارو بابـان زۆر جیـاوازن، ئاسـتی پێشکەوتنی کولتـووریو کۆمەڵایـەتیش جـۆرێکی تـرن. لەپایتـەختی بابانەکانـدا کولتـووری شـار، هێـشتا لـەقۆناخێکی سـەرەتاییدا بـووە. داوودەزگاکـانی میرنـشینیش پێویـستی نـەکردووە ئەندامانی" چینەکانی خـوارەوە"ی کۆمـەڵ لـەئامێز بگرێـتو کاروفرمـانی گرنگیـان پێبسپێرێتو بـواری بـەرەو هـەوراز هەڵکشاندنیان بـدات. دەسـەڵاتو پلەوپایـە، تـەنیا لەسەر چینی ئۆرۆستۆکرات پاوان کرابوو. کار لەباوکەوە بۆ کـوڕ ماوەتـەوە. ڕەعیـەتیش بەگشتی چاوی لەهەڵکشانو بەرزبوونەوە نەبووە، چونکە هۆشو توانای وەرگرتنی کـاری نێو دەزگای بەرتەسکی میرایەتی نەبووە.

ئەگەر بەشێوەیەکی سـەرپێیی، شـیعرەکانی نـالیو سـالم بـەراورد بکـەین، بـەروونی مۆرکی چینایەتیو کۆمەڵایـەتی "ڕەعیـەتو ئۆرۆسـتۆکرات" بـەجیهانبینی دارشتنو هەڵبـژاردنی وشـەو سـەیرکردنی توێـژو دەسـتەی خـوارەوەی کۆمـەڵو بەهۆشـیاریی سیاسییانەوە دیارە. ئێمە ئەگەر بەوردی سەیرێکی ئەم بەیتانەی خوارەوە بکەین:



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوانەی تورمەپۆشو شەهدنۆشو نازپەروەر بوون
ئەمێستە خانەبەردۆشو نەخۆشو زارو عوریانن
ئەوانەی جێنیشیمەنیان لەگۆشەی تەختی حاکم بوو
بەدەشتی شەهرەزوورا جوملە وەک غولی بیابانن
هونەرمەندانی شیراوژەن، قەوی دەستانی پیل ئەفکەن،
لەڕووی غەوواصی ئەتراکا وەکو ڕوبەگوریزانن

ئەم شیعرانە نیشانەی ئاگاداریو نزیکیی دانەرەکەی دەگەیەنێت لەچـینی سـەرەوەی کۆمەڵ. هەر لەدیدی ئەوانیشەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی هەڵسەنگاندووە. دیارە هـەر زۆر بەوردی دەنگو باسی "عزلو نصب"ی ناو کاری ئیداریو سیاسی زانیوەو پەرۆشـی هەواڵی گۆڕانکاری سیاسیو عەسکەری بووە، بۆیە ئەو شیعرانەی لەسـەر عـەزیز بـەگو عەبـدوڵلا پاشـا نووسـیوە. تەنانـەت گوڵبـژێری وشـەو ئیـدیۆم بـەگوێرەی سـەلیقەی ئۆرۆسـتۆکراتی بـووە. کابرایـەکی جووتیـاری گـەرمیان، یـان دەشـتی هـەولێر، ڕەنگـە ئێستەش نەزانێ" تورمـە"و"شەهدنۆشـی"چین! ئـەو، هـەموو ئـەو شـتانەی لەنزیکـەوە بینیـوەو بەکاریـشی هێنـاون، بۆیـە نرخـی بـۆ دانـاون. ئـەو ڕقو بەسـووك سـەیرکردنەی"کاسـبهای شـەهری" لای سـالم هەسـتی پێدەکـەین، لای نـالی هـیچ شوێنەوارێکی نییـە، بەپێـچەوانەوە ژیـانی خـەڵکی ڕەشـوڕووت لەشـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتەوە:

من مەتاعم جاوە، چاوم! باخەبەر بێ موشتەری
تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم (ل ٣١٠)

یا گەدایێکە غەنی، یا پادشاهێکە فەقیر
لەم دووە خاڵی نییە(نالی)لەڕووی حەددی وەسط (ل ٢٤٧)

نە بەدەنگو نە بەئاماژەو هێمای شیعر، هیچ بەڵگەو دەلیلێك بەدەستەوە نییە، کە نالی پلەوپایەی سیاسی وەرگرتبێت. بەڵام شیعرەکانی هێڵەکانی چوارچێوەیەکی زۆر ڕوون دەردەخەن، کە پەیوەندی لەگەڵ بەشێك لەبنەماڵەی میرانی باباندا هەبووە. سەردەمی پەیوەندییەکەش، سەردەمی کلۆپەسەندنی شەروشۆڕو پشێوی‌و براکوژی بووە، هێزی دەرەکی لەسەر بانگەشەی باڵی لەکارخراوی خۆماڵی، لەشکرکێشی کردووە. ئەم ڕۆژگارە، ڕۆژگاری برسێتی‌و قاتوقڕی‌و نائومێدی بووە. کەسانی وەکوو شێخ مارفی نۆدێ‌و موفتی زەهاوی، کە لەرووی زانایی‌و کۆمەڵایەتییەوە لەپێش نالییەوە بوون، هاواریان بووە لەدەست برسێتی‌و نەداری‌و نائارامی.

لەوە ناچێت "نالی" بۆ ماوەیەکی دووردرێژ هیوایەکی گەورەی دەسکەوت‌و بەرژەوەندی، لەنزیکبوونەوەی لەناوەندی دەسەڵاتدا بینیبێت. ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێت لەهۆی کەمیی ژمارەی شیعری ستایش‌و پیاهەڵدانی میران. ئەو ژمارە کەمەش ئەوەندە بڕواپێبوون‌و تێگەیشتن‌و پیشتگیریی سیاسیی ئەم بۆ ئەوان دەنوێنێت، پێچەوانەکەی دەرناکەوێت. "نالی" تا بڵێیت خۆی هەر زۆر بەرز ڕاگرتووە [(١٣)]و تکاو پاڕانەوەو داواو چاوەڕوانی لای ئەم نابینرێت، خۆنەویکردن بۆ دەستکەوت‌و سالیسکی (تملق)و درۆ بەپیشەکردن‌و ریزکردنی ڕستەی سواوی بەتاڵ لەشیعرەکانیدا بەرچاو ناکەون.

**خادیمی مەخدوومییە، ماقووڵی ناماقووڵیە (ل ٤٥٣)**

من لەبەشێکی تری ئەم نووسینەدا دێمەوە سەر ئەم شیعرە، بەڵام لێرەدا تەنیا دەمەوێت ئەوە بنووسم، کەشاعیر مەدحکراوی بۆئاسمان بەرز نەکردۆتەوەو خۆشی بۆبن ئەرز. جۆرێك یەکسانیی نێوان سەرەوەو خوارەوەی کۆمەڵ هاتۆتە پێشەوەو ناوهێنانی (اخوان الصفا) ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات.

"نالی" لەشوێنی دیکەشدا دادپەروەریی پاشایەکی بابانی کردووە بەخاڵێك، کە شایانی ستایش بێت:



**قیصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا**
**عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لەدنیادا نەبوو(ل ٣٧٣)**

دەربارەی سلێمان پاشای بابان زانیارییەکی ئەوتۆم لەبەردەستدا نییەو هۆی هۆگریی شاعیریش لەتەمومژدا دەمێنێتەوە. ئەوی ڕاستی بێت ڕەنگە ئەحمەد پاشای کوڕی، خۆشەویستترین‌و نزیکترین میر بووبێت لەگەڵ نالیدا.

سەبارەت پەیوەندی‌و نزیکایەتی بێجگە لەشیعری "تا فەلەك دەوری نەدا.." هیچ پارچەیەکی تری "نالی" ڕاستەوخۆ و(صریح)نێوی بهێنێت، بەڵام بەمەزەنەو دەلالەتی ناو بەیتەکان"سولەیمان"و"ئاصەف" بیر بۆلای ئەوە دەبات مەبەست ئەحمەد پاشا بێت.

کەسایەتی ئەحمەد پاشای بابان، پەیوەندیی میرو شاعیر، دوورونزیك، ماوەیەکی زۆری خایاندووە. سەیر ئەوەیە تەنانەت ساڵی کۆچی دوایی هەردووکیان لەیەکەوە نزیکە. نالی ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی (١٨٧٣ی زایین) سەری ناوەتەوەو ئەحمەد پاشاش ١٢٩٢ی کۆچی (١٨٧٥ی زایین). [(١٤)] بەداخەوە ساڵی لەدایکبوونی میر دیار نییە، هەر بۆئەوەی بزانرێت هاوتەمەنی [(١٥)] دەوری بینیوە لەنزیکی‌و ئاشنایەتیاندا!

شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەم شێوەیە مەدحی دەکات:[(١٦)]

**اصف جم صفت و داور اقليم گسا**
**صاحب سيفو قلم حضرت (احمد پاشا)**

بەکورتی ئەحمەد پاشا نێوی بەزیرەکی‌و وریایی‌و دڵڕەقی ڕۆیشتووە. ئەو هەوڵێکی زۆری داوە لەشکری بابان نۆژەن بکاتەوە، پاش لەکارخستنی ماوەیەك والیی یەمەن‌و ماوەیەکیش والیی وان بووە. لێرەدا پرسیارێکی ئاسایی دێتە پێشەوە: ئەگەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی میری وا لەنزیکەوە، ناسیبێت، چۆن شێخ ڕەزاو نالی یەکیان نەناسیوە؟

ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم حاجی قادری کۆیی‌و شێخ ڕەزاو کەیفی جوانڕۆیی لەماوەیەکی لەیەکەوە نزیکەوە چوونەتە ئەستەمووڵ، دەبێت کەسیان(نالی)یان لەنزیکەوە نەناسیبێت؟

ماکێکی تریش لەبیرکردنەوەی سیاسیی(نالی)دا گرنگە، ئەویش خۆشنەویستنی حوکمی قاجارییەکانە. تەنانەت کە ژیانی ئاوارەیی‌و تاراوگەی هەڵبژاردووە، ڕووی کردۆتە شامی شەریف‌و ئەستەمووڵ. سالم، بەئارەزوو بێت، یان نا بەدڵ، ڕووی کردۆتە ئێران‌و لەوێ ژیانێکی تاڵی بەسەر بردووەو گەڕاوەتەوە سلێمانی:

**لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بێ لەتارانا**
**بەهەشت گەر بێتە دەشتی ڕەی بەئێرانا گوزەر ناکەم**

شێخ مارفی نۆدیش، سەرسەختانە دژی حوکمی قاجاری بووەو دەوڵەتی عوسمانی بە(دیاری ئیسلام) داناوە.

دیارە پۆلپۆلێنی سیاسی‌و سەرهەڵدانی دوو تەوەر، لەناو بنەماڵەی حاکمدا، کاری کردۆتە سەر ڕووناکبیرانی ئەو کاتە: مەحموود پاشای بابان لەگەڵ قاجارییەکان‌و والیی ئەردەڵاندا هاریکاریی کردووە، هەرچی سلێمان پاشای برای‌و پاشان ئەحمەد پاشاشە، لەگەڵ عوسمانییەکان‌و والیی بەغدا نێوانیان خۆش بووە.

هێرشی "نالی" بۆسەر قاجارو هاوپەیمانەکانیان بێ پێچ‌و پەناو هونەری ڕەمزو شاردنەوەی ڕەوانبێژییە:

**(فاتیحە!) تەسخیرە شاری دڵ بەطابوری ئەلەم**
**موددەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم**
**حوکمی قانوونی صەفا ڕۆیی لەڕەومی ڕوومەدا**
**تا هووەیدا بوو لەڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم (ل ٣٠٨)**



**بۆدەکەی تەکلیفی ڕەسمی ئولفەت‌و یاری لەمن؟**
**کەی بەصوحبەت ئاشنایە سالیکی ڕێگەی عەدەم (ل ٣١٠)**

لەدوابەیتدا دیارە داگیرکەران داوای هاریکارییان لێکردبێت‌و ئەمیش بێ سێ‌و دوو جەوابی داونەتەوە.

ئەوکاتەی لەحیجازیش بووەو توشی کابرایەکی دەوڵەمەندی ئێرانی هاتووە، هەر زۆر ڕووبەڕووی وەستاوە:

**"قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی " (ل ٦٦٧)**

بۆ جوانتر بەرجەستەکردنی بیرو هەڵویستی "نالی"، پێویستە ئاوڕێك لەبیرو گۆڕانی هەڵوێستی (سالم)یش بدەینەوە. هەڵوێستی قاجاری ــ عوسمانیی "نالی" گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەگوێرەی شیعرە بڵاوکراوەکانی هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان‌و داگیرکردنی ناوچەکە، "نالی" وەکو سالم شمشێری ڕەخنەی توندوتیژی لەداگیرکەری عوسمانی هەڵنەکێشاوە. سالم هەر زۆر لەژێر کارتێکردنی ئەدەبیاتی فارس‌و کولتووری فارسیدا بووەو زۆرجاریش هاتوچۆی شارانی ئێرانی کردووە. لەوە ناچێت هاتوچۆی تەنیاو پریڤات(گەڕان‌و سەردان)بووبێت، ئەگینا بۆچ تووشی گرتن‌و بێزارکردن دەبوو؟ دوور نییە لەگەڵ دەسەڵاتدارە لێخراوەکاندا بۆکاری سیاسی چووبێت! بەهۆی هەڵوێستی دۆستانەی لەباڵێکی بنەماڵەی حاکمی سەر بەقاجار، یان ئامادەی گەمە لەبازنەی سیاسیی ئەواندا، هەڵوێستی هەر لەبنەڕتدا توند بووە دژی عوسمانییەکان. داگیرکردنی سلێمانی رادەی تووڕەیی‌و ناڕەزایی بەرزتر کردۆتەوە، بۆیە ئەو هەموو شاکارەی دژی تاوانباران‌و داگیرکەری عوسمانی نووسیوە. تەنانەت کاتێکیش لەئێرانیش نائومێد بووە، گیانی دژایەتیی عوسمانی هێندە ئەستوور بووە، هەڵوێستی خۆی لەعوسمانییەکان نەگۆڕیوە.

هاوکێشەکە لای "نالی" ئاوەژووە: گیانی دژایەتیی قاجاری لای ئەم توندوتۆڵە. رەخنەگرتن لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بێهێزو شاراوەیە. پاش هەرسپێهێنانی میرایەتیی بابان، هەڵوێستی نەگۆڕیوەو جامی غەزەبی وەکو سالم بەسەر سوپای داگیرکەردا نەڕشتووە، ئەم دوو کەڵە شاعیرە، هەر یەکەیان لەسەر جۆرە بڕوایەك سەقامگیر بوون، کەئەزموونی جەرگبڕی رۆژگاریش پێی نەگۆڕیوون! گومان لەوەدا نییە، پاش تێکشکانی میرایەتیی ئەحمەد پاشا، ساڵی ١٨٤٦ی زایین، پەیوەندیی دوورو نزیکی لەگەڵ نالیدا بەردەوام بووە، ئەو هەواڵەی(ئا.خۆدزکو) ساڵی ١٨٥٧لە(گۆڤاری ئاسیا)دا بلاوی کردۆتەوەو ساڵی ١٨٥٣لەپاریس ئەحمەد خان (ئەحمەد پاشا)ی لەپاریس دیوەو لەوی بیستووە، کە(نالی ئەفەندی) لەشامەو .. تاد.[١٧]ئەم هەواڵە راستییەك نیشان دەدات، کە ئەو دەمەش هەردوولا، دوورو نزیك، ئاگایان لەیەك نەبڕاوە.

"نالی" لەو کەسانە نەبووە، هەر کەسێك سەرکەوت، ئەم چەپڵەی بۆ لێبداتو شیعری ستایشی بۆ بنووسێتو گوێ بەبیروباوەڕ نەداتو هەموو شتێك بکاتە قوربانی قازانجو دەستکەوتی رۆژ. ئەگەر "نالی" شاعیرێکی بێهەڵوێستو هەلپەرست بوایە، دەبوو شیعری(فاتیحە!)ی نەنووسیایە. پاش داگیرکردنی شارو دەسەلاتگۆڕکێ، بەرژەوەندیی تایبەت داخوازی دەکرد، شیعرێکی ستایشی (پیشەیی)ئاڕاستەی فەرمانڕەوای نوێ بکات.

گوێڕایەڵی"میری میران"و پەسەندکردنی دەعوەتەکەی بۆ بەغدا، هیچی لەشانو شەوکەتی شاعیر کەم نەدەکردەوە. دابو دەستووری کۆمەڵایەتی ئەو رۆژە، رێگەی بەرەو دواوە نەکردنی دەعوەتی "میری میران"ی دەدا. شاعیر دەیتوانی هەر بایی موجامەلەی گەورەو بچووکیو راسپاردە گەیاندنو قسەی خێر کردن، ئامادەی دەعوەتەکە بێتو لەسەری نەکەوێت.

ئەم دەعوەتەی بەغداو داوای هاریکاریکردنو نزیکبوونەوە، هەر وەکو لەشیعر(فاتیحە!)دا روون دەبێتەوە، گرنگیو قورسایی کەسایەتیی سیاسیی "نالی"



نیشان دەدات. کەس ناچێت تەکلیفی کارێکی سیاسیی گرنگ لەکەسێکی هیچ لەدەست نەهاتوو بکات. ئەم هەڵوێستە رێکەوت نییەو ئەنجامی بڕوایەکی پتەوە بەرێبازێكو لایەنگریی لایەك دژی لایەنەکەی تر. تەمومژ نەهێشتنەوەو پەتپەتێن نەکردنە لەنێوان دوو جەمسەری سیاسیی دژ بەیەکدا.

ئەی قەلعەیی ماهم کەدەڵێی ئەوجی بورووجی
وەی قوللەیی دووری کەدەڵێی قامەتی عووجی (ل ٦٣٧)

هەروەها بەیتی:

لایقی مەخزەنی طەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قابیلی ضەربی رەواجە زەڕو زیوی مەثەلم (ل ٢٨٨)

ئەم دووپارچە شیعرەش لەڕووی سیاسییەوە گرنگیی خۆیان هەیە، بەڵام نەزانینی کات ـ شوێنو بۆنەی دانانیان، کاری لێکدانەوەو مەزەنە سەختو ئاڵۆز دەکات. مەگەر یەکێك زانیاریی تری لابێت، یان توانای بیرکردنەوەی وەکو مامۆستا مەسعوود محەمەد هەبێتو بتوانێت دیوی ئەودیوی شیعرەکان بەچاوڕوونییەوە ببینێت، ئەگینا ناتوانرێت سوودێکی ئەوتۆیان لێ وەربگیرێت.

لەرووی بیرو هۆشو ئاگایی سیاسییەوە، جێگای سەرنجە کە سالم وشەی"بابان"ی زۆرجار بەکارهێناوە، کەچی "نالی" ناوی "بابان" ی نەهێناوەو زۆرجار ناوی "کورد"و "کوردی" دەهێنێت. ئەم جیاوازییەی نێوان سالمو نالی لەبەکارهێنانو بەکارنەهێنانی وشەی"بابان"دا جێگای رامانو پرسیارە! من هەرچیم کرد، سەری داوەکانم بۆ نەچوونەوە سەر یەك.

## بیروباوەڕو شێوەی بیرکردنەوەی نالی

بەداخەوە، هیچ پەخشانو نووسینێکمان لە (نالی)یەوە پێ نەگەیشتووە، کەشێوەی بیرکردنەوەو شەقڵی سەرەکیی بیروباوەڕی دەربڕن. کەسانێکی نزیكو ئاشنای ئەویش هیچیان بۆ بەجێ نەهێشتووین، کە راستەوخۆ یان ناراستەخۆ، ئاماژەی بۆ هەڵوێستی خۆی تێدا کردبێت بەرانبەر قوتابخانەو ئاقارە فیکرییەکان، کەتا سەردەمی ئەویش لەزۆرانبازیو ململانێدا بوون.

ئەو هەروەکو چۆن لەرووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە لایەنگری سیستێمی میرایەتی بووەو داکۆکی لێکردووەو بەهەندێ لەمیرەکانیدا هەڵگوتووەو لەناوەندی دەسەڵاتیشەوە نزیك بووە، بەڵام لەرووی بیری فەلسەفییەوە یەك رێبازی فەلسەفی نەگرتووە، بەڵکو لەدوو شوێنی جیاوازدا، دوو هەڵوێستی ناکۆکی خستۆتە ڕوو، کە جێگەی پرسیارن!

ئەو لەشوێنێکدا داکۆکی لەئاقاری فەلسەفەی رەسمی دەسەڵاتداران دەکاتو لەشوێنێکی تریشدا پەنجە بۆ قوتابخانەیەکی فەلسەفی رادەکێشێت، کەدژی ئاقاری فەلسەفەی رەسمیی بووە. دەبێت، پێشەکی، ئەو راستییە لەبەر چاو بگیرێت، کەزۆر فەیلەسووفو نووسەرو شاعیر لەمێژوودا هەن وەکو هێگل، بلزاك، دۆستۆیەفسکیو گۆێتە، کە لەئاستی جیهانیدا بەداهێنەری زۆر گەورە دادەنرێن، دۆستو لایەنگری حوکمی مەلەکیی موتڵەق بوون. هەڵوێستی گۆێتە لەشۆڕشی فرانسای ساڵی ١٧٨٩ئەم بۆچوونە دەسەلێنێتو دۆکیومێنتی گردبڕ لەسەر بابەتەکە هەیە.

**ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**

**عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا** (ل ٩٧)

لەم شیعرەدا "نالی" بەرپەرچی خێلێك دەداتەوە، کەدەڵێن موفتی زەهاوی بووە، کەهەریەکەیان لەگۆشەنیگایەکی فەلسەفی ترەوە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. زەهاوی



دیارە لە(قدری)یەکانەوە نزیك بووەو ـ هەرچی، کە روودەدات دەیبەستنەوە بەهۆیەکی تایبەتیەوەو ئەوەش لەئەنجامدا دەیباتەوە سەر هاوبەش بۆخوا دانان ــ، کەچی "نالی" هەر زۆر بەگەرمییەوە هێرشی کردۆتە سەر ئەم قوتابخانە فەلسەفییە، کە هۆ(سبب) بەگرنگ دادەنێت. ئەم هەروەکو نوێنەرێکی قوتابخانەی(جبریە)بڕوای بەوە بووە. کەخوا بکەرەو مرۆڤ هیچ توانایەکی نییەو ناچارە بەگوێرە ویستی خالق ببزوێتو خۆی هیچ ویستو تواناو ئازادیی هەڵبژاردنی نییە.

**داری ئیراکو داری هیند هەردوو کەعوودە ئیسمیان**

**هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبولهەب دەکا**

ئاشکرایە دانوستاندنو ململانێی نێوان(قدریەو جبریە)[١٨] دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی(اموی)یەکانو هەردوو لاش پشتیان بەهەندێ ئایەتی قورئان بەستووە، بەڵام هەریەکەیان قازانجو بەرژەوەندیی چینو توێژێکی کۆمەڵایەتی رەچاو کردووە. جەبرییەکان، بەگشتی، کارو زوڵموزۆری دەسەڵاتدارانیان پاساو داوەتەوە. قەدرییەکانیش، بەیارمەتیی(علم الکلام)هەموو شتێکیان خستۆتە بەر نیشانەی پرسیارو یارمەتیی خەڵکیان داوە، بیر لەژیانو داهاتووی خۆیان بکەنەوە.

ئەگەر لەم شیعرەدا "نالی" خۆی لەفەلسەفەی رەسمیی دەسەڵاتداران نزیك کردۆتەوەو بەگژ فەلسەفەی ئازادیی هەڵبژاردنو هۆدۆزینەوەدا چووە، ئەوە لەشیعری:

**(حلقە در گوش)ی کەفی رەنگینی تۆیە ئەم دەفە** (ل ٤٥٠)

هەڵوێستێکی دژی ئەم بیروباوەڕی هەیە. لەم شیعرەدا هەوڵ نادات خۆی لەبۆچوونێکی فەلسەفی نزیك بخاتەوە، کەرەنگە بەر دڵی فەرمانڕەوایان بگرێت. ئەم شیعرە بەناوی نهێنییەوە بڵاونەبۆتەوە، کەبیرکردنەوەی خۆی تێدا داڕێژێتو کەسیش کێشەی بۆ نەهێنێتە پێشەوە. ئەم هەوڵی داوە دەسەڵاتدارێك ـ سلێمان پاشای بابان ــ

لەرێبازێکی فەلسەفی ـ کۆمەڵایەتی نزیك بخاتەوە، کەزۆر دژی دەسەڵاتداران بووە، یان بەدژایەتی فەلسەفەی رەسمیو دەسەڵاتی ئیستبدادی ناوی رۆیشتووە.

**خادیمی مەخدوومییە، ماقووڵی ناماقووڵییە**
**لەم دەرە ئاصەف سولەیمانە، سولەیمان ئاصەفە**
**صاحێبی (علم الکتاب)ە موطریبی هودهود نەفەس**
**یا سولەیمانە لە (اخوان الصفا)، ئاصەف صەفە** (ل٤٥٣)

ئەم بەیتانەی سەرەوە گومان لەشارەزایی "نالی" لەدیاردەی (اخوان الصفا) ناهێڵێتەوە. واتە: ئەو تەنیا لەپێناوی کێشو سەرواو بە رێکەوت ئەم چەمکانەی بەکار نەهێناوە. گرفتی ئێمە کەم شارەزاییە دەربارەی ژیانو کردەوەو بیرکردنەوەی سولەیمان پاشا، کە "نالی" هێندەی لە(اخوان الصفا) نزیك کردۆتەوە. ئەوان کۆشاون بۆ ئەوەی (دولة اهل الخیر) بێتە دی. دەوڵەتێك بە زانایی ژێر دەست پێدەکات، کە لەسەر یەك بیروڕاو یەك ئایینو یەك مەزهەب رێکدەکەون. فەیلەسووفو زاناکان بە توندی چاودێریی مەلیك (خەلیفە) دەکەن. مرۆڤ بە گوێرەی کۆشانی لەکارو چالاکی لەپیشەسازیدا کرێی پێ دەدرێت. لەلایەکی ترەوە ئەمان لاگری هەڵوێستی موعتەزیلە بوون لەمەسەلەی قەدەر.[19] بە راشکاویش بەرسڤی هەڵوێستی (جبریە) یان داوەتەوە.

**مامۆستا مەسعوود محەمەد دەنووسێت:**

.. ئەوەندەی لەبەیتی دووەم هەڵدەکرێنین کە ((سلێمان))ی پاشاو پێغەمبەر دەبێ لەنێوان ((اخوان الصفا ـ برادەرانی رێکیو خۆشی))دا واز لەپاشاییو گەورەیی بێنێو بێتەوە ریزی ((اصف)) کە وەزیری خۆیەتیو لەکاتی رووداوەکەدا ئەو ((الذی عندە علم من الکتاب)) بوە. لەوەش زیاتر واتا روون دەکەینەوە بەوەدا، کە کۆمەڵەی مەشووری ((اخوان الصفا))ی سەردەمی عەباسییەکان بەخۆیانو ناوە نەرمو نۆڵو لەبارەکەیانەوە جێگە هەموار دەکەن بۆ یەکێکی وەك ((سلێمان)) پێغەمبەر کە بەهۆی



چوونە ناو ریزیانەوە ئەویش ببێتەوە ئەندامێکی ئەو گرووپە چاكو دڵپاکەو خۆی بە هاوڕێی ((اصف)) بزانێ. جارێکی تریش لەمەبەس نزیك دەبینەوە کە دەزانین لەنێوان ((اخوان الصفا))دا پیاوێك هەیە ناوی ((ابو سلیمان))ە، لەمەوە بە جارێ ((سلێمان پێغەمبەر)) ئەندامیەتیی گرووپی ((اخوان الصفا))ی لێدەبێتە بەشێکی کەسایەتیی راستەقینە، نەك لەرێی تەشبیە و مەجازو واتا تێکهەڵکێشانەوە.[20] هۆی ئەم دوو روانگەو هەڵوێستە چییە؟

خوێندنەوەی هەردوو پارچە شیعرەکە گومان لەوەدا ناهێڵێت، "نالی" لەنەشارەزاییو لێتێکچوونو هەلپەرستییەوە ئەم دوو پارچە دژبەیەکەی دانەناوە. دەشێت کات، کاری کردبێتە سەریو بیرکردنەوەو بڕوای پێ گۆڕیبێت؟

دەبێت "نالی" یەکەمین جار (حلقە در گوش)ی دانا بێو لەبری پاداشو بەرات، بەر هێرشو پەلاماری هێزە کۆنەپارێزەکانی سەردەمی خۆی نەکەوتبێتو لەژێر گوشارو پاڵەپەستۆدا بە لای (عاریفی وەحدەت ئاشنا) داینەشکاندبێت؟

من بۆ ئەوە دەچم، هەرەسو نا ئومێدیو ترسو تێکشکان، خەڵکی بەگشتی بۆ کەمەنی سۆفیگەری کێشابێت وەکوو لەشیعرەکانی سالمدا دەردەکەوێت، نەك هویپۆتیزەکانی (Hypothese)[21] سەرەوە.

## شۆڕشی رەوانبێژیو تەکنیکی داڕشتن

گرنگیی "نالی" لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، هەر ئەوەنییە فێرگەیەکی نوێی دامەزراندووەو وەرچەرخانێکی لەمێژووی ئەدەبدا دروستکردووە، بەڵکو خاوەن خەونو بینینو جیهانبینییەکی تازەیە. راستە ئەو لەبواری ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەدا دەرگای نۆژەنی نەکوتاوە، وەکو حاجی قادری کۆیی، بەڵام توانای گواستنەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، لەناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر لەبابەتو فۆرمێکەوە بۆ بابەتو فۆڕمێکیتر بە نۆژەنی بە هی ئەو دادەنرێت. ئەو لەبواری تەکنیکی داڕشتنو هونەری دەربڕینو

تەقاندنەوەی زمانی شیعریدا شاسوارو بێهاوتا بووە. شیعر نووسین بە کرمانجیی خواروو لەسنوورێکی تەسکدا بە کارهێنراوە ـ عەلی بەردەشانیو ئیبن الحاجو مەولانا خالیدی نەقشبەندی.. تاد ـ "نالی" رەنگە ئاگای لەم جۆرە هەوڵو تەقەلایە بوو بێت. تەنانەت مەولەوی کە هاوچەرخی نالی بووە، چەند پارچە شیعرێکی بە شێوەی تاوەگۆزی داناوە. "نالی" داهێنەری زمانی شیعریی نوێیەو لەتەکنیکی دارشتنو هونەری بیناسازیی وشە، چڕکردنەوەی شێوەی دەربڕیندا، داهێنانێکی پێشڕەوانەی نواندووە. ئەو لەهۆنینەوەو مرواریی وشە هەڵبژاردندا، گەیشتۆتە پۆپەی کارامەیی: بە کەمترین ژمارەی وشە، توانیویەتی زانیارییەکی یەکجار زۆر لەسەر بابەتێك، یان چەند بابەتێك، بە رەوانی بە دەستەوە بدات. بە چەند وشەیەك تابلۆیەکی پڕ واتای رەنگاوڕەنگی نەخشاندووە. هەندێ جار لەناو یەك تابلۆدا چەندین تابلۆی شاراوە دەدۆزیتەوە، کە لەیەکەمو دووەم لێوردبوونەوەدا، بەئاسانی، بەدی ناکرێن:

**((نالی)) بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە** (ل٥٥٥)

وەستاییو پسپۆڕیی ئەو لەو صەد داوەیە، کە تەنیا یەکێکیان بەرچاوەو ئەوانی دی شاراوەنو بە لێزانیو شارەزایی زۆر نەبێت، بە کەس هەڵنایەن. لەناو هەر بەیتێکدا، کۆمەڵێك داوی نەبینراو نراوەتەوە. هەر خوێندنەوەیەك، لافاوی وێنەو دیمەنو هێمای تر هەڵدەستێنێت: جڵەوی بیری مرۆڤ بۆ لای واتایەك دەکێشرێت، کە پێشتر رەنگە کەس بە لایدا نەچووبێت.

نالی، وەکو پێشڕەوێکی مەزن، چەندین رچەی بە جارێكو لەیەك کاتدا شکاندووە. ئەو توانای دەربڕینی قووڵو بەرفراوان بووە. بەداخەوە، کەم کەس توانیویەتی درێژە بە رێگەکەی ئەو بداتو دەوێرم بنووسم: کە هەر زۆر زۆر کەم سوود لەهونەری ئەو وەرگیراوە. ئەو توانیویەتی وشە هێندە بار بکات، کە جێگەی هیچی تری لەسەر نەبێتەوە. زۆر شاعیر هەن وشە وەکو مۆمە بەدەستیانەوەو بەگوێرەی دڵی خۆیان



هەڵیدەشێلن، یان قەمچان بە وشەکان دەکەنو بینەرانو خوێنەران فروسماوی دەکەن. ئەم جگە لەهەڵشێلانو یاریو فڕکان فڕکانی وشە، جامی وشەی تا سەرلێوان پڕکردووە.

رووناکبیرانو شاعیرانی پاش "نالی"، بەهۆی نەبوونی قەوارەی سیاسیو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، لەگرنگیی بزاڤی "نالی" نەگەیشتوون. ئەو بەنامۆیی هاتووەو بەنامۆیی رۆیشتووە:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وتو کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم**
**لەو گەردەنو عیقدە کە پڕە گەردەنو گۆشت**
**بەو پێیە کەنارم کە پڕە دامەنو کۆشم** (ل٢٨٠)

شاعیری یاخی تیری کەوتنی خۆی، تەنیا ئاڕاستەی نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆن ناکات، یان هەر تەنیا قوڵنگی فەرهادی بۆ سەر بنەما سەرەکییەکان کێشو سەروا بێت، یاخیبوون، نووسینی بەیانی شیعریو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئەدەبی نییە، بەڵکو زۆرجار شاعیر، پەیامێکی یاخیبوونی نهێنی پێیە، یان هێدی هێدی بە گوێرەی پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی [٢٢] کار دەکا. پەیامی یاخیبوون لەسەرجەمی کارو بەرهەمەکانی شاعیردا رەنگ دەداتەوە. گەشەکردنی ستروکتووری کۆمەڵایەتیو ئامڕازی راگەیاندنو چاپو بڵاوکردنەوە، هەندێ جار "ناو" و "چوارچێوە" بۆ پەیامی شاعیر دەدۆزنەوە.

بەیتی "کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە" جەختکردنە لەسەر کوردیبوونو خۆماڵیبوونی بەرهەمی "نالی". ئەمە سوور بوونە لەسەر بوونی ناسنامەی تایبەتو دەستنیشانکردنی سنوورو قەڵەمڕەوی مێژوویيو دوور خستنەوەی گومانی قەڵبی ناسنامە، یان هێنانی کاڵای هونەری لەدەرەوەی سنووری ئەو مەملەکەتەوە. ئەمە خۆبینینێکی نوێیە لەئاوێنەی مێژوودا. هەستکردنە بە هۆشی مێژوویی تایبەت.

دۆزینەوەی رەگو ریشەیە، نەك خولانەوە لەبن سێبەری ئەستێرە نەبینراوەکاندا. خۆگرێدانە بە رەوتی بینینێکی مێژوویی، بە رووبارێك، کە ئەمرۆو داهاتووی تێدا دەبینرێت.

جەختکردن بەم زەقیو بەردەوامییە لەسەر ناسنامە، نیشانەی بە ئاگاییو بەرجەستەبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەیە. تەنانەت بە بەراوردکردن لەگەڵ یەکێك لەهاوچەرخەکانی نزیکی خۆی (سالم بەگی ساحێبقران) کە لە تانوپۆی شیعرەکانیدا ئاقارێکی دی بەدی دەکرێت: نزیکی لەکولتووری فارسیو بەکارهێنانی "سبك"ی شیعری فارسی، زاڵترە لەچاو شیعرەکانی (نالی)دا کە سوودی زیاتر لە"سبك"ی شیعری عەرەبی وەرگرتووە.[٢٣] ـ بەداخەوە، ئێمە هێشتا سوودمان لەتوانای کۆمپیوتەر وەرنەگرتووە، بۆ ژماردنی وشە فارسیو عەرەبییەکانی هەردوو لا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ـ.

**"زەخمی دڵ، بۆ ئابی پەیکان، تەشنەما"**

(سالم)

**"قەتادو عەرفەجو خیطمیو عضات و عەوسەجو ئە ثلی"**

(نالی)

گیانی یاخیبوون، ئەزموونی "نالی"، وەکوو مرۆڤ بەپێزتر کردووە. یاخیبوونی ئەو، داهێنانە. ئەو لەچوارچێوەی فیکریو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیی باوی سەردەم، شمشێری یاخیگەری هەڵکێشاوە: لەدەرگادانی ئەو دەرگایانەی کەس نەیوێراوە لێیان بدات. سەرچڵبازیی (مغامرات) هونەریو کۆمەڵایەتیو ئەزموونی جیهانی نوێو شکاندنی تابوو (Tabu ). ورووژاندنی شارە زەردەواڵە لەئاستی هونەریی وشەو کۆڕو کۆمەڵ:

برایەکی گەرمیانی لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، لەشاری کەلار، ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن دەکاتەوەو نێوی لێدەنێت "ستۆدیۆ ئارام"و کوڕە گەورەکەی نێو دەنێت



"تۆڵە"و کوڕەکەی تری "کۆمەڵە" ئەوجا دەیگوت: "بەعس، شەڕی پێ فرۆشتوومو تەشقەڵەی پێ کردووم .." منیش دڵم نەدەهات پێی بڵێم: "کاکی خۆم، ئەو تەشقەڵەیەی تۆ بە بەعست کردووە، مەگەر هەر یەکێکی وەکوو تۆ بوێرێت کاری ئەوتۆ بکات!"

شیعرەکەی لەمەڕ مەستوورەش، مل لەچەقۆ سووینە: ئەگینا لەپانایی دەشتی شارەزووردا، کەس نەماوە ئەم خەوی پێوە ببینێت، مەستوورە نەبێت؟

ئەگەر تەنیا ناوی "مەستوورە" بهاتایەتە ناو ناوانەوە، تۆزێ بواری شەڕە گۆمکێ هەبوو. رەنگە کاتی لێپرسینەوەو تەنگپێهەڵچنین، بە لێکچوونی دوو ناو، کارەکە دیزە بە دەرخوونە دەکراو پەندەکە دەشاردرایەوە.

**(مەستوورە) کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ** (ل٦٠٣)

ئەوە من ئێستا لەئەورووپاوە ناوێرم وا بە راشکاوی نێوی ژنێك بهێنم، چجای کوردستانی نزیکەی سەدو حەفتا ساڵ لەمەوپێش. باسی کچە جووتیارێك، یان هەر بابایەکی گومناوی بکردایە، ئەوە رەنگە چوار کەس دوو قسەیان تێدا بکردایەو یان خۆی بە گوێرەی "علم الکتاب" خۆی دەرباز بکردایە. بەڵام کار گەیشتە گێچەڵپێفرۆشتنی کچە بەگزادەیەکی ناوداری دەستڕۆیشتوو، کە پاشان بوو بە هاوسەری والیی ئەردەڵان، ئەوە رەنگە رێکەوت دەوری لەوەدا بینیبێت کە خوێن نەڕژاوە:

**دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ**

**چەند خوێن کە ڕژا بێتو چ خوێنی نەڕژابێ**(ل٦١٩)

مەستوورە خانمی کوردستانی، هەروەکو (دایانا)ی ئەم سەردەمە بووە. ئەوجا من کە بڕوا ناکەم مەسەلەیەکی هەروا ئاسایی بێت، بەبێ ئاگاداریو رەزامەندیی رەسمی خۆی، کەسێك بۆی هەبێت لەسەر بابەتی بنەوەی جلوبەرگی بنوسێت. لەسەر جوانیو شۆخو شەنگی ئاساییە، بەڵام کە مەسەلەکە گەیشتە "خەنجەرو کالان" ئەوە لەکوردەواریدا خەنجەر لەکالان دەدرێتو خوێنی سیاوەحش دەڕژێت.

بەپێچەوانەی نووسەرانی نەوەی پێشوو، من ئەم شیعرە مەزنە بە داشۆریو هەجوو دانانێمو بۆی هەیە دەیان نووسەری تر، شوێنپێی نووسەری بەتوانا، ڕێبوار سیوەیلی، هەڵگرنو لێکۆڵینەوەی تری لەسەر بنووسن.

ئەم کارەی "نالی" تەقاندنەوەی بۆمبێکی کۆمەڵایەتی - ئەدەبییەو تا ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

شیعری: "هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟" (ل٢٢٤) من نازانم زەمانی خۆی چۆن سەیری ئەم شیعرە لەلایەن کۆنەپارێزانەوە کراوە؟

ئەم ستایشەی "نالی" بۆ کەرەکەی، هیچ ئەندێشەو خەیاڵێك بۆی ناچێت، مەگەر لەکۆڕو مەجلیسی جارانی قەرەوڵسییەکانی مەنەلی، کە لەلایان، ڕێزێکی زۆر لەکەران گیراوە. من بیستوومە لەکەسانی باوەڕپێکراوی ئەو ناوچەیە، کە بەسەعات باسی کەریان کردووە: ژیریو چاپکیو زەڕینو بارهەڵگریو .. تاد. لەبری "کاروان هاتەوە" وتراوە: "خەرەیلەگە هاتنەو" ئیدی ئەمە لایان چلەپۆپەی ڕووداوی ڕۆژ بووە.

ئەم پیاهەڵدانە، کەرەکەی "سوپەرکەر"ی گەیاندۆتە ئاستی کەرێکی ڕووناکبیری فەیلەسووف، کە زۆربەی سیفاتەکانی لەسیفاتی زۆر ئادەمیزاد بەرزترە.

**عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو، قاطیعی ڕێگەی سەفەر**
**خۆش سلووک تر بوو لەصەد وێڵداشی هەرزەو گێژو وێژ**
**(صائم الدهر)ی بەرۆژ، ئەمما بەرۆژووی بێ نییەت**
**(قائم اللیل)ی سلووک، ئەمما سلووک بێ نوێژ**
**چەندە پێم خۆش بوو، زوبانی حاڵی دەیوت (نالیا)**
**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورتو ئەمنیش گوێ درێژ** (ل٢٢٨)

لەپەراوێزی دیوانی نالیدا نووسراوە: "نالی کە ئەم زاراوانەی کۆڕی خواپەرستانی خواستووەو لێرەدا بەکاری هێناوەن، تەنها مەعنا زمانەوانییەکانی مەبەست بووە".[٢٢٨]



ئەم زیدەڕۆییە جۆرێکە لەیاخیبوون، کە لەزۆر شوێنی تری دیوانەکەدا دەردەکەون. من نازانم ئەو ویستوویەتی تەنیا لەدەرگایەکی تر بدات، یان بەم شێوەیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دژی "ریاکاران" درێژە پێ بدات؟

من نازانم ئەو زەمانە چەند ئاسایی بووە، لای ڕووناکبیرانی سەردەم، مرۆڤ وەکو حەیوان دابنرێتو لەگەڵ کەردا بەراورد بکرێت؟

جگە لەسەرکێشیو سەرەڕۆیی کۆمەڵایەتی، نالی لەبواری ئەدەبیو هونەریشدا، پێش زەمانی خۆی کەوتووە، بە بەکارهێنانی وشە لەدیالێکتو زاراوەی ناوچەکانی تر، کە ڕەنگە بۆ گوێی خەڵکی میرنشینی بابان ئاشنا نەبووبێت.

پارچە شیعری:

**درونی لدار الـ (شارزور)و بردە**
**کفرمیسک گرم الی آو سردە** (ل٤٠١)

ئەمە هەوڵدانێکی نۆژەنە، کە زمانێك بەرێزمانی زمانێکی تر بنوسرێتو دوو زمان بەشێوەیەکی سەیر تێکەڵاو بکرێن. "نالی" دیارە هەر ویستوویەتی توانای خۆی تاقی بکاتەوەو لەوە دەچێت کەس بەدڵی نەبووبێتو خۆشی دووبارەی نەکردبێتەوە. ئەم شیعرە بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە "نالی" نەیتوانیوە خۆی لەیەك چوارچێوەدا دابین بکاتو لەسەر یەك هێڵ بڕواتو یەك ڕچە بشکێنێت. ئەو سەرەڕای دەستڕۆیشتنو تواناشکان بۆ ئەوەی ئامرازو شێوەی دەربڕین بەرفراوان بکات، هەمیشە لەکۆشاندا بووە فۆڕمی نوێتر بدۆزێتەوە.

هەر لێرەشدا دوو بەیتی بەناوبانگی دەنووسمەوە، کە بەئاگابوونو زانینی دەوری مێژوویی دەنوێنن:

**طە بعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،**
**ئیمتحانی خۆیە مەقصودی، لە(عمدا) وا دەکا**

**یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بەمیثلی شەھ سەوار**

**بێ تەنەممول بەو هەمموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**

## دانانی شیعر بەکرمانجیی خواروو

ناوی نالی بەدانانی شیعرەوە بەکرمانجیی خواروو گرێ دەدرێت، بەڵام ئەم گرێدانە هێشتا بەشێوەیەکی زانستی روون نەکراوەتەوە. تا سەردەمی "نالی" دانانی شیعر، تەنانەت لەسنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانیشدا، هەر بەشێوەی گۆرانی بووە. زمانی زانستو کاری بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەتیو نامە ئاڵوگۆڕکردن بەعەرەبیو فارسیو تورکی بووە. چەندین شاعیری ناوداری هاوچەرخی "نالی"، کە لەسنوری قەڵەمڕەوی میرنشینی باباندا ژیاون، وەکوو مەولەویو مەلای جەباریو.. تاد، بەشێوەی گۆرانی شیعریان داناوە، هەر چەند دیالێکتی ئاخاوتنی ناوچەکەیان کرمانجیی خواروو بووە. دەسەڵاتی سیاسیو ئایینیو ئەدەبیی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ شێوەی گۆرانی بەکارهێناوە. جگە لەسروودی ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) [٢٤]، کە سامانێکی دەوڵەمەندو فراوانو کەمهاوتایەو بۆ ماوەی سەدان ساڵ پارێزراوە، دەسەڵاتی سیاسیی ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەی کەڵهوڕو بابان، وەکوو میرنشینی حەسنەویو بەنی عەنازو باجەڵانو ئەردەڵان، زمانی دەربارییان گۆرانی بووە. لەمێژووی تۆمارکراوی یارسان دەردەکەوێت، کە ئەم ناوەندە شاعیرو زاناو عاریفو موریدی زۆری بۆ لای خۆی کێشاوە. هەر بۆ نموونە: شاعیرانی لوڕستانو کەرکوک بەگۆرانی شیعریان داناوە،[٢٥] ناوچەی میرنشینی بابان نزیکترین ناوچە بووە لەم ناوەندەوە. کارتێکردنی ئەدەبیو فیکری سنووری ئایینی تێپەڕاندووە. ئەگینا چۆن دەبێت ئەو شیعرەی مەولەوی لەسەر گۆڕی ((باوە یادگار)) لێک بدرێتەوە؟

ناوچەی دیالێکتی گۆرانی، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، رووی کردۆتە کزیو گرژبوونەوە، هەوڵدان بۆ دانانی شیعر بەکرمانجیی خواروو لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکردووە. بۆ تاوی نووسین بەشێوەیەکی لەکزیو ئاوابوونو بێتینو تاوی بووەو تاوی نووسین بەشێوەکی تر روو لەگەشەکردنو هەڵاتنو برەو سەندن بووە؟ "نالی" لەگەڵاڵە بوونی ئەم پرۆژەیەدا چ دەورێکی گێڕاوە؟

ئەم دوو پرسیارە بابەتی دوو لێکۆڵینەوەی سەربەخۆن، کە بەداخەوە بەگوێرەی پێویست بەسەر نەکراونەتەوە.

"نالی" پێش زەمانو سەردەمو قۆناغ کەوتووە، قەڵەمبازێکی شۆڕشگێڕانەی داوە، لەبازنەیەکی تەسکی داخراوەوە بۆ فەزای بازنەیەکی نەزانراوی نوێ. رەنگە بەبێ نالییش، هەر رۆژێ بهاتایە بەکرمانجیی خواروو بنوسرایە، واتە: بەگوێرەی پرۆسەی خەملانو گەییەنی بەکاوەخۆ. کەس ناتوانێت بەمەزەنەو گریمانە، دواکەوتنی جێبەجێبوونی پرۆژەی نووسین، بەکرمانجیی خواروو لەبەرچاو بگرێت. سەیر ئەوەیە لەوڵاتاندا، زمانی بیرۆکراسیی میرنشینێک، دەبێتە بناغەی زمانی ئەدەبی، نەک پێچەوانەکەی. دەرباری بابان، تا ئەو رادەیەی زانرابێت، بەکرمانجیی خواروو دواونو بەفارسیو تورکیو عەرەبی نامەیان گۆڕیوەتەوەو بڕیاریان داڕشتووە. واتە: زمانی دەربار، هەر زۆر لەئاستی گەییو کامڵبوونو خەملانەوە دوور بووە. ئەو هەوڵانەی دراون، بایی ئەوە نەبوون کۆشکی شیعری ناسکو بەرزیان لەسەر دابمەزرێت. "مەهدی نامە"ی ئیبن ئەلحاجو عەقیدەی ئیمان مەولانا خالیدی نەقشبەندیو (تذكرة العوام)ی مەلا محەمەدی سیوچی (١١٩٢ك ـــ ١٧٧٨ز کۆچی دوایی کردووە) و فەرهەنگی "ئەحمەدی"ی شێخ مارفی نۆدێ، نیشانەی بوونی ئارەزووی نوسینن بەکرمانجیی خواروو، بەڵام بەڵگە نین لەسەر دروستبوونی زمانی ئەدەبی. زمانێک توانای دەربڕینو داڕشتنی هەبێت. سەرەڕای گرنگیی ئەم بەرهەمانە، ناتوانرێت وەکو کەرەستەی بنچینەیی بینایەکی گەورەو بەرز سەیر بکرێن. سەیر ئەوەیە پاش "نالی"، کەم کەس توانیویە ئەو هەمموو سۆزو فرەواتاییو دینامیکیەتە بەوشە ببەخشێت. دیارە داهێنانی کەسانی بلیمەتیش دەوری خۆیان لە پرۆژەکەدا هەیە.

داهاتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەهۆی پێگەیشتنی کۆمەڵێك هۆی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەوە هاتۆتە کایەوە. بوونی تاقە هۆیەك بەس نییە بۆ سەرهەڵدانی زمانی ئەدەبی. زمانی عیسای پەیامبەر ئارامی بووەو زمانی تەورات عیبریە، بەڵام ئینجیل بەیۆنانیی کۆن نووسراوە، کە زمانی دەوڵەت بووە. قورئان دەورێکی بنەمایی لەزمانی عەرەبی فوسحادا (العربیة الفصحی) هەیە. هاتنی ئیسلام رووداوێکی یەکلایەنەی گۆشەگیری کلتووری دابڕاو نەبووە. بزاڤێکی ئایینیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووری بەهێز بووە. دەوڵەتانی دروستکردووەو دەوڵەتانی سەرنگوم کردووەو رووی جیهانی گۆڕیوە. زمانی قورئان بۆتە زمانی دەربارو بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری بازرگانیو زانستو فەلسەفەو ئەدەبو وەرگێڕان.. تاد.

ئەڵمانیا لەسەدەکانی ناوەڕاستداو تا ساڵی ١٨٠٦ بەسەر چەندین دەوڵەتۆکەو میرنشینو شاردەوڵەتدا دابەشبوو. خەڵك بەدیالێکتی جیاجیا دواونو زمانی زانستو لاهووت لاتینی بووە. هەڵەیەکی گەورەیە، دروستبوونی زمانی ستانداردی ئەڵمانی(Hochdeutsch) بەتەنیا بگێڕدرێتەوە بۆ سەر وەرگێڕانی کتێبێکی ئایینیی پیرۆز. پێش مارتن لوتەر، چەندین کەسی دیکە ئینجیلیان بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە. وەرگێڕانەکەی لوتەر لەبارودۆخێکی تر بووەو هەلومەرجێکی ئایینیو سیاسیو کۆمەڵایەتیی نوێی هێناوەتە کایەوە. وەرگێڕانەکە وێڕای سەرهەڵدانی پرۆتیستانیزم بووە. واتە: مەسەلەی دەسەڵاتی (پاپا) لەرۆمدا خراوەتە بەر پرسیارەوە. کێشەی باجو سەرانە خراوەتە بەر پرسیارەوە. لوتەر، جگە لەوەرگێڕانی ئینجیل، دەیان سروودی دینیی هۆنیوەتەوەو چەندین کتێبو نامیلکەی داناوە. داهاتنی چاپخانەی گوتنبێرگ [26] لەو زەمانەدا دەورێکی یەکجار گرنگی بینیوە لەبڵاوبوونەوەی ئینجیلی وەرگێڕاو و نووسینەکانی مارتن لوتەر. بێگومان ئەگەر میری زاکسن (فریدریك دێر ڤایزە) پشتگیریی لۆتەری نەکردباو دالدەی نەدابا، نوێنەرانی کلێسای کاتۆلیکیو میرەکانی



سەر بە پاپا دەیانتوانی لوتەر بگرنو رەوانەی رۆمای بکەنو دوولەتبوونی کلێسا بۆ ماوەیەکی دیش دوا بخەن.[27]

لەمەوە دەردەکەوێت زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، لەئامێزی پرۆسەیەکی مێژووییدا لەدایك دەبێت. لێرەدا رەنگە جێگەی خۆی بێت بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکرێت، کە یەکێك لەهۆکانی نووسین بەکرمانجیی خواروو، دروستبوونی شاری سلێمانی بێت وەکوو پایتەختی میرنشین بابان.[28] شاری نوێ پێویستی بەسەنعەتکارو پیشەوەرو بازرگانی گەورەو دوکانو خانووبەرەی گەورەتر هەیە، هەروەها پێویستی بەزانای لێهاتوو هەیە. پیشەوەرو سەنعاتکار لەشوێنی ترەوە بانگکراون بۆ بەشداری لەدامەزراندنی شارو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی. دانیشتوانی شاری نوێ، پێویستیان بەکولتوورو رووناکبیری دەوڵەمەندتر هەبووە. رۆیشتنی مەولانا خالید بۆ هیندستانو وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی رێکەوت نەبووە. مەولانا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ بەشێك لەمیرانی باباندا دامەزراندووە. بڵاوبوونەوەی ئەم رێبازە پڕ کردنەوەی بەشێکی پێداویستیی دانیشتووانی شار بووە. بەربەرەکانیی شێخانی قادری، بەرهەڵستی دەسەڵاتی سیاسی ـ ئایینی دژ بەبزاڤی ریفۆرمی ئایینی بووە.

نالیو سالمو کوردیش لەناو جەرگەی ئەم رووداوانەدا چاویان هەڵێناوەو سەردەمی منداڵییان دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی ئەوڕەحمان پاشای بابان. لەم سەردەمەدا گیانی خۆ بەکورد دانانو هەستکردن بەزوڵموزۆری سیاسیی ئێرانو عوسمانی زەقو ئاشکرا بووە. گەشتنامەکەی ریچ کە حەوت ساڵ پاش کۆچی دوایی ئەوڕەحمان پاشای بابان نووسراوە، چاکترین بەڵگەیە لەسەر پەرەسەندنی گیانی خۆ بەکورد دانان. رەنگە ئەمەش هۆیەکی هاندەری بێت بۆ دانانی شیعر بەکرمانجیی خواروو.

ئەوی راستی بێت هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان بەدەستەوە نییە، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، چ هۆیەك پاڵی بەنالییەوە ناوە بەکرمانجیی خواروو شیعر بنوسێت؟ بەڵام لەکلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە رەنگە هەندێ هۆی

دەروونیمان بۆ روون بێتەوە، کە هانی نالییان داوە بەکرمانجیی خواروو بنوسێت، نەك بەعەرەبیو فارسیو تورکیش شیعری بەهێزی نووسیوە. دەسەڵاتی تەواوی بەسەریاندا شکاوە. تەنانەت لەژیانی تاراوگەو دوورە وڵاتیشدا، دەستی لەنووسین بەکوردی هەڵنەگرتووە، هەر چەند ئەو کاتە بەعەرەبیو تورکی نووسیوە. لەوێش رەنگە ئەوەندە گوێگری کوردی نەبووبێت. هەر بۆ نموونە: ئەو دەمەی لەمەککە ژیاوەو لەدەربارو دیوەخانی (بن عون) نزیك بووە، ئەو کاتە هەر تەنیا پێویستی بەدانانی شیعر بووە بەعەرەبی، کەچی ئەو وێڕای دانانی شیعری عەرەبی، بەکوردیش بەردەوام شیعری نووسیوە. ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی، ئەو تەنانەت لەژیانی دوورە وڵاتیشدا، پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەرو گوێگرانی کورددا نەپچڕیووە. "نالی" دەسەڵاتی تەواوی بەسەر نووسینی شیعر بەعەرەبیدا شکاوە. ئەو خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کەپێشتر، یان یەکەمین جار، بەعەرەبی یان بەکوردی شیعری داناوە. دوور نییە ئەویش وەکوو زۆر شاعیرو نووسەری عەرەبیزان بەعەرەبی نووسیبێتیو پاشان بایدابێتەوە بۆ سەر کوردی. لەدووتوێی شیعرە کوردییەکانیشدا دەردەکەوێت زۆر شارەزای ئەدەبو کولتووری عەرەبی بووە.

### بۆ نالی لەجیهانی شیعری عەرەبی، وەکو هەڵوێست، هەڵگەڕاوەتەوە؟

دەبێت پێشەکی ئەو پرسیارەش بکرێت: بۆ نالی نراوەتە بەر خوێندن؟ لەکوردستانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زارۆك پیشەی باوکی بۆ ماوەتەوە: میرزادە جێگەی باوکی گرتۆتەوەو یان وەکو میرزادەیەك جێگەی لەنێو چینی ئۆرستۆکراتدا کراوەتەوە. کوڕە جووتیاریش بۆتە جووتیار، گاجووتو پارچە زەوی لەبابەوە بەمیرات بۆی بەجێماوە. بازدانی چینایەتیو شوێنگۆڕکێی کۆمەڵایەتی ئاسان نەبووە. نالیناسان بەهیچ جۆرێك خۆیان لەقەرەی باسی کارو پیشەی ((ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی جاف)) نەداوە. لەشیعرە بڵاوکراوەکانیشدا، جێگەو شوێنی باوکی لەپەیژەی کۆمەڵایەتیدا روون نییە. کەسیش



ئەوەندە خەمخۆر نەبووە دوای دەنگوباسی خزمو تیرەو تایفەی بکەوێتو لەو رێگەیەوە تروسکایی بخرێتە سەر لایەنی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی باوكو بنەماڵەکەی.(٢٩)

ئەزموونی منداڵی، کەسایەتیی مرۆڤ دادەڕێژرێت. ئەو لەوە دەچێت وەکو منداڵێکی زیرەکی چاوکراوە، لەلایەن مامۆستاکەیەوە، کە رەنگە مامۆستایەکی بەزیپكو زاکۆنو ڕەق بووبێت، هەمیشە خرابێتە بن پاڵەپەستۆی فێربوونی زمانی عەرەبییەوە. هەر بەنابەدڵیو زۆری زۆرداران رێزمانی عەرەبی پێلەبەر کرابێتو ئازار درابێتو برینی قووڵ لەبنهۆشیدا (Unterbewusstsein) بەسارێژنەکراوی بەجێمابێت. ئەگەر لەفێرگە ئەوەندە ناخۆشی چەشتبێت، باوکی بۆ سوور بووە لەسەر بەردەوامبوون لەسەر حوجرەو قوتابخانە؟ بۆ باوکی لەکێڵگەدا، یان لەژیانی کۆچەری دا دووری خستۆتەوە؟ من بەدووری نازانم باوکیشی مەلا بووبێتو ئەو دوو گوشاری خستبێتە سەر، وەکوو باوكو مامۆستا. ئەگەر وا نەبێت، بۆ ئەم شۆڕشەی دژی نووسین بەرپا کردووە؟ مامۆستا توانیویەتی عەرەبی فێر بکات. ئەویش لەزانستی زمانی عەرەبیدا دەسەڵاتێکی یەکجار باڵای پەیدا کردووەو زۆریش سوودی لێوەرگرتووە، هەرچەند وانەو فێرگەی بەلاوە وەکو زیندان بووە:

> مدرسە، مەحبەسەیە، مەبحەثەیی وەسوەسەیە
>
> کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆشو خۆرسەندی نییە (ل٥٩٥)

فێرگەو خوێندنو فێربوون، شادیو بەختەوەرییان پێنەبەخشیوە. فێرگەی لێبۆتە زیندان. لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوە بیری بۆ لای گومانو گومڕایی بردووە. دیارە ئەو ئەزموونی تاڵو سوێری لەنێو (مدرسە)دا هەبووە، ئەگینا هەڵوێستی ناحەزیو نابەختەوەریی ئەو بەرامبەر قوتابخانە دەبێت بەچی لێکبدرێتەوە؟ بێجگە لەم بەیتەی نالی، پارچە شیعرێکی بیست وسێ بەیتی هەیە دەربارەی یەکێك لەقوتابخانەکان، کە ئەو ژیانی تێدا بەسەر بردووە. ئەو بەشێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە وێنەیەکی کاریکاتێری حوجرەی مزگەوتی پێشکەش کردووە. لەم پارچە شیعرەدا وێنەی کاریکاتێری حوجرەی

مزگەوتو دیمەنی مامۆستای دەسەڵاتدارو هەلپەرستیی فەقێکانی ئاوەڵێ بەشێوەیەکی درامی تێکەڵاو دەبێت:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نەبیری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەک مەنجەنیق**
**بۆ دەوامی رۆژ پەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو** (ل٣٦٠)

گوشار خستنە سەر بۆ فێربوون، بەبێ رەچاوکردنی حەزو ئارەزوو، کاردانەوەی توندی ئاوەژووی لەدەروونی نالیدا دروست کردووە. دیارە ئەوەی مامۆستا، لەبەر چاوی گرتووە، ئەم لەناوەوەیدا هەڵوێستێکی پێچەوانەی دژی لاقوت بۆتەوە. لەتەمەنی منداڵیدا بواری بەرەنگاریو داکۆکی لەخۆکردن ئاسان نییە. کاردانەوەش راستەوخۆو یەکسەر نابێت. شتی نەبینراو، هەستپێنەکراو، بەرەبەرە، کۆدەبێتەوەو لەبن بنبەستی بنهۆشدا پەنگ دەخواتەوەو لەگەورەییدا بەبێ ئەوەی پێی بزانرێت، یان نەزانرێت، لەهەڵسوکەوتی ئاگادارو بیرکردنەوەدا دەردەکەوێت: شوێنەواری گوشارو برینو شکاندن، بەناڕاستەوخۆ، بەئاوەژوو، بەشێوەی جۆراوجۆر، خۆیان دەنوێنن.

"نالی" لەکازێوەی پاییزی تەمەندا، رێزمانی عەرەبی وەکو ئامرازێکی هونەری بۆ داپۆشینی پێویستیی باسکردنی باری توانای سێکسیی خۆیو دەفرو دۆڵە، بەکار هێناوە. بێجگە لەو، من تائێستا بەر گوێم نەکەتووە، کەسێکی تر زاراوەی رێزمانی بۆ باسکردنی بابەتی ئەوتۆ بەکار هێنابێت. ئەو لەدوو پارچە شیعری تردا هاتۆتە سەر باسی سێکس. هەر بەوێنەی شیعریو ئامرازی لێکدانەوەی گراماتیکی عەرەبی دەستی داوەتە شیکردنەوەی باری ژیانی سێکسی خۆی:

**ئەلیف نەکبیرەو بێگانە، نایەتە تەعریف**
**عەلەم موشابیهی غەیرو مولازیمی تەنکیر** (ل٢١٧)



لەدوو توێی ئەم شیعرەدا دوو راستی دەردەکەون، ئەو چەند شارەزای گراماتیکی زمانی عەرەبی بووەو بەبەردەوامیش پەیوەندی لەگەڵیدا هەبووەو ئەو پەیوەندییە تووشی پچران نەبووە. بەڵام لەقووڵایی دەروونەوە ئازاری پێگەیشتووە. ئەو لەئەنجامی نەشارەزاییو نەزانینەوە، لەدانانی شیعر بەعەرەبی دوور نەکەوتۆتەوە. ئەو دەستی تۆڵەی لەبنهۆشەوە نەگەیشتۆتە مامۆستاکەی خۆی، ئیدی هۆکەی هەرچییەك دەبێت با ببێت، ئەو تیری راستەوخۆی ئاڕاستەی مامۆستا نەکردووە، بەڵکو ئاڕاستەی رێزمانی زمانی عەرەبیو وانەکانی کردووە، کەتا ئەو کاتەش وەکو مۆتەکە لەبەر چاوی بزر نەبووە. ئەو ویستوویەتی بەزاری"هینەکەی"یەوە، بەئەقڵی مامۆستای رێزمان پێبکەنێت. لەوانەیە ئەم رقهەڵگرتنەی ئەو لەفێرگەو مامۆستاو دەرسو رێزمانی عەرەبیی سەردەمی منداڵی، "نالی" بۆ لای زمانی دایك راکێشا بێت. زمانی دایکی بۆتە تاراوگەو ئازادیو سەربەستیو رەهایی خۆی تێدا بەدی کردووەو نەك پتر دەسەڵات پەیداکردن لەجیهانی ئەدەبو رێزمانی زمانی عەرەبی. ئەو، زمانی دایکی کردۆتە سوپەرو قەڵغانی خۆی، بەرامبەر پاڵەپەستۆو زەبروزەنگی فێربوونی زمانی عەرەبی، بەنابەدڵی. ئەگەر باوك، یان (باوەپیرە)ی مامۆستای بووبێت، یان دەوری لەپرۆسەی فێربوونی زمانی زانستدا بینیبێت، ئەوە تارمایی گرێی ئۆدیپۆس(Odipuskomplex) بەگوێرەی تێگەیشتنی فرۆید، چاکتر ئاشکرا دەبێت. یاخیبوونو بەرپاکردنی شۆرش دژ بەنووسینی شیعر بەزمانێکی بێگانە (عەرەبی، فارسیو تورکی)، بەدۆزینەوەی زمانی کوردی، وەکو زمانی شیعر، دەست پێدەکات. لەمەیشدا هەر زۆر بەتوندی دەنگی نارەزایی دژی بەرزبۆتەوەو بەربەرەکانێی لەگەڵدا کراوەو تانەو تەشەری تێگیراوە. ئەگینا کەسێك هەیە، بەرامبەر پشتگیریو خەڵاتو ستایش، ئەم بەیتەی خوارەوە بنووسێت؟ ئەو سنووربەندی کردووە لەنێوان پرۆژەکەی خۆیو ئەوان:

**کەس بەئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا** (ل١٠٧)

"نالی" نەهاتووە لەسەر ڕێبازێکی باو بڕواتو داهێنانی خۆی بنوێنێت، بەڵکو بەهرەو هونەرمەندیو داهێنانی ئەو لەوەدا دەردەکەوێت، پشتی لەئاداب و دەستووری باو کردووەو ڕێبازێکی نوێی گرتۆتە بەر. لەکەرەستەی شتێکی "نرخ بۆ دانەنراو"و "بەسووک سەیرکراوە"دا شتێکی بایەخدارو گرنگی دروستکردووە. ئەو کارەی ئەو، لەگەڵ وشەی کوردیدا کردووە، تا ئێستاش کەسێکی تر هەڵنەکەوتووە لێی نزیک بێتەوە. تا ئەو ڕادەیەی توانا و ئەندێشەو خەیاڵ بیگاتێ، ئەو توانیویەتی باڵی وشەکان بۆ ئاسۆی جیهانی فرەواتایی بکاتەوە، بەشێوەیەك بیری خوێنەر، هەروا بەئاسانی پێی نەگات. مەگەر سەعدی شیرازی لەڕووی کاتیەوە، لەفرەواتایی پێشی کەوتبێت، ئەگینا "نالی" بۆ خۆی لووتکەیەکە لەجیهانی ئەدەبدا و بەراوردکردن ئاڵۆزی دەخولقێنێت. هەر بۆ نموونە: سەعدی شیرازی لەدەربڕینو دارشتنو فرەواتاییو پەندداتاشیندا دەستێکی باڵای هەبووە، بەڵام خۆی لەرەخنەو نارەزاییدەربرین پاراستووە. حافظ شیرازی، رەنگە لەرووی شێوەی هونەرییەوە لەگەڵ سەعدی شیرازیدا بەراورد نەکرێت، بەڵام رەخنەی زۆرو توندی لەهەندێ لایەنی نێگەتیڤی دیاردەی ئایینی گرتووە. "نالی" سەرەڕای باڵادەستی لەفرەواتاییو توانای دەربڕیندا، رەخنەی توندو تیژیشی لەهەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی گرتووە.

جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارەش بخرێتە روو، کە بۆ ئەو بەشێوەی شارەزووری نەینووسیوە- مەولەوی بەشێك لەشیعروکانی بەتاوەگۆزی نووسیوە - و شێوەی سلێمانیی کردۆتە بناغەی زمانی ئەدەبیو لەدیالێکتو زاراوەکانی ناوچە جیاجیاکان بەگوێرەی پێویست گوڵبژێری کردووە؟ سەیر ئەوەیە، هەروەکو لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا، ئەو نێوی بابانی نەهێناوەو چەند جارێك، نێوی شارەزووری هێناوەو بەتایبەت (خاكو خۆڵ)، کە شوێنی لەدایکبوونیەتی. خۆیشی بەکوردی شارەزوور ناساندووە:

**ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم** (ل٥١٧)



بەڵام شیعری بەشێوەی سلێمانی داناوە، نەك بەشارەزووری! ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەتەڵێکە، چونکە گومان لەوەدا نییە، کە "نالی" توانیویەتی بەشارەزووری بنووسێت، وەکو مەولەوی. هەڵبژاردنی شێوەی سلێمانی، نەبۆتە هۆی داخراوی بەرانبەر شێوەکانی تر، بەڵکو زۆر وەستایانە، خۆی زانیوەو باخچەی بەر دەرگای دەربارەکەی بۆ هەموو گوڵو موڵێك بەکراوەیی بەجێهێشتووە، بۆ ئەوەی جوانتر برازێتەوەو دەوڵەمەندتر بێت.

## وڵات بەجێهێشتنو هۆی لەتاراوگە گیرسانەوە

مەزەنەو رەملێدانێکی زۆر هەیە، سەبارەت بەهۆی وڵات بەجێهێشتنی "نالی"و رووکردنە ژیانی ئاوارەییو دەربەدەری، بەشێکی نووسەران، هەرەسو رووخانی میرنشینی بابان بەهۆی سەرەکیی رۆیشتنو ماڵئاوایی دادەنێنو بەشێکی تر سەفەری حەجو.. تاد.

لەبەشی یەکەمدا، بەکورتی، هەڵوێستو پەیوەندیی سیاسیی ئەو روون کرایەوە، لایەنگری لەبەرەیەك، لەدوو لایەنی ناکۆكو لەسەر دەسەڵات بە شەڕ هاتوو، دیاریکرا. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە شیعرە سیاسییەکانی "نالی" لەچاو ئەو هەموو پارچە شیعرانەی هێرشیان تێدایە بۆ سەر سۆفیو شێخ، هەر زۆر کەمن. واتە: دەبێت بۆ مەسەلەی ماڵئاوایی لەکوردستان، تەنیا هۆی سیاسی لەبەر چاو نەگیرێت، هەرچەند هۆیەکی گرنگو بنەڕەتیو چارەنووسسازەو دەوری خۆی لەبڕیاری گەرانەوەو نەگەڕانەوەدا گێڕاوە، بەڵکو دەبێت ئەو هەموو رەخنەو هێرشو پەلامارەی بۆ سەر لایەنێکی کۆمەڵایەتیی بەتواناو بەدەسەڵات پشتگوێ نەخرێن.

لێرەدا ئەم پرسیارانە لەبەردەماندا قوت دەبنەوە:

ـ دەبێت "نالی" ئەو هەموو داشۆریو پلارتێگرتنەی هەروا بۆکێشو سەروا نووسیبێت؟

ـ دەبێت بەرەی دژ هەروا دەستەوەستان، لەبەردەم ئەودا چاویان شۆڕکردبێتەوەو هیچ بایەخێکیان بەقسەکانی نەدابێت؟

ـ ئەی ئەو، دەبێت بەكێ پشتی بەستیبێت بۆ خۆپاراستن لەدەستدرێژیی لایەنی دژی؟

لەم سەردەمەی ئێمەدا، ئەگەر شاعیرێكی كوردی دانیشتووی ستۆكهۆڵم، پاریس، یان نیویۆرك، وێنەیەكی هونەریی شیعری بەكار بهێنێت، كە یەك تۆز بۆنی ڕەخنەو ڕووشاندنی لایەنێكی سیاسی/ دینی/ چەكداریی لێوەبێت، یان ئەو لایەنە، ئەو وێنەیە بەناڕەواو "ناشەرعی" دابنێت، ئایا ئەو كەسە خوێنی حەڵاڵ ناكرێت؟

بڕوا ناكەم ئەو هێزە ئایینیانەی ئەو كاتە، ئەوەندە كراوەو لیبراڵ بووبن و ڕەخنەو گاڵتەی شاعیرێكیان پێقووت درابێت، با ئەو شاعیرە خۆیشی زانایەكی خواناس بووبێت. كێشەی هەڵبەزانەوەو ڕاستبوونەوە لەمەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەڵگەیە لەسەر بێدەنگنەبوونی چەكی ئایینی، تەنانەت بەرانبەر پیرانی تەریقەتیش و پەیڤ و ئاكاریان بە((بدعە)) دانراون و هەوڵی وردوخاشكردنیان داوە. دوور نییە بەشێك لەوانەی دەوریان لەبەربەرەكانێ و دوژمنایەتیی مەولانا خالیددا گێرابێت، لەدەورانی نالیشدا هێشتا هەر لەژیاندا بووبن. هەرچەند ئەم گریمانەیە نابێت ئەوە بگەیەنێت، ئەو هێزانەی دژی مەولانا بوون، هەمان هێز بوون كە "نالی" دژیان بووە. لەشیعرێكی نالیدا هەڵوێستێكی ڕوون و ئاشكرا بەرانبەر ڕێبازی نەقشبەندی و مەولانا خالید[٣٠] بەر چاو ناكەوێت و ئەگەر لەداهاتوودا پارچە شیعرێكی تری چنگ كەوت، كە لەدیوانەكەیدا بڵاو نەكرابێتەوەو باسی لایەنێكی دینیی كردبێت بەچەشنێكی تر، ئەوە مەسەلەیەكی دیكەیە.

ئەم بیندرێژییەو یەكدڵییە لە ڕەخنەو هێرش بۆ سەر لایەنێك، ڕەنگە لەلایەن لایەكی ترەوە، یان هێزێكی بەهێزترەوە، پشتگیری كرابێت. بەدووری نازانم هێزێكی ئەوتۆ لەپشتی بووبێت، كەلایەنی دژ توانای دەستوەشاندن و دەمكوتكردنی نەبووبێت، ئەگینا چارەنووسی لەچارەنووسی حەلاج و سەهرەوەری چاكتر نەدەبوو.

حاجی قادری كۆیی لەئەنجامی كێشەو هەرای لەگەڵ شێخ نەبی ماویلی وڵاتی بەجێهێشتووەو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، بەشێكی زۆری داشۆرییەكانی شێخ نەبی



ماویلی بەرهەمی ئەستەموولن، نەك كاتی هەراو دەمەقاڵێی گەرماو گەرم.[٣١] هەجووەكانی نالی وەكو هەجووەكانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەرهەمی كوردستان و ناوجەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵشاخانی گەرماو گەرمی ڕاستەوخۆیان پێوە دیارە. بۆ نالی بتوانێت بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ دەست لەڕووی شێخ و سۆفیدا بەرز بكاتەوەو حاجی قادر هەر زوو بۆ ژیانی ئاوارەیی و تاراوگە بكشێت؟

من هەندێ هێمای شیعرەكانی خۆی دەكەمە بەڵگە بۆ نەگونجانی ئەو هەواڵەی ڕۆیشتنی "نالی" دەداتە پاڵ هەلومەرجی سیاسی. ئەز، تەنگپێهەڵچنین و هێرش و هەڕەشەی هێزێكی ناوخۆ دەكەمە هۆی بنچینەیی و ڕووخاندنی میرنشینی بابانیش دەكەمە سەربار!

ئەگەر بۆچوونی ئاوارەبوون پاش هەرەس و ژێركەوتنی میرنشینی بابان ڕاست بێت، ئەدی بۆ "نالی"، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هیچ ئاماژەیەكی بۆ گۆڕانی دەورانی سیاسی، وەكو هۆیەك بۆ نەگەڕانەوە، دەرنەبڕیوە؟ بەرانبەر بەم بۆچوونە دەكرێت بەیتێكی "نالی" لەبەرچاو بگیرێت، كەخۆی بەقوربانیی پیلانێك داناوە، كە لەلایەن كەسێكەو نەك هێزێكی سیاسیی گەورەوە بەئەنجام گەیەنرابێت:

**وكم نالـ ((نالی)) من شفا ساقيانة**
**شفا، هل شفا من نال ((نالی))بدردة؟!** (ل٤٠٦)

لێرەدا "هل شفا من" "هل شفی من" بۆ تاك هاتووە نەك كۆ و بۆ كەسێك دەبێت و نەك سیستەمێكی سیاسی. ئەو كەسەش، ئەو كەسەیە، كە "نالی" بەدەردی دووری و ئاوارەیی بردووە. بەدەردبردن، بۆنی پیلانگێڕان و پاشقوللێگرتن و خەنجەر لەپشتەوە لێدانی لێوە دێت. ئەگەر هاتنی لەشكری عوسمانی، "نالی" بەو دەردە بردبێت، ئەوە ئەو، ئەوندە هۆشیارو بەتوانا بووە، بەرەمزو مەجازیش بێت، بتوانێت پەنجەی تاوانبار

کردن بخاته سەر لەشکری داگیرکەر. کەچی ئەو لێرەدا بەرروونی جەختی لەسەر دەوری تاکە کەسێکی "تاوانبار" کردووە، نەك هێزێکی سیاسیی گەورە. ئەو دەیتوانی لەشاکاری "قوربانی تۆزی رێگەتم"دا کەشیعرێکی سیاسیی بەرزەو باسی مەسەلەی داگیرکردنو هەرەسی میرنشین دەکات، هەر زۆر بەئاسانی جێگەی هۆی دەرچوونو نەگەڕانەوە بکاتەوە، کەچی پرسیارەکەی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە، کەرووخانی میرنشینو ئاوارەبوون پێکەوە گرێ دەدات:

**ئایا مەقامی روخصەتە لەم بەینە بێمەوە،**

**یا مصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور؟** (ل١٩٧)

پرسیار کردن نیشانەی دڵنیایی‌و یەکالاییو بەرچاوروونی نییە، بەڵکو نیشانەی گومانو نادڵنیاییو نەتوانینی بڕیاردانە. "مەقامی روخصەت" پاش چی؟ پاش وێرانبوونو پتر تێکچوونی بارودۆخی وڵاتو بۆچی؟ "لەم بەینە بێمەوە". ئەم بەیتە جۆرە ئامادەبوونێکی دەروونیی تێدا بەدی دەکرێت بۆ گەڕانەوە! واتە: ئەی ئەو کەسەی راوێژت پێ دەکەم، سەرەڕای کارەساتی رووخاندنو داگیرکردنی میرنشینو چاوەڕوانکردنی هەموو کارێکی دزێوو نەفرەتلێکراو: "ئەگەر تۆ پەسەندی بکەیتو رەزامەندیت لەسەر بێت، ئەوە من دێمەوە."

هیچ گومان لەوەدا نییە، کەئەو زانیویەتی وڵات داگیرکراوە. کەواتە: ئەگەر وڵات داگیر کردن هۆیەك با، هۆ گرنگەکانی نەگەڕانەوە، پاش هەرەسو داگیرکردن پرسی گەڕانەوەی نەدەکرد.

**- ئەڵتەرناتیڤی نەگەڕانەوە، بۆ ئەو چییە؟**

**- نەگەڕانەوەیە تا دوا رۆژی ژیان؟**

ئەو هەر بەراستیش وای کردووەو تا دوا رۆژی ژیان نەگەڕاوەتەوە، ئەمەش بڕیارێکی سەختو گرانە. هیوابڕانو نائومێدی لەگەڕانەوە، هەرەسی یەکجاری خەونە زەردو سوورەکانی گەڕانەوەیەو تێکشکانی کۆنسێپتی ژیانە.



لەوە دەچێت رووخانی میرایەتیی بابان بەرەی ناحەزانی "نالی" بەهێزتر کردبێت! سالمی شاعیر، کە خۆیشی یەکێك بووە لەوانەی تێکشکانی میرنشین زەبەری راستەوخۆی لەکۆڵەکەی بەرژەوەندیو کۆنسێپیی ژیانی گەیاندووەو خۆی زۆر بەکەساسو داماو هاتۆتە بەر چاو، داگیرکردنیش ئەوپەڕی کاری تێکردووە. ئەو بەشیعرو وەڵامی "نالی" داوەتەوە:

**توخوا بڵێ بەحەضرەتی (نالی): دەخیلی بم**

**بەم نەوعە قەط نەکا بەسولیيمانیا گوزەر**

**(سالم) صیفەت لەبێ کەسیبا با نەبێ هیلاك**

**من کردم ئەو نەکا لەغەما خوێنی خۆی هەدەر**

سالم کە زۆر شارەزای دوادەنگوباسی بەرەی میرایەتی بووەو بەوردی ئاگاداری هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەو کاتە بووە، لەوە نەترساوە کە "نالی" لەلایەن بەرەی ناحەزانەوە "تیرۆر" بکرێت. ئەم واتایە لەواژەی "خوێنی خۆی نەکا هەدەر" چنگ دەکەوێت، چونکە پێش واژەی "خوێنی خۆی نەکا هەدەر" وشەی "لەغەما" هەیە. واتە: ئەو خۆی چۆن تووشی ژانو خەفەتو خەمخوادن هاتووە، ئەگەر بێتەوە، ئەویش تووش دەبێت. بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەوە، کەپاش هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بابان هاتۆتە پێشەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەئەنجامی خەمخواردنەوە سەر بنێتەوە. کەسێك دەپرسێت "مەسڵەحەت" مانەوەیە لەدوورە وڵاتیو دەربەدەری تا رۆژی قیامەت، یان گەڕانەوە چاکترە، دیارە ئەو کەسە لەناخەوە نەیتوانیوە خۆی بەلایەکدا داشکێنێت. ئیدی وەڵامە گردبڕەکەی "سالم" تەمومژی دوودڵیی "هاتنەوەو نەهاتنەوە"ی لەدڵی ئەودا رەواندۆتەوە.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوەش بنووسم، کە لەشیعری "قوربانی تۆزی رێگەتم"دا ئەو راستییە بەدی دەکرێت، کەئەو تا ئەو رۆژەی کوردستانی بەجێهێشتووە، نە ماڵو حاڵی هەبووەو نەخانووبەرە. ئەو بەسەر حوجرەی مزگەوتو جۆگەو کانیو شوێنی

گشتیدا لەنگەری گرتووە، نەك لەشتێك بپرسێتەوە کە تایبەت بێت بەخۆی. کەسێکیش ماڵو منداڵی لەشوێنێکدا نەبێت، ئەوەندە بەو شوێنەوە نابەسترێتەوە.

من پێم وایە "نالی" پێش هەرەسی یەکجارەکی میرنشینی بابان وڵاتی بەجێهێشتبێت، چونکە ئەو پانۆرامایەی ئەو لە"قوربانی تۆزی ڕێگەتم"دا تۆماری کردووە، دیمەنەکان تازەو تەڕو زیندوون، نەك ساڵانێکی یەکجار دوورو درێژیان بەسەردا تێپەڕیبێ‌و ناشێت‌و ناکرێت ڕووداوو نسکۆو هەڵەنگووتنی بەچاوی خۆی بینیبێت، ئەو هەر لەدوورەوە بیستوویەتی‌و هەواڵەکانی گوێ لێبووە! گوێ دەبیستێت‌و ئەقڵ هێشتا بڕوا ناکات، کە میرایەتی لەنێوچووەو داروپەردووی بەسەر یەکەوە نەماوە. هەر دەبێت پێش ئەو کارەساتە ڕۆیشتبێت، نەك لەپاشان.

ئەگەر ئەوەمان زانی ساڵی ١٨٣٨ لەسلێمانی بووەو شیعری "تا فەلەك دەورەی نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو" کە"پرسەو پیرۆزبایی" خۆی دەربڕیوە بەرامبەر کۆچی دوایی پاشایەك‌و هاتنە سەر کاری کوڕەکەی. دەبێت ماوەیەکی تریش هەر لەپایتەختدا ژیا بێت‌و بە چاوی خۆی "طاقمە مومتازەکەی "شا"ی بینیبێت، ئەگینا ڕێی تێناچێت، هەر بەئەندێشەو خەیاڵ سوپایەکی ڕێکوپێکی لەسەر کاغەز پێکەوە نابێت! ئەگەر ئەوەشمان زانی، کەساڵی ١٨٤٦ ئەحمەد پاشا لەکار خراوە، ئیدی دەبێت پێش ئەم ماوەیە لەوێ نەمابێت.

زۆربەی نووسەران بەوردی سەرنجی دوابەیتی چامەکەی سالمیان نەداوە. کەی دەبێت ئەم شیعرە نووسرابێت، کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوو، یان درەنگتر؟ من پێم وایە دەبێت لەکۆتایی چلەکاندا نووسرابێت:

**ئەم مولکە نەظمی‌نابێ بەبێ ضە بطی واریثی**

**بێ ئەو بەقەصدی ئەم طرەفە با نەکا سەفەر** (ل٢٠١)

ئەم بەیتە نیشانەی گەرموگوڕیی ڕووداوەکانە، نەك تێپەڕبوونی کاتێکی دوورودرێژ. ئەگەرچی سەرتاسەری میرنشین لەبن سمکۆڵانی ئەسپی سوپای داگیرکەری عوسمانیدا



داڕووخاوە، بەڵام سالم هێشتا بەتەواوی بێهیواو ئومێدبڕاو نەبووە لەچاکبوونەوەی بارودۆخی سیاسی. ئەو هەر چاوەڕوان دەکات، میرایەتیی بابان سەر لەنوێ بگەڕێتەوەو تەنیا ئەو کاتە (نالی) دەتوانێت ڕێگەی هاتنەوە بەخۆی بدات. ئەگەر نووسینی ئەم دوو چامەیە، بەماوەیەکی زۆر پاش لەڕووداوەکان نووسرابن، بڕوا ناکەم سالم خەونی شیرینی بەتراویلکەی نەزۆکی گەڕانەوەی میرایەتییەوە ببینیایە.

ساڵی (٢٠٠٧) لەئەستەموول دەسنووسێك دۆزرایەوە، کە ناوی (مناظر الأنشاء) و "نالی" لەدەرەوەی وڵات نوسیویەتی. کۆپی ئەو دەسنووسەی لای ئێمە ساڵی (١٢٦٦ك) بەرامبەر (١٨٤٩ز) لەسەر داوای "نالی" لەلایەن ناسخێکەوە نوسراوەتەوە. ئەم دەسنووسە بەڵگەی ئەوەیە "نالی" چەند ساڵێك پێش ڕووخانی میرنشینی بابان بۆ شام یان ئەستەموول ڕۆیشتووەو لەوێ کاربەدەستێکی گەورە داوای لێ کردووە لێکدانەوەیەکی وردی کتێبی (مناظر الأنشاء)ی بۆ بنووسێت.

## ژیانی تاراوگە

کەس بەتەواوی نازانێت "نالی" لەکام تاراوگەدا گیرساوەتەوەو لەکام جێگەدا ژیانی بەسەر بردووەو چۆن دواساڵەکانی ژیانی بەڕێ کردووە! سەبارەت بە ژیانی ئاوارەیی‌و پەڕیوەیی، هیچ گوزارشتێکی فراوانمان لەبەردەستدا نییە، کەپشتی پێ ببەسترێت. لەم ساڵانەی دواییدا سێ کورتە گوزارش بڵاوکراونەتەوەو شیعرەکانی، کە بەشێوەی (دیوانی نالی) بڵاوکراونەتەوە، تۆزێك تیشك دەهاونە سەر کوێرەڕێی ئێمە بۆ دۆزینەوەی هەندێ وێستگەو وێنەی بزری ناو تاریکی ژیانی دوورەو وڵاتیی ئەو:

١ــ دەوروبەری ساڵی (١٨٥٣ و ١٨٥٤) ئەحمەد پاشای بابان (ئەحمەد خان) لەپاریس چاوی بە (ئا. خۆدزکو) کەوتووەو ئەو هەواڵی نیشتەجێبوونی (نالی) لەشام، ڕاگەیاندووە. ئەم هەواڵە تەلگرافئاساییەش، هەر هێندەی لێهەڵدەکرێنرێت، کە ساڵی ١٨٥٣ ئەو لەشام بووەو هیچی تر. ئەو دەنووسێت "لە سوریا، لە شام زانایەکی

بەناوبانگی کوردی لێیە، مەلا خزر کە چاکتر بەنازناوە ئەدەبییەکەوە نەعلی ئەفەندی (Néali Effendi) ناسراوە، کە بە تایبەتی خۆی بۆ دیالێکتە هەمەچەشنەکانی نیشتمانەکەی (کوردستان) تەرخان کردووەو پێشتریش رێزمانێکی عەرەبیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەحمەدخان کە بەخۆی نەعلی ئەفەندی دەناسی، وادەی پێدام پێوەندیم لەگەڵ ئەم زانا سەردەستە فیلۆلۆژناسەی نەتەوەکەی بۆ دروست بکات".[٣٢]

٢ـ لەهەشتاکانی سەدەی دوانزەیەمی کۆچیدا (١٢٨٠ک. )بەدواوە، واتە: ١٨٦٣، گەیشتۆتە مەککە بەگوێرەی کتێبی (نزهە الفکر) کەاحمد بن محمد الحضراوی المکی الشافعی (١٨٣٨ـ ١٩٠٩) نووسیویەتی‌و ماوەیەك لەوێ ژیاوە، نەك تەنیا بۆ حەج رۆیشتووە.[٣٣]

٣ـ ساڵی ١٢٩٠ی ك. (١٨٧٣ز.) لەسەفەری حەج گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەموڵ‌و پاش ماوەیەك لەوێ کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی قاراجا ئەحمەد نێژراوە. ئەمەش لەلایەن محەمەد تاهیر ئەفەندی بۆرسەلییەوە نووسراوە. ئێمە قسەکانی بۆرسەلی بەکوردی وەکو خۆی دەنوسینەوە: (("نالی" مەلا خدر (١٢٩٠ھ) = (١٨٧٣ز) (لەگوندێکی سەر بەسلێمانی لەدایك بووەو خوێندن‌و تەحسیلی لەشاری سلێمانی و قەسەبەی قەرەداغ تەواو کردووە، بەزمانی کوردی دیوانێکی کامڵی هەیە، بەسێ زمانیش شیعری ئەوەندە رەنگینی هەیە کە بە هونەرەکانی جوانکاری رازاونەتەوە. لەساڵی (١٢٩٠ك) دا لەحەجی شەریف هاتەوە، ئەو ماوەیەی کە لە ئەستەموول مایەوە، بەئەوپەڕی رێزو شکۆدارییەوە زاناو شاعیرەکانی ئەستەموول روویان تێ دەکرد. پاش بەینێك وەفاتی کردو لەگۆڕستانی (قاراجا ئەحمەد ـ karaca ahmed) تەرمەکەی بەخاك سپێردرا.[٣٤]

ئەم سێ بەڵگەیە لەلایەن سێ نووسەرەوە، بەسێ زمان، لەسێ کاتی جیاوازدا، نووسراون. ئەم سێ کەسەش بەتەواوی باسیان نەکردووە، جگە لەو شوێنەی نێویان بردووە، باسی دوو شوێنەکەی تریان نەکردووە. ئەمەش تا رادەیەك گرێکوێرەیەکی تر لەگوێکوێرەکە دەدات‌و یارمەتیی کردنەوەمان نادات.



سەیر ئەوەیە لەسەرجەمی شیعرە بڵاوکراوەکانیدا، بەڵگەی گردبڕ بەدەستەوە دەدات، کە ئەو زێدو نیشتمانی بەجێهێشتووەو لەدووریدا، بەسۆزەوە یادیان دەکاتەوە. لەکلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە دەردەکەوێت، کە لەمەککەو مەدینە ژیاوەو رێگەی بیابانی بڕیوەو لە(عبدالله پاشا بن عون)ەوە نزیك بووەو ستایشی کردووەو.. تاد، بەڵام هەست بەوە ناکرێت، لەشاری گەورەدا ژیا بێت. ـ ئەستەموڵ بۆ نموونە ـ. هەست بەوەش ناکرێت، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌و بیروباوەڕی باوی ئەو زەمانەی شاری گەورە کاری تێکردبێت.

بۆ روونکردنەوەی مەسەلەی کارتێکرن‌و سوودوەرگرتن لەبیروباوەڕی باو، یان تازەداکەوتوو، دەبێت شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی وەکو نموونەیەك لەبەر چاو بگیرێت. ئەو ئەگەر خۆیشی نەینووسیبێت، کە لەئەستەموڵ ژیاوە، دیارە بیروباوەڕی نەتەوەیی‌و ئازادیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کاری تێکردووە. شیعرەکان هاوار دەکەن، کە ئەو لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری عوسمانیدا ناکۆك بووەو لایەنگری هێزە نوێخوازو ئازادیخوازەکان بووەو دژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان هەڵوێستی وەرگرتووە. پەیامی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازیی حاجی قادر ئاشکرایە. ئەم پەیامەش لەئەنجامی پەیوەندی‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ چینی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتووی عوسمانی گەڵاڵە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی ئاڵوگۆڕو دانوستاندن لەگەڵ دەستەو گرووپی کوردو خاوەن کێشەی نەتەوایەتی پەیدا بووە، لەوردبوونەوەو تێگەیشتنی خەباتی گەلانی تری ناوچەکە دژی ستەم‌و بێدادیی دەسەڵاتدارانی عوسمانی.

لەپاڵ ئەزموونی شیعری‌و سیاسیی حاجی قادردا، تاقیکردنەوەی شێخ رەزای تاڵەبانیشتمان لەبەردەستدایە. ئەم خۆی لەقەرەی بیروباوەڕی سیاسی ئۆپۆزسیۆن نەداوەو خۆی لەگێچەڵی پەیوەندی‌و بیروڕای سەربەگۆبەن پاراستووە. بەرژەوەندو دەسکەوتی نەتەوەیی بەلایەوە ئەوەندی قازانج‌و سوودی تایبەت گرنگ نەبووە. ئەم ستایشی سوڵتان‌و شاو وەزیرو کاربەدەستانی دەوڵەتی کردووەو هەروەها هەجووی هەندێ فەرمانبەرو

کاربەدەستی گەورەو بچووکی کردووە. ئەم شیعرانە شەقڵی ژیانی شاری گەورەیان پێوە دیارە، جگە لەسەردەرکردنی شاعیر لەهەندێ کاروباری سیاسیی ڕۆژانە.

تەنیا لەیەك دوو شیعری (نالی)دا هەست دەکرێت لەشاری مامناوەندی، یان گەورە، ژیابێت:

**چونکە بێنی بێوەفایی‌و نازو شۆخیی لێ دەهات،**

**ناردییە بازاڕی ڕیسوایی کەبیدا شوست‌و شۆی**

**دەست بەدەست چوو تا گەیشتە دەستی عەططاری سەفیە**

**نایە سەر نارو عەزابی ڕوحی داوو سفت‌و سۆی** (ل٦٩٣)

ئەم دەست بەدەست کردنە لەبازاڕی شاری گەورەو مامناوەندی جێبەجێ دەبێت، نەك لەدەشت‌و لادێ. دروستکردنی بۆن لەگوڵ‌و گوڵزار یان گوڵاوگرتن، لەمانیفەکتۆرەو کارگەدا دەکرێت‌و پێویستی بەئەزموونگە (مختبر)و ئامێری تایبەت هەیە. پرۆسەی گوڵچاندن بۆ مەبەستی فرۆشتن‌و بازرگانی، دەست بەدەست کردنی گوڵ لەم فرۆشیارەوە بۆ ئەو فرۆشیار تا زنجیرەکە دەگاتە دەست گوڵاوگر (عەططاری سەفیە)، کارێك نییە لەدەشت‌وچۆڵ وبیابان ڕووبدات، تەنانەت لە شاری گچکەش ئەم پرۆسەیە کەمتر ڕوودەدات. ئەم هەموو بابەتانەی ئەو باسیان لێوەدەکات، پەپوولەی ئەندێشە بۆئاسۆی ئەومەزەنەیە دەفڕێنێت، کە ڕەنگە "نالی" ماوەیەك لەبوارێك لە بوارەکانی گوڵچاندن، یان گوڵاوگرتن، کاریکردبێت. دانانی ئاوەڵناوی سەفیە " لە پاش وشەی عەتار، لەدەمدەرچوون‌و بەسەرزمانداهاتن نییەو، دەبێت چوار چێوەی بۆچوونەکانی تریدا سەیربکرێت وجێگەی لەم نووسینەدا نابێتەوە.

سەرەڕای دەلالاتی زمانەوانی وکۆمەڵایەتیی ئەم شیعرە، کە بۆنی جەنجاڵیی ژیانی ناوشاری لێوەدێت، گوزارشەکەی بورسەلی ، دەکرێت بکرێتە پاڵپشت بۆ سەقامگیربوون، بۆماوەیەك، لەئەستەموولدا، بەڵام ئەم گوزارشە دەتوانرێت زۆرشتی تری لێبخوێنرێتەوە:



ئەوساڵی ١٢٩٠ لە سەفەری حەج گەڕایەوە بۆئەستەموول. لەلایەن شاعیرو زانایانی ئەو زەمانەوە جێگای هەموو مەزاهیری تەقدیرحورمەت و ئیکرام بووە.[٣٥]

ئەم هەڵسەنگاندن و سەیرکردنەی بورسەلی محەمەد تاهیرئەفەندی (١٨٦١-١٩٢٤) لەچەند لایەکەوە گرنگە: ئەو ڕەنگە بەچاوی خۆی "نالی" نەبینیبێت، واتە: خوکمەکەی لەسۆزو پێداهەڵگوتنی بێبناغەوە دوورە، چونکە بوونی دۆستایەتی وهاوڕێتی زۆر دوودەخاتەوە. ئەودەبێت کەسانێکی بینیبێت، کە دۆست وئاشنای نالی بوون، یان زانیارییەکەی لە شوێنێکدا خوێندبێتەوە. ئەوکەسانەی گوزارشەکەیان بۆ بورسەلی گواستۆتەوە، دەبێت لەئەستەموول چاویان پێکەوتبێت. بێگومان کەسێك دەتوانێت ڕێزو ئیعجابی خەڵك، لەدەرەوەی نیشتمانی ئەسڵی خۆی، بپچڕێت، ئەگەر ماوەیەك لەوێ ژیابێت و زیرەکی و لێوەشاوەیی سەرنجیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێت، یان ناو و ناوبانگ پێش هاتنی ئەوناوەی تەنیبێتەوە. کەسێك توانای بوونە جێی سەرنج و ڕێزی خەڵکی هەبووبێت، لەو ئاستەی بورسەلی باسی لێوەکردووە، هەر زۆرلەوەوە دوورە بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەبواری گوڵفرۆشی و گوڵاوگرتندا کاری کردبێت .

گرنگیی هەواڵەکەی بورسەلی ئەوەیە، کەلەدەرەوەی زێد ونیشتمانی خۆی دان بە گەورەیی وبلیمەتیی نالیدا نراوە. نەك تەنیا لەلایەن یەك دووکەسەوە، بەڵکو لەلایەن زاناو شاعیرانی ئەوسەردەمەوە. باشە چۆن ئەقڵ دەیگرێ ئەو هەموو زاناو شاعیرە یەکێکان تێدانەبووبێت تەنیا دوودێری لەسەر نالی نەنووسیبێت ؟ چۆن کەسێك لەوانە دیوانەکەی لە شوێنێك نەپاراستبێت ؟

ئەوی ڕاستی بێت، ئەم هەواڵە دەمی کەنووی پڕ پرسیارمان ئاوەڵادەکات، چونکە ئەم هەواڵە شتێکەو ئەوهیچ بە دەست ئێمە نەگەیشتنەی ژیانی تاراوگەی ئەستەموول شتێکیتر. ئەوزەمانە ئەستەموول ناوەندی دەسەڵات و خەلیفایەتی بووە. ڕۆژنامەو کتێبی تێدا بڵاوکراوەتەوەو گرنگترین ناوەندی کولتووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. چۆن ئەقڵ دەیگرێت، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری ناسراوی ئەودەمە کۆچی دوایی بکات و کەس

به دێڕێك بەسەری نەكاتەوەو كەسێك دوودڵۆپ فرمێسكی بۆهەڵنەڕشتبێت؟ یان دەبێت قسەكەی بورسەلی راست بێت و لەسەر "نالی" شتێترهەبێت و ئێمە دەستمان پێی نەگەیشتبێت، یان قسەكانی بۆرسەلی هیچیان راست نەبن!

ئێمە، نابێت هەر یەكسەر قسەكانی بورسەلی وەكو شایەتێكی راستی بێ پێچ و پەنا سەیربكەین، لەبەرئەوەی بیانییەك قسەیەكی خێری بۆ كوردێك كردووە. ئەوە جوامێرییەو جێگای ستایشە. ئەگەر ئەو شایەتییەی ئەویش نەبا، ئەوەئەرز هەردەسووڕایەوەو نالیش هەر نالی دەبوو. ئەو قسە خێرانەش، لەسەرچاوانی دانێین و بریا ئێمەش بمانتوانیبا چاكەی ئەو بەچاكەی گەورەتر بدەینەوەو هیچ نەبێت بەشێك لە نووسینەكانی تری وەرگێڕینە كوردی. بەتایبەت ئەو بەشانەی، كە باسی گەورە پیاوانی كورد دەكات. بەهەرحاڵ، شایەتییەكەی بورسەلی شایەتیی بیانییەكی تر بەهێزتر دەكات، سەبارەت بەبلیمەتیو شارەزاییو مەزنیی "نالی". مەبەست قسەكانی ئەحمەد بن حەزراویە، كە هیچ ئاگای لە ژیان و بەرهەم و ناوبانگی كوردستان و ئەستەموولی "نالی نەبووە. ئەو رەنگە تەنیا بەرهەمی حیجازی بە زمانی عەرەبی بینیبێت !

نابێت ئەو خاڵەشمان بیربچێتەوە، كە شاعیرێك لە وڵاتی خۆی ئەوەندە بوێرو چالاك و رچەشكێنو سەربزێو بووبێت، لەدواساڵەكانی ژیانیشی بەشایەتی(حەزراوی)و هەروەكو لە بەیتێكی شیعرە عەرەبییەكەشیدا دەردەكەوێت، ئەو هەر لەجەنگەی(محاورات)و سەلماندن و دانوستاندا بووە:

وتحاورتحاور الجلف جلفا
وتجاوز عن لهجة العربا
ان يجادلك عالم فتجاهل
وتنزل عن رتبة العما



بێگومان ئەو پێش نووسینی ئەم شیعرە لەئەستەموول ژیاوە هیچ رێی تێناچێت لەوێ دەستی بێدەنگیی بەكڵاوی خۆیەوە گرتبێت! تەنانەت مانەوەی لەشامیش [٣٦] بەگوێرەی گێڕانەوەكەی ئەحمەد پاشا بۆ ئا. خۆدزكۆ، هەمان سەرسووڕمان هەڵدەگرێت. چۆن هیچ بەرهەمێكی نییە بۆنی شامی لێوەبێتو چۆن كەسێك لەوێ چاوی پێنەكەوتبێتو شتێكی لەسەر نەنووسیبێت ؟

سەرباری ئەم پرسیارو رامانە بە دیار وەڵامە نەزانراوەكانەوە، ئەوپرسیارەش دێتە پێشەوە: بۆ "نالی" تا ساڵی (١٢٩٠ی ك)، لەمەككەدا ژیاوە [٣٧] و ئەو ساڵە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەموول و لەهەمان ساڵیشدا لەوێ كۆچی دوایی كردووە ؟

ئەم پرسیارە لە چەند روویەكەوە بایەخی خۆی هەیە: ئەو ماوەیەك لەمەككە نیشتەجێ بووە، بەگوێرەی گێڕانەوەكەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە كە خۆی لە(١٢٨٨ی كۆچی) لەوێ چاوی پێی كەتووەوئەمە بەڵگەیەكی ترەو دەچێنە پاڵ نووسینەكەی حەزراوی. هەردوو گێڕانەوەكەش جەختیان لەسەر پیری و چەمانەوە كردووە. لەتەمەنی ئاوادا، لەهەلومەرجی ئەوزەمانەدا، ئارەزووی گەڕان و سەربزێوی بەبەرەوە دەمێنێت؟ كەسێك تەمەنی گەیشتبێتە ٧٣ یان ٧٦ ساڵ رەنگە باری تەندروستی رێگەی جووڵانەوەی بیابان یان دەریاو كەشتی نەدات . ئەمە لەباری لەشیو توانای جموجووڵەوە. لەڕووی سیاسیشەوە گۆڕان بەسەر هەڵوێستیدا بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی هاتووە. بەرانبەر دەوڵەتی قاجاری، هەروەكو پێشتر لێیدواین هەڵوێستی دوژمنانەی لەگۆڕاننەهاتووی هەبووە، بەڵام بەرانبەر بە(ڕۆم) تاڕادەیەك ئەهوەنتر بووەو وەكو سالم هێرشی نەكردوونەتە سەر. لە شیعرە عەرەبییەكەی بۆ(عبداللە پاشا بن عون)، ڕۆم و عەجەمی بەیەك چاو سەیركردووە .

كەواتە : گەڕانەوەی بۆ ئەستەموول لە دواساڵی ژیانیدا، لەهەموو روویەكەوە جێگای پرسیارو سەرسووڕمانە. دەبێت چی پاڵی پێوە نابێت بەو پیریو شكستەییە، سەرلەنوێ، ڕێگەی هات و نەهاتی ئاوارەیی بگرێتەبەر؟

ئایا تووشی رەنجان و دڵشکان و تۆران بووە، هەروەکو لەم پارچە شیعرەیدا دەردەکەوێت:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**بۆ جیواری حەق لەهەرجێ صیدقی نییەت کافییە**

**من لە ( بیت الله ) ئینشەڵڵا ( باذن الله ) دەڕۆم ( ل٣٠١)**

یان لەبەرکێشەی ئاشتی وئاسایش و باری سیاسیی حیجازی ئەوسا،

هەرچەند سەردەمی عبداللە پاشابن عون ( ١٨٥٨-١٨٧٧) تاڕادەیەك هێمن بووە،

یان ئەرك و فەرمانی سەفەری (ناچاری) کردووە، لە ئەستەمووڵ سەری ناوەتەوە ؟

## هەستی خۆبەکەمگرتن

سەیرە! نالی خۆی هەندێ کلیلی کردنەوەی دەرگای هەندێ گرێو کێشەی نێوشیعرەکانی خستۆتە بەردەستمان :

**یادی چاوی بەفوتوورت لەدەروونمدا مەرەضە**

**غەمی زولفی بەخەمت بوو لەدڵمدا بە گرێ** [٦٥٢]

واتە: " لەبەرئەوەی لە هەرشتێك، شتێکی وەکو خۆی پەیدادەبێ، منیش، یادی چاوەسست ومەست و نەخۆشەکانت بووە هۆی نەخۆشی بۆم و خەمی زولفە لوولەکانت بووە بەگرێ لە دڵما.

ئەم شیعرە رەنگە بۆ دۆزینەوەی هەندێ پەیوەندی نێوان کەسایەتیی شاعیرو بەرهەمەکانی دەست بدات.

دیاردەی خۆبەکەمدانان یاخود بەنزمگرتن، هەرچەند هەردووکیان یەکێك نین و پڕ بە پێستی زاراوەی ( Minderwertigkeitskomplex ) نین، بەڵام مەبەست لێرەدا تێگەیشتنی بارێکی دەروونییە، نەك قووڵبوونەوە لەلێکدانەوەی زاراوەکە. ئەم دیاردەیە هەروا مرۆڤ نابێتەوەو ئەو گرێیە لەلایەن ئەو کەسەوە، بەئاشکرا هەستی پێناکرێت.



بوونی هەستیش بەتەنیا بەس نییە بۆ پەیدابوونی داهێنان. دەربڕین ونواندن، بەزۆری پەیوەندی بە بنهۆشەوە هەیە و بەپرۆسەیەکی دوورو درێژدا تێدەپەڕێت. لەنێوان مرۆڤێكو مرۆڤێکیتردا جیاوازی هەیە، لە رووبەڕووبوونەوەی یەك جۆرە کەموکووڕی.

مرۆ لە نێوئەم کەونەدا، هەر زۆر بچووکەو بێهێزو بێدەسەڵاتە بەرانبەر هێزی لە بنەهاتووی سروشت. ئەو یاساکانی سروشتی پێناگۆڕدرێت و هەرناوێرێت بیریش لەجەمسەری ئەمسەرو ئەوسەری ژیان بکاتەوە. جگە لە بچووکی و سنوورداریی دەسەڵات و توانای ئادەمیزاد، کە هەستی خۆبەکەمدانان دروست دەکەن، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی رەنگە هۆیەکیتر بێت، لەدروستبوونی هەستی خۆبەکەمگرتن . ڕەنگە سەرکەوتنو پێشکەوتنی گەلێك، لای ئەندامانی گەلێکی تر، گیانی خۆبەبچووکگرتن بهێنێتە پێشەوە. کەمی، نەبون، سەقەتی یان زیانپێگەیشتنی ئەندامێکی لەش وەکو : کوێری، شەلی، کەڕی، لاڵی، و ...تاد. دوور نییە هەستی خۆبەکەمدانان پێك بهێنێت، ئەو کەسانە نەك هەرهەست بەشەرم و بەخۆداشکان و بەزەیی بەخۆداهاتنەوەو بەشخوراوی بکەن، هەوڵدەدەن ئەو کەمی و بۆشاییە پڕبکەنەوە :

-شەل بەدارشەق

-کوێربەگۆچان و دەستگرتن .

-یەکدەست دەستی زێڕ ـ لەپزێڕین ـ دەستی دەستکرد

لەڕووی دەروونیشەوە، پارسەنگ دەدۆزرێتەوە بۆ داپۆشینی ئەوکەلێنو ناتەواوییە. کەسان هەبوونو هەن ئەو کەلێنەیان بەداهێنان و زانین و کاری کۆمەڵایەتی وسیاسیو کولتووری پڕکردۆتەوە. مەرج نییە ناتەواویی قورسو سەخت و پەکخەر ببێتە هۆی بەهرەو بلیمەتی، مەسەلەکە رەنگدانەوەی دەروونیو هەست ونەستی ئەو کەسەیە بەرانبەر کەمی و ناتەواویی لەش، ناتەواویی بچووك و بێبایەخ و ئاسایی، ڕەنگە لەلایەن منالەوە، هەرزۆر بە قەبەیی و زلی ببینرێت. سەیریش ئەوەیە، ئەوکەلێنو کەمییە، تەنیا پڕناکرێتەوە، کە سەراوسەربێت و پڕاوپڕ بگرە زۆریشی دەخرێتە سەر

(UEBERKOMPENSATION ) بەهرەمەنـدیی هونەرمەندانـە لـەو بـوارەدا زۆرجـار دەنوێنرێت، کە ئەو ئەندامانەی لەش تێیدا ناتەواوییان هەیـە. یەکێکی وەکـو بیتهـۆڤن کێشەی بیستن و گوێگرتنی هەبووەو لـەبواری مۆسـیقادا بلیمـەتیی نوانـدووە. ئەوانـەی بووونەتە گوتاربێژو خەتیبی ناسراو، لـەکاتی منالّیـدا کێشـەی سـەختی دەم و زمانیـان هەبووە، وەکو دیموسـتینسو ڤیکتـۆر ئادلـەر. وێنەکێـشی بـەناوبانگ چـاویان عـەیبـەی گەورەی هەبووە وەکو مانیەو لیّمباخ. نووسەری ناودار هەبوون، کە چاویان کوێربووە، یان ئاسـایی نـەبووەو نووسینەکانیـشان رادەی خـەیالّپلاّویو ئەندێـشەفڕی و فـەنتازیای هاوسەنگی بینینەکەیان بووە. کارل مای، یەکێکە لەوانەی خەیالّ و چاوی یەکیانگرتووە:

**ئەحوەلی تەفرەتە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا"** [٩٧]

ئـەوە "نـالی" خۆیـشی، خێلـی کردۆتـە هـۆی یـەك بـەدووبینین وڕوانینـی چـاو بەملاوبـەولادا. واتـە: بـوونی عـەیبەیـەك لەسـەر چـاو یـان لـە چـاودا، لەلایـەن ئـەوەوە، بەئاسایی نەبینراوە .

لەشیعرەکانی نالیدا ئەوهەستە لـە نیگـای خوێنـەرگیرنابێت، کـە ئـەو خـۆی بەکـەم گرتووە. بەپێچەوانەوە، ئەو ئەوپەڕی شانازی بە کەسایەتیی خۆی و تواناو شیعرەکانییەوە کردووەوکێش و قورسایی خۆی چـاك زانیـوەو خـۆی ئەوکاتـە بەشـای سـێ ولاّت دانـاوە، چونکە بەسێ زمان شیعری نووسـیوەو خـاوەن دیـوان بـووە. لەنووسـینەکانی نیـچە یـان فرۆید، هەست بەکێشەی دەروونی خاوەن بەرهەم، بەشێوەیەکی راسـتەوخۆ ناکرێـت [٣٨] ، بەلاّم زانیاری دەربارەی ئـەو کەسـە یـان لێکدانـەوەی دەروونـی، دەروازەی ناسـین دەخەنـە سەرپشت. هەندێ جاریش هەربە نامەبەست، لەلاوە، برووسـکەی گرێیەکـە بەرزدەبێتـەوە. ئێمە ئەگەر تۆزێ بەوردی سەرنجی دوابـەیتی پارچـە شـیعرێکی بـدەین، هەسـت دەکـەین دەروونناسێکی مەزن باسی کێشەیەکی دەروونی دەکات :



**بەظاهیر شادمانیە لەبەر کەتمی هەموو دەردان**
**کە(نالی) گەر بنالێنێ ئەمیش نەشئەو سرووریکە** (ل.٤٦)

واتە: " من لەبەرئەوەی هەرچی خەمو پـەژارەو دەردمـە هـەمووی ئەخۆمـەوەو هـیچ دەرنابڕم، وادێمە پێش چاوی خەلّك کە شادمان بم، کەچی ناخی دەروونم پڕە لەمەینـەتو ئازار.ئەمەش جۆرە نەگبەتییەکە کە ناتوانم بنالێنم، چونکە ئەگەر بێتو بتوانم بنـالێنم، نالینەکەم ئەبێتـە جـۆرە شـاییو خۆشـییەكو کـەمێك ئـازارمی پێسـووك ئـەبێ. بـەلاّم کوا"؟!" (ئەمە لێکدانەوەی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیسە بۆ ئەم بەیتە).

شـاردنەوەی خـەم وئـازار بـە ڕووالّـەت وا دەکەوێتـە بەرچـاوان، ئـەو کەسـە شـادو ئاسوودەیە. ئەوی راستی بێت، نەگێڕانەوەی ژانو پەژارە دەبێتـە هـۆی نەخۆشـیی قـورس وگران. بێدەنگیو نەدرکاندن، کێشەو گیروگرفتەکان چارەسـەر ناکـەن. پەنگخواردنـەوەی لافاوی خەم، تاسەر بەربەست ناکرێت. ئەگەر دەلاقەیەك بۆ دەربازبوون پەیدا نەبێت، ئەوە لافاوی پەنگخواردوو خۆی دەلاقـە دەکاتـەوەو رەنگـە هـیچ بەربەسـتێك نـەتوانێت بـەری پێبگرێتو هەروەکو تەقینەوە، بتەقێتەوەو دارو دیوار لەگـەلّ خۆیـدا بەچـاوترووکاندنێك رامالّێـت. ئەوسەرداخـستنو بانـدانو داپۆشـینە، لەمـەودای دووردا، زیـانو لایـەنی نێگەتیڤی زۆرترە. زۆرجار شێوەی نەخۆشیو شەونخوونیو خەونی ناخۆشو تووشبوونی مۆتەکە بەخۆیەوە دەگرێت، زۆرکەس سەردەکەنە سەر مەیو بادەو بزربـوون لـە جیهـانی بەدمەستی و خۆلەبیرچوونەوەدا.

"نالی" دیارە لەوکەسانەبووە، کە نەیتوانیوە پـەژارەو هەسـتی دەروونیـی خـۆی لای کەسێك بدرکێنێت، یـان بـەدەنگی بـەرزبنالێنێتو شـادیو بەختـەوەری دەسـتبکەوێتو لەدەست داخ وکەسەر ئارام بگرێت.

کەواتە: نەیتوانیوە لای خەمڕەوێنێك سەربردەو گێرەوکێشەی خۆی هەلّبڕێژێتو باری خۆی سووك بکات، بۆیە بە بـەردەوامی بـەدەم ئازارەکانـەوە تلاوەتـەوە. لـە لایـەکیترەوە، لەناو کۆمەلّدا ناچاربووە خۆی بەشێوەیەکیتر بنوێنێـتو لاوازی پێـشان نـەدات. یـەکێك

لەو برووسکانەی، لەلاوە بەنەبینراوی خۆی لەنێو بەیتەکان خزاندووە، گرنگیی چاوە لای نالی! ئەو لەگۆشە نیگایەکیترەوە سەیری چاوی کردووەو ئەمەش جێگای سەرنجڕاکێشانە:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**(نالی) ئەو نوقطە کە وا بوو بەنیشانەی چاوی**

**من لەصەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا** [ل٩٢]

مەعنای بەیتەکە ئەوەیە: (ئەو خاڵەی بوو بەنیشانە بەسەرچاوی نالییەوە، کە بە تەختی رووی یارەوە بووە، من پیشانی ئەوم داو لەوەوە ئیتر لەسەرچاوی ئەم جێی خۆی گرت). لەوانەیە ئەم بەیتە بکرێ بە بەڵگەی ئەوە، کە "نالی" چاوی تانەی بەسەرەوە بووە.

بوونی تانە لەسەر چاو لەکۆمەڵدا بە ناتەواوی و عەیبە دانانرێت و "نالی" خۆی بەپیاوێکی ڕێکوپێك داناوە، وەکو لەهەندێ بەیتی تردا هێمای بۆ دەکات، بەڵام رەنگە لەسەردەمی منداڵیی ئەودا، تانە زەقتر بووبێت و یەکێك بەگاڵتەوە باسی لێوەکردبێت. ئیدی ئەوە بۆمناڵێکی دڵناسك بەسە! ئیدی ئەوە بەسە بۆ بەخۆداشکانەوەو هەست بەناتەواویکردن. پلارگرتن لە تانەی سەرچاو، بەقووڵی کاری تێکردووە. ئەگەر کاری تێنەکردبا، بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەدەگەڕایەوە سەر ئەوخاڵە لەسەردەمی کامڵبووندا، بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ گەڕاوەتە سەرتانەکە ئەم تانەیە لە دوو شێوەی جیادا رەنگی داوەتەوە : جارێك بە پۆزەتیڤ و جارێك بە نێگەتیڤ، هەروەکو لەم دووبەیتەدا بەڕوونی دەبینرێت:

**پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل وقیچە، مەیلی شەڕ دەکا**

**خێل و قیچە، یاتەرازووی نازی نەختێ سەردەکا** [١٠٨]

من لەنێو کورداندا نەمبیستووە، چاوی "خێل" بە جوان دابنرێت، کەچی ئەو خێلی و چاوقیل وقیچی بەنیشانەی ئەوپەڕی شۆخ و شەنگی داناوە ئەو "ناتەواوییەی کردۆتە پێوانەی سەرکردنی ناز. ئەو هەر لەبەر دڵی دولبەری چاوخێل و قیچ، چاوی



هەرهەموو خەڵکی بەخوارو قیچ و دزێو داناوەو بەهۆی عەیبەی چاویانەوە هەستیان بەو جوانییە نەکردووە :

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**عەکسی چاوی تۆ لەچاویدا بە خواری تێ دەگەی**

**کەچ نەظەر کەی فەرقی خوارو ژوورو، خێرو شەڕ دەکا** [ل١٠٩]

هەر ئەم "نالییە"، کە هێندە بە "پیرۆزی" سەیری چاوی خێلێکی کردووە، چاوخێلی بەناڕاست و ناهەق داناوەو ئەو خێلییەی بەعەیبە زانیوە، ئەو خێلی کردۆتە هۆی ناڕاستی بیروباوەڕ، هەروەکو لەم پارچە شیعرەدا دیارە:

**ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**

**عاریفی وەحدت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا** [ل٩٧]

ئێمە لە بەرئەوەی کات و شوێن و بۆنەی شیعرەکان و بەتایبەتی ئەو دوو پارچەیەی بەنموونەی پۆزەتیڤی و نیگەتیڤی گۆشەنیگای ئەو بۆ چاوخێلی نازانین، بواری مەلە لە دەریای لێکدانەوەی زمانەوانیی واتاکان و هەڵهێنانی ڕەمزە میتیۆلۆگییەکانی ئەودیوی پەردە دەروونییەکان، سەخت و گرانە. روون و ئاشکرایە بینینی جوانیی چاوخێلێك، کە من خۆشم لەوانەم چاوی خێل و قیچ بەجوان دەبینم و ئەوەش هۆی خۆی هەیە، لە ئەنجامی خۆشەویستی و شەیدابوونەوە پەیدا دەبێت. عاشقبوون، هەرچی سیفەتی جوان و دزێوە، تەنیا هەر بەجوان دەبینێت و چاو لەئاست هەرچی ناتەواوی و خواری وکەموکووڕی هەیە، دەپۆشێت. ئەگەر ئەم شیعرە هی سەردەمی گەنجێتی و هەڵچوونی کەفوکوڵ و ئارەزووی لاوییە، ئەی شیعری "ئەحوەل" کەی دانراوە؟

هیچ ڕێگەی تێناچێت، هەردوو شیعرەکە، لەیەك زەماندا، دانرابن! هەر دەبێت پێش و پاش بن، چونکە جیهانبینی و هەڵسەنگاندن و روانین بۆیەك دیمەن و یەك دیاردە، یەك بابەت بە دووشێوەی دژ بەیەك، دارێژراون. بەدووری نازانم تێکشکانی ئەزموونی ئەو خۆشەویستییە لەگەڵ چاوخێلێکدا "مەحبوبە" بەرەبەرە جوانی و لایەنە پۆزەتیڤ و

گەشەکانیشی ڕەش وتاریك کردبێتەوە. چاوخێل وەکو چاوخێل بەر تیرو توانج نەدراوە، بەڵکو زاراوەیەکی عەرەبی هاتۆتە پێشەوە "ئەحوەل" من لە شوێنێکیتردا ئاماژەم بۆ ئەم شیعرە کردووەو پێموابووە، کە ئەم پارچەیە لەکاتێکی درەنگتردا دانراوە. لێرەشدا، پاش بەراوردکردنی هەردوو شیعرەکە، بەدووری نازانم ئەمیان لەپاشتر نووسرابێت. هەر دەبێت ئەم شیعرەیان لەکاتێکدا نووسرابێت، جۆرە رق وناحەزی و دڵڕەشبوونێك بەرانبەر "مەحبووبە" رووی دابێت. هەروەکو چۆن یەکێك بە تیرێ دوونیشان دەپێکێت، ئەمیش بە پارچە شیعرێك دوو کەسی پێکاوە، با ئەو خۆی لەکاتی ئاگایی و هۆشیاریدا لەکاتی نووسینی ئەم شیعرەدا "مەحبوبە"ی لەبەرچاو، یان لە خەیاڵدا، نەبووبێت. بەڵام لەبنهۆشدا، تووڕەو رقئەستووری بەرانبەرکەسێکی خێل، یان کەسانێکی خێل، لا دروست بووە، چونکە خۆشنەویستن جێگەی بەخۆشویستن چۆڵ کردووەو خێلی تاوی جوانی لەدەستداوە لای ئەو، ئیدی هەرچی سیفاتی باش و خراپی خۆشەویستی دڵ لێرەنجاو هەیە، دەبێتە مایەی ناحەزی و بێزلێهاتنەوە.

## هەڵوێست بەرانبەر سۆفی

راستییەکەی هەر زۆر دردۆنگو نابەدڵ بووم، خۆم لەقەرەی ئەم بابەتە بدەم . لەلایەکەوە نەشارەزایی ئەوتۆم لەدەریای ئەدەبی سۆفیگەریدا هەیە و نەکەسیش پێش من دەربارەی هەڵوێستی "نالی" بەرانبەر ڕێبازی سۆفیگەریو سۆفیو زاهیدو شێخو پیر شتێکی نووسیوە. لەلایەکی ترەوە وەکو زانایەکی ئایینیو سۆفییەك رەخنەی لەسۆفی گرتووەو هێرشی توندی کردۆتە سەریان، بەڵام بەئەنقەست خۆی لە قەرەی هەندێ بابەت نەداوە، وەکو هەڵوێست بەرانبەر مەولانا خالیدی نەقشبەندی [٣٩] یان ئەو پارچە شیعرانەی پەیوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە، بەئێمە نەگەیشتوون. بۆیە بابەتەکە تارادەیەك لێڵ و تەمومژاوییە.



ئێمە پێش هەموو شتێك پێویستمان بە فەرهەنگێکی سەربەخۆ هەیە، بەگوێرەی بەکارهێنان و تێگەیشتنی "نالی"، زاراوەکانی تەسەوفمان بۆشی بکاتەوە. دیوانەکە پڕە لەزاراوەی وەکو: **صوفی**، زاهید، خەرقە، عاریف، خانەقا، فەنا، فەنا و بەقا، تۆبە، خرابات و... تاد. گومان لەوەدا نییە، بەکارهێنانو تێگەیشتنی ئەو بۆ زاراوەی تەسەوف تایبەتە، نەك گشتی. یەکێکی وەکو مەولەوی تاوەگۆزی رەنگە زۆربەی ئەو زاراوانەی بەشێوەیەکی دی بەکارهێنابێت. ئەو گەلانەی توانیویانە یان بۆیان لواوە، بایەخ بەسامانی ئەدەبی خۆیان بدەن، فەرهەنگی تایبەت بۆشاعیرە گەورەکانیان دانراوە. من پێشتر باسی( فرهنگ اشعار حافظ )م[٤٠] کرد، کە (دکتر احمد علی رجائی بخارائی) نووسیویە. ئەو نەهاتووە خۆی سەرقاڵی وشە ڕوونو باوەکان بکات، یان بەدوو سێ دێڕ پێناسەی زاراوەکان بکات، بەڵکو بەتێروتەسەلی زاراوە دژوارەکانی بەگوێرەی تێگەیشتنی حافز شیرازی، لێکداوەتەوەو نموونەی لە شیعرەکان هێناوەتەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی لێکدانەوەی زاراوەکە. ئەو بۆ شیکردنەوەی زاراوەی "**صوفی**" دەیان پێناسەی خستۆتە ڕوو، تا گەیشتۆتە سەر روانینی حافز بۆ سۆفی. ئەم پێناسەکردنە نزیکەی نەوەد لاپەڕەی گرتۆتەوەو (٣٢٥) پەراوێزی بۆ کردووە. ئەمە هەر تەنیا بۆ وشەی "**صوفی**" [٤١] ئەوجا چەندین زاراوەی تریش، بەشێوەی سەربەخۆ، پێناسەکراونو شیکراونەتەوە وەکو: عارف، شطح، سالك، مورید، وجد و... تاد. کە هەریەکەیان راستەوخۆ پەیوەندییان بە تەسەوفەوە هەیە. دکتۆر رجائی بخارائی لەوە دەچێت کارەکەی خۆی زۆر بەدڵ نەبووبێت. بۆیە پیشانی کەسانیتری داوە، کە لەرووی شارەزاییەوە، لەهەورازی خۆی داناونو کتێبەکەشی بەنارێكو پچڕپچڕ داناوە لەرووی ڕێکخستنی بابەتەکان، سەرچاوەو پەراێزەوە و .. تاد.

من چاوەڕوانی ئەوە ناکەم، لەنێو کورداندا، کەسێك هەڵکەوێتو شاکارێکمان بۆ بنووسێت لەژێر نێوی (فەرهەنگی شیعرەکانی نالی)دا. ئەمە خەونەو یەکێکی دەوێت بەتوانا بێتو بتوانێت هەر هەموو ژیانی بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان بکات. ئەوە ئەگەر

کەسانی دڵسۆزو بەتواناش هەبوونو ئامادەبوون ژیانی خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان بکەن، بەڵام کاری ئەوتۆ لەسێبەری سیستێمی تیرۆرو تۆقاندنو برسێتیو نائارامیدا نایەتەدی. ئەی کێ لەرووی داراییەوە پشتگیریی کاری ئەدەبیو فەرهەنگی دەکات؟

بریا لەساڵانی داهاتوودا ئەو داودەسگا کولتووریو کۆمەڵایەتییانەی لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا دروستدەبوون، هەوڵی گەڵاڵەکردنی پێداویستییەکانی رواندنی پرۆژەیەکی گەورە بدەن بۆ زیندووکردنەوەی سەرجەمی کاری "نالی" لەهەموو روویەکەوە، کە دانانی فەرهەنگی شیعرەکانیشی بەشێکی بنەڕەتی پرۆژەکە بێت. ئەم پێشنیازە بیانووی خۆدزینەوە نییە لەرەهێڵەی رەخنەو گلەیی چاوەڕوانکراو، بەڵکو بۆ بەرچاو روونکردنەوەی رووناکبیرانی دڵسۆزو خەمخۆرە بۆ دانانی پلانی بۆ بوژاندنەوەی لایەنە گەشو دەوڵەمەندەکانی رابردوو، لەداهاتوودا.

سۆفیگەری لەجەوهەردا، بزاڤێکی ئایینی/کۆمەڵایەتییە. شێوەیەکی دەربڕینی ناڕەزاییو دژایەتیی سەلبیە، پاش تێکشکانی هەوڵی کۆمەڵ، بۆ گۆڕاندنو رزگاربوون لەزڵموزۆری داگیرکەرانو زۆرداران. هەوڵی تاکەکەس بەشێوەیەکی پاسیڤ، تا خۆی لەستەمو چەسانەوەو نادادپەروەری رزگار بکات، گۆشەگیریو دوورەپەرێزییە لەکۆمەڵ، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی پاسیڤو.. تاد.

بزووتنەوەی سۆفیگەری گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. داودەسگای رێبازی سۆفیگەری، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، دەستەمۆ کراونو کراونەتە ئامرازی دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی نەخشەیەکی سیاسی. من، کە بەراورد لەنێوان خاڵی یەکانگیرو هاوشێوەو هێڵی هاوبەشو یەکتر بڕین، لەنێوان هەندێ لایەنی بیرکردنەوەی "نالی"و "حافزی شیرازی" دەکەم، بەجوانی دەزانم ئەم بڕگەیە بەفارسی بگوێزمەوە:

**"حافظ، صوفی را دامگزارو مکارو خرقەء او را خرقەء سالوسو خرقەء ریایی می خواندو زاهدو مفتیو فقیرو واعظ را خودبینو حرام خوارو مردم فریبو دروغزن می نامد. زیرا صوفی زمان خافظ، خاصە در محیط فارس با حکومت فاسد عوام فریب ال مظفر، صدرنشین مسند ارشاد ولی از قید هر حقیقتی ازاد است. حافظ، از این صوفی نمایان کە بەغلط نام"صوفی" برخود نهادە بودند در رنج استو در دیوان او غالبا"صوفی" مرداف با ریاکار متنمسو مدلس بەکار رفتە است.."(٤٢)**

"نالی" لە٢٨ پارچە شیعردا، بەلای کەمەوە، هێرشی توندی کردۆتە سەر سۆفیو زاهیدو واعیظ. لەسەرجەمی دیوانەکەدا دیارە ئەم شیعرانە بەرهەمی ماوەیەك، یان قۆناغێکی کورت نین، بەڵکو هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوییەوە دەگرێتەوە، تا سەردەمی پیری. هیچ ئاشتبوونەوەو پەشیمانیو پاشگەزبوونەوەی تێدا نییەو ئەوەی لەدەستی هاتووە بەرانبەر ئەو بەرەیە کردوویەتی:

**بنواڕە وشکە صۆفی یو رەقصی بەهەلهەلە**
**دیسان لەبەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە**
**ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەلەو گوڵخەنی ئەمەل**
**هەندێ بووە بەمسجیدو، هەندێ بەمەزبەلە**
**شێخم، چ گەرمە حەلقەیی ذیکرت بەرەشبەڵەک!**
**حاڵی ئەمانە خۆ بەجەنابت موحەووەلە!**
**دائیم لەدووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو**
**بەم ریشەوە لەپێشەوە بووگی بەسەرگەلە!**
**دنیا مەحللی کەونو فەسادێکە، حیزو دوون**
**مەعلوومە چەن بەحیلەیە، عەییارە، چەند دەڵە!**
**تۆ شێخو ئەو عەجوزە، عەجەب دۆستی یەکترن!**
**بێ شاهیدو نیکاحە دیارە موعامەلە**
**(نالی)! سەرت لەگونبدەکەی خانەقا دەکا**
**لایێ پڕە لەمەشعەلە، لایێ لەمەشغەلە** (ل ٤٦٩)

ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لەو وێنانەی روانگەی "نالی" بۆ بینینی شێخو صۆفی پیشان دەدات. ئەو، بەشێوەی کاریکاتۆری ویستویەتی مەزنایەتیی کەسانی خاوەن دەسەڵاتی رۆحی، بۆ نزمترین ئاست بچووك بکاتەوە، تا خەڵك ئەو مەزنایەتیو گەورەییە سەپێنراوە دەسکردە، لەروانگەیەکی ترەوە ببینن‌و ترسیان لەسامو سزای یەزدانی بشکێت، "کە بەهۆی تووكو دوعای گیراوە بێتەدی".

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵام بۆ "نالی" خۆی خستۆتە گێژاوی شەڕو زۆرانبازییەوە لەگەڵ بەرەی شێخو سۆفیدا؟

ئایا ئەو تووشی هەراو پێکدادانی شەخسی بووە، یان بڕوایەك پاڵی پێوە ناوە ملی رێگای دوژمنایەتیو بەربەرەکانێ بگرێتەبەرو تا دوارۆژی ژیانی بانەداتەوە؟

من ئەو رقلێهاتنە بێسنوورە لەسۆفی، ناتوانم تەنیا بۆ یەك هۆ بگێڕمەوە: ناکۆکیی بیروڕاو نەگونجانی بیرو بۆچوون. رەنگە هۆی تریشی هەبێت، کە لەدووتوێی شیعرەکاندا، خۆیان داگرتووەو هەروا بەئاسانی بەرچاوی کەسانی وەکو من ناکەون(٤٣). دوور نییە شێخێك، یان سۆفییەك، تووشی جەنجاڵێکی سەختی کردبێت! لەهەندێ پارچە شیعردا، باسی "مەحبووبە" دەکاتو ئەوجا دێتە وێزەی سۆفی. یان باسی شێخ دەکاتو لەبەیتێکی تردا دێتە سەر "مەحبووبە"، وەکو لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت، کەسەرەتاکەی:

**دووری لەمن خستەوە بێ سەبەبێ یاری من**
**باری خودایا کەتۆ، بگری سەبەبکاری من** (ل ٣٣٣)

بەهۆی پێکدادانو لەخۆشەویستی بێبەشبوون، "نالی" رووی کردبێتە رێبازێکی سۆفیانەی تایبەت (ملامتیە، قلندریە) یان هیچ نەبێت تینوویەتی بەگڕی ئەدەبی "مەلامەتیە" شکابێت. تەنانەت یەکێکی وەکو خواجە حافزی شیرازیش لەبن کارتێکردنی مەلامەتیەو قەلەندەریەدا بووە. من پاش ئەوەی هەندێ پێناسەی



مەلامەتیەو قەلەندەرییەم خوێندەوە، سەرلەنوێ، گەڕامەوە سەر دیوانەکەی "نالی"و توانیم هەندێ لەشیعرەکان چاکتر تێبگەم.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**خواجە دەڵێت:**

**گر مرید راه عشقی فکر بدنامی مکن**
**شیخ صنعان خرقه رهن خانهء خمار داشت**
**وقت ان شیرین قلندر کەدر اطوار سیر**
**ذکر تسبیح ملک در حلقهء زنار داشت**

بۆ تێگەیشتن لەمەلامەتیەو قەلەندەریە، پێم باشە ئەم پێناسەیەی دوکتۆر رجائی بخارائی وەکو خۆی هەر بەفارسی بگوێزمەوە. هەوڵی وەرگێڕانم دا، مەبەستی بەوردی بەدەستەوە نەدا، ئەو دەنووسێت: "گروهی از ملامتیان کەبی باك ترو تونددرو ترندو قلندریه نامیده میشوند پارا فراتر نهاده نه تنها حالاتو عبادات خود راچون سایر ملامتیه از خلق پنهان می دارند، بلکه پشت پا به تمام روسوم زده بەتخریب بنیان عادات واداب می پردازندو در حالی کەدر دل جز صفا واخلاص وعشق به حق چیز دیگر ندارند، الفاظ را در معانی ومنظورهای کەخلاف دلالت ظاهری انهاست بەکار می برند، و باتعبیرات خاص خود، ترکیبات وعبارات را برای رساندن معانی باریك ولطیف، ان چنان استخدام واستعمال می کند که اگر کسی اشنا به شیوهء انان نەباشد، بەتحریر وتعجب دچار میشود واز درك مراد عاجز می ماند، و بر حسب استعداد خود، زمام مطلب را به دست تخیل می سپرد تا انچه را عقل وبصیرت از ادراکش عاجز مانده اند، وهم خیال به صورتی حل وفصل کنند"(٤٤).

بەکوردییەکەیو بەکورتییەکەی، مەلامەتیە ئەوە دەگەیەنێت:

١- گوێنەدان بەنەریتو رێوشوێنو ئادابی کۆمەڵایەتی.

٢- بایەخدان بەمانای وشە، لەدیوی ناوەوەی، نەك تەنیا رواڵەت.

٣- گرنگیدان بەشێوەی تایبەتی دەربڕین.

٤ـ دارِشتنی بەیتێك بەچەشنێك واتای جوانو ناسكو ورد بگەیەنێت.

٥ـ هەر كەسێك ئاشنای ئەو شێوە دارِشتنو دەربڕینە نەبێت، تووشی رامانو سەرسووڕمان دەبێتو ناتوانێت لەمەبەست بگات.

٦ـ سپاردنی مەبەست بەدەستی خەیاڵ، ئەوەی مێشك لەتێگەیشتنی دەستە پاچە بێت، مەزەنەی ئەندێشەیی یەكلای دەكاتەوە.

من ماوەیەكی زۆر بەدەست هەندێ بەیتی (نالی)یەوە دۆش دامابووم!

هەرچیم دەكرد لەوە تێ نەدەگەیشتنم، كە بۆ "نالی" گوتوویەتی:

**(نالی) كە ویقاری نییە، بێباكە لەخەڵقی**
**صۆفی كەسلووكێكی هەیە، عوجبو ریایە** (ل٥٦٥)

لەغەزەلێكی تردا دەڵێت:

**مەشرەبی (نالی) گەلێ ئابی یوترشە، بەڵێ**
**موعتەریفە خۆی دەڵێ: چا نییە ئەطواری من** (ل ٣٣٦)

مامۆستا مەسعوود محەمەد بەدوورو درێژی باسی تەكنیكی وردی داونانەوەی "نالی" كردووەو ئەز نامەوێت قسەكانی ئەو دووبارە بكەمەوە.

ئەو بەهرەو توانای دارِشتنو دەربڕینی هەبووەو ئەوەی كردووە، كەخۆی ویستوویەتی. دیارە بڕوای بەوەش هەبووە، كەدەبێت ئەوپەڕی هونەر بنوێنێت لەدارِشتنو دەربڕیندا:

**(نالی) عەجەب بەقووەتی حیكمەت ئەدا دەكا**
**مەعنایی زۆرو گەورە بەلەفظی كەمو بچووك** (ل ٢٦٠)

لەچركەیەك لەچركەكانی نزیكبوونو هاوبیریی خواجە لەم بەیتەی سەرەوە لەگەڵ (نالی)دا، شێوازێكی هاوبەشیان هەبووە:



**بیاو حال اهل درد بشنو**
**بەلفظ اندكو معنی بسیار**

ئەو لەچەند شوێنێكی تردا بەڕوونی پێشانمان دەدات، كە شیعرەكانی پێویستیان بەقووڵبوونەوەو تێگەیشتن هەیە:

**بەحری غەزەلم پڕ لەدوڕو گەوهەرە، ئەمما**
**غەوواصی دەوێ یەعنی بەتەعمیقی بزانە** (ل ٤٨٠)

## هەژارو دەوڵەمەند

بابەتی مەلامەتیەو قەلەندەریە، بەبێ تێگەیشتنی دوو زاراوەی ئەهلی تەسەوف "فەقیرو غەنی" بەناتەواوی دەمێنێتەوە، چونكە هەر قەلەندەر شێوەیەكی فەقیرییە. راستییەكەی من سەرەتا دەمویست مەسەلەی هێماكردنی "نالی" بۆ ڕووتیو نەداریو فەقیریو گەدایی لەچوارچێوەی "هەستی چینایەتی" یان "هەستی هەژاری"دا دابنێم. سالمو كوردی لەسەرجەمی شیعرە بڵاوكراوەكانیاندا ئەو هەستەیان دەرنەبڕیوە، كەهەژارو بەلەنگازو چەوساوە بوون، بەڵام لای "نالی" ئاشكرایە، كەئەو دەستكورتیو نەداریی چەشتووەو درۆی لەگەڵ خۆیدا نەكردووە:

**لەرووتو قووتی وەك من روو مەپۆشە**
**كەوەصڵی تۆیە قووتی عاشقی رووت** (ل ١٤٨)

**هەم واریثی فەرهادمو هەم نائیبی مەجنوون**
**وای تێ مەگە، قوربان، كەگەدا، بولهەوەسێكم** (٢٨٣)

**هەرچەندە كەرووتم، بەخودا مائیلی رووتم**
**بێ بەرگییە عیللەت كەهەتیو مەیلی هەتاوە** (ل٥٣٤)

"نالی" لەژیانی دوورە وڵاتیو دەربەدەریدا، کە ناتوانرێت ئیدی بەژیانی ساڵانی گەنجی بۆی دابنرێتو لەسەفەری مەدینەدا، وێنەیەکی ژیانی خۆیمان پێشکەش دەکاتو لێرەدا "فەقیر"و "قەلەندەر"ی وەکو یەك داناوە:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**فەرشی پەڵاسە، دۆشەکی خاکە، سەرینی بەرد**

**بێ تووکو، رووتو قووتو، فەقیرو قەلەندەر** (ل٤٢٠)

لێرەدا کەزاراوەی "قەلەندەر" بەکارهاتووە، بەڵگە نییە بۆ کارتێکردنی ئەدەبی مەلامەتیەو قەلەندەریەو پێلێنانی "نالی" بەو کارتێکردنە، بەڵکو کۆکردنەوەی دوو (مرادف)ە، بەڵام برووسکەیەکی هەر زۆر دوورە، کەئەو شارەزای ئەو جۆرە ئەدەبە بووە، با ئەو لەژیانی تایبەتی خۆیدا رێگەیەکی تری گرتبێتە بەر.

لەرووی زمانەوانییەوە "فقر" واتای "هەژاریو تەنگدەستیو نەداریو بەلەنگازی" دەگەیەنێت. لەزاراوەی سۆفیگەریدا، نیازمەندی بەخواو بێنیازیی لەو بەولاوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە هەژاری "فقر" راستیی کۆمەڵایەتیو زمانەوانی لەژیانی سۆفیگەریدا هاوئاهەنگی تێدایە. [٤٥]سەرچاوەی تێگەیشتنی سۆفیانە لەهەژاریو دەوڵەمەندی لەم ئایەتەوە سەرچاوە دەگرێت:

**"یا ایها الناس انتم الفقرْ الی الله والله هو الغنی الحمید"**

ئێمە ئەگەر ئەم پێناسەیە "هەژارو دەوڵەمەند" لەبەرچاو بگرین دەبێت چۆن لەم شیعرە تێبگەین؟ ئەو دەفەرموێت:

**یا گەداییێکە غەنی، یا پادشاهێکە فەقیر**

**لەم دووە خاڵی نییە (نالی) لەرووی حەددی وەسەط** (ل٢٤٧)

لەمەوە دەردەکەوێت، ئەو لەژیاندا دوو رێگەی لەبەردەمدا بووە، کەیەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام ئەو یەکەمیانی هەڵبژاردووە، نەك دووەم، هەرچەندە راستەوخۆ ئەو رازەی نەدرکاندووە.



## دوا پەیڤ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەروەکو لەسەرەتادا نووسیومە، ئێمە پێویستمان بەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی هەیە لەسەر نالی. گەڕانی وردو "قیرسیچمانە!" لەو شوێنانەی ئەو لێیان ژیاوە. لەکوردستانی باشووردا، بەشێك لەشیعرەکانی لەلایەن کەسانی دڵسۆزو لەخۆبردووەوە کۆکراونەتەوە، بەڵام ئەوانە وەکو تاکەکەس هەوڵیان داوەو بۆیان نەلواوە لەوە پتر بکەنو ئیمکاناتی بۆ تەرخان بکەن. ئێستا لەوێ کۆمەڵێك داودەسگای رووناکبیریو فەرهەنگیو زانستی هەنو رەنگە بتوانن جارێکی تر قۆڵی لێهەڵبکەنو وردتر بەدوای نووسینو دەنگوباسی ئەودا بگەڕێن. هەر بۆ نموونە: کەس لەسەر تایفەی میکایەڵی جافی نەنووسیوەو کەس نەچۆتە (خاكو خۆڵ!) هەواڵێکی خزمو کەسو کاری بپرسێتو بڵاوی بکاتەوە.

تائێستا کوردستانی ئێرانیش لەم رووەوە کشومات بووە. لەرێگەی هاتوچۆی "نالی" خۆیو ئەو فەقێو مەلاو شیعرو ئەدەبدۆستانەوە، گومانی تێدا نییە، بەشێکی بەیازو دەستنووسی ئەو پەڕیوەتەوە ئەودیوو، رەنگە لەمزگەوتو کتێبخانەی زانایانی ئەوێدا پارێزرابن.

من لەم رۆژانەدا پێویستیم بەهەندێ زانیاری هەبوو لەسەر:

١ـ احمد بن محمد الحضراوی المکی الشافعی (١٨٣٨ـ١٩٠٩)

٢ـ محمد بن محمود ابن التلامیذ الشنقیطی.

چونکە ئەو دوو زانایە لەنزیکەوە (نالی)یان ناسیوەو یەکەمیان لەسەریشی نووسیوە. زانینی ژیانو بەرهەمو بیروبۆچوونی ئەوان رەنگە تۆزێك تیشك باوێتە سەر ژیانو بیرکردنەوەی "نالی". هەرچەندە کتێبی عەرەبیو فارسیی ئەم زانکۆیە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێتو هیچ هیوایەکم نەبوو، بەڵام دوو کتێبم بینی، کە بە دوورم نەزانی باسی ئەو دوو زانایەی تێدا بێت:

١ـ معجم المؤلفين لعمر رضا كحاله.[٤٦]

٢ـ الاعلام لخير الدين الزركلي.[٤٧]

هەرچی گەڕام هیچم چنگ نەکەوت. لەپڕ بینیم لەشوێنێکدا نووسراوە:

(احمد گلالی) توفي في دمشق ١٨٥٣م. پاشان بینیم لەسەر (احمد البرزنجی) نووسراوە. زانایەکی گەورەی کورد بووە، ساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کردووە. بەرزنجی لەمەدینە لەدایك بووەو مودەریسی (الحرم الشريف) بووە. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا نوێنەری مەدینە بووە لەمەجلیسی ئەعیانی عوسمانیدا. کتێبێکی زۆری هەیەو یەکێکیان وەڵامدانەوەی (محمد الشنقيطی)یە.[٤٨] لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر ئەحمەد بەرزنجی لەمەدینە لەدایك بووبێت، دیارە ئەو کاتەی (نالی) لەوێ ژیاوە، کوردی تری زاناو ناسراو لەوێ هەبوونو ڕەنگە جۆرە پەیوەندییەکیش لەنێوانیاندا هەبووبێت. هەروەها نێوی (جعفر بن حسن بن عبدالكريم البرزنجی) توفی فی المدينة المنورة ١٧٦٤م بینی. نازانم ئەم دوو بەرزنجییە بەیەك دەگەن یان نا؟ بەڵام نیشانەن کەبنەماڵەیەکی کورد بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەوێ سەقامگیر بوونو بەدووری نازانم ئێستاش نەوەیان لەوێ مابێت.

ئەمەی من دەینووسم قسەی سەر لاپەڕەی کتێبەو تا کەسێك هەڵنەکەوێت بەسەبرو بێماندووبوون لەکتێبخانەی (الحرم الشريف) نەگەڕێتو زانیاری لەسەر حەزراویو شنقیتیو بنەماڵە کوردەکانی ئەوێ کۆنەکاتەوە ڕەنگە ئەو خەونەی هەر هەموو بەرهەمەکانی (نالی) بدۆزرێتەوە، هەروا بەئاسانی نەیەتە دی.

یاتوربەتێ، یاغوربەتێ، بارێ بشکێنن
هەر مونتەظیرە (نالی) ئەگەر مردو ئەگەرما



## سەرنجو سەرچاوەکان

١ـ محەمەد، مەسعوود: چەپکێك لەگوڵزاری (نالی)،، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦

٢ ـ ئەو نووسەرانەی ناویان هێنراوە، هەر یەکەیان دەورێکی گرنگیان لەمەیدانی نالیناساندا بینیوە. لەکاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەستم بەنووسینەکانیاندا نەگەیشتو ئەمەش خاڵێکی لاوازە.

٣ ـ دیوانی نالی: انتشارات صلاح الدين الأيوبی، تهران، ١٣٤٦، هێمن پێشەکیی بۆ نووسیوەو هەندێ سەرنجو پەراوێزی خستۆتە سەر (دیوانی نالی)یەکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

4-Trunz, Erich: Ein Tag aus Goethes Leben. Munchen, 1991.

5-Lewendi, Mahmud: Di Cavkaniyeke Tirki de Nali, Le: Wan, J.2, Stockholm, 1992, L.36.

6-Seehafer, Klaus: Mein Leben ein einzig Abenteuer, Berlin, 1998, S.8.

٧ـ دیوانەکەی مەولەویشم لەبەر دەستدا نەبوو، لەبەرکردن هەندێ جار سەردەکات، یان کورتی دێنێت.

٨ ـ محەمەد، مەسعوود: حاجی قادری کۆیی، ب٢، بەغدا، ١٩٧٥، ل٢٧٤

9-Müller, Ulrich: Mittelalter. In: Geschichte der Politischen Lyrik in Deutsch- land. Walter Hinderer (Hrsg.), Stuttgart, 1978, S.44.

١٠) ئوولریش کوینسل Ulrich Küntzel نووسەرو ئابووریزانێکی ئەڵمانەو ئێستا تەمەنی ٩٤ساڵ دەبێتو چەند کتێبێکی گرنگی هەیە. ئەو لەنووسینەکانیدا پیشەو کارو کەسابەت بەبنەمای شێوەی بیرکردنەوە دادەنێت.

Küntzel, Ulrich: Die Geschaefte bruemter Maenner. Frankfurt, 1991, S.327.

١١ ـ لەوە دەچێت شـێخ ڕەزای تاڵـەبانیش ئیلـهامی "لـەبیرم دێ سـلێمانی کـە دار الملکی بابان بوو"ی لەنمایشی لەشکری ئـەم سـەردەمە وەرگرتبێت. هەڵوێـستی شـێخ لەبابانەکان پێویستی بەلێکۆڵینەوەی تایبەت هەیەو ئـەم شـیعرەی لـەرووی سیاسـییەوە بایەخی خۆی هەیە. یادکردنەوەی ڕۆمـانسی سەردەمـی دەسـەڵاتی کـورد، بـۆ پێکهـاتنی بیری نەتەوەیی نابێت لەبەر چاو نەگیرێت. بۆ شێخ شیعری"ئالی بەبە"ی نووسیوە؟

"گیرفانی گەدای کردۆتە کانی جەواهر"

دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، ١٩٤٦، ل، ٣١

12- Leppmann, Wolfgang: Goethe und die Deutschen, München, 1982,S. 31.

١٣ـ نالی لەزۆر شـوێندا شـانازیی بەخۆیـەوە کـردووە، بەتایبـەتی شـیعری "لایقـی مـەخزەنی طەبعە هەموو کەنزی غەزەلم" (ل ٢٢٨)ــ "ناوەڕۆکی شیعرەکە لـەوە دەچـێت وەڵامـی هەندێ کەسی بەدکار بێ، کە لە دەربـاری میرانـی بابـان، یـان شـوێنێکی تـری خاوەن پایـەی وادا خراپـەی نالییـان وتبـێ، ئـەویش بـە دەربڕینـی شـانو شـکۆی خـۆی بەرپەرچی دابنەوە". پەراوێزی ل٢٨٩

سایەیی پایە وەکو باڵی هوماو بازی سپیم

نەوەکو بوومی قەدەم شوومو، نەهەمڕەنگی قەلم

١٤ ـ زکی، محمد امین: تاریخ الـسلیمانیة، ت: الملا جمیـل الملا احمـد الروزبیـاني، بغداد، ١٩٥١، ص ٢٤١

١٥ ـ بەڵگەی بەهێز بەدەستەوە هەیە، کە "نالی"و ئەحمەد پاشـای بابـان هاوتەمـەن بن، یـەکێك لەبەڵگـەکان ئەوەیـە: خـەلیل پاشـای بابـان، کـەکوڕی ئەحمـەد پاشـا بـووە، لەشەڕی شاری سلێمانی بەدیل گیراوەو ڕەوانەی ئەستەمووڵ کـراوەــ بڕوانـە: سەرچـاوەی سەرەوە، ل٢٤٩ـ ئەم هەواڵە ئەوە دەردەخات کەکاتی داگیرکردنی سلێمانی ئەحمـەد پاشـا تەمـەنی سەرووی چل ساڵ بووبێت. ناشێت خەلیل خالید پاشا مـناڵی ساوا بووبێت!



١٦ـ سەبارەت پەیوەندی نێوان شێخ ڕەزاو ئەحمەد پاشا، بڕوانە: ڕەسـووڵ، عیـزەدین مستەفا (دکتۆر) شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، ١٩٧٩، ل٨٤

١٧ـ محەمەد، مەسعوود: چەپکێك لەگوڵزاری (نالی)، ل سی و هەشت (پێشەکی).

١٨ـ مروة، حسین: النزعات المادیة فی الفلسفة العربیـة الاسـلامیة، الجزء الاول، ط٦، بیروت، ١٩٨٨، ص٥٣٢

١٩ـ مروة، حسین، المصدر السابق، الجزء الثانی، ط٧، ١٩٩١، ص ٣٥٩

٢٠ـ محەمەد، مەسعوود، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧,١٨٨

٢١ـ هیپۆتیزە: گریمانی(فرضیات) هێشتا نەسەلمێنراون لەراسـتییەکان، بـەئامانجی پەسەندکردن یان ناپەسەندکردن.

٢٢ـ پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی،"یەکەم کۆمەڵە شیعری شاعیرو نووسەر (فـەرهاد شاکەلی)یە. ئەم رستەیە لەوەوە وەرگیراوە، بەڵام بۆ واتاو مەبەستێکی تر.

٢٣) ئەگەر "نالی" لەگـەڵ سالمدا بـەراورد بکرێـت، بەگـشتی ئەمـە راسـتە. بـەڵام ئەویش هەر زۆر لەژێر کارتێکردنی "سبکی فارسی"دا بووەو پەیامی ئەو نووسـین بـووە بەکرمانجی خواروو، هەوڵدان بووە بۆ گەڵاڵەکردنی "سبکی کوردی".

٢٤) هەندێ نووسەر بەهەڵە نێوی ئەهلی هەق (یارسان)و عـەلی ئیلاهـی تێکـەڵاو دەکەن. ئەم دوو ڕێبازە هـیچ پەیوەندییـەکیان لەگـەڵ یـەکتردا نییـە. ئـەوی راسـتی بێـت کاکەیی و ئەهلی هەق یەکن. بەگوێرەی ئاگاداریی منو بینینی بەشێك لەدەسنووسەکان، کەپەیوەندیان بەیارسانەوە هەیە، تەنیا ڕێژەیەکی هەر زۆر کـەمی سـرووتە ئایینییـەکانی ئەوان بڵاوکراوەتەوەو زۆربەی زۆری هـەر بـە دەسـتنووس پـارێزراون. مامۆسـتا صـدیقی صەفیزادە (بۆرەکەیی) بەشـێکی لـەو سـامانە بڵاوکردۆتـەوەو پـێش ئـەویش د. محەمـەد موکری بەشێکی تر ئەو سامانەی گەیاندۆتە چاپ. بریـا رووناکبیرو نووسـەرانی ئـەهلی هـەق، کەئێـستا لـەدەرەوەی وڵات جڤاتێکیـان پێکهێنـاوە، سـاخکردنەوەو لێکدانـەوەو چاپکردنی ئەو سامانە مەزنە وەکو ئامانجێکی پیرۆز لەبەر چاوبگرتایە.

٢٥ ـ خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی وێژەی کوردییەکەی مامۆستا بۆرەکەیی دەمانگەیەنێتە ئەو راستییە، کەنووسینی شیعر بەگۆرانی هەر زۆر بڵاوبووە. کاتی خۆی ئۆسکارمان سەبارەت بڵاوبوونەوەو گرژبوونەوەی ناوچەی گۆران کۆمەڵێك زانیاریی وردی بڵاوکردۆتەوە.

٢٦ـ گوتنبێرگ (١٣٩٧ـ ١٤٦٨) ژیاوە.

27- Bott, Gerhard (Hrg.) : Martin Luther und die Reformation in Deutschland. Frakkfurt. a.m. 1983, S. 20f.

٢٨- شارەزا، کەریم: نالیو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی. بەغدا، ١٩٨٤، ل٣٣

٢٩- بریا یەکێك لەنووسەرانی کوردستانی باشوور ئەو ئەرکە گەورەیەی لەئەستۆ دەگرتو سەرێکی خاکوخۆڵی شارەزووری دەداو هەر زانیارییەك لەسەر نالی، یان کەسوکاری، هەیە کۆی دەکردەوەو بڵاویشی دەکردەوە. تەنانەت ئەوەش گرنگە کەی دانیشتووانی شارەزوور نیشتەجێبوونو کەی حوجرەو دەرسوتنەوە لەوێ دەستی پێکردووە.

٣٠- مەلا کەریم، محەمەد: نالی لەکلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، بەغدا، ١٩٧٩، ل٧٧

دەربارەی لایەنگیری "نالی" بۆ ڕێبازی نەقشبەندی، هەروەکو لەپەراوێزی ژ٣٤ پاژی (مەولانا خالیدو دەسەڵاتی کوردی)ئاماژەی پێکراوە، کۆمەڵێك زانیاری هەیە، کە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە "نالی" ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لایەنگیری ڕێبازی نەقشبەندی کردووە. ئەو غەزەلەی بەبۆنەی سەفەری حەجی(نووری رودباری) نووسراوە، پەیوەندی نێوان(پیرومورید)ی تێدا بەدی دەکرێت. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان "نالی" و "مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی" بۆ ئەم کارە گرنگە. من پاش خوێندنەوەی کتێبی (مناظر الإنشاء) بۆم دەرکەوتووە، "نالی" کتێبێکی دەستنووسی هەیە بەناوی "ریاض الإنشاء"و ناوی سێ کتێبی تری خۆی هێناوە. ئێمە هەوڵدەدەین بۆ دۆزینەوەی بەڵگەو دۆکۆمێنتو شیعری بڵاونەکراوەی "نالی" پاشان ڕەنگە بتوانین حوکم بەسەر بیروباوەڕو کەسایەتی ئەودا بدەین . . .



ساڵی ٢٠٠٨ لەئەستەموولْ دەستنووسی (مناظر الأنشاء) دۆزرایەوەو ماوەیەکی تر لەلایەن بنکەی (ژین)ەوە بڵاودەکرێتەوە.

٣١-محەمەد، مەسعوود: حاجی قادری کۆیی.

٣٢- محەمەد، مەسعوود: (سەرچاوەی پێشوو) پەراوێزی ژمارە (١٧)ی ئەمەی نووسیوە. ئەلیکساندەر خۆدزکۆ: چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی "دیالێکتی سلێمانی" . وەرگێڕانی (نەجاتی عەبدوڵڵا). بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٢.

٣٣- الملا بکر، فائز: معلومات عن نالی، فی گولان العربی، ع٢٧، ٢٥ اب ١٩٩٨، اربیل، ص ١٦٥

بریا بڵاوکردنەوەی شیعرەکەی "نالی"و نووسینەکەی احمد بن محمد الحضراوی وەکو ڕووداوێکی ئەدەبیی گرنگ بایەخی پێبدرایە. کاك فائز نەینووسیوە ئەم کتێبە هێشتا دەستنووسە، یان چاپکراوە. ئەگەر چاپکراوە، کەیو لەکوێو کێ چاپی کردووە. وەکو ئەو بڵاوی کردۆتەوە ـ بێگومان من هەر زۆر سوپاسی دەکەمو شایانی ستایشە ـ بەڵام هیچ زانیارییەك لەسەر کتێبەکە لەپێشەکییەکەی کاك فائز هەڵناکرێنرێت. بریا برایەکی عەرەبیزانی نالیناس بەلێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژەوە بەیت بەبیتی شیعرەکانی لێك دەدایەوە. ئەگەر هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بڕوا ناکەم هیچ کەسێك بتوانێت سوودی تەواوی لێوەربگرێت، یان هەر کەم کەس بەتێگەیشتنی تەواوی بەختەوەر دەبێت.

٣٤- دکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد حەداد: "نالی" هەندێ زانیاری تازە، لەگۆڤاری کاروان، ژ(٨٠)، ت ١ و ت٢، هەولێر، ١٩٨٩، ل٣.

٣٥- بورسەلی، محەمەد تاهیر ئەفەندی (سەرچاوەی پێشوو)، ل٥

٣٦- دەبێت نالی چەند ساڵ لەشام مابێتەوە؟ ئێمە کە باسی هەواڵەکەی ئا. خودزکۆ دەکەین، کە دەوروبەری ١٨٥٣ ئەو لەشام بووە، نابێت شیعرەکەی "سالم" لەیاد بکەین:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**بۆ موڵکی شامە نامەیی من سویی (نالی)یە**

**هەر حەرفی ئەو لەوەضعی ویلایەت دەدا خەبەر**

ئەگەر ئەو پاش هەرەسی میرایەتیی بابان وەڵامی نالی دابێتەوە، واتە: پاش ١٨٤٦، کەواتە: تا ١٨٥٣ بەلای کەمەوە دەبێت لەوێ مابێتەوە!

٣٧) نالیناسان بەوردی سەرنجی شیعرێکی فارسیی نالییان نەداوە

سوی مصر است مرا عزم از این لجهء غم

تاکە در نیل کشم جامە زبی دادو ستم (ل ٣١٣)

واتە: نیازی ئەوەم هەیە خۆم لەم گێژاوی غەمە دەرباز بکەمو بڕۆم بۆ میسر، تا بۆ دەربڕینی بێزاریو نارەزایی لەجەورو ستەم، کراسەکەی لەئاوی نیل هەڵکێشم، شین ببێت.

لەپەراوێزی دیوانەکەدا ئەم بۆچوونەی خوارەوەشی خراوەتە سەر: زۆر لەوە ئەچێ "نالی" ئەم شیعرەی پاش تێکچوونی میرنشینی بابانەکان وتبێ، بۆیە وا کۆچکردنی خۆیشی ئەشوبهێنێ بەمەرگی کەسێك نەیەوێ بمرێ. ئەبێ دەربڕینی بێزاریەکەشی، لەجەورو ستەمی داگیرکەرە عوسمانییەکان بوبێو بۆیەش ویستبێتی بۆ میسر بچێ. . .
بەهۆی بزری بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی "نالی"و نەزانینی کاتو شوێنو بۆنەی شیعرەکان، بواری لێکدانەوەی جۆراوجۆری، هەندێ جار بەتەواوی ناکۆك، زۆرە. ئەم بۆچوونە لەکاتێکدا راستە، ئەگەر "نالی" پاش هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان وڵاتی جێهێشتبێت، بەڵام ئەگەر پێش هەرەس رۆیشتبێتو ئەم شیعرەی لەئەستەموڵ، یان شام، وتبێت، ئەوە دەبێت شیعرەکە بەجۆرێکی تر لێك بدرێتەوە.

٣٨- چەندین نووسەر توانیویانە ئەوە راست بکەنەوە، کەنووسینە تیۆرییەکانی فرۆید پەیوەندی بەکێشە دەروونییەکانی خۆیەوە هەیە. بێگومان، زیگمۆند فرۆید لەنووسینو لێکۆڵینەوەکانیدا باسی نەخۆشیی کەسانی تری کردووە، بەڵام لەنامەکانیدا بۆ دۆستو هاورێکانی باسی کێشە دەروونییەکانی خۆشی کردووە.
-Kruell, Mariane; Freud und sein vater. Frankfurt, 1992, S, 22ff.



Brome, Vincent; Sigmund Freud und sein kreis. Munchen, 1969, S. 15ff.

سەبارەت بە نیچە چەندین لێکۆڵینەوەی دەروونی هەیە، کە مردنی باوکیو شێوەی پەروەردەکردنی گرێی دەروونیی گەورەی بۆ پێکهێناوە. ئەو هەر لەمناڵییەوە ویستوویەتی خۆی بەپیاو بزانێتو ئەم هەستە لەشێوازی نووسینی بیرەوەرییەکانیدا دەردەکەوێت.

٣٩- مەلا کەریم، محەمەد (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٧٧ .

٤٠- رجائی بخارائی، دکتر احمد علی: فرهنگ اشعار حافظ، چاپ چهارم، چاپخانە بهمن، تهران، ١٣٦٤.

٤١- رجائی بخارائی (همان)، ص ٣٧٩- ٤٧٢.

٤٢- رجائی بخارائی (همان)، ص ٤٦٩.

٤٣- ئەم بەیتەی خوارەوە سەرنجی راکێشام.

**ناوی مەخمووران نەبەی (نالی)! لەنێو**

**حەلقەیی واعیظ ، لەوێن جاسووسیان (ل ٣٢٦)**

نەمتوانی لەوە بەتەواوی تێبگەم مەبەست لە "مەخمووران" کێیە؟ ئەمانە لای واعیظ جاسووسیان هەبووە. واتە: بەسەر نالیەوە جاسووسی کراوە. بەیتەکە بەڵگەی تەواو نییە بۆ بۆچوونەکەی من، بەڵام بۆنی کوڵانی پیلانی لێوە دێت، چونکە لەشوێنێکی تردا "نالی" واعیظی لە "بەرەی دۆستان" دانەناوە.

**ئەی تەلەفی گفتوگۆ، جامیعی کیذب و درۆ**

**واعیظییە ئیشی تۆ، عاشقییە کاری من** (ل ٣٣٦)

واتە: ئەگەر یەکێك کە (نالی) لەخانەی درۆزنانو نادۆستان دایناوە، چۆن دەبێت قسەیەك بکات، کەیەکێکی تر "جاسوس"ی لەسەر بکات. ئەگەر ئەم هاوکێشەیە راست بێت، دەبێت نالی بەرەی مەخموورانی بەدۆست دانەنابێت. بەهەرحاڵ، ئاماژەکردن بۆ

بەرگگۆڕینی جاسووس، لەشێوەی بەرەی مەخموورانەوە، بۆ بەرەی واعیظ، هەڵمی ئەوەی لێهەڵدەستێت، کەئەو داوی بۆ نراوەتەوەو چاڵی بۆ هەڵکەنراوە.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

٤٤- رجائی بخارائی (همان)، ص١٠٣.

٤٥- رجائی بخارائی (همان)، ص٥٠٩.

٤٦- كحاله، عمر رضا: معجم المؤلفين، ج١، بيروت ١٩٥٧، ص١٦٤، ص٢١٨.

٤٧- الزركلى، خيرالدين: الأعلام، ج١، بيروت، ١٩٨٤، ص٩٩، ص١٢٣.

٤٨- لەبن ناوی (محمد الشنقيطي) نووسراوە، توفى ١٩٣٥م، ئیدی هەرچی گەڕام بۆم ساغ نەبووەوە ئەمە کام شنقیتیە، هەمان کەسە کە لەگەڵ "نالی"دا دانوستاندیان هەبووە، یان یەکێکی ترە!



مه کتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# چەپکێک
# لە گوڵزاری مەولەوی*

*لەگۆڤاری ئاینده، ژماره / ٣٦ ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوكراوەتەوە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نووسین لەسەر بەرهەمو ژیانی مەولەوی کارێکی ئاسانو بێ گرێو گۆڵ نییە، هەر چەندە ئەو لەچاو نووسەرو شاعیرانی تردا زۆرتری لەسەر نوسراوەو بەشێکی شیعرو نامەکانی پارێزراون. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەی مەولەوی، هەژارو بەرتەسكو کرینە، کالاّ بەقەد بالاّی بەرزی شاعیری بلیمەت نییە[١]. ئەمەی منیش دەینوسم تەپو تۆزێکی بێ بایەخو بێ تاموبۆنە لەپەراوێزی ناوەرۆکی شیعرەکاندا . نە نوکی خامەو نەهۆشو زانیاریو بین درێژی لەگەڵ بەختو نەوچاواندا ئەوەندە کۆکن. ئەمە بەردی "سیزف" ە، بەرەو هەوراز پالّی پێوە دەنرێو پێش ئەوەی بەلووتکە بگات، بەردەبێتەوە، یان ریسی رەنجی سالاّنەو دەبێتەوە بەخوری .

من بیانویەکی نیمچە رەوام بەدەستەوەیە، کەخۆم بەنوسەر دانانێمو ئەوەی دێتە بەرهەم، تەنیا بەری سەرنجو تێبینیو خوێندنەوەی ئاساین، نەك بەری لێکۆڵینەوەو قوڵبونەوەو تێگەیشتنو رامان.

من هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکەم؟ بۆشاییەك، کە بەهەوڵو تەقەلای تاکە کەس بەئاسانی پڕناکرێتەوەو دەبێ هەر لەئێستاوە پڕۆژەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، دانرێ. هەر وەکو چۆن دێهاتە ئەنفالکراوەکان، بەرە بەرە دروست دەکرێنەوەو شەقامەکان نوێ دەکرێنەوەو دارستانەکان دەبوژێنەوە. دەبێ ئاورێك لە ناسنامەو رابوردوی ئەدەبیمان بدەینەوەو پڕۆژە دانرێ بۆ رزگارکردنی گۆرانو نالیو سالمو کوردیو مەولەویو مەولانا خالید[٢] و حاجی قادری کۆییو خانیو شەرەفخانی بدلیسیو ئیبن ئەزرەقی فارقی جزیریو ئەبوبەکری موصەنیفو شێخ رەزای تالّەبانیو شێخ عەبدولڕەحمانی خالصی تالّەبانیو بێسارانیو مەلا پەریشانو خانای قوبادیو ئیبن ئادەمو مەلا ئیدریسی بدلیسیو بەدیعئولزەمان جزیری .. تاد. دەستم لەهەویرە هەر ئەمەندەم لەبیرە . مێژووی سەرانسەری چڕوپڕو قوڵو پانو بەرین هەر زۆر پێویستە. لێرەدا هەروا ئاماژەم بۆ هەندێ چرای سەر رێگەی مێژووی بیرو ئەدەب کردوە. گەلانی ئۆروپی، نەك تەنیا هەموو



شتێکی خۆیان وەکو چاویان دەپارێزن، زۆرجار گەنجینەی گەلانی تریش داگیردەکەنو لەمۆزەخانەو پێشانگاکاندا دەیان نوێننو خۆشیانی پێوە دەنوێنن. ئێمە لەچاو گەلانی دراوسێشدا هیچمان بەهیچ نەکردوە.

جا لەبن قەمچی داگیرکەراندا چی بەچی بکەین ؟ ئەوان سەری هەمو هەموو رێگاکانیان لێداخستوین. ژیانی بن دەستیو کۆیلایەتی مەمرەومەژی، هیچی لێنارِوێ. جا چی لێبڕوێ ؟

داگیرکراوی میکانیزمی خۆی هەیە : هەر وەکو چۆن سامانی نەتەوەیی بەخۆڕایی لەدەست دەڕواتو ژیانی ئابوری داگیرکەر پێی دەولّەمەند دەبێ، کەسایەتی توشی تێکشکانو خۆناسینەوەو ناسنامە سڕینەوە دەبێ ..

بەرهەمی شاعیرو نوسەران بۆ خاوەنەکانیان دەبێتە بەلّلاّ، گەر سەریان نەخوات. دەستی رێز بۆ کەس درێژ ناکرێتو سامانی کولتوری دەبێتە خۆراکی ئاگرومشكو مۆرانە.

بەهەر لایەکدا چاو دەگێڕی کەلێنو بۆشایی گەورە هەیە. دەست بەئەلّقەی هەر زنجیرێکەوە دەگری، لەناوەڕاستدا دەپسێ . هەر سەرەتایەك دەستنیشان بکەیت بۆ سەرەتا، هەر لەسەرەتاوە، خالّی سەرەتا هەلّۆڵ دەردەچێ .

دیارە لەئاسۆی داهاتوی نزیکدا، ئەو ڕاستیە وەکو مانگی یەك شەوە سەرەتاتکێ دەکات : دەبێ هەوڵو تەقەلای دوو بەرامبەرو سێ بەرامبەر بکەینەوە تا مێژووی ئەدەبیو مێژووی بیر دەنوسرێتەوەو یەك بەیەکی ئەوانەی دەنکە جۆیەکی مالّی پاشایان خواردوە بەسەر دەکرێنەوە.

جاران بیانویەك بەدەست سیاسیو دەمڕاستو برا گەورەی کوردەوە هەبوو، کەئێمە داگیرکراوینو دەسەلاّتی مەرکەزی رێگەی بوژاندنەوەی سامانی ئەدەبیمان نادادتو پشتگیری هیچ پڕۆژەیەك ناکرێ، شەقلّی کوردی پێوە بێت. رژێمی ناوەندی رێگەی سەرهەلّدانی دامەزراوەی کوردی نادات، گەر بزانێ ئەو دامەزراوەیە پێچانەوەی پرۆسەی

توانەوەیە .. بەڵام ئێستا هیچ بیانویەك بەدەست حکومەتی هەرێمو زانکۆی سلێمانیو هەولێرو دهۆکەوە نییە، گەر پشتگیری پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی نەکەن! ئەمە ئەرکی ئەوانە پێش ئەوەی ئەرکی هاووڵاتییەکی گومناوی بێ ناونیشانی دورە وڵاتی وەکو من بێت. رەنگە یەکێك بڵێ :" ئەمە مۆسیقای دوا ڕۆژو پرۆژەی داهاتوەو دەبێ بەسکی تێر بکرێ " یان وەکو ئۆروپییەکان دەڵێن: ئەمە "لۆکسۆسە " ! ئەم قسەیە تا چەندساڵێك لەمەوپێش تارادەیەك لەجێگەی خۆیدا بوو، بەڵام ئێستا بیانویەکی لاوازە. من بەچاوی خۆم دەبینم ڕۆژانە لەچاپخانەکاندا چی چاپ دەکرێ، لەسەر فلانە شاعیری مەکسیکیو فلانە ڕۆماننوسی ئەرجەنتینی .. . هتد. یان دەیان بابەتی لابەلای بێ سود ، گوایە ئەمە" مۆدێرنزم"ە . من ئەوەندەی ئاگاداری ئەم دونیایە بم ، نەئەمە "مۆدێرنزم" ەو نە بەمەش بیرو ئەدەبی کوردی دەچێتە پێشەوە . ئەم جۆرە بەرهەمانە بەمردویی لەدایك دەبنو هیچ لەئەرکی سەرشانی ئێمە ناگۆڕن. گوتیان: "حوشتر کوڕت بوو " گوتی: " بە من چی" ئەم جۆرە بەرهەمانە کاتێك برەویان هەیە، ئەگەر لەناخی کۆمەڵەوە هەڵقوڵێن .. دامەزراوەی حکومەتی، یان نیمچە حکومەتی دەبێ بەپلان ئیش بکاتو فەلسەفەی هەبێو بزانێ بۆ پشتگیری ئەو جۆرە بەرهەمە دەکات؟

جارێ بەرهەمەکانی "گۆران" بڵاونەکراونەتەوەو هیچیش لەسەر خۆیو کارەکانی نەنوسراون، کەچی کاکی نوسەری کورد دەنوسێ بەکابرایەکی ئۆرپیەوەو لێی نابێتەوە.

کابرای " بلیمەت " ی ئۆروپی ، نە لەئۆروپاو نە لەچینو ماچیندا دەنگو رەنگی هەیە. گەر دەزگایەکی کوردی هەر زۆر لەسەر مەسەلەی" مۆدێرنزم" سوور بێت . دەبێ کارەکە ڕێژەیی بێت : ٥٪ بۆ وەرگێڕان ٢٠٪ بۆ مێژوو ٤٠٪ بۆ ئەدەبی کوردیو... هتد. گەر ڕێژەی ساڵانە هەڵەوگێڕاو بوو:

٩٥٪ بۆ وەرگێڕانی دەستی دووەم، ئەوە دیارە ڕێژەکە دەبێ راست بکرێتەوەو بایەخ بە "مۆدێرنزم" ئەوەندە نەدرێ . من پێم باشە، نوسەری کورد فێری چەند زمانێکی



ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی بێتو سانسکریتیو ئارامیو لاتینی فێربێت. وەرگێڕان لەعەرەبیو فارسیو تورکییەوە، ناچارییەو ناڕاستە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە ڕەنگە لەهیچ وڵاتێکدا وێنەی نەبێ، وەرگێڕانی وەرگێڕاو.. ئەو وەرگێڕانە وەرمان دەگێڕێ. با لەخۆمانەوە دەست پێبکەینو لەنزیکەوە بۆ دوور بچین ، نەك بەپێچەوانەوە .

تاکەی دەبێ نوسراوەکانی گۆرانی شاعیر کۆنەکرێنەوەو بڵاو نەکرێنەوە ؟ مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم بەرگی یەکەمی شیعرەکانی بڵاوکردەوە . وەکو تاکە کەس ئەوە کارێکی زۆر مەزنەو جێگای ئەوپەڕی ڕێز لێگرتنەو تا ماوین دەبێ دەستی بەسنگەوە بۆ بگرین . دیارە ئەو لە چ هەلومەرجێکدا ئەو کارە مەزنەی راپەڕاندوە . پاش نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەو هەنگاوە، دەبا خەڵکی تر نامەکانی کۆبکەنەوەو پەخشانەکانی چاپ بکەنەوەو لەسەریان بنوسن .. پرۆژەی پیرەمێردو حاجی قادری کۆییش هەر وای لێ هات .. دەبێ دامەزراوەی رەسمی یان نیمچە رەسمی بەو کارە هەڵسنو خۆیانی بۆ تەرخان بکەن .. من بڕوام بەوە نییە، ئێمە بتوانین مێژووی ئەدەب یان مێژووی بیر بەجارێك بنوسین . ئەوە لەکێشی کەسدا نییە، بەڵام دەتوانرێ یەکە یەکە لەسەر شاعیرو نوسەران بنوسرێت . دانە دانەی مورو بەئاسانی دەکرێتە ملوانکەو ڕشتەی مرواریش هەر وایە.

### شاعیرو دەوروبەر

بەختو نەوچاوانی مەولەوی لەهەندێ روەوە، لەبەختو نەوچاوانی نالیو سالمو حاجی قادری کۆییو خانیو جزیریو قوبادی .. هتد. تارادەیەك باشترە. بەشێکی بەرهەمەکانی چاپکراونو نامەکانی بڵاوکراونەتەوەو نەوەکانیشی هەر لەجێگەی خۆیان ماون .. ئەم خاڵانە یارمەتیدەرنو دەتوانرێ دەستیان پێوە بگیرێت، بۆ دۆزینەوەی راستی نوێ سەبارەت بەژیانو بەرهەمی مەولەوی.

ئەرکی ئەم نوسینە لەئەرکی کارێکی ئەرشیۆلۆگی دەچێ، نایەوێ تەنیا زێڕو زیوو پەیکەرو کێل بدۆزێتەوە .. دەیەوێ گڵو قوڕو لیتە لەسەر روخساری شوێنەوار

هەڵبداتەوە، بەمەرجێ زیان بەدیوارو ناو ماڵو ئێسكو پروسك نەگەیێنێ. دەیەوێ لەسەر بنەمای پاشماوەی دۆزراوە، لەهەموو لایەكی ژیانی ئەو سەردەمە بگات :

ئەرشتكتوری ناوەوەو دەرەوە( المعمار داخلي والخارجي) و هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتیو ئابوری .. هتد [٣]ئێستا بەیارمەتی هەندێ پرۆگرامی كۆمپیوتەر، تەنیا دۆزینەوەی هەندێ بنچینەو بەردی چینی دیوار، هەر هەموو قەڵا یان خانووبەرە لەسەر كۆمپیوتەر هەڵ دەچنرێ. ئەم جۆرە پرۆگرامە لەكاری ئەندازیاری ئاساییش بەكار دێ. جاران ئەندازیار، نەخشەی خانوویەكی بەهێڵكاری دەخستە سەر كاغەز. ئەمڕۆ بەیارمەتی پرۆگرامی جیاواز دەتوانرێ ناوەوەو دەرەوەی خانویەكی دروستنەكراو، وەكو وێنە دارێژیو زۆر لەوێنەی راستەقینە نزیكی بكاتەوە .

سەبارەت بەمەولەوی پرۆگرامی كۆمپیوتەریمان بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانین لەو ئەزموونەی ئەرشیۆلۆگیا لەم ساڵانەدا بەدەستی هێناوە، سود وەربگرێت. ئەم كارە بەلاتینی پێی دەڵێن: ریكونستروكشن (Rekonstruktion) واتە : سەر لەنوێ بنیاتنانەوە یان سەر لەنوێ دروستكردنەوە .. خانویەك دەڕوخێو داری بەسەر بەردیەوە نامێنێ . كاری ریكۆنستروكشن یان ریكۆنستروكسیۆن ئەوەیە، بیناكە بگێڕێتەوە سەردەمی دروستبوونی .. یان گێڕانەوەی بۆ دۆخی جاران . سەر لەنوێ دروستكردنەوە، رەنگە زۆر لەكاری نوێ سەخت تر بێت. زۆرجار كەرەستەو خەیاڵی ئەو سەردەمە دەست ناكەوێو تەكلیفەكەی گران دەوەستێو رەنگە تەنیا نرخی مێژوویشی هەبێ . كاتێك ئەم دێرانە دەنوسم هەواڵی پڕۆژەی دروستكردنەوەی " شاری تەروادە " دەخوێنمەوە، كەزانكۆی تیریر ـ ئەڵمانیا دەیانەوێ لەگەڵ یۆنسكۆدا جێبەجێی بكەنو رەنگە نزیكەی یەك ملیار دۆلاری تێبچێ.

ئەگەر مەولەوی سویسری، فەرەنسی، ئەڵمانی یان ئەمریكی بوایە، وڵاتەكەی ئامادە دەبو یەك ئامۆژگای بەلای كەمەوە بۆ تەرخان بكات. چونكە مێژووی ژیانی ئەو، مێژووی گەلەكەیەتیو مێژووی ئەو وڵاتەیە . پشتگوێخستنی پێشڕەو و بیركەرەوەیەكی گەورە، نیشانەی ناتەواویو بەجێمانە، نەك پێشكەوتنو بەرەو پێشەوە چوون.

نووسینی ژیاننامەی یەكێكی وەكو مەولەوی بەشێوەیەكی زانستی فراوان، رەنگە بەشێك لەمێژووی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسیو ئابوریو ئایینی بگۆڕێت، بەشەكانی تریش پێویست بەسەر لەنوێ نوسینەوە بكات .

پێشەكی دەمەوێ راستیەك رەچاو بكرێت، كەزیندوكرنەوەو پاراستنو گەشەپێدانو بایەخپێدانی بەرهەمو ژیاننامەی مەولەوی، بەناوی یەك بنەماڵە گرێدراوە: ئەویش زانای مەزن مەلا عەبدلكەریمی مودەریسو فاتیحی رەحمەتی كوڕیو كاك محەمەدی مەلا كەریمە. ئەمان دەسنوسەكانیان پەیدا كردووەو بەلێكدانەوەو شیكردنەوەی زانستیەوە، بڵاویان كردۆتەوە. ئەوەی ئەوان پێش پتر لەچل ساڵ بەئەنجامیان گەیاندوە، ئەمڕۆ رەنگە بەكۆڕێكی زانیاری تایبەت نەكرێ. ئەوان رچەكەیان شكاندوەو ئەوەی دەستیان كەوتوە وەكو خۆی بڵاویان كردۆتەوەو، كاری نەوەی ئەمڕۆو داهاتویان ئاسان كردوە. بریا چوار پێنج زانای تری وەكو ئەوان هەڵكەوتایەو بەشێكی تری ئەو ئەركەی لەكۆڵمان بكردایەتەوە. جگە لەبنەماڵەی مودەڕیس، دەیان كەسی تریش لەسەر مەولەویان نوسیوەو بەرهەمەكانیان بڵاوكردۆتەوە. ئەو كارانەش هەر جێگەی ڕێزو دەست بەسنگەوە گرتننو نابێ پشت گوێ بخرێن. (پیرەمێرد و م. ص. ن. كانیمشكانیو گۆرانو سەید تایەری هاشمیو سەدیق بۆرەكەیی[٤] و محەمەد عەلی قەرەداخی .. تاد ) بەشێكن لەو نووسەرانەی لەسەر شاعیریان نووسیوە .. بەداخەوە تا ئێستا تەنیا یەك كەس بڕوانامەی دكتۆرای لەسەر مەولەوی وەرگرتوەو ئەویش مامۆستاو برای گەورەم (ئەنوەر قادر محەمەد )ە، نامەكەی وەكوكتێب بەكوردی بڵاوكردۆتەوە[٥] .

ئەوەی نووسراوەو دەنوسرێ، هەر هەمووی ناگاتە دە لەسەدی گرنگیو دەوری شاعیر لەبواری ئەدەبو شیعرو بیری كوردیدا. ئەمەی منیش دەینوسم تەپو تۆزو خۆڵە پۆتكێی بێ سەرو بەرە لەپەڕاوێزی ئەركە بنچینەییەكانماندا .

من لەم نووسینەدا دەمەوێ زۆر بەرەنگ‌و شێوەکاری‌و کەنارو بنارەوە، خۆم سەرقاڵ نەکەم‌و هەر یەکسەر لەروانگەی سۆسیۆلۆگیەوە [٦] سەیری شیعرو نامەکانی بکەم‌و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی شاعیر بکەمە بەردو داروگڵ‌و ئاوی پرۆژەی سەر لەنوێ دروستکردنەوەی قەڵای ژیاننامەی شاعیر. ئەم کارەش کارێکی یەکجار گران‌و سەخت نییە، ئەگەر وەستاو ئەندازیارو کرێکاری کارامە هەبێت . یەك خاڵی لاواز دەکەوێتە کارەکەمانەوەو دەبێ تا زووە لەبەرچاوی بگرین‌و هەوڵی چارەسەری بدەین، تا قەتاری کات تێنەپەڕیوەو جێی نەهێشتوین .

خاڵە لاوازەکەش ئەوەیە مەولەوی لەناو کۆمەڵدا ژیاوەو ژن‌و منالی هەبوەو دۆست‌و هاوبیرو پیرو سۆفی‌و ناسیاوی هەبوە، کەئێمە زۆر کەمیان لەسەر دەزانین. ئەوانەی ناویان لەناو دیوانەکەیدا هەیە، دەبێ ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت هەبێ بۆ تێگەیشتنی هۆو مۆتیڤی شیعرەکان . دوو کەس لەوانەی مەولەوی شیعرو نامەی بۆ نوسیون مەحمود پاشای جاف‌و مەحمودی یارەویس کەشکۆڵیان هەیە. دووەمیان چوار ساڵ لەمەو پێش بڵاوکراوەتەوە[٧] یەکەمیشیان چاوەڕوانی دەست‌و هیمەتی دڵسۆزێکە بیگەیەنێتە دەستی خوێنەران . ئەم دوو کەسە هەر زۆر لەشاعیرەوە نزیك بوون، دوور نییە لەپەنایەکەوە ئاماژەیەکی سودبەخشی تێدا نەبێت . ماوەیەك مامۆستای گەورە محەمەدی مەلا کەریم دەیەویست بەلێکدانەوەوە، کەشکۆڵەکەی پاشا بڵاوبکاتەوە. من پێم باشە شتەکە جارێ هەر وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە تا ڕێکەوت بۆ یەکێکی تری ڕێك دەخات، بە شیکردنەوەو رونکردنەوە بڵاوی دەکاتەوە. مەلا حامید بێسارانی (مەلا حامیدی کاتبی شێخ سراج الدین ) کتێبێکی لەدوای خۆی لەسەر شێخ عوسمان‌و کوڕەکانی نوسیوە، لەبن ناوی(ریاض المشتاقین ) بۆ بەجێ هێشتوین. ئەم نووسەرە زانیارییەکی زۆری لەسەر گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بە شیعر نووسیوە، لەسەر کۆچی دوایی شاعیریش لاوانەوەیەکی نوسیوە . دیارە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش بەشدارییەکی گەورە لەباشتر ناسینی شاعیرو دەوروبەرەکەی دەکات‌و هیوادارم ئەم ئەرکەش ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم



گەلە بیگرێتە ئەستۆ. گوێ بۆ ئەم شیعرە رادێرە، هەر دەڵێی مێژوونووسەو دەیەوێ رووداوەکانی مێژوو بیر نەچنەوە :

**به سال (فور) پس از الف روز یکشنبه**

**که بود سلخ محرم قریب ماه صفر**

**بیان واقعه میرزا پلنگ اورامی**

**که هەست کاتب دیوان‌و قاچی وعسکر**

( فور ) بە حیسابی ئەبجەدو دوای هەزار دەکاتە ١٢٨٦. ئیدی رۆژی [٨] یەکشەممەشی نوسیوە. بۆمێژوونووسانمان سوود لەم کتێبە وەرنەگرن ؟

### گرنگی مەولەوی بۆ شیعری نوێ

شارەزایان‌و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی، هەرهەموو لەسەر ئەوە ڕێکن، کە "نالی"و رەمزەکانی تری قوتابخانەی شیعری بابان، دانەری بنچینەی ڕێبازی ئەدەبی کوردی ئەمڕۆن. تا سەردەمی " نالی " (١٧٩٧-١٨٧٣ز) نوسینی شیعر بەسۆرانی "کرمانجی خواروو" باو نەبووە. ئەو لەبەکارهێنانی دیالێکتی کرمانجی خواروودا رچەشکێنەو رێپیشاندەرو داهێنەر بوە . پاش دەستەی یەکەم، هەر لەگەرمیانەوە تا سابلاخ ، شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرتوە .

گۆران‌و شێخ نوری شێخ ساڵح، کە رێبەرانی بزاڤی نوێکردنەوەن، لەسەرەتادا تەنیا لاسایی کەرەوەو دووبارەکردنەوەی ئەزمونی قوتابخانەی بابان بوون. دیارە لەبن کارتێکردنی شیعری تورکی‌و ئینگلیزیدا، رویان کردۆتە نوێکردنەوە. ئەمانە هەمووی راستی گشتی‌و زانراون‌و زۆر کەس لەسەر ئەم بابەتەی نوسیوەو شتێکی نوێی تێدا نییە.

برای هێژام کاك ئەنوەر قادر محەمەد لەنامەی دکتۆراکەیدا، بەکورتی ئاماژەی بۆ دەوری پیرەمێرد کردوە لەوەرگێڕانی دیوانەکەی مەولەوی‌و پێناسە کردنی شاعیر بۆ خوێنەوارانی سەردەمی خۆی. من پێم وایە ئەو دەسکاریە کەمەی گۆرانی بۆ سۆرانی،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەوری خۆی بینیوە، کە ئەدەبی کوردی دیمنزیۆنێکی تر Demension بەخۆیەوە بگرێت .

هەرهەموو نوێنەرەکانی ڕێبازی نوێ، پێویستیان بەو سامانە ئەدەبیە مەزنە بوە، کەسەدانساڵ ئەزمونی هەبوو. مەولەوی نەك هەر دوا لوتکەی شیعری گۆرانییە،بەڵکو پردێکیشە لەنێوان گۆرانی ـ کرمانجی خواروو واتە: قۆناغی گواستنەوەیە، نەك دوا قۆناغو کۆتاییە ـ وەکو لەمەودوا باشتر رون دەکرێتەوە ـ پیرەمێردو گۆران کارەکەی مەولەویان تەواوکردوەو شیعری نوێی کوردیان بەوشەی شیعری خۆماڵی ڕەسەن دەوڵەمەند کردوە.

وێنەو دیمەنی هونەری بەرزی وەسفی سروشت، دەرگای بۆ ڕێبازو ئەندێشەی ڕۆمانسی خستۆتە سەر پشت . پیرەمێرد هەندێ جار دەوری وەرگێڕی ئەدەبی بینیوەو هەندێ جار خەرقەی سۆفیانەی مەولەوی لەبەر کردوەو بەزمانی ئەوەوە شیعری نوسیوە. "گۆران" لەناو کولتورو فەرهەنگی گۆراندا پەروەردە بوەو قاڵ بوە. سەرشاتەو پریس‌و تەوێڵەو بیارەو تەپی سەفاو بەشارەت‌و چیای هەورامان‌و دەشتی شارەزورو ڕووباری زەڵم‌و سیروان .... بەشێك بوون لەجیهانی متیۆلۆگی مەولەوی‌و ڕەنگە تا رادەیەکیش بەشێك بووبن لەجیهانی متیۆلۆگی گۆران. بەڵام گۆران هەروەکو کاك ئەنوەریش ئەو تێبینیەی کردوەو بەڵگەشی بۆ هێناوەتەوە، بەشێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵ سامانی شیعری مەولەوی کردوە [٩] بەبێ ئەوەی وەرگرتنی میکانیکی پێوە دیار بێت. ئەو نووسینە کورتەی لەسەر" شیعری موناسەبات " رادەی کارتێکردن‌و تێگەیشتنی ئەزموونی ئەو بە زەق‌و زۆپی پیشاندەدات .

کەواتە: ئەو بۆچونە باوە، دەبێ ڕاستبکرێتەوە، گوایە داهاتنی، شیعر نوسین، بەشێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی )، ئیدی کۆتایی پێهاتنی زمانی ئەدەبی بووە، کە بەشێوەی گۆرانی پێی نوسراوە. پرۆسەکە جۆرێك بووە، لەیەکتر تەواوکردن‌و بەیەکگەیشتن‌و پێی دەوڵەمەندبوون‌و هێزو وزە وەرگرتن لەقوتابخانەیەکی تر بۆ



گەشەکردن‌و بەرەو پێشەوە چون، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر ئاساییە. ڕەنگە گەرئەو پشت پێبەستن‌و بەیەکگەیشتنە نەبا، بەرەو پێشەوە چونەکە، قاڵبێکی تری وەرگرتبا .

## زمانی ئەدە بی یەکگرتوو

مەولەوی بەوە ناسراوە، کەلوتکەو دوا شاعیری شێوەی گۆرانی بێت‌و نالیش بەوە ناسراوە، کەداهێنەرو دەستپێشخەری شیعر دانان بێت بەکرمانجی خواروو . ئەم بۆچونە شایانی وەستان‌و بیرکردنەوەو رامانە . ڕاستە ئەو بەشی زۆری دیوانەکەی بەگۆرانی نوسیووە، بەڵام "عقیدەی مرضیة "[١٠] بە زمانی ناوچەی سەرشاتە یان تاوەگۆزی نوسراوە، کەشێوەیەکی سۆرانییە. هەندێ پارچە شیعری نێو دیوانەکەشی هەر بەم دیالێکتە نوسراون:

**تۆپلاّخەی دوکەڵ هیجران دڵبەر**
**جەم بوگە وەک هەور نەڕوی سەقف سەر**
**حاشا خۆ ڕەنگم هیچ نەماگە پێ**
**سەرم وەکو تاس دەنگی لێوەتێ** ل١٣٤

پڕۆژەی (نالی) شێوازێکی تری هەبوو. ئەو نەیویستوە زمانی" خاك وخۆڵ " یان بن دیالیکتی شارەزوری بکاتە بنچینەی[١١] زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەڵکو زمانی شاری سلێمانی‌و سۆرانی بەگشتی هەڵبژاردوە . ئەم سەرەتای قوتابخانەیەك بووەو بۆ سەرکەوتنی کارەکەی، پشتی بەخۆی‌و دەوروبەرەکەی بەستوە. مەولەوی بەردەوام بوون‌و لوتکەی قوتابخانەیەکی گەورەو خاوەن مێژووی دوورو درێژو تراد یسیۆنی مەزن بووە. ئەم دوو ڕێگەی گرتۆتەبەر: ئاسانکردنەوەو نزیککردنەوەی گۆرانی ـ سۆرانی‌و هەڵبژاردنی بن دیالێکتی تاوەگۆزی بۆ شیعرنووسین لەسەر هەمان ڕەوتی قوتابخانەی گۆران .

هیچ بەڵگەو دەنگ‌و باسێك لەسەر ئەوە نییە بۆ ساڵی ١٢٨٨ ك ( عەقیدەی مرضی‌یە) بەشێوەی تاوەگۆزی نوسیوە؟

ئەم نووسراوە پێشکەشی شێخ ئەورەحمانی شێخ عوسمان (ئەبولوەفا) کراوە، نەك قوتابخانەیەکی ئایینی ناوچەکە یان میری ئەو ناوچەیە![١٢] واتە: نوسینەکەی مەبەستێکی پەروەردەیی نییە وەکو "ئەحمەدی" ی شێخ مارفی نۆدێ و "نەوبەهاری بچوکان"ی ئەحمەدی خانی! گەر بەعەرەبیو فارسیو گۆرانیش بوایە، شێخ ئەورەحمانو شێخ عوسمان دژی نەدەبون، بەڵام ئەو "فضیلة" ی بەعەرەبی نووسیوەو "فوایح" بەفارسی دارشتوە، کەسیش گلەیی نەکردووە. بلێی مەولەوی، کە پیاوێکی شارەزاو ئاگا بووە، نەیزانیبێت، پێش ئەو کەس بەشێوەی تاوەگۆزی نەینووسیوەو ئەمە دیالیکتێکی ناوچەییەو رەنگە کێشو قورسایەکی ئەوتۆی نەبوبێتو نەبێت!

بلێی مەولەوی ویستبێتی زمانی تاوەگۆزی بکاتە ناوەندی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو یان رێکەوت پاڵی پێوە ناوە، ئاور لەبن دیالیکتێکی لاتەریك بداتەوە ؟

من بڕوام بەرێکەوت نییە، بڕوام بەوەش نییە شاعیر بەبێ مەبەست ئەم دیالێکتەی هەڵبژاردبێت . چۆن پیاوێکی بیرڕوونو دووربینو وشیار هەر لەخۆوە دەست دەداتە قەڵەمو بەزاراوەی ناوچەیەکی بەر تەسك دەنوسێت؟

یەکێك لەو هۆیانەی دەدرێتە پاڵ سەرکەوتنی بزاڤی ریفۆرماسیۆنی مارتن لوتەر(١٤٨٣-١٥٤٦) بلاوبونەوەی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزە بۆ " زمانی ئەڵەمانی "و پەرەسەندنی دەزگای چاپخانەیە. چاپخانە بەخێراییەکی بەرچاو کتێبی پیرۆزی بە"ئەڵمانی " بەژمارەیەکی زۆر، بلاوکردەوە. لەهەمان کاتدا نزیکەی هەشت هەزار شاری گەورەو بچووك لەئەڵەمانیادا سەریان هەڵدابوو. پەرەسەندنی کولتوری شار دەوری خۆی هەیە، لەچەسپاندنی زمانێك یان دیالێکتێك. لوتەر دیالێکتی ناوچەی (زاکسن)ی هەڵبژارد. بۆ دروستبوونی شاری سلێمانی، دەوری خۆی هەیە لەدروستبوونی "زمانی ئەدەبی" هەر وەکو چۆن میرانی بەبە دەستیان لەدیالێکت یان بن دیالکێتی خۆیان - پشدەری هەڵگرتووە. نالیش دەستی لەدیالکێتی "خاك وخۆڵ" "شارەزووری "



"مکایلێ " جافی " هەڵگرتوە[١٣]. بابانەکان لە دارەشمانەوە هاتوون، هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە چۆنو کەیو لەبەرچی دەستبەرداری زاراوەی ئەسڵی خۆیان بوون ؟

حاکمەکان خۆیان لەگەڵ دەوروبەری نوێدا گونجاندوە. "نالی"و[١٤] هاورێکانی یەکەمین جار لەشاردا پەروەردەبوونو فێری کولتوررو زمانی ئاخاوتنی حاکمو رەعیەت بوون. ئێستاش هەروایە. کابرایەکی گەرمیانی یان شارەزوری هات بۆ ناو شاری سلێمانی ناتوانێ زمانی خۆی بسەپێنێو تەنیا دەتوانێ زمانی شار وەرگرێت بۆ مەبەستی تێگەیشتنو تێگەیاندن. ئەگینا ئەو کەسە بەهۆی زمانییەوە دەبێتە بنێشتە خۆشە. زمانو کولتوری بەهێزتر خۆی دەسەپێنێو زمانو کولتوری لاواز دەتوێتەوە..

**ئاغە زەنوون لێ بدا سینەکەمان حارس گرفت**
**لکە تەنبوورو دەف و ئەسعەد بدا دەستی بەساز**
**مستۆ ئیبراهیمی ئاورەحمان نەواو فەتحی حەزین**
**مستەفای ناری و سێگا یونس بڵێ شاری حیجاز**
**بارەسوڵ هەڵداتە ڕاست صالح بڵێ نیوە شەوێ.**
**محی الدین چوار گا و قەرە دەنگی بڵند کا بۆ قەزاز**[١٥] .

ئەم تابلۆیەی" کوردی " پێشکەشی دەکات، دیمەنی گەشەکردنی کولتوری گۆرانیو مۆسیقای شارە . ئەم دیمەنە لەناو کۆچەرو لادێدا زۆر کەمو دەگمەنە .. ژیانی شار بۆ شاییو خۆشیو ناخۆشیو خەم رەواندنەوە، پێویستی بە ستران و سترانبێژان هەیە . ئەمەی "کوردی" بۆمان دەگێڕێتەوە، بریتی نییە تەنیا لەکۆڕی بچوكو کاری تاکە کەس:

لێدانی ئەو ئامێرانە پێویستیان بەشارەزاییو فێربوونو راهێنان هەیەو داواکارییەکی کۆمەلایەتیش زەمینەی بۆ دەرەخسێنێ. ئەمرۆ چۆن تیپی مۆسیقا هەیە، دیارە ئەو زەمانەش تیپو گروپی مۆسیقی هەبووە.

هەر ئەم کەش‌و هەوایە پێداویستی نووسینی شیعری کرمانجی خوارو(سۆرانی) فەراهەم کردووە. مەولەوییەك، کەئەحمەد پاشاو عەبدوڵڵا پاشای بابانی لەنزیکەوە ناسیبێت، هەر دەبێ ئاگاداری ئەزموونی بەکارهێنانی شیعری کرمانجی خوارووی بوبێت. دوورنییە بەکارهێنانی زاراوەی "تاوەگۆزی"، هەوڵدانێك نەبوبێت بۆ پشتگیری‌و دەوڵەمەندکردنی ئەزمۆنیکی نوێی بەکارهێنانی کرمانجی خواروو!

**فارس‌و کوردو عەرەب  هەر سێم بە دەفتەر گرتوە**
**"نالی " ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە ، دیوانی هەیە**

دوورنییە مەولەویش وەکو "نالی " خۆی بەحاکمی سێ موڵك دانەنابێت، چونکە دیوان‌و نوسینی بەو سێ زمانە دوو دیالێکتی کوردی هەیە ...

## چارەنوسی بەرهەمەکان

راستیەك دەربارەی مەولەوی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەبەشێك لەشیعرو نامەکانی پارێزراون‌و بلاّوکراونەتەوەو هەندێ بەڵگەنامەی پەیوەندیداریش بلاّوکراونەتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی باشە، لەچاو ئەو شاعیرو نوسەرو زانایانەی ناویان هەیەو زۆربەی بەرهەمەکانیان فەوتاون یان هەرهیچیان لەدوا بەجێ نەماوە، یان بەدەستی ئێمە نەگەیشتون. ئەمیش بەختی ئەوەندە یار نەبوە، سەرجەمی شیعرو پەخشانەکانی بەئێمە بگات.. بەلاّم بەرهەمەکانی چەندی فەوتاون‌و چەندی بەئێمە گەیشتوون؟

رەحمەتی فاتیحی مودەڕیس نوسیویێ :

لە ماوەی(١٢٨٠ــ ١٢٨٦) ئەم سێ کتێبە نایابەی داناوە. بە هەرسێکیانەوە (٤٩٩٨) بەیتن [١٧]. ئەمانە بەرهەمی (٦)ساڵ بوون، ئەگەر بڵێین هەمووی ساڵەکان خەریکی دانان‌و پاکنووسکردنەوە بوبێ، کە ئەمەش لەسواری قەریحەو دەسەلاّتی بالاّدەستی مەولەوییەوە دورەو، من دڵنیام کە ئەم سێ کتێبە وەختێکی کەمیان بردوە.



ئەو بڕوای بەوە نییە شاعیر لەماوەی نزیکەی ٦٥ ساڵدا هەر ئەوەندە بەرهەمی هەبووبێ، کە لەدیوانەکەیدا بلاّوکراوەتەوە !

سەرجەمی فەردو دووبەیت‌و غەزەلەکان(٢٤٣٦) بەیتن واتە لەماوەی شەش ساڵدا دووئەوەندەی بەرهەمی نێو دیوانە بلاّوکراوەکەی نوسیوە. ئەم بەراوردە "تێزە " یەك دروستدەکات، کە دەبێ بەشی هەرەزۆری شیعرەکان بەئێمە نەگەیشتبن. ئەوەی ماوەتەوە دەستی رێکەوت لەدەریای پڕ شەپۆلی روداوو نەزانی‌و دواکەوتن‌و کەم تەرخەمی دەربازی کردون.

**بڕیان تای روباب قافیە خوانیم**
**نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم**
**دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم**
**نەکورەی دەرون پڕجەخارەکەم**
**ئایردان حوجرەی دڵەی  پڕ دەردم**
**سۆچنان کتاو مەجموعەی فەردم**[١٨] ل١٩٤

ئەم شیعرە بۆنی کارەساتی لێوەدێت : پسانی ژێی شیعر خوێندنەوەو ئارەزووی تێگەیشتنی رستەو نوسینی نەماوە، ئەمە نیشانەی شۆکە. کارتێکردنی سەختی روداوێك، نەك بارێکی دەروونی کاتیی کورتخایەن. کارەساتێك کە شاعیر توشی کەوتن‌و سەرەنگرێبوون‌و لەتاسەوە چوون بکات. هەر بۆیە لەدوا بەیتدا ئاماژەکردنەکە رونە: ژوری ناو دڵی پڕ دەردی گڕی تێ بەربوەو کتێب‌و کۆمەڵە شیعری سوتاوە ! دیار نییە روداوەکە راستە یان مەجازییە، بەلاّم سەرجەم پارچە شیعرەکەی پرسەو ڕەشپۆشی‌و شیوەنە بۆ لەدەستچونی شتێکی زۆر گران‌و خۆشەویست .

گریمان ئاماژەکردنەکە مەجازییە نەك ڕاستی‌و ئەو دەنگوباسی کتێبخانە سوتانە راست نییە یان لەراستیدا شتی ئەوتۆ روی نەداوە! پرسیارێك بێ وەلاّم دەمێنێتەوە، بۆ ژمارەی شیعرە نەفەوتاوەکانی ئەوەندە کەمن ؟

مرۆڤ دەتوانێ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش تێبینی بکات :

زۆربەی زۆری غەزەلەکانی نێو دیوانەکەی هی سەردەمی پیرین، نەك هەرەتی لاوی‌و گەنجێتی‌وکاملّ بوون.

دەچێتە ئەقڵەوە مەولەوی گەنج هیچی نەنوسیبێت ؟

چۆن دەزانین شیعرەکان لەسەردەمی پیری دا نوسراون ؟

بەشێکیان راستەو رەوان بەبۆنەی پیربوون‌و بەساڵەوەچون نوسراون :

**پیێشانیم هەوەس زانووش جازمەن**

**تەعظیم جەناب پیری لازمەن** ل١٠٥

ئەم شیعرەو شیعری تریش راستیەك دەردەبڕن، کە شاعیر لەو تەمەنەدا پشتی کۆم بوەو زۆر لاواز بوەو هەر وەکو کەوانی لێهاتووە. ئەمەش نیشانەی زیندووبوونەوەیە لای ئەو :

**تەن خەمیاوە، یانێ دەستوورەن**

**وادەی هۆرێز نای گیان ئەو حوزوورەن** ل١٢٨

- بەشێکی تری شیعرەکانی باسی موو سپیبون دەکات :

**ئامام سەر نی‌یام وە بارەگاوە**

**غەریو ، موسیفدو وە رووی سیاوە** ل٢٩٠

ـ ئەو شیعرانەی باسی کوێربوون دەکەن یان لەسەردەمی کوێریدا نوسراون.

ـ هەندێ پارچە شیعر، مێژووی، دانراوە، یان ساڵی ڕوداوێك، یان مەرگی کەسێکی بەحیسابی ئەبجەدی داناوە، وەکو مەرگی ئەوڕەحمانی کوڕی مەحمودی یاروەیس :"

"گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد" دەکاتە ١٢٩٦ ئەمەش دیارە هی چوار ساڵ پێش مردنیەتی ...



ـ مەولەوی شیعرو نامەی بۆ کەسانێك نوسیوە، کە هیچ رێی تێناچێ لەسەردەمی گەنجیدا بووبێ : مەحمود پاشای جاف ( ١٨٤٦-١٩٢١) رەنگە لەتەمەنی سی ساڵیدا بوبێت واتە: (١٨٧٦ز) کاتێك دەسەڵاتی پەیدا کردوەو دەوری گێڕاوە. ئەو شیعرو نامانەی بۆ شێخ بەهاءالدین شێخ عەلی حسام الدین هەر هەموو هی سەردەمی پیرین .

ئەو نامەو شیعرانەی رەوانەی کەسانی دەسەڵاتدار کراوە، وەکو نامەکەی بۆ فەرهاد میرزا معتمد الدولە(١٩) کەپاش مردنی ئەمان اللە خانی دووەم بۆ ماوەی حەوت ساڵ حوکمی کردوە (١٢٨٤-١٢٩٨) فەرمانڕەوای ئەردەڵان بووە. حسام السلطنەی برایشی(٢٠) (١٢٩٣-١٢٩٨) حوکمڕانی کرماشان‌و کوردستان بووە. ئەم قسەیە یوسفی مودەڕیس‌و موحەمەد ساڵحی فەخر ئەلعولماو شەرەف الملوك (٢١)و سەید عەبدوڵڵای کوڕیشی دەگرێتەوە ..

ـ رەنگە کەسێك زۆر بەوردی دیوانەکەی بخوێنێتەوە ، پاش ماوەیەك بتوانێ شیعری لاوی‌و پیری‌و بەهاری تەمەن‌و پایزی تەمەن، بەئاسانی لێکجیابکاتەوە .. ئەوە ئەگەر بەکۆمپیوتەریش پرۆگرام بۆ ناسینەوەی شیعرەکان دانرێ، ئەوە جەژنێك‌و دوو نەورۆزە.

ئەگەر شیعرو نامەکان تەنها هی پایزی تەمەن‌و پیری بن، ئەدی شیعرە بەهاریەکان چییان لێبەسەر هاتووە ؟

من هەر گومانم بۆ ئەوە دەچێ، بەهۆی ئاگر تێبەربونەوە، بەشێکی زۆری شاکارەکانی بووبنە خۆڵەمێش، ئەگینا هیچ تەفسیرێکی عەقڵانیم بۆ بزربونی بەشێکی شیعرەکانی نییە ..

## باری دارایی

لەوە دەچێ دوا ساڵانی ژیانی. تەنگانەو ناخۆشی بوبێت. نامەی پڕ گلەیی و ڕەخنەکەی لەسەید عەبدوڵڵای کوڕی، پشتگیری ئەم بۆچونە دەکەن.

" ساعت اول تحمل نكنيد، قيمت پەنجاه تغار گندم بايد حاضر باشد، اينجا بياريد، وهمان صد تغار قرض بايد تمسك بدهيد والاغ وآدمت زود بيايند. تمامی صدو پنجا تغار گندم را بدست بگيريد وببريد ... زود زود هوا سرد وديراست "[٢٢]

ئەم رستانە نیشانەی نا ئارامیو گوشارو تەنگ پێهەڵچنین، نەك ئاسودەییو دڵنیاییو تێری. نامەکە رونەو کۆمینتاری زۆری ناوێ. بۆ دابینکردنی نانی زستانو بەهار، پێویست بووە سەدوپەنجا تەغار گەنم [٢٣] پەیدا بکرێت . پارەی پەنجا تەغار بەدەستەوە بووەو پارەی سەد تەغار بە قەرز داپۆشراوە [٢٤] واتە: دوولەسەر سێ قەرز بووە. من نازانم تەغارێك ٦٤ تەنەکەو نیوە یان وەکو موکریان چوار تەنەکە بووە. گەر ئەوە بزانرایە دابەشی ١٨٠ رۆژ بکرایە، ئەو کاتە دەردەکەوت، رۆژی چەنێ ئارد کراوەتە نان! گەر زانرا چەندیان کردووە، دەریش دەکەوت مەولەوی ئەرکی چەند کەسی بەسەرەوە بوە ! من لەم دورە وڵاتیەوە وەڵامی پرسیارەکەم بەئاسانی بۆ نادرێتەوە، یەکێك لە سلێمانی بێت یان هەڵەبجە، دەتوانێ پێنجشەممەو هەینی سەرێکی سەرشاتە بداتو بزانێ هەرخێزانێك لەرۆژێکدا چەند نانی پێویست دەبێ. ئەوسەدو پەنجا تەغارە بەشی چەند کەس دەکات ؟

مەولەوی نامەیەکی بۆ عەلی ئەکبەرخانی شەرەفوللکی نوسیوە، کەحاکمی وڵاتی جوانرۆو بێڵەوار و مایدەشت بووە. من نامەکە لەسۆنگەی نەزانینی چەند راستیەکی شاراوەدا، بەچاکی لێی تێنەگەیشتم :



" اين فقير در همگی ماملك سركار شريكم ، بلكه همگی را از خودم ميدانم . جناب مخدوم ملا عبدالفتاح را وكيل خودم كردەام كه حاصل بخش وملك من تسليم او شود ، "... [٢٥]

ترسام! وەرگێڕان، تێگەیشتن ئاڵۆزبکاتو مەبەست بەدەستەوە نەدات. لەرستەی دووەمدا ئەو خاڵە رونە، کە شاعیر مەلا عبدالفتاحی کردۆتە نوێنەری خۆی، بۆ وەرگرتنی داهاتی گوندی (آرندان) نازانم بەکوردی چۆن دەنوسرێ ئارندان یان ئارەندان یان چۆن ؟

هەروەها کاتی نوسینی نامەکە نازانرێ !

ئەم نمونانەم بۆیە هێنایەوە، کەدەتوانرێ ژیانی داراییو شێوەی کارو کەسابەتی شاعیر بدۆزرێتەوەو رەنگدانەوەی باری ئابوریو دارایی لەسەر بیرکردنەوەو بۆچونو داهێنانی ئەدەبی رەچاوبکرێت. کاتی خۆی نوسەری هێژا، رەئوف عوسمان پێنج[٢٦] دەقی میری میران عەبدوڵڵا پاشای بابانی بلاۆ کردەوە ، کە ساڵی ١٢٦١ ك نوسراون .

ئەم بەڵگەنامانە چەند راستیەك دەخەنە روو :

مەولەویو خزمەکانی کە ژمارەیان ١٣ خێزان بوە، لەو شوێنەی تیا ژیاون توشی تەنگ پێهەڵچنین هاتوون. دیارە گوشارەکە زۆر قورس بووە، کەسیش لەو ناوچەیە نەیویستوە کێشەکە چارەسەربکات، چونکە سیستێمی کۆمەڵایەتی ـ ئابوری لەسەر بنەمای چەوسانەوەو خوێنمژین دانراوە، لەپێناوی پلەو پایەی کەسێك ئیدی فەرهەنگی بێت یان ئایینی، شێوەی چەوسانەوەکە بگۆڕن . دوور نییە شاعیر یەکەمین جار هاواری خۆیو خزمەکانی نەگەیاندبێتە خاوەن دەسەڵاتی ناوچەیی، کە ئەو کاتە محەمەد پاشای جاف بووە . ئەو نەیتوانیوە یان نەیویستوە، بەلای زاناو شاعیری پایە بەرزدا بشکێنێ و دڵی کوڵە کوێخایەکی بەلاوە گرنگ تر بووە. بۆیە ئەمجارەیان دەنگی خۆی گەیاندۆتە پاشای بابانو ئەو نوسراوانەی پێنوسیووە.

پاشای بابان فراوانتر سەیری پلەو پایەی شاعیرو رەنگە دەورو کاریگەرێتی دەسەڵاتی پیری نەقشبەندی هەورامانی رەچاوکردبێت. بۆیە نامەی ئاراستەی پاشای جاف کردوەو هەوڵی داوە چارەسەرێك بدۆزێتەوەو گرێ کوێرەیەك نەکرێتە کێشەو سەر ئێشەی گەورە.

میری بابان دێی " بیاوێڵە" ی لەسەر مەولەوی( وەقف)کردوە، بۆئەوەی داهاتی ئەو گوندە لەسەر ئەو سەرف بکرێ. کێشەی ئێمە ئەوەیە نازانین داهاتی ئەو گوندە ئەو زەمانە چەند بووەو بۆ ماوەی چەند ساڵ لەسەری وەقف کراوە ؟ پاشای بابان تاساڵی ١٢٦٥ فەرمانڕەوایی کردوەو پاش ئەوە، ناچاری دەست لەکارکێشانەوە کراوە، دوورخراوەتەوە. هەر بەکۆتایی دەسەڵاتی عەبدوڵلا پاشا، وەقفەکەش کۆتایی پێ هاتووە ؟

بە گوێرەی نامەیەکی تریان میری بابان داوا لەدەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەکات، رێگە بدرێ ئەو جۆگە (نوسراوە روبار، کە لەسیروانەوە ئاوی خراوەتە سەر) دەست نەخرێتە رێگەی‌و کێشەی بۆ نەنرێتەوە .

نامەیەکی تر داوای چاوپۆشی لەنەدانی باج‌و سەرانەو بێگاری بۆ دەوروبەرەکەی مەولەوی کردووە .. هەر بۆ ئەوەی شاعیر بتوانێ بەئاسودەیی خۆی تەرخان کات بۆکاروباری زانستی .

بەڵگەنامەکان لەروی سۆسیۆلۆگی‌و ئابوریەوە زۆر گرنگن. جارێ مەسەلەی وەقف کردنی گوندێك لەسەر مەولەوی، ئەو راستیە دەخاتە بەر چاو، کەمیری میران خەمی دابینکردنی سەرچاوەی ژیانی بۆ خواردووە. گوندی " بیاوێڵە " چوار پێنج کم لەشاری هەڵەبجەوە دوورە. ئەمە خۆی لەخۆیدا لاکردنەوەیەکی چاکە لەلایەن فەرمانرەوایی سیاسییەوە، زانایەك، شاعیرێك باری ئابوری چاکبکرێتەوە. چاو پۆشین، یان لێبوردن لە دانی باج‌و سەرانەو بێگاری پێکردنی ئەو خێزانانەی سەر بەشاعیرن .. ئەمەش بۆ ئەو زەمانە رەنگە دەستکەوتێکی گەورە بوبێت ...

دیارە ئەم خاڵانەی میری بابان خستویەتە سەر کاغەز، مایەی ناکۆکی نێوان شاعیرو بەگزادەکانی جاف بووە. ئەم کێشەیەش رەنگە زۆری کێشابێت واتە: هەر لەدەوروبەری



ساڵی ١٢٦١ ك تا دوارۆژی ژیانی شاعیر. چونکە نامەکان بۆ مەحمود پاشای جاف‌و حاجی مەحمودی یاروەیس پڕن لەگلەیی‌و گازندەو نارەزایی .

لەوەش دەچێ ئەو" دەسکەوت"انەی میر لەنامەکاندا دیاریکردون، هەر بەلەناوچونی دەسەڵاتی ئەو، بڕیارەکانیش هەڵوەشابێتەوە. ئەگەر میری جاف رێگەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دابێ .. هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە شاعیر لەوێ ژیابێت، یان ژیانی دارایی ئەوەندە چاك بووبێت، کە پێویست نەکات گەنم قەرزبکات‌و لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی بکەوێتە کێشەوە.

## چین‌و روانگەو جیهانبینی

مەولەوی وەکو سۆفی‌و زانایەکی ئایینی سەیری ژیانی کردوە. شیعر ئامانج نییە، ئامرازێکە بۆخزمەتکردنی بیرو باوەڕی ئایینی. سۆفیگەری سەرتاپای شیعرەکانی داپۆشیوەو تەنیا یان لەپلەی یەکەمدا شیعری بۆ ئەم مەبەستە نوسیوە . مەلا حامیدی بێسارانی بەم شێوەیە لاواندویەتیوە:

**مجمع علم وعبادت مخزن صدق و صفا**
**مظهر عقل و درایت میر ملک معنوی** (٢٧)

ئەم جیهانبینیە گیان‌و هەست‌و هۆشی چینایەتی نەشاردۆتەوەو لەهەموو شیعرەکانیا ناڵەی هەژاری‌و چریکەی دەستکورتی رون‌و ئاشکرایە . دیارە بەراوردکاری‌و دانانی دوو پارچە شیعری دوو شاعیر بەتەنیشت یەکەوە، هەست‌و جیهانبینی هەردوکیان دەنوێنێ . بۆ ئەم مەبەستە شیعرێکی غوڵام شاخان دەهێنمەوە، کە هاوچەرخی مەولەوی بوەو نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبوەو والی میرنیشینی ئەردەڵان بووە:

**میرزام زام حەی . میرزام زام حەی..**
**دانایان دەور، دانش کەردە تەی..**

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**هۆریێزام دەردەم شاران  کردم تەی**
**ناگا دیم دوبەی نەسەر شاخەی نەی**
**بەی چ بەی؟ ثەمەر نەونەمام نەی**
**خولآسەو خۆش بۆ،خۆش مەزە چون مەی**
**حەیو بەیو نەی جەرگم کەردەن پەی**
**زیندەگیم پەی چێ؟ وەی وە یانەم وەی !** (٢٨)

ئەم شیعرە، کەبۆنی گولاّ و وعەترو مەیو بەی لێوە دێ، مەگەر لەکەشو هەوای کۆشکی میرو باخچەو دەربارو جێی ژوانی دەسەلاّتداراندا بەر چاوبکەوێ. ئەم بەیتە بەتەنیشت  بەیتێکی نالیەوە دانێ :

**فەرشی پەلآسە دۆشەکی خاکە ، سەرینی بەرد**
**بێ توک و، روت وقوت ، فەقیر و قەلەندەرە**

بەیتەکانی غولاّم شاخان ئاوێنەی دەربارە . بۆیە تابلۆ هونەریەکەی پڕە لەوشە ئاراییو باڵە فڕەی پەپولەو وێنەو دەنگی مۆسیقاو خاوەنەکەی زۆر بەتوانا بووە لەدەربڕینو دارِشتنو بەخشینی هارمۆنی لەنێوان وێنەو ئاوازی وشەدا.

شیعرەکەی نالی کۆنتراستە Kontrast واتە: پێچەوانەو دژو ناکۆکە لەروی پەیوەندی کۆمەلاّیەتیەوە.

من ئێستا پاش نزیکەی سەد وچل ساڵ لەنوسینی ئەم شیعرە کسپە لەجەرگمەوە بۆ" نالی" هەڵدەستێ. مرۆڤێکی هەست ناسك، ئاوارەی بیابان دەبێ . بێ کەسو کارو ماڵو خێزان بەنەداریو برسێتی سەری خۆی بۆ ناو دەریای لم هەڵدەگرێ . ئیدی ئەو شیعرانە دیمەنی سامناکی بیابان دەردەبڕن ..

هەندێك لەشیعرەکانی مەولەویش بەڵگەی دەستکورتیو هەژاریو بەلەنگازین. بەشێك لەنامەکانیشی پاڵپشتی ئەم بۆچونەی سەرەوەن.



مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**پیریو فەقیریو کەثیفی، هەر سێ**
**نەبۆوە هیجران بار هیچ کەسێ**

ئەم هاوارە لەشیعری تردا هاوارە دژی رۆژگار :

**فەلەک بێ فرسەت .. فەلەک بێ فرسەت**
**ئەی چەرخو چەپ گەرد، بێ سەبرو فرسەت**
**غدارو بەدکار، بێ وادەو بەینەت**
**پڕ جەور و ستەم بێ میهر و مۆبەت** ل ٣٣٦

من ئەم شیعرە ناکەمە نیشانەی هەستکردن بە(جەورو ستەم )ی کۆمەلاّیەتیو شاعیریش ناکەمە ئالاّ  هەڵگری خەباتی چینایەتی، بەلاّم شاعیر لەهەندێ قۆناخی ژیاندا توشی هەژاریو سەختی هاتووە. لەکام قۆناخدا زیاتر توشی دەست نەڕۆیشتن بووە ؟

نامەکانی روناکی  باشتر دەخەنە سەر ژیانی ئابوری. من دەقە فارسیەکان وەکو خۆیان دەنوسمەوە تا خوێنەر تێگەیشتنێکی راستەوخۆی بۆیان هەبێ. هەندێ  وردەکاری زمانەوانی، تەپو دوکەڵی وەرگێڕان نەیان شێوێنێ ..

" فقیر علاوه ء اینکه استطاعه ء مالیه نداشتم ازاستطاعةء بدنیه هم أفتادم "(٢٩)

ئەم رستەیە ئەوە دەگەیەنێ ئەو لەکاتی نوسینی نامەکەدا پیرو پەککەوتە بوە، چونکە دواتر دەنوسێ " وعمر عبثش به اخر رسیدو ریشش سفید شود (٣٠) واتە: تەمەنی گەیشتە کۆتاییو ریشیشی سپی بووە. ئەم نامەیە ئاراستەی مەحمود پاشای جاف کراوەو پەیوەندی نێوان میرو شاعیر دەردەخات. ئەم نامەیە بێزاریو  ئازاری شاعیریش بەدەستەیەکەوە دەنوێنێ، کە دژی ئەو بوونو قسەی ناڕاستو نابەجێیان بۆ هەڵبەستوە.

مەولەوی لەنامەکەیدا بۆ حاجی مەحمودی یاروەیس، کەدیارە لەسەردەمی پیریدا نوسیویەتی، رەخنەی توند لەبەگزادە دەگرێ . حاجی مەحمود خەزنەداری مەحمود پاشا بوەو رەخنە گرتن لەبەگزادە بەو شێوەیە، بەڵگەی توندبوونەوەی ناکۆکیە " وخودم ازین دردسری که خودم واولادم از بیگزادها دیدم نارضامند نمیخوانم "(٣١). مەبەستی ئەوە

بووە، بەتیرێ دوو نیشان بشکێنێ. جارێ دەنوسێ خۆمو کوڕەکانم بەدەست بەگزادەکانەوە توشی دەردە سەری بووینو لەکۆتایی رستەکەشدا دەڵێ: " خۆم بەناڕازی دانانێم " گەر ناڕازی نیەو توشی دەردە سەری نەهاتووە، چ پێویست دەکات وشەکان بخاتە سەر کاغەز؟

مەبەستی بوە بنوسێ منو مناڵەکانم بەدەستی بەگزادەکانەوە دەچەوسێینەوەو من زۆر لێیان ناڕازیم !

بەشی کۆتایی رستەکە، هەر بۆ دڵڕاگرتنو نەویستنی تەقینەوەی ناکۆکیەکانە. واتە: بەشی دووەمی رستەکە، هەر بۆ پینەکردنی دەربڕینی نارەزامەندیەکەیە .

لەنامەکەی مەحمود پاشادا، راستیەك هەست پێدەکرێت، کە ئەو یارمەتیەی بۆ شاعیر تەرخان کراوە، پێی نەگەیشتوە " پار ساڵ بدان مال نصیب من نشد، وخودم بەتقصیر خودم معترفم چرا کە هرکس بە غیر از حق تعالی از یکی دیگر اعانە طلبیت البتە حق تعالی اورا تأدیب میکندو مبتلایش خواهد شود "[٣٢] ئەمەش هەر رەخنەیە لەمیری جاف . دەیەوێ پێی بڵێ " پاشا نەدەبا داوای یارمەتیت لێبکەم " ئەم دەست بەروەوە نانە، زۆر کاری تێکردوە. کێشەکەش زۆری خایاندوە " پارسال " واتە پار داوای یارمەتیم لێکردوی، ئەوە ئەمساڵیش هیچ، هۆکەشی دیارە دەستەیەك بۆیان تێچاندوەو ئەم بە سەگیان دادەنێ، کە بەبێ هۆ دەوەڕن. واتە : شاعیر دەزانێ کام دەستە ناحەزی ئەونو بونەتە هۆی نان بڕینی ئەم . نامەکەی خۆی بۆ دروستکردنەوەی پردو پەیوەندییە، نەك پەرەپێدانی ناکۆکیو تەقینەوە. شاعیر نە ئامرازی داکۆکیو بەرەنگاری کۆمەلایەتیو یاسایی هەبێ نەدەروویەکی هەبێ رووی تێبکات.. ئەگەر زوڵمو زۆریشی لێکرا هەوڵی کۆمپرۆمس KOMPROMISS بدات . هەرئەو زەمانە شێخ رەزای تاڵەبانی وتویە:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا

مێروله نەچی چاکە بەگژ قوللەی قافا [٣٣]



راستە شاعیر مێرولە نەبوەو دەنگی نارەزایی بەرز کردۆتەوە، بەلأم ئەوەندەش لەپەیوەندی کۆمەلایەتی گەیشتوە، شەڕی دۆڕارو نەکاتو خۆیو ماڵو مناڵی لەکارەسات‌و ئاگر دوور بخاتەوە .

## مەولەوی‌و هەرەسی بابان

زۆربەی مەولەویناسان لەوە سەریان سوڕماوە، بۆ ئەو شیعری لە سەر "کارەسات"ی هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان (١٨٤٧ ز) هیچی نەنووسیوە ؟

ئەم پرسیارە ئاسانە، چەندین وەلأمی هەیە: شاعیری مەزن گۆران دەنوسێ :

" لەگەڵ ئەوەش لەزۆر زمانا جارجارێك بەهرەداری وا هەڵکەتووە لەباتی ئەوەی نرخی بدیعی شعر بەموناسەبات نزم بکاتەوە موناسەباتی ئەوەندە هەڵبڕیوە گەیاندویەتیە ئەو ئاسمانە بەرزو جوانە کە پەری شیعر ئەتوانێ تیای بژیو ماوە بدۆزێتەوە بۆ پەڕ بازی بە شاپەڕە نەخشینەکانی .

لەزمانی ئێمەدا مەولەوی ـ شاعیری بەناوبانگی شێوە هەورامیانە، یان گشتی تر بلێین شێوەی گۆران ـ لەو چەشنە بەهرەدارانەیە. ئەم شاعیرە بلیمەتەی کورد کە لەبەر دووری شوێنەزایی باری شێوەی زمانەکەی لەناوچەی هەولێردا کەمتر ناسرابێ، بەشی زۆری شێوە هونەریەکانی لەدایکی موناسەبەت زاون، گەلێ جار موناسەباتی بێ رەنگو ڕواڵەتیش. زۆر دور نەرۆین مردنی کوڕی کوێخایەکی عەشیرەتی جاف، وەرگرتنی تەسبیحەیەك بەدیاری لەلایەن ئاشنایەکەوە، وەرگرتنی نامەیەك لەهاورێیەکی دور، چنگ کەوتنی شوشەیەکی گولأو دان. [٣٤]

گەر بۆنە بەتەنیا هاندەری شیعر نووسین بوایە، دەبا بۆنەی روخانی میرنیشینێك، رەنگی لەشیعرەکانیا بدایەتەوە. پرسیارێکی بەجێیە؟ بەتایبەت شاعیر لەنزیکەوە لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا ناسیاوی هەبووە. سەبارەت بە هەرەسی میرنیشینی ئەردەلأنیش هیچی نەنووسیوە.

ئەم پرسیارە چەند گومانێك دەهێنێتە پێشەوە :

رەنگە بەرهەمەکانی لەناوچوبن، یان هۆی تر هەبن لەپشت دیواری نەزانراویدا حەشار درابن . بۆ یەکێکی وەکو مستەفا بەگی کوردی شاعیر(١٨٠٩ ـ١٨٥٩) یەك وشەی لەسەرئەو هەموو کارەساتە نەنوسیوەو لەسەر بابەتی تر، ئەو هەموو زوخاوەی هەلڕشتوە ؟

دەبا ئەم، کە یەکێك بووە لەبنەماڵەی صاحیبقران شان بەشانی سالمی ئامۆزای روبەڕوی داگیرکەران، شیعری بەرەنگاری بنوسیایە !

هەڵەکە پەیوەندی بە"کوردی " یەوە نییەو پەیوەندی بەبیر کردنەوەی ئێمەوە هەیە. ئێمە بە پێوەرو پێوانەی ناتەواو و ناکۆك، شتەکان دەپێوین!

سالم بۆ لەشیعری دلّداریەوە بایداوەتەوە بۆ شیعری بەرەنگاریو " ملحمة" ی خەباتی لایەنگرانی حوکمی بابانی تۆمار کردوە؟

بابان (نیشتمان)ی سالم بووە، بنەماڵەکەی چارەنوسی خۆی لەگەڵ چارەنوسی بنەماڵەی حوکمڕانی بابان گرێدابوو. سالم ئەگەر شاعیری دەرباریش نەبوبێت، لەناوەندی دەسەلاتدا بوەو رەنگە ئەندامی شاندی میر بووبێت بۆ تاران! داگیرکردنی میرنشین، تێکشکاندنی بەرژەوەندی ئەو بووە .. شیعرەکانی سالم پێویستیان بەسەر لەنوێ بلاوکردنەوە هەیە، بەشێوەکی زانستی، چونکە شێوەی ئێستای دیوانە بلاوکراوەکەی شایانی بایەخپێدانو خوێندنەوەی نوێیە.

"نالی " بلیمەتیش لە ئەحمەد پاشاوە نزیك بووەو هەستی سیاسی بەرز بووە، ئەمیش "چالاکی سیاسی"بەر چاوی هەبووە. هەروەکو چۆن ئێستا دەزگای"راگەیاندن " هەیە، "نالی " دەوری راگەیاندنی هەبووەو هێلّی سیاسی خۆی هەبووە .. سەرەتای دورکەوتنەوەی بۆهەندەران زۆر کاری نەکردۆتە سەرکۆنسیپتی Konsept سیاسی شاعیر.



میرنیشین بۆ ئەم دوو کەڵە شاعیرە"نیشتمان " بووە، واتە: ژینگەو دەوروبەر، ژیانی بن سێبەری دامەزراوەکانی میرنشین ژینگەی سەرەکی بووە. بۆ مەولەوی گۆشەی خانەقا، بۆ کوردی نیگای .. هتد . شێوانو روخانی دەسەلاتی سیاسی، بەیەك شێوە کارناکاتە سەرهەموو ئەندامانی رەسمی سنوری دەسەلاتی سیاسی. بۆ دوو شاعیری یەکەم نالیو سالم شێوانو تێکچونی نیشتمانو ژینگە (بیئة) و سەرەو ژێربوونی کۆنسیپتی ژیانیان بووە. بۆیە بۆ ئەوان وێنەکانی ژیان دوو وێنەن بەتەنیشت یەکترەوە: رابوردوی شیرینو زێڕینو نەخشین/ ئێستای تالّ وچەپەلّ و دزێو. بەهەشت / دۆزەخ. ژیانی سەرفرازی، ئازادی، سەربەخۆیی/ ژیانی ژێردەستەییو داگیرکراویو راونانو سوکایەتی پێکردن ..

هاوکێشەی مەولەوی جیاوازە، نیشتمانو ژینگەو دەوروبەر، ئەو گۆشەی خانەقاو کۆڕی سۆفیانو چوونە خەلّوەتو شادبوون بەبینینی پیرو حەلقەی موریدان بووە ... بڕوا ناکەم"شەڕەکانی عەزیز بەگ " و"ئەم تاقمە مومتازە .. " توانیبێتیان ئەم بهەژێنن .

راستە لەنێوان مەولەویو ئەحمەد پاشای باباندا " پەیوەندی " و "ناسیاوی " هەبووە، بەلاّم ئەم پەیوەندیە لەچاو پەیوەندی مەولەویو شێخانی تەوێلّەو بیارەدا، هەر زۆر کزولاواز بووە. ئەوە ژێلەمۆی سەرجەمی ناکۆکی نێوان دەسەلاتدارانی بابانو شێخانی قادری لەلایەكو شێخو موریدانی نەقشبەندی لەلایەکی ترەوە، کە هەندێ جار کێشەی ناخۆشی لێبۆتەوە .. ئەگەر پەیوەندی میرو شاعیر زۆر بەهێز بوایە دەبا میر یەك دوو گوندو کۆنە ئاشی لەسەر وەقف بکردایە [٣٥]لەوە دەچێ پەیوەندی شاعیرو والیەکانی ئەردەلاّن باشتر بوبێت . نامەکەی غولاّم شاخان بۆ ئەوو وەقفکردنی داهاتی گوندی " زەلان " لەسەرشاعیر، نیشانەی پەیوەندیو بوونی بەرژەوەندی هاوبەشە لەنێوان هەردوولادا.[٣٦]

ژیانی مەولەوی لەکەناری سنوری قەلّەمڕەوی بابان بووەو هاوسنوری ئەردەلاّنیش بووە. ئەو زۆربەی ژیانی لەناو پایتەختی میرنیشیندا بەسەر نەبردوەو لەناوەندی

مه کتەبی بیروهوشیاری

دەسەلاتەوە دور بووە، ئەو لەناوچەیەکدا ژیاوە، کەستروکتورو هاوکێشەی کۆمەلایەتیو فەرهەنگی جیاوازی تێدا باو بووە . لەناو هەورامانو تاوەگۆزیو شارەزووردا، دوو پۆلی: دونیایی( سیاسی ـ ئابوری) ئابوری، کە هێزی جاف بووەو ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە . هێزەکەی تر بزاڤێکی سۆفیگەری ـ روناکبیری ـ کۆمەلایەتی ـ سیاسی بووە، کەنێوی رێبازی نەقشبەندی بووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی نوێکەرەوەو بلاوکەرەوەی بووە لەکوردستانو رۆژهەلاتی ناوەراستدا . پاش ئەو شێخ عوسمانو کورەکانی ، پیرو رێبەر بوونو تێکشکانو هەرەسی میرنیشینەکان ـ١٨٥٠بەدواوە ــ هیزە ئایینیەکان جۆرە ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی / کۆمەلایەتیان هێنایە پێشەوە، وەکو راگری پارسەنگی تەرازوی هێزە ناوچەییە بچوکەکان(عەشیرەت). ئەوان راگری بەلانسی کۆمەلایەتی بوونو ئالا هەڵگری(ئاشتی)و(ناوبژیکردن)ی نێوان هێزە عەشایەریە ناکۆکەکان بوون . دەسەلاتی شێخە نەقشبەندیەکان تا شوێنێکی وەکو سنە برِی کردوە، بۆ کوژاندنەوەی بلێسەی ئاگری ناکۆکی ئایینی/ سیاسی نێوان میرو هاوولاتیانی شاری سنە، کە بە روداوی کاروانسەرا ناسراوە، سالی ١٨٥٤ز رووی داوە . مەولەوی هەندێ جار نوێنەرایەتی شێخ عوسمانی کردوە، بۆ گفتوگۆو دانوستان، بەتایبەت بۆ پشتگیری دانیشتوانی شاری سنە دژی هەولو تەقەلای ئەمان اللەی دوەم (غلام شاخان ) کە ویستوویەتی رێبازی شیعەگەری " شێخەیە " یان بە سەردا بسەپێنێ .

## مەولەوی و سیاسەت

سەبارەت بەچالاکی سیاسی مەولەوی وێنەیەکی ناراست باوە. کەئەو وەکو شاعیرێکی سۆفی، لەکاروباری سیاسیەوە زۆر دورە پەرێز بووە. رەنگە مەشرەبی سۆفی، وای لێکردبێ تەنانەت رووخانی میرنیشینی بابانیش، ئەوەندە کاری تێنەکردبێ. نامەکانی مەولەوی خۆی وێنەیەکی تری شاعیرمان بۆ دەخەنە بەرچاو: پیاوێکی چالاكو کارامەو هەمیشە لەهەولو تەقەلای دورخستنەوەی شەرو ئاگر بووە، لەناوچەکەی خۆی



مه کتەبی بیروهوشیاری

یەکێك لەزاناو شاعیرە نەیارەکانی، کە داردەستی فەرمانرەوایانی بێگانەی سنە بووە، بەم شێوەیە تاوانباری دەکات :

" محرك سلسله و تبديل وفاق دولتين به نفاق ذات البين بود "[٣٧]

دیارە کەسێك تاوانێکی ئەوتۆی دەخرێتە پاڵ، کە کێشو قورسایی هەبێت . ئەم تاوانە ناخرێتە پاڵ کەسانی سادەو گومناوو ناچالاكو ساردوسڕ. ئەمە بەلگەیە لەسەر دەورو چالاکی شاعیر لەهێورکردنەوەی ناکۆکیو چارەسەرکردنی کێشەکان. رەنگە خوێنەر هێمای ئیعتراز بخاتە بەردەم ئەم گریمانە (هیپۆتێزە ـ Hypothese) گومانی ئەوەی لاپەیدا بێت، کە من بمەوێ شاعیر بکەمە "دپلۆمات "!

خۆشم ئەو راستیە دەزانم، نەدامەزراوەی نێو دەولەتیمان هەبووە، نەشاعیر بەشی دپلۆماسی زانکۆی تەواوکردووە، بەلام ئەو کاتە سەردەمێکی نا ئارام بووەو سوپای میرنیشینی ئەردەلان بۆنمونە راوی بەشێك لەعەشایەری هەورامانی ناوە(دەوروبەری سالی ١٢٦٦ك ) تا ناو خاکی شارەزوور(عەزیز ئاغا موتەسریفو نقيب الأشراف) کە نوێنەرایەتی حکومەتی عوسمانیان کردووە. بۆئەوەی لەسانەکانی هەورامان خۆش بێت[٣٨] گفتوگۆیان لەگەل والی ئەردەلان کردووە، دور نییە مەولەوی مەبەستی ئەم روداوە نەبووبێت، یان روداوی تر، کەدەیان جار لەناوچەی هەورامانو شارەزوورو جوانرۆ رویانداوە.

مەولەوی لەکاتی کوێر بوونو پیریدا، دەوری چالاکانەی خۆی بیردەکەوێتەوە چۆن نامەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانیو قاجاری نوسیوە :

بالْ نمەدۆ تەیر تەصریر وەهەم دا
گاوە روی رۆمدا، گاوە عەجەم دا
ئومەنای دەولەت جەگردین لاوە
نەئینتظارەن چەم نەروی راوە

**تەوانای وانای فەرمان نەمەندەن**

**چەپەر بێ جواو، خەبەر پابەندەن** ل ١٢٢

ئەم نامە شیعریەش رەوانەی شیخ محەمەد جەسیم کراوە، کەخۆی وبراکانی بەتایبەت شێخ عەبدولقادری موهاجیر، نێویان بەراپەڕینی کاروانسەرا ( ١٢٧١ك) گرێ دراوە .

ئەم بیرکەوتنەوەو ستایشکردنی شێخ موهاجیرە، بەزیندوومانەوەی بیرەوەری گرنگ‌و بەبایەخە . دیارە لەسەرجەمی گفتوگۆو دانوستاندا دەوری سەرەکی هەبووە" صد چندانهٔ جناب مدرس‌و مفتی زهابی اخلاص دارم بلکه مدح‌و ثنای فقیر در میان امنای دولت عثمانیه به نواب والا مشهور أست ، ونفس مبارك والا خودش میداند که وقتی تشریف به کردستان آوردند أول کسی که از دعا گویان دولتین وبرزخ مابین عریضه نوشت. "(٣٩)

ئێمە لەبەرئەوەی بیۆگرافی وردی ژیانی مەلا یوسفی مەدەرس‌و مفتی زەهاویمان لەبەردەستا نییە، نازانین بۆ نێوی هەردووکیان پێکەوە هاتووە، زەهاوی (١٢٠٨-١٣٠٨ك) لە ١٢٦٠ بەدواوە لەبەغدا ژیاوە . بڵێی لەوێوە پشتگیری مەلا یوسفی مودەڕیس‌و دەستەکەی کردبێ‌و پەیوەندی بەفەرهاد میرزا ( ١٢٣٣-١٣٠٥) وە هەبوبێت ؟

کاتێك فەرهاد میرزا بۆ کوردستان (سنە )هاتووە، شاعیر یەکێك بووە لەوانەی هەوڵی ئاشتی داوە ، لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و قاجاریدا " برزخ مابین "لێرەدا ناوبژیکەر "وسیط" دەگرێتەوە ." وهر اخلاص ما زیاتر چراکه خارج دولتیم ، واین قدر نعمت جناب والا حق جناب مدرس بوده درحق مانبوده ..."

ئەم نامەیە پاش مردنی غولام شاخان ١٢٨٤ نوسراوەو سەردەمی حکومەتی فەرهاد میرزا(١٢٨٤-١٢٩١ك) بووە، چونکە نێوی بەمەرحوم دەبات.

ئەم نامەیەی مەولەوی بۆ محەمەد ساڵحی فەخرلعولەما (١٢٥٠-١٣٠٥) هەر زۆر چڕوپڕەو پێویستە مێژوونوسانی کورد زۆر لەسەری بوەستن. ئەم چەند دێرە تەنیا سەرنج



راکیشان بوو، نەك پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە. ئەم نامە نوسینەی شاعیر، لەکاری بەکۆمەڵ دەچێ، تا کاری تاك. ئاغای مودەریسیش بەناوی تاکەوە نوسیویەتی، بەڵام دەستەیەکی لەپشت بووە. ئەوانەی نامەکەیان بینیوە" شێخ بهاء الدین "مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی، مەلا عەلی طالشی، مەلا عوسمان مەلاعەبدوڵلای داغستانی‌و مەلا حامیدی کاتب." (مەکتوب هەمچنانرا دیدند) کەواتە: نامەکە لەلایەن حکومەتی قاجارەوە ئاراستەی شێخانی نەقشبەندی، بەناڕاستەوخۆ، کراوە، ئەوانیش هەر بەناڕاستەوخۆ، شاعیریان وەکو دەمڕاست یان ( ناطق رسمی ) ئەرکی وەڵام دانەوەیان پێ سپاردوە . بیروڕای سیاسی شاعیر لەم نامەیەدا، بەڕونی دەردەکەوێ . بۆ نمونە: ئەو لەبەرامبەرەکەی داوا دەکات، بەرامبەر فەرمانڕەوایان بوێرو ئازاو چاونەترس بێت‌و، لەبەر ترس‌و بەرژەوەندی، راستی بەژێر لێوەوە نەکرێ:

" اول سوء سلوك این است کەتقیەء مشوؤمە بکنی وکتمان حق رابنمائی . حاکم ادباً موافق ( وشاورهم فی الامر) مشورت به شما میفرمایـد، وشما جرئت آن نداشته باشید که فتوای حق اظهار کنید. حاکم مشمول طعنء خودتان را مطابق حدیث مورد لعن نمایند. فقیر از سلسلهء رسولم، صلب مرتضی وترائب بتول. غایتش این است کەزهرم بدهند یا شهیدم بکنندو سرم برسر نیزه نهند، ازکس نترسم و از حق پرسم". (٤٠)

ئەمە لوتکەی نارەزایی شاعیرە لەو زانایانەی دەبنە داردەست‌و دەزگای پڕوپاگەندەی فەرمانڕەواو کاربەدەستان. ئەم دەنوسێ :

" ئەگەر ژەهر خواردوم بکەن، و شەهیدم بکەن‌و سەرم بەسەرە نێزەوە بکەن، لەکەس ناترسم‌و هەرداکۆکی لەحەق دەکەم.. "

دەبێ ئەو راستیەش لەبەر چاوبگیرێت، کە مەولەوی لەگەڵ عەلی ئەکبەر خانی شرف الملك کوڕی محەمەد صادق خان کوڕی ئەمان الله خانی گەورە، کەحاکمی جوانڕۆ بووە ، دۆستایەتیەکی پتەوی هەبووەو نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبووەو مەولەوی هاتوچۆی

کردوه . شرف الملك پلەی سەربازیشی هەبوە (سەرتیپ نایب جنرال اجودان باشی)[٤١] هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیرکراوەو گومانی لێکراوە. هەولّی گێڕانەوەی دەسەلاّتی لەدەستچووی ئەردەلاّنییەکان داوە . نوێنەرەکانی دەسەلاّتی ناوەندی لەناوچەکەدا بەهیچ شێوەیەك لێی دلّنیا نەبوون. هەرلەسەردەمی حسام السلطنة دا، تا زەمانی ئەمیر نیزامی گەڕوسی، هەر لەکێشەدا بووەو ساڵی ١٣١٢ ز بەنەخۆشی نقرس و ئەعساب مردووە.

بەگشتی لەنامەکاندا دەردەکەوێ مەولەوی نامەی ئاڕاستەی ناوەندەکانی دەسەلاّت (قاجاری / عوسمانی) کردبێت. ئەو نامەو نوسراوانە دوورنییە لەبەغداو تاران و ئەستەموولّ پارێزرابن و دۆزینەوەیان روناکی دەخاتە سەر چالاکی سیاسی شاعیر/ سۆفی و شێوەی بیرکردنەوەی، هەروەها لایەنێکی شاراوەی مێژووی گەلی کورد دەخەنەڕوو.

## شاعیرو پاشای جاف

زۆربەی مەولەوی ناسان ئاماژەیان بۆ پەیوەندی نێوان مەولەوی و محەمەد پاشای جاف (١٨١٥-١٨٧٩) و مەحمود پاشای جاف (١٨٤٦-١٩٢١)کردووە. بۆ جاری یەکەم پیرەمێرد و حوسێن حوزنی موکریانی و پاشان بنەماڵەی مودەریس و ئومێد ئاشنا و د.ئەنوەر قادر محەمەد.[٤٢] نووسینەکەی ئاشنا بەداخەوە تەنیا دووبارەکردنەوەیەو هەندێ هەڵەی خستۆتە سەرخوانی لێدوان و لێتوێژینەوەی ژیانی پاشاو شاعیر.[٤٣] ئەو بەشەی دکتۆراکەی کاك ئەنوەر وردو زانستیەو راستیەکی گرنگی رەچاو کردوە :

ناتوانرێ بوترێ، بەگزادەی جاف نەنگەویستی مەولەوی بوون و ئەمیش رقی لێیان بووە، بەپێچەوانەی نامەو شیعرەکانی نیشانەی دۆستایەتی و رێزی هەردولان بۆ یەکتری. ئەوەش کەگوایە مەولەوی شاعیر دەرباریان بووبێ یان مووچە خۆری بەگزادە بووبێ و سەرجەمی ئەشعاری بۆ ئەوان بێ، لە راستیەوە دورە . پەیوەندییەکی دولایەنە بووە ،



جارجار بەتین و هەندێ جاریش ساردی کەوتۆتە نێوانیانەوە.[٤٤] کاری دکتۆراکەی لەسەر لیریکا بووەو نەك بیۆگرافی ـ ژیاننامەی شاعیر. بۆیە هۆی ناکۆکی و کاتی ساردی و سڕی پەیوەندی دەستنیشان نەکراون. ئەو کارە بەمن و خەڵکی دیش ناکرێ، تا رۆژێ نەیەت کەلێنەکانی زانیاریمان لەسەر شاعیر پڕ نەکرێتەوە :

نامەی ژمارە( ١٨) بۆ حاجی مەحمود یارەویس، کەدیارە لەسەردەمی زۆر پیریدا نوسراوە ، پڕە لەبێزاری بەرامبەر بەگزادەکان .

نامەی ژمارە ( ١٣) بۆ مەحمود پاشای جاف ، لەکاتی پیریدا نوسراوەو شاعیر هەر زۆر دلّشکاو و بریندارو توڕەیە:

" آنها برکنار . اگر حق تعالی از حرکه وسکونم راضی است ، هرکس هرچه بگوید پاك را باك نیست . واگر ناراضی است هرکس هرچه بگوید هنوز کم ا ست . ودرکناره گرفتنم هم تعجب نکنید . آن وقت که تمنای آن بود بلکه رجای مسلمانی بشنوید ، هزار بدعت را برای احیای سنتی ورجای فقیری از امتی به گردن میگرفتم وآمد وشد میکردم . حالا شنیدن فریاد زیر دستان بسیارو نشیدن عدل و داد زبرستان بی شمارە. کنارە از همە سازگار تراست . هیچ نمادە است کە نگویم ، وهیچکس ندیدم کە بشنود "[٤٥] شاعیر نوکی خامەی خۆی دەکاتە ئامڕازی دەنگ کۆکردنەوەی چەوساوەو زۆرلێکراوان. هاوارو ناڕەزایی نەیتوانیوە، رەوتی مەکینەی زوڵم و زۆر راگرێ . شاعیر خۆی کردۆتە پارێزەر، یان مافناسی ماف لێزەوتکراوان. ئیدی هەڵوێستی دژ بەچەوسانەوەی وەرگرتوە . خۆی و کوڕەکانیشی بەرشالاّوی تەنگ پێ هەڵچنین و گوشار کەوتوون.

لەم نامەیەدا ئەوەندە هەڵدەکرێنرێت ..گوایە پاشا ویستویەتی شاعیرو زانای ئایینی و سۆفی گەورە، بەبۆنەی مانگی رەمەزانەوە دوعای خێری بۆ بکات. ئەمە هەمووی دوعای خێری ئەوە بۆ پاشا! دوورنییە، پاشا نەیویستبێ دیواری سەهۆڵبەندانی

پەیوەندی بەو راسپاردەیە، بڕوخێنێ .. ئیدی رازو گلەیی‌و دڵبرینداری بەجارێ وەکو رووخانی بەربەست، ئاوی پەنگخواردو، بەجارێ تەقیوەتەوە.

پێش ئەم نامەیە روداوێکی تری دڵشکێنەر لەنێوان شاعیرو محەمەد پاشادا رووی داوە. مەولەوی‌و خزمەکانی لەبن سێبەری ساباتی شێخ عەلی عەبابەیلی، لەشەمێران دەبن. ئیدی جەنگەڵی سەربردەو داستان‌و گێڕانەوەکان، بەکەس درنادرێ. بەگوێرەی کتێبی(بنەماڵەی زانیاران)[٤٦] شێخ عەلی کاربەدەستی بابانەکان بووە. بەگوێرەی گێڕانەوەی تر سەرکاری محەمەد پاشا بووە . نەساڵی لە دایك بوون‌و کۆچی دوایی شێخ عەلی دیارەو نەساڵی دەست لەکار کێشانەوەی !

ئەم دەست لەکار کێشانەوەیە زۆر کاریتێکردووەو وەکو " کودەتایەکی رەش " هەڵی سەنگاندوە بەیتی:(( دل خویشان مارا پر ز خون کرد )) ئاماژەیەکی زەقە بۆ توندی‌و رادەی غەدر لێکردن‌و ئازار پێگەیاندن. دیارە خزمەکانی مەولەوی پەلامار دراون‌و هێرشیان کراوەتە سەر. لەوە ناچێ گۆڕانکاری ئیداری ئاشتیانە بووبێت‌و"سەرکەوتوو" بەشێوەیەکی ژیاری رەفتاری لەگەڵ ژێرکەوتوودا کردبێت.

وزان سوی وطن هجرت نمودم
خلافت از علی دانسته بودم
به تأثیر محمد میر اکمل
خلافت چون بەعثمان شد محول
دل خویشان مارا پر ز خون کرد
به خویشاوەند خود نعمت فزون کرد

گۆڕانکاری میر، لەدەسەڵاتپێدان یان دەسەڵات لێسەندنەوە، یان دەسەڵاتدارکردن‌و بێ دەسەڵاتکردنی دوو دەستە، شاعیر لەبەرەی زیان پێگەشتوەکاندا بووە، بەرژەوەندی دونیایی، بیروڕای ئایینی، مەزهەبی جێلەقکردوە. مەسەلەی خەلیفایەتی "عوسمان/



عەلی" بۆ زانایانی سوننی‌و شیعە هێڵی سورەو کەس بۆی نییە، ئەو سنورە بشکێنێ. شاعیر پەنای بردۆتە بەر چەمکی میتۆلۆجیای ئایینی ـ مێژوویی بۆ دارشتنی رەوایی‌و نارەوایی پاشای جاف. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، سەبارەت بەرەوایی خەلیفایەتی پێسپاردن، دەسەڵات لێسەندنەوەو دەسەڵاتی پێسپاردن، ئەم کێشەیەش تا کۆتایی ژیان، کاری تێکردووەو لەشیعرەکانی دا رەنگی داوەتەوە ـ لەداهاتودا دێمەوە سەر ئەم خالە .

لەوە دەچێ ئەم روداوە ساڵی ١٢٧٦ ك روی دابێ . ئەو شیعرەی بەفارسی مەحمود بەگی خزمی مەحمود پاشای جاف بۆ مەولەوی نوسیوە، نێوی (عثمان خالە )دەهێنێ، بەبۆنەی پەلاماری سوپای عوسمانییەوە بەسەرکردایەتی (عمرپاشای سەردار ) :

ز آشوب زمان وچرخ غدار
ز شومی (عمر پاشای سەردار)
یزید ثانی آن سردار افخم
ولایت شد ز بیدادش پڕ از غم
(اذله) را نمودە اهل عزت
کەمولای من از او کردە هجرت
(چرستانه) بزد آتش بەیک بار
گزیدە جای خود دامان کهسار
میان (قلعه) و دشت (ولوبر)
سیا چادر زدە چادر بەچادر
ورا ( عثمان خالە )و ( کاکە یونس )
ندیمان یمین هستندو مونس[٤٧]

عمر پاشای سەردارو ئەمان الله خان لەسەر سنور بۆ گفتوگۆ چاویان بەیەکتر کەوتووە .. رەنگە پەلاماری شارەزور لەگەڵ پەلاماری دەسەڵاتی شێخ عەلی عەبابەیلیدا

لەیەك ماوەدا بوویێت .. چونکە نێویشیان لەم شیعرەدا، پێکەوەهاتووە. مەبەستم عمر پاشاو عوسمانی خاڵەیە. ڕووداوی سوتانی ماڵی مەولەویش ڕەنگە لەم کاتەدا بوویێت .. زۆربەی ئەو شیعرو نامانەی شاعیر هی سەردەمی پیرین‌و هەر زۆر کەمیان شەقڵی گەنجایەتی پێوەیە .

مەولەوی نامەیەکی شیعری بۆ محەمەد پاشای جاف نوسیوە: "مەیلت ئارەزووی ئەغیارکەر دەبێ "[٤٨] لەسەر شاعیر بە "مدح" کراوەتە ماڵ . من لەم بەیتەدا تارای گلەیی بەدی دەکەم‌و هەوری برینداربوون‌و بێزاری لەئاسمانی نامەدا بەدیدەکەم. شاعیر بەمیر دەڵێ: " تۆ ڕووی خۆت لەئێمە وەرگێڕاوەو بەلای بێگانەدا باداوەتەوە "ئیدی ئەمە دەبێ چی "مدح " بێت ؟

هەلومەرجی ژیانی شاعیر، ڕێگەی نەداوە گلەیی‌وگازندە لەوە خەستترکاتەوەو هەوڵی "نزیکبوونەوە"ی پاشای بەهەل زانیوەو چەند هەنگاوێك لێی چۆتەپێشەوە .. شێوازی هەڵسوکەوتی شاعیر لەئاستێکدا نەبووە، هەڵچوون‌و ڕووبەڕووبون‌و پەلاماردان‌و تێکشکاندنی پێوە دیاربێت. ئەو هەر زۆر دڵفراوان‌و دووربین بووە .. بەرامبەر بەهێرش‌و شکاندنیش (نامەکەی بولبول) گەورەیی‌و خۆڕاگرتنی نواندوە .. نامەکانی شاعیر بۆ محەمەد پاشاو مەحمود پاشای جاف دەبێ لەگەڵ نامەکانی بۆ شێخ عزیز جانەوەری‌و شێخ عوسمان‌و خالۆی کۆماسی .. هتد بەراورد بکرێ ، نەك هەر پارچە شیعرێك یان نامەیەك بەتەنیاو بەبێ بینینی تان‌وپۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ..

## گەڕان بەدوای خۆشەویستی لە دەست دەرچودا

ڕۆژهەڵات هەر لەزۆرکۆنەوە ناوی دەیان داستان‌و ئەفسانە، سەریان تێدا هەڵداوە "شیرین‌و فەرهاد" و"مەجنون‌و لەیلا" لەهەرە ناسراوەکانیانە. بەکوردیش زۆر بەیت‌و داستان هەیە وەکو "مەم‌و زین " و خەج‌و سیامەند" و" بارام‌و گوڵەندام ".. هتد. کەکارەساتی تێکشکانی ئەزمونی خۆشەویستی دەنوێنن. هەندێ جار شاعیر گڕی عەشق



دەیسوتێنێ‌و لەپێناوی ئەو خۆشەویستەدا داوێنی چیا دەگرێ "وەلی دێوانەو شەم" ڕەمزی ناکامی‌و بەیەك نەگەیشتن‌و هەڵکڕوزانی پەپولەی خەونەکانی شادی‌و بەیەك نەگەیشتنە. " نالی‌و حەبیبە " ڕەمزێکی نوێترەو تۆزێ لەدێوانەو شەم کاڵترە .

ئەزمونی خوشەویستی مەولەوی هەر زۆر جیایە. ئەو گڕی گەردەلولی عیشقێکی سوتێنەر وا لولی نەداوە. لەسەرەتای لاویدا لەگوندی(خانەگا) فەقێ دەبێ، حەزی لەخاتون ڕابیعەی کچی مامۆستا سەید عومەری خانەگا کردووە[٤٩] ئەم تاقیکردنەوەی ئەڤینە بەسەر نەکەوتن‌و ناکامی کۆتایی پێ هاتووە. براو مامۆستای بەڕێزم ئەنوەر قادر محەمەد لەنامەی دکتۆراکەیدا دەنوسێ :

" پاڵەوانی لیریکی، لەشیعرەکانی مەولەویدا بەشێوەی جیا جیا، لەژیاندا بەرجەستە دەبن . لێرەدا بۆ نمونە، یەکێکیان دەهێنمەوە : شاعیری خەم لەلابار، خۆی لەگەڵ تاوێرو زنارەکانی چیای " قولەی قەزاڵە" دا بەراورد دەکات، کەتاوێ بارانی خەم بەسەریاندا دایکردووەو حاڵیان بەدحاڵەو کەچی هێشتا ئاوازەی دەنگی یاریان لێ نەبڕاوە.

بڵێی ئەمە ئاماژەیەك نەبێ بۆ ئەو عەشقە نائومێدەی، کە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لەو وتارەدا وا لەمەوبەر باسمان کرد ، ئاماژەی بۆ کردووە. زۆر ڕێیتێدەچێ، چونکە " قولەی قەزاڵە " دەکەوێتە پشتی " خانەگا" وە، لەو شوێنەی مەولەوی بۆ یەکەم جار زامێکی قوڵی شکستی کەوتە دڵیەوە .. دوور نییە، ئەو باران بەسەر زنار بارین‌و لەکەژەوە بەرەو گوند ڕوانینە، حاڵەتێکی هەژان‌و بیرەوەری تەقینەوەیان بەیادی شاعیردا هێنابێ .."[٥٠] هەروەکو چۆن "خانەگا"و " قولەی قەزاڵە" و "شاهۆ" سمبوڵێکن، کۆمەڵێك بیرەوەری‌و یادگاری‌و هەست‌و سۆز، لەسێبەریاندا خۆیان داگرتووە، ڕەنگە چەندین سمبۆلی تریش هەبن، کە ئێمە ناتوانین پەییان پێ بەرین‌و لێیان تێبگەین .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

شەماڵ ئەرجوم هەن هەی وەفیدات بام
وەسەر گەرد باڵ شانای هەوات بام
طەی دوی هەناسەم شەوان تا بەرۆ..
سەر بەر کەر نەسەر کۆی ئاتەشگاوە
بریەو مەسکەن "خانەگا " و"پاوە"
زار زار وخاس خاس و زار بناڵە
جاگیر نەسەر ئەوج قولەی " قەزاڵە" ل.د ٣٠٤
ساماچان یاران ئینە چیش بی یەن
(قەزاڵە ) ناڵاش چۆن جاران نی یەن ل.د. ٣٠٤+٣٠٥

ئەم شیعرە لەلایەکەوە" قوربانی تۆزی رێگەتم " مان بیردەهێنیێتەوە، کە" نالی" لە دوورە وڵاتییەوە رەوانەی نیشتمان" ی کردووە. لەلایەکی ترەوە کارتێکردنی حافزی شیرازی لەرووی وشەوە، لەلایەکی تریشەوە، سەیری ئەم تاڤگەی وێنە بەربوونە خوارەوەیە کەگرێدانی " ئاتەشگا" کە لەکەلتوری ئایینی کۆندا " پەرستگا " بووە، لەگەڵ خانەگاو قەزاڵەو پاوەدا. کاتی بیرەوەری، هەمان کاتی روداو نییە. قەزاڵەش ناڵەی وەکو جاران نییە . . پەیوەندیەکی زۆر سەیر لەنێوان سمبۆلەکاندا هەیە . وێنەکانی رابردوو سمبۆلی یادگارێکی کاریگەری گرنگن. بۆیە دڵی شاعیر بەئاسمانی ئەو ناوچەیەدا لەنگەری گرتووەو لەروی دەرونیشەوە هەر ئەوێ پەرستگای بووە [٥١].

پاش تێکشکانی ئەزموون‌و رەوینەوەی هەوری خەونە زەردو سورەکان، مەولەوی بۆ وێنەی یار گەڕاوە. دەستی فەرهادمان دامێنی چیای نەگرتوە، گڕی نەگرتووە، بەڵکو سەفەری گەڕان بۆ یەکێکی تر لەو بچێ یان تۆزێك لەو بچێ . هۆبە بەهۆبە سەیری رەشماڵانی کردووە، پەپولەی دڵ هەر بەدوای وێنەی ئەڤینی یەکەمەوە بووە. توشی ئازاردان بووە. بەڵام رێکەوت پێچەوانەی بەخت‌و نەوچاوانی ئەو بووە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چۆن چیهرەی خیاڵ روخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدومی دڵ رێش
نمانا جەمین شای سەوسەن خاڵاَن
کەم کەم جەگۆشەی لای سیاماڵاَن ل ١٨٢

پێش شادبوون بە هاوسەرێتی(عەنبەر خاتون) مەولەوی هەوڵی تری داوەو دەستیان بەرووییەوە ناوە. واتە: یەکەمین جار خۆشەویستی پاشان ژنهێنانێکی کلاسیکی کاڵ‌و کرچ. پاش سەرەنگرێ بوونی هەوڵ‌و تەقەلای هاورێیەتی‌و دۆستایەتی شاعیرێکی وەك ئەحمەد پریسی، بکاتە پردی گەیشتنە ئامانج. یەکەمین تۆرهەڵدان بۆ لەیلێی خەسرەو چاوشی خوشکی شاعیر بووە، ئەو نەکەوتۆتە تۆرەکەیەوەو دراوە بەداواکەرێکی تر، ئیدی شاعیری هاورێ دەکاتە پرد و بەردەباز " ئامرازی پەیوەندی " وەکو شاعیرێکی دڵناسك، بەڵکو فریای (مەجنون)ی هاورێی بکەوێ .. لەبری لەیلێی خوشکی، بەیچێی ئامۆزای پێشکەش(مەجنون) کات. دیارە ئەحمەد پریسی لەوانە نەبووە، بەئاسانی بەداوەوە بێت‌و هاورێی داواکەری هەر بەبیانو و بەڵگەکانی خۆی بەستۆتەوە:

گەر سەرتاپای چیرۆکی داواکردنەکە داستان‌و سوعبەت‌و قسەی خۆش نەبێت ، تراجیدیای شاعیر پیشاندەدەن. کیژێکی نادەنێ ! ئەو پاشەکشە ناکات‌و داوای ئامۆزایەکی کیژەکە دەکات. ئەمە هەربۆ ئەوە بووە ، "دووەم"بۆنی "یەکەمی " لێهاتووە .. یان شاعیر ویستوویەتی ژنێك بهێنێ ! خۆی نە، ئامۆزاکەی!! دوورنییە باری کۆمەڵایەتی بنەماڵەی[٥٢] ئەحمەد پریسی لەمەولەوی چاکتر بووبێ. خەسرەو چاوەش‌و عەلی چاوەش ، لەسوپای عوسمانیدا چاوەش بوون، رەنگە ئەمە دیوارێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان داواکەرو کچدا درووستکردبێ :

قسەیێ ئەکەم وەرێ وجێ وێ
کەلەیلێ نەو با بەیجێ وێ

ئەحمەد پریس دیارە کابرایەکی قسە لەڕووبووەو توانیویەتی زوو بێتە دەست . هەڵەیەکی ڕەوانبێژی لەزنجیری بەڵگە هێنانەوەی ژن داواکردنی دۆزیوەتەوە، پریسی بەم بەیتە وەڵامی داوەتەوە:

**قسەیێ ئەکەی بێ ڕێ وجێ وێ**

**تۆ کە مەجنونی، چۆن بەیجێ وێ !**

پریسی خاڵێکی گرنگی لەپرۆژەی ژنهێنانی شاعیر دەستنیشان کردوە ، خۆشەویستیەکەی ئەو سوتێنەرو دێوانە نییە . ئەو بەهەموو هۆشەوە بۆ " لەیلێ " ئەلتەرناتیڤ دەخاتە بەرچاو. مەجنون هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نەبووە.

نازانرێ چەند مەولەوی دوای تراویلکەی خۆشەویستی کەوتووەو چەند هەوڵیداوە دڵی کیژان بۆ لای خۆی رابکێشێ یان بەشێوەی" رەسمی " داوای یەکێك بکاتو هیچ سەری نەگرتوە . بەڵام شاعیری " واقیع" بین، بە سەرنەکەوتنێك بەرچاوی تاریك نەبووەو وزەی نەڕووخاوە. سەرنەکەوتن، دۆڕانو کارەساتو دنیا لەبەرچاوی ژێرو ژوور نەبووەو هەوڵی تری داوە . بەو هیوایەی لەجاری داهاتودا " بیگرێ"!

## عەنبەر خاتون ــ ئاسایی نا ئاسایی

یەکێك لەو خالآنەی مەولەوی ناسان لەسەریان نوسیووە، لاوانەوە بەجۆشو ئاگرێنەکانیەتی بۆ عەنبەر خاتونی خێزانی. کێشەی ژن هێنانو ناوەڕۆکی لاوانەوەکان، هەروا بەسانایی سەیرکراوەو کۆمینتاری قوڵو هەمە لایەنەی لەسەر نییە .. هەرچەندە ژن هێنانەکەی خۆی لەخۆیدا کارێکی ئاسایی نەبێ!

بۆ لەنێوان ئەو هەموو کیژانەی هەورامانو شەمێرانو تاوەگۆزیو شارەزوردا ، کیژە ئەفغانیەکی بەهاوسەری خۆی هەڵبژاردوە؟

بۆ ژنێکی کوردی نەهێناوە؟



جاران لەزۆر شوێنی ئەم وڵاتە بازنەی ژنهێنانی ناوخۆ داخراو بوو بۆ ئەندامانی یەك بنەماڵەو یەك هۆزو یەك ناوچەو یەك گوند . ئەم دیاردەیە ئێستاش لەنێوان هەندێ بنەماڵەی نێو شاریش باوە . ئەم دیاردەیە بە یۆنانی پێی دەڵێن (ئیندۆگامی ــ ENDO GAME) واتە: ژنو ژنخوازی لەچوارچێوەی یەك هۆز یان یەك تایەفەدا دەستورێکی کۆمەڵایەتیەو کەس ناتوانێ سنوری ببەزێنێ .. لەشاری هەولێر بەرەبابێکی عەشیرەتی دزەیی هەیە پێیان دەڵێن " بەرەی ماری فارسی " واتە: بەرەی ماڵی فارس پاشا، کە سەرسوریشیان پێ دەڵێن، تەنیا لەنێو خۆیان ژنو ژنخوازی دەکەن .

بۆ شاعیر سنوری عەشیرەتو تایفەو ناوچەو بنەماڵە و " نەتەوە " شی بەزاندووەو تیری نیگای کیژە ئەفغانییەك دڵی پێکاوە ؟

دەشێ شتەکە پەیوەندی بەنەریتو دەستوری کۆمەڵایەتیەوە نەبێو تەنیا پەیوەندی بەهێزو توانای ئابوریەوە هەبێ؟

دوور نییە ئەمە هۆیەك بێت. نالیو حاجی قادری کۆییو کێوکێش رەنگە بۆیان نەلوابێت ژن بهێننو خێزان پێکەوە نێن. پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار بەتوانای داراییەوە گرێ دراوە (بریا مەلایەك وەڵامی ئەم پرسیارەی بدایەتەوە).

دیارە گەشتو هەڵسوڕانو داسوڕانی شاعیر بەدوای خۆشەویستو هاوسەردا ، سەری بەماڵی عەنبەر خاتوندا کردووە..

ئێستا رەنگە شتێکی ئاسایی نەبێ شاعیرێکی وەکو پەشێو یان هەڵمەت ژنێکی ئەفغانی بهێنن، ئەدی ئەو زەمانە چۆن کارەکە ڕێککەوتوە ؟

بەداخەوە من تەنیا یەك سەرچاوەم لەسەر ئەفغانییەکانی شارەزور بینیوە ، ئەویش گەشتەکەی کلۆدیۆس ریچە بۆ کوردستان:

I was surprised to hear that, in the provaince of shehrizoor, there are same viliages entireey composed of afghans.

They come in to this of the country on the murder of Azad Khan; and they are said still to retain their own language among themselves. They are very poor and rank among the peassantre .(53)

دوو سێ خاڵی گرنگ لەم دەقەی ریچ هەڵدە کرێنرێت:

ئەفغانەکانی شارەزور پاشماوەی سوپاکەی ئازادخانن و دەوروبەری ساڵی ١٨٢٠ لەچەند گوندێك ژیاون و زمانی خۆیان پاراستوەو زۆریش هەژارن .. هتد . ئەم پێناسەیە ئەمانە هەر زۆر هەژارن :

رەنگە کلیلی سەرەکی دەرگای سەرکەوتنی پلانی ژنهێنانی شاعیر بێت . نامەوێ زۆر لەسەر سوپاکەی ئازادخان(٥٤) و تیرو تایفەی برۆم، چونکە مێژوونوسانی سەردەمی ئەردەڵان لەسەریان نوسیوە .. بەهەرحاڵ خێزانەکان ئاوارەو هەژارو پاشماوەی سوپای تێکشکاوبوون. پەیوەندی ئەمانە لەگەڵ میرنیشینی باباندا چۆن بووە، ئەوە من نایزانم! بڕوا ناکەم زۆر باش بوبێت، لەسەردەمی پڕ نائارامیو شەڕو شۆڕی دوا ساڵانی حوکمڕانی ئەواندا .

## عەنبەر خاتون .. کۆچ و لافاوی فرمێسك

کەس نازانێ عەنبەر خاتون کەی لەدایك بووەو کەی شویکردوەو کەی کۆچی دوایی کردوە ؟

مەولەوی هەشت لاوانەوەی بەکوڵی بۆ نووسیوە. لەناو ئەم هەشت لاوانەوەیەدا رەنگە بتوانرێ تۆزێك تیشك بخرێتە سەر هەندێك لایەنی نەزانراو لەسەر عەنبەر خاتون :

مامۆستا محەمەد مەلاکەریم لەو بارەیەوە دەنوسێ :

" لەم ساڵانەدا دوو سێ کارەساتی گەورەی بەسەر هاتووە ئەتوانین بڵێین لەناو ئەو کارەساتانەدا لەگشتیان کاریگەرتر بۆ سەر دڵی مەولەوی، کۆچی دوایی عەنبەر خاتونی خێزانی بووە، کە حەوت ساڵ پێش مەرگی رووی داوە.."(٥٥)

حەوت ساڵ پێش مردنی خۆی دەکاتە ساڵی ١٢٩٣ ك بەرامبەر بە ١٨٧٥ ز ئەم کات دەستنیشانکردنە لەگەڵ هەندێ بەیت و ئاماژەو زنجیرەی وێنەی ناو لاوانەوەکان ناگونجێ .. پێویستە زیاتر دوای ئیشارەتەکان کەوین:



شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست
(موحەرەم) ئاما مەحرەم شی نەدەست
ئەو خەریک نەچۆڵ شار عەدەم دا
من نە(کەربەلای) سارای ماتەم دا ل٣٢٠

بەیتی یەکەم هاوار دەکا، کۆستکەوتنی شاعیر سەرەتای مانگی موحەڕەم بووە . هاتنی مانگی " موحەڕەم" و رۆیشتنی ژنەکەی "مەحرەم ". ئەم ئیشارەت کردنە بۆ مانگی "کۆچی" تەنیا سەرەداوێکە، گەر لەگەڵ سەرەداوی تردا گرێی بدەین، ئەوە رەنگە یارمەتیمان بدات بۆ پەیدا کردنی ساڵی مردن و کۆچی دوایی عەنبەر خاتوون:

ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزان سەرد
بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد
مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەرنە، کەی، کێ دی، وەهار گوڵ ڕیز بۆ ل٤٥

ئەمیش سەرەداوێکی تر ، عەنبەر خاتون سەرەتای بەهار مردووە. لێرەدا دەبێ پەنا بەرینە بەر بەراوردکردن و گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ ساڵی زایینیو بە پێچەوانەوە، بەگوێرەی خشتەی گۆڕینەوەی هەردوو تەقویمەکە یەکی موحەرەم ١٢٨٩ك بەرامبەر ٢٣ ئازاری ساڵی ١٨٧١ ز، چونکە یەکی موحەرەمی ١٢٩٣ ك بەرامبەر ٢٨ کانونی دوەمی ١٨٧٥ ز. مانگی کانوونی دووەم لەهیچ کوێ بە بەهار دانانرێت. ئیدی دەبێ مەرگی عەنبەر خاتوون پێش ساڵی ١٨٧١ ز بێت.

جگە لەجەنجاڵی بەراوردکردنی تەقویمەکان ناوەڕۆکی هەموو لاوانەوەکان ، هەندێ راستی تر دەخەنە روو:

بە هەرحاڵ دەبێ پێش ١٨٧١ز کۆچی دوایی کردبێ . ئەگینا مەسەلەی هاتنی بەهارو سەرەتای موحەرەم وا بە ئاسانی یەك ناگرنەوە، مەگەر دەورەیەکی تر تێپەڕێ،

ڕەنگە ئەو کاتە حیساباتەکە واقیعی دەرنەچێ . بڕوا ناکەم مەولەوی تەنیا بەهۆی دامـان لەسەر کێش‌و سەروا، پەنای بردبێتە بەر"موحەرەم" ئەو هەرچـی ویـستبێت توانیویـەتی بیخاتە چوار چێوەی هەڵبەسـتەوە. جگـە لەتێکـچڕژانی بـەراوردی مـانگ‌و سـاڵ‌و وەرزو چیرۆکە دەماودەم هاتووەکان، ناوەڕۆکی شیعرەکان هەندێ ڕاستی شاراوە دەخەنە ڕوو.

ئێمـە هـەر وەکـو چـۆن نـازانین کـەی عەنبـەر خـاتوون ماڵئـاوایی کـردوە، سـاڵی لەدایکبونیشی هەر لەگۆشەی تاریکی نەزانراودا دەمێنێتەوە ؟ ئەگەر چیرۆکی:

**خاڵۆ خاڵۆتن، کەم واچە خاڵۆ**

**خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ**

**شەرت بۆ من جەداخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ**

**وێم کەرۆ وە کوڕ چواردە ساڵەی نۆ** ل٢٠٢

ئەگەر ڕاست بێت‌و شاعیر لەسەر دوا پرۆژەی ژنهێنان نووسیبێتی، دیارە مەولـەوی لەژنەکـەی بـە تەمـەنتربووە ، ئـەگینا ئـەم داسـتانە خـۆی بەسـەر ئێمـەدا نەدەسـەپاند .. لاوانەوەکان هی سەردەمی پیری‌و پەککەوتەیی نین، بەلای کەمەوە عەنبەر خاتوون سـەری بەپیری نەناوەتەوە:

**لانەی حەلقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ**

**هام دەم جای تەنگ ئەڵەحەد سەرای سەنگ** ل٢٠٥

زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ، ئاماژەیە بۆ قژ ڕەشی کۆچکردوو، گەر زوڵفـی ڕەش نەبوایە، وشەی تری بەکار دەهێنا. لەشوێنی کەش هەمان دەستەواژەی بەکارهێناوە :

**نەشەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم**

**شەو زوڵف‌و ڕۆ ڕوت مەوزۆ ئەو یادم** ل٣٣٥



شەو/ زوڵف، ڕۆژ / ڕووی یاری دەهێنێتەوە یاد، بۆیـە شـەوو ڕۆژ ئـۆقرەی لێبڕاوە. من بڕوا ناکەم مەولەوی فێڵ لە هەست‌و نەستی خۆی بکات‌و ئەم شیعرەی بۆ پیرێژنێکی سەرو پۆپ سپی دانابێ .. دەم‌و چاوێکی پڕ چرچ‌و لۆچ ، لای شاعیرێکی ڕاستگۆ نابێتە ڕۆژ ..

**هەر ماهی نەو بۆ حاڵم پەشێوەن**

**چۆن هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن** ل٢٣٥

ئەم لاواندنەوەیە هەر تەنیا بۆ ژنێکی لەبەهاری تەمەندا دەبـێ‌و لێکدانـەوەی تـریش هەڵناگرێ .. ئەم مردنەش کوتوپڕ(٥٦) لەئەنجامی بڵاوبونەوەی پەتایەك بووە:

**"فرسەتەش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد "** ل٤٦

لەلایەکی تریـشەوە ئـاوازی لاواندنـەوەکان، هـی ئـەوە نـین لەگـەروی پیرەمێردێکـی بەساڵاچوی، پەککەوتەدا هاتبێتە دەر. پەشێوی‌و سوتان‌و زورانی دەروونی شاعیر، ئەگـەر بەشێوەیەکی تۆزێ فرۆیدیانە سەیری بکەین، هی پیاوێکی تەمەن شەست‌و نۆ یا حـەفتا ساڵ نییە :

**ئاد مارۆ بەوێر تەرزەکەی باڵات**

**ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵ ئاڵات**

**سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیایت**

**نەک چون بڵێسەی یادی تەنیایت** ل ٢٣٥ و.پ

ئەم هەمو ئاگرو ئاخ‌و داخ‌و ناڵەیە، لەبن بیابانی خۆڵە مێش‌و دامرکانەوە ، سـەری هەڵنەداوە .

**بڵێسەی کورەی هیجران باڵات**

**گەرمیی مەحرومیی تۆزەکەی پاڵات** ل٤١

دڵ وه گێج بازیی چەپگەرد بازش وەرد

جفت ئارەزو کەرد ، چەپگەرد تاق ئاوەرد ل٤٦

ئەم هەموو ئاماژەکردنە بۆ کێشەی " جوت"و تاقو تەنیایی‌و چۆڵ بونی ماڵو ئۆقرە نەگرتن لەچوار چێوەیەکی لەشدا، نیشانەی پیری‌و بەساڵاچونی شاعیر نییە.

## شیعرگەری ـ یەکێتی ئایینەکان

چاوگێڕانی خێرا بەدیوانی مەولەویدا ، ئەو بۆچونە رەنگە لای خوێنەر گەلاڵە بێت ، شاعیر بەهۆی ئەو گفتوگۆو دانوستاندنەی لەگەڵ زانایانی شیعە کردوویەتی، کەوتبێتە بن کارتێکردنی بیروباوەڕی ئەوان‌و جیهانی میتیۆلۆجی ئەوان وەکو لافاو شاعیری بۆ ناو جەرگەی خۆی راکێشابێ:

ڕۆ (حسەین ) ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ

داخۆ سەرجەکۆ ، لاشەم جەکۆ بۆ ل ٣٢١

شاعیر نامەیەکی بۆ شێخ عەلی حسام الدین (١٢٧٨ــ ١٣٥٨) ك کوڕی شێخ بهاءالدین نووسیوە، دیارە لەسەردەمی پیریشدا بووە . ناوەڕۆکی نامەکە لەزۆر رووەوە گرنگەو نیشانەی پەشێوی پێوە دیارە . لەم نامەیەدا شێخ عەلی لەرەمزو جیهانی میتیۆلۆجیا نزیك دەکاتەوە :

نادِ علیاً مظهرَ العجائبِ

تجده عوناً لک في النوائبِ

ئەم ئاماژەکردن‌و خۆبەستنەوەیە بەجیهانی میتیۆلۆگیەوە، ناچێتە خانەی وەرگەڕان لەرێبازی ئایینی ، بەڵکو بڕوا بوونە بەیەکێتی ئایین‌و یەکێتی ئایینەکان ، کە لەلای زۆربەی سۆفیە گەورەکان باوبووە، ئەوان بەگیانی دەمارگیری‌و تەعەسوبەوە سەیری بیروباوەڕی خۆیان نەکردوە. هادی ئەلعەلەوی سەبارەت ئەم هەڵوێستەی سۆفیەکان‌و بەتایبەت ( ابن العربی) دەنوسێ :



"إن عقيدة المسلم واليهودي والنصراني سواء"[٥٧] گەر کەسێك لەم بۆچونەی ( ابن العربی) تێ نەگات ، قەت ناتوانێ لەمەولەویش تێ بگات ، کە بۆ حاجی مەحمود یاروەیس دەنوسێ :

"چه گونه حتی خودم از گبر ویهود بهتر نمیدانم "[٥٨] زۆربەی سۆفیە مەزنەکان ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر ئایینەکانی تر هەبووە لێرەدا ( ابن العربی )و مەولەوی یەك بۆچوونیان هەبووە.

من خۆم جاران هەر زۆرم بەلاوە سەیربوو چۆن زانایەکی ئیسلام دەچێتە سەر گۆڕی"باوە یادگار" بۆ زیارەت، کە یەکێکە لەشوێنە پیرۆزەکانی یارسان (ئەهل حەق):

سەرشار صەهبای بەزم موناجات

مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات

جای رەجای جەرگەی پادشاو دەروێش

بارەگاو پەنا پەی بێگانەو خوێش ل٢٢٨

"باوە یادگار": سەید ئەحمەدی عەلەوی بەرزنجی[٥٩] ساڵی ٧٩٥ك (١٣٩٢ز) بەدەست لەشکری تەیموور لەنگ کوژراوەو لەسەر کێوی داڵەهۆ نێژراوە. "باوە یادگار" ناوی لەگەڵ شاە ئیبراهیم عەلەوی بەرزنجی دا دێت، کە میرێکی دەسەڵاتداری کوردستان بووە. د. محەمەد موکری لە قەباڵەی ئەنزڵ (ئەنزەڵە)[٦٠]دا باسی کردووەو باسی یەکێك لەنەوەکانی کردووە (سەدەی دەیەمی کۆچی). بەڵام ئێستا مەزارگەی "باوە یادگار" یەکێکە لەشوێنە زۆر پیرۆزەکانی "ئەهلی هەق". کاتی سەردانی "مەولەوی" بۆ "یادگار" رەنگە زانیبێتی ئەمە گۆڕی سەید ئەحمەدی عەلەوی بەرزنجییەو یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی کاکەییەکان.

## سەرنج و سەرچاوە

١- مودەرس مەلا عەبدولکەریم : دیوانی مەولەوی ، بەغدا ، ١٩٦١.

٢- مودەرس، مەلا عەبدولکەریم : یادی مەردان. ب٢، بەغداد ١٩٨٣.

مێژوونوسی کورد بەگشتی مێژووی زانایان و بزوتنەوە ئایینیەکانی پشت گوێ خستوە . ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو بەڵگەی پێ نەگەیشتن و کرچ وکاڵیە . ئایین دەوری خۆی لەکۆمەڵدا هەبووەو هەیە، زانا ئایینیەکان زۆرجار تێکەڵاوی کاری سیاسی بوون و توانیویانە کار بکەنە سەر گەشەکردنی کاری سیاسی و ئەدەبی و ئابوری ... هتد، ئەم پشت گوێ خستنە ڕەوانییە .

٣- پێویستە دائیرەی شوێنەوار تەنیا مافی پشکنین و گەڕان و هەڵکەندنی هەبێ و ئەوکارە بەڕەسمی و زانستی ئەنجام بدرێ، دەبێ سزای قانونی زۆر قورس بۆ کاری راوروت و دزی شوێنەوار دانرێ و کەس لەخۆیەوە نزیکی شوێنەوارەکان نەبێتەوە، هەروەکو چۆن لەژووری عەمەلیات تەنیا دکتۆرو یارمەتیدەرەکانی بۆیان هەیە بچنە ژورەوەو نەشتەرکاری بکەن، کاری پشکنینیش، کاری خەڵکی پسپۆرو شوێنەوارناس و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارە ...

٤-بۆرەکەیی (صفی زادە) ، صدیق: دیوانی مەولەوی، تاران، ١٣٦٩ .

من ئەم کارەی مامۆستا بۆرەکەییم بینیوە، بەڵام هیچم لێ وەرنەگرتوە، چونکە هەڵەی زۆر گەورەی تێدایە، بۆنمونە: سەبارەت بە شیعری :

**شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست**

**(موحەڕەم)ئاما (محرەم) شی نەدەست**

نوسراوە شیوەنی دایکی (عەنبەر خاتون) ل ١٠٦ گوایە مەولەوی یان یەحیا مەعریفەت ئەم تێبینیەی نوسیوە، گەر مەولەوی خۆی نوسەری ئەم کۆمینتارە با چۆن



لەشیعرەکەدا هاتوە (مەحرەم)؟ ئەو دەبا بنوسێ والدەی مەحرەم یان خەسوم ، دیارە ئەم هەڵەیەو بڕوا ناکەم شاعیر بەهەڵەدا چوبێت ..

ئەم جۆرە تێبینیە سێبەری گومان دەخاتە سەرجەمی کارەکەو ئەو بڕوا لەق دەکات، کە سەرنج و تێبینیەکانی پەراوێزی دیوانەکەی یەحیا مەعریفەت هی مەولەوی خۆی بن .

٥-محەمەد ، ئەنوەر قادر: مەولەوی ١٨٠٦ — ١٨٨٢ ستۆکهۆڵم ١٩٩٠ .

ئەم کارەی کاك ئەنوەر باشترین کارە، کە تائێستا لەسەر شاعیرێکی کورد نوسرابێت، هیوادارم بەشی کوردی زانکۆ کوردییەکان سود لەڕێبازەکەی وەربگرن .

٦-ئەم ڕستەیە نابێ ئەو گومانە پەیدابکات، کەمن خۆم بەسۆسیۆلۆگ دادەنێم ، خوێندنی ئەکادیمی کەس ناکاتە سۆسیۆلۆگ .. ئەم ڕستەیە تەنیا بۆ پۆل پۆلینەو جیاکردنەوەو هێڵکێشانە لەنێوان لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و هونەری و مێژوویی و سۆسیۆلۆگی .. هتد، بریا یەکێك بتوانێ لەڕوانگەی دەرونناسی و زانستی مۆسیقاوە دیوانی شاعیر بخوێنێتەوە ..

٧- هەورامی، عوسمان محەمەد : کەشکۆڵی حاجی مەحمودی یارەویس، سلێمانی، ١٩٩٨ .

٨- مودەرس، مەلا عەبدولکریم : یادی مەردان، ب٢، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٣٤٥ .

٩- محەمەد ، ئەنوەر قادر (س . پ) ل ٢٦٦ .

١٠- مدرس، مەلا عبدلکریم: عقیدەی مرضیة، بەغدا، ١٩٨٨ . (فاتح عەبدولکەریم پیاچۆتەوەو پەراوێزی بۆنوسیوە)

١١- وەکو ریچ بۆمان دەگێڕێتەوە، لەسەردەمی بابانەکاندا بەدیالێکتی کرمانجی خوارو گوتراوە (سۆرانی) واتە سۆرانی تایبەت نییە بەئیمارەتی سۆران .

١٢- مەولەوی دەرسی بەفەقێ وتووە، دوورنییە ئەم نوسینەی بەهۆی کاری رۆژانەوە نەبوبێت ، هەستی بەوە کردبێت عەرەبیەکەی (فضیلة)و فارسیەکەی ( فوایح) دەبنە کۆسپی تێگەیشتنی بابەت .



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئیدی بەزمانی دایك ـ دیالێكتی تاوەگۆزی ـ بۆئاسان كردنەوەی تێگەیاندنی بابەت هەڵبژاردوە من لەكاك ئەنوەریشم پرسی ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو .

١٣-لەكەشكۆڵەكەی حاجی مەحمودی یاروەیسدا شیعری سالم هەیەو شیعری مەولەویش هەیە. حاجی مەحمود هەردوكیانی نوسیوەو من بەدوری نازانم مەولەوی و سالم یەكتریان ناسیبێ یان بەلای كەمەوە بەرهەمی یەكتریان خوێندبێتەوە ..

١٤- نالی لە(خاكو خۆڵ) لەدایك بوەو، بەڵام لەڕووی زمانەوە بن دیالێكتی ئەسڵی خۆی خەفەكردوەو خۆی بەشێوەی شاری سلێمانی پەروەردەی كردوە .

١٥- موكریانی، گیو : دیوانی كوردی، هەولێر ، ١٩٧٣، ل٢٦ .

١٦-عەبدولكەریم، فاتح : مەولەوی عەقیدەكانی، لەمیهرەجانی مەولەوی بڵاوكردنەوەی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغدا، ١٩٨٩ ل ٤٢ .

١٧-محەمەد ، ئەنوەر قادر : (س .پ) ل٩١ .

١٨- مودەرس، م.ع (سەرچاوەی پێشو) د.م، ل ١٩٤.

١٩- فەرهادمیرزا معتمد الدولە كوڕی عەباس میرزایە (١٢٣٣ - ١٣٠٥) ك ژیاوەو، مامی ناصر الدین شایە، شیعرێكی زۆری لەپاش بەجێ ماوەو چەند كتێبێكی هەیەو بیرەوەری خۆی نوسیوە .

- هیدایەت السبل (بیرەوەری)

جام جم (دەربارەی مێژوو جیۆگرافیا)

- فلك السعادە (ئەستێرە ناسی)

بڕوانە: سنندجی (فخر الكتاب) میرزا شكر اللە : تحفەء ناصری در تاریخ و جغرافیای كردستان . تحقیق : د.حشمت اللە طبیبی . تهران ١٩٦٦ ص ٥٢٢.

هیوادارم نوسەرێكی كورد سەیرێكی نوسینەكانی فەرهاد میرزا بكات .



دووریش نییە نامەكانی لەمۆزەخانەیەكی ئێران نەپارێزرابێت .. چۆن بەڵگەنامەكانی یەكێك لەبنەماڵەی شای قاجار لەمۆزەخانەو كتێبخانەكاندا وەكو خۆی هەڵناگیرێت ؟

٢٠-سلطان مراد حسام السلطنە كوڕی عباس میرزای نایب السلطنە (١٢٣٣ — ١٣٠٠)دیارە كە لەگەڵ فەرهاد میرزا دووانە بوون .

بڕوانە : سنندجی (فخر الكتاب): (س. پ)ل ٥٢٨ .

٢١- بۆ تێگەیشتنی چالاكییەكانی مەولەوی و پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەكانی ئەردەڵان پێویستە سەیری هەر هەموو ئەو كتێبو لێكۆڵینەوانە بكرێ، كە لەسەر مێژووی ئەردەڵان نوسراون، بەتایبەت سالانی (١٢٦٠ ــ١٣٠٠)، كتێبەكەی میرزا شكراللە سنندجی و كۆمینتارەكانی د.حشمت اللە هەر زۆر بەسودن . ئەم كتێبە ساڵی ١٣١٩ ك نوسراوەو نوسەرەكەی دەوری لەڕوداوەكاندا هەبووە ، كتێبەكەی علی اكبر وقایع نگار كردستانی : (حدیقةء ناصریە) كەساڵی ١٣٠٩ ك نوسراوە ئەویش هەر پێویستە بۆ تێگەیشتنی ئەو سەردەمە ، ئەم كتێبە محەمەد رەئوف توكلی بڵاوی كردۆتەوە، تاران . ١٣٦٤ .

بۆناسینی كەسانی وەك فخر العلماو یوسف مدرس و... هتد . كتێبەكەی بابا مردوخ روحانی : مشاهیر كرد. دوبەرگ، تاران ١٣٦٤ .

سەرچاوەیەكی زۆر گرنگە .. دەبێ بەشێكی زۆری زانیاریە بڵاوكراوەكان لەسەر مەولەوی سەر لەنوێ بنوسرێتەوەو پێش ئەو هەنگاوەش لێكۆڵینەوە لەسەر هاوچەرخەكانی بنوسرێت .

٢٢- مودەرس، م ،ع : (س . پ — ی . م) ل ٤٧٢ .

٢٣- تەغاری گەنم لەپێنجوێن ١٢٠ قڕان بووە، واتە: پارەی ئەو ١٥٠ تەغارە دەكاتە ٢٣٠٠ قڕان .

قەرەداغی، محەمەد عەلی : هەندێك زانیاری لەدەستخەتێكدا ،

رەنگین، ژمارە ١٤١، ١٤ ت١، بەغدا ٢٠٠٠ ل ٩٢ .

٢٤- ساڵی ١٢٨٨ك لەسەرانسەری ئێراندا قاتو قڕی پەیدا بووە .

لەم ساڵەدا خەرواری گەنم بەدوو تمەن بووە، بازرگانەکان قاتو قڕیو برسێتی کۆمەڵانی خەڵکیان لەکوردستان بەهەل زانیوەو نرخی خەروارێك بەرزکراوەتەوە بۆ دوانزە تمەن، مەرج نییە نامەکەی مەولەوی پەیوەندی بەم قاتوقڕییە هەبێ، بەڵام رێی تێ دەچێ لەم ساڵانەدا نوسرابێ .

ئێمە نازانین سەید عەبدوڵڵای کوڕی کەی لەدایك بووە ؟

بڕوانە : کردستانی، علی اکبر وقایع نگار : (س .پ)ل ٢٢٥.

٢٥- مودەرس، م.ع : (س .پ)ی .م. ل٤٦١ .

٢٦- معروف ، رؤوف عثمان، مولوي في وثائق قديمة، في كاروان ع١٣، ت١ ، بغداد ١٩٨٣ ص ١١٨ .

-الملا عبدالكريم ، محمد: مولوي في وثائق قديمة – تصحيح وتعقيب – في : كاروان ع ١٧ شباط ، ١٩٨٤ ص ١٤٢ .

-الملا عبدالكريم، محەمەد: عود على بدء – فى الرسائل البابانيه واوراق قديمه اخرى. فى : كاروان ع ١٩ نيسان ١٩٨٤ ص ١٤٣ .

٢٧- مودەرس، م.ع : (س.پ-ی.م)ل٣٦٦.

٢٨- مودەرس، م.ع: (س.پ-ی.م)ل ٣٨٦ .

٢٩- مودەرس، م.ع : (س. پ-ی.م)ل٤٦٢ .

٣٠- مودەرس ، م.ع: (س.پ-ی.م)ل٤٦٣ .

٣١- مودەرس ، م.ع :(س.پ-ی.م)ل٤٧٠.

٣٢- مودەرس، م.ع: (س.پ-ی.م)ل ٤٦١ .

٣٣- طالەبانی، عەلی : دیوانی شێخ رضای طالەبانی، بەغدا، ١٩٤٦ ل٣ .

٣٤- گۆران : مەولەوی شیعری موناسەبەت، گۆڤاری هەولێر ژ٢٧.



ك٢ ، ١٩٥١، دووبارە بڵاوکراوەتەوە، بەیان، بەغدا، ل١ .

٣٥-باسی ئەو خاڵە کراوە، کەگوندی (بیاوێڵە) لەسەر شاعیر وەقف کراوە، بەڵام کاریگەرێتی لەسەر ژیانی دانەناوەو نازانرێ ئەو بڕیارە جێبەجێکراوە یا نە ؟

٣٦-بۆ مەولەوی ماڵی نەگواستۆتەوە بۆسنە، ئێمە نازانین دەسکەوتەکانی لەچونە (کوردستان) لەچاو دەستکەوتەکانی لەمانەوەدا چەندە! هەربۆ نموونە دەسکەوتی لەداهاتی زەلان یان هەر شوێنێکی دی چەند بووە ؟ غولام شاخان کاتێ کەمردوە هەشتا هەزار تمەن قەرزی لەسەر بوەو مناڵەکانی لەئەو پەڕی نەداریو کەساسی بوون، مەولەوی نزیکی لەتەوێڵەوە، کەنیشتمانی شێخ و پیری ئەوبووە، پێ گرنگتربوە تاسنە یەك زاناکانی ـ باڵی بەرەنگاری لەژێر گوشاربوونو باڵی سازشکاریش نامەی هێرشو پەلاماریان رەوانەی شاعیرکردووە، ئایا چۆن ئەو بە(ئاماژەکردن) بەوەقف کردنی گوندی (زەلان) سەری خۆی تەسلیمی جەنجاڵی چارەنوسێکی نەزانراوەوە دەکات؟

٣٧-مودەرس، م.ع : (س.پ-ی.م) ل٤٢٩ ب.د.

٣٨-سنندجی، میرزا شکر الله: (س.پ) ص٢٥٣ .

٣٩-مودەرس، م.ع (س.پ-ی.م) ل٤٣٢ .

٤٠-مدرس، م.ع: (س.پ-ی.م) ل ٤٣٧ .

٤١ – سنند جی، میرزا شکرالله : (س.پ)ل ٢٧٦ .

٤٢- محەمەد، ئەنوەر قادر : (س.پ)ل٦٥ ب.د.

٤٣- ئاشنا، ئومێد : مەحمود پاشای جاف، کاروان ژ٨٠ و ٨١ بەغدا، ١٩٨٩، ل١٠٨.

٤٤- محەمەد، ئەنوەر قادر : (س.پ) ل ٨٦ .

٤٥- مودەرس، م.ع : (س.پ) ل ٤٦٣ .

٤٦ – مودەرس، م.ع : بنەماڵەی زانیاران (محەمەد عەلی قەرەداغی) بۆچاپ ئامادەی کردوە، بەغدا، ١٩٨٤، ل٤٧٥.

٤٧- مودەرس، م.ع : (س.پ-ی. م) ل ٣٨٢ .

٤٨- مودەرس، م.ع : (س. پ-ی.م)ل١٨٥.

٤٩- محەمەد ، ئەنوەر قادر: (س.پ)ل٧٨ .

٥٠- محەمەد ، ئەنوەر قادر: (س.پ)ل ٧٨ .

٥١- مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: هەروەکو چۆن مەولەوی شاعیر حەزی لەکیژی مامۆستاکەی خۆی کردوە، شێخ حەسەنی سازانی (بولبول) شاعیریش کاتێك لای مەولەوی قوتابی دەبێ، حەز لەیەکێك لەکچەکانی دەکاتو دەیەوێ ماوەیەکی تر داوای بکات ، لەوکاتەدا مەولەوی ئەو کیژە بەشو دەداتو بولبول دڵی دەشکێ .

٥٢- ئەحمەد پریسی پورزای حاجی مەحمودی یاروەیس بووە، کەمرۆڤێکی دەستڕۆیشتوو بووە، دوورنییە ئەم خاڵە بۆ مەولەوی گرنگ نەبوبێت، پشتو پەنای بۆ خۆی پەیدا کاتو بەنزیکترین ڕێگە بەسەر پلەکانی (پەیژەی کۆمەڵایەتی)دا سەرکەوێ .

53 -RICH . J.: NARRATIVE OF A RESIDENCE IN KORDISTAN 107.
VOL . I, LONDON 1836 P.

٥٤- ئازاد خان کوڕی سلێمانەو خەڵکی کابولە، کاتێك نادر شا پەلاماری کابول دەدات، ئەم پەیوەندی پێوە دەکات، ماوەیەك لەنێوان هێزە بەشەڕهاتووەکاندا تەراتێن دەکات، دەوروبەری ١١٦٦ك دێتە شارەزوور، ماوەیەك بەیارمەتی علیمرادخانی بەختیاری دێتە کرماشان، پاش شکانی لەگەڵ یەکێك لەسەردارەکانی کەریم خانی زەند ڕوودەکاتە بەغدا . ساڵی ١١٩٥ بەنەخۆشی لەشیراز مردووە. دەبێ لەنێوان ئەم سێ ساڵەدا، ئەم ئەفغانیانە لەشارەزور گیرسابنەوە .

٥٥-مەلا کەریم، محەمەد : مەولەوی - ژیانو بەرهەمی . لە : ئەنتۆلۆگیا ستۆکهۆڵم ١٩٩٩ ل ٢٤.

٥٦- وقایع نگار کردستانی نوسیوە، کەساڵی ١٢٨٧ ك (وەبا)یەك کوردستانی تەنیەوە، دوو سێ مانگی کێشا، دوورنییە بەهۆی ئەم (وەبا)یەوە (عەنبەر خاتون)



گیانی لەدەست نەدابێت، چونکە لەوبەیتەی مەولەوی ئەوە دەخوێنرێتەوە، کەئەو ژنە کوتو پڕ مردبێو لەناکاو گەردەلولی مەرگ راپێچی کردبێت .. مەرجیش نییە ئەم (ئیحتمال)ە راست بێت .

بڕوانە : کردستانی، علی اکبر وقایع نگار (س.پ)ل ٢٢٥ .

بڕوانە : مودەرس، م.ع : (س. پ. د. م ) ل ٢٠٨ .

٥٧- العلوی : هادی : مدارات صوفیه، دمشق ، ١٩٩٧ ص٨٢ .

ـ مودەرس، م.ع (س. پ - ی. م) ل ٤٧٠.

٥٨ـ مودەریس: مەلا عەبدولکەریم (س. پ) (ب٢)، ل ٤٧٠.

٥٩ـ سلطانی، محمد علی: قیام و نهضت علویان زاگرس، تهران، ١٣٨٢، ص٩٠.

٦٠ـ مکری، دکتر محمد: تحقیق در بارۂ یکی از بنچاقهای تاریخی کردستان از قرن دهم هجری (قبالۂ انزله) در مجلۂ آسیایی پاریس، ١٩٦٣، ص٢٢٩ ـ ٢٥٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# حاجی قادری کۆیی و
# پرۆسەی ویستەرنیزێشن*

* وەکو نامیلکەیەك بلاوکراوەتەوە، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، هەروەها لە گۆڤاری نۆڤین ژمارە(٢)، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، بڵاوکراوەتەوە. لە (رۆڤار)، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەبەست لەپرۆسەی وێستەرنیزێشن westernization کە بەکوردی دەبێتە رۆژاواگەریو بەفارسی (غرب زدگی)و بەعەرەبی(تغریب): پرۆسەیەکی دوورو درێژەو دەیەوێ پێشکەوتنو دەسکەوتەکانی رۆژاوا بۆ خۆی هەلگرێتو بۆ گەشەپێدانی ژیانی ئابووریو سیاسیو کەلتووری سوودی لێ وەرگرێت. سەرەتای ئەم پرۆسەیە بۆ تێگەیشتنو دۆزینەوەی لاوازیو بێهێزی بەرامبەر پێشکەوتنی تەکنەلۆجی ـ زانستی ئۆروپا دەگەڕێتەوە. بەش بەحاڵی جیهانی ئیسلامی سەرەتای هەست بەلاوازیو پاشەکشەکردن، لەسەرنەکەوتنی گەمارۆدانی شاری ڤینا(Wien)ساڵی ١٦٨٣ دەست پێدەکات. لەم چرکەیەوە دابەزینی کێرڤی بالادەستیو شکۆمەندیی ئیسلامیی بن ئالای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەزەقی بەرچاو دەکەوێت. سوپای ((خیر أُمة أُخرجت للناس)) بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لەشەڕوشۆڕدا بەرامبەر سوپای ئۆروپی ـ مەسیحی خۆی راگرێت.

تێکشکانو پاشەکشەی سەربازی دەوڵەتە موسڵمانەکانی ناچار کرد، بیر لەدۆزینەوەی نهێنیی بالا دەستیی ولاتە ئۆروپییەکان بکەنەوە. بەرە بەرە بالوێزو شاندو خوێندکارانیان، بۆ دۆزینەوەو تێگەیشتنی نهێنیی هێزو بالا دەستبوونی ئەوانو لاوازیو پاشکەوتنی ئەمان رەوانەی ئۆروپا کرد.

دەوڵەتە ئیسلامییەکان سەرکەوتنی ئەوانیان تەنیا بۆ پێشکەوتنی تەکنۆـ زانست لەبواری سەربازیدا گێڕایەوە. راستە شۆڕشی پیشەسازی سەربازیی نێوان ١٥٠٠ـ ١٨٠٠ بنەمای مێژوویی پێشکەوتنی ژیاریی رۆژاوایە، بەلام هەڵسانەوەی ئەوان نابێ تەنیا بۆ یەك بوار کورت بکرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی رێنیسانسو ریفۆرماسیۆنی ئایینیو شۆڕشی پیشەسازیو پێشکەوتنی تەکنۆ ـ زانستی مۆدێرن، کەرەهەندی دامەزراوەیی بەخۆیەوە بینیو سەرتاپا کۆمەڵی گۆڕی.. سەرنەگرتنی کۆشانو هەوڵو تەقەللای رابەرە



موسڵمانە سیاسییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوان تەنیا وەرگرتنی تەکنۆلۆجیای شەڕیان پێ باش بوو، هەرچی کەلتووری سەروەریی بیری عەقلانی (راسیۆنالیزم)و( Rationalism) بالا دەستیی بیرو عەقڵو گۆڕاندنی سیستێمی پەروەردەو ژیانی سیاسیو ئازادی بیروباوەڕ، بەکاری زەرەرمەندو ترسناك دادەنوان.

تەوژمی رۆژاواگەری دەیان کەلێنو کەلەبەری دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆی قایم بکاتو چاکسازی کۆمەلایەتی بەرەو پێشەوە بچێتو لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکات. سەرەڕای گیانی دوژمنایەتیکردنی دەسەلاتدارانی ئەوساو هێزی نەریتی کۆن کە دژی گۆڕانو پێشکەوتن بوون[1] .

راستییەکی زانراوە، ئێمە سەرجەمی دیوانی حاجی قادری کۆییمان[2] پێ نەگەیشتووە، بۆیە زەحمەتە بەوردی هەڵوێستی ئەو لەپرۆسەی رۆژاواگەریدا تێبگەین. ئایا ئەو، هەر کە لەکوردستانەوە گەیشتۆتە ئەستەموولو بەرگی (ترادسیۆنی) داکەندووەو هەر یەکسەر بەرگی مۆدێرنی لەبەر کردووە؟ یان لەسەرەتاوە دیمەنو ژیانی تاراوگەی پی قووت نەدراوەو دژی مۆدێرنە دەیان پارچە شیعری داڕشتووە؟

ئێمە لەسەر ژیانو چالاکیو هەڵوێستو بیرکردنەوەی شاعیر، جگە لەشیعرەکانی، هیچی ترمان بەدەستەوە نییە!

من لەژیانی تاراوگەدا جارێکیتر شیعرەکانی "نالی"و "سالم"و "شێخ رەزا"و "کەیفی جوانرۆیی"و "حاجی قادر"م خوێندۆتەوەو بەجۆرێکیتر لێیان تێگەیشتووم، لەچاو خوێندنەوەی ناو ولات. ئەوی راستی بێت پلانی ئەوەم دانا بوو سەفەری ئەستەموول بکەمو دوای شوێنەواری "نالی"و "حاجی قادر" بکەوم، هەرچیم کرد، پووشێکیشم دەست نەکەوت چنگی پێوە بگرم. هەروا بۆ ئەستەموول رۆیشتنیش سوودێکی ئەوتۆی نابێت. ئەو کاتەی پلانی سەفەرم دادەنا سەرلەنوێ شیعرەکانم دەخوێندەوە هەولی(ریکۆنسترۆکسیۆن- Rekonstruktion) ی ژیانی شاعیرم لەتاراوگە دەدا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## حاجی قادرو بەدرخانییەکان

ریکۆنسترۆکسیۆن یان ریکۆنسترەکشەن ئەوەیە: شتێك یان بینایەك شوێنەواری بەئاستەم مابێت، سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە. ئێستا بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی لەرێگەی هەندێ پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوە دەتوانرێ، لەسەر بنەمای هەندێ دیوارو بنچینەو خشتو داروپەردوو بەوردی وێنەی شوێنەوارەکە بۆ دۆخی جاران بگێڕدرێتەوە. دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی یان ژیاننامەی تاقەکەسێکیش دەتوانرێت سوود لەشێوازی ریکۆنسترەکشن وەرگیرێت.

دیاسپۆرای کوردی ئەستەموولی نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ بەگشتی دوو بەرە بوون: بنەماڵەی میرانو بەرەی هەژارو بەلەنگازو کاسبکاران. بەدرخانییەکان، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی ١٩ بەزۆرەملێ لەپایتەخت نیشتەجێکرابوون، دەستەیەکی چالاكو گورجو گۆڵو یەکگرتوو بوونو بەگشتی لەبن کارتێکردنی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالدا بوونو ژمارەیەکیان خۆیان تەسلیمی بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی عوسمانی کرد بوو. ئەمرۆ ئێمە دەزانین، هەشت کەس لەیەك کاتدا، لەئەندامانی ناسراوانی ئەم بنەماڵەیە هەڵگری پلەی (( پاشایەتی)) بوون. دارو دەستەی سوڵتانیش رەنگە سیاسەتی پشی پشیو نەوروژاندنی بەکارهێنابێت، بۆ ئەوەی ئەمانە لەبن دەستیدا بن. چیرۆکی گەڕانەوەی میقداد مەدحەت بەدرخان سەرنووسەری رۆژنامەی ((کوردستان)) لەقاهیرەوە بۆ ئەستەموول، رادەی پەیوەندیو شێوەی کارکردن لەنێوان هەردوولا پیشان دەدات. کارێکی هەروا ئاسان نییە یەکێك لەسمبۆلەکانی رۆشنگەری کوردی لەبەرەی (ئۆپۆزسیۆن)وە بۆ بەرەی دەسەڵاتداران، بەناچاری بگەڕێنرێتەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر ژیانی حاجی قادریان نووسیووە، جەختیان لەسەر ئەو داستانە کردووە، گوایە حاجی قادر مامۆستای منالی بەدرخانییەکان لەئەستەموول بووە. مامۆستا مەسعود محەمەد[٣] سێبەری گومانی خستۆتە سەر ئەو داستانەو شیعری:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**شەوێ دانیشتبووم بێ شەمعو میصباح**

**ئەو تۆی هێناوە یادم کاکە فەتتاح** ل٢٤٣

کراوەتە بەڵگەی نەداریو دەستکورتی. سەیرێکی شیعرەکانی تریش بکرێت، جگە لەجیهانبینی هەژاری، هیچ ئاماژەیەکیتر بەرچاو ناکەوێت، بۆنی دەستڕۆیشتوویی و دەوڵەمەندی لێوەبکرێت. ئەو لەو شاعیرە دەسەڵاتدارانەیە، بۆ ئەوە دانەماوە پیشەو کاری خۆی دیاری بکات. لەیەك دوو شیعری سەردەمی پێش سەفەری بۆ ئەستەموول بەروونیو زەقی دەسنیشانکردنی پیشەی تێدا بەدی دەکرێت:

**من فەقێمو غەیری سیپارەم لەباخەڵدا نییە**

**ئەو کەسەی صاحیب قرانە ئیددیعای غازی دەکا** ل٤٤

ئەو کۆمەڵە شیعرەی ئێستا لەبەردەستدان، دەیان جاری تریش لێکۆڵینەوەی زانستی ورد دووگاسنەیان بکات، هیچ هێمای ناڕاستەوخۆش بۆپیشەو کارو کەسابەت بەدی ناکرێ. ئەم بۆشاییو نەزانینو نادیارییە بە رستەی: مامۆستایەتی منالی بەدرخانییەکان پڕکراوەتەوە! لەوانەیە شاعیر دۆستایەتیو ناسیاویو ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ ئەندامی ئەم بنەماڵەیە بووبێت، بەدەلیلی بڵاوکردنەوەی هەواڵی مەرگی حاجی قادر، کەساڵێك پێش بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی (کوردستان) بووە. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەرز نرخاندنو رێزلێنانو یادکردنەوەیە، تەنانەت لەتاراوگەی بەدرخانییەکان، بەڵام مەرج نییە پەیوەندی مامۆستاو قوتابی لەنێوانیاندا هەبوو بێت.

جارێ ئەستەموول زێدو نیشتمانی بەدرخانییەکان نەبووە، تا دەرگای دیوەخانیان بۆ شاعیرو زاناو دەروێش لەسەر پشت بێت. ئەستەموول تاراوگەو ((هێلانەی لانەوازان)) بووە، زەحمەتە دەربارو کۆشكو تەلاریان هەبووبێت، تا بتوانن مامۆستایەك بۆ وانە وتنەوە لەئامێز بگرن! راستە بەدرخانی گەورە(١٨٠٢-١٨٧١ ) چل کوڕی هەبووەو لەوانیش ژمارەیەك کوڕەزاو نەوە کەوتونەتەوەو بەشێکیان لەئەستەموول ژیاون. ئەمە

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام راستی حاشا هەڵنەگری تریش هەن: بەشێك لەبنەماڵەی بەدرخان لەسەنگەری ئۆپۆزیسیۆندابوون. ئەمین عالی بەدرخان‌و مەدحەت بەگ بەدرخان ساڵی ١٨٨٩ جووڵانەوەیەکی عەسکەرییان[٤] بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی باوباپیرانیان رێکخست! بزاڤەکە هەر لەناو جۆلانەدا هارێنرا. بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (کوردستان)[*] یش لەقاهیرە ساڵی ١٨٩٨ بەڵگەیەکی ترە لەسەر گیانی نارەزایی لەنێو ئەم بنەماڵەیەدا. گەر ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە ئاسوودەو رازیبوونایەو لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە لەئامێز بگیرانایە، رەنگە زۆربەیان لەریزی دەمچەورکراوەکاندا بوونایە، نەك بەرەی ئۆپۆزیسیۆن.. کێ دەڵێ: ئەمانە لەلایەن دەوڵەتەوە رێگەی ئازادیی جووڵانەوەو ژیانیان دراوەو تەنگیان پێ هەڵنەچنراوە؟ گریمان ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە هەر هەموو لەیەك گەرەکدا بووبن‌و پێکەوە ژیابن، دەبێ منداڵەکانیان بەکرمانجی سەروو (بۆتانی) یان بە(عوسمانی) لەنێو خۆیاندا دوابن، ئەمەش بەڵگەیەکی دژ بەخوێندنە لای مامۆستایەکی سۆرانی زان! زەحمەتە حاجی قادر کرمانجییەکی زۆرباش فێربووبێت، بایی ئەوەی دەرسی پێبڵێتەوە، ئەگینا فێربوونی کرمانجی لەشیعرەکانیا رەنگی دەدایەوە. رێی تێ‌ناچێ مامۆستای زمانی تورکی یان عوسمانیش بووبێت، هەرچەند گومان لەوەدانییە، کەزمانی عوسمانیی چاك زانیوەو شیعری پێ نووسیووە..

گریمان ریوایەتی مامۆستایەتی، راستەو هیچ کەموکوڕیی نییە! چونکە لەدیوانەکەی حاجی‌و وتارەکانی رۆژنامەی(کوردستان)دا چەندین هێڵی فیکری‌و ئایدیۆلۆجی تەریبی‌و یەکانگیر لەنێوان هەردوولادا هەن، بەتێبینی پێشکەوتنی کاتی شاعیری خاوەن خەونی نەتەوەیی. گەر گریمانەی مامۆستایەتی راست بێت‌و بەڵگەی تەواو هەبێت، مەرج نییە مامۆستاو خوێندکار لەبن سێبەری یەك تەلاردا ژیابن‌و شەوو رۆژ پێکەوە بووبن.. ئەم جۆرە پەیوەندییە نە لەچین‌و ماچین‌و نە لەفەرەنساو نە لەئەندەنۆسیادا هەبووەو هەیە. گەر مامۆستا لەدیوەخانی بابی خوێندکاران نزیکەی سی‌و چوار ساڵ



ژیابێت‌و پێکەوە لەسەر خوانێك نانیان خواردبێت، ئەوە سەدی سەد ئەو پەیوەندییە لەبەرهەمە شیعرییەکانیدا رەنگی دەدایەوە. ئەو بۆ سەفەرێکی کورتی لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەدا پاش دەیان ساڵ لەبیر مابێ:

**بەفیکرت دێ زەمانێ چوینە باڵەک**

**بەپێ خواسی نەکەوشم بوو نەکاڵەک** ل٣٤٦

بۆ نەتوانێ پارچە شیعرێك بۆ یەکێك لەقوتابییەکانی بنووسێ‌و پێی بڵێ:ـ

(( **بەفیکرت دێ زەمانی ئەز مامۆستات بووم**)) یان

((**بەفیکرت دێ ئێوە بوونە چەتر بۆ من**))

د. عەبدوڵڵا مەردۆخ لەدانیشتنێکدا جەختی لەسەرئەوە دەکرد، کە بۆخۆی چەند جارێك لە د. کامەران بەدرخانی (١٨٩٥ ـ ١٩٧٨) بیستووە، کە حاجی قادر بە منداڵی دەرسی پێووتون‌و ئەو خۆی دیویەتی. ئەم گێڕانەوەیە ورد نییە، چونکە شاعیر پاش دوو ساڵ لە لەدایکبوونی د. کامەران بەدرخان کۆچی دوایی کردووە. ئەگەر ئەو، لەمام‌و ئامۆزاو کەس‌و کاری تری بیستبێتی، ئەوە شتێکی جیاوازە. بوون‌و نەبوونی پەیوەندی پێویستی بە بەڵگەیەو لێکۆڵینەوەی وردتر بۆ تێگەیشتن لەسەرچاوەی بیری نەتەوەیی لای حاجی قادری کۆیی.

## کارو پیشەی شاعیر

بەرامبەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە، کە لەکۆنتێکستی (context ) شیعرەکانیەوە هەڵێنجراوەو شاعیر بەسەر کێڵگەی ناکامیدا بروسکەی خەم‌و پەژارەی هەژاری‌و دەستکورتی دەبارێنێ، لەرۆژنامەی (کوردستان)ی ژمارە سێدا هەواڵی کۆچی دوایی حاجی قادر بڵاوکراوەتەوە. ئەم دەقە گرنگییەکی زۆری بۆ ئێمە هەیە، وەکو گوزارش‌و

شایەتی کەسێکی هاوچەرخو بەئاگا لەکەسایەتیو ژیننامەی ئەو، گەر ئاوەڵناوی ((ناسیاو)) لەرستەکە دەرهاوێژم. هەواڵەکە زۆر روونەو دەڵێ:

((عالمك ژ سورا هبی..)) رۆژنامەکە حاجی بە((عالم)) یێکی سۆرانی داناوە نەك شاعیرێکی سۆرانی. گومان لەوەدا نییە نووسەرەکە سوور زانیویەتی حاجی شاعیرێکی گەورەی کوردە. چونکە لەهەمان هەواڵدا نووسراوە (اڤ مروڤ صاغیا خوە دە گلك خپتی درحقا علماندنا علمو معرفتیرە گلك بیتو واشعارین کرمانجی دنڤیسی..)) پەیامنێر یان نووسەر قەوارەو ژمارەو ناوەرۆکی شیعرەکانیشی زانیوە، بەڵام بۆ جەختی لەسەر ئاوەڵناوی ((عالم)) کردووە. دیارە نووسەری هەواڵ وەکو ((عالم) ناسیویەو بەلایەوە ئەو وەکو ((عالم)) زیاتر ناسراوە نەك شاعیر. مەلای گەورەش ئەوەندەی وەکو زاناو کەسایەتی ئایینی ناسراوە وەکو شاعیر نەناسراوە، هەرچەند کۆمەڵێك شیعری هەیە. من لەم رۆژگارەی خۆشمان دەتوانم نێوی دەیان کەس بنووسم، کە بەپیشەو خوێندنی زانکۆ لەبوارێکدا پسپۆرە، بەڵام لەبوارێکی تردا نێوی رۆیشتووە. لیۆناردۆ دافینشی بەتابلۆی مۆنالیزاوە ناوی دەرکردووە، هەرچەند لەچەندین بواری جیاجیادا کارامەو پسپۆر بووە. حاجیش لەم دەستوورە بەدەرنییە. ئەو لەکوردستانیشدا پێش ئەوەی شاعیر بێت، زانایەکی ئایینی بووە. لەئەستەموولْ نەیتوانیوە بەشیعر بژێت، ئەوە ئەمڕۆش بۆ سەدان شاعیرو نووسەر لەسەرانسەری جیهاندا بارێکی ئاساییە، کەناتوانن بە((پیشەسازی شیعر) بژین. دیارە وەکو((عالم))یێکی کوردپەروەر لەپایتەختی ((عوسمانلی))و ((پان ئیسلامی)) کاری کردووەو رێبازی خۆی لەپێناوی نانو بژێوی نەگۆڕیوە، بۆیە هەر بەهەژاری ماوەتەوە.

### کۆمەڵی دواکەوتوو.. دیسکۆرسی پێشکەوتوو

شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی هەروەکو زۆربەی نوسەران تێبینییان کردووە، هەر زۆر پێش سەردەمی خۆیان لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە کەوتوون. ئەو بۆکۆمەڵی



دایك، پێشکەوتووبووە، بەڵام بە پێوەری کۆمەڵی ئەو سەردەمەی ئەستەمبوڵ بپێورێت، رەنگە وا دەرنەچێ.. ئەمە راستییەکی زەقە و بڕواناکەم هیچ شاعیرو نووسەرێکی ئەم سەردەمە، گەر بەگەورەیی رووی کردبێتە ولاتانی ئۆروپا، توانیبێتی زۆر سوود لەئەدەبی رۆژئاوایی وەربگرێت، مەگەر لەوێ لەدایك بووبێت یان بەمنداڵی لەوێ گیرسابێتەوە. بازنەی جوغزی سوودوەرگرتنی ئەوانەی تەمەنیان چل ساڵ تێدەپەڕێنێ، تا خوا حەز بکات بەرتەسکەو هەر بەناتەواوی دەمێنێتەوە، چونکە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە جیاوازی کەلتوری پەروەردەییەوە هەیەو کەم کەس توانیویەتی بەسەر ئەو کۆسپو جیاوازییەدا زاڵ بێت .

یەکێك لەهاوڕێکانم، کە زمانو ئادابی ئەڵەمانی (گرمانستیك)ی دەخوێند، ویستبووی نامەی ماجستێرەکەی لەسەر (بیرتۆلد برێشت) بنوسێت. پرۆفیسۆرەکە هەر زۆری پێخۆش بوو. یەکسەر لیستی هەشت هەزار ژیدەرو سەرچاوەی خستبووە بەردەست. خوێندکاری داماو بە شەش مانگ شەش شانۆگەری بۆ نەخوێنرابووەوە. ئەوە خوێندیو لێشی تێگەشت، ئەی چی لەسەر بنوسێت و چۆن بەتیۆرییەکانی شانۆو ئەدەب و فەلسەفەوە گرێیان بدات؟

حاجی قادر کاتێك رووی کردۆتە هەندەران (ئەستەموولْ) پیاوێکی کاملْ بووە. گەر خەملاندنی تەمەنو ساڵی کوردستان بەجێ هێشتنی تەواو دەرچێتو سەرلەنوێ سێبەری گومان نەخرێتە سەر بەڵگەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد، ئەوە ساڵی ١٨٢٤ لەدایك بووە و پاش ساڵی ١٨٦٣ بۆ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی سەری خۆی هەڵگرتووە. واتە: ئەو کاتە تەمەنی نزیکەی چل ساڵ بووە. چل ساڵی، تەمەنی هەرزەکاریو سەرچڵبازی و سەرەڕۆیی نییە، دیارە ناچاری پاڵی پێوەناوە، دەست لەخوێندنو ئیجازە وەرگرتن هەڵگرێتو (کۆنسیپت Konzept )[٥]ی ژیانی وەکو کەپری سەرەتای پایزان هەڵوەشێنێتەوەو لە(نیشتمانی نوێ) سەرلەنوێ کۆنسیپتێکی تر بۆ ژیانی پێکەوە بنێ.

چل ساڵ هەروەکو فەرەنسییەکان دەڵێن: ((پیری گەنجایّتیەوە)) و ئیدی بۆ فێربوون‌و خۆراهێنانی بنەڕەتی، هەروا ئاسان نییە و مێشك ئامادەیی وەرگرتنی وەکو هەرەتی لاوی نامێنی.. حاجی قادر لەم دەستوورو ڕێسایە بەدەرنەبووە. ئێمە هیچ زانیاری‌و بەڵگەمان بەدەستەوە نییە، کەسێکی هاوچەرخی ئەو، تۆماری کردبێت‌و قۆناغ بە قۆناغ ڕەوتی گەشەکردنی کەسایەتی‌و شاعیرێتی تێدا ڕەچاوکردبێت. ئێمە ئێستا تەنیا شیعرەکانمان بەدەستەوەیەو هەندێ دەنگ‌و باسی ڕاست‌و ناڕاست‌و هیچی تر[٦].

دەربارەی شیعرەکانی ـ نوسینەکانی مامۆستا مەسعوودی لێ دەرچێ ـ بە شێوەیەکی زانستی هێشتا هەڵنەسەنگێنراون. بۆ نموونە: زمانی شیعرو ڕەوانبێژی و تەکنیکی داڕشتن لەقۆناغی ولات (کۆیە)و ئەستەموول گۆڕانێکی زۆرکەم و رووکەش‌و سادەی بەسەردا هاتووە. خەزێنەی وشە/ سەبك/ئامڕازی دەربڕین/ هونەری ڕەوانبێژی.. هتد. تا ڕادەیەك لەهەردوو قۆناغەکەدا وەکو یەکن. ژینگەی نوێ هیچ کارێکی نەکردۆتە سەرزمان‌و شێوەو بینای قەسیدەو غەزەل .. ئەمە ڕەنگە بەڵگەیەك بێت، کە شاعیر لەوڵات فێری زمانی عوسمانی بووە.. یان شاعیر هەر زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ دیواری دەرەوەی زمانی (نوێ)دا هەڵسوکەوتی کردووەو هەوڵی چوونە ژوورەوەو تێگەیشتنی نهێنییەکانی نەداوە. دابڕان لەخوێندنەوەو بە دواداچوونی بەرهەمی نوێی ناوەوەی ولاتیش، دەبێتە هۆی مانەوەو نەگۆڕانی زمان.. پیرەمێردی شاعیر لەژیانی ئاوارەیی‌و تاراوگەدا دەستی داوەتە شیعر نووسین، پاش گەڕانەوەی بۆ نیشتمان گۆڕانێکی گەورە، لەرووی شێوەو ناوەڕۆکەوە بەسەر شیعرەکانیان هاتووەو کەس ناتوانێ بڵێ: ((شیعری سەردەمی ئەستەموول و شیعری سەردەمی سلێمانی هیچ جیاوازییەکیان نییە)).

لای حاجی قادری کۆیی، جیاوازی زەق لەڕووی شێوەو زمانی شیعرییەوە، بەدی ناکرێت. ئەو خەرمانەی چوارچێوە داڕشتن‌و وشەئارایی وەکو خۆی هێشتۆتەوەو هیچ گەشەی پێنەداوە یان نەیتوانیوە لەوە زیاتر پەرە بەئامڕازەکانی دەربڕین بدات. لەهەندێ بڕگەدا هەست ناکەیت شاعیر لەپایتەخت دەژێت: شەقام‌و تەلارو کەناری دەریاو بازاڕو



دوکان‌و دائیرەی حکومەتی بەدی ناکەیت. ئەو بەلەش لەشارێکی گەورەی نیمچە ڕۆژهەڵاتی‌و نیمچە ڕۆژئاوایی بەناچاری گیرساوەتەوە، بەڵام بەدڵ‌و بەگیان‌و هەست‌و نەست لەناو لادێ‌و بن ڕەشماڵ‌و دیوەخانی گەورە پیاوانی کوردستانە:

لەحیلە حیلی کەحیل‌و لە باڕە باڕی مەڕان
لەدەنگی قۆڕەی گاجووت‌و بۆڕەی مانگا

لەگورگە لوورو، حەپەی سەگ، لەقاڕە قاڕی بزن
لەعەکسی دەنگی دووبارەی کەدێتەوە لەچیا

لەئۆحە ئۆحەیی گاوان‌و قیڕە قیڕی شوان
لەبگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشرو حەلا [ل٣٤]

من جاران، کە لەگەڵ ناسیاوێکی کورددا بەناو گوندێکی هۆڵەندی یان دانیمارکیدا تێدەپەڕیم‌و هەرچی چاوم دەگێڕا، کەسم بەرچاو نەدەکەوت، دیمەنی لادێی خۆمانم دەهاتەوە بەرچاو: پۆل پۆل خەڵك لەبن دیواری مزگەوت هەڵتروشکاون/ گەلەسەگ لەهەرچوارلاوە بەپیریتەوە دێن/ کەڵەشێر دەخوێنێ/ کەر دەزەڕێنێ / زاق‌و زیقی مندالان دێ.. دڵنیام حاجی غەریبی لادێی کوردستانی کردووەو زۆر ئازاری چەشتووە، بۆیە ئەم رووباری وێنەیە، لەسەرانسەری شیعرەکەدا تەقیوەتەوە..

ئەم وێنەیە ئاساییە، ڕەنگە پاش پەنجا ساڵی تریش لای شاعیرێکی پۆست مۆدێرنی دوورە ولات دووبارە بێتەوە، ئەگەر دێهاتی ئێمەش تا ئەو کاتە وەکو دێهاتی ئۆروپای لێ نەیەت. لەشوێنی تر تەنیا وێنەکانی ولاتی هەڵنەهێنجاوە، بەڵکو بەزمانی هەمان کەلتوورو بیرکردنەوەو نەریت باسی کێشەی نەتەوەیی کردووە.

شاعیر هەر هەمووی وەکو خۆی بەبێ دەسکاری‌و گۆڕانکاری هێشتۆتەوە، تەنیا لەرووی ناوەڕۆکی سیاسی‌و دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیەوە (قەڵەمباز) ێکی گەورەی داوە. گومان لەوەدا نییە هەڵبژاردنی ئامرازی دەربڕین‌و داڕشتن، سەرووی ئارەزووی

شاعیرەو یەکێك خۆی بەهرەی نەبێت‌و خۆی ماندوو نەکردبێت‌و ئەزموونێکی قووڵی نەبێت، ناتوانێ بڕیاری نووسینی بەرزترین‌و باشترین شیعرو بەرهەمی ئەدەبی بدات. ئەو لەژیانی تاراوگەدا، بەهۆی دابڕان‌و نەمانی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی شیعری، زمانی شیعری لەسەردەمی پێش تاراوگەدا قەتیسی کردووەو هیچی نوێی نەهاتۆتە سەر. شاعیر خۆشی لەسەرپشتی ئەسپی (غەزەلیات) دابەزیوەو سواری ئەسپی شیعری سیاسی‌و کۆمەلایەتی بووە. بەمەبەستی بەشداریکردنی چالاکانە لەگۆڕاندنی کۆمەڵ.

ئێمە ئەگەر لەروانگەی ئامانج‌و مەبەست‌و رووی دیسکۆرسی سیاسییەوە(خیتابی سیاسی) شیعرەکان لێکدەینەوە:

- ئەو شیعری تەنیا بۆ خۆی نووسیوە؟
- بۆ خوێنەرانی ناو وڵات؟
- یان گەیاندنی دەنگی بەجەماوەری تاراوگە ئامانجی ئەو بووە؟

دەنگی شاعیر، دەنگی تاراوگە نییە، ئەو لەکاتی شیعر وتندا رووی لەکۆڵان‌و گەڕەکەکانی ئەستەموول نییە. نامەو پەیامی بۆ خۆی نییە. ناوی کەسایەتی‌و دۆست‌و هاوولاتییانی ئەوێ ناهێنێ‌و بۆ راپەڕین هانیان نادات. ئەمەش هەر شێوەی قورسی‌و گرانی پەیوەندی نێوان شاعیرو ژینگەی نوێ پیشاندەدات. نامەی شیعری لەچەقی پایتەختەوە بۆ دۆست‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەری ناو وڵات ناردووە. دەیەوێ هۆشیاریان کاتەوەو بەئاگایان بهێنێ یان دەیەوێ بەهرەمەندی‌و سەرنجڕاکێشانی خوێنەران بۆ خۆی راکێشێ؟ ئەو دەیەوێ بە ناڕاستەوخۆ بیسەلمێنێ ئەو رابەرو رچەشکێن‌و ئالا هەڵگرەو ئەفسانەیە. هەرگیز شایانی دەرپەڕاندن‌و راونان‌و هەڕەشەو سوکایەتی پێکردن نەبووە:

**من کەسێکم زەمانەیی ناکەس**
**دای بڕیوم لەقەوم و قیلەو کەس** ل٢١٠
**من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم**



**وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم**
**ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێدەگرن**
**ئەو دەمەش دێ کەئێوە بۆی دەمرن**
**ئەم بە ئەو، ئەو بە ئەم دەڵێ: کاکە**
**سەیری قانوونی حاجی چەند چاکە !**
**هەرچلۆنێ ئیشارەتی فەرموو،**
**وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو** ل٢١٤

* * *

**مەڵێن: بێکارە بوو (حاجی) لەرۆما**
**ئەمن پیاوم لەنێو شاری ژنانم**
**بەئومێدی ئەسەری حوسنی رەزا دەچنە وڵات**
**شیعرەکانم کەسەراپا وەکو خۆم بێ سەروپان** ل٨٤

حاجی خەون‌و هیوایەکی گەورەی بەژیانی دوورە وڵاتی هەبووە. کۆنسیتپێکی نوێی بۆ مۆتیڤی ژیانی تاراوگە داناوە. پاش ماوەیەك خەونەکان هەڵپڕووکاون، نەخێزانی[٧] پێ دروستکراوەو نە لەپەیژەی کۆمەلایەتیدا توانیویە بەرەو سەرەوە هەڵکشێ. نەوەکو ئەدیب‌و شاعیر کۆمەڵی عوسمانی / کورد دانی بەبەهرەو توانایدا نراوە، نە هەلومەرجی بۆ رەخساوە لەجیهانی کارو کەسابەتدا بەردێك لەسەر ئەوەکەیتر دانێ. تێکشکان‌و شەقڵی داڕووخانی کۆنسێپت بەبالای شیعرەکانیا دیارە. بێگومان شاعیر لەبواری ئەدەبیدا یان بازرگانیدا سەرکەوتووبوایە، پێوەی دیاربوو، بەدەنگی بەرز هاواری دەکردو بەکەس نەدەشارایەوە.

هۆی گەڕانەوەو نەگەڕانەوە بۆ زێدو نیشتمان، بەیەکجاری یان بۆماوەیەکی کورت، لەپەنای سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی شەخسی خۆی حەشار دەدات. کەسێك زۆر شەیداو عاشقی وڵاتی خۆی بێت، بەپووش‌و پەڵاشی تاراوگەوە ناگیرسێتەوەو بەهیچ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرژەوەندییەکەوە خۆی هەڵناواسێ، مەگەر لەسەر خاکی (نیشتمان)دا مەترسیو هەڕەشەی ترسناك لەهەموو گۆشەیەکی دیارو نادیاردا بۆسەی چڕوپڕیان بۆ نابێتەوە..

لەرۆژنامەی (کوردستان)ی ژمارە (٣)دا، ئاماژەیەکی تری سەرنجڕاکێش هەیە، کە وەکو ستراتیجی سیاسی شاعیرە بۆ هەڵسانەوەو رابوونی گەلی کورد:

(( گلك بیتو اشعارین کرمانجی دنڤیسی ریدکر ولات خوە سورا عزمانِ وی عزمانِ سورایە لوما کرد حمی ڤی عزمانی نظانن))حاجی شیعری خۆی بۆ جەماوەری کوردی (دیاسپۆرا)ی Diaspora ئەستەموولْ نەنووسیووە. شیعرەکانی رەوانەی رووبەرێکی جوگرافی بچووك کردووە (سۆران)، نەك سەرانسەری وڵات.

نەبوونی یەك زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، رێگەی بەوەنەداوە پەیام ئاڕاستەی هەموو نەتەوە بکرێت. پەیامی نەتەوەیی لەناوچەی دیالێکتێکدا قەتیس کراوەو بەهەموو گۆشەیەکی نیشتمان نەگەیشتووە. نەبوونی میدیای پێشکەوتوو(رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆنو.. هتد) کە هۆیەکی تەکنیکیە وێڕای نەزانینی هەموو دیالێکتیکەکان، قەوارەی رووبەری (نیشتمان)ی بەرتەسك کردۆتەوە.

## داشۆری داگیرکەر .. رەخنەی ئایینی

هۆیەکانی نەگەڕانەوە بۆ وڵات ، ناتوانرێ بۆ یەك خاڵ کورت کرێتەوە:

سیاسەت: هەڵوێست بەرامبەر داگیرکەر

: هەڵوێستی نشتمانیو نەتەوەیی

کۆمەڵایەتی: دژایەتی دواکەوتن

: بەرەنگاربوونەوەی سمبۆلی دەستەڵاتی ئایینی

شەخسی : هەژاریو دەستکورتی

: نەبوونی خزمو کەسوکاری نزیك

: هەڕەشەی دەسەڵاتداری ناوچەیی



بۆهەر هۆیەك دەتوانرێت بەیتێك یان پارچە شیعرێك وەکو بەڵگە بهێنرێتەوە. بۆی هەیە یەك هۆ لەسەرووی هۆکانیتر دانرێ.. بۆی هەیە کات بۆ سەر هەڵدانی کێشەو هەڵوێست دانرێت.. دەتوانرێت هەر هەموو هۆکان پێکەوە لەسەریەك مێز دانرێن، بەبێ پێشو پاش خستن !

بەشێك لەنووسەرانی کورد هۆی ماڵئاوایی لەوڵات بۆ ناکۆکی شاعیرو کەسایەتیەکی ئایینی ناوچەیی (شێخ نەبی ماویلی) دەگێڕنەوە. شاعیر خۆیشی ئاماژەی بۆ (شێخ نەبی) کردووە:

پیێ دەڵێن حیلەبازو کەززابە

(شێخ نەبی) خاریجە لەم بابە ل١٨٥

تۆبڵێی: دوژمنایەتی تا دوارۆژانی ژیانی درێژەی کێشابێتو(شێخ نەبی) سەرچاوەی هەڕەشەو گوڕەشە بووبێت بۆ سەر ژیانی شاعیرو رێگەی گەڕانەوەی نەدابێتو هەر لەدوورەوە شیروتیری لێسوو بێت؟ بۆ رۆیشتن رەنگە (شێخ نەبی)و شێخ نەبیەکانی تریش ژێدەری گوشارو تەنگپێهەڵچنینو دەرپەڕاندن بووبن، بەڵام مەرج نییە هاوکێشەکە تا سەر وەکو خۆی بمێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نەیەت. ئێمە ئەگەر ئێستا سەیری ژیانی دەیان تاك بکەینو پرسیار لەخۆمان بکەین: بۆ ناگەڕێنەوە؟

هەیە لەبەر دەستکورتی ناگەڕێتەوەو هەیە دەستکورتیو نەداری پاڵی بۆ گەڕانەوە پێوەدەنێ. هەیە شەهادەو بڕوانامە بەدەست نەهێنان بۆ نەگەڕانەوە پاڵی پێوە دەنێو هەیە بەدەست هێنانی بڕوانامەو شەهادە لەتاراوگەدا بۆتە هۆی باش گوزەرانیو هۆیەك بۆمانەوەی لەوێ. هەیە خزمو کەسوکار بەبەردەوامی بانگەشەی گەڕانەوەی بۆدەکەنو هەیە خزمو کەسوکار ئەوەندە نەدارن ئەو دەبێت شەوو رۆژ کرێکاری بکات، بۆئەوەی پاروویەك بۆ ئەوان رەوانەکاتەوە. سووربوون لەسەر دەستنیشانکردنی تاقە یەك هۆ بۆ رەفتاری گروپێکی کۆمەڵایەتی یان یەك تاك، بەرەو هەڵدێری لێکۆڵینەوەو ئەنجامگیری پڕلەهەڵە راپێچمان دەکات:

**بەڵێ وایە لەئەلزەمی ئەشیا**

**ئەووەڵەن خواردنە/دووەم سوکنا** ل٢٣٦

**خواردن و سەتری عەورەت و سوکنا**

**باعیسی ژینە بۆ گەداو پاشا** ل١٨٨

حاجی خۆی بابەتییانە بیری کردۆتەوە و(مادده)ی رەقی بە(هۆ) داناوە بۆ (رەفتار)و (هەڵوێست )و (هەڵسوکەوت). بیرکردنەوەی (ماددی) لەبوارێکدا، پشتگیریمان لەوەدا ناکات، حاجی لەجیهانبینیی و بیرکردنەوەی دینیدا، بەدین و خواپەرستبووە. تەنانەت دوژمنایەتیکردنی لەگەڵ هەندێ کەسایەتی ئایینیی و بەگژداچوونی هەندێ دیاردەو بیرکردنەوەی دینی، شاعیر لە(خانە)ی ئیمانەوە بۆ(خانە)ی ئیلحاد ناگوێزێتەوە. دوور نییە ترسی گەورەی حاجی لەگەڕانەوەدا(خواردن و سوکنا) نەبووبێت! یەکێك لەژیانی ئاوارەییدا بزانێ ژیان لەوڵاتدا بەهیچ شێوەیەك دابین ناکرێت. هەر زۆر ئاساییە ئەو کەسە بڕیاری نەگەڕانەوە بدات. هەڵوێستی ئەو لە(شێخ نەبی) یان بەپێچەوانەوە، هەڵوێستی شێخ لەحاجی بۆدەرپەڕاندن فاکتەرێکی بەهێزبووە، بەڵام مەرج نییە بۆگەڕانەوەش پارێزگاری هێزی خۆی کردبێت و تا دوا رۆژی ژیان بەو تین و تاوە مابێتەوە. ئەم کێشەیە بۆقووڵکردنەوەی (رەخنەی ئایینی) دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بەبێ ئەوەی بگاتە رەفزکردنی سەرجەمی فەلسەفەی دینی. رەخنەی دیاریکراو بۆ چاککردنەوەو چاکسازیە، نەك دوژمنایەتی و رووخاندن. حاجی بێ پەروا داشۆری بەشێکی لەکەسایەتییە ئاینییەکان و بەشێك لەدیاردە دزێوەکانی کردووە، بەڵام ((هێڵی سوور))ی تێ نەپەڕاندووەو ئیمانی لەدەست نەداوەو دەنووکی نەخستۆتە سەر هیچ بنەماو فەلسەفەیەك. بزاڤی چاکسازی ئایینی (ریفۆرماسیۆن-Reformation ) بەو پەڕی توندییەوە بەرامبەر (پاپا)و کەنیسەی رۆم وەستاوەو بەشێك لەنەریتە گرنگەکان و بەشێك لەرێساو ئامۆژگاریی و سەرانەو باج، لەچوارچێوەی زێڕی سەری سەرەوە، بۆبن پێیان



داگیراون و کەنیسەی مەسیحی دووکەرت کراوەو پاشان سی ساڵی رەبەق(١٦١٨ ـ ١٦٤٨) شەڕی مەزهەبی بەرپاکراوە، بەڵام ریفۆرماسیۆن هەر هەموو ئایینی مەسیحی نەخستۆتە بن پرسیارەوە، بەپێچەوانەوە، مەسیحیەتی زیاتر پەرە پێداوە:

**عولەمامان بەقەوڵی بێ سەروپا**

**پاکی خنکا لەبەحری ووشکی هەوا**

**صنعەتێک فێرنەبوون لەپاش تەحصیل**

**سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل**

**یەک بەیەک بوونە خائینی دەوڵەت**

**خائینی موڵک و دوشمنی میللەت** ل٢٣٦

دوابەیت شاعیری خستۆتە کۆمەڵێك ناکۆکییەوە(خائینی دەوڵەت)ە، مەبەستی کام (دەوڵەت)؟ گەر مەبەستی دەوڵەتی عوسمانی بووبێت ئەوە دیارە لەگەڵ هەڵوێستی نەتەوەیی شاعیر بەهیچ شێوەیەك ناگونجێ، ئەو لەبۆنەی تردا، سەنگەری ئۆپۆزسیۆنی لێ گرتوون. ئەگەر مەبەستی:

**تا تەعیناتی (کۆر)و(لاڵ)مابوو.**

**لەگەڵێ دێیەکان مەلای چابوو**

میری سۆران(پاشا کۆرە)و میری بابان(سلێمان پاشا)بێت، ئەوە بۆچوونی شاعیر لێرەو لەغەزەلی تردا هاوجووتن و هیچ کەموکوڕی بەدیناکرێت. لەکاتێکدا هەندێ شاعیرو زانای کورد بەستایشەوە روویان کردۆتە(ئەستانە)و چاوەڕوانی پاداش و خەڵات و بەرات بوون، بۆچوونی حاجی ئاشکرایە:

**ئەم سەگانەی کە لەلای ئێمە وەزیرو وکەلان**

**بێنە لای تۆ بەخودا نایکەیە گاوان و شوان**

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**ئەمە کەرمیزە دەڵێین وارثی شەرعی نەبەوین**

**هەموو عەبدی صەنەمن، باسی مەکە گەورەکەیان** ل٨٣

## ئایین وەکو ئامرازی سیاسی

رەنگە حاجی قادر یەکەمین کەسی کورد بێت، کەبیری ئایینی وەکو ئامرازێك بۆ پشتگیری ئامانجی سیاسی بەشێوەیەکی پۆزەتیف بەکارهێنابێت. ئەو یەکێکی عالمانی نەبووە، لەدیوی دەرەوەی (مؤسسة)ی دینییەوە، ویستبێتی بیری دینی بۆ مەبەستی بەهێزکردنی پرۆسەی رۆشنگەری بەکاربهێنێت، هەر بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك بەهەڵە نەوروژێنرێت. ئەو لەکۆشی دەزگا دینیە تەقلیدیەکاندا پەروەردەکراوە، بەئامانجی وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی واتە: لەناو (مؤسسة)ی دینیدا کارێکی گونجاو وەرگرێت. بەچوونە ئەستەموولْ، پچڕانێك لەنێوان ئەو و دەزگا ئایینیەکانی کوردستان روویداوە. ئەو تا دوارۆژی ژیانی لەسەر بڕوای خۆیو ئیمان ماوەتەوەو لەسەر خواپەرستی خۆی بەردەوام بووە. هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە، کاری جێگۆڕکێ، چ جۆرە کارتێکردنێکی لەسەر شاعیربووە: بەردەوام بووە لەسەر خوێندنو پەیوەندی کردن لەگەڵ(مؤسسة)ی دینی عوسمانییەوە یان ئەو، بەتەواوی پچڕاوەو بەکارێك یان پیشەیەکەوە سەرقاڵ بووە، هەرچەند لەدیوانەکەیدا هەر زۆر زەحمەتە بەدەلالاتی وشەو هەستو نەست، دەستمان بەر جۆری کارو پیشەی لەژیانی دوورە وڵاتیدا بکەوێ؟

روونو ئاشکرایە شەستەکانو حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، ماوەیەکی پڕ شەڕو شۆڕو زۆرانبازی نێوان بزاڤی ریفۆرمیستی مەشروتەخوازو سەڵتەنەتخوازان بووە. ساڵی ١٨٧٦ ریفۆرمیستەکان توانییان سوڵتان ناچاری بڵاوکردنەوەی دەستوورو دامەزراندنی پەرلەمان بکەن. پێش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦- ١٩٠٩) لەچاکسازی پاشگەز بێتەوە.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لەم کەشو هەوایەدا شتێکی ئاساییە، شاعیر چاوی زیاتر بکاتەوە. ئەو ویستوویەتی پەیامی رابوونو لەخەوهەڵسان ئاراستەی کۆمەڵێك نائاشنا بەڕووناکبیری رۆژئاوایی بکات. ئەو بەشێك لەکۆدەکانی ( Cod) بزووتنەوەی بۆرجوازی ئەوروپی، بەقەرز، یان تەرجەمەکراوی وەردەگرێتو ئاراستەی کۆمەڵی کۆیەی دەکات.. دوورنییە زۆربەی نامە شیعرییەکان بۆ ناو گەرووی ئاگردان هەڵنەدرانایە، گەر بیرۆکەی سیاسی لەتوێکڵی سیاسی نەگرتایە. ئەو هەمان (کۆد)ی کۆمەڵی ترادیسیۆنی - Tradition وڵاتی خستۆتە گەڕ بۆ روونکردنەوەو گەیاندنی پەیامی نوێ:

**پاڕانەوەو تەوەککول لەم عەصرە پارە ناکا**

**تیبرە دوعایی جەوشەن پەیکانە حیرزی مەیدان**

**بۆچی بەشیری ئێمە یەعنی رەسوولی ئەکرەم**

**هیچ ئەدعیەی نەزانی رۆژێ کەدەرچووە مەیدان** ل ٨٧

بۆچی فەرموویەتی نەبی یی ئەمین:

**(( اطلبوا علمكم ولو بالصين))**

**نێرو مێ لەم حەدیثە فەرقی نییە**

**گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە** ل١٨٧

ئەوەی چاوێك بەرۆژنامەی (کوردستان)دا بخشێنێت، هەر یەکسەر رووبەڕووی هەمان مەنتیق دەبێتەوە. پەنا بردنە بەر خیتابی دینی بۆ داڕشتنی دیسکۆرسی نەتەوەیی. لەشوێنی تری ئەم دونیایەشدا هەروابووە، بزاڤە لیبرالییەکان بۆ برەودان بەئازادی بیروباوەڕو سەربەستی تاك، گەڕاونەتەوە بۆ سەرچاوە دینییەکان، بۆ دۆزینەوەی بەڵگەو پشتگیری، کەجۆرە شەرعیەتێك Legitimation بەخیتابەکەیان دەبەخشێت.

لەم شیعرەو لەشیعرەکانی تریشدا شاعیر خاوەن (فزیۆن)ە (Vision)و ئاڵای خەباتی نەتەوایەتی هەڵکردبوو، داوای یەکگرتنو رزگاری دەکات، نەك بەئاشتیو هێمنیو رێگەی سیاسی، بەڵکو بە زەبرو زەنگ :

**جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیاکەن تۆپو تفەنگو هاوان**

حاجی ئەم بانگەوازەی لەئەستەمولەوە کردووە، نەك لەپاریسەوە. ئەستەموڵ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بووەو ئاشکرایە بۆ ئەوەی خۆی بەنهێنییەوە یەك بخاتو بەبێ دەنگی خۆی ئامادەبکات، بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی چەکدار دژی دەسەڵاتی عوسمانی. ئەو دەمەو ئێستاش پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدوسی ساڵێك بەسەر ئەم شیعرەدا بانگەشەی زەبروزەنگ بەگوڵباران وەڵام نەدراوەتەوە! لەئەمریکای ئەمڕۆ یەکێك داوای روخاندنو بەکارهێنانی چەك بکات، هەروا بە خۆشییەوە سەیری ناکەنو بزانن مەترسی جیدی لەوبانگەوازە دەکەوێتەوە، مشووری دەخۆن!

چیرۆکی تیرۆرکردنی(مارتن لوتەرکینگ) ساڵی **١٩٦٨** مەشهوورە. ئەو بەشێوەی ئاشتیانە دەیەویست جیاوازی رەگەزی لەنێوان رەشو سپیدا نەمێنێ، هەر بەرۆژی نیوەڕۆ لەناویان برد.

یەکێك بەوردی سەیری لاپەڕەکانی رۆژنامەی(کوردستان)بکات، یەکسەر راستییەکی زەق رەچاودەکات. لەئەستەموڵ نەیان توانیوە رۆژنامەیەکی کوردی بڵاوبکەنەوە. شاری قاهیرە(کوردستان)ی لەئامێزگرتووە. لەوێوە بەنهێنی رۆژنامەکە رەوانەی شارەکانی کوردستان کراوە. دیارە حاجی قادریش هەمان تەکنیکی بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی بەکارهێناوەو نەیهێشتووە پێی بزانرێت، ئەو خاوەنی ئەو بەرهەمانەیە.. من قەت ناتوانم بڕوا بەوە بهێنم، رابەرێکی بیری سیاسی، لەپایتەختەوە بانگەواز بەدوای بانگەوازدا بڵاوبکاتەوە، دەسەڵاتداران بەرگوێیان کەوتبێتو هیچیان



نەگوتبێت، ئەوە لەهیچ دەسەڵاتدارێك ناوەشێتەوە، نەراستو نەچەپ یەکێك خۆی ئامۆژگاری ئەمو ئەو بکات:

(بەبێ دەنگ تەگبیر بکەن) بۆ کابرای رێپشاندەر ئەم ئامۆژگارییانە ئاراستەی خۆی نەکات. هەر زۆر (بەبێ دەنگی)و بەنهێنی نامەی شیعری شۆڕشگێرانە بۆ هاوڕێو هاوبیرانی رەوانە بکاتو نەهێڵێ تووشی داوێك بن. هەرکەسێك پێی وابێت لەئەستەموڵی ئەوسا- نزیکەی سەدوپەنجا ساڵ لەمەو پێش ـ ئازادی بیروباوەڕ، پارێزراو بووەو شوێنی وەکو(هاید پارك)ی لەندەن هەبووەو خەڵك پڕ بەگەرووی خۆی هاواری کردووەو کەس لەکەسی نەپرسیوەتەوە...ئەوە راست نییە.

لەشیعرەکانی حاجی قادر بەڵگەی زۆر بەهێز بەدەستەوەهەن، کە ئەو کاتەش دەزگا جاسوسیو ئەمنییەکان، تۆڕی چاودێریو ئاگاداربوونیان هەبووە. هەر کەس بەجۆرێك جووڵابێتەوە، تووشی هەزاران داویان کردووە:

**بۆ کوڕی چاکو کچی شیرین راکێشی بەزۆر**

**کوللی شارو دیهکەدە جاسووسی پەنهان دادەنێ**

**تا بزانێ کێ نوێژی کردو رۆژی گرتووە**

**بۆ سیاسەت کردنی پەنجا نیگەهبان دادەنێ** ل١٧٩

دەوڵەت ئەو کاتەش هەندێ دەستدرێژی کردۆتە سەر ئازادی تاك وەکو دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان. تاك لەسەر شێوەی پەیوەندی بەخواوەندەوە (نوێژ، رۆژوو..)، دەکرێت تووشی سزاو لێپرسینەوە ببێت. تەنانەت سستیو کەمتەرخەمی لەنوێژو رۆژوو بەهەڕەشە بۆ سەر سەلامەتیو ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێت..

## حاجیو ئەوروپا:

رەنگە حاجی قادری کۆیی یەکەمین شاعیری کوردبێت، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ داوای کردبێت، سوود لەئەزموونی ئۆروپا وەربگیرێت، ئەوە راستەوخۆ نێوی ئەوروپای هێناوە یان بەناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردووە:

**بۆ فەننی حەربو صەنعەت، بۆ ظەبطو ڕەبطی میللەت**

**دەینێرنە ئۆرووپا گەورەو بچوکی خۆیان** ل٨٨

**نیسبەتی ئێمەو ئۆرووپا قەترەیی دەریان نییە.**

**بۆچ ئولولعەزمێک بەعەزمی بەعثە تی پێی تەڕ نەبوو** ل١٠٤

**ئەی خەریکی ڕمووزو نازو نیاز**

**ئەوروپا فەنی گەیوەتە ئیعجاز** ل١٨٦

یەکێك گەر سەیری ناوهێنانی ئۆروپا بکات، رەنگە پێی وابێ شاعیر تەنیا لەروانگەیەکی میتیۆلۆجییەوە ئەزموونی ئۆروپای بینیوە. لای ئەمیش پرۆسەی (وێستەرنێزیشن Westernization)یەك لایەنەو رووکەشەو نەگەیشتۆتە ئاستی تێگەیشتنو سوود وەرگرتن لەتاقیکردنەوە. ئەم جۆرە بۆچوونە راستییەکی تێدایە. شاعیر خۆی شار بەشاری ئۆروپای رۆژاوا نەگەڕاوەو لەهیچ لایەنێکیش، لەلایەنەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیو پیشەسازی قووڵ نەبۆتەوە. ئەو لەدواشاری نیمچە رۆژهەڵاتی- نیمچە رۆژئاوای خوارووی رۆژهەڵاتی ئەوروپادا، یان بەشی ئاسیایی ئەستەمبووڵ ژیاوە. ئەو ئیعجابو سەرسوڕمانو رامانە بەهۆی بیستنو خوێندنەوەی دەنگوباسو راپۆرتەوە بووە، یان بینینی هەندێ داهێنانی ئەوروپی.. هتد؟ بێگومان شاعیر، فەڕەنسی، یان ئینگلیزی بزانیبایەو لەشارێکی فەڕەنسا، یان بەریتانیای گەورە بژیابایە (نموونە: بەعەرەبی- رفاعة رافع الطهطاوی " تخليص الأبريز في تلخيص باريز"



ئەو دەمە حاجی بەشێویەکیتر باسی ئۆروپای دەکردو سەرسوڕمانەکەی بەشێوەیەکیتر دەبوو. هەروەکو فارس گوتویەتی ((دیدنی مانند شنیدنی نیست: بینین وەکو بیستن نییە)) شاعیر لەژێدەری جیاوازەوە بیستویەتی، زانیارییەکەی لەدەستی دووەمو سێیەمەوە بەگوێزانەوە پێ گەیشتووە. بیستنو خوێندنەوە دەوری خۆیان لەدروستکردنو فراوانکردنو قووڵکردنەوەی(هۆش)هەیە، بانەگاتە ئاستی بینینو نزیکبوونەوە لەپێست. دووریو ناڕاستەوخۆیی شارەزایی بەرتەسك دەکاتو هۆش دیلی رووکەشکاری دەبێت.. جیاوازی حاجی لەهاوچەرخەکانی خۆی لەوڵاتدا ئەوەیە، ئەم زۆرتری بیستووەو زیاتری خوێندۆتەوەو لەڕووی جوگرافیشەوە لەڕووداوەکانی ئۆروپا نزیکتربووە.

یەکێك لە رەخنە شێخ مارفی نودێ، کە لەنووسراوی (تحرير الخطاب ...) دژی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ساڵی ١٨١١ز نووسراوە، گوایە مەولانا خالید لەبن کاریگەرێتی کولتووری ئینگلیزی و لاسایی ئەوان رێبازێکی دینی داهێناوە.. هتد. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوێندەواری ئەو سەردەمە ئاگاداری هەندێ لایەنی ژیانی کولتووری و رووناکبیری ئۆروپی بوون.. ساڵی ١٨٢٠ لەڕێگەی(کلۆدیۆس ریچ )وە دەزانین، میرانی بابان زۆر تامەزرۆی دەنگوباسی شەڕەکانی ناپلیۆن لەشەڕگەی (واترلوو) بوون (( لەبارەی وردەکاریەکانی جەنگی واترلۆوە دەپرسێت، چی لەبارەیەوە بیستووە، کەرەنگە ئەم زانیاریانەی لەلایەن فارسەکانەوە زانیبێت، بەڵام ئەو نێوی نەبردن)).[٨]

He asked for the particulars of the battle of Waterloo, about which he had heard, probably from the Persians, but not by name.

دیارە ئامڕازی بیستنو زانینی دەنگوباسی ئۆروپا، پێش سەفەرەکەی حاجی بۆ ئەستەموولْ بەنزیکەی نیوسەدە هەبووە، بەڵام ئەم مەبەستی تەنیا دەنگوباس نەبووە، بەڵکو سوودوەرگرتن لەئەزموونێکی سیاسی، بەمەبەستی گۆڕاندنی کۆمەڵو پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بووە. ئەرکی شاعیر، لەم خاڵەدا، لەئەرکی هێزە سیاسییەکانی ئەم رۆژگارە دەچێ: دۆزینەوەی ئەزموونی گونجاوو کورداندنی وەکو پەیام

گەیەنەر (Vermittler )[٩] هێزێکی سیاسی نەتوانێ بە بەردەوامی چاوی لەتاقیکردنەوەی گەلانیتر بێت، تووشی پووکانەوە دەبێت. تێڕوانینی پۆزەتیڤی شاعیر بۆ ئۆروپا، لەهەندێ غەزەلدا بۆ نێگەتیڤ دەگۆڕێت:

**هێندە بێگانە لەئیسلامن و ، ئەحبابی فەڕەنگ**

**موتتەقی دێوە لەلایان، موتەشەڕیع شەوەیە** ل١٤٠

ئەم بەیتە بەشێك لەپارچە شیعرێکی داشۆریە، هەر بۆ ئەوەی هەجوی دەسەلاتدارانی عوسمانی بکات، بە ((ئەحبابی فەرەنگ))یان دادەنێ و لەرێبازی ئیسلام دوورکەوتنەوە. واتە: نزیکی لە((فەرەنگ))و((فەڕەنگچێتی)) یەکێکە لە((محرمات))و ((موبقات))، کە دەسەلاتداران تێی هەلخلیسکاون. یەکێك خۆی بە((مۆدێرن))و((موعجیب)) بەژیاری رۆژاوایی ((فەرەنگ)) بزانێ، چون ئەویش لەکاتی داشۆریدا، پەنا دەباتە بەر فەرهەنگی بەرەی دژ بە (وێستەرنیزێشن ـ ( Westernization) هەمان جوێن و رەخنەی ئەوان دووبارە دەکاتەوە؟ ئەمە نیشانەی ناکۆکی و بڕوا نەبوونی شاعیرە بەپڕۆسەی مۆدێرنێتە.. یان ئەم شیعرە لەسەرەتای قۆناغی یەکەمی ژیانی تاراوگەدا نووسیوویەتی؟

**زانی و شاریب و لۆتی دەگرن، والی دەلێ**

**بەری دەن پارەی خۆی دایە، چ عەیبێکی هەیە** ل١٤٠

رووناکبیرێکی پۆست مۆدێرنی ئەمڕۆ، ئەم بەیتە بخوێنێتەوە و نەزانێ شیعری حاجییە و شارەزای کۆنتێکست Kontext [١٠]ی بەیتەکە نەبێت، هەر یەکسەر دانەری ئەم بەیتە بەدوژمنی(( مۆدێرنێتە)) دادەنێ ! من لێرەدا نامەوێ بچمە ناو تەفسیراتی فیقهیی[١١](( زانی))و((شاریب))و سزایان بەگوێرەی ئەحکامی شەریعە چییە؟ بەلام رووناکبیرێك کێشەکە دەباتەوە بۆ لای قانوون. بەگوێرەی قانوون: یەکێك بخواتەوە، لەسەر خواردنەوە زیندانی ناکرێت.. ئەگەر(( والی))یەکەی حاجی قادر بڕیاری ئەوتۆی دابێت، ئەو، لەپرۆسەی مۆدێرنێتەوە نزیکترە تا شاعیری کورد. بەراشکاوی و زمانی سەردەم



بنووسم(( والی)) بڕوای بە((ئازادی تاك))و یاسای مۆدێرن هەبووە و ئەحکامی شەریعەی جێبەجێ نەکردووە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ئۆروپا و حاجی

بۆچوونەکانی شاعیر لەسەر بنەماکانی ژیانی رۆژاوا، سووڕانەوەیەکی بێهوودەیە بەدەوری دیوی دەرەوەی بازنەی تاقیکردنەوەی ژیاری و کەلتووریی ئەوان. نەدۆزینەوەی دەرگاو پەنجەرەکان و نەگەیشتنە جەرگە. ئەم بەسواری ئەسپێکی ئەفسانەییەوە، بەچاویلکەی پەمەیی (هەزارو یەك شەوە)ی سەدە ناوەڕاستەکانەوە، سەیری شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆ- زانست و پێشکەوتنی ئەوێی کردووە:

**بەغەیری رۆمی و ئینگلیزو رووسی**

**بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنووسی**

**لەجێی خۆیان هەڵستاون بەغیرەت**

**لەدنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت**

**سەراپا صاحێبی سککەو سوپاهن**

**وەکوو جەم صاحێبی تەخت و کولاهن**

**لەتەدبیری ئومووری مولکی خۆیان**

**شەریکن پینەدۆزو شاهو گاوان**

**لەهەر وەقتێ یەکێکی بێتە هاوار**

**لەجوتیارو شوان و ئەهلی بازاڕ**

**لەجۆشین و لەنێشا مێشی هەنگن**

**بەمن چی کافرن یانە فەرەنگن** ل ٢٣٢ -٢٣٣

لەهەمان ئەم رۆژگارەدا یەکێکی وەکو سەید جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩-١٨٩٧) لەنێوان (١٨٦٩- ١٨٧١)و (١٨٩٢- ١٨٩٧) لەئەستەموولّ ژیاوەو ئەو بەئەوپەڕی گومانەوە سەیری جموجۆڵو پلانی دەوڵەتە ئۆروپییەکانی کردووەو داوای یەکگرتنی ئیسلامی کردووە (پان ئیسلامی) Panislamismus ، تا موسڵمانان بتوانن رووبەڕووی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بوەستن.. ئەگەر سەید جەمالەدینی ئەفغانی خەڵکی(ئەسەد ئاباد)ی لای کرماشان بوبێت یان گوندی (ئەسەد ئاباد)ی ناوچەی (کوونار)ی لای کابوول، بڕوا ناکەم کۆیە لەم دوو شوێنە دواکەوتووتر بووبێت.. ئەمە بۆ ئەوانەیە، کە رەنگە شوێنی لەدایکبوون بەتەنیا بکەنە بنچینەی بیانوو بۆ تێگەیشتنو هەڵوێست لەدیاردەیەکی ژیاری.. رووبەری ناکۆکی شاعیر لەتێگەیشتنی رۆژاواگەریدا زۆر گەورەیە: جارێك خۆی داوا دەکات لەئۆروپاوە فێربنو چاویان لێبکرێت، کەچی هەر خۆی بەزمانی تاوانبارکردنو ئیدانەو داشۆری، دەسەڵاتداران بە (ئەحبابی فەرەنگ) دادەنێ. بانێكو دوو هەوایە لای شاعیر؟

بوونی دوو تێڕوانین.. دوو هەڵوێست رەنگە لەجیهانی کەلتووری رۆژهەڵاتدا تا رادەیەك ئاسایی بێت. شاعیری ناسیۆنالیستی ئۆروپی، کەمتر ئەگەری داگەڕانی بۆ ناو کەندو لەندی ناهاوئاهەنگی لەبیرکردنەوەو جیهانبینیدا، لەبەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت: شاعیرانی دەربارى سەردەمی دەرەبەگایەتی ئۆروپی، پسپۆری ستایشو دارِشتنی داستانی پاڵەوانانو باسی لێوی ئاڵو خەتو خاڵ بوون.. هتد. ئەم جۆرە شاعیرانە ئاشنای بیرو فەلسەفەی رۆشنگەرو رێنیسانس نەبوون. بڕوایان بەسەروەری عەقڵو ئاوەز نەبووەو بەلانسی نێوان (دڵ)و(عەقڵ)یان رانەگرتووە. شاعیرانی سەردەمی رۆشنگەری، کۆمەڵانی خەڵکیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك، وەکو شۆڕشی فەڕەنسی، جۆش داوەو بیری ئازادیو یەکسانیو دیموکراسیو مافی مرۆڤو مافی بڕیاری چارەنووسیان بڵاودەکردەوە.[١٢]



حاجی قادر، پەروەردەی قوتابخانەی ئیسلامی بووەو بواری فێربوونی زانستی نوێو زمانێك وەکو زمانی ئیسپانی یان فەڕەنسیی نەبووە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش، کەئەو تێیاندا ژیاوە، پەیوەندیی باوکسالار (پەتريارخات) گوندنیشینیی بن سێبەری نەریتی خێڵی کۆچەری بووە. ئەم چەمکانەی بۆ وەسفکردنی کۆمەڵی گوندەکانی نێوان تەقتەقو کۆیەی ناوەڕاستی سەدەی ١٩ هەروا بەرێکەوت بەتەنیشت یەکەوە ریز نەکراون. هەر بۆ ئەوەیە خوێنەری ئازیز لەو فەزایە تێبگات، یەکێك هەڵگرو پەروەردەکراوی ئەو کۆمەڵە بێتو لەپڕ لەناوەڕاستی شارێکی گەورەی وەکو ئەستەموولّی بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم چاوی بکاتەوە، تووشی چ راچڵەکینو حەپەسانو سەرسووڕمانێك دەبێت!

یەکێك ئەمڕۆ لەکالیفۆرنیاوە بۆ پاریس بفڕێت، تا ڕادەیەك بەئاسایی دێتە بەرچاوی. لەتارانەوە یەکێك ماڵ بۆ لەندەن بگوێزێتەوە، تا ڕادەیەك ئاساییە.. بەڵام یەکێك لەگوندێکی لای قەندەهارەوە یان گڵێجاڵو کوڕیگەپڵەوە، هەر یەکسەر بۆ ناوەڕاستی نیویۆرك بفڕێت، هیچ شتێکی ئاسایی نابێتو ماوەیەکی دەوێت تاشەوو رۆژ لەیەك جیابکاتەوەو دەرگا بەکلیل بکاتەوە.. تا کشان بۆ کەناری دەریا تێبگات!

حاجی نەکرێکاری کارگە بووەو نەخوێندکاری زانکۆو نەئەندامی ژووری بازرگانیو نەئەندامی هێزێکی سیاسی گەورە بووە. یەکێك لەئامێزی ئەم جۆرە دامەزراوەو پەیوەندییە شارییە گەورە بووبێت، دەتوانێت لەوڵاتێکی تردا کارێك بکات، لەپیشەی جارانیەوە نزیك بێتو رەنگە بەئاسانی سوود لەبیروباوەڕی سیاسی (نیشتمانی نوێ) وانەی نوێو تازە فێربێت. کێشەی حاجی ئەوەیە نەخۆی هەلومەرجو زەمینەی وەرگرتنو فێربوونی هەبووەو نەکۆمەڵی ئەوسای کۆیە چکۆلەترینو سەرەتاییترین پێگەو بنکەی کۆمەڵایەتیی بۆ وەرگرتنو تێگەیشتنی زۆربەی تێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییەکانی شاعیری هەبووە. بەکوردییەکەی هەریەك لەدۆڵێك بوون.

حاجی زانیویەتی لەگۆڕ قەرەجو هۆمەر گونبەدو کۆیە نەکارگەو نەزانکۆو نەیەکێتیی بازرگانی هەیە، بۆیە نامەی ئاراستەی شتێك نەکردووە، کەنییەو هەر

نێویشی نەهێناون. ئەو بەچاوی خۆی جموجۆڵو هەوڵو تەقەللای گەلانی تری بینیوە، بۆ رزگاریو ئازادی. هەمان کات بەچەمکی (میللەت)[١٣] ئاشنا دەبێت، کە لەساڵی ١٨٦٠ بە دواوە وەکو چەمکێکی سیاسی لەئەدەبی سیاسی[١٤] عوسمانیدا بەکارهاتووە:

**صەد قائیمەو قەصیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ**
**رۆژنامەو جەریدە کەوتۆتە قیمەتو شان**

**بنواڕە سەعیو غیرەت ئێستا لەدەوڵەتی رۆم**
**خۆیان خەزێنەدارن، خۆیان تەبیبو سوڵتان**

**هەر دوێنێ ئەهلی سوودان هەستانە پێ وەکو شێر**
**ئێستێکە موستەقیلن مەحسوودی کوللی ئەدیان**

**بولغارو صیربو یۆنان، هەم ئەرمەنو قەرە طاغ**
**هەرپێنجیان بەتیعداد نابن بەقەدری بابان** ل٨٨

راپەڕینی گەلانو بزاڤی ناسیۆنالیستی ئۆروپاو ئەرمینیاو سوودان.. هتد. بلاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا، حاجی قادرو دەیان کەسی تری وەکو ئەوی بەئاگا هێناوەتەوە بۆ بوونی ناسنامەی جیاواز، هەرچەند لەرووی مادیو فەرهەنگییەوە کۆمەڵی کوردستان لەقۆناغی پێش سەرمایەداری بووەو هەلومەرجی موتوربەکردنی بەبیری نەتەوەیی لەدەرەوە بۆ ناوەوە، لەساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی بەدواوە، رووبەرێکی زۆر تەسکی بۆ رەخسیوە.[١٥]

لەسۆنگەی گەشەنەکردنی کۆمەڵی کوردستان بۆ ئاستی پێکهێنانی (ناسیۆن- Nation)،[١٦] تینو تاوی دەربڕینو خۆنیشاندنی خۆی لەشێوەی بزاڤێکی سیاسیو کەلتووریو کۆمەڵایەتی گشتگیرو بەرفراوان، نەتەوە رەهەندێکی (ئینستیتووتسیۆنی – Institution) واتە: لەسەرانسەری ولاتێکدا، کە بەیەك زمانی هاوبەش دەدوێن، داوودەزگاو دامەزراوەی ئابووریو قانوونیو ئیداریو فەرهەنگیو رێکخراوەیی دروست



دەبێت. ئەم جۆرە پێکهاتەو ستراکتوورە، کەناسنامەی نەتەوەییو مێژوویی پڕ سۆز بەخۆی دەبەخشێت، پێشتر بەزەبروزەنگ یان بڕیاری قانوونیو گرێبەستی سیاسی، شەقڵو نیشانەی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی دەسڕێتەوە: سنووری ناوخۆیی/ گومرك/ خاڵی پشکنین/ دراوی ناوچەیی/ دادگاو یاسای تایبەت.. هتد. لەبنەڕەتەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە.[١٧]

چینی بۆرجوازیی شاریو کە بە(بویرگەرتووم- Das Büergertum)[١٨] لەهەندێ ولاتدا ناو دەبرێت، دەبێتە ئالا هەڵگری شۆڕشی نەتەوەیی، دژی دەسەلاتی مەلیكو شاو میرو حاکمە فیودالیستەکانو پیاوانی دینی/ دونیایی کەنیسە، بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆی.

لەفەڕەنسادا، دەوڵەت لەسێبەری مەلەکیەتی موتلەقدا، دەسەلاتە ناوچەییەکان، پێش شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ کران بەقوربانی دەسەلاتی مەلیك، ئیدارەو فەرمانبەرایەتی یەکگرتوو، دەوڵەتی فەڕەنسیی تێدا لەدایکبوو، پێش لەدایکبوونی نەتەوە.

شاعیری ئێمە سوور دەزانێ شۆڕشی نەتەوەیی پێگەو بنکەی کۆمەڵایەتیی خۆی نییە.. رووناکاتە چینی بۆرجوازی، چونکە باش دەزانێ ئەو چینە ونە، هیچ دەنگو رەنگێکی ئەوتۆی نییە. دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی ئاراستەی ئاغاو گەورە پیاوانو زانایانی ئاینیو هێزە خێڵەکییەکان کردووە، ئەمانە بە(میللەت) دانراون. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جیاوازییە لەپێناسەی(نەتەوە)دا، بەگوێرەی تێگەیشتنی رۆژهەلاتیو رۆژاوایی. لەرۆژاوا تیری بزافی نەتەوەیی ئاراسەی سنگی هێزەو فیودالیستو دەسەلاتدارەکانی کەنیسە کراوە، کەچی لەکوردستاندا ئاغاو گەورە پیاوانو زانایانی ئایینی لەریزی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی دانراون:

**دوو ئاغای ماوە وەک بیستوومە ئەخبار**
**ئەمین ئاغاو حەمەئاغای صاحیبی کار**

**ئەمین و پشتیوانی قەصری میللەت**

**نیگە هبانی خەزینەی دین و دەولّەت** ل٢٥٣

مه کتەبی بیروهۆشیاری

لەشیعرێکی تردا دەلّێت:

**کەنامە گەییە ئێرە مۆرمان کرد**

**من و فەتتاحی دانا ظەرفمان کرد**

**(جەلی)مان نووسی ئەرقامی و وصوولی**

**بەئومێدی قبوولی بێ فضوولی**

**ڕەفیقانم لەکۆیە ئاشنا نین**

**وقووفی حالّی ئێمە بێ نەوا نین**

**سەلامێکە دیاریمان، دیارە**

**لەدارو بەردی ئەو دارودیارە** ل ٢٤٤-٢٤٥

لەچەندین شوێنی تردا، حاجی هێرشی زۆر سەختو توندوتیژی کردۆتە سەر بەرەی سۆفیو دەروێشو شێخانو ئەمانەی وەکو سمبۆلی دواکەوتن داناوە. هەجوی ئەو بۆ بەشێك لەشێخان (بۆنموونە: شێخ نەبی) لەتایبەتەوە بۆگشتی پەڕیوەتەوە:

**خانەقاو شێخو تەکییەکان یەکسەر**

**پێم بلّێن: نەفعیان چییە ئاخر**

**غەیری تەعلیمی تەنبەلّی کردن**

**جەمعی ئەملاکو خەزنە کۆکردن**

**دەفعەیەک ئیمتیحانیان ناکەن**

**تێبگەن زەهرە یانە تریاکن** ل١٨٥



لەم بڕگەیەدا، لەخوێندنەوەی دەوری هەندێ دامەزراوەی دینی بەرامبەر بیرو پێشکەوتنو پرۆژەی نەتەوەیی، شاعیری بەئیمانو زانای ئاییني، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ پالّ بە(مارکس)ەوە دەداتو لەم خالّە یەکانگرییەدا، هەردوولا بەیەك دەگەن، ئەگەرچی لەڕووی فەلسەفیو جیهانبینییەوە، هەریەکە جەمسەری ناکۆکییەکەی گرتووە. حاجی بەپێچەوانەی دەستەی پێشەنگی بزاڤی ڕۆشنگەری ئۆروپییەوە، نەیتوانیوە پشت بەچینی بۆرجوازی ببەستێت:

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**ئەو کەسەی دەولّەمەنێکی چاکە**

**بەندەیی ڕۆمی یانی ناپاکە** ل١٩٠

من نازانم شاعیر چ جۆرە ئەزمونێکی لەگەلّ دەولّەمەندەکاندا هەبووە؟ لەکوێ هەلّسوکەوتی لەگەلّیاندا هەبووەو چۆنی تاقیکردوونەتەوە؟ روونە یەکێکی وەکو سالم بەگی صاحێبقران، کاتێك نووسیوویە:

**لە ئەصلا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شـــەهری بــوون**

**لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەرانسەر میثلی مەردانـــن**

**لە ئەوضاعی سلێمـانی ئـەوانە شـادو ئاســـودەن**

**لە فەرعا نطفیە ی حەیزن لەئەصـلا جنـسی شەیتانن**

**گەهی هەم دەردی ئەکرادن، گەهی هەم عەیشی ئەتراکن**

**لەیەک لا مادەری بەرخن، لەیەک لا یـاری گـورگـانن**[19]

هاریکاری کاسبکارانو سوپای عوسمانی لەبەرچاودا بووەو لەئەنجامی ئەو بەرەیەی نێوان داگیرکەرو بۆرجوازی کوردییەوە میرنشینی بابان سالّی ١٨٤٧ هەرەسی هێناوە. حاجی قادر کەسانی وەکو حاجی بابەکر ئاغاو حەمەئاغاو ئەمین ئاغای ناسیووەو ئەمان دەولّەمەندو ((بەندەیی ڕۆمیو ناپاك)) یش نەبوون. دەبێ شاعیر لەئەستەموولّ

یان شوێنیتر بەچاوی خۆی دەوڵەمەندی بینیبێت، کەبەرژەوەندی بەپاشکۆی دەسەڵاتی عوسمانییەوە گرێ دابێت. ئەگینا ئەم سەرنجو تێبینیە، لەرووباری زانینی تیۆرییەوە سەرچاوەی نەگرتووە!

دەبا شاعیر بەگوێرەی گواستنەوەو لاساییکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانیتر، تەنیا چاوی لەچەمكو پێناسەی تیۆری نەتەوەو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی رۆژاوایی بوایە. لەوێش بۆرجوازی ئالاهەڵگرو پێشەنگو خاوەن شۆڕشە، چینو توێژەکانیتر لەبەرەی شۆڕشی چەواشەدان.. شاعیر واقیعی وڵاتەکەی خۆی رەچاوکردووە، نەك سەرمەستی هەوای ئایدیۆلۆجی بێت.. حاجی قادر دیلی رێژنەیەك ناکۆکی دەروونیو کۆمەڵایەتیی گرگرتوو بووە:

زەمانێك لەسەر مافی نەتەوەیی رووبەڕووی داگیرکەرانی کوردستان بۆتەوە، ژمارەی ئەوانەی لەبەرەی دژایەتی دەسەڵات بوون، ژمارەیان لەژمارەی پەنجەکانی دەست کەمتر بوو. رەخنەی دینی، ئەوساو ئەمڕۆش (تابوو ـ Tabu)ی زۆر سەختی لەسەرە، شکاندنی، تیرۆرو ملپەڕاندنو دەربەدەرکردنی لەسەرە. شاعیر عاشقە، دامێنی بیابانی تاراوگەی گرتووە، پاش هەرەسو سەرنەکەوتنی عەشقو خۆشەویستی لەنیشتماندا، تاراوگەو تەمەنو بواری کار، رێگە لەبەردەم بووژانەوەی داستانێکی تری دڵداری دەگرن.. هیچ دڵێك دەرگای لەباوەشگرتنی بۆ ناکاتەوە، جگە لەخەونی رزگاری وڵات نەبێت. لەناو جەنگەی شەپۆلانی ئەم هەموو ناکۆکییانەدا، کەسایەتییەکمان لەبەر چاودا بۆ بەرجەستە دەبێت، هەر لەکەسایەتی ((هاملیت))ی Hamlet شکسپیر دەچێ. نالی (١٧٩٧ ـ ١٨٧٣) پاش ئەوەی رووبەری ژیانی نیشتمانی بەرتەسك دەبێتەوە، خۆی هەڵدەداتە گەرووی بیابانەوە، شەپۆلی لم لوولی دەدات. لۆرد بایرۆن Bayron (١٧٨١ ـ ١٨٢٤) ویستوویەتی ئازارەکانی جیهان بەرجەستە بکات: چۆتە ریزی خەباتی چەکداری یۆنانییە ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ رزگارکردنی یۆنان لەسالانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم.

بەشێکیتری ژیانو کەسایەتی حاجی قادر لەشاعیری ئەڵمانی هاینرش هاینە Heinrich Heine (١٧٩٧ـ ١٨٥٦) دەچێ، کەشاعیرێکی رەخنەگری شۆڕشگێڕی رۆمانتیکی بووە. بەشی زۆری ژیانی لەتاراوگەی پاریس بەسەر بردووەو دژی دەسەڵاتدارانی ئەڵمانی شیعری بەرەنگاری نووسیووە. شیعری (لۆرالای)و(ئەڵمانیا: داستانە زستانەیە) تا ئەمڕۆش دەخوێنرێنەوەو شاعیران لەسەر هەمان کێشو نەفەس رێچکەی ئەو دەگرن. (هاینە) وەکو حاجی، بەخەیاڵ سەردانێکی وڵاتەکەی کردووەو خوێنی دڵی بەسەر داروبەردا باراندووەو وێنەی سوپاو رژێمی سەرکوتکەری بەئەوپەڕی بەهەرەمەندییەوە دارشتووە..

من کەسێکم زەمانەی ناکەس
دای بڕیوم لەقەومو قبیلەو کەس ل٢١٠

دابڕان لەخەڵك، کاریگەریی نیگەتیڤی بۆ سەر کەسایەتیو دەروونی شاعیر دەبێت. دابڕانو تێکلاو نەبوون، نامۆبوون بەواقعی بەدوادا دێ . شاعیر لەبری دۆزینەوەی پردو پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا، قۆرتو هەڵدێر بەدی دەکات،(قەڵەمباز)بۆ پێشەوە بەئاسانتر دەزانێ، تا دۆزینەوەی دراوسێو هاوکارو هاوبیر، فڕین بۆ جیهانی میتیۆلۆجی لەچاو نزیکبوونەوە لەخەڵك بێئەرکتر دادەنێ. پەروباڵی جیهانی میتیۆلۆجیا شاعیری لەخۆنامۆ لەناوکۆمەڵەوە بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە. وەکو نووح پێشبینی تۆفان دەکاتو کەشتیەکی مەزن بۆ(رزگاربوون)دروست دەکاتو بەئامۆژگاریو ئاگادارکردنەوە، سەرنجی خەڵك بۆ روودانی کارەساتێکی زۆر مەزن رادەکێشێ:

دیاری نەما لەجینسی ذی رووح.
غەیری ئەمەهاتە کەشتیی نووح ل١٩٥

شاعیر خاوەن پەیامو هۆشیارکەرەوەو بزاڤی رزگاری نەتەوەیی(کەشتی نووح)ەو هەرکەسێك بڕوا بەپێشبینیەکان نەهێنێو نەیەتە سەررێگەی راستو دەستی بەکەشتییەکە نەگات، تۆفان رای دەماڵێو لەکارەسات دەربازنابێت. ئەمە وێنەیەکە

حاجی بۆ خۆی نەخشەی کێشاوەو پێی خۆش بووە، لەناوخەڵکدا بەم شێوەیە سەیربکرێت. وێنەی میتیۆلۆجی دووەم، کە شاعیر بەفلچەی وشە لەسەر هەیبەت سوڵتان کێشاویەتی، خۆچوواندنە بەمەهدی ئاخیر زەمان. مەهدی کەشتی وەکو نووح نییە، بەڵام رزگارکەرەو دەردەکەوێ:

**ئەوا خۆی کردە مەهدی(حاجی قادر)**

**نەنادر شای هەیەو نەشاهی نادر** ل٢٥٥

هەروەکو چۆن مەهدی دەردەکەوێو مرۆڤایەتی لەجەورو ستەم رزگار دەکات، پەیامی حاجیش رزگارکردنە، لەچنگ زوڵمو زۆرو چەوسانەوە. سوودوەرگرتن لە چیرۆکی مەهدی، بۆ شەرعیەت بەخشینە بەدەرکەوتنو وەرگرتنی ئالای رزگاری. کەسایەتی سێیەم، کەحاجی خۆی پێ چوواندووە کاوەی ئاسنگەرە:

**(حاجی) یە شیعرەکانی وەک(کاوە)**

**رۆژێ دەبینین دەرخشی هەڵداوە** ل١٩٤

ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەریش لەناوکۆمەڵانی خەڵکدا بەوە ناسراوە، ئالای شۆڕشی دژی زوڵمو زۆری زووحاك بەرزکردۆتەوە. بەم سێ وێنە میتیۆلۆجییە، وێنەیەکی گەورەی شاعیرمان لادروست دەبێت، کەچۆن دەوری مێژوویی خۆی بەوە دیاری کردووە: پەیامی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەییو رزگاریی نیشتمانیو کۆتاییهێنان بەهەژاریو جەورو ستەم رابگەیەنێ ..

## پێناسە (نەتەوە) و (بزاڤی نەتەوەیی)

برای بەرێز کاك نەجاتی عەبدوڵلا دەربارەی دروستبوونو سەرهەڵدانی نەتەوەی کوردو شوێنو جێگەی حاجی قادری کۆیی لەم پرۆسەیەدا، هەندێ لێکدانەوەو تێڕوانینی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دارشتووە:



((ئارنست گێللنەر جوانی پێکاوە " ناسیۆنالیزم نەتەوە دروستدەکات، نەك بە پێچەوانە" بۆیە نەتەوە چەمکێکی سیاسییەو ئەوە ناسیۆنالیزمە کە لەپرۆسیسی دیموکراتیزەکردنی سیاسەتو لیبرالیزەکردنی کەلتووردا نەتەوە دروستدەکات، هیچ کام لەبزووتنەوە سیاسییەکانی کورد بەئەمڕۆی بزوتنەوەی کوردیشەوە نە بەپرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی کەلتوورو نە بەلیبرالیزەکردنی سیاسەتدا رۆیشتوونو هەمیشە خەڵك لەدۆڵێكو سیاسەتو کەلتووریش لەدۆڵێکی دیکە بوون. کورد وەکو نەتەوە هیچ کاتێك نە دەرفەتی ئەوەی هەبووەو نە ئەو دەرفەتەشی دراوەتێ بەشداری لەژیانی سیاسیی خۆیدابکات، بە پێچەوانەوە هەمیشە هەولدراوە بکرێتە پەراوێزو بەهیچ شێوەیەك بەشداری لەژیانی سیاسییدا نەکات، رەنگە مێژووی ئەم ١٢ ساڵەی کوردستانی خواروو لەحوکمی ناوخۆیی کورد(بە هەموو کەمووکوڕیەکییەوە) بە قۆناغێکی جیاکەرەوەی دابنێین لەهەموو مێژووی نەتەوەی کورددا.

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی بڵێم راستە خانی لەسەدەی حەڤدەیەم ، حاجی قادری کۆییو دواتر شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەسەدەی نۆزدەهەمدا داوای: پاشاییێکی کورد ، دەوڵەتی کوردیو ستاتووی سەربەخۆی کوردیان کردووە، بەڵام ئەمانە تەنها ئایدیای ریزپەڕ بوونو هیچ ئایدیۆلۆژیایەیێکی سیاسیان لەپشتەوە نەبووە، بۆیە پێم وایە ئەوانەی مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد دەگێڕنەوە سەر خانیو حاجی قادرو شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەهەڵەدا چوون. ناسیۆنالیزمی کورد نەیتوانیووە نەتەوەی کورد بە چەمکە مۆدێرنو سیاسییەکەیەوە دروستبکات. بۆیە دەشێ بڵێین ناسیۆنالیزمی کورد تا رۆژی ئەمڕۆش ناسیۆنالیزمێکی بێنەتەوەیە. بێنەتەوە بەو مانەیەی تا ئێستە نەیتوانیووە نەتەوەی کورد لەرووی سیاسییەوە دروستبکات)).[٢٠]

لەوە دەچێ کاك نەجات بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، لەبن کارتێکردنی تیۆری فەرەنسی بێت بۆ پێناسەکردنو تێگەیشتنو راڤەکردنی چەمکی نەتەوە(ناسیۆن): قوتابخانەی فەرەنسی بەشێوەیەکی گشتی بوونی (نەتەوە) بەبوونی دەوڵەتەوە گرێدەدات.

من دژی ئەوە نیم ئێمە سوود لەفێرگەی فەرەنسیو(فرانکۆفۆن) وەربگرین، بەمەرجێ دەرگا لەقوتابخانەکانیتر دانەخەین. فێرگەی فەرەنسی یەکە لەچلان، نابێ باوەش بۆ یەك ڕێباز بکەینەوەو سیو نۆ پشتگوێ بخەین. هەر پێناسەیەك پێشینەی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتووری خۆی هەیە. هیچ یەکێکیان لەئاسمانەوە بەرنەبوونەتەوە خوارەوەو ڕەگو ریشەی مێژوویی خۆیان هەیە. بۆ ئێمە، چاکترە هەموو دەرگاکان لەسەر پشت بێتو خۆمان بەهیچ تێڕوانینێکەوە گرێ نەدەینو بەگوێرەی پێویست سەیری هەموو دیوێکی ئەو فێرگانە بکەینو سوودیان لێوەرگرین.

فەرەنسای پێش شۆڕشی١٤/٧/١٧٨٩ بەرەبەرە لەدەوڵەتێکی فرەمیرنشینو فیودالستیەوە، بۆ مەلەکیەتی موتلەق گەشەی کردووە. دەسەڵاتی ناوچەیی میران، هێدی هێدی توێنراوەتەوە، بەقازانجی یەکپارچەییو یەك ئیدارەیی. یەك ڕێکخراوەیی لەناو سنووری دەوڵەتدا باڵا دەست بووە. لەڕێگەی شۆڕشەوە، دەسەڵاتی بنەماڵە، بەدەسەڵاتی چینی بۆرجوازی گۆڕێندرا.[21]

لەئەڵمانیای پێش ١٨٠٦-١٨١١ نزیکەی ٣٥٠ میرنشینو دەوڵەتو دەوڵەتۆکە هەبوون. بەشێکیان ئەوەندە چکۆلەو گەڕ بوون، لەلایەن نووسەرو ڕۆژنامەوانانەوە بەدەوڵەتی یەك سەنتیمیتری چوارگۆشەییو میرنشینێك یەك میلی چوارگۆشەییو بە میری دەرگاوان ناوبراونو دەیان نێوی گاڵتەجاڕیو کاریکاتێرییان بۆ داهێنراوە. بیریارو خاوەن بیرانی ناسراوی وەکوفشتەو هێردەر.. هتد. ئەوەندەی بایەخیان بەزمانو کەلتوور داوە، هیچ بایەخیان بەبوونی دەوڵەت نەداوە. ئەوان جەختیان لەسەر (نەتەوەی کەلتووری) کردووەو باسی (نەتەوە)یەکی خەیاڵی ئەوتۆیان کردووە، کە لەهیچ شوێنێك بوونی نەبووە. بەشێکی تری((ناسیۆنالست))ەکان لایەنگری زیندووکردنەوەی (ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمی نەتەوەی ئەڵمان)[22] بوون، کە ساڵی ١٨٠٦ لەلایەن ناپۆلیۆنەوە هەڵوەشێنرایەوە. گروپی ((ناسیۆنالست))ی تر هەبوون، دەیانویست ((نەتەوەی ئەڵمان)) تەنیا لەشێوەی یەکگرتنەوەی میرنشینە کۆنەکاندا



یەکبگرێتەوە[23].. نووسینەکانی لینینو ستالین دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسیو ئابووری ڕووسیای قەیسری بوو. ئەوان فۆرمی سیاسی پاش ((شۆڕش))ی ئۆکتۆبەری١٩١٧ بەزیندووکردنەوەی فۆرمی سیاسی دەوڵەتی پێش ئۆکتۆبەر١٩١٧ تێگەیشتبوون. ناپۆلیۆن پۆناپارت لەبن ئایدیۆلۆجیای نەتەوەییو مافی چارەنووسی گەلاندا، پەلاماری دەوڵەتە ئۆروپییەکانی دەدا. نە ناپۆلیۆنو نەبسمارك بڕوایان بەبیری نەتەوەیی هەبووە، بەڵام بۆمەبەستێکی سیاسی، ئایدیۆلۆجیای نەتەوەییان بەکارهێناوە. بسمارك سەرکردەی ئەو هێزە چەکدارانە بوو، کە لەکپکردنەوەی شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازی نەتەوەیی ١٨٤٨ دەوری باڵای لەشاری بەرلیندا بینیوەو سەرکەوتنی سەربازی ئەو لەو شەڕەدا، خاڵی وەرچەرخانی تێکشکانی شۆڕشی ناسیۆنالستی بووە.. هەر چەند هەفتەیەك پاش لەناوبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەڵمانی، ئیدی خۆی ئاڵای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای بەرزکردۆتەوە.. بێگومان یەکگرتن بەو شێوەیەی خۆی ویستوویەتی.. ڕۆزا لوکسمبوورگ[24] لەبەر ئەوەی چەوسانەوەی پۆڵەندای بن سێبەری داگیرکردنی ئەڵمانیای بەچاوی خۆی بینیوە، هەر زۆر لە لینینو ستالین جیاوازە. ئێمە ئەگەر هەندێ لێکۆڵینەوەی ئەو لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بخوێنینەوە، هەست بەوە دەکەین، ژنێکی کوردی کەرکوکەو لەسەر (تعریب وتهجیرو تبعیث)ی نووسیووە، بەمەرجێ نووسینەکە بکرێتە کوردیو پۆلۆنیا بۆ کوردستانو ئەڵمانیا بۆ ڕژێمی پێشوو بگۆڕدرێت. لەئەمریکای لاتینیدا زمانو مێژووی هاوبەشو ڕەگەزو کەلتوور هیچ دەورێکی ئەوتۆ نابینێ لەتێگەیشتنی کێشەی نەتەوایەتی: مەکسیكو شیلیو کۆلۆمبیاو فینزویلاو ئەرجەنتین.. هتد. هەر هەموو بەئسپانی ((ئیسپانیولی)) دەپەیڤن، بەرەگەز هەموو لەئیسپانیاوە هاتوون، بۆ یەك نەتەوەی ئیسپانیو یەك نەتەوەی پۆرتوگالی لەئەمریکای لاتین دروست نەبوو؟

یەکێتی بەڕێوەبەرایەتی دەوری بنچینەیی لەدروستبوونی نەتەوە بینیوە. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە لەنێوان سەدەی ١٦-١٨ بۆئیدارەکردنی ناوچە تازە داگیرکراوەکان،

پێکهێنران‌و هەر لەبن دەسەڵاتی مەدریدا بوون تا سەربەخۆییان بەدەست هێنا. کاك نەجات پێی وایە حاجی قادرو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ((تەنیا ئایدیای ریزپەڕبوون‌و هیچ ئایدیۆلۆژیاییێکی سیاسیان لەپشتەوە نەبووە..)) جارێ من هەر لەوە تێناگەم ((ئایدیای ریزپەڕ)) چییە؟ ئەم ((تەعبیر))ە هی خۆیەتی، یان لێکۆڵەری تر پێشتر بەکاریان هێناوە؟ ئەگەر ئەو تەنیا لەسەر پێناسەکەی ئارنست گێللنەر بابایە: ((ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات)) ئەوە باشتر بوو. لەناو کوردیشدا من وێنەیەکی ئاسایی دەبینم، لەچاو هەلومەرجی ئەوسای کوردستاندا. حاجی یەکێك بووە لە ((ئایدیۆلۆجیست))ەکانی جولانەوەی نەتەوەیی، ئەو کاتە (( نەتەوە)) بەگوێرەی پێناسەی فەرەنسی نەبووە، ئەوەش هەر راستە. دیارە نەبوونی قەوارەی سیاسی لەو سەردەمەدا، رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە، لەبواری بیری سیاسی‌و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا. ئێمە ئەم دیاردەیە تەنیا لای حاجی بەدی ناکەین، بەڵکو لای زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی وڵاتانی ((جیهانی سێیەم)) بەدی دەکرێت. بیری ناسیۆنالیستی بەری بیری رۆژهەڵاتی نییەو لەرۆژاواوە هێنراوە، بۆیە هەر زۆر ئاساییە، بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی‌و ناسروشتی لای حاجی‌و لای نووسەرانی رۆژنامەی ((کوردستان)) ببینرێت.

## گرنگی مێژوویی شیعرەکانی حاجی

حاجی قادر لەدەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، نامەی شیعری لەتاراوگەوە بۆ نیشتمان ئاراستە کردوە، بۆ یەکەمین جار تەپ‌و تۆزی لەکۆمەڵێك کێشەی ئازادی نەتەوەیی‌و پێشکەوتنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی هەڵساندووە. ئەو باس لەرابردووی زێڕینی سەربەستی‌و سەرفرازی کوردستان لەسەردەمی میرنشینەکان کردووە: ئەم جۆرە گۆرانییە رۆمانتیکیانە بەباڵای رابردووی پڕ سەروەری‌و شانازی هەڵدراوە، لەئەدەبیاتی گەلانی تریشدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی کاتێك وڵات لەدەست



فەرمانڕەوایی ناوخۆیی بەزۆرو بەئاگرو ئاسن رەفتار لەگەڵ خەڵك دا دەکرێت. هەر زۆر ئاساییە شاعیران بیر لەو کاتانە بکەنەوە، کەخۆیان تێدا ژیاون.

ئەم جۆرە بوژانەوەی ژیلەمۆی بیرەوەری جاران، کە پێی دەگوترێت جولانەوەی (ریڤیتالیزیشن- Revitalisation)، گەشکردنەوەی بزووتنەوەی رزگاری ئەڵەمانی ١٨٠٦-١٨١١ پاش ئەوەی ناپلیۆن پۆناپارت میرنشین‌و دەوڵەت‌و دەوڵەتۆکە وردەواڵەکانی یەك بەیەك داگیر کرد و هەڵوەشانەوە، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی ئیداری نوێ دابەشی کردنەوە. ئەگەر چی سروشتی شۆڕشی فەڕەنسی نەتەوەیی‌و لیبرال‌و دیموکراسی بوو. لەناو ئەڵەمانیاشدا، چەندین بزاڤی لاساییکەرەوەی شۆڕشی فەڕەنسی هەبووەو میرو شازادەو فیوداڵە مەزنەکان، بزووتنەوەی رزگاریان دروست کرد، کەکۆنتراناسیۆنال Kontranational (دژە نەتەوەیی)و نالیبرال‌و نادیموکراسی‌و نارۆشنگەرو دژە بیانی بوو (Xenophobie). حاجی قادر لەرووی ئەدەبییەوە پشتی بەخانی‌و نالی‌و سالم‌و شێخ رەزای تاڵەبانی بەستووە:

دوو چامەکەی نالی‌و سالم دەورێکی زۆر گرنگی بینیوە لە بەرز راگرتنی بیرەوەری میرنشینی بابان‌و نیشاندانی دیمەنە رەش‌و تاریکەکانی ژیانی بن پۆستاڵی داگیرکەران.

سەرجەمی شیعری:

نالی‌و سالم لەنزیکەوە ئەزموونی فەرمانڕەوایی کوردی ژیاون‌و چالاکانە بەشداریان لەرووداوە سیاسی‌و ئەدەبییەکاندا کردووە.

حاجی قادرو شێخ رەزا بەگەنجی یان منالی دوا رۆژانی سەردەمی میرنشینی بابانیان بینییوەو بیرماوە..

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لەبەر قاپیی سەرا صەفیان دەبەست شێخ‌و مەلا‌و زاهد
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

لەبەر طـابووری عەسـكەر ڕێ نـەبوو بۆ مەجلیسـی پاشـا
صـەدای موسـیقـاو نەقـارە تـا ئەیـوانی كـەیوان بـوو

درێغ بۆ ئەو زەمانــە، ئـەو دەمــە، ئەو عەصـرە، ئەو ڕۆژە
كە مەیدانی جریت بـازی" لـەدەوری كـانی ئاسكـان بـوو

بەزەربی حەملەیێ بـــەغـــدای تەسـخیر كـــردو تێی هەڵدا
سلێمـــانی زەمان، راسـتت ئـــەوێ، باوكـی سولـەیمان بوو

عـــەرەب ئـــینكـــاری فـــەضلـی ئێوە ناكەم ئەفضلن ئەمما
(سەڵاحەدین) كە دونیای گرت لە زومـرەی كـوردی بابان بوو

عـــموومـــی شـــەهـــریاران و ســـەلاطـــین و رەمنطستان
لە رەوعب و سەطـــوەتی ئەو شێرەدا گشتـی هەراســـان بوو

قـــوبـــووری پـــڕ لـــەنـــووری ئالی بابان، پڕ لەڕەحمەت بێ
كەبـــارانی كـــەفـی ئیحسـانیان وەك هـەوری نیســـان بوو

كـــە (عەبدوڵڵا پاشا) لـەشكـری والیی سـنـەی شـەڕ كـــرد
(ڕەزا) ئـەو وەخـتە عومری پێنج و شـەش طفلی دەبستان بوو [٢٥]

بیرهاتنەوەكە راستە رۆمـانتیكیو شـانازییە بـەرابردووی دەسـەڵاتێكی كوردییـەوە، بـەڵام بەئاشـكرا جـەختكردن لەسـەر بـوونی ناسـنامەی تایبـەت بـەدی دەكرێـتو خۆجیاكردنـەوە لەگـەلانی دراوسـێ، كەهەمیـشە گـەورەییو خـۆ بـەزلزانیینو گیـانی هاژموونگەری لەنێو چینو توێژە باڵادەستەكانی كۆمەڵ كاوێژی كـراوەو زۆر جـار چـینو توێـژەكانی بنـەوەی كۆمـەڵیش بـەبێ سـوود بیـنینو قـازانجو دەسـكەوت دووبارەیـان كردۆتـەوە. شـیعرەكانی نـالیو سـالمو شـێخ رەزا وێـردی سـەر زمـانی بەشـێكی ئاگـاو



هۆشیاری گەل بـوونو لەپرۆسـەی خۆجیاكردنـەوەو خۆناسـینو دۆزینـەوەی (ناسـنامەی نەتەوەیی) دەوریان بینیوە. حاجی قـادر لـەپرۆژەی (پـەیامی نەتـەوەیی) خـۆی، بەشـێك لەبـەردو خـشتو قـسڵو دەرگـاو پەنجـەرەی بەئەمانەتـەوە لـەنالیو سـالمو شـێخ رەزا وەرگرتووەو بەكاریهێناون. واتە:

شـاعیر ویـستوویەتی پردێـك لـەنێوان دوو قۆنـاخ پێكبهێنـێ، هەرچـەند داگیركـەر نەیهێشتووە، گۆڕانێكی ئاسایی دروست بێتو هێزەكـانی نـاو كۆمـەڵ خۆیـان، بڕیـاری شـێوەو نـاوەڕۆكو كـاتی گۆڕانكاریەكـە بـدەن. داگیركـردن لـەدەرەوەی كۆمەڵـەوە بـۆ مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی روویداوە، نەك هێزە كۆمەڵایەتییـەكان، بەئاشتیانە بێت یان لەرێگەی زەبرو زەنگەوە كۆتایی بە "دەسەڵاتێكی خۆیی" بهێنن.

كۆتاییهێنانی بەدەسەڵاتی خۆیی " پچڕانی مێژوویی" لەپرۆسەی گۆڕانی مێژوویی هێناوەتە پێشەوە: پچڕانی مێژوویی كاری كردۆتە سەر مێژووی گەلی كـوردو تـا ئـەمڕۆ (قۆناخی پاش راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و دروستبوونی حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان) ئەو برینەی تا ڕادەیەك سارێژ كرد.

هەروەكو چۆن پچڕانی مێژوویی زیانێكی بێسنووری بەكۆمـەڵی كوردسـتانو بـاری ئابووریو ناسنامەو كەسایەتی مرۆڤی كورد گەیاندووە، حاجی قـادری كـۆیی دەورێكـی گرنگی بینیوە لەرچە شـكاندنو دارشـتنی ئایـدیۆلۆجیای نەتـەوەییو گرێـدانی هەنـدێ داوی پچڕێنراوی پرۆسەی گەشەكردنی كۆمـەڵ. ئەو دەستپێـشخەری كـردووەو خـەونێكی نەتـەوەیی هـەبووە. خەونەكـەی وەكـو چـرایەك لەتاریكـستانی نائومێـدیو تێكـشكانو هەرەسدا، رێزڕوونكەرەوەو ورە بەرزكەرەوە بووە: كارتێكردنی حاجی بۆ سەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاری گەلی كـورد، مەگـەر لەرێگـەی هاوكێـشەیەكی فەلـسەفی ناسـراوی هێگلەوە روونتركرێتەوە:

تێزە These دژە تێزە Antiyhese پێكەوە گرێدان Synthese

هەرەس‌و پچڕان روویداوە، حاجی داوای هەڵسانەوەو شۆڕشی کردووە بۆئەوەی رەوتی مێژوو بەردەوام بێت. بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەری هەڵداوە.

لەبەر هەلومەرجی بابەتی گشتی کۆمەڵی ئەو سەردەمەی کوردستان، نەتوانرا (زوینتێزە- Synthese) یەك لەبزوتنەوەی ناسیۆنالستی‌و بزاڤی لیبرالی‌و دیموکراسی، هەروەکو ئەوەی لەشۆڕشی فەرەنسییدا پێکهات، بێتەدی. راستە حاجی لەچاو کۆمەڵ‌و زەمانی خۆی رووناکبیرو پێشکەوتنخواز بووەو ئەو لەجیهانبینی هەژارانەوە سەیری دەوروبەری خۆی کردووە، بەڵام ئەو کوڕی رۆژی خۆی بووەو نەیتوانیووە، بەسەر پەرژین‌و سێبەری ئەو سەردەمەدا باز بدات:

**لەم بەینە ئیتفاقێ پەیدا بکەن بەمەردی**
**فەرقی نەبێ شوان‌و جوتیارو میرو گاوان** ل ٨٦

من زۆر بڕوام بەهیچ چوارچێوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی ئارەزوومەندانە نییە، هەرچی چین‌و توێژی کۆمەڵ هەن، هەمووی بگرێتە خۆی‌و پێکەوە کاربکەن‌و بەیەکسانی بەرژەوەندی هەموو لایەك بپارێزێت‌و بێتە دی. ئەمە تەنیا لەجیهانی ئەفسانەو فانتازیاو خەیاڵدا هەیە. لەجیهانی واقیعدا هەژارو رەش‌و رووت‌و بەلەنگاز، قورسایی خەبات‌و تێکۆشانیان دەکەوێتە ئەستۆ. پاش ئەوەی شۆڕش تاجی سەرکەوتن لەسەر دەنێت، هاوکێشەکە دەگۆڕێت: خەونی یەکسانی بوون، بەتاڵاوی نایەکسانی بوون کۆتایی پێدێت.

ئەم ئایدیۆلۆجیایە رەنگدانەوەی واقیعێکی تایبەتە: گەشەکردن لەکۆمەڵێکی بێدەوڵەت، یەکسان نییە بەو کۆمەڵانەی دەوڵەتیان هەیە. نەبوونی دەوڵەت، گەشەکردنی کۆمەڵ دەشێوێنێت: چین‌و توێژ بەهەمان شێوە هەلومەرجیان وەکو چین‌و توێژ لەو وڵاتانەی کۆمەڵ خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی، بۆ نارەخسێت.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەو نیوێك بەسەر بانگەشەی حاجی قادر بۆ کاری نەتەوەیی‌و دەسەڵات بەدەستەوە گرتن، ستراکتووری بزووتنەوەی نەتەوایەتی



گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی خێرای ئایدیۆلۆجیای ئەمڕۆو بیری شاعیر راستییەك بەئاشکرا دەردەکەوێ: لەتێگەیشتنی بیری رۆشنگەریدا حاجی لیبرالترو کراوەتربووە، تاهەندێ کەسایەتی سیاسی‌و ((رووناکبیر))ی ئەم سەردەمە.. بەرامبەر چینە چەوساوەو رەش‌و رووتەکان، هەر ئەو بەسۆزتر بووەو لەبیری نەکردوون.

## سەرنج و سەرچاوە

1-Tibi, Bassam: Isamischer Fundamentalismus, moderne Wissenschaft und Technologie .SuhrkamVerlag.Frankfurt a. Main, 1992 S.12ff.

٢- سەردار حەمید میران‌و کەریم شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، هەولێر، ١٩٨٦. لەم نوسینەدا تەنیا پشت بەم دیوانە بەستراوە. رەخنەکانی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم: هەنگاوێکی تر بەرێگادا.. بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٩ (لەکاتی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەردەستمدا نەبوو).

هەروەها کتێبی (حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لەژیانی نەتەوەی کورد- بەغدا ١٩٦٠ ) بینیوە. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم وتارەدا، ئەو بەرهەمانەی کاکە حەمەم لەبەر دەستدا نەبووە.

٣- مەسعوود محەمەد: حاجی قادری کۆیی. ب[٣] بەغدا، ١٩٧٦ ل[٨٣] .

٤- جليلي جليل: إنتفاضة الأكراد ١٨٨٠ — ت- سيامند سيرتي بيروت، ١٩٧٩ ص[٤٦] .

د. کەمال فوئاد: رۆژنامەی کوردستان (کۆکردنەوەو دووبارە بڵاوکردنەوە)، بەغدا ١٩٧٢ ل[١١] رۆژنامەی کوردستان بۆ تێگەیشتنی بیرکردنەوەی حاجی قادری کۆیی‌و بیری ناسیۆنالی کوردی هەر زۆر بەسوودە. هەر بۆ نموونە رۆژنامەی (کوردستان) زیاتر گوتاری نەتەوەیی تێکەڵاو بەبیری ئایینی ئیسلامی کردووە تا حاجی قادر.

عەبدولڕەحمان بەدرخان بەحوکمی ژیان‌و گەڕانی لەوڵاتە ئۆروپییەکاندا، باشتر لەحاجی لەئۆروپا تێگەیشتووە.

٥- کۆنسێپت: Consept لەلاتینییەوە وەرگیراوە: ئەم مانایە دەبەخشێت:

رەشنووس/ سەرەقەڵەم/ هێڵکاری‌و بیرۆکەی پلانێک پێش ئەوەی ببێتە پرۆژە/ گەڵاڵەکردنی نەخشەیەك پێش ئەوەی ببێتە نەخشەیەك‌و دەست بەکار بکرێت..



٦- گۆیتەی شاعیر لەژیاندا بووەو چەندین کتێبی لەسەر نوسراوە. یەکێك لەسکرتێرەکانی، کە (ئێکەرمان Eckermann—)ی ناو بووەو سەرپەرشتی چاپکردنی هەموو بەرهەمەکانی کەوتۆتە ئەستۆ، رۆژ بەرۆژ بیرەوەری‌و یاداشتی خۆی لەسەر گۆیتەو نوسینەکانی نوسیوە. ئەم کتێبەی ئێکەرمان ئێستا باوەڕپێکراوترین سەرچاوەیە لەسەر گۆیتەو خەڵکی لە(شەرح‌و تەفسیر)ی هەڵە رزگار کردووە.

٧- ئەگەر خێزان دروستنەکردن لەروانگەی سۆسیۆلۆگییەوە سەیر بکرێت، رێکەوتێکی سادە نییە، تا نووسەرو لێکۆڵەرەکان هەروا بەسەرپێیی بەسەریدا تێپەڕن. خێزان دروست نەکردن، گەر هۆی دەروونی نەبێت، کۆمەڵێك شیکردنەوەی جیاجیا هەڵدەگرێت. هەژارو بەلەنگازیش پێیان خۆشە خێزان پێکەوە بنێن‌و ژیان لەناو ماڵ‌و منداڵ بەسەر بەرن.

دەستکورتی یەکێکە لەهۆ بنەڕەتییەکانی ژن نەهێنان. بەشێك لەشاعیران، کە بەکارو پیشە مەلا بوون، دیارە لەسۆنگەی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە، بیرکردنەوە لەژنهێنان‌و ماڵ پێکەوەنان بەگران لەسەریان وەستاوەو نەیانوێراوە خۆیان بخەنە بن باری ئەو بەرپرسیارێتییە مەزنەو جێبەجێکردنی پڕۆژەی خۆشەویستی بەتێکشکان کۆتایی پێ هاتووە (نالی- حەبیبە)، یان لەدەرەوەی بازنەی خزم‌و کەس‌و کارو هاوزمان، هاوسەر هەڵبژێردراوە (مەولەوی- عەنبەر خاتوون).. هتد

8. Rich, Claudius James: Narrative of a Residence of Koordistan.London 1836 p.98

٩- فێرمیتلەر: Vermittler وشەیەکی ئەڵمانییەو مانای (وسیط)ی عەرەبی دەگەیێنێ. کەسێك/ دەزگایەك، کە لەنێوان دوو لایەنی ناکۆکدا دەوری ناوبژیکەر دەگێڕێ. لایەکە، کەدەتوانێ بۆ لایەکەی تر شتێك وەدەست بهێنێ ( نموونە: دەڵاڵی

خانوو و بەرە). هێزێکی سیاسی دەتوانێ لەنێوان خەڵك و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، دەنگی لایەك بەلاکەی تر بگەێنێت. فیرمیتلەری ئەڵمانی مانای (میدیاتۆر- Mediator)ی لاتینی دەبەخشێ. خوێنەری کورد بەزاراوەی (میدیا- Media) ئاشنایە، کە رەگی (میدیاتۆر)ەو ئەم زاراوەیە ئەمڕۆ بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن بەکاردێت.

١٠- کۆنتێکست: (وشەیەکی لاتینیەو مانای) دەوروبەری پەیوەندیدار دەبەخشێ بۆ نموونە: تێگەیشتنی مرۆڤ بەهۆی دەوروبەرو تان و پۆی کۆمەڵایەتیەوە.. وشەیەك زۆر جار بەهۆی رستەیەکەوە یان بڕگەیەکەوە مرۆڤ دەتوانێ لێی تێبگات. وشەکە بەتەنیا رەنگە مانایەکی زۆر جیاواز ببەخشێ. وشە دەبێ لەناو کۆنتیکستی خۆیدا لێکدرێتەوە.

11. Beutin, Wofgang: Deutsche Literaturgeschichte. Stuttgart.Weimar 2001S.118.ff.

12. Beutin, Wofgang:Ibid.S.198.ff.

13.Karpat,Kemal: The Ottoman Ethnic and confessional legacy in the Middel East. In Esman, Milton: Ethnicity, Pluralism and the State in the Middel East. Ethaca & London 1988. P35ff.

١٤- میللەت وەکو چەمکێکی ئیتنی/ دینی (ملة إبراهیم) هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە بەرچاو دەکەوێ. نووسەرێکی وەکو شهرستانی لەکتێبی (الملل والنحل) بەمەبەستی وەسف کردنی گروپ و مەزهەبی دینی بەکاری هێناوە.

١٥- جولانەوەی نەتەوەیی ئەرمەنی لەئەستەموولدا لەم کاتەدا هەر زۆر بەهێز بووەو توانی پایتەخت بهەژێنێ و لەدەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیش چالاکی دیلۆماسی چڕوپڕیان هەبووە.

١٦- دەربارەی پێناسەی نەتەوە (Nation)، نوسینێکی زۆر کەم هەیە. زۆربەی نوسراوەکان پشت بەلێکۆڵینەوەی تیۆری نابەستن و یەك لایەنەو سادەن.

17.Langewiesche, Dieter: Nation- Nationalismus- Nationalstaat in Deutschland und Europa. Munchen. 2000 S.20.ff.



١٨- سەبارەت بە پێناسەی چەمکی (( بویرگەرتووم)) ،بڕوانە فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر): پێکهاتنی چوار چێوەی ئابووری و سیاسی چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا (١٨٢٠-١٩٢٠) سلێمانی، ٢٠٠٤ ل٣

١٩- دیوانی سالم هەولێر١٩٧٣

٢٠-نەجاتی عەبدوڵلا: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا(١٨٧٩-١٨٨٢) سلێمانی ٢٠٠٤ ل٣٢-٣٣

21- Tibi Bassam: ibid. S. 106 ff.

٢٢- لەسەدە ناوەڕاستەکاندا تا ساڵی١٨٠٦ لەئەڵمانیدا یەك ئیمپراتۆریەت هەبووە،( ناوی زل و دێی وێران) بەرەسمی ئەو رەشماڵە بووە کە هەموو دەوڵەت و میرنشینەکان لەناو سنوورەکەیدا، لەبن سێبەریدا بوون. بەلام ئیمپراتۆریەت، هیچ دەسەلاتێکی نەبووەو نەیتوانیوە، بەرامبەر میرو شاو دەسەلاتدارانی ئایینی هیچ شتێك بلێت و کەسیش لەپرسە گورگانە بەولاوە، هیچ پرسیارێکی پێ نەکراوە.

23- Langewieshe, Dieter; ibid, S. 32 ff .

24- Luxemburg, Rosa; Gesammelte werke, Band 1 . 1893-1905. Berlin 1982. S. 810. ff

٢٥- د. مکرم تالەبانی: شێخ رەزای تالەبانی، هەولێر ٢٠٠١ ل ٢٥٠ .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ
# بیری سیاسیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەشیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، دوو جیهانی پارادۆکس بەدی دەکرێت: پیاوێکی ڕەوانبێژ، زیرەك، هۆشیار، بەئاگا، زمانهەراش، قسەسوار، ڕاکێشەری سەرنجی ناو کۆڕو کۆمەڵ بۆ شێوەی دوانو داڕشتنی خۆی. ئەمە دیوێکی کەسایەتی شاعیرە، دیوەکەی تری ئەوەیە، نزمترینو پیسترینو دزێوترینو بازاڕیترینو سووکترین جوێن، لەبازاڕەوە بۆ ستركتوورو بینای قەسیدەی کلاسیکی هەڵدەبژێرێت. ئیدی ئەوەی (حەیا)و (حورمەت)و شەرمو شکۆو (تابوو ـ Tabu) بێت، لەناو (ئەدەب)ەکەیدا بەرچاو ناکەوێت.

کەواتە: هۆی چییە شێخ ڕەزا، کە لەناو خێزانێکی ئاینی گەورەو بەڕێز، پەروەردە کراوە، کەچی ئەو، وەکو کارو پیشە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی، دەستبەرداری تەکیەو مزگەوتو شەریعەتو کاری ئاینی نابێت، لەهەمان کاتدا، هەر لەتەمەنی گەنجێتی تا دواڕۆژەکانی ژیانی، دەستی لە (هونەر)ی داشۆریو ساتیرو داپاچین هەڵناگرێت؟

ئایا قەسیدەی (لەبیرم دێ..) دەکرێت، بەسەرەتاو پێشەنگی شیعری ناسیۆنالیستی کوردی دابنرێت، یان ئەو (بیری سیاسی) بەئەفسانەو داری بێبەر داناوەو هەر شەیداو پەروانەی بەرژەوەندییە تایبەتو بەرتەسکەکانی خۆی بووەو هەر ڕۆژەی لەئاشێکی کردووەو هەر ڕۆژەی لەشوێنێك ماڵیویەتیەوە؟

## میتۆدی کارو لێکۆڵینەوە

بۆ تێگەیشتنی بیری سیاسیو جیهانبینیو ئاسۆی بیرکردنەوەی شێخ ڕەزا، ئێمە ناتوانین تەنیا پشت بەشیکردنەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانی ببەستین، بەڵکو دەبێ شیعرەکانی بۆ تانو پۆو کۆنتێکستی ـ Context کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو سیاسی ناوەڕاستی سەدەی (١٩) تا ساڵی ١٩١٠ بگێڕدرێتەوە.

ئەگەر پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پەیکەرێکی شاراوەی بنگڵکەوتووی شوێنەوار بێتو شوێنەکەی بۆ تیمی کۆڵیارو پشکنەر، بەوردی دەستنیشان نەکرابێت،



دەبێ لەچوارلاوە، بەزنجیرەی پاچی پرسیار، ڕووەو شوێنی خەملێنراو، پاچەکان بۆ بن زەوی لەگەڕدابنو چین چین، دوای شوێن دیوارو خشتو لەتە گۆزە بکەون، تا لەپەیکەرکە نزیك دەبنەوە...

ئێمە پێویستە، ئەم خاڵانەی خوارەوە، بەوردی ڕەچاو بکەین:

١. لەڕووی کاتو سەردەمەوە، ئەو، لەئێمەوە زۆر نزیکترە، لەچاو بابا تاهیری هەمەدانیو مەلا پەرێشانو مەلای جزیری. زۆر کەس لەوانەی شێخ ڕەزایان بینیبوو، تا نزیکەی ٣٥ ـ ٤٠ ساڵ لەمەوپێش لەژیاندا بوون بۆ نموونە: ڕابیعە خانی کچی شاعیر (..... ـ ١٩٧٤). ئەم نەوەیە، ئێستا کەسیان نەماون. بەڵام نەوەیەك لەژیاندان، کە چاویان بەنەوەی پێشوو کەوتووە، لەوانەوە کۆمەڵێك زانیاریو دەنگوباسیان لایە، شایانی تۆمارکردنو بەدۆکۆمێنتکردنە بۆ نموونە: د. موکەڕەم تاڵەبانی[١]و د. نووری تاڵەبانی[٢]و ... هتد.

٢. شێخ بەپێچەوانەی مەولەویو وەفایی، هیچ نامەو بیرەوەری دوای خۆی بۆمان جێنەهێشتووە،[٣] بەلای کەمەوە بەرچاوی خوێنەران نەکەوتوون. ئەم کەلێنە، بارگرانیو یارمەتینەدەرە بۆ تێگەیشتنی باشتری ژیانو بەرهەمەکانی شاعیر.

٣. بەشی زۆری شیعرەکانی شێخ ڕەزا نەماون، یان دەستێك ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان دەگرێت. وا باوە، ئەو خۆی، تاقەتی نووسینەوەو کۆکردنەوەی شیعرەکانی نەبووە، لەئامێزی دیوانێکی ڕێكو پێکدا. مێجەرسۆن چاوی بەشێخ ڕەزا کەوتووەو لەدەفتەرێکی دەسنووسدا هەندێ شیعری بۆ خوێندۆتەوە. ئەم دەفتەرە، هیچ دەنگوباسێکی نییە.[٤] هەرچی شیعری بڵاوکراوەیشی هەیە، ڕەنگە لەڕێگەی خەملاندنو بەراوردەوە، بزانرێت کەی نوسراونو بۆنەکەیان چییەو مۆتیڤی نووسینی شیعرەکانی لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

٤. چەند کەسێك لەدۆستو هاوچەرخەکانی شاعیر وەکو (ئەمین فەیزی) خاوەن کتێبی: (ئەنجومەنی ئەدیبان)[٥]و ئینال (أ. مەحموود کەمال) خاوەن کتێبی: (صوك

عـصر تـورك شـاعرلری)[٦] بـەكورتی لەسـەر شـێخ رەزایـان نووسـیووە. سـەرنج‌و تێبینییەكانیان زۆر گرنگن‌و بریا تۆزێك زیاتریان دەنووسی.

٥. بـاوك‌و بـاپیرەو مـام‌و بـراو خـزم‌و كەسـوكاری شـێخ رەزا، كەسانی بـەناوبانگ‌و ناسراون. هەریەكەیان، یان بەرهەم‌و شیعرو نووسینیان لەدوا بـەجیماوە، یـان زانیاریمـان كـەم‌و زۆر لەسـەریان هەیـە. بەشـێك لـەو زانیاریانـە، بـۆ هەنـدێ قۆناغـەكانی پـڕۆژەی لێكۆڵینەوە، بەسوود و پێویستن‌و یارمـەتیمان دەدەن، بە بـەراورد و بـەراوردكاری، هەنـدێ ئەنجامی باشمان دەست بكەوێت.

٦. ماڵەكەی شێخ رەزا، رەنگە تاقە ماڵی شاعیرێكی كـورد بێـت، پـاش تێپـەڕبوونی پتر لەسەدەو نیوێك بەسەر دروستكردنیدا، هێشتا وەكو خۆی مابێتەوە. هەقە حكومـەتی هەرێمی كوردستان، ئەم ماڵە وەكو بەشێك لەشوێنەوار بپارێزێت‌و بـەرە بـەرە، بـەجوانی رێكبخرێتەوە وەكو مۆزەخانە، یان بەشێك لەژینگەی شاعیر، دەرگای بۆ بینـەران لەسـەر پشت بێت. پارێزگای كەركوك، یان شارەوانی، دەتوانێت بەهەمان كار هەڵبەستێت‌و ئەم شوێنەمان لەدەست وێرانبوون بۆ بپارێزێت.

٧. نووسینەكەی من، تەنیا یەك تەوەرو یەك لایـەن، لەشـیعرەكانی شێخ رەزا دەخاتـە بازنەی لێكۆڵینەوەو شیكارییەوە، واتە: لایەنی سیاسـی، هەرچـەند مـن خـۆم چـاك ئـەو راستیە دەزانم، مامە شێخ ئەوەندەی بەهونەری داشۆری‌و ئاگرباران، ناوی رۆیشتووە، یەك لـە دەی ئـەوەش نـاوی بـە شـاعیری بـیری سیاسـی‌و هەڵوێـست‌و جیهـانبینی نەتـەوەیی ناوبـانگی دەرنـەكردووە. ئێمـە تـەوەری هەڵـسوكەوتی كۆمـەڵایـەتی‌و ژیـانی تایبـەت، بەدەرەوەی بازنەی كارەكەمان تێدەگەین. هەر بایی ئەوەش ئاماژەی بۆ دەكەین‌و لەسـەری دەنووسین، تێگەیشتنی كارەكەمان بۆ ئاسانتر بكاتـەوە. لـەكاتی دارەڕاو سـەربانگرتندا، بەبێ كۆڵەكەی قایم، یان كاریتەی ئەستوور، هەر زۆر زەحمەتە بانیژەكە خۆی رابگرێت.

من بەڕاشكاوانە، سەبارەت ئەو هەموو قەسـیدە پـڕ لەوێنـەی ئیرۆتیكـی، ورووژێنـەر، رێگە پێنەدراو لەڕووی كۆمـەڵایەتیەوە، كە ئەمسەرو ئەوسەری دیوانەكـەیان تەنیوەتـەوەو



شایانی ئاوڕلێدانەوەو لەسەر نووسینن، لەلایەن كەسانی پـسپۆڕی بـواری دەروونناسـی‌و شـیكردنەوەی دەروونـی. كردنـەوەی كۆدەكـان، كـاری دەروونناسـانە. یـەكێك بیـەوێت ((جوێن))ەكان وەكو جوێنی رووت تێبگات، ئەوە زیان بەئەدەبی كوردی دەگەیەنێت.

## خاڵس

شێخ رەزا كوڕی شـێخ عەبـدولرەحمان (خـالس)ی تاڵەبانییـە[٧] (١٢١٢ــ ١٢٧٥ ك) بەرامبەر (١٧٩٩ــ ١٨٥٩ ز) پـاش مردنـی بـاوكی، شـێخ ئەحمـەدی تاڵـەبانی، دەبێتـە مورشدی رێبازی قادری. شاعیرێكی مەزن‌و سۆفیەكی بەناوبانگە. لەسەردەمی خۆیدا بە غەوزی دووەم (غـوث الثـاني) نـاوی رۆیـشتووە. لەگونـدی (تاڵـەبان)ەوە بـۆ شـاری كەركوك ماڵ دەگوێزێتەوە. سـاڵی ١٢٦٠ ك بەرامبـەر (١٨٤٢ـــ ١٨٤٣ ز) تەكیـەی تاڵەبانی لەوێ دروست دەكات. دە براكەی تری هەریەكە بـۆ شـوێنێك دەڕۆن‌و رێبـازی تاڵەبانی لەوشوێنانەدا بڵاودەكەنەوە. بۆ نموونە: شێخ غەفووری برای بۆ كۆیە دەچـێت‌و لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

خاڵس لەگەڵ شێخ عوسمانی سراج الدینی نەقشبەندی تەوێڵە، پەیوەندییـەكی تونـدو تۆڵی هەبووە. بەهەمان شێوە، دۆستایەتی مەولەوی‌و خـاڵس زۆر بـەهێزبووەو مەولـەوی سەردانی كردووە.[٨]

شێخ عەبدولرەحمان چوار ژنی هێناوە. لەم چوارژنە، چوار كوڕی هەبووە:

١ـ شێخ عەلی (١٨٣٢ـ ١٩١١)[٩]

٢ـ شێخ عەبدولقادر (١٨٣٤ـ ١٨٩٧)

٣ـ شێخ عەبدولواحید (١٨٣٦ ـ ؟)[١٠]

٤ـ شێخ رەزا (١٨٣٨ـ ١٩١٠)

## سەردەمی منالّی

سەبارەت بەسەردەمی ژیانی منالّی شاعیر، ئێمە هەر یەکجار زۆر کەم دەزانین. جیاوازییەکی زۆر لەسەر سالّی لەدایکبوونی شاعیر هەیە. زۆربەیان لەسەر سالّی ١٢٥٤ ك بەرامبەر سالّی (١٨٣٨ ز) کۆکن. د. موکەڕەم تالّەبانی لەکتێبی (شێخ ڕەزای تالّەبانی) سالّی ١٢٥٣ ك داناوە، پاشان لەدانیشتنێکدا گوتی:"باپیرەم شێخ حەمەعەلی، کە برازای شێخ ڕەزایە، سالّی ١٢٧٣ ك بەرامبەر سالّی ١٨٥٧ ز لەدایکبووەو نێوانیان (١٩) سالّ بووە. کەواتە: سالّی ١٢٥٣ ك هەلّەیە"[(١١)]

لەوەدەچێت ژیانی شێخ عەبدولڕەحمان، پێش ئەوەی لە کەرکوك بەیەکجاری جێگیربێت، لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر مالّی گواستبێتەوە: سەرەتا لەتالّەبان بووە. شێخ ڕەزا لە (قرخ) ی ناوچەی بازیان لەدایکبووەو لەوێوە بۆماوەی سالّێك لەگوندی (ساری تەپە) بوونو پاش سالّێك، بەیەکجاری مالّی بۆ کەرکوك گواستۆتەوە یەك سالّیش لەشاری سنە بۆ خوێندن ماوەتەوە..

جگە لەگواستنەوە لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر، شێخ ڕەزا لەتەمەنی پێنج شەش سالّیدا سەفەرێکی ئەفسووناوی بۆ شاری سلێمانی دەکاتو دیمەنەکەی ئەوەندە بەلاوە سەیردەبێت، قەت بیری ناچێتەوە:

کە عەبدوللّا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج شەش توفلّی دەبستان بوو[(١٢)]

ئەم هەموو مالّ گواستنەوەو گەڕانە، کاریگەری خۆی لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی شاعیر هەبووە. لەکاتی گەنجێتیدا ئیدی خۆی بڕیاریدا چەندین جار سەفەری کۆیەو ئەستەموولّو بەغداو.. هتد. بکات.

شێخ ڕەزا چوار زمانی بەچاکی زانیوەو شەڕە شیعری پێکردوون (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی). فێربوونی چوار زمان کارێکی ئاسان نییەو بەلّگەی ئەوەیە، ئەوکاتەی



ئەم (پێنج شەش سالّ) بووەو (طفلی دبستان) بووە، مامۆستاکانی مامۆستای زیرەكو زانا بوون (شێخ عەبدولرەحمان، شێخ غەفووری تالّەبانی، مەلا محەمەدی ئابلاّخ،.. هتد.) پرۆسەی (سۆسیالیزاتسیۆن ـ socialization)[(١٣)] لەسێبەری خالّسیدا، بەچەشنێك بووە، لەچوار منالّ سێیانیان شاعیرو زانای ئاینی گەورەبوون.

ئێمە لەژیاننامەی شێخ ڕەزادا، بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت، ئەم چوار زمانەی بەباشی زانیوەو لەتەمەنی (٢١) سالّیدا، پەلاماری کەلّەشاعیرانی داوەو[(١٤)] ئازاری پێگەیاندوون. لەتەمەنی (١٩) سالّیدا ڕووی کردۆتە ئەستەموولّو گەشتوگوزاری پایتەختی کردووەو تێکەلاّوی کۆڕی شاعیرانو ئەدەب دۆستان بووە.

زۆربەی مێژوونووسان تێبینی خالّێکیان لەژیانی شێخ ڕەزادا نەکردووە: ئەو بەکام دیالێکتی کوردی لەمالّەوە دواوە؟

من لەپیاوێکی ڕووناکبیرو بەئاگام بیستووە، بەبیرەوەری ئەو، تا مالّی باپیرەی مابوون، هەر بە شێوەزاری گۆرانی دەدوان. پاش باپیرە، دەستبەرداری شێوەی گۆرانی بوون، واتە: تا سەرەتای چلەکانی سەدەی پێشوو.[(١٥)] من هەمان پرسیارم لە د. موکەرەم تالّەبانی کرد، ئەو پێیوابوو، تا شێخ عەلی لەژیاندا بووە، بەشێوەی زەنگنە قسەکراوە. شێخانی تالّەبانی هەموو شێوەی زەنگنەیان دەزانی. تا ئەم دواییەش ئاغایەکی زەنگنە سەردانی بکردینایە لەناو یەکتردا، هەر بەگۆرانی ـ شێوەی زەنگنە پێکەوە قسەیان دەکرد.[(١٦)]

گومان لەوەدا نییە، حەزرەتی شێخ گۆرانییەکی چاکی زانیوە. شێخ عەبدولرەحمان بەشێك لەشیعرەکانی فارسیو بەشەکەی تر بەشێوەی گۆرانیو لەوەلاّمی مەولەویدا دەلّێت:

ئیرادەم ئێدەن، وەی کەلّپۆسەوە
شەو نالّین وەشەن، وەلّای دۆسەوە[(١٧)]

سەیر ئەوەیە شێخ رەزا هەموو شیعرە بڵاوکراوەکانی بەشێوەی سۆرانی (کرمانجی خواروو) نووسراون، تەنیا قەسیدەیەکی هەجو نەبێت، کە ئاراستەی پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆشی دەلۆ کراوە:

((حەسەن کەنۆشن، ئینە کەناچەی حەسەن کەنۆشەن))

کەچی پیرۆزە خانم، بەشێوەی سۆرانی وەڵامی داوەتەوە. ئەوەی ئەو بەشێخی کردووە، نە سەرما بەهەتیوو، نە رەشەبا بەدەواری شڕی کردووە:

رەزا وەزەفتم.. رەزا وەزەفتم
هیچ کەس نەکەردن تەعەدا زەفتم

دەمت و مابەین چالێ ئەشکەفتم
بچێ وەچاوتا بەلوکەی چەفتم[18]

## ژینگەی بەر تەکیە

ئێمە بۆئەوەی (وێنا)یەکی دوور لەئەفسانەو زانستیمان لەسەر دروستبوونی گەنجینەی فەرهەنگیان لەسەر شێخ رەزا لادروست ببێت، بەپێویستی دەزانم، ژینگەی ئەو لەگەڵ ژینگەی چەند شاعیرێکدا بەراورد بکەین: بۆ نموونە (هێمن)ی موکریانی: ئەو رووبارێك وشەی هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، ئەگەر ئەو لە (شیلان ئاوی) پەروەردە نەبوایە، رەنگە نەیتوانیبایە هیچ هەستێکی بەرامبەر بەوشەکان هەبوایە، یان لەبەکارهێنانیان چێژ وەربگرێت..

شێخ رەزا، ئەگەر دوو کارێکتەری ناکۆك و دژ بەیەکی هەبێت، ئەوە یەکێکیان بەرهەمی تەکیەیەو ئەوتریان بەرهەمی بەر تەکیە!



پێویستە کۆمەڵناسە کوردەکان، لەسەر کولتووری ژینگەی هەندێ گەڕەکی شار، لێکۆڵینەوەی خۆیان بکەن. هەر بۆ نموونە: کاریگەریی دروستکردنی مزگەوتێك، تەکیەیەك، خانەقایەك لەسەر گەڕەکێك چییە؟ ئەو خەڵکە هەموو رووەکەنە نوێژو خواپەرستی، یان بەپێچەوانەوە، لەدەوروبەری ئەو مزگەوتە، ژینگەیەکی زۆر تایبەت دروست دەبێت. لەدووبارەبوونەوەو هاوشێوەیەتی، لەڕووی پێکهاتەوە، ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ (خانەقا)و (بەرخانەقا)ی شاری سلێمانی، هەندێك لێکچوون و جیاوازی هەیە!

جیهانی ناو تەکیە: نوێژو خوێندن و فێربوون و ئیرشاد و دەفلێدان و موناجات و ئەڵقەی زیکرو یاهوو.. یاهوو.. بووە. (بەرتەکیە) جیهانێکی جیاوازو جەنجاڵ بووە. جیهانی ناو تەکیەو بەرتەکیە، تەنیا وشەی (تەکیە) هەردووکیان کۆدەکاتەوە. هەرچەند لەڕووی جوگرافییەوە سەیری بکەین، لەیەکەوە نزیکن و بەدەم یەکەوەن و هاتوچۆو پەیوەندی و رایەڵ، لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا هەیە. دەشکرێ لەنێوان، هێڵە هاوتەریب و بەرامبەرەکان، چەندین یەکتربڕین و تێهەڵکێش هەبێت. دیاردەی ژینگەی بەرتەکیە، جۆرێکە لەرەنگدانەوەی لاوەکی کۆمەڵی ئەوسای کەرکوك. کەسانی پەڕیوەو دەروێش و ئاوارەو بێکەس وکارو بێشوێن و بێدەرەتان، بەحوکمی خۆپاراستن و خۆژیاندن، هەروەکو چۆن لەترسی خنکان و لافاوو تۆفان (کەشتی نووح) دەستی هیوای پێوەگیراوە، ئەوانیش دەستیان بەدەرگای تەکیەوە گرتووە، تا دەروویەکیان لێدەکرێتەوە.

د. موکەڕەم تاڵەبانی دەنووسێت: ((دانیشتوانی بەرتەکیە، لەرەسەندا هەموو کوردن، بەڵام هەریەکە لەهەرێمێکی کوردستانەوە هاتوون. وەکو قالە تەنیایی، ئەمین سووررداشی، سلێمان چاووش، ئەحمەد مەلاژن، سەید ئەمین هەپلوس، حەمەی وەستا فەتاح، بلە منگن، ... هتد))[19] زۆر جێگەی داخە، کە ئێمە پەیوەندی شێخ بەم کەسایەتییانەوە نازانین، جگە لە (حەمەی وەستا فەتاح)،[20] کە شێخ رەزا بە (موفیدو

موختەسەر) هەجوێکی کردووە، تا ئەمڕۆش زۆر کەس لەبەریەتی‌و بەهۆیەوە ناوی لەدیوانی شاعیرێکدا پارێزراوە.

راستییەکی روونە، خاڵس ویستویەتی کوڕەکەی بەجوانترین‌و باشترین شێوە پەروەردە بکات. ئەو، هەل‌ومەرجی فێربوونی بۆ فەراهەم کردووەو رەوانەی لای باشترین مەلاو زانا کردووە بۆ قووڵبوونەوە لەبواری فیقهەو شەرع‌و زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و عوسمانی‌و تەسەوف... هتد. ئاشکرایە کوڕ، زۆر شتی لەباوکی وەرگرتووەو تا دوا رۆژی ژیانی، دەستی لەرێگەی باوکی بەرنەداوە.

باوك، بەگوێرەی کات‌و توانای خۆی، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی داوە، هیچ نەبێ لەسێبەری خۆی‌و بنەماڵەدا، گەشە بکات‌و سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

ئێمە ئەگەر زانیمان، کاتێك شێخ رەزا لەدایکبووە، باوکی ئەوکاتە تەمەنی دەوروبەری (٣٨) ساڵ بووە. دیارە ئەو بایەخپێدان‌و یاری لەگەڵکردن‌و دەست بەسەرداهێنانەی بەر شێخ عەلی واتە: کوڕی نۆبەرەکەی کەوتووە، رەنگە ٢٠٪ بەر شێخ رەزا نەکەوتبێت. جیاوازی تەمەنی کوڕەکان، دووساڵ، دووساڵە. چوار منالی بچووك، رەنگە هەرچواریان پێکەوە ویستبێتیان ئاو بخۆنەوەو بنوون‌و لەسەربان بێنە خوارەوە. باوك ئەگەر بۆ نۆبەرە، ئەوپەڕی شادی‌و بەختەوەری نواندبێت، بۆ دوا منال، تاقەتی نەبووە، هەمان خۆشەویستی پێشکەش بکات.

## منالی گەورەکراو

لەکۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا، منال ئاسۆی هەڵبژاردنی کارو پیشە، لەبەردەمیدا نەبووە، پیشە، لەباوکەوە بۆ کوڕ، بەمیرات ماوەتەوە. تێڕوانینی ئەوان بۆ(منال)، هەمان تێڕوانینی ئەمڕۆ نییە. لای ئەوان، منال پیاوێك، یان ژنێکی بچووکە. کەسانی خانەدان بۆ منالی بچووك، کوڕێکی حەوت هەشت سالان، جل‌وبەرگی گەورەیان لەبەرکردووە.

هێمنی شاعیر (١٩٢١ ـ ١٩٨٦) ئەزموونی خۆی لەگەڵ ئەزموونی کۆن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەگێڕێتەوە: ((رێ‌و شوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ



هاوتەمەنەکانم گاڵتەوگەپ بکەم. چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم‌و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شێخولئیسلامی بەناوبانگ بووم، ئەوان کوڕی لادێییەکی بێناوو نیشان. من بەروپشت ئەتلەس بووم‌و ئەوان کەڕە کرمانج. من کۆك‌و پۆشتە بووم‌و ئەوان رووت‌و رەجاڵ.

ئاخ... گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەرێشان‌و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێك کە دەبێتە گریمانەی رووحی‌و تامردن سارێژ نابێ.

ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە، کزەم لەجەرگی دێ‌و خەمێکی گران دامدەگرێ، کە من لەهەموو خۆشی سەردەمی مندالی بێبەش بووم. لەپێش چاوی من، مندالەکانی گوندەکەمان، ئەو رەش‌و رووتانەی هاوشانی من نەبوون! بەئازادی‌و بێباکی گاڵتەوگەمەیان دەکرد، لەخاك‌و خۆڵ دەگەوزین، لەسەربانان هەڵدەبەزین، لەقوڕو چلپاودا غارغارێنیان دەکرد، لەسەر تەپۆلك‌و کۆپەین ملانەیان دەگرت، لەسەر سەهۆڵ خلیسکیان دەکرد، لەسەر لۆدە کا بازبازێنیان دەکرد، بەگژیەکدا دەچوون، پێکهەڵدەپرژان، ئاشت دەبوونەوە، ئاورۆچکەیان دەکردەوەو خانووچکەیان دروست دەکرد. هێلانە چۆلەکەیان دەردەهێنا، تەبکەیان دەناوە. هەلووکێن، تۆپێن، هەمزەل، هەنگلەشەلە، دایە من مەدە بەگورگی، هەڵوای بەشەپان، قەرەقەری‌و دەیان جۆرە گاڵتەی دیکەیان دەکرد. بەڵام من بەو تاوانەی کە نەجیب زادە بووم، دەبوو وەکو گەورە گەوران لەدیوەخان لەسەر چۆك دابنیشم‌و متەقم لەبەر نەیەتە دەر! بۆ بەدبەختی، لەماڵی ئێمەدا نێرینەی لەمن بچووکتر نەبوو. دەبوو لەبەر هەموویان یەك پێ هەستم‌و تا ئیزنم نەدەن لەبەر دەستیان راوەستم‌و دانەنیشم، لەدوای هەموان نان‌و چام بۆ دابنێن. چەندم پێخۆش بوو نە کەوای مەخمەرو تاقەو قوتنی‌و خەزەلم لەبەردابا، نە پانتۆلی ئاڵمانی زەردم لەپێدابا، نەکاڵەی شەمامەبەندی ئاوریشمچنم لەپێدابا‌و نە شەدەی سەوزم

لەسەرباو نە پشتێنی پەشمینەی کەسکم لەپشدا باو وەك منداڵە رووتەڵانەکان ئازاد بام)).[21]

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## فەرهەنگی زمانەوانی بەرتەکیە

من هەر لەسەرەتاوە دانم بەدوو راستیدا ناوە:

١. دەربارەی سەردەمی منداڵی شێخ رەزا، نەخۆی هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆ جێهێشتووین، کە بۆ لێکدانەوەو بەراوردکردن یارمەتیمان بدات. نەکەسێکی هاوچەرخی شاعیر، شتێکی نووسیووە لەسەر فەرهەنگی زمانو ژینگەو کولتووری ئەوێ.

٢. من هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆم لەبورای دەروونناسیدا نییە، ژمارەیەك ((جوێن))و ((وێنە))ی ئیرۆتیکی، پێویستە بەمیکرۆسکۆپی دەروونناسێك، شیبکرێنەوەو دەرهاویشتەی (لابوور ـ Labur) بەتەنیشت یەکترەوە دانرێت.

بێگومان شاعیر بەرێکەوت، وشە بۆ ناو بینای قەسیدەیەك هەڵناپرژێنێت. ئەو، وشەکان، هەر زۆر وەستایانە، هەڵدەبژێرێتو بۆ هەڵچنینی دیواری تەلاری قەسیدەکە ژیرانە بەکاریان دەهێنێت.

هەرکەس چاوێکی خێرای بەدیوانی شێخ رەزادا گێڕابێت، یەکسەر ئەو راستیە دەزانێت (فەرهەنگی ئەشعاری شێخ رەزا)[22] هەر زۆر لە (فەرهەنگی ئەشعاری شاعیرە کلاسیکیەکان) جیاوازە. ئەوان ویستویانە پێڕەوی حافزی شیرازیو جەلال الدینی روومیو سەعدیو ئەنوەری.. هتد بکەن. تەکنیکی شیعری کلاسیکی[23] و ((سبك))ی شاعیرانی ئەو رێبازە ئاشناو زانراوە. شێخ رەزا، ئەو کاتەی نازناوی (لامع)، ماوەیەکیش (رەضا) بووە، بەوردی لەسەر رێبازی شیعری کلاسیکی رۆیشتووەو چەند غەزەلێکی هەیە، کە هەمووی ئیلتزامکردنە بە بنەماکانی شیعری کلاسیکیەوە:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

رۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ رەحمە وەفاکا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لەخوداکا

*　　*　　*

رۆحو، دڵو، دین هەرسیە دەکەم بەژڵو نثاری
کامی دڵی من گەر لەلەبی لەعلی رەواکا

*　　*　　*

سەردانی لەرێی عەشق (رەضا) لازمە عاشق
بۆ یار سەرو ماڵی سوپەری تیری قەضاکا[24]

ئەمە نموونەی شیعری کلاسیکی شاعیرە. پاش ساڵانی (١٨٥٩ ـ ١٨٦٠ز)، قۆناغی کلاسیکی وەکو شێوەی دەرەوە، پارێزگاری کراوە، بەڵام مەبەستو ناوەڕۆکی ئاراستەیەکی زۆر جیاوازی هەیە.

## شێخ رەزا بەکام زمان نووسیویەتی؟

زمان ئەگەرچی، ئاسۆیی سەیری بکەین، بەسەر چەندین دیالێکتو بن دیالێکتدا دابەش دەبێت. ستوونی سەیری بکەین، هەر چینو گروپێکی کۆمەڵایەتی، شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە:

زمانی ئەڵمانی بەگشتی سێ چینە:

١. زمانی ئەدەبو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ

٢. زمانی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵك

٣. زمانی خواری خوارەوەی کۆمەڵ

روونکردنەوەی ئەم سێ زمانە کارێکی ئاسان نییە. بەکورتی دەتوانم ئەوە بنووسم، ئەم سێ زمانە، لەڕووی وشەسازیو فەرهەنگو دەستەواژەو رستەسازییەوە، زۆر لەیەکەوە

جیاوازن بۆ نموونە: بەرامبەر بەوشەی ئاودەستی کوردی، چینی یەکەم، زاراوەی ((توالێت)) بەکاردەهێنێت، دووەم دەڵێت ((کلۆ ـ Klo))، سێیەم پێیدەڵێت: ((شایسهاوس ـ ماڵە گوو))..

بەرامبەر بەچینی خواری خوارەوەی کۆمەڵ، کورتە روونکردنەوەیك پێویستە: لەوێ چەمکی ((لومپنپرۆلیتاریات ـ Lumpenprolitariat)) لەفەرهەنگی سیاسیدا بەکاردێت. ئەگەر بەحەرفی تەرجومە بکرێت، رەنگە ((شرە پرۆلیتاریا)) رێك پڕ پێستی بێت. لەزمانی بازاڕی کوردیدا چەندین زاراوەی وەکو: ((چلێتو پلێت))و ((چەکلو پەکل))و ((چەورەو مەورە)) هەبێت. من بۆ خۆم بەرامبەر ئەم گروپە کۆمەلایەتیە ناتوانم لێرەدا، لەمە زیاتر بنووسم.

ئەوی راستی بێت، ئەو جوێن و قسە ناشرینانەی لەو گۆشەو جغزەی کۆمەڵەوە بەرگوێ دەکەون، لەهیچ فەرهەنگ ((قاموس))ێکدا بەرچاو ناکەون.

شێخ رەزا، بەزانستو خوێندەواری بێت، کوڕی قۆناغی کلاسیکەو هەرچی کتێبی زانیاری ئایینیو ئەدەبی بێت، خوێندویەتیو لەبینای قەسیدەدا بەکاریهێناون. ئەوەی ناسروشتیە، لەچینو گروپە پەراوێزخراوەکانی کەناری کۆمەڵەوە، ئەو بەقەرز رووبارێك وشەی بازاڕیو دزێوی وەرگرتووەو بێپەروا بەکاریهێناون هیچ گوێی بەقەدەغەو شەرمو لەڕوونەهاتنو عەیبەو نابێو ناشێو تابوو ـ Tabu نەداوە.

مەعلومە شێخ رەزا، لەبەردەستی باوکیو مامیو مەلا ئەسعەدی جەلیزادەو مەلا محەمەدی ئابلاخ فێری زانیاری ئایینیو لاهوتیو زمانەوانی بووە، ئەی ئەو هەموو داشۆریو شەڕە جوێنە لەکام فێرگەو خوێندنگەو زانکۆ فێربووە؟

لەئاسمانەوە ئیلهامی بۆ نەهاتووەو لەکتێب خوێندنو گوێگرتن لەمامۆستا ئەم هونەرە فێر نەبووە؟! ئەدی دەبێ لەکام سەرچاوەوە، قەریحەی شیعر هۆنینەوەی کرابێتەوە، بەچەشنێك، هیچ سوارێکی مەیدانی داشۆری، بەتۆزی ناڵی سمی ئەسپەکەیدا نەگات؟



من ئەگەر سیگمۆند فرۆید، یام کورت ئایسلەر[٢٥]، یان یونگ بام، رێگەم بەخۆم دەدا، چوار قسە لەسەر بابەتەکە بنووسم. بەڵام من ئەوان نیمو لەم بوارەدا نامەوێ ئیدیعای پسپۆریو شارەزایی بکەم. رێگە بەخۆم نادەم، لەبازنەیەکی بەرتەسکدا نەبێت، جڵەوی ئەسپی سەرکێشی قەڵەم شل بکەمەوە. لەپێناوی بەراوردکاریدا ئەبو نەواس (أبو نؤاس) [٢٦] وەکو نموونە دەهێنمەوە. ئەو لەخوێندنی زانکۆ فێری هونەری (خمریات، غزلو .. هتد.) نەبووە. ئەزموونی تاڵی ژیان، تێکشکانی دەروونی، سووکایەتی پێکردن، ئەویان بۆ (جیهانێکی جیاواز) پاڵناو تێیان گەیاند، ئەو، بەهۆی جیاوازی نێوان عەرەبو فارس، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، تووشی ئەو هەموو کارەساتو لێقەومانە بووە.

شیعرەکانی شێخ رەزا، وەکو شیعرەکانی (ئەبو نەواس)، بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن، لەکوێوە هەڵقووڵاونو بەرهەمی کام ئەزموونی ژیانن؟ شوێنەواری خەفەکردنو دامرکاندنەوەی ئاوەژوو یان ئارەزووی پێوە دیارە. یەکێك بیەوێت، فەرهەنگی شیعری شێخ رەزا، بەوردی شەنو کەو بکاتو ئەنجامگیری بکات، دەتوانێت ((شوێنپێی وشەکان هەڵبگرێت))، تا نێچیری راستی لەبن ئەشکەوتەکانی رەوانبێژی دەدۆزێتەوە. شیعر، وەکو ئامرازێکی دەربڕینو داڕشتن، بەشێکی بەرهەمی جیهانی هۆشو ئاگاییو عەقڵو بیرکردنەوەیە، بەشەکەی تری رەنگدانەوەی، ناڕاستەوخۆی بنهۆشە ـ Unterbewusstsein. زۆرجار مناڵ بێمەبەست بەردێك دەهاوێت، بەپێچەوانەی ویستو ئارەزووی خۆی، هەڵدەگەڕێتەوەو بەردەمو چاوی خۆی دەکەوێتو دەیڕووشێنێت. شیعرەکانی شێخ رەزا، لەم رێسایە بەدەرنیین، ئەو ویستویەتی ئازار بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێتو بیکاتە گاڵتەو گەمەی خوێنەران، بەڵام ئەم کارو کاردانەوەیە، زیانی بەخۆیشی گەیاندووەو خوێنەر، هەر لەخۆوە هەزارو یەك پرسیاری لەسەر کەسایەتی شاعیر لادروست دەبێت!!

## مەرگی باوكو تەقینەوەی بەنداوی داشۆری

زۆربەی زۆری سەرچاوەكان لەسەر ئەوە كۆكن، كە خالس سالّی (١٢٧٥ك) بەرامبەر (١٨٥٨ ـ ١٨٥٩ز) كۆچی دوایی كردووە. واتە: شاعیر تەمەنی (٢٠) یان (٢١) سالّ بووە. گوایە شاعیر تا ئەو كاتە، تەنیا شیعری غەزەلو خۆشەویستیو ئیلاهیاتی نووسیووە![٢٧] بەهیچ شێوەیەك نەیویستووە، لەبەر دلّی باوكی، رچەی شیعری داشۆری بشكێنێتو باشوورو باكوور، بەشمشێری هاری زمانی، داپلۆسێنێت. گوایە، ئەم (پەپوولە)یە، پاش مەرگی باوكی تووشی راچلّەكاندن (شۆك ـ Shock) بووەو ئیدی سەرجەمی كۆنسێپتی (Concept) ژیانی سەر لەبەریەك هەلّوەشاوەتەوە.

ئەو خەلّكە، هەمووی باوكو دایكیان كۆچی دوایی كردووە، كەس لەشیعری غەزەلەوە بۆ جیهانی داشۆری باینەداوەتەوەو كەس پەلاماری كەسی نەداوە؟

ئەو، دوو سالّی پێش مەرگی باوكی، واتە: (١٢٧٣ك) سەفەری ئەستەموولّی كردووەو لەویّ دوو سالّ ماوەتەوە. كەواتە: بەتەمەنی (١٨) سالّی كەلّكەلّەی سەفەری پایتەخت كەوتۆتە سەری، كە پتر لە ٢٥٠٠ كم لەكەركوكەوە دوورەو بەكاروانو بەپێیان رۆیشتن هەر زۆر زەحمەتو ناخۆشە. خێزان بەجێهێشتن لەو تەمەنەدا، بەلّگەی پانتایی ئازادییە، كە شاعیر بۆ خۆی بەرەوای زانیوە. ئەو كاتە تەنیا بۆ مەبەستی خوێندنو كارو كەسابەت نەبووبێت، ئەمجۆرە سەفەرە شتێكی ئاسایی نەبووە. مەبەستی ئەو لەم سەفەرەدا، سیاحەتو گەشتوگوزار بووە (خواستم كە برۆم بۆ سەفەری رۆم بەسیاحەت) واتە: نە مەبەستی خوێندنو كارو كەسابەت بووەو نە نەخۆشیو كاری رەسمی... هتد.

ئێمە سەبارەت بە یەكەم سەفەرو سەفەرە ئەفسووناوییەكانی تری شێخ، شتێكی ئەوتۆ نازانین، تا تاریكی دەوروبەری رووداوەكانی پێ روونبكەینەوە!

ئەو، دەگەرێتەوە بۆ كەركوك، نەمانی باوك، سێبەرێكی گەورە بەسەر مالّو خێزاندا دەكێشێت. باوك، ئەگەر تەنیا لایەنی مەعنەویش بێت، رووخانی قەلاّو سەرهەلّدانی



بۆشایی بووە لەژیانی پرِ جەنجالّی شاعیر. شێخ عەلی، بەگەرمی ئامێزی بۆ ناكاتەوە. ئەو، نابێتە ئەلتەرناتیڤی باوك. خێزانی خۆی پێكەوە ناوەو رەنگە ناوەندی سەرنجو بایەخپێدانی شێخ محەمەد عەلی كورِی بێت. ئەو، لەكاتی مەرگی باوكیدا، تەمەنی نزیكەی (٢٧) سالّ بووە. شێخ عەلی لەو تەمەنەدا نەیتوانیوە بۆ برای شاعیری دەمهەراشی، چاوكراوەی دنیا دیدە، ببێتە دەمراستو باوكو (پەتریارخ ـ Patrisrch). برا بچووك داوای((مالّ))و ((ژیوار))، [٢٨] ((دیوەخان))ی كردووە. رەنگە لەدلّی خۆیدا حەزی كردبێت، جێگەی باوك بگرێتەوەو كاكی بەشایانی ئیرشادو ریشسپێتی نەزانیبێت.

كارەساتەكەی شێخ رەزا دەبێتە سێ كارەسات: مردنی باوكی، تێكچوونی مالّو هێلانە، دژایەتییەكی بەرفراوان لەلایەن خزمانەوە. هیچ هێلانەیەك لەكەركوك نەیتوانیوە، ئەم تۆپە ئاگراوییە بگرێتە خۆی:

ئەو رۆژە كە تۆرام لەكەركوك سەفەرم كرد
مانەندی عەقارب لەئەقارب حەزەرم كرد
گەردوون سوبوكی كردمو هێنامییە كۆی
میوانی لەكن مامە غەفووری لەجەرم كرد[٢٩]

ئەمە بەلّگەیە لەسەرئەوەی شێخی مەزن، هەر لەگەنجێتییەوە، دلّی خەلّكێكی زۆری لەخۆی رەنجاندووەو (ئەقارب) هەموویان (زۆربە)یان لایەنگیری برا گەورەیان كردووە. هەرچەند دەبا، هاوكێشەكە پێچەوانە بێتو چەند كەسێك وەكو ناوبژیكەر، لەبنەوە دلّیان بەو (تلّف)ە بسووتایەو نەیانهێشتایە ئاوارەو دەربەدەر بێت.

ئەو، پاش كارەساتی چوارەمو پێنجەم، یان پاش زنجیرە تێكشكانو نسكۆو شەرِی دۆراو، لەقەسیدەیەكدا بیری دەكەوێتەوە، كە شێخ عەلی شەرِی لەگەلّدا كردووەو قسەی ناشرینو نارەوای پێگوتووە. شیعرەكە ئەوە دەردەخات، دەستپێشخەری بۆ شەرِ، برا

بچووك بوو‌بێت، نەك برا گەورە. شێوەی جوێنەکەش ئەوە پیشان دەدات، شاعیر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە (فونگسیۆن ـ Funktion)ی لاوازو لاوەکی بووە، ئەگینا کاکی نەیدەگوت ((ئەو خوێرییە بێکارە)):

**هەرچەندە وتم، وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی**
**یارەب کە لەگەڵ (شێخ عەلی) بۆچی شەڕم کرد**
**هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ: هاتەوە دیسان**
**ئەو خوێڕییە بێکارە کە من لێرە (دەرم کرد)**[٣٠]

ئەم توورەبوونو جوێندانەی شێخ عەلی، بەڵگەی ئەوەیە، کەسایەتی ئەو، ئەو کاتە، ئەوەندە بەهێز نەبووە، دەوری ((پەتریارخ)) بۆ برا بچووك ببینێت. هەر یەکسەر پەلاماری کوتەکی دەرکردنی داوەو ڕێگەی نەداوە لەو ناوە بمێنێتەوە. ئەگەر کەسایەتییەکی بەهێزی وەکو خاڵس ببوایە، دەیتوانی، دڵی برا گچکە رابگرێتو نەهێڵێت دەمی لێی بکرێتەوە.

## سەرەتای داشۆری

ئایا ((کاکە پەپوولە)) بەمەرگی باوکی زمانی داشۆری کراوەتەوە، یان لەسێبەری باوکیا نەیوێراوە، بەڕاشکاوانە، روو هەڵماڵراوانەو بەئاشکرا تاجی شای داشۆری لەسەرنێت؟

پێشتر شایەکی بێتاج بووەو مەرگی باوك، پەردەی شەرمو حەیاو سڵکردنەوەو پرینگانەوەی دڕاندووە؟

هەر کەس هەجوەکەی شێخ غەفووری مامی بخوێنێتەوە، دەزانێت، بەشەش مانگو ساڵێك ((گۆڕانکاری بنچینەیی)) روونادات، ئەگەر ئەو کەسە بنەمایەکی رووحی نەبێتو بەهرەکەی زۆر باش مشتوماڵ نەکردبێت! ئەم هەجوە، ماوەیەکی زۆر کورت، پاش مەرگی باوکی دایڕشتووە:



**شەش مانگە بەم ئەفسانە، گلی دامەوە لای خۆی**
**نەمزانی ملم بشکێ تیا چووم، زەرەرم کرد**

(پەپوولە)یەك، تەنیا شەش مانگ، یان ساڵێك پاش کۆچی دوایی باوکی، بەم شێوەیە بێتە دەست، ئەمە بەرهەمی باوك مردنو دەربەدەربوون نییە. شێوەی جوێنەکان، بەڵگەی دەرچوونن لەفێرگەیەكو هەڵگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، یان پلەی پرۆفیسۆری لەزانستی شەڕەجوێنو داشۆری.

## نامۆبوونی کولتووری ـ دڵساردی لەگەڵ شێخ عەلی

مەبەست لەنامۆبوون، بەئەڵمانی (Entfremdung) پەیوەندی نزیكو قووڵ، بەرەو ترازانو نەمان بچێت. خۆ بەغەریبو نامۆ دانان، بەرامبەر ژینگەیەك، یان کەسێك، بێتە بەرچاو. شێخ رەزا، بەرامبەر شێخ عەلی برای، سەرەڕای ساردبوونەوەی پەیوەندی، بەدزیەوە لەیەکتر خوێندن، گەڕاوەتەوە کەرکوك، دوو گوندی لەباوکیەوە بۆ بەجێماوە ((قرخ))و "تاڵەبان" دووربەدوور، سەرپەرشتی زەویو زاری خۆی دەکات.

شێخ رەزا ئەم قەسیدەیە لەسەر پەیوەندی خۆیو کاکی دەنووسێت:

**بێگانە هەموو صاحبی جاەو جەبەروتن**
**بێچارە برای (شێخ عەلی) موفلیسو رووتن**
**ئەی (شێخ عەلی) چاکە وثوقت بەبرابێ**
**باوەڕمەکە بەم خەلقە کەوەک تولە لەدوتن**
**قەومێ کەلە عەهدی پدەرت حەلقە بەگوش بوون**
**تەحقیقی بزانە بەخدا جوملە عەدوتن**[٣١]

گومان لەوەدانییە، کاتێك شێخ عەلی، لەم شێوەدا، چاوی بەدەستەواژەی (وثوقت بەبرابێ) کەوتووە، یەکسەر بەیتێکی تری قەسیدەیەکی تری شێخ رەزای بیرکەوتۆتەوە (وەك سەگی برسی بەحەسرەت سەیری دوگی مەڕبکا)، یەکێك خۆی وەکو (سەگی برسی) بێتە بەرچاو، دەبێ شێخ عەلی چۆن (وثوق)ی پێبکات؟ بەدووری نازانم (شێخ عەلی) گۆرانییەکی لەبابەت گۆرانییەکەی حەسەن زیرەکی بیرنەکەوتبێتەوە:

**لەبەر ئەو کچە ڕەشتاڵە**
**قەدی دەڵێی شمشاڵە**
**ئەگەر "گولە" لێی پرسیت: "کێیە؟"**
**رامژێنەو بڵێ: منداڵە**

بەحساب "گولە" پیاوێکی زرتەزەلام، بەباوەشێ سمێڵەوە، لەناو بێشکەدا دەبینێت‌و هەر کچە ڕەشتاڵەکە گوتی: "منداڵە!" ئیدی ئەو هەر یەکسەر بڕوای پێدەکات‌و داستانەکە تێدەپەڕێت. مەسەلەی بڕوا بەیەکبوون، بەیەکجاری بۆ ناوەڕاستی خەرەند دەخلیسکێت. من خۆم بەدووری نازانم، گرژی‌و کێشەی نێوان شێخ عەلی‌و شێخ رەزا کۆنتربێت‌و برابچووك، پێش مردنی باوکی، دەیان کێشەی بۆ باوك‌و براگەورە نابێتەوە. بۆیە رۆیشتن بۆ "سیاحەت" لەتەمەنی (١٨)ساڵیدا، تۆزێك وەستاوە! دیارە باوك‌و برا، ئەوەندە وەڕس بوون‌و ئەوەندە تووشی سەرئێشەو گێچەڵ‌و دەردەسەری بەدەست برابچووکەوە هاتوون، ئیتر هەر خواخوایان بووە، رۆژێ زووتر، ملی بشکێنێت‌و لەبەرچاویان نەمێنێت‌و بە (سیاحەت.. سیاحەت) نەگەڕێتەوەو ناوی ناوی لەناواندا نەمێنێت.



## نامۆبوونی کولتووری پاش چارەکە سەدەیەك

من هەربەخەملاندن، پێموایە شێخ جارێکی تر، بەچڕترو بەخەستتر، سەرلەنوێ، کێشەی کۆن، لەگەڵ شێخ محەمەد عەلی برازای دەتەقێنێتەوە. ئەمجارەیان لەفۆرمێکی جیاوازدا. سەبارەت بەساڵی نووسین، یان گوتنی قەسیدەکە، بەتەقدیر (٢٥) ساڵم داناوە. چونکە شێخ محەمەد عەلی کەڕە، کە کەڕو نیوەزمان بووە، ساڵی (١٢٧٣ ك) بەرامبەر (١٨٥٧ ز) لەدایکبووە. ئەوکاتەی شێخ رەزا هەجوی کردووە، بەهیچ شێوەیەك رێی تێناچێت، تەمەنی لە (٢٠ـ ٢٥) ساڵ کەمتر بووبێت. د. مکرم تاڵەبانی، کەدەبێتە کوڕەزای ئەم شێخ محەمەد عەلییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە خاوەن دیوەخان بووە. زەحمەتە، خەڵك لەمەجلیسی پیاوێکدا دانیشێت‌و گوێ بۆ قسەی بگرێت‌و تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر بێت.

**رووم کردە بەزمی خاسی برازا ئەزیزەکەم**
**ئەم شەو، بەصەد تەوازوع‌و ئیخلاص‌و سەرکزی**
**ڕووانیم لەدرزی قاپییەوە خۆی‌و تابیعان**
**دانیشتوون دوو ڕیزە لەدەوری خلەی کەزی**
**دەتووت تەمێ کرابوو بە مەخصووصی قاپییەوان**
**خۆی کرد بەنێرە تورك وتی "کیم یلیر سزی؟"**
**پێم وت منم کەسەکەم مامە شێخ رەزام**
**"تانمزمیسن، خومەییس ئەفەندی، مەگەر بزی؟"**
**ئەم سەددی بابە بۆ منە ئیزهاری کە تا بڕۆم**
**یان مەرحەمەت کە حیزە لەسەرما گونم تەزی**
**ئەمجا بەکوردی هاتە تەکەللم وتی بەڵێ**
**ئەو شێخە حیلە بازو قوماربازو کەر دزی**

وەختیٚ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چییە
دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە ئەمما بەعاجزی(۳۲)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## لێکدانەوەو شیکردنەوەی کۆدەکان

مەعلوومە شێخ عەلی ئەوەندەی ویستوویەتی منالّەکانی خۆی پێبگەیێنێت و بەرەو پێشەوەیان لەناو کۆمەڵدا بەرێت و دەسەڵاتی ئایینی و دونیاییان پتەوتربکات، یەك لەسەدی ئەوەش بایەخی بەبرابچووك نەداوە. برابچووك، هەر لەبنەمای کەسایەتی و دەروونییەوە، پێویستی بەئاوڕدانەوەو لەئامێزگرتنی باوك بووە، کە ئەم لایەنەی پڕ نەکردۆتەوە.

شێخ عەلی هەر ئەو بێبەش ناکات و لەناوەندی ئایینی (تەکیە) پەراوێزی ناخات، بەڵکو بەچاوی خۆی دەبینێت کاکی، کوڕە کەڕو نیوەزمانەکەی، کە بەکەڵکی ئیرشادو گوتار خوێندنەوە نایەت، هەرچەندە نیوتەمەنی شێخ رەزای هەیە، دەکرێتە خاوەن دیوەخان و بەئارەزووی خۆی پەخشان و تەخشان دەکات.

ئەمە دیوی راستی، پەیوەندی نێوان برا گەورەو برا بچووك/ مام و برازایە. شاعیر، کە پیاوێکی پڕ هەست و دڵ بریندارو بێماڵ و بێلانەو بێسەرمایەو بێپلەوپایەیە، دەزانێت، برا گەورە، ئەمی لەپێگەی کۆمەڵایەتی و مادی رووتاندۆتەوەو وەکو ریشۆڵەیەکی ئاوەڕووتکراوی لێکردووە.

شاعیر، تەنیا هەست بەغەدرو ماف پێشێلکردن ناکات، بەڵکو لەڕووی دەروونییەوە، شورەو دیوارو تەلبەن، لەنێوان هەردوو بەرەکەدا بەرز دەبێتەوە.

مامە شێخ، فەرهەنگ و کولتوورو زمانی کوردی دەکاتە چەتر بۆ خۆی. زمانی کوردی، شەقڵی سەرەکی، کولتووری خەڵکی رەش و رووت و گوندی بووە. بەرامبەر گوندو لادێ، کولتووری شاری و دەوڵەت و دەزگای دادگاو جەندرمە وەستاوە. ئەو سەردەمە لەکەرکوك، خەڵکی دەوڵەمەند، دەست رۆیشتوو، چینی سەرەوەی کۆمەڵ،



گەورە فەرمانبەرە بیرۆکراسییەکان و مەنەوەران بەتورکی ـ عوسمانی دەدوان. ئەمانە هەر بێزیشیان نەدەهات، بەکوردی بدوێن، ئەگەر بەڕەچەڵەك کوردیش بووبن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

شێخ رەزا، بەهۆی نامۆ بوون و لێکترازانی رووحی، لەنێوان خۆی و براو برازا، ئەگەر ئەوان لەڕاستیدا خۆیان بەئەوپەڕی کوردیش دانابێت و بەلای تورکدا قەت دایان نەشکاندبێت و لەسەر ناسنامەی کوردی خۆیان سوور بووبن، بەڵام لەجیهانی فەنتازیادا، شاعیری ((دڵشکاو))و ((ماف زەوتکراو)) ناسنامەی کوردبوون، لەبرازا ئازیزەکەی دەسێنێتەوەو دەیکاتە تورك. مەرج نییە، ئەو، بەتورکی قسەی کردبێت، یان قسەی نەکردبێت. کابرا، کەڕ بێت و لەتە زمانێکی هەبێت و نەتوانێت بەکاری ئیرشاد هەڵبسێت، تورکی لەکوێ فێربوو؟ بێگومان ئەو تورکییەی شێخ رەزا زانیویەتی، کەم کەڵە شاعیری تورك زانیویەتی! ئیدی شێخ رەزا، لەو بابەتانە بووە، بەگوێرەی میزاج و هەوای ئەو رۆژەی، رەشی کردۆتە سپی و سپی کردۆتە رەش. بەجۆرێکیش ((رووداو))ی دروست کردووە، راستی لەتاریکی ناڕاستیدا بێسەرو شوێن کردووە.

دەتووت تەمیٚ کرابوو بەمەخصوصی قاپییەوان
خۆی کرد بەنێرە تورک وتی "کیم بلیری سزی؟"

من بەخوێندنەوەی ئەم بەیتە، چیرۆکی "دادگایکردن" ی فرانس کافکام بیردەکەوێتەوە. لەدرزی دەرگاوە، شاعیر دەیەوێت چاوێك بەجیهانی کەیف و نۆش و خۆشی "برازا ئازیزە" کەیدا بگێڕێت. ئەو، قاپییەوانی هەیەو ناوی "خومەیس ئەفەندیە" و خۆی لەشاعیر دەکاتە "نێرە تورك" و هەر لەدرزی دەرگاوە، بەرسیڤ رەوانەی دەرگالێدەر دەکاتەوە. برازا، قاپییەوان دەنێرێت و خۆی ئارەزووی خۆ بزواندنی نییە. واتە: شاعیر بە "تەوازع" و "ئیخلاص" و "سەرکزی" رووی کردۆتە بەزمی "خاص"ی تایبەتی برازا ئازیزەکەی و چاوەڕێی کردووە! شاعیر نەبەلووت بەرزی و نە نادڵسۆزی و لەخۆباییبوونەوە، روودەکاتە ئەو، نە داوایەکی پەسەندنەکراو پێشکەش دەکات. ئەو، نە دەیەوێت ئاشێك بگێڕێت و نە هەڵایەك بنێتەوە، نە کابرایەکی دووری بیانییە! شاعیر

خۆی بۆ نزمترین پلەکانی پەیوەندی نێوان دوو پۆلی نایەکسان، داگرتووە. دەرگا، بەداخراوی دەمێنێتەوە. لەبری ئەوەی بەکوردی پرسیاری ئاراستە بکرێت، بەتورکی دەدرێتە بەر پرسیاری نابەرێزانە:

"کیم بلیری سزی؟" واتە: کێ دەتناسێتەوە؟ با خوێنەرانی ئازیز، ئەم چرکەیە لەشانۆگەریە شیعریە کورتەکە، بهێننە بەرچاوی خۆیان، پیاوێك ـ مام، کە تەمەنی نزیکەی (٤٤) ساڵە، ریشی بەرداوەتەوەو جوببەی لەبەرەو مێزەری سپی لەسەرەو هیچ دیمەنێکی نائاسایی نییە، بە "تەوازع" و "ئیخلاص" و "سەرکزی" رووەدەکاتە بەزمی خاسی برازا ئازیزەکەی، کەچی ئەو، دەرگای لێناکاتەوە، پێشوازی لێناکات! ئەم بەکوردی دەدوێت، ئەو هەر بەتورکی وەڵامی دەداتەوە.

نامۆبوونێکی کولتووری بگاتە رادەیەك، مامو برازا یەکتر نەناسنەوە، ئەو کوردەی خۆی کردۆتە نێرە تورك (خومەیس ئەفەندی)، داوای زانیاری بێسەرو بەرو سووكو بێتام دەکات. ئەو، لێشاوێك روونکردنەوە، بەکوردی دەبەخشێت. ئینجا کە دەبینێت زمانی کوردی ناتوانێت لێکتێگەیشتن بگەیێنێت، بە تورکی "بەرتیل" ێکی دەداتێ، ئەوەش سوودێکی ئەوتۆی نابێت.

دەرگاوانو دەستەودایرەی تایبەتی برازا ئازیزەکەی، کە ئەو مەبەستی لێرە ئەوپەڕی دزێوو نائازیزە، لەگەرمەی شادیو کەیفو خۆشینو نایانەوێ شاعیری (بێ کولفەتو رەندو، سەیاحو سالووك) بەشداری ئەو مەجلیسە بکات. هەرچی لەدەرگا دەداتو روونکردنەوە بەدوای روونکردنەوەدا لەدرزی دەرگاوە، هەڵدەپرژێنێت، کەس دەرگای لێناکاتەوەو بەعاجزی پاشەو پاش دەگەڕێتەوە.

### هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی

هەڵوێستی شێخ رەزای تاڵەبانی بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی، بریتیە لە پەلکەزێڕینەیەك لەهەڵوێستی جۆراوجۆرو ناکۆكو پێچەوانەی یەکتر: هاوسەنگیو



نەگۆڕی، راستو روونو جێگیر بەرچاو ناکەوێت. حاجی قادری کۆیی، یەکێك لەباوکانی بیری ناسیۆنالیستی کوردی، ئەمسەرو ئەوسەری دیوانەکەی شەنو کەو بکەیت، یەك دوودڵی، یەك ستایش بۆ دەسەڵاتی عوسمانی بەدی ناکرێت. لای ئەو، دەسەڵاتی عوسمانی داگیرکەرەو گەلی کورد، داگیرکراوەو دەبێ خۆی بۆ شۆڕشو راپەرینی نەتەوەیی ئامادەبکات...

ئەوەی لەدیوانە بڵاوکراوەکەی شێخ رەزا بەرچاو دەکەوێ، فراوانترین پانتایی بۆ پیاهەڵدانو ستایشو مەدحی سوڵتانو گەورە وەزیرو والیو کاربەدەستان دانراوە. هەرکەسێك دڵنەوایی نەکردبێتو دیاری جوانی بۆ رەوانە نەکردبێتو کارو داواکانی بەرێکو پێکی جێبەجێ نەکردبێت، ئەوە بەر شاڵاوی هێرشو پەلامارو رقو جوێنباران کەوتووە.

ئاشکرایە ئەوانەی لەهونەری ستایشو پیاهەڵداندا، کارامەو هونەرمەندن، هەر رێك لەبەرگدروو دەچن. کاڵا بەقەد باڵا دەبڕن! لەهونەری پیاهەڵدانو ستایشدا، راستگۆییو دڵسۆزیو سۆزو راستی، کەمتر لەسەر شەپۆلەکانی دەریای شیعر دەبریسکێنەوە. هونەری ستایش، ئامرازی رەخنەو گۆڕانی کۆمەڵایەتیو سیاسی نییە، بەڵکو ئامرازی وەدەستهێنانی دەستکەوتو قازانجو دەم شیرینکردنە. هەڵسەنگاندنو بەراووردکاریو دۆزینەوەی کەموکووڕی، پەیوەندی لەگەڵ هونەری وەستان، بەبچووکیو سەرکزی، لەبەردەم عەرشی مەزنی سوڵتاندا ناگونجێت، بەمەبەستی خەم رەواندنەوەو دڵخۆشکردنو هەستکردن بەشانازیو خۆ بەزلزانیین.

سروشتی خاوەن دەسەڵات وایە، بەتایبەتی، ئەوانەی خۆیان لەئاوێنەی مێژوودا، زۆر بەمەزنو گرنگ دێتە بەرچاو، ئەوەندەی هۆنینەوەی درۆ، پیاهەڵدانی ناراستو بێبناغە

شادو بەختەوەریان دەکات، یەك لەسەدی ئەوە بیستنی قسەی راستو رەواو دادپەروەرانە، دڵیان خۆش ناکات! شاعیرێکی عەرەب، هەر زۆر جوان پێکاویەتی:

**وقالوا في الهجاء عليك إثم**
**وليس الإثم إلا في المديح**
**لأني إن مدحتُ مدحتُ زوراً**
**وأهجو حين أهجو بالصحيح**[٣٣]

شاعیرێکی کورد، سۆزو نیشتمان پەروەریو دڵسۆزی پاڵی نانێت بۆئەوەی لەدەرگای ستایشی سوڵتانی عوسمانی بدات، بۆیە مەدحەکە لەناخی دڵەوە هەڵناقوڵێتو رەنگە نەتوانێ بەجوانی هەستو نەستی سوڵتان ببزوێنێت. شاعیری کورد، یەك مۆتیڤ، هانیداوە، رێگەی دوور بگرێتەبەرو "دیاری" نایابی خۆی بەگوێی سوڵتان بگەیێنێت. پاشان، بینینی سوڵتان هەروا ئاسان نەبووە، شاعیرێکی گەرمیانی، بەبێ ناسینو (واستە) خۆی بگەیێنێتە سەری سەرەوەی دەسەڵات.

ئەوە ئێستا، لەم سەردەمەدا، دەبینین، سوپای لەبن نەهاتووی شاعیرانی پیاهەڵدانو ستایش، دەمیان بەهیچ ترێیەك ناگاتو هەر لەدوورەوە، ئەسپی دیاری وشە، رەوانەی ئەملاو ئەولا دەکەنو هیچیان پێناگات!

شاعیر، داوایەکی سادەی هەبووە: مووچەیەکی مانگانەی بۆ ببەستن، یان لەزەویو زاری سوڵتان، پارچەیەك موڵکی لەسەر تاپۆ بکەن،... هتد. داوایەکی ئەوتۆ، بەبێ پارچەیەك ستایشنامە، رەنگە لەهیچ شوێنێك، لەکونو قوژبنی جاڵجاڵۆکەیی دەسەڵاتی بیرۆکراسی عوسمانیدا، رێگەی تێپەڕبوونی نەدرێت!

شێخ رەزا، بەچەند قەسیدەیەکی تورکی ـ عوسمانی، ستایشی سوڵتان عەبدولعەزیز (عبدالعزيز ١٨٣٠ ـ ١٨٧٦) و هەروەها پیاهەڵدانی ئەوتۆی بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) نووسیووە، مەگەر هەرخۆی توانیبێتی گوڵو گوڵزاری فەنتازیای ئەوتۆ بەسەر دەرباری سوڵتانێکدا ببارێنێت. ئەم مانگی هەنگوینە، لەنێوان



سوڵتانو شاعیری کەرکوك، پاش ماوەیەکی نادیار کۆتایی پێدێت، کەمن هەرچەند گەڕام، نەمزانی هۆکەی چییە؟ ئایا ستایشو پیاهەڵدانو داواکاری، کە رەوانەی (باب العالی) کردووە، کاریگەری نەبووەو هەرهیچی لێ سەوز نەبووە، یان شاعیر هەستی کردووە، ئەستێرەی چارەنووسی ئەم خەلیفەیە بەرەو ئاوابوون دەکشێت؟

**کاشی یک روزم بما بين همايون را دەهند**
**تا (حميدخان) رابگويم: ای (حميرالمؤمنين)**
**بعثت تو برخلاف بعثت پيغمبر أست**
**(أنت ما أرسلت الإ زحمة للعالمين)**

**بەکوردی:**

**خۆزگە رۆژێ رێیان ئەدام ئەچوومە دەرگای شاهانە**
**تا بە (حمید خان) بڵێم ئەی (کەری موسوڵمانان)**
**ناردنی تۆ بەپێچەوانەی ناردنی پێغەمبەرانە**
**تۆ تەنیا هەر بۆ ئازاردانی موسوڵمانان نێردراویت**[٣٤]

بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی شێخ رەزا، وەکو زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی، رۆژوساڵیان دیارنییەو کەم جاریش بۆنەو شوێنی دانانی ئەو شیعرە دەزانرێت. ئەم شیعرەی سەرەوەش یەکێکە لەو شیعرانە، کەکۆتایی دەسەڵاتی، پاش شۆڕشی مەشروتە، یان هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی (١٩) نووسراوە؟

نەزانینی ساڵو رۆژو بۆنەو شوێن، کێشەیەکی گەورە بۆ توێژەرو کۆڵیارو نووسەران دەهێنێتە پێشەوە. لایەنێکی تری کێشەکە ئەوەیە، ئێمە ناتوانین، سەد لەسەد، لەڕاستیو دروستی دیوانە شیعرییەکان دڵنیابین، ئایا (ناسخ)ەکان بەئەمانەتەوەو پاش

دڵنیابوون، شیعرەکانیان بڵاوکردۆتەوە، یان سێبەری گومان دەتوانێت چەندین قەسیدەی ناو دیوانەکە بشارێتەوە؟

ئەگەر، بەلای کەمەوە ئەو شیعرانەی دژی موفتی زەهاوی[٣٥] (١٢٠٨ ـ ١٣٠٨ ك) بەرامبەر (١٧٩٣ ـ ١٨٩٠ ز) و جەمیل صدقی زەهاوی[٣٦] (١٨٦٣ ـ ١٩٣٦ ز) راست بن‌و هیچ گەردی پرسیارو خۆڵەمێشی گومانیان پێوەنەبێت، ئەوە دەبێ خەیاڵمان بۆئەوە بچێ، تەقینەوەی ناکۆکییەکە لەسەردەمی موفتی زەهاوییەوە دەستی پێکردووە!

هەرچەندە دەربارەی بیروبۆچوونی سیاسی موحەمەد فەیزی زەهاوی، تائێستا زۆر کەم کارکراوەو ئێمە مێژووی ژیانیشی بەتەواوی نازانین، بۆنموونە: شێخ محەمەدی خاڵ‌و شێخ محەمەد عەلی قەرەداخی هەریەکە کتێبێکیان لەسەر ئەم کەسایەتییە گەورەیە نووسیووە، بەڵام سەبارەت بە بیری سیاسی، شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت. یەکێك لەشیعرە تورکی ـ عوسمانییەکانی. شێخ رەزا، بەئاشکراو بێپەروا، داکۆکی لەبەرەی سەڵتەنەتخوازو دژە ریفۆرم‌و چاکسازی کردووە. بەتوندی هێرش دەکاتە سەر قانوونی بنچینەیی (قانوونی ئەساسی):

**بیچارە عدالت کە ییقلمشدی بناسی**
**بردن ایچنە سیچدی بو قانون اساسی**
**قانون الهی وار ایکن یعنی شریعت**
**قانون هژیاندر چەسیاسی چە اساسی**

**بەکوردی:**

**عەدالەتی بێچارە کە بیناکەی رووخابوو**
**بەیەکجاری گووی تێکرد قانوونی ئەساسی**
**قانوونی خودایی هەبێت، یانی شەریعەت**
**قانوون وڕێنەیە، سیاسی بێت یا ئەساسی[٣٧]**



ئەوساڵەی سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٧٦ ز) دەکوژرێت، تاوانەکەی دە ئەستۆی ریفۆرمستەکان دەخرێت‌و بەتایبەتی تیشك دەخرێتە سەر مەدحەت پاشا. لەوە دەچێت موفتی زەهاوی یەکێك لەلایەنگرانی والی بەغدا بووبێت. شێخ رەزا ئەمە بەهەل دەزانێت‌و بەتورکی ـ عوسمانی هێرشی دەکاتەسەر:

**گرچە علمندن طولایی مفتی بغداد ایش**
**زوجەسی کرخانەکردن چقمە بر گواد ایمش**
**قاتل عبدالعزیزخان، مدحت ایلە متفق**
**فکرینە خدمت ایدوب خائنلرە امداد ایمس**

**بەکوردی:**

**هەرچەندە لەبەر دانایی مفتی بەغدا بوو**
**ژنەکەی لەکارخانە دەرچوو، گەوادێک بوو**
**لەگەڵ (مەدحەت) بکوژی عەبدولعەزیزخان، هاوبیر بوو**
**خزمەتی بیری ئەوی دەکردو یارمەتی خائینانی ئەدا[٣٨]**

ئەگەر ئەم شیعرە راست بێت‌و دەستکرد (إنتحال)[٣٩] نەبێت، لەلایەن یەکێکی وەکو (محمود شکری الآلوسي) یەوە، دەبێ شێخ رەزا ئەم کاتە لەبەرەی سەڵتەنەتخوازە دژە چاکسازییەکان بووبێت. بیرمان نەچێتەوە کەسانی وەکو (الآلوسي و محمد بهجت الأثري) بەتوندی دژی زەهاوییەکان بوون‌و ئەوانیش، بەرامبەر هێرش‌و پەلاماری ئەمان، بێدەنگ نەبوون.

بەگوێرەی هەندێ بەڵگەو کۆدی ناو شیعرەکان، دەتوانین بگەینە دەرهاویشتەیەك، کە شێخ رەزای پیر، بەپێچەوانەی شێخ رەزای گەنجەوە، لەهەڵپەهەڵپی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی ستایشسازی‌و سەڵتەنەتخوازی ساردبۆتەوەو لەهەرکوێش بۆی هەڵکەوتبێت،



مەکتەبەی بیروهۆشیاری

بەپلار بەردبارانی سمبۆلە دزیوەکانی "پیاوە کەنەفتەکە" ی کردووەو بەهیچ شێوەیەك دەستی لێ نەپاراستوون!

یەکەم: میجەرسۆن لەگەشتە نهێنیە ئەفسووناوییەکەی بۆ خوارووی کوردستان لە (ك ٢ ـ ١٩٠٩) لەشاری کەرکوك چاوی بەشێخ رەزا دەکەوێت. لەرۆژی (٢١ ك٢ ـ ١٩١٠) شاعیر کۆچی دوایی کردووە. واتە: نزیکەی ساڵێك پێش مردنی، هەر زۆر بەرامبەر بە تورك‌و زمانی تورکی توند بووە.

دووەم: ساڵی ١٩٠٥ لەکۆشکی یەلدز، ئەرمەنییەکان هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان داوە بۆ تیرۆرکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بەتەقاندنەوەی (دینامێت). بۆمبەکە پێش گەیشتنی ئەو دەتەقێتەوەو نایکوژێت. شێخ رەزا لەم بۆنەیەدا دەڵێت:

**نەدییم حکم خدادر (هو یحیی‌و یمیت)**
**یوقسە مقصودیمیزی حاص ایدردی دینامیت**

واتە: بڵێم چی؟ ئەمە فەرمانی خودایە (هەرخۆی دەتژینێت‌و دەتمرێنێت) وەگەر نا (دینامێت) مەبەستەکەمانی دەهێنایەدی.

هەرکە ئەودێڕەی وت، ئەمین فەیزی بۆ گاڵتە دەڵێ:
ئەگەر ـ پاشا ـ ئەمەی گوێ لێ بێت بۆ شوێنی گەلێك دوور، دوورت دەخاتەوە).
شێخ یەکسەر دێڕەکەی دەخاتە ئەم قاڵبەوە:

**جملەنک حافظی حقدر (هو یحی و یمیت)**
**پادشاه ظل خدادر اونە نەایلر دینامیت**



واتە: پارێزگاری هەمووان هەر خودایە، (خۆی دەتژێنێت‌و هەر خۆی دەتمرێنێت) پادشا واتە: (سوڵتان) سێبەری خوایە، دینامێت چی لەو دەکات[٤٠].

## شێخ رەزا و مێجەرسۆن

مێجەرسۆن ساڵی ١٩٠٩ سەردانێکی کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەڵەبجەو چەند شوێنێکی تری کوردستانی باشوور دەکات. ئەو ساڵی ١٩١٢ گەشتنامە نهێنی‌و ئەفسوناوییەکەی خۆی لەلەندەن بڵاودەکاتەوە. لەدوو بڕگەدا، کە ئاماژە بۆ چاوپێکەوتن‌و پەیوەندی خۆی لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا دەکات، هەر زۆر بۆ نووسین لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی سیاسی ئەو گرنگە، چونکە ئێمە، تا ئەم چرکەیە، ژمارەیەکی کەم بەڵگەی بڵاوکراوەمان دەربارەی بیرو بۆچوونی شاعیر بەدەستەوەیە.

پێویستە، پێشەکی، ئەوە بزانرێت، چەند مانگێك پاش شۆرشی مەشروتە ١٩٠٨ سۆن چاوی بەشاعیر کەوتووە. ئەو هیچ بڕوایەکی بە کودەتاچییەکان نەبووەو هەر پێشتریش بڕوای بەجوڵانەوەی چاکسازی‌و ریفۆرم‌و قانوونی بنچینەیی نەبووە، چونکە پێیوابووە، ئاوەژووی قانوونی خوایەو دیارە بزاڤی دژە ریفۆرم‌و پرۆپاگەندەی سەڵتەنەتخوازان‌و پەیوەندییە چڕوپڕو فراوانەکانی لەگەڵ کاربەدەستاندا هەڵوێستی واتوند کردبێت.

یەکەم: سۆن لەپێشەکی کتێبەکەیدا ناوی (شاە عەلی[٤١] هەورامان‌و شێخ رەزای کەرکوك‌و تایەربەگی جاف‌و محەمەد عەلی بەگی جاف) دەهێنێت، کە نامەیان لەسەر مێژووی کورد بۆ رەوانەکردووە.

In the historical portions of the book, in so far as more modern history is concerned, I have been enabled to give some entirely new matter, for that on Kurdish history was supplied me in letters received from Shah Ali of Aoraman, Skaikh Reza of Kirkuk, Tahir Beg Jaf, Majid Beg Jaf, Muhammad Ali Beg Jaf, while a great part was communicated during conversations at Halabja and Sulaimania.[42]

ئەم ئاماژەکردنەی سۆن، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێخ ڕەزا، یەکێك بووە لەشارەزا باوەڕپێکراوەکانی مێژووی گەلی کوردو سۆن سوودی لەزانیارییەکانی بۆ نووسینی گەشتنامەکەی وەرگرتووە. یەکێك لەسەنگییەکانی نووسەرە کلاسیکییە ئۆروپییەکان ئەوەیە، بلاونەکردنەوەی دەقی نامەکانە لەپاشکۆی کتێبەکانیان، یان گواستنەوەی بڕگەی وەرگێڕاوو دانانی لەناو دوو کەوانەداو ئاماژەکردن بۆ ناوی نووسەری نامە. هیوادارم نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد لەلەندەن جوامێرانە هەوڵی جیدی بۆ دۆزینەوەی ئەو نامانە بدەن‌و هیچ نەبێ، دەقەکان بە سکانکراوی بڵاوبکەنەوە.

من بەدووری نازانم نامەکان لەئەرشیفێك، یان لەکتێبخانەیەك لەکتێبخانەکانی لەندەن پارێزراوبن. ژنەکەی سۆن تاچەند ساڵێك لەمەوبەر لەژیاندا بوو، چەندین کەس دەناسم پەیوەندییان لەگەڵ بێوەژنەکەی سۆن دا هەبووە.

دووەم: شێخ ڕەزا لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا، ئاگاداری گەشەکردنی ڕووداوەکانی پایتەخت بووە. هەڵوێستی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی نوێ، کە پاش شۆڕشی ١٩٠٨ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ڕەخنەگرانەو ناڕەزایبوونە. دیارە لەچاوپێکەوتنێکی وا کورتدا شاعیر ناتوانێت، یان نایەوێت هۆی ڕەخنەو ناڕەزایی بەڕاشکاوی دەربڕێت. سۆنیش بەگشتی، ئەو چەند دێڕەی بەگوێرەی میزاجی خۆی یاداشت کردووە، دەقی قسەکانی بە (ریکۆردەر) تۆمارنەکردووە، تائێمە بتوانیین بیروڕای شاعیرو میزاجی شپرزەی نووسەر لەیەك جیابکەینەوە. مرۆڤ دەتوانێت ناکۆکی توندوزەق لە داڕشتنەکەی سۆندا بەدی بکات، بەتایبەتی لەوخاڵەی دەڵێت: "سونیەکی دەمارگیرە" و مەسیحییەکانی خۆش ناوێت! لەلایەکی ترەوە دەڵێت: هیچ نکۆڵی لەبینینی ئەوانە نییە کە ئیسلام نیین، یان شیعەن. ئەگەر بەوشێوەیە دەمارگیربووایە، نەدەبوو چاوی بەخەڵکی ناموسڵمان بکەوێت‌و ڕێگەیان بدات پێ بخەنە ماڵەکەیەوە.

ئێمە دەمانەوێ خوێنەری ئازیز، لەوە ئاگاداربکەینەوە، نووسینەکەی سۆن، بەعەقڵیەتی سەدەیەك لەمەوپێش نووسراوەو ئەو بیروباوەڕی چۆنەو چۆن نییە، ئەوە



بیروڕای خۆیەتی‌و ئێمە وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی ڕێگە بەخۆمان نادەین هیچ پیتێك بگۆڕین، یان دەستکاری ناوەڕۆك بکەین. هەرکەس دەیەوێت ڕای سۆن نەزانێت، دەتوانێت ئەم بڕگەیەی خوارەوە نەخوێنێتەوە:

"لەڕێگای ئۆفیسەکانی هاوڕێی باڵیۆزم، سەعاتچییەوە، ڕۆژێکیان بردمیان بۆ بینینی ناودارێکی کەرکوك، کەناوی ڕەزایە، لەلایەن مسوڵمانەکانەوە بە شێخ ڕەزا ناودەبرێت، فەلەکانیش کە ڕقیان لێیەتی، بەمەلا ڕەزا ناوی دەبەن، کە ناونیشانێکی نزمە.

ئەم بەڕێزو لێهاتووە کەسێتی سەرەکی ئایینی ئەم شوێنەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە سونییەو لەسونیبوونیشیدا دەمارگیرە، هیچ نکۆڵییەکی نییە لەبینین‌و ڕێزگرتنی ئەوانەی ئیسلام نین، یان شیعەن، کەمن‌و سەعاتچی هەردووکمان لەڕیزی شیعەکاندا دانراوین.

شێخ ڕەزا لەخانوویەکی تەنیشت ئەو مزگەوتەدا نیشتەجێ بوو، کە پێشنوێژی تیادا دەکرد، ئەو خانووە یەکێك بوو لەباشترین خانووەکانی کەرکوك، حەوشەکەی‌و ژوورە زەمینییەکانی بەشێوازی فارسیانە ڕێکخرابوون، چەند دارشاتوویەك دیوارە بەرزە رووتەکانیان داپۆشیبوو. شێخ ڕەزا بەتەنیا لەژوورێکی درێژی فەرشڕێژکراودا پێشوازی کردین، لەڕاستیدا پایەبەرزێکی زۆر بەڕێز بوو. شوێنەواری عیبادەتکردن لەرەنگێکی رەشدا لەسەر برۆی چەسپابوو کە عەمامە سپیەکەشی ڕووناکی نەدەکردەوە. لەنزیك مەچەکیەوە لەسەر زەوییەکە گرامۆفۆنێك هەبوو، کە لەزوڕناکەیەوە هەرئێستا دەنگێکی ناسازی عەرەبی لەخوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان بێدەنگ بوو بوو. بۆ ئەم جۆرە بەکارهێنانە، ئامێری بەدفەڕی ئەورووپی لەبەردەستدایە. هەر کەشێخ بیستی من شیرازیم، دەستبەجێ کەوتە باسکردنی حافزو سەعدی‌و بەفارسیەکی نایاب (ڕەوان) دەدوا.

پاشان دەستنووسێکی دەرهێناو هەندێ شیعری خۆی خوێندەوە شێخ ڕەزا بەچوار زمانی تورکی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی شیعری هۆندۆتەوە، بەڵام فارسی لەهەموو

ئەوانی تر بەلاوە پەسەند تربوو. شێخ رەزا سوکایەتییەکی رەوای بەزۆرینەی شیعری تورکی دەکرد، کە تا ئاستێکی زۆر هەمووی لەعەرەبی‌و فارسی پێکهاتووە.

شێخ رەزا بەشێوەیەکی ناخۆش نارەزایی لەوپێشکەوتنە دەردەبڕی، کە فەلەکان دەیانکردو هیچ گومانیشی تێدانەبوو، کە ئەو پێشکەوتنەیان لەسایەی رژێمی حکومەتی دەستووریدا دەکرد. لەقسەکردندا شێخ رەزا چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەڵدەچوو، دەمارگیری شاراوە لەناخیدا دەکولا، پەرۆش بوو بۆ بینینی رژانی خوێنی ئەم بێدینانە. لەگەڵ هاواری بێزاریدا دژی هەستی هەڵچووی تورکمانەکان، سەرزەنشتی موسڵمان‌و فەلەی وەکو یەك دەکرد. بێپەردەش رایگەیاند کە ئارەزوو دەکات ببینێ سەری فەلەکان دیوارەکانی کوختەکە (خانووەکە) بڕازێننەوە. ئەم مەخلوقە، کەهیچی نەبوو بێجگە لە ناوبانگێکی خراپ، کە لەو کارەساتەوە پێی دەبڕا، چەندجارێ هەوڵیداوە فەلەکان هەراسان بکات، بەڵام ئەوان پاراستنی تەواوی خۆیانیان دۆزیوەتەوە، ئەمیش بەبەزیو خۆی دەبینێت، پێشنیارەکانی هەمیشە پشتگوێ دەخرێن، کاتێ هەستی دژبە ئەم خەڵکە بێوەیانە دەوروژێنێت. دامرکاندنەوەی ئەم هەڵچوونەی، کاتی پێویست بۆ خواردنەوەی سێ کوپ چای دەویست. مۆڵەتی رۆیشتنمان لێ خواست، بێئەوەی هیچ رایەك دەربڕین سەبارەت بەهەستەکانی(٤٣).

Through the offices of my friend the consular watchmaker, I was taken one day to see a notable of Kirkuk, one Reza, called by the Muslims Shaikh Reza, and by the Christians, who hate him, Mulla Reza, an inferior title.

This worthy is the principal priest of the place, and though a Sunni, and a fanatic at that, has no objection to seeing and being polite to the dissenters of Islam, the Shi'a among whose ranks both myself and the watchmaker were classed.

He inhabited a house adjoining the mosque wherein he officiated, one of the best houses in Kirkuk. His courtyard was laid out in flat beds in the Persian fashion, and a few mulberry trees veiled the bareness of the high walls. He received us in a long room, well carpeted, and was alone. A very reverend seigneur this



indeed; the frown of sanctity sat blackly upon this brow, unlightened by his white turban. At his elbow on the floor was a gramophone, from whose trumpet a raucous Arab voice had just ceased to shriek verses of the Quran – to such uses are European abominations adaptable! Hearing that I was from Shiraz, he at once began to quote Hafiz and Sa'di, for he spoke excellent Persian; and then, producing a manuscript book, read some of this own poetry. He versified in four languages – Turkish, Arabic, Persian, and Kurdish; but preferred Persian to all of them, having a just contempt for the majority of Turkish verse, consisting as it does nearly all of Arab and Persian.

He complained bitterly of the progress Christians were making, and doubtless would make under the regime of constitutional government; in speaking, his eyes flashed he grew excited, the latent fanaticism in him boiled, and he longed to see the blood of these infidels spilt. With cries of disgust against the lukewarm sentiments of the Turkomans, he denounced Musulman and Christians alike, and frankly declared that he would like to see the heads of the letter adorning the barrack walls. This creature, who had naught but notoriety to gain from such a catastrophe, has several times attempted to harass the Christians, but they have found sufficient protection, and he sees himself foiled, and his proposals ignored every time he would rouse feeling against these harmless people. It took him the whole time of drinking three cups of tea to exhaust his fury, and we took leave of him, expressing no opinion upon his sentiments(44).

لەم تێکستەی سەرەوەدا، پێویستی تێبینی چەند خاڵێك بکەین:

١ـ شێخ رەزا، هەرچەند وا ناوبانگی دەرکردووە، کە شیعرە تورکییەکانی زۆر بەرزن، لێرە، ئەو خۆی، شیعری فارسی بەجوان‌و پەسەند دەزانێت‌و شیعری سەعدی‌و حافزی شیرازی بەدەنگی خۆی بۆ سۆن دەخوێنێتەوە. هۆکەی رەنگە ئەوەبێت، تورکی ـ عوسمانی زمانی رەسمی دەوڵەت بووبێت‌و ئەم بەناچاری فێری بووبێت. دوورنییە لەرووی ویژدانەوە،

هەستی بەجۆرە ئازارێك كردبێت بۆ ئەو هەموو شیعرە ستایشەی، كە بۆ كاربەدەستانی عوسمانی نووسیوویەتی. زمانی فارسی لەكوردییەوە نزیكەو زمانی حافزو سەعدیو نیزامیو فیردەوسییە. ئەم رەنگە بەخۆشییەوە، لەشێخو دەروێشو موریدی كوردستانی رۆژهەڵات فارسی فێربووبێت.

٢ـ ئەم تێكستە، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەكاتەوە، كە شێخ رەزا دیوانێكی دەسنووسی هەبووە. ئەم دیوانە دەسنووسە بێسەرو شوێنە. لەوانەیە دەست یەكێك كەوتبێتو بەهۆی ساتیرەكانەوە لەناوی بردبێت.

٣ـ شێخ رەزا گرامافۆنی هەبووەو گوێی لەو قەوانانە گرتووە، كە قورئانیان لەسەر تۆماركراوە. واتە: شاعیر ئەوەندە دەمارگیری بەرامبەر جیهازێكی دەستكردی ئۆروپی نەبووە. سەیرە! شێخ رەزا قورئانی لەبەربووەو گوێی لەقەوانی قورئانیش گرتووە؟

٤ـ باشترین خانووی لەكەركوك هەبووە. ئەمە دژی بەشێكە لەشیعرەكانی خۆی، كە خۆی بەموفلیسو مەهتوك داناوە!

٥ـ شێخ رەزا تا تەمەنی (٧١) ساڵیش تەندروستی باش بوو. لەناو كۆمەڵانی خەڵكدا، یەكێك بووە لە كەسایەتییە بەڕێزەكانی شار.

## لەنێوان نەتەوەو كولتووری عەشیرەتگەریدا

ئەو پرسیارەی لەسەرەتای ئەم نووسینەدا كراوە، دەمەوێ لەكۆتایی ئەم نووسینەدا وەڵامی بدەمەوە:

ئایا قەسیدەی (لەبیرم دێ...) دەكرێت، بەسەرەتاو پێشەنگی شیعری ناسیۆنالیستی كوردی دابنرێت، یان ئەو (بیری سیاسی) بەئەفسانەو داری بێبەر داناوەو هەر شەیداو پەروانەی بەرژەوەندییە تایبەتو بەرتەسكەكانی خۆی بووەو هەر رۆژە لەئاشێكی كردووەو هەر رۆژە لەشوێنێكدا ماڵیویەتیەوە؟



ئێمە دەبێ، پێشەكی، راستییەك بزانین، شێخ رەزاو حاجی قادری كۆیی هەموو ژیانیان لەسێبەری دەسەڵاتێكی كوردیدا بەسەر نەبردووە: شێخ رەزا، لەتەمەنی پێنج شەش ساڵیدا (پەرادە ـ parade) ی سەربازیو رەسمی بەردەركی سەرا دەبینێت. حاجی قادری كۆیی، ئەگەر ساڵی (١٨٢٤ ز) لەدایكبووبێت، ئەوە تەنیا بیستو دوو ساڵێكی كۆتایی میرایەتی بابانی بینیوە، ئەوەش لەشاری كۆیە، نەك لەپایتەخت.

بەراوردكردنێكی خێرای نێوان شیعرە سیاسییەكانی((سالم))، لەگەڵ شیعرە سیاسییەكانی حاجی قادری كۆییو شێخ رەزای تاڵەبانی، جیاوازییەكان، لەسەر چەند ئاستێكی هاوكاتیبوونو ناهاوكاتیبوون دەبینرێت.

((سالم)) لەقەسیدە عەسكەرییە ـ سیاسییەكانی، كە لەكەشو هەوای مەلحەمەی كلاسیكی (ملحمە) نزیكی كردۆتەوە، بۆ نموونە، (عەزیز بەگی بابان)و (لیم گەڕێن با گۆشەگیربم..) تراجیدیای رووخاندنی میرنشینی بابانو داگیركردنی هەموو ناوچەكە لەلایەن سوپای عوسمانییەوە، بەشێوەیەكی ورد بەرجەستە دەكات. نووكی قەڵەمەكەی دەبێتە زوومی كامیرایەكی سینەمایی، وێنە دراميیە، خوێناوییەكانی كارەساتەكە، یەك بەیەك هەڵدەچنێت. ئەو، بەچاوی خۆی، رووداوە سامناكو دڵتەزێنو سووتێنەرەكە لەنزیكەوە دەبینێت. دوا چركەكانی كۆتاییهاتن بەمێژووی ((دەسەڵاتی كوردی)) لەبەرچاوی روودەدات. ئەسپی داگیركەر، سەرجەمی داوودەزگای ئیداریو سەربازیو فەرهەنگیو كۆمەڵایەتی هەڵدەشێلێت. خزم و كەسوكاری شاعیر، زۆربەیان دەكوژرێنو بەدیل دەگیرێنو ئاوارەو دەربەدەر دەكرێن.

عەبدولرەحمان بەگی ساحیبقران ((سالم))، بۆ خۆی یەكێك بووە لەكەسایەتیەكانی چینی سەرەوەی كۆمەڵ، چارەنووسو ناسنامەی تێكەڵاوی چارەنووسی میرنشینێك بووە. ئەو ناسنامەی خۆی لەگەڵ ناسنامەی بابان جیاناكاتەوە. لەچركەی كارەساتو هەڵوەرینی پەیكەری مێژوو، دەنگی شاعیر، دەبێتە دەنگی ویژدانی هەژێنراوی میرنشینێك. جگە لەبەشێك لەچینی بازرگانو پیشەگەرو كاسبكاران (بۆرجوازی)، كە

ناکۆکیو بەرژەوەندی جیاوازیـان لەگـەڵ چینی سـەرەوەی کۆمـەڵ هەیـە، دەنگـی سـالم، دەنگــی کۆتاییپێهــاتنی ســەردەمو مێــژووی دەســەڵاتێکی کوردییــە. ئــەو هــاوارو بەدەنگەوەهاتنەی ئەو بەدەنگ دێت، هیچ کەسێکی تر ئەو ((شانازی))یەی پێنابڕێت.

شێخ رەزا، لەتەمەنی منالّیدا، لەناو رووباری مێژوودا ناژێت، تـەنیا بڕگەیەکی زۆر کورت، چاوترووکاندنێك، لەمێژووی دوورو درێـژی میرایـەتی بابـان دەبینێـت. بڕگەکـە، بڕگەیـەکی تایبـەتو شـاراوەو دەگمـەن نییـە، بڕگەیـەکی دەسـەڵات نوانـدنی رۆژانەیـە: نوانـدنی شـانۆیی سـیرمۆنیاو نمایـشی سـەربازییە، پـەرادەی سـەربازی( Military. Parade)، کە رۆژانە، یـان لەبۆنـە گرنگەکانـدا، لەبـەردەم دەربـاری مـیر (بـەردەرکی سەرا) دەنوێنرا. نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەو سـەردەمە، دەهـاتن بـۆ بیـنینو رەنگە بۆ پیشاندانی دڵسۆزیو پابەندبوونو ملکەچی بەرامبـەر پاشـا. بەچـاوی خۆیـان دەسەڵاتی بەرجەستەکراوی میرنشینیان دەبینی:

شاعیر، سێ وێنەی دەسەڵات نوانـدن، بـە وشـە دەنەخشێنێتو گرنگـی پاشـا، وەکـو ناوەندی دەسەڵات نیشان دەدات:

- لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخو مەلاو زاهید
- لەبەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
- سەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

هەر دیمەنێك، شـایانی لێکدانەوەیـەکی فراوانـەو بەڵگـەی خۆپیـشاندانی دەسـەڵاتن. دەنگی مۆزیقە دەگاتە ئەیوانی کـەیوان، کـە سـەدان (کم) دەڕوات. سـەربازەکان، تیـپ تیپ، بەچەكو جلو بەرگی تایبەتەوە، بەبەرچاوی کۆمـەڵانی خەڵکدا تێدەپـەڕن. دەنگـی (مۆزیقـەو نـەققارە) لـەکاتی نمایـشی عەسـکەرییدا، کاریگـەری خـۆی هەیـە، لەچـاو رۆیشتنی ئاسایی سەربازی، بەبێ ئاوازو مۆسیقا.

هەر کەسێك ئەم تێکستەی شێخ رەزا بخوێنێتەوە، هەر یەکسەر تێکستێکی ((نالی)) بیردەکەوێتــەوە، کــە ئــەو لــەبن کاریگــەرێتی راســتەوخۆی ئــەو پــەرادە ســەربازیەدا



نووسیوویەتی. کەواتە: بڕگـەی مێـژووییو وێنەکـە، هاوکـاتن، بـەڵام داڕشـتنو مـۆتیڤ جیاوازن:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەتو قەلبی سەپاهن

صەف صەف کە دەوەستن بە نەنظر خەططی شوعاعن
حەڵقەکە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن (٤٥)

## گرنگی مێژوویی شیعری (لەبیرم دێ..)

ئەگەر قەسیدەکەی (سالم) سەبارەت بەرووخاندنی میرنشینی بابان، بـە وشـە نەبوایـەو بـەکامیرای تەلـەفزیۆنی بوایـە، لـەکاتیگۆری (فیلمـی دۆکۆمێنتـار) دادەنـرا! ئـەو راستەوخۆ، هەرچی بەچاو بینیویەتی، یـان بـەرگوێی کـەوتووە، هـەروەکو پـەیامنێرێکی سەربازی، بەرەکانی شەڕ، زوومی کامیرا، بەناو شەرگەو هێڵە تێکچڕژاوەکانی پێکدادان، چـرکە بەچـرکە، دەگێڕێـت. رووداوەکـان، هـاڵاوی خـوێنو نـاڵینو بۆسـووی بـارووتی لـێهەڵدەستێت.

تـابلۆی هونـەریی (لـەبیرم دێ..)، دەسـتی هونەرمەنـدێك، بـەڕەنگو فڵـچە نەخشاندوویەتی. ساڵانێکی زۆر، کاتی بینینو کاتی نووسین لەیەك جیادەکاتەوە.

شاعیر دووکات، دوو سەردەم، بەچاوی خۆی دەبینێـت: سـەردەمی دەسـەڵاتی کـوردی (ئـازادی، سـەربەخۆیی، ..) ئەمـە کـاتی یەکـەمی رووداوە. کـاتی دووەم: سـەردەمی لەناوچوونی دەسەڵاتی کوردیو لەدەستچوونی ئازادیو سـەربەخۆییە. لـەکاتی دووەمـدا، وڵات داگیرکراوەو ناسنامە، پەپوولەیەکی سـەربڕاوە. ئـازادیو سـەربەخۆیی، لەسـێبەری هەڵو مـەرجی داگیرکراویدا، دەبنە خەونو تراویلکە...

بۆ شاعیر، ئەو زەمانەی بیری دەکەوێتەوە، جۆرێکە لەجۆرەکانی نۆستالگیا nostaligia و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ جیهانی منالّی، یان ئامانجێکی سیاسی هانی داوە؟

ئایا ئەم شیعرە شیعرێکی ناسیۆنالیستیە وەکو شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، یان گەڕانەوەیە بۆ کولتووری پێش داگیرکردن؟

ئەم شیعرە خزمەتی کام ((بیر))و ((ئایدۆلۆجیا)) دەکاتو دەتوانرێت لەبازنەی (ریڤیتالیزیشنی کولتووری[٤٦] ـ Kultur – Revitalisation) دابنرێت؟

ئەم شیعرە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لەهیچ قەسیدەیەکی تری شاعیردا بەرچاو ناکەوێت. ئایا لەبن چ کاریگەرییەك، شێخ رەزا بۆ باوەشی ئەم بیروەریە گەڕاوەتەوە ؟

(شاعیر هیچ ئاگای لەبیری ناسیۆنالیستی هەبووەو بڕوای بەوە بووە ئەو، سەر بەگەلێکی داگیرکراوە، نیشتمانێك ئازادیو سەربەستی تێدا پێشێل کراوەو چۆن لەبیری ناسیۆنالیستی تێگەیشتووە؟

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم قەسیدەیە، ئەوەیە، شاعیر، سەردەمی پێش داگیرکردنی کوردستانی، بەسەردەمی زێڕینی ئازادیو سەربەخۆیی داناوەو شانازی پێوەکردووە:

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دار الملک ـ ی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لەنێوان دوو زلهێزی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، سولەیمانی پایتەخت، ئەوپەڕی سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، دوو زلهێزەکە نەیانتوانیوە، ئەم دەسەلاّتە کز بکەنەوەو لەقالّبی بدەن.

عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەلن ئەمما
سەلاّحەین کە دنیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو



سەلاّحەدینی ئەیوبی یەکێکە لەپالّەوانە گەورەکانی جیهانو یەکێکە لەناسراوترین کەسایەتییەکانی کورد، لەسەر ئاستی مێژوویی، بەلاّم شاعیر، بەگوێرەی پێویستی کێشو سەروا (یجوز للشاعر مالا یجوز لغیره)، ناسنامەی بابان بەسەلاّحەدین دەبەخشێت، نەك لەبەرئەوەی سەلاّحەدین پێویستی بەو ناسنامەیە هەیە، بەلّکو لەبەرئەوەی بابانو شاعیر پێویستییان بەو ناسنامە پێبەخشینەیە.

شاعیرێکی وەکو رەنجووری، یان کوردیو سالم، نەیان دەتوانی، بە (چاوی دلّ) بگەڕێنەوە بۆ ئامێزی سەردەمی زێڕینی پێش داگیرکردن، چونکە ئەوان لەو سەردەمەدا ژیاون. کەواتە: شێخ رەزا، ئەگەر لەسەردەمی بابان ژیابا، ئەویش وەکو سالمو کوردیو رەنجووری، نەیدەتوانی بەم شێوازە بیر بکاتەوە! کاتێك دەسەلاّتەکە نامێنێتو دانیشتوانی پایتەختی میرنشین، بەهەر لایەکدا دەڕۆن (جەندرمەو یۆزباشیو بینباشی،...) لەبەردەمیاندا قوت دەبنەوە، بەزمانێکی جیاواز دەدوێن، ئیدی هەست بەنامۆبوونی کولتووری دەکرێت. ئەم بارودۆخە رەنگە یەکێك بێت، لەهۆکانی گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی پێش داگیرکردن.

بایەخدان بەژیانی سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەلاّیەتی پێش داگیرکردنو گەڕانەوە بۆ بەهەشتی لەدەستدەرچوو، ناچێتە چوارچێوەی شیعری ناسیۆنالیستیەوە، بەلاّم دژی بارودۆخی سەپێنراو، کە بەلاتینی پێیدەگوترێت: (شتاتۆس کوئو ـ Status quo). بارودۆخی سەپێنراو، لەبن ڕێژنەی پرسیار دانرا، کەواتە: ئەو بارودۆخە لەلایەن داگیرکەرەوە، بەزۆرەملێ سەپێنراوە، رووبەرووی رەفزو نارەزایی دەبێتەوەو دەتوانرێت، ئەگەر لەرووی بابەتیەوە objektiv ببینرێت، بەبزاڤێکی کولتووری شۆڕشگێڕ دابنرێت.

ئەم جۆرە شیعرە بەبێ کارتێکردنی (بیری ناسیۆنالیستی) نانووسرێت، ئەو کارتێکردنە راستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ بێت، دەتوانرێت هەستی پێبکرێت. بەلاّم بۆ شاعیر نەچۆتە سەنگەری ناسیۆنالیستەکانەوە وەکو حاجی قادری کۆیی؟

بیرمان نەچێتەوە، شێخ ڕەزا ڕێك وەكو عەنتەرەو فەرەزدەق و حوطیئة شانازی بەهۆزو عەشیرەتەوە كردووە. هەر لەسەر تەعەسسوب بۆ عەشیرەت و تیرەو تایەفە، چەند داشۆرییەكی خەستی نووسیووە: (نموونە: كاكەیی، هەمەوەند، جەباری، داودە) یان ئەو ستایشەی بۆ جافی نووسیووە. لەلایەكی ترەوە، ئەو بەشێكی لەشیعرەكانی بۆ دژایەتی (قانوونی ئەساسی) تەرخان كردووەو پەلاماری هەندێ سمبۆلی چاكسازی داوە. شاعیرێك ئەوەندە لایەنگرو پابەندی كولتووری عەشیرەتگەری بێت و لەبەرەی سەڵتەنەتخوازان بێت، ناتوانێت هەروا بەئاسانی قەڵەمبازێك بۆ سەنگەری ناسیۆنالیستی بدات و ببێتە پێشەنگی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری!

گومان لەوەدا نییە، شێخ ڕەزا ماوەیەك لەئەستەمووڵ ژیاوە، ئەستەمووڵی ئەو زەمانەش مەڵبەندی بیروباوەڕی ((ئازادی)) و ((ڕۆشنگەری)) و ((چاكسازی)) و ((ناسیۆنالیستی)) بووە. یەكێكی وەكو حاجی قادری كۆیی، پاش ماوەیەكی زۆر كورت، لەژیانی ناو ئەستەمووڵ، دەبێتە ئاڵا هەڵگری بیروباوەڕی ڕۆشنگەری و نەتەوەیی. حاجی قادری كۆیی، تەنگ و چەڵەمەی ژیان و گوشارو تەنگ پێهەڵچنین، ناچاری دەكەن ڕووبكاتە ئەستەمووڵ. شێخ ڕەزا بۆ ((سیاحەت)) و گەشتیاری و بینینی پایتەخت، كەركوك جێدێڵێت. لەوە دەچێت، بەهۆی سەڵتەنەتخوازی و ڕقهەستان لەبزوتنەوەی چاكسازی و ریفۆرم، لەكەسانی ئازادیخوازو پێشكەوتنخواز كەمتر نزیك كەوتبێتەوەو هەر خەمی دەرباری سوڵتان و میوانی كاربەدەست و گەورە پیاوان بووبێت.

وێڕای بەرهەڵست، لەبەردەم كردنەوەی پەنجەرەی بیری ناسیۆنالیستی، بەڵام دوور نییە، لەكەلێنێكەوە، ئاگاداری ڕاپەڕین و هەڵسانەوەی گەلانی بولغاریا و یۆنان بووبێت! بەدووریشی نازانم، ئەو كاتانەی بایداوەتەوە بۆ هەجوی سوڵتان، سەردەمی منداڵی لە دار الملك ـ ی بابان بیركەوتۆتەوەو ناسنامەی كورد بوون لای بەهێزتر بووە.

لەبیرم دێ سولەیمانی كە دار الملك ـ ی بابان بوو
نە مەحكوومی عەجەم نەسوخرەكێشی ئالی عوسمان بوو



لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی كەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسكەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی كەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
كە مەیدانی جریدبازی لەدەوری كانی ئاسكان بوو
بەزەربی حەملەیە بەغدای تەسخیر كردو تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان ڕاستت دەوێ باوكی سولەیمان بوو
عەرەب ئینكاری فەزلی ئێوە ناكەم ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین كە دنیای گرت لەزومرەی كوردی بابان بوو
عوموومی شەهر یاران و سەلاتینی فەرەنگستان
لەروعبی سەتوەتی ئەشێرەدا گشتی هەراسان بوو
قوبوری پڕ لەنووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
كە بارانی كەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو
كە عەبدوڵڵا پاشا لەشكری والیی سنەی شڕ كرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو[٤٧]

## سەرنج و سەرچاوە:

١. د. مکرم تاڵەبانی: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

٢. د. نووری تاڵەبانی: گەشتێکی تر بەجیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، لەگۆڤاری کاروان، هەولێر، ژمارە (٧٠)، ك١، ١٩٨٨.

٣. شێخ ڕەزا، پیاوێکی گورج و گۆڵ و چالاك بووە، گومان لەوەدا نییە، کە نامەیەکی زۆری نووسیووە، بەداخەوە دەنگوباسی هیچیمان پێنەگەیشتووە و نەمانبیستووە، لەشوێنێك پارێزراو بن، یان بلاوکرابێتنەوە. مێجەرسۆن ئاماژە بۆ نامەیەکی دەکات، لەوەناچێت ئەو نامەیەش مابێت، ئەگینا ژنەکەی، کە تا ئەم ماوەیە مابوو، لەشوێنێك باسی دەکرد.

٤. زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە باس دەکەن، کە شێخ ڕەزا تاقەتی ئەوەی نەبووە شیعرەکانی خۆی کۆبکاتەوە. یەکێکی وەکو عەبدوللەتیف ثنیان، کە لەنزیکەوە شێخ ڕەزای ناسیوە، بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ ڕەزاوە ٢١/١/١٩١٠ لەڕۆژنامەی (الرقیب) دەنووسێت، گوایە ئەو وتویەتی (دیوانە صدور الرجال لا بطون الدفاتر) کەچی مێجەرسۆن بەڕوونی ئاماژەی بۆئەوە کردووە، کە دەستنووسێکی هەبووە و شیعرێکی فارسی لەو دەفتەرەدا خوێندۆتەوە.

٥. ئەمین فەیضی بەگ: ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٣، ل٢٨.

٦. ئەحمەد تاقانە: شاعیرانی کوردستانی باشوور، لەکتێبی (صوك عصر تورك شاعرلری) نووسینی: ئیبنولئەمین مەحمود کەمال (ئینال). وەرگێڕان لەتورکیەوە، چ ـ ئاراپخا ـ کەرکوك ٢٠٠٦، ل ٥٣، لەهەر شوێنێك باسی ئەم سەرچاوەیە هات، من تەنیا ناوی ئەحمەد تاقانە/ ئینال (س. پ) دەنووسم.



٧. د. مكرم الطالباني: الشيخ عبدالرحمن الطالباني، الجزء١، ط١، مطبعة خاك السليمانية ٢٠٠٣، ص١١.

٨. مەلا عبدالکریمی مدرس: دیوانی مەولەوی، بەغدا، ١٩٦١، پێشەکی ـ ك.

٩. شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣ن ل٢٥.

١٠. بۆ ساغکردنەوەی ساڵی لەدایکبوونی شێخ ڕەزا و براکانی، سەیری سەرچاوەکانم هەموو کردووە و لەخەڵکی وەکو د. مکرم تاڵەبانی پرسیارم کردووە. ئەگەر شێخ عەلی (١٢٤٨ك) بەرامبەر (١٨٣٢ز) لەدایکبووبێت و شێخ ڕەزا (١٢٥٤ك) بەرامبەر (١٨٣٨ز) کەواتە: دەبێ شێخ واحید (١٨٣٦ز) لەدایکبووبێت.. هتد.

١١. دانیشتنێك لەگەڵ د. مکرم تاڵەبانی ـ سلێمانی ڕۆژی ٢٣/١/٢٠٠٩ بەراورد لەگەڵ د. مکرم تاڵەبانی: شێخ ڕەزای تاڵەبانی (س. پ) ل٢٦، کاك ئەحمەد تاقانە زۆربەی سەرچاوەکانی بەسەر کردۆتەوە، کە لەسەر ساڵی لەدایکبوونی شاعیر نووسیویانە بڕوانە: ئەحمەد تاقانە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس چ١، هەولێر ١٩٩٩، ل٢٨.

١٢. علي الطالباني: دیوانی شیخ رضای طالەبانی، بغدا ١٩٤٦ ل٣٥.

١٣. مەبەست لەسۆسیالیزاتسیۆن، یان سۆسیالیزەیشن Socialization سەرجەمی پرۆسەی پەروەردەکردنی مناڵە.

١٤. مەسعوود محەمەد: کەیفی جوانڕێیی، لەدەفتەری کوردەواری، ب٢، بەغدا، مارت ـ نیسانی ١٩٧٠ ل١٩.

١٥. دانیشتنێك لەگەڵ (.....) شاری کوێلن ـ ئەڵمانیا ١٤/٤/١٩٩٤.

١٦. دانیشتنێك لەگەڵ د. مکرم تاڵەبانی ٢٣/١/٢٠٠٩.

١٧. مەلا عبدالکریمی مدرس: دیوانی مەولەوی (س. پ) ل ك.

١٨. شێخ محەمەدی خاڵو ئومێد ئاشنا: (س. پ) ل ١٣٠، لەبەیتی دووەمدا، یەکەم وشەم گۆڕیوە، چونکە دڵنیابووم، کە (ناسخ)ەکانو مامۆستا خاڵو ئومێد ئاشنا لەبەرئەوەی خەڵکی گەرمیان نین، نەیانزانیوە وشەی (تابکوکی) هەڵەیەو هیچ واتایەکی نییە!

١٩. د. مکرم تاڵەبانی: شێخ رەزای تاڵەبانی (س. پ) ل٥٠.

٢٠. سەبارەت بەکەسایەتی (حەمەی وەستا فەتاح) کە شێخ رەزا بەکوردی دووجار ناوی لەدەفتەری نەمریدا تۆمار کردووە، ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆ نازانین. ئەو کابرایە، بەگوێرەی تابلۆ هونەرییەکەی شاعیر، هەر زۆر لە راسپۆتین دەچێت. ئەم گوایە لێپرسراوی خواردنو ژیواری تەکیە بووەو جێگەی بڕوای شێخ عەلی بووە. من زۆر کەسم لەژیاندا بینیوە، کە بەهۆی کەسێکی ترەوە تووشی ئاوارەییو دەربەدەری بوون، بەبەردەوامی شیعرەکەی شێخ رەزایان دووبارە کردۆتەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵو ئومێد ئاشنا: (س. پ) ل٢٠.

٢١. هێمن: تاریكو روون، گوڵبژێرێك لەشیعرەکانی هێمن، بەغدا ١٩٧٥، پێشەکی ل٥.

٢٢. رستەی ناو کەوانە لەسەر کێشی (فرهنگ أشعار حافظ) داناوە.

- نووسەرەکەی د. أحمد علی رجایی بخارایی - چ٤، انتشارات علمی - تهران ١٣٦٤ - دەیان شاعیری رۆژهەڵاتیو رۆژاوایی، لەسۆنگەی کۆنی تێکستەکان، یان گرنگیان فەرهەنگی تایبەتیان بۆ دانراوە: فردەوسی، جەلال الدین رومی، شکسپیر، گوێتە.. هتد.

٢٣. کتێبێکی تایبەت لەسەر شیعرە ئیرۆتیکیو ساتیرەکانی گوێتە هەیە، بەلاّم ئەمانە ١٪ی شێخ رەزا شەڕە جوێنو داشۆریو ئیرۆتیکی تێدا بەدی ناکرێت: بۆ بەراوردکردن بڕوانە:

Goethe: Erotische Gedichte, insel taschenbuch. Leipzig 1991 S. 22 ff.

٢٤. علي الطالباني: (س. پ) ل٥.



25. K. R. Eissler: Goethe, eine psychoanalytische studie. Übersetzt von Peter Fischer. H. Rüdiger Scholz, stromfeld/ Roter Stern Auflage 4, Franfurt am Main 1984.

ئەم کارەی ئایسلەر، کەمتر لە ١٨٠٠ لاپەڕە نییە، تەنیا لەسەر سالاّنی ١٧٧٥ - ١٧٨٥ واتە (١١) ساڵ لەژیانی گوێتە.

٢٦. خليل شرف الدين: أبو نؤاس. دار ومكتبة الهلال - بيروت ١٩٩٢، ص٦٢.

٢٧. بڕوانە: مەسعوود محەمەد (س. پ) ل ٣٣ د. مکرم تاڵەبانی (س. پ) ل ٢٧، د. نووری تاڵەبانی (س. پ) ل ٢١.

٢٨. ژیوار: ناوی گوندێکە لەهەورامان. بەواتای بژێویش دێ. ئەم زانیارییەم لە کاك محەمەدی مەلا کەریم وەرگرتووەو ناوی کوڕە گەورەکەی (ژیوار)ە.

٢٩. ئەحمەد تاقانە: شێخ رەزای تاڵەبانی (س. پ) ل٤١.

٣٠. ئەحمەد تاقانە: شێخ رەزای تاڵەبانی (س. پ) ل٤٠.

٣١. علي الطالباني: دیوانی شیخ رەضای طالەبانی (س. پ) ل٣١.

٣٢. د. مکرم تاڵەبانی: شێخ رەزای تاڵەبانی (س. پ) ل٥٠.

٣٣. هادي العلوي: الأعمال الكاملة (٩) ديوان الهجاء، دار المدى، بيروت ٢٠٠٣ ص٥.

٣٤. د. مکرم تاڵەبانی: (س. س) ل ٣١٥.

٣٥. سەرەتا پەیوەندی شێخ رەزاو موفتی زەهاوی زۆر باش بووەو لە دوو بەیتدا (یان چوار خشتەکیەك)دا ستایشی کردووە:

**ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی**
**زاتێکی وەکو موفتی ئەفەندی زەهاوی**

بەیتی دووەم:

**مومكین نییە ئیدراكی حەقائیق بەتەواوی**

**مومكین نییە ئیدراكی نەكا زیهنی زەهاوی**

٣٦. الدكتور علي الوردي: لمحات إجتماعية من تأريخ العراق الحديث، مكتبة الحيدرية، ج٣، ص٧٢.

٣٧. د. مكرم تاڵەبانی: (س.س) ل ٣٨٠.

٣٨. د. مكرم تاڵەبانی: (س.س) ل ٣٧٨.

٣٩. محمد علي القرداغي: محمد فيضي الزهاوي، نبذة عن حياته وشيء من آثاره، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل ٢٠٠٤، ص١٩١.

٤٠ ـ ئەحمەد تاقانە: ئینال (س.پ) ل٥٨و پەراوێزی ٩٣و ٩٤.

٤١ـ مەلا جەمیلی رۆژ بەیانی بەرامبەر ناوی (شاه عەلی هەورامان) شێخ عەلی حوسامەدینی نەقشبەندی داناوە. رستەکە بەعەرەبی نووسراوە، ئیدی نازانرێ کێ پێیوایە شاه عەلی و شێخ عەلی یەك كەسن. من سەیری وەرگێڕانەكەی فوئاد جەمیلم كرد، ئەو هیچ تێبینیەكی نەنووسیوە:

بڕوانە: محەمەد جمیل رۆژبیانی: چاوخشاندنێ بەچاپی تازەی دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا، لە: دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، كۆكردنەوەو لێكدانەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، ئامادەكردن بۆ چاپ ئومێد ئاشنا. سلێمانی ٢٠٠٣ ل ١٦٨.

بڕوانە: میجرسون: رحلة متنكر، الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ترجمة فؤاد جميل، ج١ (مكان الطبع: بلا) ١٩٧٠ ص٩.

42 – Soane, Ely Banister:
TO MESOPOTAMLA AND KURDISTAN
IN DISGUISE, Elibron Classics Landan (1912) 2005 P.V



٤٣ـ مامۆستا عەتا قەرەداخی ئەم تێكستەی خوارەوەی كردۆتە كوردی جێگەی سوپاسە

44- SOANE, Ely Banister (ibid) P. 134 - 135

٤٥ـ مەلا عبدالكریمی مدرس: دیوانی نالی، بەغدا ١٩٧٦ انتشارات صلاح الدین، تهران ١٣٤٦ ل٣٤٠.

46- Tibi, Bassam: vom Gottesreich
zum Nationalstaat, Suhrkamp,
Frankfurt am Main 1987 s. 52

٤٧ـ شێخ محەمەدی خاڵو ئومێد ئاشنا: (س . پ) ل٨١.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# گۆران

## هەوڵدانێك بۆ
## شیکردنەوەی دەروونیی شاعیرێك



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نووسینی کتێبێکی ئەکادیمیی باش لەسەر گۆران، نەکارێکی ئاسانو بێ گرێوگۆڵە، نەپیاسەیەکی کورتی ئێوارانی کەنار دەریایە. لەهەر کوێیەکەوە دەست پێدەکەیت، گەلێك کۆسپو کەندەلاَنو سەر ئێشەت بۆ پەیدا دەبێت. شاعیر، جگە لەدوو کۆمەڵە شیعری چاپکراوو کۆمەڵێك وتارو شیعری بلاوکراوە، هیچی بۆ جێنەهێشتوین. ئەو بیرەوەری خۆی نەنووسیوەو ئەزموونی شیعریی نەخستۆتە سەر کاغەز. نەئەرشیڤی شارمان هەیەو نەبایەخ بە ئەرشیڤی نەتەوەییو نیشتمانی دراوە. داوودەزگاکانی میری، لەو فەرمانگەیانەی شاعیر تێیاندا فەرمانبەر بووە، بەشی ئەرشیڤو دۆکۆمێنت پاراستنیان نەبووەو نییە: سەرمان لەفەرمانبەرایەتی: نفووسو تاپۆو پەروەردەو ڕێگاو بانو دادگاو.. هتد، داوەو هیچ شتێکی ئەوتۆ لەناو هەمبانەکەیاندا نەبوو. شوێنێك نەبوو، نووسراوی ڕەسمی پەنجاو شەش ساڵ لەمەوپێشیان هەبێتو یەکێك تۆزێك سوودیان لێوەربگرێت!

نامەکانی شاعیر، بەشی هەرە زۆریان فەوتاونو کەمێکی کەمیان بە پەرشو بلاوی ماونەتەوە. ئێمەش هەرچی هەوڵماندا، یەك دوو مشت لەسەرکۆزەکەی نەبێت، هیچی ئەوتۆمان بەردەست نەکەوت. هەڤاڵو دۆستەکانی ئەوەندە سستو کەمتەرخەم بوون، یان خۆی بەرامبەر نامەنووسین ئەوەندە ڕژدو دەست نووقاو بووە، کەمترین نامەی نووسیوە.

هاوچەرخەکانی، بەگشتی چاویان لەبەرهەمو کارەکانی بووەو بایەخیان بەنووسینی ژیاننامە (بیۆگرافی) نەداوەو ژیانی ڕۆژانەیان پشتگوێ خستووە. ئەوەی لەلایەن ئەوانیشەوە نووسراوە، لەچاو ڕۆڵی گۆران لەبزاڤی نوێخوازی لەشیعری کوردیداو ئەو گۆڕانگارییە گەورەیەی ئەو لەناوەڕۆكو شێوەی شیعری کوردیدا بەدی هێنا، هەر زۆر کەمە. ئێمە دڵنیاین، نەوەکانی داهاتوو، دەیان پرسیاریان لەسەر ژیانو بەرهەمو بیروبۆچوونی ئەم شاعیرەو دەیان شاعیری تریش لادروست دەبێتو دەیانەوێ زانیاری زۆرترو فراوانتریان لەبارەوە بزانن، بەلاَم بەداخەوە، دەستیان بەهیچ ناگات.



### ئێمە چیمان کرد؟

ئێمە هەر یەکسەر پرۆژەیەکمان بۆ سەرجەمی کاری "لێکۆڵینەوەکە" دارِشتو دەست بەکار بووین. لەهەر کوێ ناوی کەسێکمان بەر گوێ کەوتبێت، کە ناسیاویو دۆستایەتی لەگەڵ (گۆران)دا هەبووبێ، پێوەندیمان پێوەکردووەو کاتی بینینو چاوپێکەوتنو گفتوگۆمان لەگەڵدا دیاری کردووە. ماکی بایەخو سەرنجی ئێمە، تەنیا تۆمارکردنی لایەنی نەزانراوو لەسەر نەنووسراوی شاعیرێکە، واتە: "ژیانی ڕۆژانەی": ڕۆژانە کاتی چۆن بەسەر بردووە؟ پیاوێکی هێمنو لەسەرخۆ بووە، یان توندو تیژو شەڕانی؟ جگەرەی کێشاوەو شەرابی خواردۆتەوە، یان هەر خەریکی نوێژو ڕۆژوو بووە؟ جلو بەرگی چۆن بووەو حەزی لەکام خواردن کردووە؟ ئەزموونی ئەو کەسە لەگەڵ شاعیردا چی بووە؟

ئێمە نەمانویستووە لەسەر بەرهەمو تەکنیکی نووسین هیچ بنووسین. ئەوەی خۆی نووسیویەتیو بلاوکراوەتەوە، ئەوە لێکۆڵیارو لێتوێژەرو ئەکادیمییەکانی داهاتوو، دەتوانن ئەو کارە بکەن. ئەوەی ئێمە کردوومانە، ڕەنگە لەداهاتوودا، بەکەس نەکرێت. بریا چل پەنجا ساڵ لەمەوپێش، کەسانی نزیکتر لەگۆرانی مرۆڤ، ئەم کارەیان ئەنجام بدایە! ئەو کاتە زۆر شت نەفەوتابوو، زۆر دۆکومێنت بە ئاسانتر دەدۆزرانەوە، ئێستا هەموو شتێ، دە ئەوەندەی چل پەنجا ساڵ لەمەوپێش زەحمەتترە.. ئەوەی دەستیشمان کەوتووە، ئەوە نییە، کە چاوەڕوانمان کردووە..

سەرەتا ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ پێشەکییەکی تیۆرییو کردەوەیی لەبواری شیکاری دەروونی، هەر بۆئەوەی لایەنێك ڕوون بکرێتەوە، کە بریتییە لەپشتگوێخستنی تیۆری لەلێکۆڵینەوەو کاری زانستیدا.

## کتێبی فرۆیدی نەخۆش

یـورگ کۆلبروونـەر (Jürg Kollbrunner) سـاڵی (٢٠٠١) کتێبـی "فرۆیـدی نـەخۆش"[١] (Der Kranke Freud)ی بڵاوکـردەوە. (کۆلبروونـەر) پرۆفیـسۆری سـایکۆماتیکەو پـسپۆڕی شێرپەنجەناسـییە، لـەزانکۆی بێـرن ـ سویـسرا ـ لـە پـاژی شێرپەنجەی قورگو گوێو لووتدا، کار دەکات.

کتێبە رچەشکێنەکەی (کۆلبروونەر) لەسەر (زیگموند فرۆید)، شاکارێکی گەورەیەو شایانی ئەوەیـە فرۆیـدناسو دەروونـناسو کۆمـەڵناسو لێکۆڵیـارانی ئـەدەبو مێـژوو، بـەوردی بیخوێننـەوە. هـەر (٤٣٧) لاپـەڕەی کتێبەکـە، بـەدەوری یـەك تـەوەری سـادەو سـاکاردا دەخولێنـەوەو دەیانـەوێ بەئـەنجامێکی زانـستی بـاوەڕپێکراو بگـەن. سـەرەتای کتێبەکە، بەپێناسەیەکی کورتی شێرپەنجەو شێوەی چارەسـەرکردنی کـۆنو نـوێ دەست پێدەکات. ئەم نەخۆشییە کوتوپڕو بێسەرەتاو پێشەکییە، لەئاسمانـەوە دادەبـەزێ، بـەبێ هۆو هەلومەرجی یارمەتیدەر تووشی خەڵك دەبێت، یان کاریگەرێتی قۆناغی سـەرەتای تەمەنو سەردەمی زووی منداڵیو ژینگەو خێزانو کێشە کۆمەڵایەتیو تەندروستییەکان ڕۆڵیان لەتووشبوونو تووشنەبوونیدا هەیە؟

(کۆلبروونەر)و هاوکارەکانی لەنەخۆشخانەی فێرکـاری زانکـۆی بێـرن، پـێش دەست بەچارەسەرکردن، (کەوانەی پرسیار) بەنەخۆشەکە پڕ دەکەنەوە، بەوردی بەدوای دۆزینەوەی هۆی کۆمـەڵایەتیو کێشە خێزانییە هەژێنو کاریگەرەکاندا دەگەڕێن.

هەر کەوانەیەك بریتییە لە (١٠٣) پرسیار. هـەر نەخۆشـێك، کـە کەوانـەی پرسـیاری دەدرێتێ، وەکو (فرۆید) تووشی شێرپەنجەی مەڵاشـوو بـووە. ئـەم گروپـە، نەخۆشـییەکی هاوبەشیان هەیە، یان خاڵێکی هاوبەش ئەم نەخۆشانە کۆدەکاتـەوە، ئـەویش شـێرپەنجەی مەڵاشووە. ئەنـدامانی ئـەم گروپـە، لەسـەردەمی مـنداڵی زۆر زووی منـاڵیـدا، گـیرۆدەی شکانەوەی دەروونیو تەنگژەی قـووڵو کێـشەی زۆر سـەخت هـاتوون. بەشـێکی زۆر کـەم



لەنەخۆشەکان، لەسەردەمی منـاڵیدا، کەمتر گیـرەو کێـشەو سەرئێـشەیان تـووش بـووە، بەڵام ئەم تۆزە جیاوازییە، تیۆرییەکەی(کۆلبروونەر) هەڵناوەشێنێتەوە.

کارمـەندانی نەخۆشـخانەکە، هـەمان کەوانـەی پرسـیاریان بەسـەر ژمارەیـەك مرۆڤـی سـاغو تەندروسـتدا، دابـەش کـردووە. دەبیـنن، گروپـی دووەم کـە شـێرپەنجەیان نییـە، لەسەردەمی زووی منـاڵیـدا، هـیچ شـکانەوەو تەنگـژەو کێـشەی کۆمەڵایـەتیی قـورسو کارەساتی خێزانیو دەروونییان توش نەبووە. کەواتە: ئەو رووداوە شیرینو تاڵانەی مـرۆڤ، لەسەردەمی زووی منداڵیدا، پێیاندا تێدەپەڕێت، دەبێتە هۆکارێـك بـۆ تووشـبوون، یـان تووشنەبوون بەنەخۆشی شێرپەنجە.

ئەوانەی گیرۆدەی بەڵای شێرپەنجە دەبن، بەگـشتی، زۆربـەیان پێـشتر فێـری نیکـۆتینو خواردنەوە بوون. سەرکردنە سەر جگەرەکێشانو خواردنەوە، بەرهـەمی ڕێکـەوتو زانـینو نەزانین نییە، هـەردووکیان دەرهاویـشتەو رەنگدانـەوەی تاقیکردنـەوەی تـاڵی سـەردەمی منـاڵین. زۆربەی ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی مەڵاشوو بوون، ئەندامی خێزانی بەختـەوەرو توندوتۆڵو بێگریو گۆڵ نەبوون یان:

- باوك تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا زۆر دڵڕەق بووە.
- باوك کاتی بۆ منالّەکەی خۆی نییەو ئەوەندە بایەخی پێنادات.
- کێشەی توندوتیژیی خێزانی.
- زەبروزەنگ بەکارهێنان وەکو ئامرازی سەرەکیی پەروەردە.
- باوك خۆی خۆی دەخواتەوە.
- لەفێرگەدا، بەکارهێنانی سزاو دڵڕەقی لەبەر دواکەوتن لەپڕۆسەی فێربووندا.
- نەخۆشـکەوتن، بەبـەردەوامیو بەقورسـیو کـەس مـشووری نـەخواتو سـۆزی پێنەبەخشێت.
- لەدەستدانی یەکێکی زۆر نزیك.
- کەمئەندامیو شێوانی دەموچاو (سووتان بۆ نموونە).

بەراووردی ئامارەکان ئەوەش دەردەخات، کە مەرج نییە، ئەوەی سەری کردە سەر نیکۆتین و ئەلکهوول، ئیدی ١٠٠٪ تووشی شێرپەنجە ببێت یان هەردەبێ ئەندامی خێزانێکی نابەختەوەرو کلۆڵ و نەگبەت و قوڕبەسەربووبێت و هەر زۆر خراپ پەروەردە کرابێت! (کۆلبروونەر) لەسەر یەك دیاردە دەدوێت، کە لەنەخۆشخانەی فێرکاریدا، بەوردی ئاماری لەسەر کۆکراوەتەوە. لەهەمووشیدا یەك دەرهاویشتە، یەك ئەنجامگیری چڕبۆتەوە. بێگومان، نموونەی جیاوازو پێچەوانەش بەرچاو کەوتووە، بەڵام ئەوە لەڕووی چەندایەتییەوە، ئەوەندە کەم و بێبایەخە، کە پەیکەری زۆرایەتی ناڕووشێنێت.

پێویستە ئەوەش بنووسرێت، کە جگە لە(کۆلبروونەر)، چەند نووسەرێکی تریش لەسەر نەخۆشی و کێشە دەروونییەکانی فرۆیدیان نووسیوە و بەڵگەی تەواویان پێشکەش کردووە، کە فرۆید خۆی گرفتاری چەند دەرد و کێشەیەکی دەروونی بووە.(٢)

## ژیاننامەی بڵاونەکراوە یان ڕێگە پێنەدراوی ((فرۆید)):

زیگموند فرۆید، لەژیانیدا پێی باش بووە، بەشی زۆری دۆکۆمێنت و نامەو نووسراوی تایبەتی ژیانی خۆی لەناوببرێن و بڵاونەکرێنەوە. ئەو داوای کردووە، تەنیا بایەخ بەبەرهەم و بیرو بۆچوون و کارو نووسین و پەیام و نامە زانستییەکانی بدرێت. هەرچی پەیوەندی بەکەسایەتی و ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە، پشتگوێ بخرێت و تیشکی نەخرێتە سەر. هەرسێ کچ و کوڕەکانی فرۆید (ئەنا/ مارتن/ ئێرنست فرۆید) لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠ـ ١٩٨٠ بەهەموو شێوەیەك، هەوڵیان داوە، هەرچی بەڵگەنامەو دۆکۆمێنت و نامەو ژیاننامەی باوك و خێزانەکەیان هەیە، بەبێ چاودێری ورد و ئاگاداری خۆیان بڵاونەکرێتەوە. نووسەری ئەمریکی (ئێرنست جۆنز) Ernst Jones نووسەری کتێبی Sigmund Freud: Life and work. 1953 ناچارکراوە، پاژ پاژی کتێبەکەی پیشانی (ئەنا فرۆید) بدات و لەسەر هەر لاپەڕەو دێڕێك، ڕەزامەندی وەربگرێت، پێش ئەوەی کتێبەکەی ڕەوانەی چاپخانە بکرێت. (ئەنا فرۆید) نەیویستووە بەرێکەوت، بەبێ ئاگاداری ئەو، زانیاری ڕێگە پێنەدراو، لەبن دەستییەوە بۆ بەردەم تیشکی میدیا دزە بکات! (٣)

ساڵی ١٩٥٠ (ماری بۆناپارت)[٤] و (ئەنا فرۆید) و (ئێرنس کرز)، بەسێ قۆڵی، سێ ساڵی ڕەبەق، پێکەوە نامەکانی فرۆید بۆ (ڤیلهم فلیس)یان بڵاوکردەوە. پێشتر، هەرسێکیان، بەخەستی و بەوردی، یەك بەیەك، نامەکانیان شەن و کەوکرد و لەبێژنگیان دان، ئینجا لەکۆی (٢٨٧) نامە، ئەوان تەنیا (١٥٣) نامەیان هەڵبژارد و بڵاویان کردەوەو (١١٩) نامەیان وەکو خۆی پێچایەوە*.

بنەماڵەی (فرۆید)، ڕێگەیان بەنووسەرو پسپۆڕانی ژیاننامەی (بیۆگرافی - Biography) باوکیان نەداوە هەرکەسە بەئارەزووی خۆی، لەسەر ئەو بنووسێ و زانیاری بڵاوبکاتەوە.

هەندێ خاڵ و بڕگەی ڕێگەپێنەدراو هەیە وەکو: نەخۆشی و کێشەی خێزانی و مێژووی بنەماڵەو ژیانی تایبەتی فرۆید، کە نابێ میدیا تیشکی بهاوێتە سەرو دەروونناس و دەروونەناسان لەسەری بدوێن.

سەرجەمی بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەو، (١٨) بەرگەو سەدان کەس لەسەر ژیاننامەی (بیۆگرافی) ئەو، کتێبی گەورە گەورەیان نووسیوە. یەکێکی وەکو (ماکس شوور) Max Schur دکتۆری تایبەتی (فرۆید) بووە، هەرچی ئەنجامی سەردان و پشکنین و چارەسەرو دەرمانی بۆ ئەو نووسیوە، لە دوو توێی کتێبێکدا، بڵاوی کردووەتەوە.

ئەو هەموو بەرهەڵست و کۆسپ و سانسۆرو ڕێگەپێنەدانانەی بنەماڵەی (فرۆید)، نەیانتوانیوە تاسەر، دەم بەقەڵەمە چاونەترسەکان داخەن و ڕێگە لەیەکێکی وەکو (یورك کۆلبروونەر) بگرن، کە پێش ئەو، کەم کەس ڕێگەیان بەخۆیان داوە لێکۆڵینەوەی ورد

* لەکتێبەکەی کولبروونەردا لاپەڕە (٥٨) هەمان زانیاری سەرەوە هاتووە، کە لەکۆکردنەوەی نامە بڵاوکراوەکان و بڵاونەکراوەکاندا دەردەکەوێت کە (١٥) نامە نادیارە، جا ئیتر هۆیەکەی هەرچی بێت، ئێمە پێمان باش بوو ژمارەکان وەك خۆیان بگوێزینەوە.

لەسەر هەندێ بڕگەی نەزانراوو ڕێگەنەدراوی ژیانی (فرۆید)، بنووسن. ئەو، یەك بەیەكی لاپەڕەی بیۆگرافییە بڵاوكراوەكانی هەڵداوەتەوەو سەرجەمی كارە چاپكراوەكانی، خوێندووەتەوە، ئینجا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامگیرییەی، كە بەشێك لەقوتابی‌و لایەنگرو بنەماڵەی فرۆید، ویستوویانە بە ئەنقەست، هەندێ بڕگەو لایەنی تەمومژاوی ژیانی تایبەتی (فرۆید)، پووش بەسەر بكەن‌و نەهێڵن كەس بەئاسانی، بەشێكی رازو ڕاستیی شاراوەی ژیانی باوكی قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی بزانێت.(٥)

(كۆلبروونەر)و كەسانی تریش، پاش ماندووبوون‌و گەڕان‌و پشكنین‌و لێكدانەوەو بەراووردكارییەكی زۆر، توانیویانە بەشێك لەئاماژەو كۆدو هێما لەبەرهەمەكانی فرۆیددا، لەڕێگەی بەراوورد، لەگەڵ دۆكۆمێنت‌و نامەو ژیانی ڕۆژانەی فرۆیددا، هەندێ ئەنجامی زۆر سەیرو مەتەڵی داخراو، هەڵبهێنن. دیارە پاژێك، لەوكەس‌و نەخۆشانەی "گوایە" سەریان لێداوە، ئەو، ناوی خوازراوی بۆ داناون‌و ناسنامەی ڕاستەقینەی ((نەخۆشییەكەیانی)) شاردووەتەوەو نەیویستووە ڕاستەوخۆ، بنووسێت: من ئەو كەسەم، كە تووشی ئەم نەخۆشیە هاتووم، یان ئەم خەونە ترسناكەم بینیوە!

## لەفرۆیدەوە بۆ گۆران

دەربارەی گۆرانی شاعیر، ئێمە، بەداخەوە، هیچ شتێكی ئەوتۆ نازانین. تەنیا بەشێك لەبەرهەمی شیعری‌و پەخشان‌و وەرگێڕانی ئەومان پێگەیشتووە. دۆست‌و هاوكارو هاوڕێ‌و بنەماڵەكەی، تەنیا بەشێكی بەرهەمەكەیان بۆ پاراستووین. دیوانەكەی چەند جارێك چاپكراوەتەوە. پەخشانەكانی پەرش‌و بڵاون. هەرچی پەیوەندی بەژیاننامەوە (بیۆگرافی) هەیە، كەس هیچی وای لەسەر نەنووسیوە. گۆران، خۆیشی ئۆتۆبیۆگرافی (Autobiography) خۆی نەنووسیوەتەوە. نامەكانی دەیانتوانی كەلێنێكمان بۆ پڕبكەنەوە، كە بەداخەوە ڕێژەیەكی زۆری لێكراوەتە خۆراكی ئاگری فەوتان‌و لەناوچوون..



ئێمە ئەوە نزیكەی دوو ساڵە هەوڵ دەدەین، لەناو لێرەوارێكی چڕو پڕو تاریك‌و نووتەكدا، مووڕووی چاوشینی، ملوانكەی پچڕاو، یەك بەیەك بدۆزینەوە، مەخابن ئەو كارە، كارێكی سووك‌و ئاسان نییە.

ئێمە لەلایەكەوە ئەزموونی باشی نووسینی ژیاننامەمان نییە، لەلایەكی ترەوە، هەرچی نێوی لێبنرێت ئەرشیڤ، ئینسكلوپیدیای نیشتمانی، كتێبخانەی شارو.. نییەو نییە! ئیدی هەر دەبێ، بە "شەوە زەنگ"، ئەمسەرو ئەوسەری دارستان بكەین، هەر لەئێوارەوە تابەیانی، پەلەكوتێ لەناو پووش‌و پەڵاشدا بكەین، بەڵكو بەڕێكەوت‌و قودرەتی قادر دەستمان بەر مووروویەك بكەوێت و هەڵی بگرینەوە.

## ڕێبازی لێكۆڵینەوەو نووسینەوەی ژیانی ڕۆژانە

گەلەكۆچەرەكان، ئەوەندەی بایەخ بەمێژووی سەر زارەكی‌و نەنووسراو دەدەن، ئەوەندە بایەخ بەمێژووی نووسراو نادەن. ئەمڕۆ، ڕاستە ئێمە كۆچەر نین‌و "شارین" و ژیانی كۆچەرایەتی، بەشێكە لەڕابوردوو، بەڵام كولتووری كۆچەرایەتی، ئەقڵییەتی كۆچەرایەتی، ئەخلاقی كۆچەرایەتی، ... تاد. باڵادەستە تیاماندا. دیارە ئەمەش هۆیەكە، كە تا ئەمڕۆ هەر باسی شۆڕەسوار، شاسوار، كوڕە ئازاكەو پیاوی چەكدارو بەدەست‌و مەقام "تقدیس" دەكەین. باشترین شاعیر، گەورترین چیرۆكنووس، مەزنترین فەیلەسووف‌و خاوەن قەڵەم، لەگەڵ ئاستی بچووكترین "جەنگاوەر"و "شەڕكەر"دا بەراوورد ناكرێت.

ئێمە مێژووی نووسراومان، هێشتا نییەو نازانین چۆنیش دەنووسرێت؟ دیارە ئەمەش هۆیەكە لەهۆكانی نەبوونی ئەرشیڤ‌و ناوەندی كۆكردنەوەی بەڵگەنامە. بۆ نموونە، ژیانی ڕۆژانەی ڕاپەڕین، ژیانی ڕۆژانەی شۆڕش، ژیانی ڕۆژانەی شاعیرێك، ژیانی ڕۆژانەی مێژوونووسێك، كەسایەتییەكی گەورە.. هتد، لەڕۆژهەڵاتدا، هیچ نرخێكی ئەوتۆی لەسەر

نەخشەی ڕۆژانەی ژیان بۆ دانانرێت. عەشیرەتو دین، دوو تەوەری بنەڕەتین. بۆیە مرۆڤ ئەوەندە بچوککراوەتەوە، کە بەزەرەبینیش لەسەر هیچ نەخشەیەك نابینرێت!

ژیانی ڕۆژانە، بەئینگلیزی دەبێتە daily lifeو بەئەڵمانی دەبێتە Alltagsleben.
ئەم چەمکە سادەیە، بۆ پرۆژەکەی ئێمە گرنگی خۆی هەیە. لەکۆمەڵی مۆدێرنی شاریدا، ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان، هەر زۆر گرنگە. ئەوان لەپرۆسەی دروستکردنو دامەزراندنی یەکەی بەرهەمهێناندا ڕۆڵیان هەیە. لەدانانی خشت بەخشتی بینای "شارستانیبوون"دا بەشداری چالاك دەکەن. یەکێك یەکەم کارگەی داناوە، یەکێك یەکەم ڕۆژنامەو یەکەم چاپخانەی دامەزراندووە، یەکێکی تر ئاڵای یەکەمین مانگرتنو یەکەمین بانگەوازی ئازادی بڵاوکردووەتەوە.. هتد، ئەم جۆرە کەسایەتیو ڕێکخراوو دەزگایانە، دەبنە ڕوخسارو ناسنامەی شار.

ژیاننامەی ڕۆژانەی نالیو مەولەویو سالمو مەحویو مەولانا خالید.. هتد. بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبو مێژووی کۆمەڵایەتیو مێژووی سیاسیمان، هەر زۆر پێویستن. بەهۆی نەبوونی بیۆگرافیو ئۆتۆبیۆگرافییەوە، واتە: ژیاننامەی نووسراو لەلایەن کەسانی ترەوە، یان لەلایەن نووسەر خۆیەوە، جوڵانەوەی ئەدەبی ئەمڕۆمان لاوازو پڕکێشەیە. تێگەیشتنی ئێمە لەو قۆناغە، کرچو کاڵو ڕووکەشو بەرتەسکە، بۆیە ناتوانین وەکو پێویست، سود لەو سامانە وەربگرین. یەکێکی وەکو (گوێتە)، سێ کتێبی لەسەر ژیانی خۆی هەیە. چەند کەسێك لەنزیکەوە (گوێتە)یان بینیوەو ناسیوەو هاوڕێتیان کردووە، قەڵەمیان دەکارخستووەو ئەوەی ڕۆژانە لەدەمی ئەوەوە دەرچووە، یەکسەر تۆماریان کردووە (ئێکەرمان،[٦] مادام دیستایل،..) لای ئێمە کتێبەکەی (مەلا حامیدی کاتب)[٧] (رياض المشتاقين) کە یادگاری خۆی لەسەر شێخانی تەوێڵەو بیارەو مەولەویو.. نووسیوە، ڕەنگە بەبێ نرخترین کتێب (دەسنووس) دابنرێت. ئەگەر ئێمە تێگەیشتنێکی ترمان بۆ سامانی کولتووری هەبوایە، دەمێك بوو، ئەو کتێبە نایابە چاپکرابوو.



من چەند جارێك دیوانی گۆرانم[٨] خوێندووەتەوە، هەرچیم کردووە، هیچ مۆتیڤێکی نووسینو لێکۆڵینەوەم لادروست نەبووە! هەندێ جار پرسیاری بێوەڵامم لادروست بووە، کەسێك، سەرچاوەیەکی نزیك نەبووە، بتوانێ بەرسیڤێك بۆ پرسیارەکان بدۆزێتەوە:

- گەشتەکەی هەورامان بۆ ڕۆمانتیکیو واقیعی کامێراییە، کەچی گەشتەکەی قەرەداغ کاریکاتێرییە؟

- گۆران لەسییەکاندا شەقڵی نەتەوەیی بەشیعرەکانیەوە دیارە، بەشێکی تریان زۆر ڕۆمانتیکیو ناسکن، کەچی شاعیر لەتەمەنی (٤٥) بۆ سەرەوە وەکو ئەندامێکی حیزبی ئایدیۆلۆجیاو دروشمی حیزبی دەکاتە بابەتی شیعر، هەرچەند من دڵنیام شاعیر بەپێچەوانەی چێژو سەلیقەی شیعرییو ئیستێتیکیو تەکنیكو سەبکی تایبەتی خۆیەوە، شیعری نووسیوە!؟

- هۆی گۆڕینی ڕێبازە ئەدەبییەکان چین؟ بۆ لەشیعری کلاسیکییەوە بەرەو شیعری ڕۆمانتیکی هەڵکشاوەو ئینجا وەکو ئەندامێکی حیزبیی مولتەزیم سەیری ژیانی کردووەو دەستبەرداری شیعری ڕۆمانتیکی بووە؟

- "شەوێك لەعەبدوڵڵا"و "بۆ جوانی سەرەڕێ" دوو جیهانی ناکۆکن، دوو جۆر خۆشەویستی جیاوازو دوو جۆر لەجوانپەرستی جیاواز، چۆن یەك کەس، لەیەك قۆناغدا، بەم دوو شێوازە لەدەربڕین، هەستو نەستی خۆی داڕشتووە؟

## مەرگی گۆرانو مەرگی فرۆید

ڕۆژی ١٨/ ١١/ ١٩٦٢ گۆران لەتەمەنی ٥٧ یان ٥٨ساڵیدا، پاش زۆرانبازییەکی نابەرامبەرو دۆڕاو، لەگەڵ مێردەزمەی شێرپەنجەدا، بەیەکجاری سەردەنێتەوە. نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد، چاوی سەرنجو تێبینیو تێڕامانیان، تەنیا لەسەر بازنەیەکی بچوکی شیعری گۆران بووە: گۆڕانی شیعری کلاسیك بەشیعری مۆدێرن، هەڵوێستی سیاسی!

ئیدی کەس بەدوای سنووری داهێنان‌و گەشەکردنی کەسایەتی شاعیرو گۆڕینی ڕێبازە ئەدەبییەکان نەکەوتووە!

هەواڵی نەخۆشی‌و پەرەسەندنی شێرپەنجەو مەرگی پێشوەخت، بەلای دۆست‌و ناسیاوو شارەزاو نەشارەزاوە، ڕوداوێکی دڵتەزێنی ئاسایی‌و سروشتی بووە. ئاراستەی پرسیاری لێکۆڵەرەوەو ئەکادیمییەکان، ڕوونیان نەکردووەتەوە. بەشی کۆتایی ژیانی شاعیرو بەشی سەرەتای ژیانیشی، لای ئەوان شایانی لێکدانەوە نەبووە. تەنانەت یەکێکی وەکو (حوسێن عەلی شانۆف)(کورد ئۆغلو)،[٩] کە تێزی دکتۆراکەی لەساڵی (١٩٦٥) لەسەر شیعری گۆران بووە. کاتێ ساڵی ١٩٦٢ شاعیر خۆی لەژیاندا بووەو لەمۆسکۆوە، نامەی لەسەر ژیانی خۆی بۆ نووسیوە، نەگۆران لەسەر سەردەمی منداڵی شتێکی ئەوتۆی بۆ نووسیوە، نەشانۆف پرسیاری وروژێنی ئاراستەی ئەو کردووە. پێشتریش ڕەفیق حیلمی لەنزیکەوە گۆرانی بینیوەو چیرۆکی ژیان‌و ئەزموونی شیعری پێگێڕاوەتەوەو بابەتێکی لەسەر ئەو لە"شیعرو ئەدەبیاتی کوردی"دا نووسیووە. هاوڕێ نزیکەکانی گۆران وەکو (د. عیزەدین مستەفا ڕەسول)و (محەمەدی مەلا کەریم)و.. هتد، ئەوانیش چەند لەشاعیرەوە نزیك بوون، بەڵام دیارە بەخەیاڵیاندا نەهاتووە، پرسیاری وردی لێبکەن، یان کەرەستەی بیۆگرافی لەسەر ژیانی تۆمار بکەن. دواتریش کەس پەیوەندی نێوان مەرگی شاعیرو هۆکاری نەخۆشی‌و شێوەی ژیان‌و ئەزموونی سەردەمی منداڵی لەبەرچاو نەگرتووە. هیچ پرسیارێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، دەربارەی ڕەنگدانەوەی سەردەمی منداڵی، لەگەشەکردنی کەسێتی ئەدەبی‌و بەرهەمەکانی بەرچاو ناکەوێت!

مەخابن، من هەر زۆر درەنگ، دەستم داوەتە ڕاستکردنەوەی گابەردێك، کە ئێستا لەبنی دۆڵەکەدایەو هەر زۆر زەحمەتە، بەتەنیا، یان بەدووسێ کەس، بەرەو لوتکەی شاخ، بەپاڵ، سەریبخەین. ساڵی ١٩٧٢ دەمەویست ئەم کارەی ئەمڕۆ ئەنجام بدەم. ئەو کاتە نموونەی کتێبە نایابەکەی دکتۆر (إحسان عباس)م لەسەر (بدر شاكر السياب) لەبەرچاو



گرتبوو. نازانم بڕوا بەخۆنەبوونی سەردەمی گەنجایەتی بوو، یان دەروێشیی کاری سیاسی؟ لەسێبەری ڕژێمێکی وەکو ڕژێمی پێشوو، ڕۆژانە بەرێکەوت دووسێ جار لووتم بە لووتی کاك (هۆگر گۆران)ەوە دەبوو، بەبێ ئەوەی دەستپێشخەری لەم کارەدا بکەم!

هەروەکو چۆن ئێستا بڕوا ناکرێت، یەکێك لەژیاندا بێت، بتوانێ، لەسەر سەردەمی منداڵی زوویی شاعیر، زانیاریی پێویستمان پێشکەش بکات. بەنووسینیش، نە هاوڕێو دۆستەکان‌و نەهیچ کەسێکی ترو نەشاعیر، بەڕاستەوخۆ تیشکیان نەخستووەتە سەر ژیانی منداڵی گۆران. من هەرچی پرسیارم لەکەسوکاری ئەو کردووە، هیچ شتێکی نوێ، کاغەزو بەڵگەی نووسراوم دەست نەکەوت، کە زۆر کەڵکیان بۆ تێگەیشتنی قۆناغی سەرەتاو کۆتایی ژیانی شاعیر هەبێت.

دوو جۆرە سەرچاوەمان لەبەردەستدان، کە تۆزێك یارمەتیمان بدەن بۆ وردو خاشکردنی بەستەڵەك‌و سەهۆڵبەندان‌و شەختەی سەر گۆمی ژیانی منالی‌و پێوەندی ناو ماڵی خێزانی گۆران:

١. هەواڵ‌و دەنگوباس‌و گوزارشتی دەماودەم.

٢. دیوانی شاعیر.

دیوانی گۆران، کۆمەڵێك ئاماژەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەئامێز دەگرێت، کە یەکێکی دەوێت، دیوی ئەو دیوی بەیت‌و وێنەی شیعری‌و پەیڤ‌و برووسکەو کۆدە داخراوەکان بکاتەوە. یەکجار خوێندنەوەو دووجارو سێ جار، تەمومژی ناو قەسیدەکان ناڕەوێنێتەوە، جیهانی نەبینراو، بەئاسانی ناخوێنرێتەوە.

ئێمە نزیکەی سی کەسی ناسیاوو دۆست‌و هاوڕێی شاعیرمان بینیوەو قسەمان لەگەڵیاندا کردووە. هۆگر گۆران، کوڕە گەورەکەی گۆران، بەڕاشکاوی لەسەر باوکی دواو سەرنج‌و تێبینی‌و پەیڤینی ڕەخنەگرانەو کراوەبوو. من پێم وایە، دەتوانرێت، باشتر ببزوێنرێت بۆ زانیاری پێشکەشکردن. هەرچی (هێرۆ گۆران)ە، سەرەتا ڕەزامەندی لەسەر گفتوگۆ دەربڕی، پاشان گوتی من کوردی باش نازانم‌و بەعەرەبی دەنووسم،

لەکۆتاییدا، نەبەسەرزار هیچ قسەیەکی کردو نەبەنووسین ئامادەبوو، یەك دێڕ لەسەر باوکی بنووسێت. بیانووەکەی ئەوەبوو، کە دەیەوێت لەداهاتوودا، کتێبێك لەسەر باوکی بنووسێت!

خاڵی هاوبەشی نێوان فرۆیدو گۆران، لەدەستدانی خوشكو برایە، لەسەردەمی زووی منداڵیدا. فرۆید (١٨٥٦ ـ ١٩٣٩) لەتەمەنی دوو ساڵیدا، یۆلیۆس (Julius)ی برای بەساوایی (١٨٥٨) دەمرێت. گۆران، خوشكو برایەك (عەلیو شەمسە)[١٠] لەدەست دەدات. ئێمە، نەدەزانین کەیو چۆن مردوونو نەدەزانین تەمەنی شاعیر خۆی چەند ساڵ بووە؟

دیارە شینی (هیوا)و (گوڵاڵە)، بەو شێوەیەی ئەو فرمێسکی خوێناوی بەسەر تەرمەکانیاندا هەڵوەراندووە، هیچ تەفسیرێکی شیکردنەوەی دەروونییو مەنتیقی بۆ ناکرێت، جگە لەمەرگی خوشكو براکەی، کە دەبێ لەکاتێکی زۆر زووی منداڵیدا سەریان نابێتەوە. کوژرانی (حەمە بەگ)ی برا گەورەی لەساڵی ١٩٢١ واتە : کاتێك گۆران شانزە حەڤدە ساڵان بووە، کاریگەری زۆری لەسەر بووە. ئەم ڕووداوە بەسەرزارەکیو بەنووسین لەسەری دواوەو نەیویستووە بەڕاشکاوی لەسەری بدوێتو وەکو خۆی ڕووداوی کوژرانەکەی بگێڕێتەوە. تەنانەت زانیویەتی چۆنو لەلایەن کێوە کوژراوە؟

بەڵام وەکو مرۆڤێکی بەئاگاو هۆشیار، بێدەنگی هەڵبژاردووەو بەناچاری باسی کوژرانەکەی کردووە!

مردنی (عەلیو شەمسە) لەسەردەمێکی زووی منداڵیدا بووە. سەردەمی تێنەگەیشتن، لەکۆچو چاولێکنانو ماڵئاوایی. خەمو ئازارو ناڵەی جودایی، لەهۆشی تەماویو ئەفسانەییەوە بۆ بنهۆش[١١] یان وەکو فرۆید خۆی بەچەمکی Unterbewusst ناوی دەبات، گوازراوەتەوەو لەتاریکاییەکانی بێئاگاییدا کپکراوەتەوە.



کاریگەرێتی ڕووداوێك، کە لەبنهۆش نیشتبێتەوە، ڕەنگدانەوەی توندو بەرچاوترە، تا ڕووداوێك، هێشتا لەدیوی سەرەوەی هۆشو ئاگاییدا بێت. گۆران لەپڕ مەرگی ساواکانی خۆی دەبینێت، بورکانی شاراوەو پەنگخواردووی بنهۆش، یەك لەدوای یەك دەتەقێتەوە:

**قەبر! ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریک:**

**دڕندەی لاشەخۆری باوکو دایک،**

**لەدەورت هەڵچنیم خوشکو برا پاک،**

**کچێکم بوو ئەویشت کردە خۆراک!**

شیوەنی گوڵاڵە ل ٩٨

گۆران یەك بەیەکی خوشكو براو باوکی لەدەست داوە. مەرگی هەر یەکێکیان شوێنەواری دەروونیو برینی قووڵی لەدڵی شاعیردا جێهێشتووە، هەر برینو (تراوما ـ Trauma)[١٢] یەکیش لەکەسایەتیو شیعرەکانیدا، ڕەنگی داوەتەوە. دایکی زۆر ژیاوەو سێ چوار ساڵ پێش ماڵئاوایی کوڕەکەی واتە: ١٩٥٩ کۆچی کردووە. سەیر ئەوەیە، دایکی لەم دوو بەیتەدا، لەڕیزی مردووانی ژێر خاك، ریزکراوە. هەرچەند، بەیتی یەکەم، لەدۆخی پاسیڤدا بەکارهێنراوە ـ پاشان دێینەوە سەر مەسەلەی پێوەندی نێوان کوڕو دایك، کوڕو باوك ـ لەم وێنەیەدا، وێنەی پرسەو ماتەمو فرمێسك ڕشتن، بەدیار کچێکی ساواوە، برینە دەروونییە سارێژنەبووەکان، سەرلەنوێ دەکوڵێنەوە، ئاگری تێبەردەدەن، بەبێ ئەوەی ئەو چرکەیە بەخۆی بزانێت، لافاوی فرمێسك لەچاوی سەر دەکات.

مرۆڤ سەردەمی منالّی بەکاتێکی زێڕینو خۆش دادەنێت، کەچی گۆران، ساڵانی منداڵی بەکاتێکی پڕ ناکامیو ناشادیو نابەختەوەری دادەنێت. ئاماژەکردنەکەش لەیەکێك لەقەسیدە کلاسیکییەکانیایەتی، کە هەر چرکەیەك، لەتەمەنی منالّی، بەبێشکەی هەزار گریان دادەنێت. کەواتە: کورتترین بڕگەی ئەو تەمەنە، هیچ خۆشیو

شادی تێدا بەدی ناکرێت. شاعیر خۆی لەهیچ شوێنێکی تردا، بەڕاستەوخۆو ئاشکرا، باسی کێشەو ئەزموونی سەرەتای ژیانیمان بۆ ناکات، بەڵام قەسیدە کلاسیکییەکە هاوار دەکات:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بەحیسابم،**

**بێ ناڵە نییە سانییەک تاری ڕوبابم!**

**هەر لەحظە یەکی مەهدی هەزار گریە بو ئەفسوس،**

**ساڵانی مناڵیم و هەموو عومری شەبابم**

تاوێ نەگەڕا.. ل ٦٧

ئەم شیعرە، کە سەروبنی، زووخاوی ڕەشی لێدەتکێت، هی یەکێك نییە، لەهەرەتی لاویدا بێت. ئەو (چەرخ)و ڕۆژگار بە (موخالیف) دادەنێت. واتە: دژو پێچەوانەی بەخت و نەوچەوانی ئەو. هەرچییەك ئەم ویستبێتی پێی بگات، هەڵگەڕاوەتەوەو هیچ شتێك بەگوێرەی دڵی ئەو نەبووە:

**زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من،**

**بۆ غەفڵەت و نیسیانە هەموو نۆشی شەرابم!**

**ساقی بەفیدای دیدەیی مەخموورت ئەکەم دین:**

**لێو ڕێژم ئەوێ پیاڵەیی مەی ئەجری سەوابم**

تاوێ نەگەڕا.. ل٦٧

هۆی سەرکردنە سەر خواردنەوەو بادانی ملی شووشەی شەراب، دەگێڕێتەوە بۆ ڕادەی هۆش و تێگەیشتن و ئاگایی و بۆتە هۆی خەمباربوون و تلانەوە. واتە: ئەگەر (ئەقڵ و شوعوور) نەبوایە، نەیدەتوانی پەی بەکێشەی کۆمەڵایەتی و کارەساتی شەخسی خۆی بەرێت! لەبەرئەوەی نەگەیشتۆتە دانانی چارەسەرێك بۆ هێرشی خەم و نەدۆزینەوەی



ئامرازی واقیع گۆڕین، ئیدی هەڵاتنی بۆ باوەشی خەمڕەوێنەرەوە، بەخواردنەوەو خۆمەستکردنی بەچارەسەر داناوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پەیوەندی نێوان کوڕو باوك

پێوەندی نێوان کوڕو باوك لەزانستی گەلاناسی (ئیتنۆلۆگی Ethnology)و دەروونناسی ڕووبەرێکی تایبەتی بۆ خۆی داگیر کردووە. من لێرەدا دەمەوێ تەنیا لەسەر خاڵێکی بچووکی کارەکانی فرۆید بدوێم: ئەو لەو لێکۆڵینەوە تایبەتییەی بۆ ئەفسانەی (ئۆدیپووس ـ Ödipusmythos) تەرخان کراوە، پەنا بۆ شیکردنەوەی دەروونی دەبات. ئەفسانەکە بۆ ڕەنگدانەوەی پێوەندی نێوان کوڕو باوك، کوڕو دایك دەگێڕێتەوە. کەوانەی رایەڵ و پێوەندی، چەندین گرژی و خاوی بەخۆیەوە دەبینێت. ئەو هەموو هەست و نەستەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پەنگی خواردۆتەوە، ئەفسانەی ئۆدیپووسی لێ پەیدابووە.

نوقلانەدەرو فالگران بەلائیوس، مەلیکی تیبان دەڵێن: کوڕێکت دەبێت و دەتکوژێت و دایکی خۆی مارە دەکات. لەمیتیۆلۆجیای یۆنانی ئەوە باوە، ئەوەی لەناوچەواندا نووسرابێت، دەبێ هەر بێتەدی و کەس ناتوانێ (قەدەر) بگۆڕێت. ئیدی مەلیکی تیبان، بڕیاری کوشتنی (مەلۆتکە)کە دەدات.

پاسەوانەکانی مەلیك دڵیان بەو منداڵە تازە لەدایکبووە، دەسووتێت و نایکوژن. ئەو منداڵە گەورە دەبێت. لەشەڕێکدا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، مەلیك دەکوژێت و ژنەکەی لەخۆی مارە دەکات. کاتێك ئۆدیپووس Ödipus دەزانێت باوکی خۆی کوشتووەو دایکی لەخۆی مارە کردووە، ئەوەندە خەمبار دەبێت و لەخۆی تووڕە دەبێت، هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێت..

فرۆید، هۆگریی کورِ بەدایکەوەو گرژی بەرامبەر بە باوك، دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو گـرێ دەروونییەی دوو نێرینە (باوك‌و کورِ) پێشبڕکێ لەسەر دڵی یـەك مێینـە دەکـەن‌و نێـوی لـێدەنێت (گرێی ئۆدیپووس). ئێرە جێگەی لێدوان لەسەر کارەکەی فرۆید نییە.

ئێمە تەنیا دەمانەوێ هەندێ شیعری گۆران تێبگەین‌و تەفسیرێك بـۆ هـەندێ کـردارو ئامـاژەی شـیعری بدۆزینـەوە. ئێمـە سـەرەتا لەسـەر بـاوك‌و باپیرەی گـۆران دەنووسـین. کۆمـەڵێك زانیـاری پچڕپـچڕمان لەسـەر سـلێمان بـەگ‌و عـەبـدوڵڵا بـەگ، دەمـاودەم‌و بەنووسراو پێگەیشتووە. زانیارییەکان هەر زۆر کەمن‌و تیشك ناخەنە سەر کرۆکی ژیـانی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی ئـەو بنەماڵەیـە. بەڵگەنامـەی نووسـراوی کۆمـان لەبەردەسـتدا نییە. هەواڵ‌و دەنگوباسەکان جەخت لەسەر ئـەوە دەکـەن، کـە سـلێمان بـەگ‌و عـەبـدوڵڵا بەگی باوکی، فارسیزانی گەورە بوون‌و شاعیری ناسراو بوون. دوو پارچە شیعری سـلێمان بەگی کاتبی فارسی بڵاوکراوەتەوە.(١٣)

باوك‌و باپیرە، هەردووکیان لە "دەربـار"ی وەسمـان پاشـای جافـدا، لەهەڵەبجـە کاریـان کردووە. پێویستە پێش قسەکردن لەسەر سلێمان بەگ‌و عەبدوڵڵا بەگی کـاتبی فارسـی، زۆر بەکورتی چەند دێڕێك لەسەر بنەماڵەی وەسمان پاشای جاف بنووسین.

١ـ وەسمان پاشای جاف (١٨٤٧ ـ ١٩٠٩)

٢ـ عادیلە خانم (١٨٥٩ ـ ١٩٢٤)

٣ـ تایەر بەگی جاف (١٨٧٥ ـ ١٩١٨)

٤ـ ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٨٩٨ ـ ١٩٣٥)(١٤)

ئەم بنەماڵەیە زۆر بایەخیان بە ژیانی رووناکبیریی‌و ئەدەبیـداوە. وەسمـان پاشـا چـەند بـەیتێك شـیعری لەشـوێن بـەجێماوە. تایـەر بـەگ‌و ئەحمـەد موختـار بـەگ دوو شـاعیری ناسراون‌و جێگەی خۆیان لەمێژووی ئـەدەبی کوردیـدا هەیـە. ئـەم بنەماڵەیـە بـەحوکمی پەیوەنـدی عەشـایەری لەگـەڵ هـۆزو تیرەکـانی ئەمبـەرو ئەوبـەری سـنوورو گـەرمیان‌و کوێستان کردنی تـیرە جیاجیاکـانی جـاف، لەگـەڵ داوو دەزگـای حکوومـەتی ئێرانیـدا،



رۆژانە کێشەو پێوەندی‌و هاتوچۆی ناچارییان هـەبووە. دەوری فارسـیزان لـەم پێوەنـدی‌و هەوڵدانی چارەسەرکردنەی کێشەکاندا، دەورێکی گرنگ‌و بەرچاوە.

سۆن لەگەشتە نهێنییەکەیدا بۆ هەڵەبجە ساڵی ١٩٠٩، سەر لەکۆشکی پاشـا دەدات‌و لەوێ چاوی بەژمارەیەکی زۆر کـوردی ئێـران دەکـەوێت‌و بـە (جالیـة ـ رەوەنـد) ناویـان دەبات.(١٥) ئەو دەنووسێ عادیلە خانم (داوای لێکردم نووسراوێکی بۆ بخوێنمەوە، کە بـە فارسی نووسرابوو، تازەش لەتارانەوە پێی گەیشتبوو.(١٦) سۆن لەشوێنێکی تردا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکات، کە نامـەو نووسراوێکی زۆر بەعادیلە خانم دەگەیشت:

(بـۆ رۆژی دواتـر عادیلـە خـانم بـانگی کـردم، بۆئـەوەی هەنـدێ شـتی بەفارسـی بـۆ بخوێنمەوە. بینیم ئەو هەر زۆر بەنامەکانەوە سەرقاڵە. کۆمەڵێکیانی دامێ بۆ ئەوەی بۆی بخوێنمەوە. پاشان داوای لێکردم وەڵامەکانیشی بۆ بنووسم. مـن فارسـیەکەیم بـۆ راسـت دەکردەوە، گەر بمزانیبایە ئەو زاراوەیەك بەهەڵە بەکاردەهێنێت).(١٧)

"کاتبی فارسی" شارەزای "مراسلات"ی رەسمی‌و "نارەسمی" بووە. بۆیە پاش کۆچـی دوایی عەبـدوڵڵا بـەگی کـاتبی فارسـی، کورەکـەی سـلێمان بـەگی کـاتبی فارسـی لـە "دەربار"ی پاشادا دەست بەکار بووە. سلێمان بەگیش، لەسەر رێبازی باوکی، کورەکـەی فێری زمانی فارسی کردووەو هانی شیعرنووسینی داوە. ئەگەر کارێکی بێبایـەخ بوایـە، ئەوە، زنجیرەکە لەشوێنێکەوە دەپچڕاو بـاوك هـانی کـوڕی دەدا، پیـشەیەکی تـر فێرببێـت "نانی تێدابێت" نەك خۆی نانبڕاو بکات.

من تەنیا دوو پارچە شیعری فارسیی سلێمان بەگم بینیوە (لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا دوو هۆنراوەی تری سلێمان بەگمان لەکەشکۆڵەکەی دکتۆر شـۆدا دەسـتکەوت، کە لەبەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاومانکردوونەتەوە)، کە یەکێکیانی بۆ تایەر بەگی شـاعیر ناردووە، کاتێك ئەو لەشاری سلێمانیدا بۆ ماوەیەك ماوەتـەوە. لـەناوەڕۆکی غـەزەلەکـەوە ئەوە دەردەکەوێت تایەر بەگ، باری تەندروستی باش نەبووەو لەسلێمانی سەردانی دکتۆر "حەکیمباشـی" کـردووە، بـۆ چارەسـەرکردن. سـلێمان بـەگ لەگـەڵ چـەند دۆسـت‌و

ناسیاوێکی "ئەهل بازاڕ" دوعاو نزای چاکبوونەوەو شیفای بۆ دەکەن. شیعری دووەمی، پرسەنامەیەکە بەبۆنەی کۆچی دوایی تایەر بەگەوە لەساڵی ١٩١٨ نووسراوە[١٨].

ئەم دوو پارچە شیعرە فارسییە، ئاستی شاعیرێتی سلێمان بەگ دەنوێنن. بەداخەوە جگە لەم دوو بەرهەمە، ئێمە هیچ بەڵگەنامەو شیعرێکی ئەومان بەدەستەوە نییە.

سلێمان بەگ ساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کردووە.[١٩] ئێمە نازانین بەچەند ساڵی ماڵئاوایی لەژیان کردووە. ساڵی ١٩١٩ گۆرانی کوڕی هێشتا مێرد منداڵ بووەو تەمەنی ١٤، ١٥ ساڵ بووە. ئەم تەمەنە هی ئەوە نییە ببێتە کاتبی فارسی. لەوە دەچێ بەهاتنی ئینگلیز، "دەربار" ئاراستەی پاپۆڕەکەی لەڕۆژهەڵاتەوە، بەرەو ڕۆژئاوا گۆڕیبێت! ئیدی ئینگلیزیزان پێویست بووبێت نەك فارسیزان. گۆران تەمەنی یارمەتی نەداوەو عادیلە خانمیش باشترین پێوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ "میجەرسۆن soane"دا بەستووە، کە هەر لەساڵی ١٩٠٩ ، کاتێك "سۆن" بەنهێنی لەهەڵەبجە بووە، لەماڵی ئەواندا حەواوەتەوەو یەکتریان باش ناسیوەو "کاتبی فارسی" وەکو کارو پیشە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژیو ناونیشانی پۆستی سەروبن کراوە..

گۆران بۆ شانۆڤی نووسیوە، کە لەتەمەنی ١٣ ـ ١٤ ساڵیدا، دەستی کردووە بەشیعر نووسین.[٢٠] واتە: ساڵێك، یان دوو ساڵێك پێش مەرگی باوکی. ئێمە بەڵگەمان بەدەستەوە نییە، هەروەکو هەندێ باوك، کوڕەکانیان فێری هەمان پیشەی خۆیان دەکەن، یان ژینگەی کۆمەڵایەتیو کولتووریو خێزانی، جڵەوی ئاراستەی بەهرەی بۆ جیهانی شیعر کێشاوە؟

هەڵبژاردنی پیشەی باوكو باپیران (فارسیو شیعر) ئەنجامی ڕێکەوت نییە، چونکە فروسمانو ئیعجاب لای منداڵ، بەکەسایەتی باوك دروست نەبێت، خۆشەویستیەك لەنێوان باوكو کوڕدا نەبێت، وێنای باوك تووشی شێوان، تەڵخبوون، ژاکان دەبێت. ئیعجابو ڕێز بۆ باوكو کارو پیشەی لەئارادا نەبوایە، کوڕ پیشەی باوکی



هەڵنەدەبژاردو گەشەی بەپیشە نەدەدا، هەرچەند پاشتر زانیویە، نان لەهەمان ڕێگەوە پەیدا نابێت.

نزیکیو پێوەندی بنەماڵەی "کاتبی فارسی" بە بنەماڵەی وەسمان پاشاوە، جگە لەنووسینی شیعرو فارسیزانی، کۆمەڵێك کاریگەری (پۆزەتیفو نێگەتیڤ)ی لەسەر شاعیر داناوە. ئەو لەوێ ژیانی دیوەخانو "دەربار"ی پاشایەتی بینیوە، ئەگەر بۆ چاوتروکاندنێکیش بوو بێت: لەوێ، ژیانو هەڵسوکەوتو ئەتەکێت جۆرێکی تر بووە، ئەوەندە سەروەتو سامانی لە بەر دەستدابووە، خانمی وەسمان پاشا توانیویەتی بەشێك لەژیانی سنەی پایتەختی ئەردەڵانییەکان بۆ هەڵەبجەی کۆتایی سەدەی (١٩) بگوێزێتەوە. دوور نییە دروستکردنی "کۆشکی پاشایی"و "قەیسەری وەسمان پاشا" بەهاندانی ئەو نەبووبێت وەکو سۆن جەختی لەسەر دەکات.

**ژنانی چینی سەرەوەی کۆمەڵ:**

ژنانی ناو قەسرو "دەربار" لەڕووی پاكو خاوێنیو جلو بەرگەوە جیاوازبوون. ئێمە نازانین گۆرانی منداڵ لەگەڵ دایکیدا، یان لەگەڵ باوکیدا، چەند جار هاتووچۆی "دەربار"ی کردووەو چەند "پەری"و کیژی جوانی بینیوە؟ بەڵام ئەو تۆزە بینینە، هەستو چێژێکی تری بۆ جوانیو جوانپەرستی لەلا دروست دەکات. سۆن باسی چیرۆکی کوڕو کچێکی ئاشق دەکات، کە بەئاشکراو ئازادی یەکتریان خۆشویستووەو دڵدارییان کردووە. ئەو دیمەنە جیاوازانە، لەخەیاڵی گۆرانی مناڵدا وێنەیەکی ئەفسانەییان بۆ "ژن" و "جوانی" دروست کردووە، کە بۆتە بەشێك لەخەونەکانی سەردەمی گەنجێتیو پاشتر.

من لەکاك هۆگر گۆرانم بیستووە، کە باوکی پیاوێکی هەر زۆر دەستبڵاوبووە، شانازی بە بەخشندەییەوە کردووەو دۆستو هاوڕێکانی بۆ سەر مێز دەعوەت کردووە. فەرمانبەرێکی بچووك بەگوێرەی بەرەکەی پێ رادەکێشێت. دیارە ئەو دیوەخانی "گەورە

پیاوان"ی بینیوەو ئەو وێنەی پیاوەتیو دەعوەتو بەخشندەییە لە "بنهۆش"یدا جێگیر بووەو نەیتوانیوە بزانێت جیهانی "دەرەبەگایەتی"و جیهانی "فەرمانبەرایەتی" هەر زۆر جیاوازن. ئەو سەرەتای ژیانی ناوی عەبدوڵڵا بەگی کاتبی فارسی بووە. پاشان بەگو ناونیشانی کۆنی لەخۆی کردۆتەوەو نازناوی "گۆران"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام بنهۆش ـ (Unterbewusst) بەگوێرەی پێناسەی فرۆید، بە ناوگۆڕین، ناسڕێتەوە.

دوور نییە کوشتنی حەمە بەگی برای لەساڵی ١٩٢١ ، دەوری خۆی نەبینیبێت لەماڵئاوایی لەهەڵەبجەو ڕووکردنە سلێمانیو تەڵاقدانی کۆمەڵێك پێوەندیو ئیلتیزاماتو دروستبوونی کۆمەڵێك پێوەندیو بازنەی زۆر جیاواز لەگەڵ سەردەمی ژیانی هەڵەبجە...

## دەربارەی چەمکی خۆشەویستی بنچینەیی:

گەورەترین پێشکەوتنو بەرەو پێشەوە چوون بۆ تێگەیشتنی چەمکی "خۆشەویستی"و "ئەڤینداری" لەبواری شیکاری دەروونیدا ڕووی دابێتو بەرچاو کەوتبێت، میشائیل بالینت Michael Balint ڕێبەرو داهێنەر بووە. ئەو لەسەر ڕێبازی ئەریك فرۆم، چەمکی "خۆشەویستی بنچینەیی" یان "ئەڤینی سەرەتایی"، کە بەئینگلیزی دەبێتە Primary Love و بە ئەڵمانی دەبێتە Primärer Liebe هێناوەتە کایەوە. مەبەست لەم چەمکە گرنگەی شیکاری دەروونی ئەوەیە: کوڕو دایك، کە هەردووکیان، دوولایەنە، بەشێوەیەکی ناسەربەخۆ، بەدەر لەئارەزووی هەردوولا پێکەوە گرێدراون. ئەم خۆشەویستییە بنچینەییترینو گرنگترینو ڕەگو ریشەدارترین خۆشەویستیە. ئەم ئەڤینداریە، کاریگەرێتی ئەوەندە بەهێزە، لەدوا ڕۆژدا، بەسەر سەرجەمی ئەو ئەزموونی خۆشەویستییانەدا، کە "پیاو" پیایاندا تێدەپەڕێت، ڕەنگدانەوەی زۆرترەو شەقلی بەسەر پێوەندیو جیهانی سۆزەوە دیار دەبێت (ئەگەر ئەڤینی سەرەتاییو بنچینەیی لای منالێك، بزرو کاڵو بێڕەنگ بوو، یان منداڵ بێبەش



لەسۆز کراو تووشی ناکامیو نابەختەوەری هات، ئەوە ئەو کەسە تووشی "شێوانو تێکچوونی بنچینەیی" دەبێت، هەر وەکو بالینت ناوی لێدەنێت).[٢١]

## پێوەندی نێوان دایكو کوڕ:

پێوەندی نێوان دایكو کوڕ چۆن بووە؟

ئەو ڕایەڵو پێوەندییە چۆن لەشیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

پێشەکی، دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆلای خاڵێکی زۆر سەیر ڕابکێشم، کە هیچ کەسێك پێشتر بەئاسانی تێبینی نەکردووە: دایکی گۆران ناوی ((فەهیمە)) بووەو ژنی یەکەمی ناوی ((سەبریە))یەو ژنی دووەمی سەرلەنوێ هەر ناوی ((سەبریە)) بووە. نازناوی ئەدەبی پێش ((گۆران))و یەکەم گوتاری بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٢١ بەناوی (عەبدوڵڵا صبری)یەوە بووە.[٢٢]

ئێمە نازانین باوکی گۆران چەند ژیاوە؟ بەڵام دایکی، بەگوێرەی گێڕانەوەی کاك هۆگر، تا ساڵی ١٩٥٩ ژیاوەو تەمەنی گەیشتۆتە نزیکەی نەوەد ساڵ.

ئێمە ئەگەر سەیرێکی دیوانی گۆران بکەین، یەکەم شیعری بڵاوکراوەی، یان کۆنترین قەسیدەی، کە بەرچاوی ئێمە کەوتووە، ساڵی ١٩٢١ نووسراوە، واتە شاعیر تەمەنی (١٦) یان (١٧) ساڵ بووە:

**ئەی دایە، ئەگەر ئەپرسی حاڵم:**
**((ئەیٚ تۆیش وەکو باقی بێڕەحم نیت،**
**تۆزقاڵێ، کەمێ ڕەحم ئەزانیت!))**
**راستی شەوو ڕۆژ هەر دەناڵم!**

**دەگریمو دەسووتێم هەروەکو مۆم،**
**ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون،**
**ماتو کزو مەلوولو مەحزوون**

**بۆ حاڵی غەریبی، بێ کەسیی خۆم!**

لەکەرکوکەوە بۆ دایکم نووسیوە ل ٢٣٠

ئەم شیعرە لەساڵێکدا نووسراوە (حەمە بەگی) برای کوژراوەو دوو ساڵ دوای مەرگی باوکیەتی!

لەم قەسیدەیەدا، لێواولێولە پەژارەیە، دڕدۆنگی، گومان بەرامبەر سمبۆلی سۆزو ڕەحمو حەنان دەبینرێت. ئەو وەکو گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، ژمارەیەك گەردەلوولی کارەسات، بەجارێك رووی تێدەکات. ئەو قەڵایانەی پاڵی پێیانەوە دابوو، یەك لەدوای یەك ڕووخان، تەنیا دایکی وەکو دوا قەڵاو دوا کۆڵەکە دەمێنێتەوە. ئەویش: «تۆزقاڵێ، کەمێ ڕەحم ئەزانێت» شاعیر چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەی هەیە: «دەگریمو دەسووتێم هەروەکو مۆم» یەکێك وەکو مۆم بسووتێ، چاوەڕوانی ئاوپێداکردنو کوژانەوە دەکات، بەڵام ((فەهیمە)) ئەو چاوەڕوانکردنە، پڕ ناکاتەوە. ((تۆزقاڵێك) ڕەحمو بەزەیی پێداهاتنەوە، لەدوورەوە بەدی دەکات.

چواردە پانزە ساڵ پاشتر، جارێکی تر ناوی دایکی دەهێنێت:

**قەبر! ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریک،**

**دڕندەی لاشەخۆری باوک و دایک ل٩٨**

لێرەدا، ناوی بەتەنیشت ناوی باوکییەوە دادەنێت. واتە: زیندوویەك دەخاتە ریزی مردووانەوە. ئایا ئەمە پێوەندی بەچاوەڕوانیو تینویەتیو چەپاندنی بنهۆشی سەردەمی منالیەوە هەیە، یان هەڵوەرانی گەڵای درەختی هەموو خێزانەکەیە؟

ئەو لەکەرکوك، تاکو تەنیاو نامۆو بێکەسە، تاقە دارێك پشتی پێوە بدات، هەر دایکیەتی، کەچی ئەویش لەکەناری بازنەی چاوەڕوانییەو ئەو سۆزەی پێ نابەخشێت، یان پێی نەبەخشیوە، کە ئەو چاوەڕوانی کردووە. ئەوەندە بارانی خۆشەویستی دایکانەی بەسەردا نەباراندووە، گڕی چاوەڕوانی بکوژێنێتەوە.



گۆران، تا دوا چرکەی ژیانی، کێشەی خۆی لەگەڵ ژن، یەکالا نەکردۆتەوە. ئەوەش هەرهەمووی رەنگدانەوەی سەردەمی منداڵییە. ئەو تاقیکردنەوە تاڵانەی ئەو کاتە، زەمینەی خۆگرتنو سەقامگیری لەبن پێیدا هەڵوەشاندۆتەوە. ئیدی نەیتوانیوە لەپێوەندی لەگەڵ ژندا، ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت، کە پیاوێکی نەخوێندەوارو «جوانی نەناس» توانیویەتی وەدەستی بهێنێت.

هۆگر گۆران لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەسەر پێوەندی نێوان باوکیو نەنکی ڕۆژی ٥/٥/٢٠٠٧ پێی گوتم: «باوکم هەر زۆر ڕێزی لەنەنکم دەگرت. هەرچی پارەی هەبوو، لەژێر دەستی ئەو دایناوبوو. لەنێوان دایکمو نەنکم کێشەی (بووكو خەسوو) هەبوو. باوکم تەنیا لایەنی نەنکمی دەگرتو نەیدەتوانی کێشەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چارەسەر بکات..» لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا: بۆ گۆران ژنی بەسەر دایکتا هێنا؟

ئەو گوتی: «دایکم ژنێکی نەخوێندەوار بوو، جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکرد، بەڵام ژنی دووەم ئافرەتێکی سفوور بوو. لەنەخۆشخانە خوشکی نەخۆشان (سستەر) بوو. بەجوانترین شێوە خۆی دەڕازاندەوەو جلوبەرگی کورتی لەبەر دەکرد، کە ئەو کاتە لەسلێمانیدا دەگمەن بوو. کەسو کاری باوکمو دایکم، هەر هەموو بەجارێ دژی ئەم ژنهێنانە بوونو هەموو دژی باوکم وەستان، کە دەست لەم پڕۆژەیە هەڵبگرێت، کەچی ئەو گوێی بەقسەو هەڕەشەو دڵڕەنجان نەداو هیچ بایەخی بۆ کۆمەڵو سزای کۆمەڵایەتی دانەنا..»

**یادەوەری سۆزی دایکایەتی لەدوا چرکەکانی تەمەن**

گۆران سەرەتای هاوینی ١٩٦٢ واتە: تەنیا پێنج شەش مانگ پێش کۆچی دوایی، لەنەخۆشخانەی (بەرڤیخە) لەڕوسیا چارەسەر دەکرێتو لەماوەی یەك مانگدا چوار پارچە شیعر دەنووسێت. ڕەنگە ئەمەش دوا بەرهەمی ئەو بێتو ئیتر لەنووسین کەوتبێت. چوارشیعرەکە، ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ وەڵامی پرس: (ناوی شوێنی لەسەر نییە) ٢٥/٥/١٩٦٢.

٢ـ بێشکەی منالّ: (بەرڤیخە) ١٢/٦/١٩٦٢.

٣ـ تیروکەوان: (بەرڤیخە) ١٧/٦/١٩٦٢

٤ـ بۆ لاوان: (بەرڤیخە) ٢٥/٦/١٩٦٢.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەم چوار پارچە شیعرەدا، شاعیر بەرامبەر مێردەزمەی شێرپەنجە خۆی بەدەستەوە نەداوەو ئەوپەڕی بەرەنگاریو هیوای سەرکەوتن هێشتا بەدی دەکرێت. نە پاشەکشەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، نەداڕووخانو پاشەکشەی دەروونی، هەست پێدەکرێت.

سەیر ئەوەیە، هەروەکو سەرەتای شیعر نووسین، کە خۆی بەرهەمەکەی بڵاوکردۆتەوە بابەتەکەی لەسەر (دایك)ەو لەدووان لەدوا قەسیدەکانی سەر لەنوێ گەڕاوەتەوە سەرخوانی هەمان بابەت:

**ڕاکشابووم لەسەر پشتم،**
**دکتۆرەکەم**
**ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم....**
**ناڵێم: وەک دایکێکی دڵسۆز**
**فرمێسکی بۆ هەڵئەڕشتم،**
**بەڵام، تەواو وەک کچی خۆم،**
**دەستی ئەخستە ناو مشتم،**

وەڵامی پرس ل ٢٢١
ڕۆژی ١٩٦٢/٥/٢٥

کیژێکی جوانی روسی، دکتۆرێك، دەست دەخاتە ناو دەستیەوە،... کەچی ئەو دەست خستنە ناو دەستە، لەدوا چرکەکانی ژیانیشدا دەیوروژێنێت. کۆمەڵێك یادگارو یادەوەری بانپۆشکراوی بنهۆشی سەردەمی زۆر زووی منالّی، سەرلەنوێ بۆکرووزی لێدێت. (وەك دایکێکی دڵسۆز) ئەو دەیەوێ، لەدوا چرکەکانی ژیاندا (دایکێکی



دڵسۆز)ی وەکو (مەریەم) لەئامێزی بگرێتو بارانی خۆشەویستی بەسەردا ببارێنێت. سۆزی دایکایەتیو دایکێکی دڵسۆز، لەژیانی منالّی ئەودا، بزرو نادیار. هەر بۆیە لەدوا چرکەکاندا سەر لەنوێ (فەهیمە) وەکو تارمایی پشت هەورە بەرزەکان، سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکات.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

سۆزی دایکایەتی، شاعیر لێی بێبەش بووەو هەر بەدوای سەرابی سۆزدا ئاوارە بووە. سەیرە شاعیر، بێبەشبوون لەدەریای سۆزی دایك، تا سەر بێشکەی منالّ دەگێڕێتەوە:

**ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە:**
**کە دایکو باوک لای بێشکەدا،**
**گوێیان لەمشەی ساوایە!**

بێشکەی منالّ ل ٣٢٦

لای ئەو ساوایە، ئەگەر دایكو باوك گوێیان لەمشەی ئەو گرت، ئیدی ئەو ماڵە ئاوایە. ئەگەر دایكو باوك، ساوایان پشتگوێ خست، ئیتر ئەو ماڵە وێرانەیەو بایەقوش تێیدا دەخوێنێت. ئەگەر دایك بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئاوڕی لەمندالّ نەدایەوە، ئەو منالّە هەست دەکات، شتێکی پیسو چەپەڵو بێنرخ و بێکەڵكو ناشرینە، بۆیە دایکی ئاگای لێی نییەو سۆزی پێنابەخشێتو ناوەندی بایەخدانی شتێکی ترە، کەسێکی ترە لەبری ئەو.

## میتافەو سمبۆل ( پەیوەندی نێوان دایكو ساوا )

گۆران، نەبەنووسینو نەبەقسەی دەماو دەم، نەیویستووە، یان نەیتوانیوە لەسەر ئەزموونی خۆی لەگەڵ دایکیدا، هیچ بنووسێت، یان هیچ بڵێت! چونکە هەندێ پەیوەندی هەیە، هی نووسینو قسەلەسەرکردن نین. من هەنگاوێکی تریش بۆ دواوە دەگەڕێمەوە، بۆ سەردەمی زووی مندالّی، کە دەکەوێتە قۆناغی زووی "کەم ئاگایی".

یادەوەری منداڵ، یان کۆرپەو منالّی بەر مەمکان، کە بۆبن دەریای بنهۆش دادەخزێتو پووش بەسەر دەبێت.

شاعیر، خۆی لەنێوان زاراوەی(ساوا)و (رۆڵە) دا، تووشی دڵەڕاوکێ بووە. ئەو لەگەلاوێژی ژمارە (٣/٤) ی ساڵی ١٩٤٢ (ساوای بێدایك) بڵاودەکاتەوە، لەدیوانەکەیدا لەژێر ناوی (رۆڵەی بێ دایك) بڵاویدەکاتەوە. ئەمە رێکەوت نییەو تەنیا بۆ مەبەستی ئیستاتیکی ئەم گۆڕانکارییەی نەکردووە. لەوە دەچێت شاعیر، ئەم پارچە شیعرەی لەکۆتایی بیستەکان، یان سەرەتای سییەکان دا نووسیبێت، سەبكو تەکنیكو داڕشتنەکەی بەدڵ نەبووبێتو لەئاستی کارەکەی خۆی رازی نەبووبێت، ئیدی بڵاوی نەکردبێتەوە تا سەردەمی گۆڤاری "گەلاوێژ"، کە ژمارەیەك شیعری کۆنو نوێی لەوێ بڵاوکردۆتەوە.

من، کە دەنووسم: شاعیر لەئاست تەکنیکی هونەری کارەکەی خۆی رازی نەبووە! ئێمە بەرهەمی تری هەمان شاعیرمان لەبەردەستدایە، بۆ نموونە: (لەسەرەمەرگی هیوادا)، کە لەساڵی ١٩٣٣ بڵاوکردۆتەوەو پاش نۆ ساڵ (ساوای بێ دایك) بڵاوکراوەتەوە، ئاستی ئەمە لەکوێو ئاستی بەرهەمی پێشووتری لەکوێ؟

(رۆڵەی بێ دایك) سۆزو مۆسیقاو خرۆشانو برینی قووڵو راستگۆی بەدی ناکرێت، ئەگەر بەراوورد لەگەڵ (لەسەرەمەرگی هیوادا) بکرێت، (رۆڵەی بێ دایك) کارێکی پیشەیی بێ ڕۆحە، گێڕانەوەی حیکایەتو داستانو سەربردەی هۆنراوەیە، نەك شیعر. ئەم شیعرە، نەسۆزو نەمۆسیقاو نەدڵداخورپانو نەسووتانی تێدا بەدی دەکرێت.

ئەو، چیرۆکێکی تراجیدی هەڵبژاردووەو لەنۆ بەیتدا جێگەی کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ هونەرێك لەداڕشتنو مۆسیقاو جوانکاریو رەوانبێژی بنوێنێت، بەپێچەوانەی (لەسەرە مەرگی هیوادا)، کە تەقینەوەی ئەوپەڕی سۆزو گریانو کۆست کەوتن، بەڕیتمو مۆسیقای هەژێنەر دادەڕێژێت.



شیعری (رۆڵەی بێ دایك) ڕووداوێکی تراجیدیە، کە لەڕاستییەوە، نزیك نییە، بەلاّم خەیاڵ دەهێنێتە بەرهەمو ناسنامەی راستی پێدەبەخشێت. شاعیر رووداوەکەی وەکو ئێمە بیستووە، بەلاّم پەیوەندی شاراوەو نەزانراوەو چەپێنراوی دایكو کوڕ، لەسۆنگەی لێکچوونو هاوشێوەییەوە، خەیاڵو ئەندێشەی خەڵکی لێبۆتە راستییەك، کە گوایە خۆی بینیویەتی. ئەو پێویستی بەچیرۆکێك هەبووە، دەرگای نەدۆزراوەی کێشەی "خۆشەویستی بنچینەیی" بۆ بخاتە سەرپشت. پاش نووسینی پارچە شیعرەکەش زانیویە، ئەو شیعرە لەئاستی (دەروێش عەبدوڵلاّ/ لەسەرە مەرگی هیوادا ،...) نییە. بڵاوکردنەوەی، رەنگە هەمان هۆکاری کێشەی خۆیو دایکی بێت، کە لەشیعری (لەکەرکوکەوە بۆ دایکم نووسیوە) دیسانەوە دەردەکەوێت:

## رۆڵەی بێ دایك

نەئاخ لەسینەدا ئەخواتەوە پەنگ
نەفرمێسک ئەتوانێ بڕژێ بەبێ دەنگ

نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر،
نەقەڵم وەک لاشەی مردووی ساردو سڕ..

نەفام لەجێگای خۆی ئەمێنێ، نەهۆش،
دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش..

کێ دایکێ ئەتوانێ بێنێتە بەرچاو،
بەمەرگی تاقانەی جەرگی هەڵقرچاو،

دامابێ لەدەشتێ، هاواری بەکەس

نەگا هیچ.. هەر خۆی بێو مەیتی کوڕی بەس!...

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

ئا، سەیری دیمەنی وەها کاریگەر

کام ویجدان نادانە بەر نووکی نەشتەر؟!

بەڵام ئاخ، ئەوەی من دیم بەم دووچاوە

مەینەتێکی سووکە ئەمەی بەلاوە:

نەک دایکی کوڕ ـ مردوو، دیم کۆرپەی ساوا

لای مەیتی دایکیا، فرمێسک لەچاوا،

کەوتبوو بەبێ شیر، بێ لاوانەوە،

ناو جەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە!... ل ١٩٧

سەرجەمی ئەم قەسیدەیە بریتییە لە دوو میتافە/ وێنەی بەپەلەپەل دروستکراو:

**یەکەم:** ساوایەك مردووە، بەبەرمەمکی دایکیەوەیەو ئەو هەر شیری دەداتێ.

**دووەم:** دایکێکی مردووەو کۆرپەیەك شیرەکەی دەمژێت...

ڕەنگە ئەم دەنگ‌و باسە، شاعیر لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بیستبێتی‌و چەندین ڕێبوارو پیرێژن بۆیان گێڕابێتەوە. ئەو، گوایە، ویستویەتی کاریگەری دوو ڕووداوی ناکۆك: وروژاندن‌و ڕامان پتر بەرهەمبهێنێت، بۆیە یەکەمین جار، چیرۆکی ئەو ژنە زیندووە باس دەکات، کە منداڵێکی مردوو لەمەمکی خۆی ناکاتەوە. پاشان دەستبەرداری ئەو چیرۆکەی جیهانی فەنتازیا دەبێت، ئینجا ئەفسانەیەکی تر دەگێڕێتەوە، کە پێچەوانەی چیرۆکی یەکەمە.



چیرۆکی فەنتازی دووەم، هیچ پەیوەندی بەڕاستییەوە نییە: شاعیر، بەبێ ئاگا، ویستویەتی سەرقاپی کێشەی بنچینەیی خۆی هەڵداتەوە: کاتێك کۆرپە بووە، ساوای بەرمەمکان بووە، دایکی تەنیا سەرچاوەی شیر بووە، نەك سەرچاوەی خۆشەویستی: ئەو لەمەمکی دایکێکی مردوو شیری مژیوەو دایکەکەش لەژیاندا نەبووەو شاردو سڕو بێگیان بووە...

## وێنەی ژن لەشیعری ڕۆمانتیکیدا:

بەشێکی شیعرەکانی گۆران ڕۆژو ساڵی دانانیان لەسەر نووسراوەو بەشەکەی تر هیچیان لەسەر نییە، مەگەر بەڕێکەوت، یان بەهۆی بڵاوکردنەوەی پێشووتریان بزانرێن، کەی نووسراون؟ ئەگەر ئەو زانیارییەمان بەدەستەوە بوایە، دەمانزانی قۆناغی شیعری کلاسیکی کەی تەواو بووەو کەی دەستی بەدانانی شیعری ڕۆمانتیکی کردووە؟

ساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵە شیعری ((بەهەشت‌و یادگار))ی بڵاوکردۆتەوە. ئێمە ئەگەر شیعرەکانی ئەم قۆناغە پۆلێن بکەین، سێ شێوە، سێ ئاراستەو سێ ڕێبازی هونەریمان بەزەقی بەرچاو دەکەوێت:

١. **شیعری کلاسیکی:** ئەم کۆمەڵە شیعریە بریتییە لەپێنج غەزەل (ئەڕۆی ئۆغر، هەرچەن، ئەی شەوقی گەلاوێژ، تاوێ نەگەڕا، لەبەختی یار) لەم شیعرانەدا، جێگە پەنجەی قوتابخانەی کلاسیك دەردەکەوێ. کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهاتووەو سەروایان هەیە. کاریگەرێتی نالی‌و سالم‌و کوردی‌و مەحوی ئاشکرایە. بەشێك لەو غەزەلانە، کۆتایی بەبەیتێك دێت، کە نازناوی شاعیری تێهەڵکێش کراوە:

(گۆران) تەماعی ماچ ویسالی بڕیوە لێت،

یەک ئیلتیفات‌و نیوە نیگایەک کە قافییە! ل٦٤

شیعرە کلاسیکیەکانی زۆر کەمن، لەچاو رۆمانتیكو واقیعی، هەرچەند بەماوە، هەر لە ١٩٢١ تا سەرەتای سییەکان، بەو شێوەیە شیعری نووسیوەو گۆشەگیری قوتابخانەی کلاسیك بووە.

٢. **لاسایی ئەدەبی عوسمانی:** تەنیا چوار غەزەلمان بەرچاو دەکەوێ: (کەنیشکە جوانەکە، مەدەنییەت، سێبەری هیوا، ژن) ئێمە ئەگەر هەر بۆ نموونە سەیری شیعری مەدەنییەت بکەین، ئەم بەیتەمان بەرچاو دەکەوێت:

**مەدەنیەت، ئەلکتریک، قەمەر**

**ئەی چیابەخشی حالی نەوعی بەشەر!**

لەڕووی ناوەڕۆکەوە، بابەتەکان لەگەڵ کلاسیکدا جیاوازن‌و ڕێبازی رۆشنگەری باڵادەستە. وشەی عەرەبی عوسمانی، واتە: ئەو وشە عەرەبیانەی لەسەردەمی بزوتنەوەی رۆشنگەری عوسمانی باوبوون، بەکارهێنراون.[٢٣]

٣. **کۆمەڵە شیعری رۆمانتیکی:** ئێمە بۆئەوەی لەشیعری رۆمانتیکی گۆران تێبگەین‌و لە وێنای ئەو لەسەر ژن نزیك بکەینەوە، دەبێ پێشەکی پێناسەیەکی ئەم چەمکە بەکورتی بکەین. ئەمەش تاقە مەبەستی ئێمەیە، تەنیا لەسەر یەك تەوەر بدوێین‌و تەوەرەکانی تر بۆ کاتێکی تر دوابخەین.

**رۆمانتیك** Romantic:

رۆمانتیك، قۆناغێکە لەقۆناغەکانی ئەدەب‌و هونەری ئەوروپی، کۆتایی سەدەی(١٨) واتە: هاوزەمانی بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩) بەردەوام بوو. لەڕوانگەی ئۆپۆزسیۆنەوە دەیڕوانییە تەوژمی کلاسیك‌و رۆشنگەری. چەقی جەخت‌و بایەخپێدانی: هێزەکانی هەست بوو.



چەمکەکە لەوشەی (رۆمان ـ Roman)ەوە وەرگیراوە، بۆ وەسفکردنی شتێکی سەرسووڕهێنەر، نایاب، پڕ سەرچڵبازی‌و سەرەڕۆیی، ترسناك‌و هەڵگەڕانەوە لەژیاری مۆدێرن‌و رووکردنە سروشتی ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ‌و گەڕانەوەی رۆحی بۆ شێوەی ژیانی کۆمەڵی رابوردوو (سەدەکانی ناوەڕاست).

مەبەستی ورد لەپێناسەی رۆمانتیك، بزاڤێکی ئەدەبی هونەرییە، کە پاش بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ز لەدایك بوو. ئێستاش لەسۆنگەی دەرهاوێشتەکانی ژیان لەتەنگژەو ئەزمەی قۆناغی پۆست مۆدێرن Postmodern، جارێکی تر رۆمانتیك، بەرێنسانسێکی بەردەوامدا تێدەپەڕێت. دژی رۆمانتیك، کۆمەڵێك پلارو گلەیی‌و گازەندە هەیە: (نائەقلانییەت، گومانگەرێتی، ناسیۆنالیزم، مێژووی ئەفسانەیی، خودگەرێتی بێسنوور، بەئەفسانەکردنی سروشت..)[٢٤]

قوتابخانەی رۆمانتیك تایبەتمەندی خۆی هەیە: بایەخدان بەسامانی گۆرانی میللی‌و پشتبەستن بەبەیت‌و داستان‌و حیکایەتی خۆماڵی‌و گەڕانەوە بۆ شێوەی خۆماڵی شیعری فۆلکلۆری..

بەشێك لەشیعرەکانی گۆران رۆمانتیکین، بەبێ ئەوەی گۆران بۆ ئەم چەمکە ئاماژەی کردبێت.[٢٥] دیارە ئەو ئاگای لەکاری شاعیرە ئەوروپییەکان بووەو هەندێ سەرچاوەو ژێدەری تیۆری لەسەر رۆمانتیك بەئینگلیزی خوێندۆتەوە. پانتایی ئەم کارتێکردنە، لەلێکۆڵینەوەکانی لەسەر مێژووی شیعری کوردی دەردەکەوێت: لەلایەکەوە ماڵئاوایی لەڕێسای (عەرووزی) شیعری عەرەبی کردووە، کە فەراهیدی لەکتێبێکدا هەمووی کۆکردۆتەوە. لەلایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی (هیجایی) کە لەسامانی شیعری گۆرانیدا باوەو زۆربەی شاعیرەکان (بێسارانی، وەلی دێوانە، مەولەوی...) ئەم کێشەیان بەکارهێناوە.

جگە لەگەڕانەوە بۆ شێوەو فۆرمی خۆماڵی، ئاوڕدانەوە لەسامانی فۆلكلۆری كوردی باڵادەستەو بەهۆی ئەم ئاوڕدانەوەیە، ژمارەیەك نووسەری كورد بایەخیان بەبووژانەوەی بەیتو داستانی كوردی داوە.

تایبەتمەندییەكی تری ئەم قۆناغە لەچاو شیعری كلاسیكی، ئەوەیە شاعیرەكان هەوڵیان داوە وشەی عەرەبی كەم بكەنەوەو هەوڵبدەن وشەی كوردی رەسەن لەبیینای قەسیدەی ڕۆمانتیكدا بەكاربهێنن. بەراوردێكی سادە لەنێوان قەسیدەی «تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بەحیسابم»و «گەشت لەهەورامان»و «گوڵی خوێناوی» هەڵچوونی شەپۆلی وشەی كوردیو كەشو هەوای كوردەواری فراوانترین رووبەری داگیركردووە. بێگومان ئەم دەستپێشخەریە، لەبەكارهێنانی وشەی ئاساییو رۆژانەو ناكلاسیكی، بۆ سەردەمو زەمانی خۆی، رچەشكاندنو كارێكی یەكجار قورسو گران بوو. شیعر دۆستانو خوێنەرانی ئەدەبی كلاسیكی هەر لەسەر ریتمی باو راهاتبوون: ئەم شیعرەی نالی لەكوێو شیعرێكی رۆمانتیكی لەشیعرەكانی گۆران لەكوێ؟

**ئەی جیلوەدەری حوسنو جلەوكێشی تەماشا!**
**سەر رشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا**

**فەییاضی ریاضی گوڵو میهرو مەلو لەعلی**
**ئەی شەوقی رۆخو زەوقی لەبت ذائقە بەخشا**[٢٦]

لەنموونەی شیعرەكانی گۆران سەرەتای «گەشت لەهەورامان» ئەم بڕگەیەی خوارەوە بەنموونە دەهێنمەوە:

**كۆمەڵە شاخێك سەختو گەردن كەش،**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش،**
**سەرپۆشی لووتكەی بەفری زۆر سپی،**
**بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی كپی..**



**جۆگەی ئاوەكان تیایا قەتیس ماو:**
**هەر ئەڕۆن ناكەن پێچی شاخ تەواو.**

(گەشت لەهەورامان) ل١٢٧

جیاوازییەكە ئاسمانو رێسمانە. ئێمە ئەگەر شیعری گۆرانو نالی لەگەڵ یەكتردا بەراوورد بكەین، جیاوازییەكان دیارن. ئەم جیاوازییە لەنێوان قۆناغی شیعری كلاسیكی گۆران خۆیو شیعرەكانی دواتریدا، بەڕوونی دەردەكەوێت. ئەم تەوەرە، لێكۆڵینەوەی سەربەخۆی دەوێو لەگەڵ مەبەستی ئەم نووسینەدا یەكناگرێتەوە. ئێمە دەمانەوێ تەنیا یەك تەوەر رەچاو بكەین: ئەویش تەوەری تێڕوانینی گۆرانە بۆ خۆشەویستیو ژن!

لەشیعری گۆراندا دوو ناكۆكی سەیر بەدی دەكرێن، لەلایەكەوە لایەنی نیشتمانپەروەریو رەخنەی كۆمەڵایەتی بەدی دەكرێت: «قالە مرد»و «بێكەس»و «شەهید» .. تاد، كە ئەمە مۆركێكی سەرەكییە لەرۆمانتیكی سەرەتایی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ز دا، دیوەكەی تر وێنەی «ژن»ە!

رۆمانتیكەكان بەگشتی لایەنگری ئازادی ژن بوونو خەباتیان بۆ هاوتاییو یەكسانی كردووە. دیارە هەر لەبن كارتێكردنی ئەم هەڵوێستو بیروبۆچوونەدا، ژمارەیەك ژن دەستیان داوەتە نووسینو لەجیهانی ئەدەبو هونەرە جوانەكاندا نێویان رۆیشتووە.

شیعری ئیرۆتیك Erotic واتە: ئەو شیعرەی پێوەندی بەخۆشەویستییەوە هەیە، لەشێوەی ئیستاتیكای هێزی راكێشان بۆ خەیاڵ. واتای ئەوەش دەگەیەنێت: نواندنی وێنەی روتو پێوەندی لاشەیی نێرومێ.. هتد. ئەم جۆرە رێبازە ئەدەبییە، لەقوتابخانەی رۆمانتیكدا، هەر زۆر دەگمەنە. یەكێك لەنوێنەرەكانی رۆمانتیك، ئاماژەیەكی لاوەكیی بۆ دیمەنێكی سادەی ئیرۆتیكی كردووە، كەچی گەورەترین شاڵاوی رەخنەلێگرتن دژی كراوەو بەئابڕووچوون دانراوە..[٢٧] دەمەوێ ئەوە بنووسم، لەجیهانی رۆمانتیكدا،

کەسانێك هەبوون، لەپشت پەردەوە، ناڕاستەوخۆ، یان بەلاونیو ئاماژەیان بۆ دیمەنێکی ئیرۆتیکی کردووە.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

لای گۆران، پانتایی شیعری ئیرۆتیك بەرفراوانترین رووبەری بۆ خۆی داگیرکردووە. ئەو لەسەر جوانیو خۆشەویستیو سروشتیشی نووسیبێت، نەیتوانیوە لەناو تەمومژی رەوانبێژیو وشەی ئاراییدا ئاڕاستەی تینویەتی بشارێتەوە:

ئەزموونی پێوەندیو سەرەڕۆییو لاساری شاعیر لەناو جیهانی ((ژن))دا، دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی (١٤)ساڵی، بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی خۆی بۆ کاکە محەمەدی مەلا کەریم: ((دەوروبەری ساڵی ١٩١٨ کاتێك ئینگلیزەکان هەڵەبجەیان داگیرکرد، باوکم ئێمەی برد بۆ بیارە. من دەستێك رانگو جۆغەی نوێم لەبەرکردبوو، پشتێنەکەم هەر زۆر سەرنجڕاکێش بوو.. لەیەکێك لەباخەکانی (چەمی خواجایی)دا کچێکی زۆر جوان بەلامدا تێپەڕیو گوتی: پشتێنەکەت هەر زۆر جوانە، بۆ بەشی بەرە سوخمەیەکم لێنادەیتێ؟ منیش هەر یەکسەر گوتم: ماچێکم بدەرێ، ئەتدەمێ))

هەموو مێردمنداڵێك، لەتەمەنی مێردمناڵیدا، لەڕووی نایەت، هەر یەکسەر ((قولاپ)) بۆ کیژان هەڵبدات. ئەو هەر بەبێ پێشەکیو پێچو پەناو ئەمسەرو ئەوسەر، راستو رەوان، مەبەستی خۆی تێگەیاندووەو گوێی بەپەردەی شەرمو بێنەو بەرە نەداوە.

## پێوەری جوانی:

پێوەری جوانی لای گۆران رۆژهەڵاتییانە نییە (ئەسمەرێ، قژ ڕەش، شەدەلار، ئەبرۆ کەوان، باڵابەرز، چاو رەش ـ سیاچەمانە، ...) لای ئەو پێوەری جوانی رۆژئاواییەو رەنگە ئەو کیژەی ئەو شیعری بۆ دەنووسێ، نموونەی هەر زۆر کەم بێت:

**قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ**[٢٨]

جوانی بێناو ل ١٥



**زۆر قژی زەرد سەرنجی راکێشاوم،**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم**

بۆ کچێکی بێگانە ل ٤٧

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**پایز! پایز!**
**بووکی قژ زەرد،**

پایز ل ١٦٣

لەجیهانی فەنتازیای شاعیردا وێنایەك بۆ ((ژن)) هەیە کە لەڕۆژهەڵاتدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت. زۆر کچە کورد هەن، چاو کاڵو لێو ئاڵو قژ زەردن، بەڵام ئەمە زۆرایەتی پێکناهێنێت: لەستۆکهۆڵمو کۆپنهاگنو هامبوورگو ... تاد. زۆرتر بەرچاو دەکەونو شێوەی باڵادەستن. بەدووری نازانم لە (دەرباری وەسمان پاشاو عادیلە خانم هەندێ نموونەی بینیبێت، یان لەگەڵ مێجەرسۆندا پاش ١٩١٨ هەندێ ژنی قژکاڵو لێوئاڵ، سەردانی هەڵەبجەیان کردبێتو ئەو وێنایە لەخەیاڵی مێردمناڵییدا، وەکو نموونەی جوانی، چەسپابێت.

وەسفی سروشتو جوانپەرستیو خۆشەویستی لەڕۆمانتیکی ئەوروپیدا باوە، بەڵام گۆران سنووری ئاسایی تێدەپەڕێنێو هەندێ جار سنووری ئیرۆتیکیش دەبەزێنێو واوەتر جڵەوی ئەسپی شێتو هاری هەوەس شل دەکات:

**شانو ملو گەردنی ڕووتی بێ گەرد،**
**سنگی نەرمو، مەمکی قوتی توند وەك بەرد**
**بەژنو باڵای کەڵەگەتو شۆخو شەنگ،**
**لەشولاری کەمێك گۆشتن، کەمەر تەنگ،**

**پێستی سپی بەخوێنی گەش مەیلەو ئاڵ،**
**کوڵمی قەڵەو، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ**

بۆ کچێکی بێگانە ل ٤٧

دیارە ئەو گیانی لەزەتخوازیو ئارەزووبازیو کڵپەی هەوەسو جۆشو خرۆشەی شاعیر، لەشارێکی وەکو ئەوسای هەڵەبجە، یان سلێمانیو هەولێر نەکوژاوەتەوە. پێوەندی خێزانی ڕێگەی نادات. ڕادەی گەشەکردنی کولتووریو کۆمەڵایەتی ڕێگە ناداتو میکانیزمی چەپاندن، هەر لەناوزڕاندنەوە تا دەگاتە هەڕەشەو سارکردنەوەو ملپەڕاندن، ترسو دڵەڕاوکێ دەخەنە بەردەم شاعیر.

ئەو بەژنهێنانی کلاسیکیو خۆشەویستیو پێوەندی ڕێگەپێنەدراو، دانامرکێتەوە. ئەو لەشولارەی، ژێر عاباو پەچە، پشت دیوارە ئاسنینەکانی کۆمەڵی دواکەوتوو، پتر بورکانی نووستوو، بەرەو تەقینەوە دەبەن:

**ئەڕۆییمو دزەی نیگام جارجارێک،**
**لەژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:**

**بەڕەوتی کەو، لەنجەی تاوسو قومری**
**گورج گورج، جوان جوان ئەهاتو جادەی ئەبڕی...**

**مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ،**
**درزێ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ،**

لەدرزی پەچەوە ل٣٥

کام چاو هەیە، جگە لەچاوی گۆران، لەپشت ئەو هەموو پەچەو عابایەوە، ئەو هەموو جوانیو وردەکارییە ببینێت؟



عاباو پەچە بۆ داپۆشینو شاردنەوەی جوانییە، کەچی چاوی ئەو، بۆ گەڕان بەدوای سەرابی دووری جوانییەکی شاراوەدا، ئەو هەموو دیمەنو وێنە سیحراوییانەمان بەنەمری بۆ دەپارێزن. پەچەو عابا ناتوانن هیچ شتێك لەچاوی هەڵۆی جوانپەرستی بشارنەوە.

ئەم شاعیرە تینووە، چاو برسییە، کە شەوو ڕۆژ بەدوای لەشولاری جواندا شەیداو وێڵو سەرگەردانە، لەودیوی هەزاران پەردەو دیواری ئاسنینەوە ((دەستو پەنجەو مەچەك)) دەبینێت. ڕوودەکاتە فەزای ئازادی بینینو ڕوانینو وردبوونەوە بۆ هەر بەشێکی لەش، کە کۆمەڵ ڕێگەی بینینو سەیرکردنو تێڕوانینی نادات. ئەو لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی هەڵەبجەو سلێمانیو کەرکوکەوە بۆ سەر ڕوباری دیجلەی ئەوسا دەچێت. لەجیهانی قەدەغەکراوو ڕێگەپێنەدراوو حەرامکراوەوە بۆ جیهانی تەپو دوکەڵو گڵۆپی زەردو سووری نایت کلەپ night club ، لەوێ کە سانسۆری کۆمەڵایەتی هەڵپەسێرراوە. ڕێگە دراوە کامێرای هەستو هەوەس وەکو گورگی برسی، ملیم بەملیم، لەشی سەماکەرو ((پەری سەما)) نیمچە ڕوتو قووت، بهێنێتە پێشەوە. باران بەخوڕ بەسەر بورکانی نەنوستووی دەروونی شاعیردا، ببارێنێت:

**چ جوان دو باڵی بلوورین وەکو لقی مەڕمەڕ**
**نەرم، نەرم ئەلەری،**
**شەپۆلی لێ ئەوەری،**

جیلوەی شانۆ ل١١١

هەمان دیمەن، سەمای ڕۆژهەڵاتی، لەش، نواندن، لەراندنەوەی ئەو بەشانەی، بەشیان شاردنەوەیە، بەرووتی. وروژاندنێکی ئیرۆتیکی، لە (شەوێك لە "عەبدوڵڵا"):

**پێست پەمەیی لەش نەرمو شل:**
**نیوە رووتی تەنکیی جل،**

**شۆخی مەڕمەڕ گەردن و سنگ،**

**لەسەر سنگی رووت بۆ پرشنگ**

**رستێک مرواریی داناوە،**

**مایەی رێشکەو پێشکەی چاوە!**

شەوێك لە ((عەبدوڵڵا)) ل ٥٤

ئەم جۆرە دیمەنە، هیچ پێوەندی بەخۆشەویستی ((پاك))ەوە نییە! خۆشەویستیو ئەوینو دڵداری رۆمانتیکی، دەیەوێت تەنیا پێوەندی رۆحی ببینێت ((وەلی دێوانە))و ((شەم))و ((شیرینو فەرهاد)) زیندوو ببنەوە. نایەوێ لەش ببینێتو نایەوێ لەئاگر نزیك ببێتەوە. شاعیری رۆمانتیکی ئێمە، بەهەنگاوێك، کۆتایی بەکۆمەڵێك ((ئایدیا)) دەهێنێتو خۆشەویستی دەسڕێتەوە!

ئەو دیمەنێکی ئیرۆتیکی بەپارە دەکرێت. سەیری لەشی نیمچە رووتی ((پەری سەما)) دەکات. لەش، لەشی ئافرەتێکی ((هونەرمەند))ە، کە پیشەی وروژاندنی سێکسی بینەرانو ئاورتێوەرانی هەوەسبازو کڕیارو تەماشاکەرانە. لەشی مێینە، بۆ چاوی بینەرو مەست، بەنیمچە رووتی، نمایش دەکرێت. ئەم پانۆراما ئیرۆتیکیە لەکوێو ئیدیعای خۆشەویستیو ((جوانپەرستی)) لەکوێ؟

**سڵ مەکە لەمەیلی بەگەرمی روانینم،**

**پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم،**

**سەرنجێک من ئەیدەم لەو بەژنو باڵایە،**

**لەسینەی پاکەوە بۆ جوانی تەنیایە،**

بۆ جوانی سەرەڕێ ل٢٦



شاعیر ئیدعای جوانپەرستی دەکاتو جەخت لەسەر ئەوە دەکات: ئاوڕدانەوەو سۆزو پەرۆشی بۆ ئەو (لەسینەی پاکەوە بۆ جوانی تەنیایە). ئێمە ئەگەر فرۆیدیانە سەیری دیوی ناوەوەی تانو پۆی چنینی قەسیدەکە بکەین تەنیا ((پاکی)) فرۆشتنو ((پاکانە))مان بەرچاو دەکەوێت. راوکەر، دان رۆدەکات، بۆ شاردنەوەی (داو)ە نەبینراوەکانی مەبەستی راستەقینە: (سڵ مەکە!) هەر بۆ ترسڕەواندنەوەو خۆنزیکخستنەوەو لەخشتەبردنە، بۆ ئەوەیە بە (سڵ مەکە! سڵ مەکە) ملی بەداوێکەوە بکات.

سەرتاپای وشە ئارایيو مۆسیقای شیعریو ئاماژە شاراوەو کۆدە نهێنییەکان بۆ بانگکردنی کچێکە (جوانی سەرەڕێ)بۆ شوێنێکی تۆزێ نەدیو: بنە دەوەنو پشت تاشە بەردێك. ئەگەر هیچ نیازێکی بارگاوی بەگومان، لەپشت نیازە نەدرکێنراوەکانی شاعیرەوە نییە، ئەدی ئەم سڵ مەکە و سڵ بکەی بۆچییە؟

**ئەو نیگا نیو کەچەی ئەو چاو مەستانە!**

**شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرزو گەش بڕوانە!** ل ٢٦

پەیامی خۆشەویستیو دڵداری، بانگکردن بۆ نزیکبوونەوە، بۆ توانەوە، بەچاو، بەڕوانین دەگاتو دەگەیەنرێت. زمان، بۆی هەیە لاڵ بێتو بشکێت. ئەو مەلەوانانەی بۆ بنی دەریا، بەجلوبەرگی قووتخوانەوە بۆ ژێری ژێرەوە شۆڕ دەبنەوە، ئەوانە چەند مانگێك ((زمانی چاو)) دەخوێنن. بۆ ئەوان لەقووڵایی دەریادا، زمانی تر بەکارنایەت، جگە لەزمانی چاو... ترس، خۆشی، تووڕەیی، نەخۆشی، درۆ، راستگۆیی، بەچاوەوە دەبینرێت. شاعیر داوا لە (جوانی سەرەڕێ) دەکات: (چاو بۆ بەرپێ شۆڕ مەکە، بەرزو گەش بڕوانە!) رەنگە هەموو کەسێك ئەو راستییە بزانێت، ئەو کچە داماوە لەو سەرەڕێیە، سەیری نێو چاوی شاعیری بکردایە، چی ڕووی دەدا؟

**بۆی نەشکاندووم تونییەتیو ئارەزووی دڵ،**

**هەر گەڕاوە مەلی برسیم چڵاوچڵ**

لەهەچ باخێك گوڵێكی سوورم دیبێ،
بۆی چووم هەزار درك لەپێم چەقیبێ،
هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم:
نەشارەزاو، پەپوولەی دوور بەدوور بووم!

جوانەی تریش هەروەكو ئەم جوانانە،
نەیانتوانیوە دامركێنێ ئەم گیانە، ل٤٨

تەنیا جوانی نەیتوانیوە گڕی ئارەزووی ئیرۆتیكی دامركێنێتەوە. ژنێك، جوانێك نەیتوانیوە كوڵوكۆی دامركێنێتەوە، بۆیە ئەمیش، هێلانەی خۆی لەسەر چڵێك دروست نەكردووە، هەر ئەم چڵو ئەو چڵی كردووە. ئەمە هەمان گرێكوێرە دەروونییەكەی (شەهریار)ە لەچیرۆكی هەزارو یەك شەوە (الف لیلة ولیلة)دا، كە لەئەنجامدا (شەهرەزاد)ی كچە ژیرو زیرەكی وەزیر، هەر شەوە بەچیرۆكێكی تەواو نەكراوەوە، خەوی لێدەخات تا لەئەنجامدا گرێ دەروونییەكەی، لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆكەوە، چارەسەر دەبێت‌و دەست لەكوشتنی ژنەكانی هەڵدەگرێت.

((كۆشی گەرمو دەروونی ساردو سڕ بوو)) ل٤٩

دیارە ئەم كۆشە گەرمە، كۆشی خۆشەویست‌و دڵدارو عاشق نەبووە، كۆشێك بووە، بەپارەو بۆ پارە، پێشوازی كردووە، بۆیە ((دەروونی سارد و سڕبوو))ە.



**گۆڕانی وێنای ژن:**

من جاران هەرچیم دەكرد، ئەم بەیتانەی (گۆران) بەئاسانی تێنەدەگەیشتم:

پێ‌و پەل‌و چەرخەی هاتوچۆ
جوان جووت ئەكا لەگەڵ تانگۆ
تاوێك نەغمەی (ڤالس)و خەیاڵ،
لەگەڵ نەشئەی ستاوتی تاڵ،

دەستیان پێ ئەداتە بەر سەر،
بیریان ئەڕوا بۆ دنیای دەر!

تاكەی؟ بەڵكو تا دوایین دانس
(چەپ .. چەپ ..) چەپڵەی پاش نەغمەی ڤاڵس!...

شەوێك لە ((عەبدوڵڵا)) ل ٥٥

ئەوی راستی بێت، جاران نەمدەزانی (تانگۆ/ ڤاڵس/ ستاوت) چین؟

من سەیری پەراوێزی (ل ٥٥)م كرد، نووسراوە: تانگۆ: مقامێكی مۆسیقای رۆژئاواییە. ڤاڵس‌و فۆكسترۆتیس هەروەها.

ساڵی ١٩٩٣ بەڕێكەوت مامۆستایەكی زانكۆی ئەڵمانم ناسی‌و بۆ ئاهەنگێكی مۆسیقای[٢٩] (تانگۆ/ Tango) دەعوەتی كردم. مۆسیقارەكە كابرایەكی ئەرگەنتینی بوو. هەر زۆریش شارەزای ئەم مۆسیقایە بوو. ئەو دەیگوت: تانگۆ: سەمایەكی كۆمەڵایەتی هێمنی ئەوروپییە. لەبنەچەدا سەمایەكی میللی ئەرگەنتینیەو مۆسیقاكەش هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. منیش گوتم: ئەوە تانگۆ تێگەیشتم، ئەی ڤاڵس چییە؟

ئەو گوتی: بۆ نازانی ڤالّسا Walzer چییە؟ گوتم: نەوەڵلا من هەر زۆر لادێیم و دەمەوێ بەرستەیەك بۆم ڕون بكەیتەوە. ئەو گوتی: ڤالّسا سەمایەك، یان دانسێكی كۆمەڵایەتییە، لەسەرەتادا، سەمایەكی نیمچە بازنەیی بووە. ئێستا ژن و پیاوێك، پێكەوە، بەهێمنی، سەما دەكەن. لەجیهانی كولتوورو هونەری ئەوروپیدا بەڤالّسای ڤینا (ڤینەر ڤالسا ـ Wiener Walzer) بەناوبانگە... هتد.

مەبەست لەگێڕانەوەی ئەم هەموو داستان و شانامەیە، ئەوەیە، بتوانم تۆزێك ڕوناكی بخەمە سەر شێوەی بیركردنەوەی (گۆران) لەو سەردەمەدا. یەكێك لەسییەكاندا شەیدای تانگۆو ڤالساو نازانم چی بووبێت، دەبێ لەخۆگرێدان بە شەپۆلی (ڕۆژاواگەرێتی ـ Westernization)یەوە هەر زۆر قووڵ بووبێتەوەو برێك زیادەڕۆیی لە ئیعجاب و سەرسوڕمان بەدی دەكرێت، ئەو بەتایبەت بۆ شتی زۆر تایبەت گەڕاوەو بەشداری لەو ئاهەنگانەدا كردووە، كە مۆسیقاو سەماو دانسێك پیشاندراوە. ئێستاش زۆر ئۆروپی شارەزاییان تێیدا نییەو باسی تانگۆو ڤالسایان لا بكەیت، هەروا دەزانن گوێزیان بۆ دەژمێریت.

ئەو لە كۆتایی سییەكان و سەرەتایی چلەكاندا (شەوێك لە "عەبدوڵلا")ی بەسەر بردووەو لەوێ (تانگۆ)و (ڤالسا) سەرنجیان راكێشاوە، دەبێ ئەم شاعیرە (پێشڕەو)ە، چەند هەوڵی دابێ، پێش كات و زەمانی خۆی بكەوێت و چەند تووشی نامۆیی كولتووری هاتبێ؟

من ماوەیەك وامدەزانی یەكەمین جار شاعیر (شەوێك لە"عەبدوڵلا")ی نووسیوە، پاشان (دەروێش عەبدوڵلا)ی نووسیوە. دوای لیكۆڵینەوەو لێوردبوونەوە بۆم دەركەوت زانیارییەكەم پاش و پێش كەوتووە ئەو لە٢٩/ ٩/ ١٩٣٢ لەڕۆژنامەی (ژیان) ژ ٣٤٠ (دەروێش عەبدوڵلا)ی بڵاوكردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە نەمزانی كەی و لەكوێ یەكەمین جار (شەوێك لە "عەبدوڵلا") بڵاوكراوەتەوە؟ بەبۆچوونی خۆم (شەوێك لە "عەبدوڵلا") ڕەنگە هاوكاتی (جیلوەی شانۆ) بێت، كە لەگەلاوێژی ژ ٧/ ٨ ساڵی ١٩٤١



بڵاوكراوەتەوە. ئیدی هەر دەبێت (جیلوەی شانۆ)و (شەوێك لە "عەبدوڵلا") كۆتایی سییەكان، یان سەرەتای چلەكان نووسرابن.

شاعیر لەناكۆكییەكی سەیردا ژیاوە، سەرەتای سییەكان (دەروێش عەبدوڵلا) دەنووسێت:

ئەوەندەم بیست لەمۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی كوردەواریم تێكچوە، دەروێش عەبدوڵڵ،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم كە!
لەبیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵ
دە، ئەی دەروێش، سكاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی كلۆڵم كە!..

دەروێش عەبدوڵلا ل ١٢٠

بەراووردكردنێكی سەرپێیی نێوان (شەوێك لە "عەبدوڵلا")و (دەروێش عەبدوڵلا)، كۆمەڵێك راستیمان بۆ ڕووندەكەنەوە:

**یەكەم:** سەرەتای سییەكان هێشتا شاعیر توانیویەتی دوورە پەرێز بێت لەشەپۆلی سیحراوی رۆژئاواگەرێتی (Westernization) ئەمە كاتێكە، كە شاعیر دەیەوێ بە یەكجاری ماڵئاوایی لەكلاسیك بكات، لەبن كاریگەرێتی خوێندنەوەی زۆری ڕۆمان و شیعری ئینگلیزی و ئەمریكی ڕووبكاتە شیعری رۆمانتیك!

**دووەم:** ڕووكردنە ڕۆمانتیكی، تەنیا لەبواری شیعردا نەبووە، بەكردەوەش خۆی لەژیانی كلاسیكی دوورخستۆتەوەو هەوڵی داوە، بەگوێرەی لوان بۆ ناو كۆڕو كۆمەڵێك بچێت، هەستی ڕۆمانتیكی ببزوێنێت.

**سێیەم:** لەوە دەچێ بەگوێرەی كات و خوێندنەوەی ئەدەبی ئۆروپی وێنەی (ژن) لای شاعیر گۆڕابێت: دیارە لەقۆناغی كلاسیك "وێنا"ی ژن هەر زۆر جیاوازە لەگەڵ سەردەمی (جیلوەی شانۆ) و (شەوێك لە "عەبدوڵلا").

ئێمە تەنانەت ئەگەر تەنیا قۆناغی رۆمانتیك لەبەر چاو بگرین، دەبینین (وێنا)ی ژن دەگۆڕێت. ئەگەر سەرەتای قۆناخی رۆمانتیك، تەنیا (جوانی پەرەستی)و (خۆشەویستی پاك) دەردەكەوێت، لەقۆناغی (جیلوەی شانۆ)و (شەوێك لە "عەبدوڵلا") شەقڵی ئیرۆتیك زاڵە. ئەم قۆناغە تا چوونە (یافا)ش هەر بەردەوام دەبێت.

ئەو هەر دەگاتە (یافا) لەساڵی ١٩٤٢، دوو قەسیدە لەگەلاوێژی ژمارە (٨)و (٩) ساڵی ١٩٤٣ بلاّودەكاتەوە:

**١ـ جوانی بێناو**

**٢ـ بۆ كچێكی بێگانە**

گەیشتنە یافاو نووسینی ئەم دوو قەسیدەیە، یەكێكە. لەوەدەچێت، "نیشتمانی دووەم" بۆ شاعیری تینووی جوانیو دوور لەئۆتمۆسفێری ناومالّو مندالّو ژیانی خێزانی، پانتاییەكی فراوانتری بۆ ئازادیو سەربەستی بۆ شاعیر فەراهەم كرد بێت. نموونەی جوانی ((قژ كالّی لێو ئالّی....)) كە توێپووسی كیژی ئۆروپییە، نەك رۆژهەلاّتی. شاعیر ناسنامەی "بێگانە" بەو كیژە دەبەخشێ، كە لای من زاراوەیەكی گومانا وییە، چونكە ئەو خۆیشی هاوولاّتی ئەویو خاوەن مالّ نەبووە، با ئەو كچە، فەلەستینیش نەبووبێت! ناسنامەی ئەو دوو كیژەو پێناسەیان لای شاعیر زۆر جیاوازە.

((جوانی بێ ناو)) یەكتر ناسینێكی دوور بەدوورو سركە. ئەو، شاعیر ناخوێنێتەوە. (بۆ كچێكی بێگانە) ئەمەیان جۆرێكی ترە لەیەكتر ناسین.. "بەهاری ئازادی" شاعیر زۆر كورت دەبێت، پاش ماوەیەكی كەم، ژنی دووەمی دەگاتە نیشتمانی دووەم. شاعیر بەرهەمی جوانو شاكاری پڕ سەرەڕۆیی نامێنێت.

ئەو لەوێوە (دەمی راپەڕین) و (بەری بەیانە) دەنووسێتو رەوانەی گۆڤاری گەلاوێژی دەكات.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

**دوا ووشە :**

ئەم نووسینە بۆ من، خەونێكی شەوانی درێژو ساردی زستان بوو، لەكۆتایی پایزێكی بێخەوندا هاتەدی. من دەمەویست بەم كتێبە، رەوتی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، لەئاستی سەردەمدا بێتو گۆڕانێكی بنەڕەتی بهێنێتەدی. مەخابن! ئێمە هێشتا لەسەر ڕیتمێكی ماندووی نەگۆڕ، دەمانەوێت گۆڕان دروست بكەین. ئێمە، نە لەشنەی شەماڵی مۆدێرنو پۆست مۆدێرن تێدەگەین، نە لەهێزی راكێشانی سامانی رابوردوو تێدەگەین. ئەم شێوازە پڕۆسەی تێگەیشتن لەئاسۆی بەرفراوانی سبەیو تاریكیو لێڵی دوێنێ، ئالۆزو تێكچڕژاو دەكات.

سەیرە! ئێمە خۆمان بەڕۆڵەی ئەم سەردەمە دادەنێینو بەتیلەی چاویش ئاوڕ لەكارو بنەمای تیۆری نادەینەوە. پشت بەپێشینەو سەرەتاو تێڕوانینی تیۆری، نابەستین. هەر بۆیە بەرهەمی بەشێكی نووسەرانمان لەئاستی چاوەڕوانیو داواكاری خوێنەرانی نییە.

بۆ دانانی سنوورو چێوە بۆ پانتایی كتێبەكە، ئێمە پشتمان بەهەندێ كاری تیۆری لەبواری كۆمەڵناسیو دەروونناسیو مێژووی ئەدەبی بەستووە. بەبێ لایەنی كەم، لەشارەزایی لەم بوارانەدا، تێگەیشتنی گۆرانو شاعیرانی تریش ئاسان نابێت.

ئێمە دەمانتوامی لەسەر چەندین تەوەر بدوێینو بنووسین، بەلاّم خۆمان لە تەپوتۆزی دەرگا خستنەسەر پشتی پتر لەیەك تەوەر، بەكارێكی بەرفراوان داناوەو جەختمان لەسەر یەك دوو خالّ كردووەو پرسیارەكانی ترمان بۆ كەسانی لەئێمە بەتواناتر جێهێشتووە.

پرسیاری سەرەكی لێدوانو گفتوگۆكان، تەنیا لەسەر ژیانی رۆژانەی شاعیر بووە. ئیدی رێگەمان بەخۆمان نەداوە، دوای تراویلكەی پرسیاری لاوەكی بكەوینو نەزانین، ئەو پشكنینو گەڕانو بەدواداچوونە، بەكوێمان دەگەیەنێت؟

جێگەی خۆیەتی سوپاسو پێزانینی بێسنوورم ئاڕاستەی كاك ڕێبوار حەمە تۆفیق بكەم. بێگومان بەدەنگەوە هاتنی ئەو نەبوایە، هەموو پڕۆژەكە، بەسەر سەهۆڵبەندانی

کەمتەرخەمیو گوێپێنەدانو ساردو سڕیدا وردو خاش دەبوو. بەڕاستی ئەم مامۆستایە نموونەی کار جێبەجێکردنو ماندوونەبوونو ساردنەبوونەوەو ویست تێکنەشکانە.

ڕەنگە، ئێمە زۆر زانیاریو بەڵگەو دۆکۆمێنتمان پێنەگەیشتبێتو هەندێ هەڵەو کەموکوڕیو ناتەواویو لاوازی بەکارەکانمانەوە دیار بێت. وێڕای داوای لێبووردن، هیواداریین، کەسانێکی ئەکادیمی بەتواناتر هەبنو بتوانن داهێنانێك دابهێنن، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا کەم وێنە بێت.

**سلێمانی ٢٠٠٧/٧/١٠**



## سەرنجو سەرچاوە:


(1) Kollbrunner, Jürg: Der Kranke Freud Stuttgart 2001

(2) - Kruell, Mariane; Freud und sein vater. Frankfurt, 1992, S. 22ff.

- Brome, Vincent; Sigmund Freud und sein kreis. Munchen, 1969, S. 15ff.

(3) Kollbrunner, Jürg: ibid. S.149

(٤) ماری پۆناپارت برازای ناپلیۆن پۆناپارتە، یان نەوەی لوویسی برایەتی. باوکی ناوی ڕۆلاند پۆناپارتە. لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا شووی بە میرجۆنی یۆنان کرد. یەکێکە لەقوتابییەکانی فرۆیدو ژمارەیەك کتێبو لێکۆڵینەوەی لەبواری شیکاری دەروونیدا هەیە.

(5) Kollbrunner, Jürg: ibid S. 57ff.

(6) Eckermann; Gespräche mit Goethe, Frankfurt a.m 1981.

(٧) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: یادی مەردان بەرگی ٢، بەغداد ١٩٨٣، ل ٣٦٦و ل ٣٨٢.

(٨) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەغداد ١٩٨٠، ئەم چاپە چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی شتێکی نوێ بخرێتە سەر کاری چاپی یەکەم.

(٩) شانۆف، حسین علی: شعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گۆران، ترجمة من الازریة: شکور مصطفی ـ بغداد ١٩٧٥.

(١٠) محەمەدی مەلا کەریم: (سەرچاوەی پێشوو) ل ٥٤٥

(١١) نووسەرە عەرەبەکان بەرامبەر چەمکی Unterbewusst sein ووشەی (اللاوعی/ اللاشعور)یان داتاشیوە. بەڕای من، (اللاوعی/ اللاشعور) بەرامبەر Unterbewusst نییە. لەزمانی ئەڵمانیدا bewusst مانای (هۆش) دەگەیەنێت.

راسته دانانی بنهۆش (بن هۆش) بەرامبەر (Unterbewusstsein) وەرگێڕانێکی حەرفییە، بەڵام من بەپێی تێگەیشتنم بۆ روونکردنەوەی فرۆید بۆ چۆنێتی (بن هۆش)، ئەم چەمکەم بەڕاستتر دانا تا (ناهۆش) یان (نەست)!

(١٢) چەمکی تراوما: برین پڕ بەپێستیەتی. مەبەست برینی جەستەیی و دەروونییە.
Fischer, Gottfried Neue Wege aus dem Trauma. Düsseeldorf u. zürch 2003 S. 18.

(١٣) دیوانی تاهێر بەگی جاف (ناشر) حەمید موستەعان، سنه ١٣٥٣ ل ٩و ل ١١٢.

(١٤) عەبدولکەریم، عەبدولکەریم حەمید: ئەحمەد موختار بەگی جاف ـ شاعیرو مرۆڤ ـ سلێمانی ٢٠٠٠ ل ٢٢.

(١٥) سون، میجر: رحلة متنکر الی بلاد ما بین النهرین وکردستان، ترجمة: فؤاد جميل. ج١، ط١، بغداد ١٩٧٠، ل ٢٠٨.

(١٦) سون، میجر: المصدر السابق: ل ٢٩٠.

(١٧) سون، میجر: المصدر السابق ل ٣٠٦.

(١٨) دیوانی تاهێر بەگی جاف (سەرچاوەی پێشوو) ل ٩و ل ١١٢.

(١٩) حلمی، رەفیق: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، بغداد ١٩٥٦، ل ١٤٥.

(٢٠) شانۆف، حسين علی: (المصدر السابق)، سەیر ئەوەیە گۆران خۆی ئەوە بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی دەگێڕێتەوە، کە لەتەمەنی (١٢)ساڵیدا دەستی بەشیعر نووسین کردووە.

رەفیق حیلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم بەغداد، ١٩٥٦، ل ١٥٠.

(21) Kollbrunner, Jürg: ibid S. 149.

(٢٢) عبدالله صبری: (اسف ماضی واندیشهء استقبالم)، لەرۆژنامەی پێشکەوتندا بڵاوکراوەتەوە، پێشکەوتن، ژ٦١و ژ٦٢ ٢٣/ ٣٠ حوزەیرانی ١٩٢١ دووبارە



بڵاوکرانەوە، علی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار ـ سیروان بەکر سامی. هەولێر ١٩٩٨ ل ٢٨٥و ل ٢٨٩. گۆران ناوی خۆی بەم شێوەیە لەکۆتایی گوتارەکەدا نووسیوە: شاکرد مکتب البجة/ لە هوز کاتب فارسی/ عبدالله صبری.

(٢٣) تاقانە، ئەحمەد: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چ ئاراس، هەولێر ٢٠٠١ ل ٤٥.

(24) Beutin, Wolfgang: Deutsche Literaturgeschichte. V- Metler Stuttgart. Weimar 2001 S. 202.

(٢٥) رسول، الدکتور عزالدین مصطفی: عبدالله گوران، الآثار الشعرية الکاملة، بغداد ١٩٩١ ص٢٢.

(٢٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی نالی، بەغداد، ١٩٧٦ ل٧٥.

(27) Beutin, Wolfgagng: ibid s. 206.

(٢٨) کاک د. ئەنوەر قادر محەمەد لەسەر دەسنووسی ئەم پێشەکییە، ئەم تێبینییەی خوارەوەی نووسی:

رەفیق چالاك بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە، کە لەزەمانی کارکردنیدا لەئێزگە کوردییەکەی (یافا) لەفەلەستین، رۆژێ گۆران کچێ لەبەیرووت دەبینێ و رووەو دەریا دوای دەکەوێ. دیارە کیژەکە رووی نەداوەتێ و ئاوڕی لێنەداوەتەوە. لەپاشدا ئەم شیعرە پیشانی چالاك دەدا.. هەرچەند لەو شیعرەدا گۆران نۆستالگیەکی بۆ جوانی زیدە هەیە:

کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو،
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شلّپو هووڕ**

بەرسیڤی نیگەتیڤو داخستنی دەرگا بەرووی داوای نزیکیو نزیک بوونەوەدا، بەجارێك شاعیری لەخەونێکی شیرین ڕاچڵەکاندووە، بەرزبوونەوەی کوتوپڕی دیوارێك لەنێوان شاعیرو ئەو کچەی خەونی پێوە دەبینێت، شاعیر بۆ باوەشی دایکی نیشتمان دەگێڕێتەوە. ئەم دوو بەیتەی سەرەوەش ئاماژەن بۆ جوانی کچە کوردێك..

(٢٩) هەرجارێك ئەم قەسیدەیەم بیردەکەوتەوە، قسەیەکی کاك حامی حاجی غالیم بیردەکەوتەوە، ئەو دەیگوت: فلاّنە کەس پێمان دەڵێت: ئێوە لادێیینو ((گوێی مۆسیقی)) تان نییە!

لەئەوروپا لەچەند کەسێکی خوێندەوارو ڕووناکبیریی ئەوروپیو کوردم پرسی کەم کەس دەیزانی (تانگۆ/ ڤاڵس/ فۆکسترۆتیس) چین؟

لەم ڕۆژانەدا، هەر بۆ سوعبەت، لە(هەڤاڵ کوێستانی) شاعیرو ڕووناکبیرم پرسی، کە پیاوێکی بەئاگاو کراوەیەو ماوەی نزیکەی (١٨) ساڵە، ژیان لەلەندەن بەسەر دەباتو ئینگلیزیەکی چاکیش دەزانێت: ئەرێ دەزانیت (تانگۆ) یان (ڤاڵس) چییە؟ ئەو هەر یەکسەر تێر بەپرسیارەکەم پێکەنیو دەیزانی چی دەڵێم! گوتی: دوو جۆرە مۆسیقا نییە؟



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پاشکۆ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی پرووهۆشیاری

# بن دەیسان
# فەیلەسوفێکی کوردە

**بەقەڵەمی: مامۆستا عەلی نەقی مەنزەوی**

**ر. زەبیحی کردویەتی بە کوردی**

## یەکەناسی[١] ئیشراقی صوفیان دووناسی [٢] لەکوردستان پێش هاتنی ئیسلام

کوردستان کە بێشکەی (عیرفان)و (صوفی یایەتی)[٣] ئیسلامی یە، پێش ئیسلامیش مەڵبەندی پەیدا بوونی تیۆری عیرافانو ئیشراقی بوە کە بە زمانەکانی ئەوروپایی پیێ دەڵێن (گینو سیزم).

لەچەرخێك پێش میلادەوە تا چەرخی حەوتەم، لەزانستگاکانی کوردستان (روها، حەرران، نەسیبین)و هەروەها لەخۆزستانیش لەزانستگای (جوندی شاپوور)دا (فەلسەفەی ئیشراقی)و (یەکە ناسی ئیشراقی)و (دووناسی کوردی) دەخوێندرا.

کاتێ عەرەب هاتنە ئەو مەڵبەندانە مەدرەسەکان بۆ ماوەیەك داخرانو لەنیوە چەرخی هەشتەمی میلادی را (= م. ھ) ئەو مەرکەزە عیلمی یانە، سەر لەنوێ نووریان لێ هەڵستایەوە.



مەكتەبی پرووهۆشیاری

بۆ ئەوەی مەبەستەکە روون بێ، پێویستە لەپێشدا چەند مصطلحیکی فەلسەفی روون کەینەوە لەپاشان باسی چەند مەڵبەندێکی عیلمی کوردستان بکەینو لەدواییشدا فەیلەسووفی گەورەی کوردی (بردەیسان) بناسێنین.

### یەکەناسی ئیشراقیو یەکەناسی ژمارەیی:

سوورەوەردی صۆفی کە لەساڵی ٦٨٢ ك شەهید کراوە[٤] دەڵێ: یەکەناسی ژمارەیی بەرامبەر دووناسیو سێ ناسییە، بەڵام یەکەناسی ئیشراقی مانای (کل)ەو هیچی بەرامبەر نیە، یەکەناسی ئیشراقی بەمانای (بوون) کە تەنیا (نەبوون)[٥] روو بەرووی دەوەستێ، کەوابوو یەکەناسی ئیشراقی تەکثیر ناکرێ.

### یەکەناسی جوولەکە یەکەناسی ژمارەیی بووە:

جوو ناوی خودای خۆیان نابوو (یەهوە)و، وەکوو پاتشایەکی (جەببار)ی لەهەموو پاتشایان گەورەتر، دەیان هێنا بەرچاوی خۆیان، خودای جوولەکە هەر بۆیە (تاك) بوو کە لەهەموو زۆرداران زۆرداتر بوو، یەعنی لەخودای نەتەوەکانی تر بەدەستەڵاتر بوو، بەڵام لەزۆر صفاتی تری یدا خەڵکی لەرەنگ هەبوو.

### دووناسی:

فەلسەفەی دووناسی رێشەی هیندو ئاریایی هەیەو لەدوو هەزار ساڵ پێش میلادەوە، هەموو ئەو خەڵکانەی لەنێوان دۆڵی (سەند)و چەمی (فورات)دا ژیاوون، بەشێوەی جۆور بەجۆر باوەڕیان پیێ ـ ی هەبوە ئەو خەڵکانە دنیای مادديان بە (سینتیز)ی[٦] تێك هەڵەنگووتنی دوو دنیای ناکۆك لەگەڵ یەك یەعنی دنیای نوور (= خێر) لەلایەكو دنیای تاریکی (= شەڕ) لەلایەکی ترەوە ـ دادەناو بەقسەی شەهرستانی[٧] بە سینتیزیان گوتوە (معدل) (ملل‌و نحل ج١ ص ٢٥٢) ئەوان دەیانگوت دنیای نوور یا (یەزدان) هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خراپەدا نیەو محاڵە شەڕ لەخێر بکەوێتەوەو پێچەوانەی ئەمەش مەبدەئی شەڕ (دنیای تاریکی) هیچ دەستەڵاتی بەسەر خێردا نیەو محاڵە چاکەی لێ پەیدا ببێ. ئەم قانوونە لە زانستی (کلام)ی ئیسلامدا بەصیفەی (لایصدر من الواحد

الا الواحد) باس کراوە. لەتێك هەڵەنگووتنی دوو دنیای ناکۆکی خێرو شەڕ دنیای (معدل)ی سێیەم پەیدا بوە کە دنیای ماددی ئێمەیە، دنیای ماددی لەتێکەڵاو بوونی بەشە ناکۆکەکانی ئەو دوو دنیایە پێکهاتووە، ئینسان کە کاملترین پارچەی دنیای سێیەمە، لەتەرکبیدا عناصری خێرو شەڕ یەك ئەندازەیە.

بۆیە دەتوانێ ببێتە هۆی خێرو شەڕ، هیچ یەك لەم دوو سەرەتایە ناتوانن ناچاری کەن بەلای یەکێکیاندا بکەوێ، تەنیا ئەقڵی ئینسان تواناى هەیە ئەوی بۆ لای چاکە یان خراپە (ئیختیار)ەی ئینسان بۆتە رەکێش کاو هەر ئەو سەرچاوەی هەموو مەسئوولیەتێکی ئەخلاقیو حقوقی.

ئەنجامی کاری چاك روو کردنە عالەمی خێرەو لەئاخریشدا یەك بوونە دەگەڵ دنیای نوور (بەهەشت) نەتیجەی کاری خراپیش پیاو بۆلای عالەمی تاریکیو دەردو ئازار دەکێشێو ئاخری دەیان کا بە یەك (جەهەننەم)

## روها = ئیدیسسە EDESSAE

شاری ئیدیسسە کە موسڵمان ناویان لێ ناوە (الرها) [٨] لەقەراغ چەمی (دەیسان) بوو کە ئێستا کەوتۆتە خاکی تورکیاو پێی دەڵێن (قەرەقویون = مەڕی رەش)، ئەم شارە لەچەرخێك پێش میلادەوە تا چەرخی شەشەم مەڵبەندی ئاڵو گۆڕکردنو لێکخشانی بیری نەتەوەکانی ئاریو سامی بوە. لەدانیشنگای (روها)، بیری (مەشپایی)[٩] یۆنانی، ئیفلاتوونی نوێ ـ ی ئەسکەندریەو گینوسیزمی هیندی وێکڕا دەخوێندران. یەکەناسی ژمارەیی جوولەکانو دووناسی کوردی ئامێتەی یەك دەبوون، پێغەمبەرایەتی ئیسرائیلیو ئیشراقی هیندو ئاریایی لەوێ یەکتریان دەدیتەوەو تێکەڵ دەبوون.

٢٩ کەس لەبنەماڵەی (ئابگار) کە خۆیان بەرەچەڵەکی پادشایانی ئەشکانی حیساب دەکرد، لەساڵی ٩٩ی پێش میلادەوە تا ٢١٧ی پاش میلاد لەسەر ئەم مەنتقەیە فەرمان رەوای یان کردوە، مێژووی پێنج چەرخی ئەو شارە لە چەرخی شەشەما لەلایەن کابرایەکی نەناسراوەوە بەزمانی سوریانی نووسراوە فەیلەسووفی گەورەی کورد کە موسوڵمانان پێ ـ ی دەڵێن (ابن دیصان)و سوریانێکان (بردیسان)، ساڵی ١٥٤ی میلادی لەشاری ئیدیسسە (روها) لەدایك بوەو ساڵی ٢٢٢ مردووە. ئەو لەدەرباری ئابگاری نۆیەم



(١٧٦ ـ ٢١٦م) دەژیا. کۆرش ئەفرام (٣٠٦ ـ ٣٧٣م) کەمەسیحێکی (متعصب)، ووشکە مقەددەسو دوژمنی سەرسەختی (ابن دەیصان)و دووناسی (دوئالیزم)و فەلسەفەی ئیشراقی یە هەر خەڵکی شاری (ئیدیسسە)یە.

فەرهاد فەیلەسووفی زەردەشتیش کە پاشان بوو بە مەسیحیو گەیشتە پایەی (أسقف)ی (سلوکیە) لەو مەدرەسەیە خوێندوویە.

## شارەکانی حەرران و نسێبین[١٠]

لەچەرخەکانی ٦ و ٧ی میلادی دا مەڵبەندی عیلمی لە (روها) راهاتە ئەم دوو شارانە، عەرەب لە ٦٣٩ ئەو دوو شارەیان گرتو مەدرەسەکانی نیزیکەی صەت ساڵێك داخران. لەفەیلەسووفەکانی دەوری ئیسلام کە لە دانیشگای (حەرران) دەرچون (سابیت بن قەرە)و کوڕەکانیو (ئەبو عبدالله بستانی) کە لەچەرخی سێیەمی هیجری (= ٩م) دەژیان بەناوبانگن.

## بردەیصان:

بردەیسان (ابن دەیصان) ئەو فەیلەسووفە لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٥٤ی میلادی لەدایكو باوکێکی کورد بەنێوی (نهاما)و (نهشیرام) لەشاری (رۆها) کە (ئورفاو ئیدیسسەشی پێ دەگوترا هاتۆتە دنیاوەو چونکە چۆمی دەیسان (= قەرەقویون) بەم شارەدا دەڕوا بە (بردەیسان)[١١] یەعنی رۆڵەی (دەیسان) ناوبانگی دەرکرد، دایكو بابی لەدەرباری مانۆی هەشتەم (١٣٩ ـ ١٦٣م) لەبنەماڵەی ئابگارێکان کە خۆیان بەپارتی[١٢] دەزانی ئیشیان دەکرد. (بردەیسان) لەگەڵ ئابگاری نۆیەم کە وەلی عەهد بوو پێگەیندرا، لەمەدرەسە فێری زمانی سوریانیو یۆنانی بوو کە زمانی عیلمی ئەو سەردەمە بوون، لەسوریانی دا تا ئەو رادەیە پێش کەوتبوو کە بەداهێنەری شیعری سوریانی ناسراوە.

بەبۆنەی ئینقلابێکی لەدەربار روویدا بەماڵەوە روویان کردە (مەنبەج)و[١٣] لەمەدرەسەکانی ئەوێ ئەستێرەناسی (= نجوم)و گینوسیزمی کوردی تەواو کرد. کاتێ ئابگاری نۆیەم ئاوڵ دەرسی زەمانی منداڵی ـ ی نیشتە سەرتەخت (١٧٦ ـ ٢١٦م) بردەیسان گەڕایەوە (روها)و تێکەڵاوی مەسیحییان بوو، چوە سەردینی ئەوانو

گەییشتە دەرەجەی کاهینی بەڵام زوو لەو دینە گەڕایەوەو تا دوایی ژیان دیفاعی لەفەلسەفەی دوئالیزمو ئیشراقی کوردی کردو بۆیە کەوتە بەر رقو کینەی مەسیحیان.

لەساڵی ٢٢٢م لەتەمەنی ٦٨ ساڵیدا مرد سێ کوڕو چەند کتێبێکی بە یادگار بەجێ هێشت.

## ئاساری بردەیسان:

ئەو ئاسارەی مێژوو نووسان بەناوی ئەوەوە تۆماریان کردوون زۆرن بەڵام بێجگە لەچەند کتێبێك هیچی دیارنییە. یەکێك لەم کتێبانە (قانوونی وولاتان)ی ناوەو لەسوریانی رابەگەلێ زمانی فەرەنگی (ئەوروپایی) تەرجەمە کراوەو ئێستا وەرنەگەڕاوەتە سەر زمانی دانەرەکەی کە (کوردی)یە. بردەیسان لەم کتێبەدا نظریاتی (دووناسی ـ سێ ناسی) خۆی بەیانکردووەو لەسەر ئەم بناغەیە ئیسپاتی کردووە، کە ئینسان ئازادەو ئیختیاری بەدەست خۆیەتی، (هەروەها) حەتمی بوونی قانوونە تەبیعییەکانو زنجیرەی (علل ومعلول)ی بەشێوەی گفتوگۆ باسی کردووە، ئەم زنجیرەیەی لە مەخلووقاتی سەر زەوی رادەست پێکردووە تا گەیاندوویەتە ئەستێرە گەڕۆكو راوەستاوەکان هەر ئەم نظریەی لەپاشان بۆتە بناغەی نظریەی دە ئەقڵ (نظرية العقول العشرة)ی گینوسیستەکانی پاش ئەو.

بیروڕای (بردەیسان) دەربارەی (ناچاربوونی سەرەتا بەرزەکان)و (حەتمی بوونی قانوونەکان) لەلایەك (مختاربوونی ئینسان) لەلایەکی ترەوە، کە سەرچاوەی دەچێتەوە سەر (دوئالیزم)ی کوردی ئەو رقو کینەی مەسیحیو جوولەکەو جەبریو لایەنگرانی یەکەناسی ژمارەیی هەڵساند.

دوو کتێبیشی دەربارەی مێژووی ئەرمەنستانو هیندستان هەبووە، چەند مەقالەیەکیشی لەسەر، دوئالیزم رووناکیو تاریکی، تەوحیدی ئیشراقی، وە جووڵانو ویستان (الحركة والسكون) نووسیوە لەشەرحی حالی دا باسی هەڵبەستێکی سەیر دەکرێ کە ناوی (گۆرانی گیان) یا (کوری پاتشا)یە، هێندێك لەشیعرەکانی لەکتێبی خەڵکدا ماوە.



## مەزهەبی بردەیسان:

شەهرەستانی (لە ٥٤٨ ھ ١١٥٣ م مردووە) دەڵێ: ابن دەیصان باوەڕی بە دوو سەرەتای (نوور)و (تاریکی هەبوە، دنیای (نوور)ی زیندوو، بەهەست، زانا، توانـاو خاوەن ئیرادە حیساب دەکرد، لەبەرامبەری دا، دنیای (تاریکی)، بێگیان، بێ هەست، نەزان، دەستەوسانو بێ ئیرادە دادەنا. کردەوەکانی سەرەتای (خێر)ی ئیختیاریو کارەکانی سەرەتای (شەڕ)ی بە (ئیجباری یا جەبر)ی لێك دەدایەوە.

بردەیسان دەیگوت: وجوودی هەموو شتێك یەکە، ئەویش (خودا)یە کەوابوو هەموو رەنگەکان، هەموو ئەو شتانەی دەبینرێن، بۆنەکان تامو چێژەکانو دەنگەکان هەموو یەکن، وە جیاوازییان لەیەکتری بەستە بەئەندازەی ئەو (تاریکی) یە کە تێکەڵیان بووە (مللو نحل ج ١ ص ٢٥٠ ـ ٢٥١) هەرئەو (نظریە) یەی (بن دەیصان)ە بۆتە سەرچاوەی تەوحیدی ئیشراقی کە دەڵێ: لەدنیادا بێجگە لەچاکەو خێر هیچ شتێك نییەو، (بوون) یەعنی سەرەتای خێر، هەموو خراپەو شەڕ دەچنەوە (نەبوون)بۆ نموونە:

پیاو کوشتن خراپە، چونکوو لەناوبردنی ژیانە، بەلام خاسیەتی (بڕین)کە لە چەقۆدایە یا قودرەتی تیر خۆیان لەخۆیاندا خراپ نین. بردەیسان لای وابوو: کاتێ نوور تێکەڵاوی تاریکی بوو، بوو بەهۆی پەیدابوونی (دنیای ماددی)و ئاسمانو ئەرز کە شەڕو خراپەیان تێدایە، خودا (مەسیح)ی بۆ جودا کردنەوەی خێرو شەڕ لەیەکتر نارده ئەم دنیایەو ئەم ئیشە شەش هەزار ساڵ درێژە دەکێشێ.

ئەو ئیعتیرافەی بردەیسان بە (مەسیح)و ئەو نظریانەی کە لەبابەت (ثالوث) هەیبوو لەلایەن مەسیحییەکانەوە بەبەڵگەی مەسیحی بوونی داناوە، کەچی (مانی)و (محمد) یش مەسیحیان بەناردراوی خودا زانیوەو ناتوانین بڵێین (مەسیحی) بوون. نظریەکانی بن دەیصان لەمەڕ (ثالوث) لەگەڵ (ثالوث)ی مەسیحی جیاوازییەکی بنەڕەتیان هەیە[١٤].

## ثالوثی ئاریانیو ثالوثی مەسیحی:

وەكو باسمانكرد ئاریایێكان دەیانگوت دوو سەرەتای (خێر)و (شەڕ) هەیەو بەدنیای (نوور) و (تاریكی) تەعبیریان لێ دەكردو دنیای ماددیان بەسینتیز (معدل)ێك دادەنا كە لەناكۆكی نێوان ئەم دوو دنیا پەیدابووەو بن دەیصان ناوی لێ نابوون: باوكی ژیانو دایكی ژیانو ژیان.

بەڵام دامەزرێنەرانی مەزهەبی مەسیحی یەعنی حەوارێكانی مەسیح (ثالوث)ی ئاریاییان وەرگرتووەو شێواندوویانە، چونكوو خۆیان جوولەكە بوونو بڕوایان بەیەكە ناسی ژمارەیی هەبوە، ناكۆكی نێوان دوو سەرەتاكە تێ نەگەیشتوونو سینتیزێكی لەم ناكۆكییە سەری هەڵداوە بۆیان ساغ نەبۆتەوەو ناوی (باوكو كوڕو روح المقدس) یان لێ ناوە كە هیچ ناكۆكییەكیان لەبەیندا نییەو راستییەكەی سێ صفەتن بۆ یەك شت. بەم جۆرە ثالوثیان بردۆتەوە سەر تەوحیدی ژمارەیی جوولەكەو بوونە (جەبری) لایان وایە كلیلی بەهەشتو جەهەندەم بەدەست یەكێكەوەیەو هەر كەسێ بیەوێ دەینێرێتە بەهەشتو هەركەسیشی نەویست رەوانەی جەهەندەمی دەكا. پۆڵس دەڵێ: خودا هەركەسی ویست هیدایەتی دەكاو هەركەسیش بیەوێ گومڕای دەكا، وەكو ئەو كەسەی گۆزە دروست دەكا هەر لەیەك (قوڕ) گۆزەیەك بۆ شەرابی بەتامو چێژو گۆزەیەكیش بۆ شتی فڕێدراو دروست دەكا (ئینجیل، نامە بۆ رۆمیان ٩: ١٨ ـ ٢١).

## بن دەیصانو جەبرو ئیختیار:

هەروەكو دیتمان جوولەكەو مەسیحی چونكو ئینسانیان بەرامبەر یەك راكێش (جاذبە) رادەگرت ناچار دەبوون (جەبری) بن، تەنانەت مەسیحی كە خۆیان بە (ئیختیاری) لەقەڵەم دەدەن، ناتوانن لە داوی (جەبر) رزگار بن، دەلیلیش ئایەتە (جەبری)یەكانی ئینجیلە كە یەكێكمان لەسەرەوە باس كرد. بەڵام بن دەیصان وەكو دوئالیستێكی (ثنوی) ئینسانی لەبەرامبەر راكێشی (خیر)و (شەڕ)دا دەدیت كە ئەقڵی حاكمەو دەتوانێ ئەملاولا بكاتو بەهەرلایەكدا ویستی خۆی ساغ بكاتەوە، لەوەختێكا



كە ئینسانی بە (مختار) دەزانی، زنجیرەی (علل ومعلول)ی (مەجبوور) دەدی یەعنی لە (مادیات)دا باوەڕی بە (حتمیت) هەبوو، چونكو مادیات شەڕانینو خودای شەڕ، مردوو، بێ تێگەیشتن (غیر مدرك)و بێ ئیختیارە. بن دەیصان دەیگوت: ئەنجامی كاری چاك نیزیك بوونەوەیە لە (نوور)و ئاخرێكەشی یەكبوونە لەگەڵی، نەتیجەكەی كاری خراپیش دووركەوتنەوەیە لە (نوور)و ئاخرێكەشی توانەوەیە لەتاریكیدا. باوەڕیشی بە بەهەشتو جەهەندەمی ماددی (ئەو دنیا) نەبوو. هێندێك لەنظرییەكان بن دەیصان دەربارەی بەهەشتو جەهەندەم زۆر نیزیكە لەنظرییەكانی (ابن سینا)و (خواجە نەسیری تووسی) كە لەكتێبی (أضحویە)و (سەرەتاو ئەنجام)دا باسیان كردووە[١٥].

## بن دەیصانو یەكەناسی ئیشراقی:

دەتوانین بڵێین كە یەكەناسی ئیشراقی صۆفێكانی كوردستان لەپاش ئیسلام هەر نظرییەكانی بن دەیصانەو كامڵ تر بووە، بن دەیصان هەموو نوورو مەفهومی سەلبیشی (مردوو، بێ ئیرادە، بێ توانست، نەزانی) بەصفەتی دنیای تاریكی دەزانی. صۆفێكانیش كە باسی یەكەناسی ئیشراقی دەكەن دەڵێن: دنیای ماددی كە وەكو ئامێتەی خێرو شەڕ دێتە بەرچاوان بەڕاستی هەر (خێر)ی رووتە چونكە شەڕو خراپە هەمووی كاری سەلبیو نەبوونە (عدم)و چونكو بوونیش (وجود) هەر هۆیەكی[١٦] هەیە ئەویش نوورو خێری (مطلق)ەو نەبوون پێویستی بەهۆ نییە: كەوابوو، سەرەتای دنیا (یەك)ە كە بوونی مطلقی دنیایەو بەرامبەری لە (نەبوون) بەولاوە هیچی تر نییەو (ماهیت)ە جۆربەجۆرەكانی دنیا پلەی[١٧] جۆر بەجۆری وجودی مطلقن.

## سورەیانێكانو بن دەیصان:

هەر بەو جۆرەی فارسەكان پاش ئیسلام، خزمەتی عیلمو ئەدەبو فەلسەفەی عەرەبانیان كردووە، كوردیش پێش ئیسلام خزمەتی زمانو ئەدەبو فەلسەفەی سورەییانیان كردووە، ئەگەر (ابن سینا)ی بەڵخی زۆربەی كتێبە فەلسەفیەكانی خۆی

بەزمانی عەرەبی نووسیووە، (بن) دەیصانی کوردیش ئاساری خۆی بەزمانی سورەییانی نووسیوە هەروەکو (محمد خلیل بن احمد فراهیدی) وەزنی شیعری عەرەبی ڕێكوپێك کرد (بن دەیصان)ی کوردیش عەینی ئەوەی بۆ شیعری سورەییانی کردووە. هەروەکو عەرەب (ابن سینا)و (رازی)و (فارابی)و (بیرونی) بەفەیلەسووفی عەرەب ناودەبەن، سورەییانێکانیش (بن دەیصان) بەفەیلەسووفی سورەییانی دادەنێن، کەچی هەموو مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن دایك و بابی کوردە، بەدرێژایی مێژوو مەسیحیەکان هەرچی کتێبی هەیان بووە پرپیان کردووە لەجوێن و قسەی ناشیرین و شاباشی ئەو فەیلەسووفە مەزنەیان کردووە، پێیان گوتوە دووناس، وەرگەڕاو (مرتد) شەیتان و منجم، ئەوا لەساڵی ١٩٦٥ەوە مەسیحیە ئیصلاحییەکان (بن دەیصان)بە مەسیحی دادەنێن، هەروەکو پێغەمبەری ئیسلامیشیان وەکو یەکێك لەناردراوەکانی مەسیح قبووڵ کردووە.



## پەراوێزەکان:

١ـ یەکەناسی: تەوحیدی فەلسەفی، بۆیە نالێم یەکە پەرستی چونکوو لەوانەیە شتێك بناسرێ بەڵام نەپەرسترێ، لەبارێکی تریشەوە پەرستن ڕەنگێکی دینی لەووشەکە دەدا، هەروەها ناسین گشتی یان (کل)و پەرستن (تایبەتی یان جزء)ە

٢ـ دووناسی: الثنویە، دوئالیزم، فەلسەفەیەك کە بناغەی لەسەر دوو سەرەتا دانرابێ.

٣ـ صوفی یایەتی/ التصوف ـ دەتوانین بشڵێین سۆفی گەری بەڵام ئەمەیان لەفارسی نیزیکترە تا شێوەی کوردی.

٤ـ سوهرەوەردی (السهروردی)، سێ کەس بەناوی (سوهرە وەردی) بە ناوبگن و هیچیان لەو ساڵەدا (٦٨٢) کە خاوەنی ووتار نووسیوێتی نەمردوون ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە، شهاب الدین کوڕی یحیی یە چەند لەقەبیان داوەتێ: (شێخی ئیشراق)، (شێخی کوژراو)و (شێخی شەهید) کونیەشی (ابو الفتوح) بوە، ساڵی ٥٤٩ ـ ﻫ لە (سوهرەوەرد) لەدایك بوە، دەرسی حیکمەت و (اصول فقە)ی لەشاری (مەراغە) خوێندوە حیکمەتی ئیشراقی بووژاندوتەوە.

فەلسەفە یا حیکمەتی ئیشراقی کە لەدەوری بووژانەوەی دا یەکجارەکی بەستراوەتەوە بەناوی (سوهرەوەردی) تێکەڵاوێك بوە لەفەلسەفەی ئیفلاتون، فەلسەفەی ئیفلاتوونی نوێ (مەدرەسەی ئەسکەندەریە) بیری حەکیمانی کۆنی ئێران و اصولی دینی زەردەشت و ئیسلام (تم: المنجد، الأعلام، ص ٢٦٦ ـ و دوکتور معین، فەرهەنگی فارسی، ج٥، ص ٨٣٠).

سوهرەوەردی لای وابوە بە هۆی (کشف، مشاهدەو ئیشراق) حەقیقەت دەردەکەون بۆیە ئەو حەقیقەتانەی کە بەو ڕێگایانەدا بۆ ئینسان ئاشکرا دەبێ، بە بەرپەچ دانەوەی هەندێ کەس ناگۆڕێن، سوهرەوەردی لەسەر ئەم بیروباوەڕانەی تاوانی ئیلحادو گۆمڕایی درایە پاڵ و مەلاکانی (حەلەب) خوێنیان حەڵاڵ کردو لەساڵی ٥٨٧ ـ ﻫ

لەبەندیخانەی شاری حەلەب بەفەرمانی صلاح الدین خنکاندیان، لەم وەختەدا تەمەنی ٣٨ساڵ بوو.

سهرەوەردی زۆری کتێب بە فارسیو عەرەبی نووسیوە (تلویحات) و (حکمە الأشراق)ی لەلایەن محمد کوڕی مەحمود حەکیم کە لەقەبی (شهرزوری)یە شەرح کراوە دکتور معین فەرهەنگ ص ٩٣٩ دەڵێ ئەم (شهرزوری)یە: خزمی (سوهرەوەردی) بوە. المنجد دەربارەی سوهرەوەرد دەڵێ: شارێکە لەئێران لەمەڵبەندی (جبال) یا (مادی)و تاچەرخی ١٠ ـ م کوردی لێ بوون، مەغوول وێرانیان کردوە (ص ٢٦٦). سوهرەوەرد بەمانای (سوورە وەرد)، کە دەبێتە (وەرد) ی (سوور)، لەزمانی پەهلەوی دا (سوخر = سوهر)بە مەعنای (سورخ)ی فارسیو (سوور)ی کوردییە، (وەرد) دەتوانین دوو جۆری لێك دەینەوە یەکیان بە مەعنای (وەرد)ی کشتوکاڵە کە ئێستاش خۆمان هەروای پێ دەڵێینو دەبێ لەسەر چاوەی (وەرتا نیتەن) پەهلەوی (= هەڵ گێرانەوە) وەرگێڕابێ دووهەمیان (وەرد) بەمەعنای گوڵ یەعنی هەر (وەرد)ی عەرەبی یە کە لەپەهلەویدا بەقسەی دوکتور فرەهوەشی (وەرت) بوە: (فەرهەنگی پەهلەوی ـ فارسی، ص ٤٥٣) یا وەکوو پروفیسور ئابراسیان دەڵێ (وەرتە) یە (فەرهەنگی پەهلەوی، فارسی، ئەرمەنی، روسی، ئینگلیزی، ص ١٤١) ووشەی (وەرت یا وەرتە) بەمانای گوڵ ووشەیەکی ئاری یەو (هوزوارش) نیە، هوزوارش بەم ووشە ئارامی یانە کوتراوە کە داخلی زمانی پەهلەوی بوونو هەروەکو خۆیان نووسراونو لەخوێندنەوەدا مقابلە (ئاری) یەکەیان (تلفظ) کراون بۆ نموونە (ملکان ملکا) نووسراوەو (شاهان شا) خوێندراوەتەوە. هەرچۆنێ بێ (وەرد) بە مەعنای گوڵ یاوەردی کشتوکاڵ بێ (سوورە وەرد) تەرکیبێکی کوردیە جایا (گوڵی سوور) یا (وەردی سوور)ەو لەسەر ئەو ئەساسە (سوهرەوەردی)ش کە لەشارێکی کوردان هاتۆتە دنیاو خزمی (شارەزووری)شە وەکوو (بن دەیصان) کوردە.

٥ـ بوونو نەبوون: وجودو عدم.

٦ـ سینتیز: ووشەیەکی یونانییەو مەعنای تەرکیب دەدا کە دژی تەجزیەو تەحلیلە. شێوەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستی یە بۆ تێگەیشتنی (معرفە) (ئەشیا) شت، رووداوو (ظواهر)، عاملی جیاجیا یان شی دەکاتەوە، پەیوەندی یان پێکەوە هەڵسەنگێنێ، عاملی گرینگ نەبن بەلاوە دەنڕێن ئەوانی دەمێننەوە سەر لەنوێ لەمێشکدا (تەرکیب) دەکرێنەوە ئەنجامێکی مەنتیقی لێ وەردەگیرێ (تێز) و (ئانتی تێز) و (سینتیز) سێ مەقوولەی دیالیکتیکین، بۆ نموونە یاوجود (تێز)ەو نەبوون یا عەدەم (ئەنتی تێز)و (تحول) بەسەنتیز دەناسرێ.

٧ـ شەهرستانی: ناوی محمدە لەمەڵبەندی (شەهرستان)ی خوراسان لەدایك بوە لەگورگانو نیشاپوور خوێندوویە، سی ساڵ لەبەغدا نیشتەجێ بوە چەند کتێبێکی نووسیوە، لەهەموان بەناوبانگ تریان (مللو نحل)ە کە مەزهەبە فەلسەفیو دینێکانی ئەو سەردەمەی تێدا باس کراوە.

٨ـ الرها (روها): شارێك بوە لەباکووری میزۆبۆتامیا (= بین النهرین) لەپێش ئیسلامدا گەلێ مەدرەسەی تێدا بوە تا ئەو رادەیە کە بەپاتەختی رۆشنبیریو ئاداب ناوبانگی دەرچوو بوو، خەڵکەکەی دەوڵەمەند بوون عەرەب لە ٦٣٩ ـ م گرتوویانە، لە ٩٤٢دا کەوتۆتە دەست (بیزەنتی) یەکانو ساڵی ١٠٩٨ لەشەڕی خاچ پەرستاندا کەوتە دەست فەرەنگان، (بودرانی بوولۆنی) برای (گۆدفروابوون) ئەمارەتێکی مەسیحی تێدا بنیات نا پاش ئەو بەدەست عمادالدین زەنگی پادشای مووسڵەوە بوە، ترکان لە ١٦٣٧ گرتوویانە، یۆنانێکان ئەو شارەیان ناونا بوو (ئیدێس)و ئێستا ناوی (ئورفە)یەو لەسەر خاکی تورکیا حسابە (تم المنجد: ص٤٦. معین: فەرهەنگی فارسی، ج ٥ ص ١٠٩، لا ڕووسی فەرنسی ص ١٣٣٠).

٩ـ مەششایی: فەلسەفەی ئەرەستوو، ئەو ناوەی بۆیە لێ نراوە چونکوو ئەڕەستوو کاتێ دەرسی بەشاگردەکانی گوتوە پیاسەی کردوە (المنجد: أعلام ص ٧٦٤).

١٠ـ حەرران‌و نسیبێن: حەرران شارێکی کۆنە تا سەرەتای ئیسلامیش ئاوەدان بوە، بەشی زۆری ئەو کەسانەی کتێبی فەلسەفەو پزیشکی (طب) یان کردۆتە عەرەبی خەڵکی ئەو شارە بوون، لە ٣٥ کیلۆمەتری (الرها) بوە (تم: معین، ج٥ ، ص ٤٥٧). نسیبێن/ شارێکە لەمێزۆ بوتامیا لەسەر چەمی چەق چەق (چخچخ) ١٢٠٠٠ کەسی تێدا دادەنیشتێ، کۆن مەدرەسەی سوریانی (سۆرەییانی) لێ بوەو بەوە ناوبانگی دەرکردوە

(المنجد: أعلام ص ٥٣٤). ئێستا ئەم شارە لەسەر تورکیایەوەو لەگەڵ (قامیشلی) کە خاکی سوریایە بەپێ چەند دەقیقەیەکیان بەینە.

١١ـ (بر) لەلقەکانی زمانی (سوریانی)دا بەمەعنا رۆڵە (ابن، بن)ە لەزمانی ئاسوریو کلدانی دا بوونە= کۆڕ، براتە= کچ.

١٢ـ پارتی (پەهلەوی کۆن): پەرثەوە. عەرەبی فرثی، قەومێك بوون لەباکووری رۆژهەڵاتی ئێران (خوراسانی ئێستا)، پاش بی هێز بوونی جێ نشیەکانی ئەسکەندر لەئێران، دەوڵەتی (ئەشکانی) یان دامەزراند.

١٣ـ مەنبەج: شارێکی کۆنە، ئێستا شارۆ کەیەکە لەنیزیکی حەلەب ٢٠٠٠ کەسێکی تێدا دانیشتووە.

١٤. المنجد لەباسی بردەیسان (بردصان)دا دەڵێ کتێبی (قەزاو قەدەر) کە پاش تەورات کۆنترین کتێبە بەزمانی (سوریانی) نووسراوە. دەڵێن ئەو دایناوە (ص ـ ٧٠ ـ أعلام).

١٥. نووسەری ووتار ووتویە تیۆری (بردەیسان) لەتیۆری (ابن سینا)و (خواجە نەسیر)ەوە نیزیکە کەچی دەبوایە بڵێ تیۆری ئەم دووانە لەتیۆری (بردەیسان) دەچن چونکو ئەم لەپێش ئەواندا بووە.

١٦. هۆ: عیلل. سبب.

١٧. پلە: (درجە).

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (هاوکاری): بەشی یەکەم: ژ، (١٨١) رۆژی ١٩٧٣/٨/٢٤

بەشی دووەم: ژ، (١٨٢) رۆژی ١٩٧٣/٨/٣١

---

★ ئەم نووسینەی مەنزەوی کاتێك دۆزرایەوە نووسین و تایپی کتێبی (مێژووی بیری کوردی) کۆتایی پێهاتبوو. ئێمە لەپاشکۆ دامانبەزاند، بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز سوودی لێوەربگرن، هەرچەند نووسینەکە هی من نییەو مامۆستا زەبیحی وەریگێڕاوە. کاك عەلی کەریمی لەدۆزینەوەی ژمارەکانی هاوکاری و هەڵبڕیو نووسین لەسەر مەنزەوی‌و زەبیحی زۆری یارمەتیداین، جێگەی پێزانینو رێزە.

(مامۆستا جەعفەر)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# زەبیحیو مەنزەوی وەرگێڕو نووسەر

**عەلی کەریمی**

٢٠٠٩/٣/١٧

عبدالرحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما) کەسایەتی ناسراوی کورد بەدوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) لەشاری مەهاباد لەخێزانێکی مامناوەندی لەدایك بووە.

لەهەرەتی لاوییەتی تێکەڵ بەسیاسەتو خەباتی کوردایەتی بووە. لەساڵانی (١٩٣٧ ـ ١٩٣٨) تا دەگاتە ١٩٤٢ ، لەکۆڕو کۆمەڵی ئەوکاتی شاری مەهاباد باسیان لەزوڵمو زۆری حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کردووەو تێکۆشاوە بۆ پەرەو گەشەپێدانی هەستو بیری رزگاریخوازی نەتەوەی کورد. یەك لەدامەزرێنەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف (ژیانەوەی کوردستان) بوو. سەرنووسەرو بەڕێوبەری گۆڤاری نیشتمان (بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ك) بووە.

لەکۆماری کوردستان لەمەهاباد بەشدارو چالاك بووە. دوای رووخانی ئەم کۆمارە جوانەمەرگە رووی کردوەتە خوارووی کوردستانو بەبێ جیاوازیو دوودڵی لەم بەشەی کوردستان تێکەڵ بەخەباتی سیاسیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی بووە، لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا تا پلەی مەکتەبی سیاسی رۆیشتووە. لەساڵانی ١٩٥٦ ـ ١٩٥٨ رووی کردۆتە سوریاو لەوێش تێکەڵ بە ئەو کەسایەتیو لایەنانە بووە، کە دەحەولی کوردایەتیو پێکهێنانی حیزبێکی نەتەوەیی کوردیدا بوون. مامۆستا زەبیحی

لەنووسین و وتاری سیاسی و ئەدەبیدا دەستێکی باڵای هەبووەو وتارو نووسینەکانی لەزۆربەی بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمانە لەخوارووی کوردستان و بەغداو سوریا بەزۆری دەبینرێن. یەك لەشاکارەکانی مامۆستا زەبیحی ـ قامووسی زمانی کوردییە، بەداخەوە تەنیا دوو بەرگی ( أ و ب) کەوتنە بەردیدی خوێنەران و مەرگ مەودای نەدا چاپی هەموو بەرگەکان تەواو بکا.

مامۆستا زەبیحی لەساڵی ١٩٨٠ ـ ١٩٨١ بەشێوەیەکی گومناویی لەعیراق بێ سەرو شوێن کراو بەدەستی رژێمی فاشی بەغدا لەناوچوو.

مامۆستا زەبیحی بەتێکۆشەرێکی نەتەوەیی ناسراوەو هەموو ژیانی بێ وچان تەرخان کرد بۆ خزمەت بەفەرهەنگ و خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد، لەهەرکوێیەك ئاسەوارێکی بینیبێت و زانیبێتی خزمەت بەفەرهەنگ و مێژووی کوردی دەکات، بەدوایداچووەو خۆی بۆ ماندووکردووە، ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٢ لەبیروت تووشی زاناو دانیشمەندی ئێرانی، عەلی نەقی مەنزەوی بووەو ئاگاداربووە کە ئەم زانایە لەمەر (بن دەیسان) وتاری نووسیوە، یەکسەر کە هاتۆتەوە بەغداد، لەرۆژنامەی هاوکاریدا وتارەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردۆتەوە، بێ گومان تەنیا شتێك کە سەرنجی زەبیحی بۆ ئەم باسە راکێشاوە، ئەوەبووە کە بن دەیسان زاناو فەیلەسوفێکی گەورەی کورد بووە.

بەڵام عەلی نەقی مەنزەوی کێ بوو؟

دکتۆر عەلی نەقی مەنزەوی: کوڕی گەورەی شێخ ئاقای گەورەی تاران (مەنزەوی) لە ٢٣ی پوشپەڕی ١٩٢٣ لەسامەڕەی عیراق لەدایك بووە. کە باوکی بۆ درێژەپێدانی خوێندن لەتارانەوە رووی تێ کردبوو. خوێندنی سەرەتایی و کۆنی لەلای ئایەتوڵا حاج سەید ئەبولحەسەنی ئیسفهانی و حاج شێخ موسا خوانساری و حاج شێخ عەبدولحوسێن رەشتی و میرزا حەسەنی بجنوردی و باوکی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٠ لەزانکۆی تاران لیسانسی لەمەعقول و مەنقول وەرگرتووە. هەروەتر ساڵی ١٩٥١ لیسانسی حقوق و ساڵی ١٩٥٨ دوکتورای حقوقی هەر لەزانکۆی تاران تەواو کردووە. چەند ساڵێکی لەژێر ئەشکەنجەو زیندانی و ساواکی شادا بەسەر بردووەو پاشان رووی



لەعیراق (نەجەف)و بەیروت کردووەو لەزانکۆی سێن ژوزەف تێزی دوکتورای لەمەر فەلسەفە (پێغەمبەری) ابن کمونە وەرگرتووە.

عەلی نەقی هاوکاری نزیکی فەرهەنگ نووسانی ئێرانی دهخداو دوکتۆر موعین بووە. بەهۆی ناسراوی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی لەنەجەف و دژایەتی بیروباوەڕیان دوای شۆڕشی ئێران و هاتنە سەرکاری خومێنی نزیك بە ٥ ساڵ کەوتە زیندانی مەلایان و لەژێر ئازاو ئەشکەنجەدا بووە.

ئەم زانایە زیاتر لە ١٥٠ وتارو کتێبی لەمەر مێژووی ئیسلام و ئەدەبیاتی عیرفانی نووسیوەو گرنگترینیان ((طبقات اعلام الشیعە))و ((الاشارات والتنبیهات))و ((نامەهای عین القضاة الهمدانی))یە. زۆر وەرگێڕانی هەیە وەك ((تجارب الامم)) نووسینی مسکویە رازی بەسێ بەرگ کردووەتە فارسی.

مامۆستا زەبیحی لەمەڕ عەلی نەقی مەنزەوی دەنوسێت:

"پار لەبێرووت چاوم بەزاناو نووسەرێکی فارس کەوت، لەبنەماڵەیەکی (مەلا)یان هاتۆتە دنیاو خۆشی مەلایەو لەنەجەف خوێندوویە، بیرو باوەڕی پێشکەوتوانەو ئازادیخوازانەیە، وازی لەمەلایەتی هێناوەو دەستی خستۆتە ناو کتێبە پەڕزەردەکانی مەلایان و خەریکی (لێکۆڵینەوەی زانستی)یە، لەمەقالەیەکا (٧ پرسیارو وەڵام) باسی ئەم نووسەرەم کردبوو کە دەگەڵ دوکتور عفیف عسیران کتێبی (مکتوبات عین القضاة الهمداني)یان تەحقیق کردووە. ئەم نووسەرە (علینقي منزوی)یە دەربارەی مەسەلەی کوردو هەقی نەتەوەی کورد بیروڕای گەلێ باشە، لەم چاوپێکەوتنەماندا باسی فەیلەسووفێکی کوردی پێش ئیسلامی بۆ کردم، داوام لێ کرد کە هەرچی لەم بابەتە دەیزانێ بۆم بنووسێ، وەکو خۆی باسی کرد بەپەلەپرووزێ مەقالەیەکی نووسیووە کە کردوومە بەکوردی و پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی هاوکاریی دەکەم. ئەم فەیلەسووفە لەزمانەکانی ئەوروپادا بە (بەردەسان)و بەسوریانی (بردامیان)ە بەعەرەبی (بن دیصان ـ یا ابن دیصان) ناسراوە، ئەوەی راست بێ ئەم مەقالەیە ساڵێك زیاتر بوو لەلای من نووستبوو دەستم تێ ـ ی نەدەچوو بیکەم بەکوردی تا ماوەیەك لەمەوپێش لەرۆژنامەی (تآخي)دا باسی ئۆردوگا (معسکر) یەکی قوتابیانم خوێندەوە لەشوێنێك کە

ناوی (بن دیزان) نووسرابوو، لەپێشدا واتێگەیشتم کە ئەم ناوە لەدوو وشەی (بن)و (دیزە)و پاشبەندی (ان) بۆ جەمع پێکهاتووە پاش پرسیار لەملاولا ـ بۆم ساغ بو ـ وە کە ناوەکە (بن دایزان)ەو گوندێکە لەنزیك هەندرێن، نازانم بۆچی بەمێشکما هات کە ئەم (بن دایزان)ە لەگەڵ (بن دەیصان) فەیلەسووف دەبێ پێوەندێکیان هەبێ و ئێستاش هەر بۆم ساغ نەبۆتەوە چونکو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژو ورد هەیە، سەرەڕای ئەوەش پێوەندی (بن دایزان)و (بن دەیصان)م هەر لەمێشك ناچێتەدەر. خۆزگە زانایانو نووسەرانی کورد بەتایبەتی مامۆستایانی زانستگا قۆڵیان لێ هەڵدەماڵیو ئەمەیان بۆ روون دەکردینەوە. مەقالەکەی (منزوی) بەلای خۆمەوە پێویستی بەهێندێك روون کردنەوە هەبوو کە لەپەراوێزی باسەکەدا نووسیومن.

ر. زەبیحی"



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# ژیاننامە

- فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر).
- لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان).
- بڕوانامەی ماستەر لەساڵی ١٩٩٢ لەکۆمەڵناسیو زانستی سیاسیدا ـ لەبەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی (جۆرج ئۆگست) لەئەڵمانیا، وەرگرتووە.
- ١٩٧٠ یەکەم وتاری بەزمانی عەرەبی لەگۆڤاری (الف باء)ی بەغداییدا بلاوکردۆتەوە.
- هەر لەهەمان ساڵدا پەیوەندی بە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەوە کردووە.
- ئەندامی لیژنەی خانەقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە.
- لەساڵی ١٩٧١دا بووە بەئەندامی لقی دیالای یەکێتی قوتابیانی کوردستان.
- لەساڵی ١٩٧١دا پەیوەندی کردووە بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە.
- لەساڵی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥دا پەیوەندی کردووە بەهێزی پێشمەرگەوە.
- بووەتە ئەندام لە (یەکێتی نوسەرانی کورد).
- ئەندام لەلیژنەی باوەڕ لقی خانەقی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).
- ئەندامی (کۆمیتەی هەرێمی پێشڕەو) لقی بەغداو خانەقی لەساڵی ١٩٧٧.
- دامەزراندنی رێکخراوی (هەڵۆی سوور).
- چووەتە شاخو بەشداری لەدەستە چەکدارەکانی قەرەداغو گەرمیان کردووە.
- لەساڵی ١٩٧٨دا بووەتە ئەندامی (ناوەندی کۆمەڵە) کە پێکهاتبوون لە (نەوشیروان مستەفا، ئازاد هەورامی، م. جەعفەر).
- ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.
- ١٩٧٩ لێپرسراوی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ١٩٨٢ بەرەو ئەڵمانیا کۆچی کردووە

ـ ١٩٩١ ئەندام لەرێکخراوی یەکێتی نوسەرانی جیهان (PEN).

ـ ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری رووناکبیری بووە، کە ئەوکات لە ستۆکهۆڵم دەردەچوو.

ـ بەشداری لەچەندین سیمینارو کۆنگرەی جیهانیدا دەربارەی مەسەلەی کورد لەشارەکانی (بریمن، لۆزان، بۆن، دۆسلدۆرف، ئەمستەردام، بەرلین، گویتنگن... هتد) کردووە.

ـ ئەندام بووە لەلیژنەی دامەزرێنەری رێکخراوی دۆستایەتی ئەورووپی ـ کوردی.

ـ لە (٢٠٠٣) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

ـ لە (٢٠٠٤) بووەتە لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك).

ـ یەکێکە لەدەستەی دامەزرێنەری (بنکەی ژین) بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەو بڵاوکراوەی کوردی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەرهەم و بڵاوکراوەکانی نووسەر

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ـ خۆرگیران | کورتە چیرۆك | خرینێوزەنگ | ١٩٨١ |
| ٢ ـ ڕاوەماسی | ڕۆمان | ستۆکهۆلم | ١٩٨٦ |
| ٣ ـ لەگێژاودا | کورتە چیرۆك | ستۆکهۆلم | ١٩٨٨ |
| ٤ ـ هەڵۆی سوور | سیناریۆ | سلێمانی | ٢٠٠١ |
| ٥ ـ پێکهاتنی چوارچێوەی ئابووریو | | سلێمانی | ٢٠٠٣ |

سیاسی ـ چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا.

٦ ـ التیارات والأتجاهات الأدبیة والفکریة في القرن التاسع عشر ـ التآخي ١٩٧٢.

٧ ـ خانقین خلال ربع قرن (١٩٠٠ ـ ١٩٢٥)، خمس حلقات، ــ ((التآخي)) ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤ حزیران ـ ١٩٧٣.

(خانقین خلال ربع قرن (١٩٠٠ ـ ١٩٢٥) ـ بحث میداني ــ السلیمانیة ـ ٢٠٠٥)



٨ ـ الرومانتیکیة في الأدب الکردي ـ مجلة الثقافة، عدد (١) س (٤) ص (١٠١) ـ بغداد ـ ١٩٧٤.

٩ ـ لماذا سادت اللهجة الگورانیه في الأدب الکردي ـ مجلة الثقافة ـ بغداد ١٩٧٣ .

١٠ ـ چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شەڕی پارتیزانی ـ خڕی نێوزەنگ ـ ١٩٨١.

11-Fadil Ahmad:Die Stellung der Frau in der Kurdischen Gesllschaft.
In: VIA- Magazin (Bonn) .3 (1991) S.1-20

★ گوتاری: دەوری ژن لەکۆمەڵی کوردستاندا (بەئەڵەمانی) لە گۆڤاری V1Aدا بڵاوکراوەتەوە.

12-Fadil Ahmad:LUTTE ARMEE ENTRE LE MYTHE ET LAREALITE
In: HALKAWT HAKIM: Les Kurdes Par- delà 1,exode.Paris 1992.

★ وتاری خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا. لەلایەن (د. هەڵکەوت حەکیم)ەوە کراوەتە فەڕەنسیو لەکتێبێکدا ساڵی ١٩٩٢ لەپاریس بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە لە گۆڤاری یەکگرتندا بڵاوکراوەتەوە و چەندین کەس لەسەریان نووسیووە.

13 -Fadil Ahmad: Die Kurdische Befreiungsbewegung zwischen Stammeskultur und politischer Erneuerung. Hildesheim.1994.

★ کتێبی: بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد لەنێوان کەلتووری عەشرەتگەری و مۆدێرنکردنەوەی سیاسیدا. ئەمە نامەی ماجستێری ساڵی ١٩٩٤ ە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ ـ ئەڵوەنو ئەفسانە | ڕۆمان | سلێمانی | ٢٠٠٤ |
| ١٥ ـ مێژووی بیری کوردی | لێکۆڵینەوە | سلێمانی | ٢٠٠٥ |
| ١٦ ـ الصقر الأحمر ـ | سیناریو | السلیمانیة | ٢٠٠٥ |

(ترجمة: شهاب القره لوسي)

١٧ ـ من بڕوام بەدیموکراسی کوردی نییە. لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠٠٦

١٨. مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ مۆدێرن کردنەوەی (ی.ن.ك) سلێمانی ٢٠٠٦

١٩. شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠ ـ ١٩٢٠، سلێمانی ، ٢٠٠٦

مەكتەبی بیروهۆشیاری

٢٠. هەڵۆی سور (چاپی دووەم) ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢١. ئەزموونی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمانیا ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٢. مام جەلال ـ سلێمانی ـ چاپی یەكەم ـ ٢٠٠٧

٢٣. هەرێمی كوردستان و توركیا ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٨

٢٤. كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت ـ ئا: عەدنان كاكە رەش ـ سەرپەرشتیار : مامۆستا جەعفەر ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٥. گۆران لەیادەوەری هاوچەرخەكانیدا، كتێبێكی هاوبەش لەگەڵ رێبوار حەمە تۆفیق، ب١ ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٦. كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ـ تأليف فاضل رسول ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٧. مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة ـ الطبعة الأولى ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٨. مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة ـ الطبعة الثانية ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٩. قيام نظام الأمارتى وسقوطه ـ د. سعد بشير اسكندر ـ ط٢ ـ تقديم: م. جعفر (فاضل كريم أحمد)

٣٠ ـ ئیدارەی كوردی ، سلیَمانی ، ٢٠٠٩.

**بەرهەمی ئامادەكراو بۆ چاپ:**

١. گۆران لەیادەوەرییە هاوچەرخەكانیدا ـ ب٢ ـ كتێبێكی هاوبەشە لەگەڵ عەبدوڵلا زەنگەنە.

٢. تاراوگەو گوڵە ژاكاوەكانی بەهەشت ـ كورتە چیرۆك.

٣. ماموستا جعفر (فاضل كريم احمد) قصص تأبى المنفى.

٤. تأريخ الفكر الكردي



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مه‌كته‌بى بیروهۆشیاری

# ئیندێكسی
# ئەلف و بێ

## ـ ئا ـ

ئۆزون حەسەن/ ٢٢٧.

ئۆسكارمان/ ١١٩، ٣٤٩.

ئازاد جونديانی/ ١٤.

ئازاد خان/ ٣٩٧، ٤٠٩.

ئاكۆ بورهان محەمەد/ ١٠١.

ئاليكساندەر خۆدزكۆ/ ٢٩٥، ٣٢٢، ٣٢٨، ٣٥٠.

ئەبو حەنيفە/ ٤٢، ٤٣.

ئەبو عەلی حەسەن بن مەردان/ ٨٩.

ئەبو قاسم ئەسفەهانی/ ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤.

ئەبو نەواس/ ٤٧٤.

ئەبوقاسمی فيردەوسی/ ١٧٨، ٢٠٦، ٢١٧.

ئەبو سالم/ ٨٧، ٩٤، ٩٥.

ئەپۆليۆنيۆس/ ١١١.

ئەحمەد بەگی كۆماسی/ ٢١.

ئەحمەد بن مەزاويە/ ٣٢٧.

ئەحمەد تاقانە/ ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥٥٩.



مه‌كته‌بى بیروهۆشیاری

ئەحمەد پاشا/ ٢٦٩، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٥، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٨، ٣٤٨، ٣٦٩، ٣٨١، ٣٨٢.

ئەحمەد پريسی/ ٢١، ٣٩٤، ٤٠٩.

ئەحمەد سوسە/ ٢٩، ٤٩، ٥٠، ١٠٧.

ئەحمەد شاوەيسی مكايەڵی جاف/ ٣١١.

ئەحمەد مەلا ژن/ ٤٦٨.

ئەحمەد موختار بەگی جاف/ ٥٢٧، ٥٥٩.

ئەحمـــەدی خـــانی/ ٧، ١٥، ١٧، ٤٨، ١٢٦، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٦٢، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٢، ١٩٧، ١٩٨، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢١٠، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٣٥٧، ٣٦٠، ٤٤٦، ٤٥٠.

ئەرخەميدس/ ١١١.

ئەرسەلان بايز/ ١٤.

ئەريك فرۆم/ ٥٣١.

ئەسحەق دۆيچەر/ ٢٥٥.

ئەكبەر حەسەن/ ١٤.

ئەلفەرەجيە/ ٩٧، ٩٨.

ئەلكساندرا ماركس/ ٢٢.

ئەلياس/ ١٦٠، ١٦٦.

ئەمانۆڵڵای خانی گەورە/ ٦٦، ١٣٣، ٣٨٦، ٣٩٠.

ئەمانوڵڵا خانی دووەم (غوڵام شاخان)/ ٧٥، ٣٧٢، ٣٧٦، ٣٧٧، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٨٥، ٤٠٨.

ئەمير (ابا نصر)/ ٩٣.

ئەمير خانی موصلو/ ١٢١، ١٢٦.

ئەمير نيزامی گەروسی/ ٣٨٧.

مه کتەبی بزوهزشیاری


ئەمین سورداشی/ ٤٦٨.

ئەمین عالی بەدرخان/ ٤١٧.

ئەمین فەیزی/ ٢٧٩، ٤٠٩، ٤٦٣، ٥٠٣.

ئەنا فرۆید/ ٥١٥، ٥١٦.

ئەنوەر سوڵتانی/ ١٣٤.

ئەنوەر قادر محەمەد/ ١٤، ٢٣، ٣٦٢، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٨٧، ٣٩٢، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٨، ٤٠٩، ٥٦٠.

ئەورەحمان پاشا/ ٢٣١، ٢٣٢، ٢٤٩، ٢٥٤، ٢٦٣، ٣١٠.

ئەورەحمانی کوڕی مەحمود یاروەیس/ ٣٧١.

ئەولیا چەلەبی/ ٢٠، ١٢٤، ٢٠٩، ٢٢١.

ئودیپوس/ ٣١٤، ٥٢٦، ٥٢٧.

ئومێد ئاشنا/ ٣٨٧، ٤٠٨، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٧، ٥٠٨.

ئوولریش کوینسل/ ٢٨٤، ٢٨٧، ٣٤٧.

ئیبراهیم بن عەبدوڵڵا/ ٤٣.

ئیبراهیم گۆرانی/ ٢٤٤.

ئیبن ئادەم/ ٣٥٧.

ئیبن ئەلحاج/ ٢٠١، ٣٠١، ٣٠٨.

ئیبن ئەلعەرەبی/ ٢٤٤، ٤٠٢.

ئیبن ئەبی تاهیر تەیفوور/ ٨٦.

ئیبن خەلەکان/ ١٤، ٨٤، ١٠٢.

ئیبن خەلدون/ ١٨٩، ٢١٩.

ئیبن روشد/ ٢٨.

ئیبن فیلۆس/ ٩٢.

ئیدمۆندز/ ٣٩، ٦٠، ٢٤٠.




مه کتەبی بزوهزشیاری


ئێرنست جۆنز/ ٥١٥.

ئێرنست گیڵنەر/ ١٧٢، ٤٤٦، ٤٤٩.

ئێرنست فرۆید/ ٥١٥.

ئێرنست کرز/ ٥١٦.

ئیسحاق پاشا/ ٢١٤.

اسماعیل بێشکچی/ ٧١.

ئیگۆن فۆن ئایکشتیتە/ ٧٣.

ئیکەرمان/ ٤٥٦، ٥١٩.

ئیمامی شافعی/ ٤٣.

ئێمون دیڤالێرا/ ١٨٥.

ئینگلز/ ٥٩، ١٧١.

أ. مەحمود کەمال/ ٤٦٢، ٥٠٣، ٥٠٧.

أبا بکر محمد بن جری/ ٩٦.

ابا طیب محمد بن عبید المحور/ ٩٢.

ابراهیم امین الشواربی/ ٢١٨.

ابراهیم یونسی/ ٢٦٧.

ابن الاثیر الجزری/ ١٤.

ابن حوقل/ ٧٤.

ابن فضل الله العمری/ ١٣٣.

ابن مسکویه/ ٨٠، ١٠١.

ابن وصیف/ ٩٣.

ابو الحسن علی بن حسین المغربی/ ٩٤.

ابو الفوارس/ ٨٢.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری


ابو بكر مصنف/ ٢٤٢، ٣٥٧.

ابو طاهر الانبارى/ ٩٤.

ابو فضل ابراهيم الانبارى/ ٩٤.

ابي حسن احمد بن وصيف البزاز/ ٩٢.

ابى ريحان/ ٩٢.

ابى طاهر بن الحمامى/ ٩٢.

احمد البرزنجى/ ٣٤٥.

احمد بن محمد الحضراوى الملكى الشافعى/ ٣٢٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٥٠.

احمد سپهسالار/ ٢٠.

احمد گلاڵى/ ٣٤٥.

ادوارد براون/ ٢١٨.

الاستاذ الفرج/ ٩٨.

الامدى/ ٣٠.

الدكتور يوسف على الطويل/ ١٠٢.

الدكتور محمد على الصويركى/ ١٠٢.

الدكتورة مريم قاسم الطويل/ ١٠٢.

الدينورى/ ٣٠، ٥٠.

الرئيس ابو حسن على بن الازرق/ ٨٣.

السيد رضا الدهليزى/ ٢٦٨.

السيد على القطنى/ ٢٦٨.

الشهرزورى/ ٣٠.

الشيخ احمد الاحسائى/ ٢٦٨.

الشيخ حسين القاضى/ ٢٦٧.




مەکتەبی بیر و هۆشیاری


الشيخ محى الدين القولادى/ ٢٦٨.

الفضلونية بنت الفضلون ابن منوچهر/ ٩٧.

الكردى/ ٣٠.

المتنبى/ ١٧٥، ٢١٠، ٢١٧.

الملا على السوسى/ ٢٦٨.

الملك صالح ابى الفتح محمود/ ١٠٨.

آى، جى، بويل/ ٢٦٧.


**ـ ب ـ**


بابا تاهیری هەمەدانی/ ٧، ٩، ١٣، ٢٤٢، ٤٦٢.

بابا عەلی هەمەدانی/ ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٦٨.

بابا مردوخ روحانی/ ٢٢٠، ٤٠٦.

بادی کوڕی دۆستەك/ ٨١، ٨٢، ٨٩.

باوە یادگار/ ٢٤٢، ٣٠٧، ٤٠٢، ٤٠٣.

بەدرخانی گەورە/ ٤١٦.

بەلزاك/ ٢٩٧.

بەیجێ/ ٣٩٤، ٣٩٥.

بۆلدریف/ ٢٢.

بدر شاكر السياب/ ٥٢١.

بدیع الزمانی جەزیری/ ٧، ٢٩، ٤٩، ٥٠، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ٣٥٧.

برایانی گرم/ ٣٧.

بسام کورد/ ٩، ٢٢٠.

بسمارك/ ١٨٥، ١٨٦، ٤٤٨.
بطرس ابو مانع/ ٢٦٥.
بله منگن/ ٤٦٨.
بن جهير/ ٩٥.
بن دمنه/ ٩١.
بن ديصان/ ٢٩.
بن عون/ ٣١١، ٣٢٤، ٣٢٨، ٣٢٩.
بورسەلی محمد طاهر افندی/ ٢٧٨، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٥١.
بوودا/ ٢٢٥، ٢٥٥.
بیتهۆڤن/ ٣٣١، ٥٥٤.
بیرتۆڵد برێشت/ ٤٢٠.
بێسارانی/ ٢٨١، ٣٥٨، ٣٦٤، ٣٧٦، ٥٤٣.
تۆفیق فیکرەت/ ٥٦٠.
تۆماس هابس/ ١٣١، ١٣٤.
تۆماس مان/ ٢٢.
تایەر بەگی جاف/ ٤٩٠، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٥٩.
تەتش کوڕی ئەلپ ئەرسەلان/ ٨٧، ٨٨.
تەحسین ئیبراهیم دۆسکی/ ٢١٥، ٢١٦.
تەیمور لەنگ/ ٢٢٠، ٤٠٢.

— پ —

پترۆشفسکی/ ٧٣، ٧٤، ٢١٧.
پەرویز جیهانی/ ٢١٥، ٢١٦، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پەشێو/ ٣٩٦.
پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆشی/ ٤٦٧.
پیرەمێرد/ ١٦٣، ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٨٧، ٤٢١.

— ج —

جۆرج واشینگتۆن/ ١٨٥.
جامی/ ١٦٨، ١٧٨، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٩٥، ٣٠٢.
جان دۆست/ ٢١٥.
جەبار فەرمان/ ١٤.
جەمال نەبەز/ ٧٠، ١٧٠، ٢١٦، ٢١٩.
جەمیل صدقی زەهاوی/ ٤٨٧.
جەنگیزخان/ ١٩٧.
جەوهەرە/ ٢٢٨.
جعفر بن حسن عبدالكريم البرزنجی/ ٣٤٥.
جلیلی جلیل/ ٤٥٥.

— ح —

حاجی بابەکر ئاغا/ ٤٤٢.
حاجی قادری کۆیی/ ١٤، ١٥، ١٧، ٧١، ٧٥، ١٥٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٩٣، ٣٠٠، ٣١٧، ٣١٨، ٣٤٦، ٣٥٠، ٣٥٧، ٣٦٠، ٤١١، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٦، ٤١٧، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٩، ٤٣١، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٤٩، ٤٥٠، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٨٤، ٤٩٦، ٤٩٩، ٥٠١.
حاجی مەحمودی یاروەیس/ ٣٧٦، ٣٧٨، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٩.

حافزی شیرازی/ ٢٠، ٢٣، ٢٦٩، ٢٨٠، ٣١٥، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٩٣، ٤٧١، ٤٧٢، ٤٩٢، ٤٩٤، ٤٩٥.

حامی حاجی غالی/ ٥٦١.

حەبیبە/ ٢٠٤، ٢٨٤، ٢٨٥، ٣٩٢، ٤٥٦.

حەسەن پاشا/ ٢٥٩.

حەسەن کەنۆشی/ ٤٦٧.

حەسەن جاف/ ٧٤.

حەسەن زیرەك/ ٤٧٩، ٥٠٦.

حەسەن شا محەمەد/ ١٣٠.

حەسەن یاسین/ ١٤.

حەسەنی قازی/ ٢١٦.

حەلاج/ ٣١٧.

حەمە ئاغا/ ٤٤٢.

حەمە بەگ برای گۆران/ ٥٢٢، ٥٣١، ٥٣٣.

حەمەی وەستا فەتاح/ ٤٦٨، ٥٠٥.

حەمید موستەعان/ ٥٥٩.

حسام الدین چلبی/ ٢٠.

حسام السلطنه/ ٣٧٢، ٣٨٧.

حسن ابن اسد الفارقی/ ٨٧، ٨٨، ١٠٠.

حسن انوشه/ ٢٦٧.

حسن علوی/ ٢١٧.

حسین مروه/ ١٥٢، ٣٤٨.

حسین ناظم بیگ/ ٢٦٧، ٢٧٠.

حمدالله مستوفی قەزوینی/ ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٧٣.





حمدی عبدالمجید السفلی/ ٢٢١.

حوسێن شا محەمەد/ ١٣٠.

حوسین حوزنی موکریانی/ ٣٨٧.

حوطیئە/ ٥٠١.


## — خ —


خاتوون رابیعە/ ٣٩٢.

خاڵۆی کۆماسی/ ٣٩١.

خانای قوبادی/ ١٣، ١٥، ٣٥٧، ٣٦٠.

خەدیجە بەگم/ ٢٢٧.

خەلیل پاشای بابان/ ٣٤٧، ٣٤٨.

خلف بن امین/ ١٥٣.

خلیل شرف الدین/ ٥٠٦.

خواجە نظام الملك/ ٩٥.

خیرالدین الزرکلی/ ٣٤٥، ٣٥٣.


## — د —


د. ئەمیری حەسەنپور/ ١٧٣، ٢١٦.

د. بدوی عوض/ ٩٩، ١٠١، ١٣٣.

د. حەسەن/ ١٢.

د. حشمت الله/ ٤٠٦.

د. ژاڵە/ ١٢.

د. رسوڵ محمد رسوڵ/ ٢٦٦.

مەکتەبەی بیروهۆشیاری

د. سعد بشير إسكندر/ ٢١٦.

د. شەمسی/ ١٣٤.

د. عەبدوڵلا مەردۆخ/ ٤١٨.

د. کامەران بەدرخان/ ٤١٨.

د. کەمال فوئاد/ ٤٥٥.

د. محەمەد قادر پشدەری/ ١٠١.

د. محەمەد موکری/ ٣٤٨، ٤٠٢، ٤١٠.

د. موکەرەم تاڵەبانی/ ٤٥٨، ٤٦٢، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٨، ٤٨٠، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٧.

د. نوری تاڵەبانی/ ٤٦٢، ٥٠٣، ٥٠٦.

د. یعقوب آژند/ ٧٣.

دالای لاما/ ٢٥٥.

دانا ئەحمەد/ ٧، ١٤.

داوود پاشا/ ٢٣٧، ٢٤٠، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥٨، ٢٦٨.

دایانا/ ٣٠٤.

دەقیقی/ ٩، ١٨١.

دستۆیەڤسکی/ ٢٩٧.

دکتۆر شۆ/ ٥٢٨.

دکتر احمد علی رجائی/ ٣٣٦، ٣٤٠، ٣٥٢، ٣٥٣.

دکتر محمد علی رنجبر/ ٢٦٨.

دکتور احسان عباس/ ٥٢١.

دیموستینس/ ٣٣١.

**- ذ -**

ذبیح الله صفا/ ٩، ١٦، ٢١٧، ٢٢٠.



مەکتەبەی بیروهۆشیاری

**- ر -**

ڕۆزا لۆکسمبورگ/ ٤٤٨.

ڕۆسۆ/ ١٦.

ڕۆلاند پۆناپارت/ ٥٥٨.

رابیعەی کچی شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ ٤٦٢.

راجەر سیڤری/ ٢٦٦.

ڕەئوف عوسمان/ ٣٧٤، ٤٠٧.

ڕەفیق حیلمی/ ٥٢١، ٥٥٩.

ڕەفیق چالاك/ ٥٦٠.

ڕەنجووری/ ٥٠٠.

رشید فندی/ ١٥٤.

رفاعە رافع الطهطاوی/ ٤٣٣.

ڕودەکی/ ٩.

ڕوستاولی/ ١٧٨.

ڕێبوار حەمە تۆفیق/ ٥٥٦.

ڕێبوار سیوەیلی/ ٢٧٣، ٢٧٩، ٣٠٥.

کلۆدیۆس. جیمس ریچ/ ٢١٢، ٢٣٠، ٢٥٠، ٢٥٦، ٢٧٠، ٣١٠، ٣٨٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠٤، ٤٣٤، ٤٤٤.

**- ز -**

زەبیحی/ ٢٩.

زەید بن عەلی/ ٤٣.

زووحاك/ ٤٤٥.

## — س —


ســـــالم/ ۷، ۱۳، ۱۵، ۷۵، ۸۵، ۸۸، ۱۰۰، ۲٦۹، ۲۸۰، ۲۸۱، ۲۸۹، ۲۹۰، ۲۹۲، ۲۹۳، ۲۹٤، ۲۹۵، ۳۰۲، ۳۰۳، ۳۰۹، ۳۱۹، ۳۲۰، ۳۲۱، ۳۲۸، ۳٤۲، ۳٤۸، ۳۵۰، ۳۵۷، ۳٦۰، ۳۸۱، ۳۸۲، ٤۰۵، ٤۱۳، ٤٤۳، ٤۵۱، ٤۵۲، ٤۵۸، ٤۹٦، ٤۹۷، ٤۹۸، ۵۰۰، ۵۱۹، ۵٤۰.

سانیحەخان/ ۱۲.

ستالین/ ٤٤۸.

سەبریە (ژنی یەکەمی گۆران)/ ۵۳۲.

سەبریە (ژنی دووەمی گۆران)/ ۵۳۲.

سەجادی/ ۱۵، ۱٦، ۱۵٤، ۲۸۷.

سەدرئەلدین محەمەد ئەسعەد ئەفەندی حەیدەری ماوەرانی/ ۲٦۳.

سەردار حەمید میران/ ٤۵۵.

سەعدی/ ۲۰، ۲۱۸، ٤۷۱، ٤۹۲، ٤۹٤، ٤۹۵.

سەعید پاشا/ ۲۳٤، ۲۳۵، ۲٤۰، ۲٤۷، ۲٤۹.

سەعید ناکام/ ۲۲۱.

سەلاحەددین ئاشتی/ ۲٦٦.

سەلاحەدینی ئەیوبی/ ۵۰۰.

سەنحاریب/ ۹۷.

سەهرەوەردی/ ۳۱۷.

سەید ئەمین هەپلوس/ ٤٦۸.

سەید بابا رەسوڵی گەورە/ ۲٤۲، ۲٦۸.

سەید تایەری هاشمی/ ۳٦۲، ۳۹۲.

سەید جەمالەدینی ئەفغانی/ ٤۳۷.


مه کتەبی بیروهۆشیاری




سەید عەبدوڵلای کوڕی مەولەوی/ ۳۷۲، ۳۷۳، ۳۷٦، ٤۰۷.

سەید عوبەیدولای حەیدەری/ ۲٤٦.

سەید عیسا/ ۲٤۰، ۲٤۱، ۲٤۲.

سەید مووسا/ ۲٤۰، ۲٤۲.

سلطان مراد حسام الدین کوڕی عباس میرزای نایب سلطنە/ ٤۰٦.

سلێمان بەگ/ ۵۲۷، ۵۲۸، ۵۲۹.

سلێمان پاشای بابان/ ۲۳۵، ۲٤۷، ۲۵۹، ۲٦۹، ۲۹۲، ۲۹۳، ۲۹۸، ٤۲۹.

سلیمان پاشای گەورە/ ۲۳۵.

سلێمان پێغەمبەر/ ۲۹۹، ۳۰۰.

سلێمان چاووش/ ٤٦۸.

سهیلة عبدالمجید القیسی/ ۲۷۰.

سوڵتان ئیسحاق/ ۲٤۲، ۲٤۷.

سوڵتان سەلیم/ ۱۲٤.

سوڵتان عەبدولحەمید (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم)/ ٤۲۹، ٤۸۵، ٤۸۹.

سوڵتان عەبدولعەزیز/ ٤۸۵، ٤۸۸.

سوڵتان عەبدوڵلا/ ۲۵٦.

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی/ ۲۰٦، ۲۱۱.

سوڵتان محمد بن محمود الارتقی/ ٤۹.

سوڵتان محەمەدی چوارەم/ ۲۰.

سوڵتان موورادی سێیەم/ ۷۳.

سولطان ولد/ ۲۰.

سیامەند سیرتی/ ٤۵۵.

سید کسروی حسن/ ۱۰۱.


مه کتەبی بیروهۆشیاری

سیروان بەکر سامی/ ٥٦٠.

**ـ ش ـ**

شا ئیسماعیلی دووەم/ ١٢١.
شا سمایلی صەفەوی/ ٢٢٧.
شا عەباس/ ٢٢٥.
شا محەمەد/ ١٣٠.
شاتوهماسب/ ١٢١، ١٢٢، ١٢٦، ١٥٩.
شاکر خەصباك/ ٧٢.
شازادە محەمەد عەلی میرزا/ ٢٤٧، ٢٤٨.
شاه ئیبراهیم عەلەوی بەرزنجی/ ٤٠٢.
شاهروخ میرزای کوڕی تەیموور/ ٢٤١.
شاهم خاتوون/ ١٤٨، ١٥٤.
شەرەف ئەلدەولە/ ٩٧.
شەرەف الملك/ ٣٧٢.
شـــەرەفخانی بەدلیـــسی/ ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٥٠، ٥٦، ٦٢، ٦٣، ٧٠، ٧١، ٧٣، ٧٩، ٨٧، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٣، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٥٠، ١٥٢، ١٧٥، ١٩٧، ٢٠٩، ٢١٩، ٢٢١، ٣٥٧.
شەم/ ٣٩٢.
شەمسە خوشکی گۆران/ ٥٢٣.
شەمسی تەبریزی/ ٢٠، ٢٢.
شەهید بەلخی/ ٩.
شجاع الدین شفا/ ٢١٨.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



شکسپیر/ ٢٢، ٢٢٥، ٤٣٤، ٥٠٥، ٢٨٧، ٤٤٣.
شکور مستەفا/ ٧٤، ١٣٣، ٢٦٧.
شمس الدین أفلاکی/ ٢٠.
شمس الدین خان/ ١٢٠، ١٢١.
شهرستانی/ ٤٥٧.
شێخ نادی/ ١٠.
شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی/ ٤٦٤.
شێخ ئەحمەدی سەردار/ ٢٤٤.
شێخ ئەورەحمانی شێخ عوسمان/ ٣٦٧.
شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری/ ٢٤٤.
شێخ ئیسماعیلی ولیانی/ ٢٤٢، ٢٦٨.
شێخ بهاء الدین شێخ عەلی حسام الدین/ ٣٧٢، ٣٨٦.
شێخ جونەید/ ٢٢٧.
شێخ حەسەنی سازانی (بولبول)/ ٤٠٩.
شێخ حەسەنی گڵەزەردە/ ٢٤٢.
شێخ حەمە عەلی برازای شێخ رەزا/ ٤٦٥، ٤٧٦، ٤٨٠.
شـــــێخ رەزا/ ٧، ١٥، ٧٥، ٢٦٣، ٢٧٩، ٢٨٣، ٢٩٢، ٢٩٣، ٣١٨، ٣٢٤، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥٧، ٣٧٩، ٤٠٧، ٤١٤، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٧، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥٠٧.
شێخ رەزای بێلو/ ٢٦٣.
شێخ سیراج الدین/ ٣٦٣.
شێخ صەفی/ ٢٢٧.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

شێخ عەبد ئەلبر/ ٩٠، ٩١.
شێخ عەبدولرەحمانی خالصی تاڵەبانی/ ٣٥٧، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٧٥، ٤٧٧.
شێخ عەبدولرەحمانی گەورە/ ١٥٩.
شێخ عەبدولرەحیم/ ٢٦٢، ٢٦٣.
شێخ عەبدولقادر برای شێخ رەزا/ ٤٦٤، ٥٠٤.
شێخ عەبدولقادری موهاجیر/ ٣٨٥.
شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی/ ٢٣١، ٢٦٣.
شێخ عەبدولواحید برای شێخ رەزا/ ٤٦٤.
شێخ عەزیزی جانەوەری/ ٢١، ٣٩١.
شێخ عەلی برای شێخ رەزای تاڵەبانی/ ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨١، ٥٠٤، ٥٠٥.
شێخ عەلی عەبابەیلێ/ ٣٨٩، ٣٩٠.
شێخ عەلی قازی/ ٢٤٥، ٢٥٤.
شێخ عوبەیدوڵلای نەهری/ ٤٤٦، ٤٤٩، ٤٥٨.
شێخ عوسمان/ ٣٦٣، ٣٨٣، ٣٩١، ٤٦٤.
شێخ غەفوور مامی شێخ رەزا/ ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٧٦، ٤٧٧.
شێخ غولاًم عەلی عەبدولاًی دەهلەوی/ ٢٣١.
شێخ مارف/ ١٤، ٢٠١، ٢٢١، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٥٨، ٢٦٢، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٣٠٨، ٣٦٧، ٤٣٤.
شێخ مەحمودی حەفید/ ١١، ١٢، ١٤.
شێخ محەمەد قەسیمی مەردۆخی/ ٢٣١، ٢٣٣.
شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی/ ٦٦، ٧٤.
شێخ محەمەدی جەسیم/ ٣٨٥.



شێخ محەمەدی خاڵ/ ٤٢، ٢٦٧، ٤٨٧، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٧، ٥٠٨.
شێخ محەمەدی نۆدێ/ ٣٦٧.
شێخ نەبی ماویلی/ ٣١٧، ٤٢١، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٤٢.
شێخ نوری/ ١٥، ٣٦٤.
شێخ یوسف نۆسمەیی/ ٢١.
شێروە/ ٩٠، ٩١، ٩٢.

**ـ ص ـ**

صدیقی صەفیزادە (بۆرەکەیی)/ ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٦٢، ٤٠٣، ٤٠٤.
صلاح الدین زرکوب/ ٢٠.

**ـ گ ـ**

گۆران/ ٧، ١١، ١٥، ١٩، ٢٣، ١٢٠، ٣٢٨، ٣٤٩، ٣٥٧، ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٨٠، ٤٠٧، ٥١١، ٥١٧، ٥٢٠، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٢٣، ٥٢٤، ٥٢٧، ٥٢٩، ٥٣١، ٥٣٢، ٥٣٤، ٥٣٦، ٥٤٠، ٥٤١، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٤٧، ٥٥٦، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦٥، ٥٦٦.
گۆرباچۆڤ/ ٤٠.
گاریباڵدی/ ١٨٥.
گاندی/ ٢٥٥.
گوڵنیگار/ ١٦٠.
گوێتە/ ٢٠، ٢٢، ٢٢٥، ٢٧٤، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٨٠، ٢٨٤، ٢٨٩، ٢٩٧، ٤٥٦، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥١٩.
گێرهارد شرۆیدەر/ ٢٢.
گیوی موکریانی/ ٤٠٥.

مه کتبه‌ی بیروهزشیاری


**ـ ڤ ـ**

ڤلادیمیر ولیانوف زرنوف/ ٢١٩.

ڤولکەر ئاید/ ٢١٣، ٢١٤، ٢٢٠.

ڤیکتۆر ئادلەر/ ٣٣١.

ڤیلهم فلیس/ ٥١٦.

**ـ ع ـ**

عادیلەخانم/ ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٤٦.

عبدالحسین زرین کوب/ ٢١٧.

عبدالرقیب یوسف/ ٤٢، ٤٩، ٧٠، ٨١، ١٠١، ١٠٢، ١٠٧، ١١٤، ١٥٠، ١٥٤.

عبدالغنی الملاح/ ٢١٧.

عبدالله پاشا/ ٢٣٧، ٢٤٠، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٩٠، ٣٦٩، ٣٧٤، ٣٧٥، ٤٥٢، ٤٦٦، ٥٠٣.

عبدالله زادە/ ٧٤.

عەباس عەزاوی/ ٢٦٥، ٢٦٦.

عەبد کوڕی میر محەمەد/ ١٦٤، ١٦٦، ١٦٧.

عەبدولا بیتوشی/ ٤٨، ٤٩.

عەبدولرەحمان بەدرخان/ ٤٥٥.

عەبدولرەزاق/ ١٥٩.

عەبدولفەتاح/ ١٦٦.

عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم/ ٥٥٩.

عەبدوڵلا محەمەد حەداد/ ٣٥١.

عەبدوللەتیف ثنیان/ ٥٠٣.




مه کتبه‌ی بیروهزشیاری


عەزیز ئاغا/ ٢٨٤.

عەزیز بەگ/ ٢٩٠، ٣٨٢، ٤٩٧.

عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولولکی/ ٣٧٣، ٣٨٦، ٣٨٧.

عەلی ئەکبەری کوردستانی/ ٧٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤١٠.

عەلی بەردەشانی/ ٣٠١.

عەلی برای گۆران/ ٥٢٣.

عەلی چاوەش/ ٣٩٤.

عەلی طالەبانی/ ٤٠٧، ٥٠٤، ٥٠٥.

عەلی نەقی مەنزەوی/ ٢٩.

عەلی وەردی/ ١٥٢، ١٥٣، ٢٦٦، ٢٦٩، ٥٠٧.

عەنبەر خاتون/ ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٣، ٤٠٩، ٤٥٦.

عەنتەرە/ ٥٠١.

عثمان بن سند الوائلی البصری/ ٢٧٠.

علی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار/ ٥٦٠.

علیمراد خانی بەختیاری/ ٤٠٩.

عمر پاشای سەردار/ ٣٩٠، ٣٩١.

عمر رضا کحالە/ ٣٤٥، ٣٥٣.

عوسمان بەگ/ ٢٣٧، ٢٥٦، ٢٥٧.

عوسمان بن حەمەد/ ٢٢٨.

عوسمان خاڵە/ ٣٩٠، ٣٩١.

عوسمان محەمەد هەورامی/ ٤٠٤.

حوسین عەلی شانۆف/ ٥٢١، ٥٢٩، ٥٥٨، ٥٥٩.

عێزەدین مستەفا رەسوڵ/ ١٥٤، ١٧٠، ٢١٦، ٣٤٨، ٥٢٢.

عیماد ئەحمەد/ ١٤.

عیماد عبدالسلام رؤوف/ ٢٧٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ــ غ ــ**

غەزالی/ ٢٨.

غەوزی گەیلانی/ ٢٤٤، ٤٠٢.

**ــ ف ــ**

فائز الملا بکر/ ٣٥٠، ٣٥١.

فاتیح (کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)/ ١٥، ٣٦٢، ٣٦٩، ٤٠٤، ٤٠٥، ٥٦٠.

فـــارقی/ ٧، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٤، ٩٥، ٩٨ ،١٠٠ ، ١٠١، ١١٩، ١٣٣، ٣٥٧.

فاضل کریم (فازیل کەریم) (م. جەعفەر)/ ١٤، ٧١، ١٣٥، ٢١٩، ٤٥٨، ٥٦٤، ٥٦٥.

فەراهیدی/ ٥٤٢.

فەرەج الله زەکی/ ١٢٠.

فەرەزدەق/ ٥٠١.

فەرهاد پاشا/ ١٤٢.

فەرهاد شاکەلی/ ٣٤٨.

فەرهاد میرزا/ ٣٧٢، ٣٨٥، ٤٠٥، ٤٠٦.

فەقێ تەیران/ ١٣.

فەهیمە/ ٥٣٢، ٥٣٣، ٥٣٦.

فرۆید/ ٢١٦، ٢١٨، ٣٥١، ٥١٥، ٥١٦، ٥٢٣، ٥٢٧، ٥٥٩.

فردریك دێرڤایزە/ ٣٠٩.



فوئاد جەمیل/ ٥٠٧، ٥٥٩.

فیردەوسی/ ١٧٣، ١٧٨، ١٨١، ١٨٢، ١٨٩، ١٩١، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٣، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢١١، ٢٢٠، ٢٢٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ــ ق ــ**

قائم بأمر الله/ ٩٥.

قازی ئەبو بەکر/ ٨٧، ٨٨.

قاسم برای ئەحمەدی خانی/ ١٦٠، ١٦١، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٥.

قاسملو/ ٧٤.

قاله تەنیایی/ ٤٦٨.

قەرەخان کوڕی میری بایەزید/ ١٦٠.

قراوش بن مقلد/ ٨٦.

**ــ ك ــ**

کارل ئۆگوست/ ٢٨٩.

کارل ڤیتفۆگل/ ٥٩، ٧١، ٧٢.

کارل مای/٣٣١.

کافکا/ ٢٢، ٤٨٢.

کاوەی ئاسنگەر/ ٤٤٥.

کەریم خانی زەند/ ٤٠٩.

کەریم شارەزا/ ٣٤٩، ٤٥٥.

کەمال رەئوف/ ٢٦٦.

کەمال مەزهەر/ ١٣٤.

کەندالّ نزان/ ٥٧، ٥٩

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كەیخوسرەوی/ ۱۸۹.
كەیفی جوانڕۆیی/ ۲۷۹، ۲۹۳، ٤١٤، ٥٠٥.
كریم كشاورز/ ۲۱۷.
كورت ئایسلەر/ ٤٧٤، ٥٠٦.
كوردی/ ۱٥، ۷٥، ۱٦۸، ۲۸۱، ۲۸۳، ۲۸٤، ۳٦۸، ۳۸۲، ۳۸۱، ٥٠٠، ٥٤٠.

**ـ ل ـ**

لۆركا/ ۲۳.
لائیوس/ ٥۲٦.
لویس/ ٥٥۸.
لیۆن ترۆتسكی/ ۲٥٥.
لیۆناردۆ دافێنشی/ ٤١٩.
لیلی شوینەمان/ ۲۸٤.
لێمباخ/ ۳۳۱.
لینین/ ٤٤۸.

**ـ م ـ**

م. ب. رودنكو/ ۲۱٥، ۲۱٦.
م. ص. ن كانیمشكانی/ ۳٦۲.
مۆنتسكیۆ/ ۱٦.
مۆید ثابتی/ ۲٦۷.
ماجید عەبدولرەزا/ ٥۸، ٥۹، ۷۱، ۱۰۲، ۱۰۷، ۱۱٤.
مارتن (كوڕی فرۆید)/ ٥۱٥.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مارتن ڤان بروینسن/ ۱۸، ۱۷۰، ۲۱٦، ۲٦۹.
مارتن لووتەر/ ۲۲٥، ۲۳٦، ۲٥٥، ۳۰۹، ۳۱۰، ۳٦۷.
مارتن لووتەر كینگ/ ٤۳۱.
مارف خەزنەدار/ ۲۷۳، ۲۷۷.
ماركس/ ٤٠، ٥۹، ۷۱، ٤٤۲.
ماری بۆناپارت/ ٥۱٦، ٥٥۸.
ماكس شوور/ ٥۱٦.
مامۆستا سەید عومەری خانەگا/ ۳۹۲.
مامۆستا عەتا قەرەداخی/ ٥٠۸.
مانیە/ ۳۳۱.
ماە شەرەفخانم/ ۷۹.
مەئمون بەگ بن بێگە بەگ/ ۷۹، ۱۱۹، ۱۳۳.
مەحمود بەگ/ ۳۹۰.
مەحمود پاشا/ ۲۲۹، ۲۳۰، ۲۳۲، ۲۳۷، ۲۳۹، ۲٤۷، ۲٤۸، ۲٤۹، ۲٥۰، ۲٥۱، ۲٥۳، ۲٥٦، ۲٥۷، ۲٥۹، ۲٦۳، ۲٦۹.
مەحمود پاشای جاف/ ۳٦۳، ۳۷۲، ۳۷٦، ۳۷۸، ۳۸۷، ۳۸۸، ۳۹۰، ۳۹۱، ٤٠۸.
مەحوی/ ۱٥، ٥۱۹، ٥٤٠.
مەدۆنا/ ۲۲.
مەدحەت پاشا/ ٤۸۸.
مەردان غەیدان/ ۷۲.
مەریەم/ ٥۳٦.
مەستورە/ ۷٤، ۲۷۹، ۳۰٤.

مەسعود محەمەد/ ١٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٥، ٧١، ١٥٤، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٧، ٢٧٩، ٢٨٣، ٢٩٦، ٢٩٩، ٣٤١، ٣٤٦، ٣٤٨، ٣٥٠، ٤١٥، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٥٥، ٥٠٤، ٥٠٦.

مەسیح/ ٢٥٥.

مەکەنزی/ ١١٩.

مەلا ئەحمەدی نوتشەیی/ ٣٨٦.

مەلا ئەسعەدی جەلیزادە/ ٤٧٣.

مەلا ئەیاز/ ١٥٩، ١٦٠.

مەلا بەختیار/ ١٤.

مەلا پەرێشان/ ١٣، ٣٥٧، ٤٦٢.

مەلا رەسوڵی کۆیی/ ٢٤٦.

مەلا ساڵح/ ٢٦٢.

مەلا عەباس/ ٢٤٦.

مەلا عەبدوڵا جەلیزادە/ ٣٢٨، ٤١٨.

مەلا عەبدولفەتاح/ ٣٧٤.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس/ ١٥، ١٦، ٤٣، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٤، ٢٧٧، ٣٢٢، ٣٦٢، ٣٦٤، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤١٠، ٥٠٤، ٥٠٨، ٥٥٨، ٥٦٠.

مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی/ ٣٥٠.

مەلا عەلی طالشی/ ٣٨٦.

مەلا عوسمانی مەلا عەبدوڵڵای داغستانی/ ٣٨٦.

مەلا مەحموودی بایەزیدی/ ٧٩، ١٤١، ١٥٢.

مەلا محەمەد شەریفی قازی/ ١٣٤.

مەلا محەمەدی ئابلاخ/ ٤٦٦، ٤٧٣.

مەلا محەمەدی سیوچی/ ٣٠٨.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەلا مووسای تەوەکولی/ ٢٤٢.

مەلای جەباری/ ٣٠٧.

مەلای جەزیری/ ١٣، ١٥، ١٧، ٤٨، ٢٠١، ٣٦٠، ٤٦٢.

مەلکشای یەکەمی کوڕی ئەلپ ئەرسەلان/ ٨٧، ٩٥.

مەلیك مەحمود ئەرتەقی/ ١٠٨.

مەم/ ٩٠.

مەندیلا/ ٢٥٥.

مەنسور خەلیفەی عەباسی/ ٤٣، ٨٦.

مەولانا ئیدریسی بەدلیسی/ ١٢٤.

مەولانا خالید/ ٧، ١١، ١٢، ١٤، ١٧، ٢٣، ٤٣، ٤٨، ٢٠١، ٢٢٣، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٤، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٨، ٢٦٩، ٣٠٠، ٣٠٨، ٣١٦، ٣٣٥، ٣٥٧، ٣٨٣، ٤٣٤، ٥١٩.

مەولانا سەعدەدین/ ٧٠.

مەولەوی/ ١٤، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٤٨، ٢٨٠، ٢٨١، ٣٠٠، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣١٥، ٣٣٥، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٠، ٤٥٧، ٤٦٣، ٤٦٥، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٤٣.

مەولەوی رۆمی (جەلالەدینی رۆمی)/ ٢٠، ٢١، ٢٢، ٤٧١، ٥٠٥.

محەمەد ئاغای کەلهۆکی/ ١٣٠.

محەمەد ئەمین زەکی/ ١١، ١٢، ١٢٠، ٢٦٧، ٣٤٨.

محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی/ ١٣٤.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری


محەمەد بەگ/ ۱۲۱.

محەمەد پاشای جاف/ ۳۷٤، ۳۸۷، ۳۹۱.

محەمەد حەمە باقی/ ۲۷۰.

محەمەد خان/ ۲٥٤.

محمد رەوف تەوکولی/ ۷٥، ۲٦۸، ٤۰٦.

محەمەد سالْەحی فەخرئەلعولەما/ ۳۷۲، ۳۸٥.

محەمەد عەلی بەگی جاف/ ٤۹۰.

محەمەد عەلی عەونی/ ۱۲۰.

محەمەد عەلی قەرەداخی/ ۲٦٥، ۳٦۳، ٤۰٦، ٤۰۷، ٤۰۸، ٤۰۹، ٤۸۸.

محەمەد کوڕی عەبدولرەسوڵی بەرزنجی/ ۲٤۳.

محەمەدی سێیەم/ ۱۱۸، ۱۲٥.

محەمەدی مەلا کەریم/ ۱٤، ۱٥، ۱۷۰، ۲۱٦، ۲٦٥، ۲٦۷، ۲۷۳، ۳٤۹، ۳٥۲، ۳٦۰، ۳٦۲، ۳٦۳، ۳۹۷، ٤۰۷، ٤۰۹، ٤٥٥، ٥۰٦، ٥۲۱، ٥٤٥، ٥٥۸، ٥٦۰.

محەمەدی نوربەخش/ ۲٤۰، ۲٤۱، ۲٦۸.

محمد بن عبدالوهاب/ ۲۲۸، ۲۳٥، ۲۳٦.

محمد بن علی الشمشاطی/ ۸٦.

محمد بن محمود ابن التلاميذ الشنقيطی/ ۳٤٤، ۳٤٥، ۳٥۳.

محمد بن مقلد/ ۲۲۰.

محمد بهجت الأثری/ ٤۸۸.

محمد جميل الروژبيانی/ ۱۳۳، ۲٦۷، ۳٤۷، ٥۰۷.

محمد رئوف توکلی/ ۷٥، ۲٦۸، ٤۰٦.

محمد عباسی/ ۱۳۳، ۱٥۳، ۱٥٤، ۲۲۱.

محمد علی سوڵتانی/ ٤۱، ٤۱۰.




مەکتەبی بیروهۆشیاری


محمود احمد محمد/ ۲٦۸.

محمود شکری الآلوسی/ ٤۸۸.

محمود ياسين التکريتی/ ۱۰۱.

مرتضی راوندی/ ۲۱۸، ۲٦۷.

مستەفا عەسکەری/ ٥۰، ٥۱.

ملك بنی مەردان/ ۹٥.

موحەمەد فەیزی زەهاوی/ ٤۸۷.

موحسين عەلی ئەکبەر/ ۱٤.

موفتی زەهاوی/ ۲۸٤، ۲۹۱، ۲۹۷، ۳۸٥، ٤۸۷، ٤۸۸، ٤۸۹، ٥۰٦.

مێجەرسۆن/ ٤٦۲، ٤۸۹، ٤۹۰، ٤۹۱، ٤۹۲، ٤۹٤، ٥۰۳، ٥۰۷، ٥۲۸، ٥۲۹، ٥۳۰، ٥٤٦، ٥٥۹.

میر ئەبو عەلی/ ۹۱.

میر جۆنی یۆنان/ ٥٥۸.

میر حەسەنی خانی/ ۱٥۹.

میر حەسەنی کوڕی مەڕوان/ ۸۲.

میر ڕۆستەم/ ۱٥۹.

میر سەید ئەحمەد ناسرەدین/ ۱٥٤.

میر سليمان/ ۱٥۹.

میر شەرەف/ ۱٤۹.

میر عێزەدین/ ۱٤۹.

میر محەمەد/ ۱٦۰، ۱٦۲، ۱٦٤، ۱٦٦، ۱٦۷.

میرزا شکرالله سنندجی/ ٤۰٥، ٤۰٦، ٤۰۸.

میرزای کوڕی عەبدی/ ۱٦٤، ۱٦٥، ۱٦۸.

میشائیل بالینت/ ٥۳۱.

مەکتەبی بیروهۆشیاری


میقداد مەدحەت بەدرخان/ ٤١٥، ٤١٧.

میکیاڤیلی/ ١٣٠، ١٣١، ١٣٤، ٢٠٧.

— ن —

ناپلیۆن پۆناپارت/ ٤٤٨، ٤٥٠.

نادر شا/ ٤٠٩.

ناصر الدولة/ ٨٤، ٨٨، ٩٤، ٩٥.

ناصر الدين عبدالله بن عمر البيضاوی/ ١٨٨.

ناصردین شا/ ٤٠٥.

نـــــالی/ ١٣، ١٤، ١٥، ١٧، ٤٨، ٧٥، ١٦٨، ٢١٥، ٢٦٩، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣١٠، ٣١١، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٧، ٣٦٠، ٣٦٤، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٧، ٣٨١، ٣٨٢، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٦، ٤٠٥، ٤١٤، ٤٤٣، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٦، ٤٩٧، ٥٠٨، ٥١٩، ٥٤٠، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٦٠.

نەجاتی عەبدوڵڵا/ ٣٥٠، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٩، ٤٥٨.

نەجیب پاشا/ ٢٤٠.

نزار اباظە/ ٢٦٦.

نصر الدولة/ ٨٣، ٨٤، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩.

نظام الدين/ ٨٤، ٩٤، ٩٥.

نووح/ ٤٤٤، ٤٤٥.

نیرۆدا/ ٢٣.




مەکتەبی بیروهۆشیاری


نیزامی گەنجەوی/ ١٦٨، ١٧٨، ١٩١، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٥، ٢٠٦، ٤٩٥.

نیچە/ ١٦٢، ١٦٣، ٣٣١، ٣٥٢.

— ه —

هۆگر گۆران/ ٥٢٢، ٥٣٠، ٥٣٢، ٥٣٤.

هۆلاکۆ/ ٢٤٠.

هادی عەلەوی/ ٤٠١، ٤١٠، ٥٠٦.

هاینرش هاینە/ ٤٤٣.

هبە الله الحسين الاسطرلابی/ ١١٢.

هەژار موکریانی/ ٧٠، ٧١، ١٥٢، ١٥٤.

هەڤاڵ کوێستانی/ ٥٦١.

هەڵکەوت حەکیم/ ١٤، ٢٦٥، ٥٦٣.

هەڵمەت/ ٣٩٦.

هەوراز محەمەد/ ١٤.

هەوراز سوار/ ٢٦٥.

هوزر/ ٤٩.

هومیرۆس/ ٢٢٥.

هێرۆ گۆران/ ٥٢٢.

هێگل/ ٢٣٣، ٢٩٧، ٤٥٢.

هێمنی موکریانی/ ٢٧٤، ٣٤٦، ٤٦٨، ٤٧٠، ٥٠٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ـ و ـ

وەسمان پاشا (بەگ)/ ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٤.

وەسمان پاشای جاف/ ٥٢٨، ٥٣٠، ٥٤٦.

وەفایی/ ٤٦٢.

وەلی دێوانە/ ٩٩، ٢٨١، ٣٩٢، ٥٤٣، ٥٤٩.

ویدمان/ ٤٩.

## ـ ی ـ

یەحیا مەعریفەت/ ٤٠٣، ٤٠٤.

یورگ کولبروونەر/ ٥١٣، ٥١٤، ٥١٥، ٥١٦، ٥١٧.

یعقوب بن لیث/ ٢٢٠.

یوسف الاسطرلابی/ ١١٢.

یوسف کوڕی یوسف کوڕی ئەیازی خانی/ ١٦٠.

یوسفی مودەریس/ ٣٧٢، ٣٨٥، ٤٠٦.

یولیوس/ ٥٢٣.

یونگ/ ٤٧٤.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

## ساڵی (٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گوردن | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال الطالباني رجل القرار | حوار مع الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٤. | لەکیبە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٥. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٦. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٧. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٨. | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٩. | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٠. | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦١. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٢. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٣. | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٤. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٥. | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٦. | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٧. | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٨. | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە: ئیسماعیل حەمەئەمین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٩. | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٠. | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| ٢٧١. | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا<br>تاریق رەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٢. | نوروز عيد الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٣. | الكرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٤. | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە:<br>مەسعود بابایی | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٥. | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٦. | علمینی یا کرکوك کیف ابکیك | محمد شوان | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٧. | چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٨. | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٩. | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | ٢٠٠٨ |
| ٢٨٠. | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | ٢٠٠٨ |
| ٢٨١. | پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی | هەوراز محەمەد | ٢٠٠٨ |
| ٢٨٢. | شارەزوورو لورستانی باکوور | د. حسام الدين نەقشبەندی | ٢٠٠٨ |
| ٢٨٣. | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٨٤. | زاراوەکانی کۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| ٢٨٥. | دەرکەوتنی رێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عیراقدا | یوسف گۆران | ٢٠٠٩ |
| ٢٨٦. | سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بەکەرکوك و فیدراڵی | ئارام رەفعەت | ٢٠٠٩ |
| ٢٨٧. | مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون | زانا رؤوف حمەکریم | ٢٠٠٩ |
| ٢٨٨. | یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا | و. خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| ٢٨٩. | سجالات عربية كردية | د. هەڵکەوت حکیم | ٢٠٠٩ |
| ٢٩٠. | ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |
| ٢٩١. | سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، رەخنە) | د. ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٩ |
| ٢٩٢. | بیر ـ ئاوەز ـ زمان | فوئاد عەبدولرەحمان | ٢٠٠٩ |
| ٢٩٣. | مدينة إله القمر | تأليف: تمارا . إم. غرين<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠٠٩ |
| ٢٩٤. | ئەستێرەی سوور ـ بەشی یەکەم | بوار نورەدین | ٢٠٠٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٩٥ | ئەستێرەی سوور ـ بەشی دووەم | بوار نورەدین | ٢٠٠٩ |
| .٢٩٦ | لەبارەی کوردو عیراق و چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە | ن: شاکر نابولسی<br>و: عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| .٢٩٧ | هاریکاری نوێ | و: کارزان کاوسێن | ٢٠٠٩ |
| .٢٩٨ | کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەرهەڵدانی شۆڕشدا | سەمەد زەنگەنە | ٢٠٠٩ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری